دیوانی ڕاجی

(مەلا عەبدوڕڕەحمانی مەلا ئیبراهیمی کوڕی مەلا مەحمودی

بارامی شارەزووری)

مەسعود محەمەد

پێشەکی بۆ نووسیوە

محەمەدی مەلا کەریم

پێیداچۆتەوە

د. عوسمان دەشتی   ئیسماعیل ڕاجی

ساغیان کردۆتەوەو ئامادەیان کردووە

لەسەر ئەرکی زانکۆی کۆیە لە چاپ دراوە

٢٧١١ کوردی   ٢٠١١ زاینی

دیوانی ڕاجی

- ساغکردنەوەو ئامادەکردنی: د. عوسمان دەشتی و ئیسماعیل ڕاجی
- بابەت: شیعر
- پیتچنیو هەڵەچنی: ئیسماعیل ڕاجی
- نەخشەسازی بەرگ: محەمەد زادە
- نەخشەسازی ناوەوە: خەلیل هیدایەت مام شێخ
- تیراژ: (١٠٠٠) دانە
- شوێنی چاپ : چاپخانەی ڕۆژهەڵات / هەولێر
- لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٦٤١) ساڵی (٢٠١١) ی پێدراوە.

سەرەتایەك

بۆ چاپی دیوانی ڕاجی

ئـەو سـەردەمو ڕۆژگـارەی کـە (ڕاجـی) شـاعیر تێیـدا پێگەیـشتووەو تێگەیـشتووە، سەردەمێکی پڕ لە جموجوڵو گۆڕانکاری بـووە. نێوان هـەردوو جـەنگی جیهانیو بـە دروسـتیش سـاڵانی نێـوانی ١٩٢٠ - ١٩٤٠ لـە سـەدەی ڕابـردوودا شـوێنەوارێکی دیـاری لـە بـواری ئـەدەبو ڕووناکبیریو، بەگشتیش بەسـەر ژیـانو مێـژووی کوردسـتانو کوردەواریـدا بـەجێ هێشتووە. لەو نێوەدا پێگەی شارستانی کۆیـە لـە لایـەنی برەوپێدانی زانـستو زانیـاریو گەشەسـەندنی شیعرو ئەدەبیاتی کوردیو دواتریش نەشونمای خەباتی نیشتمانییەوە، دیارو ڕوونو ئاشکرایە.

ڕاجی لەم کەشو هەوایەدا چاوی کردۆتەوە، لە ئامێزی مەدرەسە ئاینییە نێـو بـەدەرەکانی ئەو شارەدا پێگەیشتووە، لە ژێر سێبەرو دەواری قوتابخانە ئەدەبییە بـە پیـتو بڕشـتەکەی؛ نـالیو سالمو کوردیو حاجی قادردا نەشونمای کردووە، کـە چـەندین زانـاو ئـەدیبو شـاعیری مـەزنی لـە وێنەی، کەیفی جوانڕۆییو مـەلا عەبـدوڵلای جـەلیو ئەختـەرو مـەلای گـەورەو قاصیدو عاصیو خادیمو ئاهیو دلاوەرو عەونیو سامی عەودالو دڵدارو دڵزاری .... پێگەیاندووە.

نوێکردنەوەی شیعرو ئەدەبیاتی کوردی لەو ئانوساتەدا لـە بـزاوتو جموجۆڵـدا بـوو، بۆیـە ڕاجی لەگەڵ ئەوەشدا کە لە ژێر دەواری ئەدەبی کلاسیکی - عەرووزی پێـشینانـدا پـەروەردە ببـوو، وەلـێ بـە نـاوەرۆکێکی ئـەدەبی - کۆمەلایـەتی ڕەخنەگرانـەی نوێـوە هاتۆتـە مەیـدانو بـەهرەو هونەرەکەی پژاوە. هەر بۆیەشە دەبینین کە ناواخنو زمانو فەرهەنگو تێگەیشتنێکی جیـاواز لـە پێشینان، تانوپۆی هەموو تێکستو بەرهەمـە شیعرییەکانی چنیوە. واتـا ئـەو لـە بـەرگو فـۆرمو ڕوخسارێکی کۆندا شتی تازەو نوێی داهێناوە.

ڕاجـی لەگـەڵ ئـەوەدا کـە ژیـانو ڕۆژگـارێکی سـەختی گوزەرانـدووە، بـەلام مرۆڤێکـی بـەهرەوەرو بەهرەمەنـد بـووە، جگـە لـە زمـانی کـوردیو شـێوەزارە خۆماڵییـەکانی، سـۆرانیو کرمانجیو گۆرانی، بەسەر هەر سێ زمانە ڕۆژهەلاتییە ناسراوەکانی (عەرەبیو فارسیو تـورکی) دا زاڵ بووە. شارەزاییو ئاشنایی لەگەڵ زانستو ئـەدەبیاتی ئـەو زمانانەشـدا هـەبووە، ئـەنجا بـە هـەر چوار زمان شیعرو بەرهـەمی داهێنـاوە. سـەرلەبەری دیوانەکـەی نیـشانەیەکی بەڵگـە نەویـستە بـۆ ڕادەی توانـاو بلیمەتی ئەو مرۆڤە لە بوارەکانی زانستو زانیاریدا، ئەنجا چ زانیاری ئایینی بووبێت، یا زانستەکانی هاوچەرخ، یا لە مەیدانی زانستی شیعرو ئەدەبیاتدا بووبێت. وا نەبێ شاعیر لاسایی کەرەوەو شوێنپێ هەڵگری ئەدیبو شاعیرانی پێشە خۆی بووبێت، بـەڵکو ئـەو مرۆڤێکـی داهێنـەر بـووەو نـاوەرۆکی بیـرو بارسـتایی دیـوانو شـیعرو بەرهەمـەکانی پێمـان دەڵـێ، کـە ڕاجـی خـاوەنی جیهانبینی کەسایەتیو تایبەتمەندی شیعری خۆی بووە. ڕاستە لـە زۆر شـوێنی دیوانەکـەی ڕاجـی

دا ئەوە بەدی دەکرێت کە ئەو لە ژێر ڕۆشنایی ئاوێنەی شاعیرانی وەکو؛ جزیری، نالی، سالم، کوردی، حاجی، شێخ ڕەزا، حەریق، حەمدی، بێخود، ئەسیریو تەنانەت عەلی بەردەشانی شاعیری میللی هاوچەرخیشی شیعرو بەرهەمەکانی خۆی هۆنیبێتەوەو سێبەرو تارمایی ئەوانی بەسەرەوە دیاربێت، بەڵام لەمەشدا وەکو داهێنەرێك هەڵسوکەوتی کردووەو کەشو هەواو جیهانبینی تایبەتی خۆی، لە شیعرو هۆنراوەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە.

ئەنجا ئەگەر بمانەوێت لایەك لە هونەرەکانی شیعری لەدیوانی شاعیردا بکەینەوەو کەمێك وتووێژی لەسەر بکەین، ئەوا لە زۆر ڕووەوە دەشێ شیکاری بۆ بکرێت. بۆ نموونە لە باری ناوەڕۆكو مەبەستەکانی شیعرییەوە، دیوانی ڕاجی دەوڵەمەندو ئالۆ والآیە، لە بوارەکانی وەسفو شیعری دڵداریو کۆمەڵایەتیو نیشتمانی و ئایینیو لاواندنەوەو ستایشو داشۆرینەوە.. بەرهەمی بەپێزی هۆنیوەتەوەو سەرلەبەری دیوانەکەی پێ ڕازاندۆتەوە.

لە باری فۆرمو ڕوخساری شیعریش لەم دەرفەتە کورتەدا، دەشێ لە چەند ڕوویێکەوە هەڵوەستەی لەسەر بکەین:

- لەباری کێشو ئاوازەوە، ڕاجی لە بەشی هەرە زۆری شیعرەکانیدا پێڕەوی لە کێشی عەرووزی کردووەو قاڵبە کێشە باوەکانی، هەزەجو ڕەمەڵو ڕەجەزو سەریعو موتەقاریبی بەکارهێناوە.

لە بەشێکی هۆنراوەکانیشیدا ئاوڕی لە کێشی خۆماڵی کوردی داوەتەوەو قاڵبە کێشەکانی (٨ بڕگەییو ١٠ بڕگەییو ١٤ بڕگەیی) بەکارهێناوە.

- لە ڕووی سەروای شیعرییەوە شاعیر بە گوێرەی نیزامی عەرووز لە زۆربەی پارچەو غەزەلو قەسیدەکانیدا پێڕەوی لە یەکێتی سەروا کردووەو زۆربەی دەنگە سەرواکانی ئالفوبێی کوردی لە هۆنراوەکانیدا بەکارهێناوە. ئەنجا سەروای هەمەڕەنگو لەمانەشدا سەروای مەسنەویو تەشتیرو هونەرەکانی تری سەروای لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە. تەنانەت ڕاجی لە مەیدانی هونەرەکانی (سەرواداریو کەرتکردنو سەروای ناوەوەدا)، ئەوەندە هونەروەرو وەستاو دەست ڕەنگینو خۆش ئاواز بووە، کە لە شیعرو دیوانی کەم شاعیری کورد دا ئەو جۆرە هونەری وا بەچڕیو سەرکەوتوویيو وەستاییدا دەبینرێت، ئەنجا لێرەداو بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە تکا ئەوەیە ئاوڕێك لە تێکستە لیریکەکانی لاپەڕە (٢٢٣-٢٤٨-٢٤٩-٢٨٥-٣٢٢-٣٣٨-٣٦٣) ی ئەم دیوانە بدەنەوە.

دیارە لێرەداو لەم کەم دەرفەتییەدا ماوەی ئەوەمان نابێت کە نموونەی شیعری هەموو ئەو بەهرەو هونەرانەی شاعیر ڕوون بکەینەوە، چونکێ ئەم کارە پێویستی بە نەفەس درێژیو لێکۆڵینەوەو هەڵوەستە لەسەر کردنی تایبەت هەیە.

- هەر لە بواری ڕوخساری شیعرییەوە ڕاجی ئاوڕی لە هەموو جۆرو بەشەکانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی وەکو، (ڕوونبێژیو جوانکاریو واتاناسی) داوەتەوەو لە ڕازاندنەوەی شیعرەکانی سوودو بەهرەی لێ وەرگرتوون.

- ئەنجا وێنەی شیعری بە جۆرەکانی کۆنو تازەیەوە، ڕایەڵی تانوپۆی زۆرێك لە هۆنراوەکانی نەخشاندووە. لەولاشەوە قاڵبە شیعرییەکانی وەکو (غەزەلو قەسیدەو مولەممەعو چوارینو پێنجینو پێنج خشتەکیو تەرجیعو تەرکیب بەند...) فۆرمی باوو بڵاوی هۆنراوەکانی پێك دەهێنن.

- هونەرێکی دیکەی ناوازە لە فۆرمو ناوەرۆکی شیعری ڕاجی ئەوەیە کە ئاوڕی لە (بەندو بەیتو باوی) کوردەواری داوەتەوە. کە بەشێکە لە هونەری شیعری داستانی کوردی، کە بە زمانێکی سادە لەسەر بنەمای کێشی خۆماڵی فۆلکلۆریو سەروای ڕەنگاوڕەنگەوە دەهۆنرێتەوە. ئەنجا ناوەرۆکەکەی لای ڕاجی دڵداریو کۆمەڵایەتییە، ئەم شیعر هۆنینەوەیشی لەسەر شێوەی بەیتو باوی فۆلکلۆری، بە هونەرێکی دیکە بۆ ڕاجی ئەژمار دەکرێت کە تێیدا خەیاڵ ناسكو زمان پاراوو سەرکەوتوو بووە.

<u>چیرۆکی ئەم دیوانە:</u>

کە بەوردی لە ژیاننامەو بەسەرهاتی شاعیرەوە ڕامێنین تا ئەندازەیەك تێ دەگەین کە ژیانێکی چەند پڕ لە ناسۆرو ڕەنجو دەردی بەسەر بردووە. لە بەرانبەریشدا مرۆڤێکی چەند بە هیممەتو بلیمەتو ژیان دۆستو بەورە بووە. زۆر جاران دەگوترێت ژیانو بەسەرهاتی مرۆڤی کورد، ڕەنگدانەوەی هەلومەرجی مێژوویيو سیاسی میللەتەکەی خۆیەتی !، ئەنجا چیرۆكو سەربوردەی دیوانی ڕاجیش ئاوێنەی تەواو بالانوێنی ژیانی خاوەنەکەی بووە. ئەو کە هێشتا لە هەرەتی تەمەنو ژیاندا بووە، لە ڕێگەی نزیکایەتیو دۆستایەتییەك کە لەگەڵ مامۆستا گیوی موکریانیدا بوویەتی، نیازی وابووە لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا، شیعرو هۆنراوەکانی لە بەرگی دیوانێکدا بە چاپ بگەیەنێت، هەر بۆ ئەو مەبەستە کورتەیەکی پێشەکیو چمکێکی ژیاننامەکەی بۆ دیوانەکە، بە قەڵەمی خۆی نووسیوەتەوەو ئامادەکردووە، کە ئێمە لێرەدا وەکو ئەمانەتێك کە نیو سەدە بەر لە ئێستا نووسراوەتەوە، وەکو خۆی هێناومانەتەوە. بەڵام دیارە کە ڕۆژگار لەگەڵیدا یار نەبووەو بۆی هەڵنەسووڕاوە ئەو خواستەی بێنێتە دی.

لە ساڵانی (٧٠) داو دوا بەدوای کۆچی دوایی شاعیر، دیسان ڕەشنووسی دیوانو دەستخەتەکانی لەبەر دەستی ڕووناکبیرانی کورددا بووە لە چاوەڕوانی دەرفەتێك و هیممەتێك تاوەکو ئەم نیازە بێتەدی، بەڵام دیسان هەوڵەکان بە ناکامیو وەکو پێشووتر ماونەتەوە.

لە هەشتاکاندا دوو کەڕەتی دیکە هەوڵو تەقەللا لە ئارادا هەبووە بۆ بە چاپ گەیاندنی

دیوانەکـە، جارێکیـان لـە لایـەنی کـۆڕی زانیـاری کـوردەوە لـە بەغـداو جـارێکیش لـە لایـەن بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری کوردی لە هەولێر، وەلێ ئـەو هەوڵانـەش سـەرناگرن‌و کارەکە هـەروەکو نیازو ئاواتێك هەر جارەی تەگەرەیـەك‌و هـەر ڕۆژەی گرفتێـك لەبەردەمیـدا... تـاکو ئـەم سـاڵانەی دوایی هەروا بە ناکامی دەمێننەوە.

ڕاستی ئەوەیە من لە ساڵی ١٩٧٠ وە بوو کە بۆ یەکەم جار ڕاجیم ناسی‌و ڕاستەوخۆ شەیداو ئاشنای هۆنراوەکانی بووم، ئەویش لە ڕێگەی کورتە باسێکی مامۆستا عەبـدولڕەزاق بیمـارەوە بـوو سەبارەت بە شیعرەکانی شاعیرو کورتەیەکی ژیاننامەکەی، کە لەو ساڵەدا لە یـەکێك لـە ژمارەکـانی گۆڤاری (برایەتی) دا بڵاوی کردبۆوە.

لەم ساڵانەی دوایی کە لە زانکۆی کۆیە بووم، ئەو دەرفەتەم بـۆ هەڵکـەوت کـە لـە نزیکـەوە پەیوەنـدی بـە کـاك ئیـسماعیل ڕاجـی کـوڕی شـاعیرەوە بکـەم‌و مەسـەلەی بـە چـاپ گەیانـدنی دیوانەکەی لەگەڵ دا باس بکەم، داوام لێ کرد هەوڵ بدەین وێکڕا قۆڵی لێ هـەڵماڵین و کـار لەسـەر دیوانەکە بکەین و ئامادەی بکەین بـۆ چـاپ‌و بـە هاوکـاری دەزگایـەك بـڵاوی بکەینـەوە. دیـم ئـەو جـوامێرە بـێ خـەم دانەنیـشتووەو بەشـی زۆری کارەکـانی ئەنجامـداوەو دیوانەکـەی سـازو ئامـادە کردووە بۆ بە چاپ گەیاندن. ئەنجا لەو ناوەدا مەسەلەیەك لـە ئـارادا هـەبوو کـە وای کـرد سـاڵێکی دیکەش بە دیار کارەکەوە دابنیـشین‌و لـە چاوەڕوانیدا بمێنینـەوە. تـا ئـەوەی لـەم بـەهاری پـڕ لـە ماجەرایـەداو دوای هەماهـەنگی کـردن لەگـەڵ کـاك کـاوە ڕاجیـدا کـە ئێـستا لـە دەرەوەی وڵاتـە، بڕیارمانـدا کەچی دیکە نەوەستین‌و کارەکە ڕاپـەڕێنین، دوای ئـەوەش کـە لـە ئـەیلوولی ٢٠١٠ دا نامەیـەکی زانـستی - ئـەکادیمی، وەکـو لێکۆڵینەوەیـەکی شـیکاری بـۆ شـیعرو بەرهـەمی ڕاجـی بەشێوەیەکی تێرو تەسەل لەلایەن کچە خوێنـدکارێکی کـوردی کۆییـەوە، بـۆ بەدەسـتهێنانی پلـەی ماجستێر لە ئەدەبی کوردی، ئامادەو پێشکەش بـە بەشـی کـوردی/ کـۆلێجی پـەروەردەی/ زانکـۆی سەلاحەددین کرا. ئێمەش کەوتینە کار سەرەتا بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری‌و هاوکاری بەمەبەسـتی چـاپکردنی دیوانەکـە، یاداشـتێکمان بـۆ سـەرۆکایەتی زانکـۆی کۆیـە نووسـی‌و ئـەم خواسـتەو داواکارییـەمان تێـدا خـستە ڕوو. ئـەنجا هەڵوێـستی جوامێرانـەو بـە دەنگـەوە هـاتنی سـەرۆکایەتی زانکـۆو بـە تایبـەتیش یاریـدەدەری سـەرۆکی زانکـۆ (د. جـەواد فـەقێ عـەلی چـۆم حەیـدەری) کـە ڕاستەو ڕاست داواکەی پەسند کردین‌و هەموو هاوکارییەکی پێویـستی زانکـۆی بۆمـان خـستە ڕوو، وای کرد کە زیاتر سوورو ڕژد بین لەسەر ئەنجامدانی پرۆژەکە. هاتین سـەر لەبـەری دیوانەکـەمان بەسەرکردەوە، هەڵەی ڕێنووس‌و کەم‌و کەسەرییەکانیمان ڕێك‌و ڕاست کردەوەو دامان بە چاپخانە تـاوەکو نەخـشەسازی کۆتـایی بـۆ ئـەنجام بـدرێت‌و دوابـەدوای پێداچـوونەوەیەکی کۆتـایی دیـوانی ڕاجـی ڕۆشـنایی چاپ‌و بڵاوکردنـەوە، لـە دوای پـەنجا سـاڵ لـە نیـازو خـەبات‌و هـەوڵ‌و تێکۆشـان،

ببینێت.

ئەمە بوو چیرۆك و چارەنووسی دیوانی شاعیرێکی کورد. ئێستا لە جێگای خۆیەتی بپرسین؛ ئاخۆ چیرۆکی ئەم دیوانە چەند لە چیرۆکی خاوەنەکەی و مێژووی میللەتەکەی دەکات؟؟.

لە دواییدا هیوادارین بەم کارەمان توانیبێتمان خزمەتێکی بچووك پێشکەش بە دنیای شیعرو ئەدەبیات و کتێبخانەی کوردی بکەین و گیانی بەرزە فڕی (ڕاجی) مەزن شاعیرو مرۆڤی کوردیش لە گۆڕەکەیدا ئاسوودە بکەین.

عوسمان دەشتی

هەولێر ٢٠١١/٤/٢١

ڕابەری سەرچاوە بۆ ئەو باس و وتارانەی تاوەکو ئەمڕۆ لە بارەی (ڕاجی)یەوە نووسراون و بڵاوکراونەتەوە:

(١) گەڕانێك بە دیوانی شاعیری گەورەدا: ڕاجی، عەبدولڕەزاق بیمار، گۆڤاری (برایەتی)، ژمارە (٨)، بەغدا، ١٩٧٠.

(٢) ڕاجی و دوو هۆزان، نورەددین سەعید، گۆڤاری (بەیان)، ژمارە (١١٨)، بەغدا، ١٩٨٦.

(٣) مەلا ڕاجی، عەبدوڵڵا دارتاش، گۆڤاری (بەیان)، ژمارە (١٢٨)، بەغدا، ١٩٨٧.

(٤) دوو پارچە شیعری مەلا ڕاجی، محەمەد دارياس ڕۆژنامەی (دەنگی میللەت)، ژمارە (١٥٢)، ٢٠٠٤.

(٥) ڕاجی، لە ناوجەرگەی جەنگی نێوان گومان و باوەڕدا، ئیسماعیل ڕاجی، لێکۆڵینەوە، ڕانیە، ٢٠٠٤/٩/٢٠

(٦) کۆیە لە ڕەوتی شارستانییەتیدا، کەریم شارەزاو چەند نووسەرێك، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە. هەولێر، ٢٠٠٩.

(٧) گومان و مەستی لە شیعرەکانی خەییام و ڕاجی دا، عومەر حاجی برایم، باسی دەرچوون، بەشی کوردی، زانکۆی کۆیە، ٢٠١٠.

(٨) لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری لە شیعرە کوردییەکانی (ڕاجی) دا، کانیاو عوسمان مستەفا، نامەی زانکۆیی، بەشی کوردی، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠١٠.

پێشەکی

من کە عەبدوڕڕەحمان ڕاجی کوڕی مەلا ئیبراهیمم لە تیرەی میکایەڵی هۆزی جافی شارەزووریم، بە هەموو سوپاسو دڵسۆزییەکەوە ئەوەندەی پێویستی شانی خزاوو جەرگی هەڵکزاوو هەناوی سووتاومان بێت، لە بابەت دڵداریو نیشتمانپەرستی، سەربەستیی بیر، ئازادیی مێرو سوودو قازانجی تەبیات، بەرزیو شکۆمەندی، پێڕەوی زانایان، خەسارەتمەندی نارێکی، لێکدانەوەی ئەملاولا، سوپاسی سەروەران، دەستگوشینی قەلەندەران، وریایی لەتالان، خۆپاراستن لەمالان، تەگبیرکردنو جاسووسی، گوێ گرتنو سالووسی، وتاری بەمانا، تێگەیشتنو تەوانا، وە هەرچی پێویستی خاکی وەتەن بێت پێشکەشی گەنجە سالارەکانو لاوە ناودارەکانو کچە هۆشیارو نازدارەکانی دەکەم. بەتایبەتی بۆ هەموو گیاندارو دارو بەردو واری کوردستانی کۆنە وڵاتو نوێ هەوار، هەتیوی بێ باوكو دایكو بێ کەس، بەشکو بە پارووە نانو ئاوێکی زانین ببووژێتەوەو بەدەستەچیلێکی هۆنین خۆی بدۆزێتەوە. چیکە کوێستانی لەبەر هەتاوا سەر سپی نەکا .. چیکە گەرمێنی لەناو دڕكو داڵ پێ پەتی نەکا. بەڵام زۆر تکا لە لاوە کوڕو کچە خوێندەوارو سەربەستەکان دەکەم بە چاوی پەسەندانەوە و دڵی ئەڕجومەندانە تەماشای ئەم دیاریە نادیارەمان بفەرموونو، لەهەر کەموکورتیو لەسەرچوونێکمان ببوورنو، هەرچۆنێکی بەباش دەزانن لە تەرازووی بەرانبەری خۆیاندا هەڵی بکێشن. ئیدی خوا هاوکاریمان بکا.

سوپاس بۆ پیرە نیشتمانییەکان.. سوپاس بۆ گەنجو لاوە کوردستانییەکان.. سوپاس بۆ هەمشیرە نازدارو سەربەستو ناوانییەکان.

ڕاجی

هەڵگری ئاواتی کوردستان

(١٩٥٩)

ڕاجی لە ژیانی دوای مەرگیدا

مەسعود محەمەد

بەغدا: ١٩٨٤/١/٣٠

مەکانە شــەوقی بە عێلاتە، پەشمە کۆنە هەوار

حەیاتــە زەوقــی بــە ئەحبابــە، بایە ئاب‌و هەوا

ڕەحمەت لەگۆڕت، ئافەرین لە یادت ئەی ئاخێوەر بە زمانی غەیب: حاجی قادر!

بــە مــن چــی گــوڵزاری بــێ بولبــول! بــە تــۆ چــی بــاغی بــێ قــومری! بــەجیهان چــی مەیکەدەی بێ کۆڕی دڵداران!!

تۆپەڵە بەڵەکی زەوی لـە چـەرخ‌و فەلـەکی بـێ دۆڵاب‌و مەنگەنـە دەنیـشێت‌و، دانـە تەزبێحی نیوە ڕەش نیوە سپیی شەوو ڕۆژان لە گشتەکی ئەبەد قـەتار دەکـات‌و کۆرپـە هـەرە زریـنگ‌و زیـت‌و نرخـدارو بایەخدارەکـەی، مـرۆڤ ، لـە کـۆش‌و باوەشـی پـڕ گـەڵاو چـقڵ.. پـڕ گـوڵ‌و دڕوو هــەڵگێڕو وەرگێــڕ دەکــات‌و، بەهــەزاران بــاری فرەچەشــنی خۆشــی‌و ناخۆشــی.. هێمنی‌و بێ ئۆقرەیی.. هەستیاری‌و بێ هەستی.. گومان‌و یەقین.. ڕق‌و ئـەڤین، بـەژێر بـارانی فرمێسك‌و تریفەی بزەدا، جۆلانە ئاسایی دەهێنێت‌و دەبات، هەر لەو دەمەڕا بـە مەلۆتکـە لـە هەناوی عەدەمەوە بەر دەبێتەوە تا ئەو دەمەی بە کفنەوە بەڕێ دەکرێ بـۆ هـەناوی عـەدەم: دەست بەتاڵ، مازوو چنی کون لە پاشۆل، نـە تووشـەیێکی ڕێـی بـێ بڕانـەوە بـە کۆڵـەوە، نـە فلسێکی گـەنجی داخـراو لەگێرفانـدا.. دەبێتـە خـەیاڵ بەسـەر پـەردەی خوولیـای خەڵقـەوە.. شـەبەنگێکی یادگـار لـە دەروونـی بەجێماوانـدا، تـەنها بـۆ ماوەیـەکی کورتیلـە.. لـەوە بـەولاوە سـپیپات دەبێتـەوە وەك تیـشکی جلوە نەبەسـتووی نـاو بۆشـایی، خـەون‌و وڕێنـەی نووسـتن‌و لـەرزوتا.. تـۆ بڵـێ هـەر هـیچ.. زمـان حـاڵی چـۆلایی پـێش مـەرگی لـە زڕە تارماییەکـەی دەم دادەپچڕێت‌و دەمرێنێ:

بنـواڕە بوونـــی ئەووەڵـت‌و چوونـــی ئاخیـــرت

هاتی چ ڕووت‌و قووت‌و، هەڵاتی چ لووس‌و پووس

کێلی قەبرەکەی؟ لەوانەیە ناوی لـێ هەڵنەکەنـدرابێ! هـەڵیش کەنـدرابێ چـش: بـاران دەیسڕێتەوە، ئەویش ئەگەر قەبری بەکێلی هەبێ!

کوڕو وەچەی؟ کێ دەڵێ لە ڕێبازێکی پشت لەڕێبازی ئەوەوە ناڕۆن؟

ماڵەکەی؟ ڕەنگە لە شوێن بەرماڵەکەی عەرەق بخورێتەوە، یان بە عەکسەوە..

داهاتەکەی؟ بەهەموو ئومێدو ئاواتییەوە، بارتەقای لەشە عەنبار پۆیەکەی ناو قەبری، ڕزایەوە، بڕایەوە..

ژینێکی کە مردنی لەدوو بێ چ نییە
باغێکی بەقونجرەو دڕووبێ چ نییە

ملیۆنەها، ملیارەها ئاپۆرەی بنیادەمی بێ ناوونیشان، بێ شوێنەوار، بێ ئاستەوار، دەورو تەسلیمی پەلەکوتکەی پێنج و دوو ڕۆژی ژیانی کولەمەرگیی لەگەڵ فریشتەی مەرگ، یان لەگەڵ هیچدا کرد، بەچاڵی نەبووندا سەرەنگرێی بڕانەوە بوو، وەك نەخشی سەر ئاو.. تروکەی چاو سڕایەوەو کوژایەوە مەگەر بەخێرو سەدەقە فەیلەسووفان لە ژێر سەرەناوی ساردو سڕی (سەربازی نەناسراو)دا بۆ ئیسپاتی دەسڕەنگینیو دڵسۆزیی سیاسەتبازانەی خۆیان، شڕە ترنجۆکێکی پوایەوە قەڵەمچن بکەن بە دروشمی (مێژووی گەلان....) کە خۆیان لەژێر سایەیدا دەحەسێنەوە نەك گیانی هاوڕێیە نەناسراوە بە قەنارەدا کراوەکانی سپارتاکۆس!!. هەر بڕۆ سەربازی نەناسراو، تەپە لەبنی چاڵی بزربوونو نەبوون هەڵستێنە.. زەردایی شەرمەزاری لەڕەنگی بزڕکاوتەوە بەسەر ڕووی بوونەوەری مێژوودا بهێنە.. ئەگەر بۆت بلوێ - کە نالوێ - لێی مەسەلێنە گویا: ڕەحمەت بۆ مردووان.. فاتیحە بۆ گیانی کۆچ کردووان! یەق کەرەوەی ناوی سڕاوەو گۆڕی نراوەتە.. کوا دەنگت ئەم زریکەیەت بگەیەنێتە بەر گوێی بیسەران؟ کوا ڕەنگت؟ نە دەنگ نە ڕەنگ، نە سەنگ.. تۆ نەهەنگ نەبوویت گردۆڵکەی پشتی پۆزت زگی دەریای مێژووت بۆ بقەڵاشێتەوە.. تۆ هەنگ بوویت، شیرناییت بەسەر لێوی سیاسەتمەدارانەوە ملچو هۆڕی: (هەر بژیو نەمری) دەداتە بەر گوێی ئەو ملیارەهایەی سەر لەنوێ: نە دەنگێك.. نە ڕەنگێك .. نە سەنگێك...!!

خەسارەتمەندی دەست بەتاڵ لەماڵی دنیا!
ڕەنجەڕۆی بێ بەش لە ناوونیشان!
خۆراکی هیچایەتی! خۆت.
لە ژین بەدەر .. هەی مێوانی پوانەوە!
بۆرە پیاو!!!

....

لەگەشتی ڕووەو عەدەم، بە پاش ماوەی ئەم دیوی قەبر، چی بێ مەرگ بۆ مرۆ دەمێنێتەوە: بزەیەکی سەر لێوان، تروسکەیەکی فکر، جۆشێکی دەروون - ئەگەر لێی بەجێ مابێ - بەمیرات بۆ ئەوانەی بەدوا ئەودا لە مەیدانی نێوان دوو عەدەمدا مەقەسە دەکەن..

نەسڕانەوەو لەبیرنەکران و بەردەوام بوون سەرمایەی جاویدانە لەکۆڵەباری هەموو ڕێبوارێکدا دەست ناکەوێ: خوا پێ داوەکان لە خەوتنیشدا بالآیان کەڵەگەتر دەبێ.. خەڵق و خوا بۆیان بەسەرەوە دەنێن. ڕەش و ڕووت، هیچ نەدار، بێ دەسمایە، جگی نییە پێی بچێتە جگێنە لە قومرغانەی مێژوو: دەبێ جگ و دەسکەلا لە مەهارەت.. لە هونەر.. لە مەعلانی.. لە دەسڕەنگینی بسازێنێ دەنا پێی دەڵێن و دەریشی دەکەن:

(سر زده داخل مشو میکده حمام نیست)

گوناهی هەرە گەورەی (عەبدوڕڕەحمانی ڕاجی)، بێ جگ و دەسکەلایی.. بێ مووشەیی.. بێ تووشەیی بوو: گوناهی ئەبەدی.. بەدرێژایی عومر.. لە هەموو هەوارێکی. لێی باخەبەرم.. زارەوزار بیستوومە.. بەچاو دیتوومە.

نانێکی بێ منەت و لانێکی بە بنەمای هەبوایە حاڵی لەبارێکی دیکەدا دەبوو.

ئەگەر لیستەیەك بگێڕێتەوە بۆ دارایی! و سامانێکی بەمیرات پێی گەیشت.. ئەگەری بۆچییە؟ ئەمەتە لیستە!

١- لەپارەو پوول: هیچ.

٢- لە مڵك و خانوو: بەولای هیچەوە.

٣- لە وەزیفەو داهاتی مسۆگەر: توون.. چش.

نامزەدێکی زەق و ڕەق و تەقی ئامادە بۆ چاڵی فەرامۆشیدا چوون..

لەبەر خۆمەوە دەڵێم: ئەگەر بەو تەبیاتەو خەسڵەتەی پێوەی ڕسکاوم چووبامایە کلێشەی باری ژیانی ڕاجییەوە، ناوونیشانێکم لێ بەجێ دەما؟ دەستم قەڵەمی دەگرت؟

ڕاجی، بەگژ هیچایەتی و بۆشایەتی ژیانی مادی خۆیدا، سەرەو ژوور لە خوڕگەمەلەی کرد.. دڵی بەهێزو مێشکی تریسکەدارو زمانی پاراوی لە شەڕگەی گوزەراندا بەگەڕ هێنا: وەك دامەزانی مەعلان گرەوی ناسراوی لە هەژاری و نەداری بردەوە بەڕێز لێ گیراوی.. بە خۆشەویستی.. بە هەستیاری.. بە شاعیری.. بەچاوی خەڵق لە ڕێیەوە بوون.. بە ڕۆشندڵی. دەشتی کاکی بەکاکیی ژیانە موفلیسەکەی کردە مەزرای زەکای زگماك و هۆشی بە بڕشت و ڕوح سووکی و قسە شیرنی، وێڕای باخەبەری و هۆشیاری و ئازایی و ئازادی.

ڕاجی، لەبنی بیری دەست بەتاڵییەوە بە پێپیلکەی لێهاتوویی فێتری خۆیدا سەرەو ژوور چوو، وەك منارەی چرا بەسەرەوە، لە دوورەوە بوو بە پەنجەنیشان.

پێوەندیم بە ڕاجییەوە بەردەوام و نەپساو بوو: تا ئەوەندەی لە کۆیەو دەوروبەری بوویی و هەڵکەوت یارمەتی دابێ تام و شامم لە ڕەفاقەتی چێشتووە. چەندین دەیەها جارو بار، شەوانە لە دانیشتنی فەقێیانەی پاش تەراویح و سەرەتای دەهۆڵی پارشێوی ڕەمەزان،

هەر شەوە لە مزگەوتێك، بەزۆریش لە مزگەوتی حاجی مەلا ئەسعەدی جەلی، تەمبوورەمان دەبەست.. بێنە باسووغو کاکڵە گوێز.. حەلقوومو حاجی بادام.. چەرەزی تێکەڵ پێکەڵ.. جگەرەی بێ شەما.. سەماوەریش گیزەی دێتو تێکەڵ بە تریقوهۆڕی بێ خەمو خەیاڵ دەبێت: هەر کەسێکی هونەری لایەق بەو مەجلیسەی هەبوایە پێشکەشی دەکرد. سینیو زەرفو کارەمستێنە (حەڵواو شەکەراتی پێوە بوو)، فەنەی بێ دەنگ، قەسابو گۆشت بەشینەوە، هێلکە بە بۆنێ، کوورەی ئاسنگر، شارە هەنگ بڕینەوە، ئاشەوانو جۆگە هەڵبەستنەوە، زرمو هۆڕی گەمەی جەردەو قافڵە، (ئێمەنی وەرە)و چەپڵەڕێزانی هەی کەر هەی کەر بۆ نەشارەزایەکان، گەنم گەنمێنە.. و چەندین فەندو فێڵی فۆلکلۆری کۆنینە کە فەقێیان لەگەشتی خوێندن بە هەموو کوردستاندا فێریان دەبوونو شارەو شار لەگەڵ خۆیاندا دەیانگێڕا لەو مەجلیسانەدا هەر شەوە بۆ ماوەی ٦ - ٧ سەعات دنیایەکی گەش زەنویڵی هەڵ دەنا. لەو ناوەدا ڕاجی، بەڕاستی، پێشەوای هەموان بوو چونکە لە هەموو گەمەکان شارەزا بوو، چەند گەمەیەکیش هەبوون هەر ئەو دەیزانین، فێربوونیشیان زەحمەت بوو چونکە دەمو ئارداوێژی تایبەتییان گەرەك بوو. وتووێژی ناو گەمەکان بەهەر لەهجەیەك بوایە، بۆ زاری ڕاجی وەك بۆ زاری ئاخێوەری لەهجەکە وەها بوو بەتامو لەزەتێکی تازەوە. کۆییانە، بلْباسانە، مەنگوڕانە، جافانە، دۆمانە، جوولەکانە، خۆشناوانە.. ئیدی بڵێم چی، بەهەموو بارێك زمانی دەگێڕاو خەڵقی پێ دەخستە سەر گازەرای پشت.. ناو ناوە وەردەگەڕایە بەیتی شێوە بەردەشانی، یان لە میانەدا چەند بەیتێکی شاییو هەڵپەرکێی بە دەم گەمەوە وەکوو شاباش هەڵدەدا بەسەر مەجلیسدا.. لەو تەرزە دانیشتنانەو بەزمو ئاهەنگی ئیجازەی مەلای موستەعیددا هەنبانەی فەندەکانی بەتاڵ نەدەبوو. بە ڕاستی خوێی چێشتو نەوتی چرا بوو. دەزانن لەیاری بەهارانەی سێ باز چی دەکرد؟ لەشی وەکوو ڕۆحی سووك بوو بەڵام هێندەی بەعزێکان قاچ داقڵیشاو نەبوو بۆ بازی درێژ مەودا ببڕێ. دوایین جار کە لێ دەکشایەوەو خۆی تێ دەکرد لەبازی سێیەمدا، دەهات بە حەواوە لەشی خۆی وەکوو بڕکەدار یان جلیت تووڕ هەڵدەداشت، کاتێك کە وەك دارەمەیت دەکەوتە سەر زەوی هەردوو پێی لە شوێن پێی خەڵقەکە تێپەڕی دەکرد، سەریشی مەترو نیوێك بەدواوە بوو. دەیگوت: سێ بازەو پێ دەیباتەوە نەك سەر..

ڕاجی مەلاو شاعیرو نوکتەبازو سوحبەتچیو فرە پیشە بوو: هەرچەند ئەهلی خوێندن لەکۆنەوە بە شۆرەتی شێخایەتیو مەلایەتیو شاعیری ناوی هەڵدەدرا، دوای مەرگیش ئەو چەند دێرە نووسراوەی لێی بەجێ دەما بۆی دەبووە شەهادەی جنسییەو دەفتەری نفووس، بەڵام لە ژیانی واقیعیدا، مەلایەتیو شاعیریو شێخایەتی هەر لەدەمی

دەرس و دەور وەیا زیکرو فیکر وەیا شیعر خوێندنـەوەدا بۆ خاوەنەکەی دەبـووە ناوهێنـەرو بیرخەرەوە: بەشی هـەرە زۆری عـومر بـەهۆی لەگـەڵ خەڵقـدا گونجان و سازان و گوزەرانـدن دەبێتە تۆماری پەسـەندایەتی یان ناپەسـەندایەتی مـرۆڤ چ شـاعیر بـێ چ مـەلا بـێ چ شـێخ. ئـەو بەشـەی کـە بـەر نووسـین و تۆمـارکردن ناکـەوێ و لـە صـەدی نـەوەدی عـومری مـرۆڤ دەگرێتـەوە، ئـەویان حەقیقـەتی کەسایەتی و ئاکـاری تـاك دەنوێنـێ: ڕاجـی لـەم نۆبەشـەی عومردا، کە بەعادەت لەگەڵ بەسەرچوونی دەسڕێتەوە، مرۆڤایـەتی خـۆی بـەکاردەهێنا، هـەر سامانێکی مەعنەویشی هـەبووبێ لەخزمـەتی ئـەو نۆبەشـە تۆمـار نـەکراوەی خـەرج دەکـرد. ناڵێم ڕاجی فریشتە بـوو، دەڵێم بابایـەك بـوو: مـەلای ڕوح سووك، شاعیری دۆسـت پـەروەر، نوکتەبازی خزمەتگوزار، شایەری کۆڕی برادەران، سوحبەتـچی بـەوەفا.. کابرایـەك بـوو حـەز بە ڕەفاقەتی بکەیت و چاوت لە ڕێی بێ. بە بیرمدا نایەت ڕاجی دوعاخوازی کردبێـت و چاوم لـە دووی نـەبووبێ.. جارێکیـان لـە مزگـەوتی حـەتك ڕووی پرسـیاری کـردە مـەلا محەمـەدی مەلا برایم (دلاوەر- بە ئەسڵ دڵ ئەخگەر بوو) و گوتی:

ئەرێ ئەگەر مەسەلەیەك وەهاو وەها بێ چۆنی هەڵدەبڕیتەوە؟

لە وەڵامدا گوتی: بە پێی شەرع حوکمی مەسەلەکە وەهاو وەهایە..

ڕاجی پێی گوتەوە: بە شەرع نا، نا ..

مەلا محەمەد گوتی: ئەدی بەچی؟

ڕاجـی گـوتی: بـە هـەق بـە هـەق.. ئەمـەی گـوت، خـۆی و خەڵقەکـەش زۆر پێکـەنین، ملیشی بۆ شەرعەکە ڕاکێشا.

لێرەدا دەبێ بڵێم، ڕاجی لەنزیکەوە دۆستی مەلا محەمـەدی مـەلا بـرایم بـوو، ناشـزانم لەلایـەن بۆچـوونی دینـی و مەزهەبییـەوە چۆناوچـۆنی بـوون. مـەلا محەمـەد لەمەسـەلەی ماڵێکی ڕیبای تێدابێ، بانکەنۆتی بەماڵی ڕیبـادار حیسـاب نـەدەکردو قازانجەکـەی بـە حـەڵاڵ دەزانی. ئەمە دەڵێم بە یەقین چونکە لـە خـۆییم بیسـتووە. هـەتا سـاڵی ١٩٥٨ بـەینمان زێـدە خـۆش بـوو، لەهـەموو بابەتێکـەوە لەگەڵمـدا کـراوە بـوو. ڕاسـتییەکەی یـەکێکیش بـوو لـە قوتابییـە هـەرە زیرەکـەکانی بـاوکم. خـوا لێـی خۆشـبێ و صـەد جاریش گـەردەنی ئـازاد بـێ لەهەر گلەییەکی کەوتبێتە بەینەوە.

ڕاجی، مامەڵەی لەگەڵ ژیان و کۆمەڵدا بەلای گونجانێکی ڕێـز لـە خۆگرتـوودا بـوو: تـا بیتوانیبایە، بە سینەفەڕاحی و لێ بووردن و دڵدانـەوەو فریاکـەوتن، لـە پێوەنـدی بەخەڵقـەوە گەشایی ڕوخسارو بـزەی لێـوانی دەپاراسـت. ڕۆژێـك لـە ڕۆژان و جارێـك لـەجاران نەمـدیت شـتێك بڵـێ کـە دەبـوو نـەیڵێ، وە یـا شـتێك بکـا کـە دەبـوو نـەیکات. هەرچـەند لـە جـەواب

دانەدەماو ئازاش بوو، هەرگیز سنووری ڕێزی ئاخاوتنی نەدەبەزاند. دیتوومە لە دەمەتەقەدا گەرم بووە، بەڵام چەند جاری پێداویستی جەوابە جەنگی زۆری لێ کردبێ خۆی ساردکردۆتەوەو تیژاوی وەڵامەکەی لە لۆکەو ئاوریشمی نوکتە وەیا تەعبیری حورمەتکار وەرپێچاوە. بەینێك لەخانووی مامم، شێخ نوری، کە بانەوبان دراوسێی ماڵی باوکمە، شوورەش لەنێوان بانەکاندا نەبوو، ڕاجیو خێزانی بەسەریان برد. ئەوسا ڕاجی بێ منداڵ بوو: لەو هەموو دەمانەدا کە دراوسێ بووین ئەوەندە دەنگی بەرز نەدەکردەوە بزانین لەماڵەوەیە یان جارێ نەهاتۆتەوە. ناوناوە کە خامۆشییان بێ تەقەو ڕەقە درێژەی دەکێشا، لەسەربانەوە سەرەتاتکەیەکم لێ دەکرد. جارێکیان لێی بەدەنگ هاتم گوتم:

ئەرێ ئێوە ماون یان خوانەخواستە چوونەتە بەهەشت؟

گوتی: خوانەخواستەم بۆ جەهەننەم لێ بکێشە..

بەعادەت شاعیر فەرهەنگی وشانی تێرو تەسەلە. هەرچی ڕاجی بوو بەهۆی شایەریشەوە لە وشە دەوڵەمەند بوو، سەرەڕای وشە جۆرەها تەعبیری کوردی لەگەشتی فەقێیەتی هەڵگرتبۆوە کە شاعیری شارنشین ڕێی پێ نابا. سەیری قافیەی هێندێ لە پارچە هەڵبەستەکانی بکەیتو پاشخانەکەی تێدا بخوێنیتەوە بەلای کەمەوە دوو شادەماری تێدا دیاری دەکەیت: یەکیان، گەشتو گەڕانی هەراوو بەردەوام. ئەوی دیکەیان تەنگژەی باری ژیان کە بەدوا قافیەی سەختو دەگمەنیدا گێڕاوە. کورد دەڵێ: شەڕو نیوە شەڕ هەر یەکێکە، ڕاجیش هێناویەتی نیوە شەڕی قافیەی کەم بیستراوی خستۆتە سەر شەڕی گوزەران، بە زۆریش تێیدا سەرکەوتووە.. لەم تەرزە هەڵوەستەدا، ئەگەر ڕاست بێ بگوترێ: گەڕان بەدوا وشەدا دوور کەوتنەوەیە لە سۆزو ناوەرۆك، دەبێ قبوڵیش بکەین کەوا گەڕان بەدوا قافیەی سەختو دەگمەن لە ژیانێکی سەختو ئاستەنگدا وەك سۆراغ کردنی پەناو نوایە لە گەرمەی شەڕدا: هەمووی هەر لە چارچێوەی یەك نەخشە دایە.

نامەوێ ئەو تەرزە تێبینییە بمدزێتەوە بۆ لای نرخاندنی دیوانەکەی، چونکە لێرەدا نرخاندن مەبەست نییە: دەمەوێ دەربوونەیەك دەربکەم بۆ ناو دەروونو کەسایەتی ڕاجی (مرۆڤ - شاعیر) لەگەڵ ئەوەندە تیشکەی پێویست بێ بۆ ڕوون کردنەوەی شوێن هەنگاوی کەسێکی تازە بەتازە دەبێتە مشەختی جیهانی (ڕاجی نامە).

لەم کورتە پێشکەش کردنەدا بە تەما نەبووم نیم شیعری ڕاجی بەخوێنەری کورد بناسێنم، هەر نەبێ لەبەر ئەوەی کە خوێنەریش وەکوو من شیعرەکان دەخوێنێتەوەو تێیان دەگات، ئاسانیو ڕەوانیشیان لەوەیان بەدەردەبا پێویستیان بە شیکردنەوەی وردو واتا لێکدانەوەی بین درێژ هەبێ، ئەو بەشە عەرەبییەی نەبێ کەوا ڕەنگە هەموو کوردێك تێی

نـەگات، بـەڵام ڕاسـتییەکەی، هەڵبەسـتە عەرەبیـەکان لەسـەر ئـەدەبو شـاعیریەتی ڕاجـی حیـساب ناکـەم: شـاعیری کـورد ئەگـەر لـەڕێی خوێنـدنو خوێندنـەوەوە لەگـەڵ شـیعری عەرەبییدا ناسیاوی پەیـدا کردبـێ، بـێ ئـەوەی لەگـەڵ عەرەبـدا ژیابـێ، ناتوانـێ بـە عـەرەبی بهۆنێتەوە چونکە خەیاڵو شێوازو بۆچوونو داڕشتنو ئارایشت و هەرچی لایـەنی هونـەریو ناوەرۆکیش هەیە لە عەرەبیدا تایبەتن بە زمانو توراسی عـەرەب، تەنانـەت شیعری بەشێك لـە شـاعیرانی عـەرەبی دوای سـەردەمی ئەمەویـەکانیش کـە تێکـەڵاوییان لەگـەڵ سـەقافەتی غـەیری عەرەبـدا ڕەنگـی دایـەوە ویـژدانیان بـەوەدا عەیبـدار بـوو کـە لـە دەرەوەی هەسـتو پێزانینی عەرەبییەوە وێنەو خوولیاو داڕشتنی خواستۆتەوە. بـە جگـە لـە (مـەلا عەبـدوڵڵای بێتووشـی)و (جـەمیل صـدقی زەهـاوی) نەمبیـست شـاعیرێکی کـورد زمـان لەهەڵبەسـتی عەرەبیدا شان بەشانی شوعەرای عەرەب ڕۆیشتبێ، دیارە ئەو دوو شـاعیرەش بـەهۆی ژیانیـان لـە وڵاتـی عەرەبـدا هەسـتی شـاعیرییان بـە چـەژی عـەرەبی زاخـاو دراوە. دەڵـێن ئاغایـەکی میراودەلی لەدیوەخانەکەیەوە دیتی کابرایەك بـەڕێگادا دەڕوا، گوتی: دابـزانن ئـەو پیادەیـە چ کارەیـە؟. نۆکـەرێك بـانگی ڕاهێـشتێ، پیادەکـەش لەوەڵامـدا گـوتی: بـەرێ!! ئاغاکـە ڕووی لـە ڕێگـە وەرسـووڕاندو گـوتی: لێـی گـەڕێن کـۆیی یـە. شـاعیری کـوردیش کـە ڕادەسـێتە شـیعری عـەرەبی بەتایبـەتی کـە خوێنـدنی مزگـەوتی تـەواو کردبـێ، بـەحاڵ لـە ڕایـەڵی دەسـتووراتی قەواعیدی عـەرەبی شـڕە دەفرێکـی بـۆ ساز دەدرێو بـە شـڕو شـیتاڵی کوردی دەیئاخنـێ. بـا دوور نەڕۆین: وەها دەبێ شاعیرێکی کوردی دەرەوەی ناوچەی سلێمانی زۆر لـە خـۆی دەکاتو سلێمانیانە دادەبڕێ، زۆر نابات دەکەوێتە کۆسپو ئاسـتەنگانو لاسایی کردنـەوەی پێـوە دیـار دەبێ. تا ڕادەیەك، جاران، شاعیری کوردی عیراق دەیتوانی بـە فارسـی بهۆنێتـەوە هـەم لەبـەر خزمایەتی نێوان هەردوو زمانو هەم لەبـەر زێـدە خـەریك بـوونی ڕۆشـنبیری ئەوسـای کـورد بـە زمـانو ئـەدەبی فارسییەوە. خولاسـە مـن شیعری عـەرەبی شـاعیری کـورد دیـوان بـەدەر دەکەم.

بێ ئەوەی دەست بەرم بۆ دیوانی ڕاجی، هەر لەشێوەی تێبینی گشتییەوە دەتـوانم ڕێ بـەخۆم بـدەمو بڵـێمو لـە شـیعرەکانڕا دیـارە دوو شـادەماری ئەسـتوور پێوەنـدی ڕاجـی بـە جیهانی خوولیاوە، بەڵکو بە جیهانەوە قووڵ دادەگرن: یەکیان خواپەرسـتییە، ئـەوی دیکـەش کوردایەتییە.

لەلایەن خواپەرستییەوە، وەك من لە ڕاجی گەیشتبێتم، بە درێـژایی ئـەو ڕۆژگارانـەی لێیەوە نزیك بووم خرتەو ورتەی گومان لە بنی دڵیەوە مێروولـەی دەکـرد، بـەڵام هـەر جارە زوو بـە زوو سـەرقاپێکی خەفەکـەری بـاوەڕو متمانـەی بەسـەر جـۆشو بڵقـی دەروونیـدا

دەهێناو نەفەس بڕی دەکرد. بەشی هەرە زۆری شیعرە ئایینیەکانی، بەپێی باوەڕی من، شەڕی نێوان گومانو یەقین پێی هەڵدەبەستن هەر هەتا یەقین بەسەر گوماندا زاڵ بکات. ڕاجی مرۆڤێکی دڵ تەڕی، جیهان پەسەندی، ژیان دۆستی، لەزەت بردووی، سوحبەتچی، یارانەی مەشرەب بەهاری بوو لەوەشدا بە پێچەوانەی داخوازی باری دەست کورتیو قیافەتی مزگەوتی هەمیشەکات خەریکی ڕاست ڕاگرتنی موعادەلەیەك بوو کە ئەمسەرەو سەری تێکیان نەدەکردەوەو یەکدییان نەدەخوێندەوە کوتومت وەك (خەییام) دەڵێ :

مایيم در این گنبده   شعبده فام

نه کافر مطلق، نه مســلمان تمام

ڕاجیش لەلاییێکەوە بە کەللەی پڕ هەستو خوستی (تەفسیرو حەدیسو کەلامو أصولو صرف و نحو...)ەوە، لە لایەکی دیکەشەوە بە دڵو دەروونی تەلەزگە بەستووی سەر بەستەڵەکی فەلسەفەو مەلەکردووی گۆمی لەزەتو حەزی سروشت، بە داروەکازی شیعرە ئایینیەکانی کوتەکوتی بەرەو لایەنی کردگاری پەروەردگارەوە دەکرد. هەرچەندە لە ساڵانی دوایی ژیانیدا ئەوەندەم نەدیت بزانم کەشتی گەشتەوەرانەی نێو دەریای گومانو یەقین بە کام بەندەرەوەی قەدەم کرد، بەڵام بە پێی دیوانەکەی وەها دەردەکەوێ تادوایین هەناسەی چنگی لە خواپەرستی قەییم کردووەو نەیهێشتووە گومان لێی بە مەبەست بگات. ئەگەر زەللەی گەورەی فیکریم نەکردبێ، ڕاجی، لە دەمی گیانەلاوەدا باوەشی بە تارمایی فریشتە قەتیس وەستاوەکانی سەر پەردەی تەصەوراتی دا کردووە.

ئەم شەڕەی نێوان گومانو یەقین بۆ کەسێك لە ڕاجی شارەزا بێ، لە سەرانسەری دیوانەکەی بە شێوەی هێزەکی، (وجود بالقوة، ***Potential***) جلوە دەبەستێ. بەڵام لە پێنج خشتەکییەکەی: (ئەی خوا لەم ماوە داماوم بە پاوە یا نەجات)دا زریکە لە گیانی ڕاجی هەڵدەستێو یەك تاقگە لە خڵتەی چەندین ساڵەی نائارامیو ناڕەزامەندیو بێ ئۆقرەییو دڵەکوتکەو لێوەلەرزە، بوو بە گلەییو گازاندەو پاڕانەوە لە بارەگای دادی خوداوەندی. ڕاجی لەو پێنج خشتەکییەدا ڕازی پێیەکی لە باریکە ڕێی خەییامو پێیەکیشی لە دەربوونەی مزگەوتەکانە. ئەم ڕەوتەی ڕاجی لە تەنگەبەرەی نێوان دوو بەرداشی گومانو یەقیندا نموونەیەکی بچووکی تەجرەبە زلەکانی کۆنینەی بەر لە هەزار ساڵە کە بلیمەتی وەکوو (ئیبن سینا و ئیمام غەزالی) پێوە مەشوور بوون، تا ئەوەی (ئیبن سینا) بەر توهمەی ئەوتۆ کەوت ناچار بێ لەسەر ئیمانی خۆی بکاتەوەو بڵێ:

کفر چـو منی گزافو آسـان نبود
محکمتـر از ایـمان من ایـمان نبود
در دهر چـو من یـکیو آن هم کافر
پس در همه دهر یك مسـلمان نبود

(غەزالی)یش چەندین کتێبی مەحکەمی ئەوتۆ لە جەنگی نەفسو شەیتانو گومان دابنێ بایی بردنەوەی گرەو لە فەلسەفەو لە ئیلحادی تێ ببێ. ڕاجی لە ڕێی وەدەرنانی هەستی دەروون بۆ بەر گوێو چاوی شیعرخوێنان کارێکی ڕاستگۆیانەی کردووە بۆی بە چاکەو پیاوەتی لەقەڵەم دەدرێ.

کوردایەتییەکەی ڕاجی، هەم لەبەر ئەوەی کە هەستی نەتەوایەتی وەك غەیب پەرستی نییە بە دوودڵیو گوماندا تێپەڕێت، هەم لەبەر ئەوەی ڕسکانی گیانی کوردایەتی لە ویژدانی ڕاجیدا لەو کاتانەدا بوو کەوا جارێ ڕاڕەوی نیشتمانپەروەری لە کوردەواریدا چ ڕێچکۆڵەی سەر بە فەلسەفەی چینایەتیو لکە زۆرو ئەژمارەکانی سەر بە کۆمەڵایەتیو مافە جوداکانی تیرێژە هەمەچەشنەکانی کۆمەڵ تێیان نەدەکردەوە، کوردایەتییەکی سافو سادەیە. شاعیری دیکە هەبوون هاوتەمەنی ڕاجی بوونو وەك ئەو بە کوردایەتی بێ گرێو قۆرت دەستیان دایە شیعری نیشتمانپەروەرانە، دواتر دەمودوویان گۆڕا، بەڵام لەبەر هەر هۆیەك بێ (کە ئێرە جێی دەست نیشان کردنی تێدا نابێتەوە) تینو تاوی هیچ فەلسەفەیەکی تازەو برەو ستاندوو لە کوردستاندا نەیتوانیوە شاڵاو بۆ دەروونە داڕێژراوە کوردپەروەرانە خواپەرستانەکەی ڕاجی بهێنێو ڕێ گۆڕکێی پێ بکات، بۆیەیە دەبینین ڕاجی نە لە ڕاستە شەقامی کوردایەتییە میراتییەکەی لاداوە، نەشێوزای عەرووزی کۆنینەشی بەلاوە ناوە: نەبزی هەڵبەستەکانی ڕاجی درێژەی ئەو فرکەیەیە کە لە دەماری کوردایەتی بیستەکانەوە دەستی کرد بە هەڵاویشتنو ڕیشەشی دەچۆوە بۆ فەرمایشتەکانی حاجی قادر. ئەم خۆ لکاندنەی ڕاجی بە فیکرەی کوردایەتی بێ تەئویل بەوەدا پتر ڕوون دەبێتەوە کەوا لە نێوان ئەو باسو خواسانەی لەسەردەمی ڕاجیدا تازە بەتازە دەکەوتنە بەر گوێی کوردەواری تەنها بابەتی ڕووەو کوردایەتی ڕەنگی داوەتەوە لە شیعری ڕاجی. گەشترین نموونە لەو پارچە هەڵبەستە دڵدارییەدا دەردەکەوێ کە سەرەتاکەی بە:

(گوڵ پێ ئەکەنن، لالە ئەپشکوون لە چەمەندا) دەست پێ دەکاتو دواتر ئەم دوو بەیتەی تێدا دەدیترێن:

ئەو دارو گیای بەهرەوەری‌و بەرهەمی ڕاستی
زەردەشـتە کە چاندوویە لەناو خاك‌و وەتەندا
با هەڵ بێ لە ئاسـۆی هەوەسا ڕۆژی ڕوانت
ئاوابێ شـەوی بەد، لە سەمای ئاری یو زەندا

لەسەردەمی (حاجی قادر)دا ناوی زەردەشت‌و زەنـدو ئـاری نەدەبیسـتران، کە پەیداش بوون نە لەشیعری سەر بـە ئـایین‌و نـە لـە شیعری سەر بـە چین دەرنەکـەوتن‌و نەشـدەبوو دەربکەون، چونکە هەریەك لـەوان کابـەی خـۆی هەیـە ڕووی تـێ دەنـێ‌و دەسـتەو دوعـا بـۆی ڕادەوەسـتێ. هەرچـی ڕاجـی یـە چـونکە خـۆ تـەرخان کـردووی شـیعری ئـایینی نـەبوو، بەرهەڵستیشی نـەدیت لەمپـەڕ بـێ لـە پـێش کۆکردنـەوەی ئـایین‌و نیـشتمان لەیـەك دەفـردا، تـوانی لـە هـەردوو مەیدانـدا زمـان بگێـڕێ تـا ئـەوەی لـە پارچـە هەڵبەسـتی (مێـژووی پێغەمبەرایەتی‌و کورد)دا دێت کوردایەتی بە قاچاغ بۆ ناو عەقیدە دەبات‌و دەڵێت:

نووح، بەهۆی کەشتی لە جوودی ئێمە گرتی لەنگەری
دابـەزی هۆزی هونـەرپەروەر، لە کوردسـتان خزا

لـەم بەیتـەدا ڕاجـی بـە ڕێبازێکـدا دەڕوات کـە پێـشتر (حـاجی قـادر) لـەم پارچـە هەڵبەستەدا شەقڵی شکاند بوو:

ئەو ڕۆژە بە ئەمری حەیی ی مەننان
ئـەم عالەمـە پاکـی بـوو بە طوفان

بانگـەوازەکانی ڕاجـی لەبـەر سادەیی‌و سـافییان ڕوویـان لـە هـەموو کـوردە نـەك لـە چینێکی وەیا تیرێژێکی وەیا دەستەو تاقمێکی.

لـەئایین‌و نیـشتمان بـەولاوە هەڵبەسـتەکانی هەمەچەشـنەی بابـەتن. بەشـێکی ئـەو هەڵبەستانە کە هی موناسەبەن لە دەمێکدا گوتراون کـە وا جارێ موناسـەبەکە لەبـەر چاوی خەڵق نەدزا بوون.

بـە هەمـەحاڵ شـاعیرێکی بـێ لایـەنی وەکـوو ڕاجـی لێـی نـاگیرێ بـەپێی داخـوازی هەڵکەوت‌و حاڵ‌و بار، لە سنووری بەرژەوەندی گشتیدا، شتێك بڵێ کە ڕەنگە شاعیرێکی سەر بە لایەن لێی بگیرێ.

ڕاجی سنووری بەرژەوەندی گشتی نەبەزاند.
درووود لە گیانی.

مێژووی ژیانی ڕاجی

به پێنووسی:
مەلا عەبدوڕڕەحمانی ڕاجی
١٩٥٩/١١/٢٢

ڕاجی، ناوی تـەواوی (مـەلا عەبـدوڕڕەحمانی کـوڕی مـەلا ئیـبراهیم)ە لـە تـیرەی مکایـەڵی هۆزی جافی شارەزوورییە، بـاپیری نـاوی مـەلا مـەحمودی کـوڕی بارامـە کـە ناسـراوبوون، لـە ساڵی (١٩١٢) لە شاری (کۆیە) لەدایك بووە، دایکی ناوی (هەمین)ە کچی حـاجی قـادری کۆیـە، بەڵام نەك حاجی قادری شاعیر.

لەساڵی ١٩٢٠ و لە تەمەنی (٨) ساڵیدا لـەلای بـاوکی دەسـتی بـە خوێنـدن کـردووە لـە دێـی (گەڵنێری)ی سەر بـە ناحیـەی (چناران)ی قـەزای ڕانیـە. دوای ئـەوەی هێزێکـی لـە خوێنـدن وەرگرتـووە، چۆتە کۆیـە لـە فوتابخانـە ناوەندییـەکان خوێندوویـەتی، لـە سـاڵی (١٩٢٦) دا بـۆ هـەوڵی خوێنـدن لـە ناوچـەکانی (مەرگـەو سـولەیمانیو خۆشـناوەتی) دا گـەڕاوە. لـە سـاڵی (١٩٢٩)دا هاتۆتەوە بۆ فوتابخانە گەورەکانی کۆیە، بەڕاستی بە هـەموو زانـستەکانەوە خـەریك مـاوەو موتـاڵای کتێبـەکانی فوتابخانـە ڕەسمیەکانیـشی کـردووە وەکـو (حیـساب‌و هەندەسـەو جـەبرو جوگرافیـاو ... هـیتر). زۆر تێکۆشـاوە کـە گیروگرفـت‌و مونافەسـەی نێـوان فوتـابی دینی‌و فوتابی ڕەسمی لابەرێ‌و برایەتی زانیاری پەیدا ببێ تا بەچاوی خۆی دیتی.

ڕاجی، لە زانستی (نحو، صرف، منطق، بەلاغە، بەیان، عەقائید، أصول‌و فـروع) شـارەزایی پەیـدا کـردووە، لـە سـاڵی (١٩٣٧) بڕوانامـەی دوایـی مەجلیـسی عیلمـی وەرگرتـووە لـەلای خوالێخۆشبوو جەنابی (مەلا بەهائەدین کوڕی مەلا شێخ تـەیب - ئیمام‌و خـەتیبی مزگـەوتی بایزاغای کۆیە)و لای ئەندامانی مەجلیس کە بریتی بوون لـە (مـەلا صادقی دایـە خـەجێ)و (مەلا عەلی باداوەیی)و (حاجی مەلا ئیبراهیمی زینـۆیی)و (وەکیلی قـازی شـەرعی)و (کـاتبی عـەدل)، بڕوانامەکـەی لەلایـەن ئـەو بەڕێزانـەوە بـە ژمـارەی (٥٦) لـە تـەئریخی (١٣٥٦/٢/١٨ کۆچی) بەرامبەر بە (١٩٣٧/٤/٢٩ زاینی) بەم دەرەجانەی خوارەوە، تەصدیق‌و ئیمزا کراوە.

ت	المادة	الدرجة	النتيجة
١	قواعد اللغة العربية	١٠٠	ناجح
٢	الكلام والاعتقاديات	٨٥	
٣	أصول الفقه	٧٠	
٤	الفقه و التفسير	٧٠	
٥	القرآن الكريم و التجويد	٩٠	
٦	البلاغة و البيان	١٠٠	
٧	الوضع	٩٠	
٨	المنطق و الحكمة	٩٥	
٩	الحساب	٨٥	
١٠	الجبر	٦٠	
١١	الهندسة	٦٥	
١٢	الإنشاء	٧٦	
١٣	الخط	١٠٠	
مجموع الدرجات		١٠٨٦	

ڕاجی له (١٩٣٩/٩/٢٢) ژنی هێناوه که ناوی (مامزی کچی عەبد) بووه له شاری کۆیه. لەساڵی (١٩٤٠) له کۆیه دەرچووەو بۆته مەلای ئەهلی له دێی (قوڵقوڵه)، لەساڵی (١٩٤١) چۆته دێی (خەرابه)و بۆته مەلای ئەهلی لەلای (عەزیز ئاغای صاڵح ئاغای غەفووری). لەساڵی (١٩٥٤) له (خەرابه) باری کردووەو به مەلایەتی چۆته دێی (گەڵنێری)، له ڕۆژی (١٩٥٨/١٠/٢٦) بەهۆی ژێر ئاو کەوتنی گوندەکه بەژێر ئاوی حەوزی دوکانەوه، لەگەڵ بەشێك له خەڵکی ئەو گونده به فەرمانی میری گواستراوەتەوه بۆ دێی (سابوراوای تازه) لەناحیەی سورداش‌و له خانووی ژماره (٧) نیشتەجێ کراوه.

لەبەرئەوەی له ژنی یەکەم خوا هیچ منداڵی پێ ڕەوا نەدیت‌و، زۆر ساردو گەرمی له تەمەنی خۆیدا چێشت‌و درەختی ژیانیشی بەرەو پیری دەڕۆیشت، بۆیه له ڕۆژی (١٩٥٢/٣/٢٨) ژنێکی دیکەی هێنا بەناوی (زبێده مستەفا حەمەد). (ڕاجی، لەم ژنەی دووەمی چوار کچ‌و پێنج کوڕی بووه بەناوەکانی: بەیان، زوهره، شۆڕش، شیرین، ئیسماعیل، ئازاد، کاوه، سەلاح و سەباح) - ئامادەکاران.

ڕاجیو کتێب دانانی:

★ لەساڵی (١٩٣٤) کتێبی (لقطة العجلان)ی زەرکەشی کە لە (أصولو حیکمەت و منطق) ە کردوویەتی بە (مَنظومة) بەزمانی عەرەبی، بە هەموو حەیفێکەوە بەیەك نوسخەیی لێی دزراوەو ون بووە.

★ لەساڵی (١٩٣٦) چامە بەندێکی دڵداریو نەتەوەیی بەناوی (ناونیشانی کوردان) بە هەڵبەست داناوە.

★ لەبەر ئەوەی زۆر حەزی لە زانستی منطقو فەلسەفە بووە، لە ساڵی (١٩٣٩) کتێبێکی تەئلیف کردووە بەزمانی عەرەبیو ناوی ناوە (زبدة المنطق).

★ لەساڵی (١٩٤٤) لەسەر تکای (کاکە زیادی کوڕی حەمە ئاغای کۆیە)و (حاکم عەلائەدین ئەحمەد نوری - حاکمی کۆیە) دەمەتەقەی نێوان (فەقیرو دەوڵەمەند) ی بە هەڵبەست داناوە.

★ لەساڵی (١٩٤٨) کتێبی (فرائض شرح المنهج) لە فیقهی شافیعی کە تایبەتە بە بەشکردنی میرات، بەناوی (بەشە میراتان) بە وردەکاریو بەجۆرێکی زۆر گرنگ وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

★ لەساڵی (١٩٥١) قەسیدەی (بوردیە)ی شێخی بوصەیری وەرگێڕاوەتە سەر نەزمی کوردیو دواییش کردوویەتی بە پێنج خشتەکی.

★ لەساڵی(١٩٥٢) وەڵامی موفەتیشی مەعاریفی کەرکوکی داوەتەوە، کە پرسیاری لێکردووە: (ئایا خوا دەتوانێ یەکێکی وەك خۆی دروست بکات، یان نا؟). بە زمانی عەرەبی سەلماندوویەتی کە نابێت.

★ لەساڵی (١٩٥٥) لە باسی (سێ تەڵاقەی شەرعی) نامیلکەیەکی بەزمانی عەرەبی داناوەو بەراوردی تیا دەربڕیوە کە تەڵاقی شەرعیی ڕاست هەر یەکێکە بەجار جار دەبێ بە سێو ئەمەشی لەو نامیلکەدا سەلماندووە.

کۆچی دوایی ڕاجی:-

(ڕاجی لە گوندەکانی قولقولەو خەرابەو گەڵنێریو سابوراواو کرژەو بەکرەجۆ، بەمەلایەتیو کاری جوتیارییەوە ژیانی گوزەراندووە. تاکو لە کاتژمێر یانزەو بیستو پێنج خولەکی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٩٦٩/١٢/٦ بە هۆی نەخۆشییەوە لە بەکرەجۆ کۆچی دواییکردووەو لە گۆڕستانی بەکرەجۆ بە خاك سپێردراوە). - ئامادەکاران.

چەند نموونەیەك لە دەسخەتی هۆنراوە کوردییەکانی ڕاجی

(١)

(٢)

ای ہمنفہ بازاری من صد سالہ ھرندی بو برہ و ... تا قوما چیکم نہ بو فازجی آھی نبوہ شہ و

چونکہ یاری دلربا بو منو رقیب میلی نیہ ... من ئہ وا بوم غرقی آھو نالہ وُ او بو جبہ و

ھری بہ قوربانی مو سینہی بلورت کہ وا ... کا ژی سیمینی تہ رہ وا نازکو نرمو پطہ و

من بہ بیداری ئہ گیرم خوینی نابی جرگی خوم ... تو لہ کیشی نرگسی جادو کہ چاوت کو تہ خو و

چونہ صبا دسگیری مقصودی نیہ بہ وکاکلہ ... لہ و نمایی طلعتہ نہ ختی کہ بوی شکا جلہ و

شیخ ئہ گر صد نامہ بو ربی عفتو صحۃ الیقین ... بو چی والی با کہ صوفی مل ھرو مستو قلہ و

خا کو خولہ خرمنی ڕاجی لہ وصلی دولبرا

دانہ ئیکی لی نیہ گر بیتو بی بیژلہ بہ کہ و

جار بہ اوی چاوی من وجلہ بہ دجلہ جو بہ جو ... بندی ولی شکاوی من گشتی پسا وہ لو بہ لو

جان بہ ھوای سرو جی بو قدی خوش گردجی ... بی دلولی جگر دجی گرجی گرا وہ کو بہ کو

سنبلی زولفی ھاتہ ڕوا ژدرہ کو نہ ھاتو جو ... معطی گرتو ژو بہ ژو حلقہ داوہ ھو بہ ھو

مرھمی لیوی شکرہ ئہم دلہ تا قرنبہ سرہ ... بر خفتو بی مفرہ ھرکوی خا وہ شو بہ شو

گر وسلاتی دولبرم لی لہ لبانی دل برم ... دستی لہ مل ئہ کم سرم بیتہ جفاوہ گو بہ گو

جانی عزیزہ کرم اتو مکرہ بسہ جستجو ... نہ میکاری گفتگو شر چیہ داوہ خو بہ خو

خاطری ڕاجی بکہ جم جامی لبانی بخہ دم

چیکہ لہ دستی م بہ غم کاوہ بکاوہ بو بہ بو

(٣)

لەسرگە بجی زیبای مە دوزلفت اژدره امشو — بە فوتانی دلی زارم نگاهت یاوره امشو

دوینی روت کە شعلەی حسنتا وفانوسی دوچاوم — درونم اگره الیتەم لە شمس لا انوره امشو

لە سربورجی ستارەی پایە برزینا نگاهیکت — لە هرگردونی سینەم دا قلاپو محوره امشو

سرم پرجوشی دیدارە دلم پر دردو بیمارە — بە نازیکی طبیبانم کە درمانە ورە امشو

لە چاوم لعلو یاقوت وانە بارێ وختی گریانە — لە لای تو پیکە بنیە وکو زیکەی اخزە امشو

حناوو نازەکەی روژت چ قوماکشتی آما لە — بە هرجی خوم [رشتم] زخمداری خنجره امشو

بڕو بە خوم سپاردی هرجی بو دل چاکە بخوازە
سری دیوانەگی راجی لە قاپی دلبره امشو

وختی لە لبی یارە وە میلی شکرم بو — نە مزانی لە هرشتی جهتاهشە بەرکرم بو

هرچندە کە دیتم لە تمی عشوە خلاصی — چاری بالە دلا آفتو چاری خطرم بو

دانیشتوە محبوبە لە ناو سینەی من دا — زالی کە بەام قصرە لە دوژمنە ظفرم بو

ایمروکە نەچوم بیکەم صد چیژنەی قوربانە — لەم بندیا جگر حکمێتی حرفی نظرم بو

هروک هدفی جبریە بو تیری بلا دل — لاییی لە رضا آفتو لاییی سپرم بو

تا ذوقی بهشتم هە بولەم میکرە یارانە — نقدی ظر بو شوکتو فضلو هنرم بو

ناوی هیە او دلبرە شیرینە بەلب شوخیە — وکو من کە نە بو ناوو شو نیو حضرم بو

نیوەی شەوی دوینی شەوی حامم حمە قادر — سوزی لە هەمو ریشەو بندیا جگرم بو

راجی مکە گریانو لە خودالی اسیرم
هیشتاکە نەبوم ام خط نوسراوی کرم بو

نموونەیەك لەدەسخەتی فارسی


چاوە لوری بادە بیکیم من بەغم کو توم تو نە | بر امید جام لعلت دردی آشامم هنوز
واحوالی دنیومالم روبوە بو دیدنت | تا چە خواهد شد دراین سودا سرانجامم هنوز
چادی صیادت بە حلقەی کاکلوا بردی کوان | میزند هر لحظە تیر جور بر اندامم هنوز
چونکە جاری نادی ابری لیوی یارم فرموە | اهل دل را بوی جان میآید از نامم هنوز
ذرۀ لوری رحتە درکوتە پردە وروژی رون | میدود چون سایە هردم برلب بامم هنوز
نیکە بوم دانی بە لیچ و لاری شیرین ساقیا | جرعۀ جامی کرمز سرگرم آن جامم هنوز
چندە بریانم بە آگر باهە زنگی آگر بدە | کار چیان پختە کان عشق او خامم هنوز
بیم دلی تو بەرە اما بگرە آرامو قرار | جان بغماتش سپردم نیست آرامم هنوز

مثلی حافظ راجیا بحثی لبی دلبر دە کەم
آب حیوان میرود هردم ز اقلامم هنوز

آن غالیۀ زلف بسیم بدن انداز | وان لعل دل افزای بچین شکن انداز
دست من بیچارە کە کوتە زلب تست | بر قدح سینە تو در پیرهن انداز
بنگر کە لبم خشک بیاریست زهجران | از بهر خدا بر لب شکر شکن انداز
خاطر صدفم کرد زمان در همە آفاق | در ظرف ظفر لعل عقیق یمن انداز
تا سیر بهاریست در این گلشن بستان | بشکن تو گل سرو قدی خوش بهن انداز
در طرف چمن مرغ دلم را بجلاوت | آلودە بتشریف گل یاسمن انداز
سیراب کن از باهە چشمت من مسکین | در میکدە ها طرف بوجە حسن انداز



وێنەی ڕاجی لە تافی لاوێتیدا

- ١ -

(١)

خاك‌و هەوایەکەی وەتەن، هەروەکو سەر چوو بە هەبا
کەوتەوە باوەشی ڕەقیب، هەروەکو قاوت‌و ڕەشەبا
ئەزانی چۆنە حاڵی دڵ، لەگەڵ گوڵی دەمی وەتەن؟
ڕاستە ئەپشکوون بە خودا، ئەم بە سەبۆ، ئەو بە سەبا
هۆزی بە سۆزی کوردی من، دەمێکە سەر بە زامەوەن
بۆ دەس‌و باوەشی وەتەن، بێجگە تەما، چ شك دەبا؟!
وەختە بخنکێ بێ هەوا، هەناوی بێ شەهیقە وا
خوێناوی پیس‌و پاکژی، دانەی سپیشی لا ئەبا
سپڵ‌و زگت چ هاتووە، لە خانە هێندە دانیشی؟!
گەڕیدە چەندە چاپوکن!! تێتوە ئەپێچن لە عەبا
تۆی وەکو پووش‌و کا لە شەو، کوردی پەرێشانی وەتەن
دوژمنە کێشای تەمەنت، چاوی خشاندە کارەبا
ئێستە خەریکی چی بڵێی، لەم هەموو ئاوو ئاگرە؟!
وا پڕە چاوت لە نم‌و، هاتووە لووتت بە لەبا
بێکەسی وەك ئێمە وەتەن، خۆشی لە تەبیاتی کەسێ
بێتو بکوڵێ جگەرت، هەروەکو میکرۆب لە تەبا
بۆ دڵی ڕووناکی چەمەن، نەغمەمە (ڕاجی)، هاتە جۆش
لە مێشکی خۆ دەئاخنن بیری بەهێزم، ئودەبا!!.

(٢)

مەشقی چییە پەروانە، لەگەڵ شەوقی چرادا؟
ئەشقی چ ڕووە دێتو دەچێ، گیان بە فەنادا؟!

دوو زوڵفــی ڕەشــی، شــوعلە فرۆشــن وەکــو کوڵمــەی
ڕۆژی ڕەشـــی بەدبەختییـــە، داخـــی بـــە ســـەمادا
هــاواری مــوژەی، هــۆش و دڵ و دیــن کــە ئەکێــشێ
گۆشـــەی هونـــەری چـــاوە، هـــەزار ئێـــشی پـــەنادا
کـــاتێکی نـــەبوو وەرنـــەگرێ چـــاوی، دڵـــی خـــەڵك
غـــەمزێکی کـــە بـــادا، جگـــەرو مێـــشکی بـــە بـــادا
نامووســـــی هــــەموو عالـــــەمی کێـــشاوەتە چـــاوی
هەڵنایـــە، گرانبـــارە، لــــە شــــەرم و لــــە حـــەیادا
بـــاری دڵ و، ســـەرباری جگـــەرمی، خـــەم و خـــوێن کـــرد
قـــازانجی چ بـــوو، زوڵفـــی کـــە دوو بـــاری بـــە تـــادا؟!
خــاڵی مەحـــەکی ســـۆزە، کـــەوا لـــەو ڕووە چەســـپا
هــــەر زێــــڕی ئەکێــــشاوو، کــــشاوە بــــە دووادا
بڕوانـــە گلێنـــەی، کـــە ئەوەســـتێ بـــە هـــەموو ڕوو
زانـــاوو نـــەزانی، وەکـــو یـــەك دڵ بـــە خـــوادا
بـــاقێکی وەنەوشـــە و گـــوڵ و ســـونبول، بـــە ســـەما خـــست
ســـەبرو هونـــەرو هۆشـــی، بـــە ســـەودایی لیقـــادا
ڕزگـــاری چ بـــن، مەســـت و بـــەخۆ ژیـــوو گرفتـــار؟
کاتـــێ، کـــە خەلـــەی خـــاڵ و خـــەتی بـــەر ڕەشـــەبادا
(ژیکــۆ)[1]، چ هەرایێکــە لــە شــوێن ئــاگری دیــدار!!
یـــا مەحکەمـــەیی ڕۆژی دوات هـــات بـــە دووادا؟!

(٣)

ســـاقی لـــە پـــەردە وەســـتا، دەســـتی بـــە بـــادە دادا
موتریب بە چـەنگ و بەڕبـەت، بـەزمی بـە ڕووی سـەمادا

١- ڕاجی، بە هەردوو ناسناوی (ژیکۆ) و (پشکۆ) یش شیعری نووسیوە.

بەینێکــــە بـــۆ ڕەقیبـــان، لـــەم دەشـــتەدا کـــەلاکم
ســـەد مەرحـــەبا لـــە یـــارم، هـــات و ڕەقیبـــی لادا
دیـسان بەغـەمزە وەسـتا، بـۆ قـەتڵ و عـامی عالـەم
دەستی بـە گـوڵ وەنەوشـەی، بـۆ شین بەبـەر سـەبا دا
وەك تازە سەروی سـەرکەش، زوڵفـی بـە نـازی لـەرزی
بـــەم نازکانـــە لـــەرزە، ســـەد عاشـــقی فـــەنا دا
ئیمـڕۆ بـە ئـاهی سـەردم، پرسـیومە حـاڵی چـاوان
فرمێـسکە دای وەڵامـــم، ئـــەم بـــەحرە چـاری نـادا
دڵبـەر بـە زوڵـف و کـاکۆڵ، دنیـا دەخاتـە وەی وەی
بەه بەه چلۆن لـە ڕێمـا، ڕووی خـۆی بـەلای منـا دا!
(ڕاجـی) لـە تـۆ موبـارەك، ئـەم عیـشقە تـازە پەیـدا
یـــاڕەب هـــەوایی یـــاری، وەســـڵت بـــە ئاشـــنادا.

(٤)

ئـەوا بـەحری پەرۆشـی مـن، شـەپۆلی دا بـە دنیـادا
کە شۆری کوردو کوردستان، لە ئێخـەم دەسـتی بـەر نـادا
لـە مێـژە شـوێنەواری ژیـن، بـە ماتـەم بـەرگی پۆشـیوە
دەڵێی زەردەشتی لێ مردووە، لـە جۆشـی ئـیش و هیـوادا
ژیـان و نیـشتمانم ڕۆ، کـــە دوژمـــن ئـاوەدانی کـا
ئـەبێ چـۆن حاسیلاتی هـەڵگرێ و، خـەرمانی بـەر بـادا؟
لـە پێنـاوی کـوڕانی گـەل، لەشـی خوێناوییـە خـاکم
مەگـەر فرمێـسکی زامانـە، لـە ڕەنگـاوڕەنگی سیمادا
ئـــەڵێی داکـــی جگەرســـووتاوی بێتاوانـــە، بێهۆشـــە
بـە گریـان دەنگـی نووسـاوە، لـە داگیرسـانی فـەریادا

سەبا، پەرت و بڵاوم کۆکەوە تا تێمگەیێنێ شەو
لە کام شوێن و کەلێنی گەل، کە بڕیاری تەقەللادا؟
دزو حیزو درۆزن ئاسەواری گەر بڕا، کاکە
بڵێ جەژنی دڵە، با دەس بخاتە دەستی هیوادا
خەتای شەیتانی خۆمانە، کەلوپەلمان کە ئەفرۆشن
بەخۆڕایی، کە خۆڕایی دەریهێناین لە بونیادا
کە مادده ئیش بکا تەنیا، بە تەبیات ڕیزە ناگیرێ
کە تەبیات لێکجیاوازن، لەسەر مەیدانی ئیجادا
وجود گشتی لە نێرو مێوە تێکەڵکێشە، بیزانە
کە ئایینیش دروست ئەکرێ، لە مێ‌وو نێری مانادا
هەتا تەرکی نەکا کاری خەراپی، چاکی لێنایا
بە نیسبەت دەرئەبێ نیسبەت، لە تەئریخی هەیولادا
بە هەق بیناسە ئەو زاتەی، کە ناگونجێ تۆ ببینی
کە شەپڕێوە بەرامبەر ئەو، هەموو بیرێ لە سەودادا
مەترسە هەق بڵێ (ژیکۆ)، هەتا ماوی بە سەربەستی
ئەگەر بتکەن بە دارا، یا سەرت ببڕن لە بێ دادا!!.

١٩٥١

(٥)

بولبولی خەستە دڵم، هاتەوە دیسان بە سەدا
لە ڕەزو باخی ڕوخی، ماری ڕەشی پێیەوەدا
نرخی لەعلی لەبەکەو، دەنکە هەناری خاڵی
نابێ بەرلین و عەجەم، لەندەن و پارس و کەنەدا
کوشتەیی نازی دەمت، زیندووە تا ڕۆژی بەقا
مەستیی چاوت بەخەبەر نایە عەزیزم، ئەبەدا

دیـــده هەڵمـــەبڕە بـــە ئـــەو نـــاوە لـــە ڕێگـــەت لادەم
هـــەی دڵو گیـــان و ســـەرو مـــەردومی ئێمـــەت بـــە فیـــدا
دڵەكـــەم تێـــرو پـــڕە، هێنـــد لـــە خـــەیاڵی ســـینەت
مـــەیلی حـــوورو پـــەریی و باخـــچە ناكـــا، بـــە خـــودا
ســـەر چـــییە؟ نەیخەمـــە ژێـــر پێـــت و نەچـــێژێ ئـــاوات
گـــاوری موتڵەقـــە لـــەم ڕێیـــە، كەســـێ ســـەر كـــە نـــەدا
(ڕاجیـــا) عیـــشق چـــییە؟ سۆزشـــی گیـــان و بەدەنـــە
خـــوویی پەروانـــە بـــڕۆ بگـــرە، چ شـــاهی، چ گـــەدا.

(٦)

نیگـــاری گوڵعـــوزاری مـــن، هـــەوا بـــە بـــاڵ و پـــەڕ ئـــەدا
بولبـــولی خاكەســـاری دڵ، لـــە ڕێـــی وەڵامـــی ســـەر ئـــەدا
دەمێكـــە مـــەیلی شـــەڕ ئـــەكا، بـــەنازە چـــاوە مەســـتەكەی
كـــەوا بـــە شـــیرو تیرەكـــەی بـــرۆو مـــوژان، نـــەزەر ئـــەدا
نێـــچیرەوانە دڵبـــەرم، هـــەردەم لـــە ڕێیـــەك دادەنـــێ
داوێك لـــە زوڵـــف و كـــاكوڵی و، بـــە لەشـــكرێكی ســـەر ئـــەدا
تكـــای مـــەمانی نەوڕەســـی، لـــە موتتـــەكایی ســـینەدا
هـــەنارو ســـێوو بـــێ لـــەناو دەســـی بـــڕاوم بـــەر ئـــەدا
درشـــتە بـــیری وردی مـــن، دەرهـــەقی خـــاڵی ڕوومـــەتی
كـــە كارەبـــایی وردو ڕەش، لـــە ڕۆژی ڕووی قەمـــەر ئـــەدا
خومـــارە چـــاوە شـــۆخەكەی، بـــەهاری دڵ بـــەدەر ئـــەخا
هەڵاڵـــەو هـــەنگی خاڵەكـــەی، هـــەنگوینی لێـــوی دەر ئـــەدا
پشكووت بەخەندە خونچەكەم، چ شێتە (ڕاجی) لـەم دەرە!
بێباكـــە شـــۆخی نـــاو ڕەزان، تانـــە لـــە ڕێگـــوزەر ئـــەدا.

(٧)

دەسـتی بـە هـەوەس ناوەتـە نـاو دەسـتی ئەگـەردا
بـۆ ڕۆحـی منـی خەسـتە، ئیشارەی بـە سـەقەردا
بـەم نێرگـسە چـەند ناسـکە دڵبـەر لـە تەماشـا
پۆشـینی لـەلای پـشتەوە پۆشـیوە بەسـەردا
مـن ترسمـە ئـەو خونـچە بـە تونـدی بملێـسم
ئـەو بـۆ سـەری مـن، دەسـتی بـە ڕق داوە لـە بـەردا
تـا گـەنجی قـەدی ون بـێ، لەبـەر دەسـتی دزی چـاو
زیـوی بـەدەنی نـاوە، لـەناو قـوفڵی کەمـەردا
دەسمـاڵی مـل و گـەردنی، مـاڵی مـەم و سـینەی
وەك دوژمنـی بێعـارە، لەسـەر گـەنجی گوهـەردا
دەسـرۆکەوو سـرکەی سـەری، سـورمەی دڵـی عالـەم
ڕەنگینـە بەهـەرلا، لـە درەوشـانی نـەزەردا
ڕەنگینـە بـە خـوێنی دڵـی (ڕاجـی)، سـەری پەنجـەی
زۆر حەیفـە کـە ئـەو نـوورە لـە وەسمـەو خەنـەوەردا !!.

(٨)

مـن چـیمە لـە خـووی ئاسـەف و ئەسـکەندەرو دارا
پێویـستمە بـەس ڕوویـی نیگـارم لـە بـەهارا
تێکـەڵ بـووە هـەر جـۆرە گـژوگیا، بـە گوڵووکـا
وەك زوڵـف و خـەت و خـاڵ و، ڕوخـی خونـچەوو زارا
جـارێ، کـە لـە گۆشـەی چـەمەن و ڕێگـە بگـەم پێـی
چـیمە لـە شـەهی و لەشـکر و قـانوون و مـودارا
بـادەم کـە لـە دوو چـاوی هـەبێ، بۆچـمە باخـات؟
خەیمـەم کـە لـە دوو زوڵفـی هـەبێ، بۆچـمە خـارا؟
خنجیلەیـە، سـەر سـووکە، عـەرەقگێڕە، گوڵەنـدام
شـەنگۆڵەیە، دڵنەرمـە، وەفـادارە، گـەوارا

ئــەم تــەرزە جــەوان دڵبەرەیــە، وا دڵــی بــردووم
ســەر، وەك ســەری مەنــسووره کــە کردوویــە بــە دارا
هــەر ســۆزە، دڵــی مــەردمی بێکــەس وەگەشــێنێ
(ڕاجــی)، بەســە تــۆ بــەو ئــەدەبو گۆشــەیی ســارا !!.

(٩)

ســـاقی وەرە بنوێنـــە لەســـەر شـــەوقی خومـــارا
ئـــەو قامەتـــە ڕەنگینـــە، لـــەناو بـــۆسو کـــەنارا
تـــا کـــورد لەســـەر ئـــاگری پەڕســـۆزی نیفـــاقن!
بـــۆم تێکـــە مـــەیو، لێـــدە لـــە ئاهـــەنگی بـــەهارا
ئـــەم کۆمەڵـــە، بەنـــدی دڵـــی دوژمـــن ئەپـــسێنن
نـــاوێکی هـــەبێ کۆمـــەکی یـــاری لـــە دیـــارا
چـــەند خۆشـــە لـــە لایێکـــەوە، گوڵـــشەن لـــە تەماشـــا
بولبـــول بـــە کـــزەی ئاهـــەوە، قـــومری لـــە چـــنارا
نـــەیزانی، هـــەتا پـــشتی نـــەنا کـــوردی قەلەنـــدەر
خـــشتێکی کـــە دای دوژمنـــی ڕۆحـــی، بـــە هـــەوارا
وا تێمەگـــە بـــێ مەیلـــە، لەگـــەڵما دڵـــی دڵـــدار
بـــاسو خەبـــەری فەنییـــە، ئەیکـــەم لـــە هـــەزارا
پـــشتو قـــەوەتی هۆشمـــە، ڕووی لـــوتفی نیگـــارم
تـــابو تـــەرەبو جۆشمـــە، ئـــەو یـــارە لـــە شـــارا
کـــوردێ، کـــە وەکـــو خەرمـــەنی پووشـــن لـــە نـــەزەر خـــەڵك
بـــا ئـــاگری تێبـــەردەنو، بـــڕوا بـــە نـــزارا
(ڕاجـــی)، غـــەزەلی عیـــشقی تـــۆ هـــەر کوردییـــە ئیمـــڕۆ
ئـــەم تۆپـــە تـــەرازووی وەتەنـــە، ســـا کەســـوکارا [1] !!.

١٩٣٣

١- ئەم نیوەدێڕە بە پێی هەژمارکردنی پیتەکانی ئەبجەد دەکاتە (١٩٣٣).

(١٠)

عــودو گوڵــووك و شــەنگەبی، ئــاوی بــەدەم هــەوار دا
قــۆخ و هــەڵوژەو ســەوزە چــڵ، بەهەشــتیان قــەرار دا
مــن ڕووبــەڕووی مەیدانــەوە، کەوتوومــە نــاو ســەیرانەوە
حــەیا بــە کــۆڵ و شــانەوە، هــەمووم بــە چــاوی یــار دا
چاوت بەخەو، لەنجەت کەوی، خێرا ئەڕۆی، خۆش ئەسرەوی
وەك مەکتــەبێکی ســانەوی، لەقــەت لــە ســەد هــەژار دا
لــەم شــارە پــایز بــار ئــەکا، زســتان و هــاوین جــار ئــەکا
ســەرماوو گــەرما تــار ئــەکا، تــا ڕەونــەقی بــەهار دا
جــارێ بــە سینەو دوگمــەوە، جــارێ بــە گــرژی کوڵمــەوە
جــارێ بــە چــاوی ســورمەوە، قەنــدی بــە ڕۆحــی زار دا
مەیلیٚ بە حاڵمکــە دەمــێ، گــوێ بگــرە گوفتــارم کــەمێ
لــە تــاوی تــۆ کــە عالــەمێ، شیشەی لــە جــەرگی پــار دا
(ڕاجــی) غولامــە لــەم دەرە، ئەگەرچــی هــەر سەوداســەرە
قــسەی خراپــی گەوهــەرە، کەســێ بــۆ نوکتــە غــار دا !!.

(١١)

گـــوڵ پێئەکـــەنن، لالـــە ئەپـــشکون، لـــە چـــەمەندا
بـــالا ئەهـــەژن، بـــەر ئـــەوەرن، چـــەندە لـــە چـــەندا
ســـوورن دەم و لێـــو، زەردو ســـپی لامـــل و گـــەردن
خـــاڵ و خـــەتی ڕەش، چـــاوی بەڵـــەك، ســـەوزە لـــە تەنـــدا
ئـــەو دارو گیـــای بـــەهرەوەری و، بەرهـــەمی ڕاســـتی
(زەردەشـــت)ە کـــە چـــاندوویە لـــەناو خـــاك و وەتەنـــدا
یـــاری وەکـــو تـــۆی دیـــوە، بـــە چـــاوی هونـــەرو تیـــژ
چـــی جانـــەوەرو جنـــدە، هـــەمووی خـــستنە بەنـــدا
ئـــەو پەرچـــەم و ئەگریجـــە، قـــڕی دێـــوو درنجـــە
شـــەیتان و درۆ، گـــشتی، لـــەناو داوو کەمەنـــدا

ئـەو مەرجـە، کـە بەسـتوومە لەگـەڵ خەنـدەیی لێـوان
دۆڕاوم ئەگـــەر بیخەمـــە هـــەنگوینی لـــە قەنـــدا
دارو دەوەنم شـــانەوو هێلانەیـــە بـــۆ ژیـــن
ڕازانـــەوەیی هۆشـــە، لـــەناو شـــاخ و چـــەقەندا
وەرگێـــڕی کـــە تـــۆ ڕوو، لـــە دڵـــی شـــێختە دوژمـــن
ئاشـــی لەگەڕاندایـــەوو خـــەرمانی لـــە شـــەندا
بـــا هـــەڵبێ لـــە ئاسـۆی هەوەسـا، ڕۆژی ڕووانـت
ئاوابـێ شـەوی بـەد، لـە سـەمای ئـاری یـو زەنـدا
مازووچـنی پاشـۆل کونـە، (ژیکـۆ)کەچـەڵی گـەل
پەنـدی کـە هـەمووی ئـاوە، ئـەپێوێ لـە سـەرەندا !!.

(١٢)

کورد گەر هەبن شاهن هەموو، بـۆ عـەقڵ و نوتـق و ئیهتیـدا
ڕێگـاوو ڕەوشـت سـاز ئەکـەن، هـەوەڵ هـەتاکو ئینتیهـا
کاکە لەسەر دەوری زەمـان، نـەبووە زیـاتر کەسـێ لـەوان
هـەموو ژیـان و پاڵـەوان، شـیرین زمـان و خـۆش نـەوا
میللەت ئەکەن پەروەردە بـۆ، وەختـێ بـە فریابـێ بـە خـۆ
خاوەن هونەر، ڕفێنی گۆ، هـەم بـەهرەوەر، هـەم موقتـەدا
مایـەی وەفـاوو سـەڵتەنەت، قـازانجی هـۆزو مەرحەمـەت
تەبیاتی چاك و مەعریفـەت، بـۆ وانـە هـەم بـەخش و عـەتا
مەست و غرووری وەختی شەڕ، هـەروەك بـەلا کـە دێنـەدەر
ساف و لەسـەرخۆ بـۆ هونـەر، وەختـێ کەخـەڵکیان بێتـەلا
ئـەو پـشتیوانی قـایمن، بـۆ عەهـدی خۆیـان دایمـن
بۆ ئیشی چاکە حـاکمن، چـاکیش ئەکـەن دەفعـی خـەتا
(ڕاجـی) لـە قـەومی کوردیـا، ئاوێنـەدارە بـێ ڕیـا
زۆر ڕازییـە لێیـان کـەوا، ئـەگرن جـەماوەر ئیبتیـدا.

(١٣)

تـــا وا بگـــەڕێن دوژمنـــــی بـــڕوا، لـــە عێراقـــا
وەختـــە بتـــەقم، دەربـــچێ گیـــانم لـــە مـــەراقا
وازی نییـــە دەروێـــشی درۆزن، لـــە درۆو ســـوێند
وەك دز لـــە دزیو، مـــەردمی بـــێ ژن لـــە تـــەڵاقا
یەك دێ بە (بیا)، یەك بـە (تـەعال)، ئێکـێ بـە(کـەمهێر)
یـەك (گێـل)ە لـە گێلخانـەیی سـاووخو سـوجاقا[١]
گـەر پـیرە، ئەگـەر گەنجـە، ئەگـەر شـێخە، ئەگـەر بـێگ
نەمـدیوە، بـرا!! یـەك سـەری ڕاسـتی لـە شـتاقا
کـێ بێتـو بڵـێ؟ کاکـە وەرەو، کاکـە بنۆشـە
یـەك دەورە لـەبی بـادەیی شـیرین، لـە مـەزاقا
کـون کـون بـوو هـەناوو، جگـەرە لەتلـەتی خـاکم
کێـشاومە سـەری ڕێگـە بەسـەر، نـەك لـە دوو لاقـا
هـەر کـوردە لـەناو کـاوو چـیا، پـووشو گیـاخۆر
هـەر خەڵکـە لەسـەر سـفرە، لـەناو کۆشـكو تاقـا
ئـەی دڵبـەری ناسـك بـەدەنی کـوردی قەلەنـدەر
گریـانی بـە کـوڵ بـۆ مـنو، تـۆش، خەنـدە بـە قاقـا
(ڕاجـی)، ئەتـەوێ حـاڵی وەتـەن ئێـستە بزانـی!!
پووشـێکە بـە ڕووی بـاڕەشو، تەیرێکـە لـە فاقـا[٢].

١٩٤٧

١- بیـا: (فارسی): وەرە. تـەعال: (عـەرەبی): وەرە. ***Come here***: وەرە. گێـل: (تـورکی): وەرە.
ساووخ: (تورکی): سارد. سوجاق: (تورکی): گەرم.

٢- أ- ئەم نیوەدێڕە بە پێی هەژمارکردنی پیتەکانی ئەبجەد دەکاتە (١٩٤٧).
ب- لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (پووشێکە بەدەم باوە، وەکو تەیرە لە فاقا).

(١٤)

کەسێك بۆ نیشتمان، دڵ موبتەلا کا
دەبێ خۆی تووشی سۆزی کارەبا کا
خەریکی مەرگ و ژین بێ، تا هەناسەی
تەڕو وشکی، لە گیانی مەرحەبا کا
تەرازوو بێ هەموو کارو مرازی
ترازاوی، هەموو چەسپ و تەبا کا
تەبایی کا لەگەڵ هۆزو عەشیرەت
برینی بێکەسی و شۆخی دەوا کا
فڕو فێڵی حەسوودانی لەناوبا
گرینگی خاك و هۆزی پڕ بەها کا
لە کۆمەڵ، چەوت و چوێڕی هیچ نەهێڵێ
دڵ و چاو یەکدگیرو بێ خەتا کا
لە ناو هەر کۆمەڵێك بژیا بە ژیری
هەموو قەومێ لە ڕووی حەمدو سەنا کا
بە هیوا، باخی سەربەرزی بنێژێ
بە شادی، هەڵگرێ بێچوو بە داکا
لە ڕووی خۆراك و بۆنخۆشی و گەمانی
گوڵ و سێوو سەروی نەشئو نما کا
لە گۆشەی پاسەوانیدا بسووڕێ
لەسەر تەختی شەهی، گیانی ڕەها کا
لە دەریای کۆششیدا تا نەخنکێ
چلۆن یاقوت و گەوهەر ئاشکرا کا؟!

ئەگــــەر بێهێــــزە خۆرگــــەی ســــەردو گــــەرمی
لــــە قــــاوەی هێــــڵو، دارچــــینی لــــە چــــا کــــا
ئەگــــەر گــــیراوە چــــاوگەی نــــاو هــــەناوی
دەمــــێ ســــەیرانی ســــاراوو هــــەوا کــــا
ئەگــــەر پەڕپووتــــە نووســــراوی دەمــــاغی
بــــە شــــیرازو جزووبەنــــدی ڕەوا کــــا
قــــوڕو قــــەوزەی ئەگــــەر تێدایــــە ئــــاوی
دەریــــدا، تــــا ژیــــان بــــڕژێ لــــە پاکــــا
ئەگــــەر ڕێگــــای چــــڕو پــــڕ چــــقڵو چــــاڵە
بــــە داسو خاکەناســــی ماڵــــەوا کــــا
ئەگــــەر بــــێ ئاقڵــــەو، منــــداڵو نافــــام
ملــــی بگــــرێ مــــەلای چــــاكو، ئــــەها کــــا
لەســــەر زێ، گــــەر مەلــــەی هــــاتو نــــەزانی
جــــەڕابێکی بــــە گــــورجی پــــڕ لــــە بــــا کــــا
بــــە (تــــیرو پــــشکە) ڕازی بــــێ لــــە بــــەش دا
بڵــــێ بــــا خــــۆیو بــــەختی ئاشــــنا کــــا
ئەگــــەر پێویــــستە بــــژیا هــــەر لــــە خۆشــــی
بڵــــێ کۆمــــەڵ بکــــاو، پــــشتی لــــە شــــا کــــا
ئــــەڕووخێ گــــشتی بونیــــادو نیهــــادی
ئەگــــەر ســــاتێ لــــە یــــاران خــــۆی جیــــا کــــا
ئەگــــەر بیــــستی، قــــسەی بیــــستی وەکــــو مــــن
ئــــەبێ (ڕاجــــی) بــــژیو، ســــەیری خــــوا کــــا!!.

(١٥)

بـۆ پێگــەیینی مــردم و، چــەندم بــە تــەما کــا
ئــەم بێــچووە ناکامــەوو، دەرنایــە لــە داکــا
ڕۆژی هەموو کـەس کەوتـە سـەماو، تـافی بڵنـد بـوو
ئەســتێرەیی بــەختی منــە، هەڵنایــە لــە ماکــا
چـاوم، کـە بـەخوێن گوڵگـوڵی ئەسـرین ئەپـژێنێ
پـڕ خەنـدە، دوو چـاوە ڕەشـەکەت بـا تەمەشـا کـا
وا دووکــەڵی ئــاهم، ســەرو ڕووو گــەردەنی پۆشــی
لێــوت چ دەبــێ ڕەحمــە تنــۆکێکی ڕەوا کــا؟
دڵ، سەیری، وەکـو مەنجـەڵی سـەر ئـاگرە دەکوڵـێ
خوێن بوو بە هەوا، وەختە دڵـیش سـەر لـە هـەوا کـا
دەســتم نەشــکێ، بیگرمــە ئێخــەت بــەری نــادا
مێشکم نەتەقێ، هـەر دەبـێ میـشکی تـۆ بـە بـا کـا
ئاخــاوتن و دەرکردنــی تــۆ، هــەر یەکــە بــۆ مــن
یەکــدڵ ئەوەیــە، بــۆ ســەروکاری تەقــەلا کــا
گیانە وەرە لام، چـونکە ئـەتۆش کـوردی وەکـو مـن
ئاســان نییــە دڵبــەر دڵــی دڵبــەر بــەرەڵا کــا
گوژاڵکەیــــە دووریــــت و، لەهــــەر لاوە مژیومــــە
لێــوت چ دەبــێ، دەردی دژی (ڕاجــی) دەوا کــا؟!.

(١٦)

بــۆ جیــازی کوڵمــە ڕۆح و دڵ لــە مــن داوا ئــەکا
ژین و عەیشی من بە یەك دەم، سەربەسەر یەغما ئەکا

دڵبەرەی خەنجەر وەشێنەی، پڕ شـەڕەی، عاشـقکوژە
خۆی لەناکاو دەرئەخاتو، بێ کەسـان ڕیـسوا ئـەکا
مـن گـوڵی نـازو نـەعیمی پێئـەدەم، بـۆ ڕەم ئـەکا؟
چونکە یا خۆشمـدەوێ، ئـەو، بۆیـە لـێم حاشـا ئـەکا
نامـەوێ بـاخی بـەرینی جەنـنـەتو، مـوڵکی ئەبـەد
گەر سەری یەك موو لەگەڵما، یاری ڕەنگین چا ئـەکا
من نەزەرکەم خۆی ئەپۆشێ، من بگریەم خۆش ئەبێ
مـن بـڕۆم ئـەو ڕادەوەسـتێ، مـن بوەسـتم، ڕا ئـەکا
ئەی بە قوربـانـی سـەرو ڕووی زەمزەمـەی جانانـە بم
وا بـە تـاریکیو بـە ڕوونـاکی، دڵان شـەیدا ئـەکا
بگـرە دامێنـی بـە کـوللی، بەرمـەدە تـۆ (ڕاجیـا)
یا بەجارێ ئەتکوژێ، سا یا بـە خـۆت هـەمتا ئـەکا!!.

(١٧)

کاکە! گەر بیزانی کوردسـتان لەسـەر کێـو بـاز ئـەکا
بووکی تازەو تەڕ لە خـاکی خەڵکـەوە داخـواز ئـەکا
پیرەمێردێکی وەجـاخ کـوێرە، لـە چـاخی نووحـەوە
قەت لە جێ نـەبزووتو داوای هـەر قـزو پاپـاز ئـەکا
هـەر منـاڵێکی دەریکـردو لـە خـاکی ڕۆییـە دەر
ئـاقڵیی غوربـەت بڵنـدی کـردو ئێـستا نـاز ئـەکا
کەی لە جێوە، ئێسكو ماسولکەی بـەهێزی پێوەیـە؟
بۆچـی داوای پاڵـەوانیو، پێـشەوەو، حـەمباز ئـەکا؟
لاوی کوردی! گەر دەزانی خاکی پاکت چـەند بەشـە
چاو تەماشای عارەبو، تـورکو، خـەتی شـیراز ئـەکا

تـازە، ئـەم زاوایـە لـەو بووکـە نـەژادی پێئـەگا؟!
بۆچ بەشەوکاری، لەناو دوو لینگـە خـۆی لاواز ئـەکا؟
هـۆزو تـیرەی ئەجنـەبی، پەروانـە ئاسـا هـەڵکزان
تازە وەك ئـاوارە بولبـول، کـوردی مـن ئـاواز ئـەکا!
خەڵکە، هەروەك فڕفڕۆکـە هاتـە خـوارو کەوتـە سـەر
کوردی تادارو تەمەڵ، خۆی گـیرەوەی هـەوراز ئـەکا
من کەوا دڵسۆزی ئـەم خاکـەی وەتـەنم‌و، خاکەسـار
هەروەکو(ڕاجی)م، بەکۆڵێ تانە خۆی سەرباز ئەکا!!.
١٩٤٢

(١٨)

دڵبـــەرەی بـــالا بڵنـــدم، مـــەیلی دڵـــداران ئـــەکا
خونچە دەم، سروەی نەسیمی خۆی لە کوردسـتان ئـەکا
ڕەوت‌و، لەرزانـــەو، نیـــازو، خەنـــدەوو گرژینـــەوەی
دائیمـا خـاپوور ئـەکا، ئیمـان‌و دڵ وێـران ئـەکا
تـا لـە خـۆی پۆشـی هـەوایی نـازکی ڕوحولحـەیات
ڕووی بەدیعی، کەی لە دڕکی سەرك‌و گوڵباتمان ئـەکا؟
هەر لە یەك پێ، سەد هەزاران جان فیدای ناوی ئەکـەم
تا بە لوتفی خۆی لە سینەی، سێوو بـێ پەخـشان ئـەکا
دڵ لـە زاریـدا بـە زار هـاتو، نـەهاتی چـاوەکەم
چاو لە ڕێتـا، خـۆی غـەریقی شەوچـراو مـەرجان ئـەکا
گـەر دوعـای تـەخت‌و مـرادو عیزەتـی کـا، دڵبـەرم
من ئەڵێم ئامین‌و، ویش، وەختـی دوعـام ئامـان ئـەکا
قـەت لـە دنیـادا عـیلاج‌و چـارەیی (ڕاجـی) نییـە
بەختی بەد، هەردەم جەفاو مەرگی لەسەر ئیعلان ئەکا!.

(١٩)

بولبولی تەبعم کە یادی باخ و بوستانان ئەکا
نەغمەوو ئاوازی وازی، پەرتی سەد داستان ئەکا
دامەپۆشە لالەزاری گوڵعوزارت، ئەی نیگار
بێتو گەر دڵ بێتە سەیری، دوژمنان تالأن ئەکا
خۆش نەسیمی باغ و ڕاغی ڕوومەتت، گەر دەرکەوێ
خاکی کوردستان و عارەب، گشتی موشکەفشان ئەکا
دەست و بازووی نازکت، قەندی منالّی عاشقە
پێکەنینت، ئاوی کەوسەر دائیما باران ئەکا
مۆری ئەنگوستیلەکەی ئەنگوستی هەمتای شەککەرت
خاتەمی ئاسەف بە ڕەسمی هەندەسی حەیران ئەکا
قامەتی شۆخت لە باریکی، عەجەب بێ غایەتە!
گەرچی تەفسیری، پڕی سەحراوو شارستان ئەکا
خۆزیا جارێ بە بالأتا، سەری مەستیم ئەبەست
تا بە یەکجاریم ئەزانی، چۆن دڵم وێران ئەکا!
پەرچەمی پڕ چینی یارم، ڕووی لە مەشریق نابڕێ
خاڵی جێی شەرقە، کەچی ڕووی خۆی لە هیندستان ئەکا
ئەووەڵی کارم نەزانی دیدەتم دەستناکەوێ
هەروەکو (ڕاجی) کە کاری بێ سەرو سامان ئەکا!!.

(٢٠)

ئاسمان پیرۆزە ڕەنگەو، مەیلی دیدەی تۆ ئەکا
ڕەعدی دڵ پڕ ئاگرو بەرقەو، تەم و ڕۆڕۆ ئەکا
هەڵقەیی زوڵفت لە مل دانایەوە، بۆ ڕاوی دڵ
(یوسف)ی میسریی لە سیجنی سۆز دەست ئەستۆ ئەکا

تـا زولـەیخایی خـەیاڵم، جـەرگی سـووتابێ بـە تـاو
ئـەو لـە ڕۆژئـاوای ژیـانی ڕۆژهـەڵاتا بـۆ ئـەکا
بولبـولی پـڕ خـەم لـە دامـەن مێرگـوزاری ڕوومـەتت
وەك دەفـەی شـێخان، چ ئاوازێـك و جوسـتوجۆ ئـەکا!
شـاهی چـاوت، عالـەمێ دەسـگیری موژگـانی درێـژ
هـەروەکو دڵ، لەتلـەتی شمـشێری دوو ئـەبرۆ ئـەکا
سـەر، هـەوای ڕەنگـی بـەهاری پـڕ گـوڵی ڕاگرتـووە
دەم، بەخەندە کەوسەرو هەنگوین لـە مێرگـان ڕۆ ئـەکا
گیانی (ژیکۆ)ی ڕاگووشی، ئەو موگنەتیسەی چـاوەکەت
بۆ مەزەی ویسکی و عـەرەق، داوای دڵـی بۆنسۆ ئـەکا.

(٢١)

یـاری عـەزیزم هـەر قـەدەر، سـستی یـو بێـزاری ئـەکا
دڵ بۆیـە دایـم پـڕ ئەسـەر، شـین و هـەراو زاری ئـەکا
ئەی قەد بە لەنجەی چاو بەکل، چیدیکە من مەگرە لە گـڵ
لەم باخـەدا ئوسـتادی دڵ، خـۆی فێـری مووکـاری ئـەکا
تۆ حووری یا جین یـا مەلـەك، یاقوتـە لێـوت یـا مەحـەك
مـن زێـڕم و تـۆ بمخـە تـەك، لێـوت کـە ئینکـاری ئـەکا
شاهی، وەزیری، موتریبی، تورکی، گەدای، هەرچی هـەبی
مەقبوولی خەڵك و من دەبی، چـاوت کـە سـەرداری ئـەکا
لـەم هاتوچـۆیە دڵ بڵـێ، ئەلحـەق لـە عەشـقی تـۆ بـەڵێ
بـۆ کۆمەڵـەی وەسـڵە وەلـێ، داوایـی سـەر داری ئـەکا
پـشتم شـکاوە چـاوەکەم، فـەوتاوە عـومرو ناوەکـەم
بێچارە بەستەی داوەکەم، دڵ خـوێنی گـەش جـاری ئـەکا
دەسـتی بـە مـستی خەنجـەرە، خـوێنم لەبـەریا مەخمـەرە
کەس بـا نـەڵێ موقـەددەرە، ئـەو ئیـشی یـەکجاری ئـەکا

نەقـــدی حـــەیاتم لێــبڕا، مـــۆری وەفـــاتم پـــێ بـــڕا
ئـاگر لـە جـەرگم هـەڵگرا، زوڵفـت کـە تـەڕڕاڕی ئـەکا
سینەم سەراپەردەی حەزەن، دەنـوێ لـەوێ یـاری عـەدەن
دڵ ئێشکەچی پـۆڵا بـەدەن، لـەم قەسـرە هوشـیاری ئـەکا
ئاگـــای لـــە ئـــەحواڵم نییـــە، ڕوح و ســـەرو مـــاڵم نییـــە
بـێ ئـەو چ ئامـاڵم نییـە، ویـش پـڕ سـەفا یـاری ئـەکا
(ڕاجی) لە وەسڵت خۆش مەبە، نۆشت نەبێ، بێهـۆش مەبـە
هەرچـی لـەلای تـۆ مەتڵەبـە، بیکـا بـە بێگـاری ئـەکا!!.

(٢٢)

ڕووی، بەهارێکــە بەهەشــتی ژیــن پــڕی ســینەی ئــەکا
ســـاف و ڕازاوە، بەهـــەنگوین و پـــەنیر و مـــەی ئـــەکا
دڵ لە میحرابی برۆی ئەودا، کە سـەجدەی بـرد بـە قـەد
بۆ تـەمای ئاهـەنگی ئـەو فیردەوسـە سـەد تۆبـەی ئـەکا
قامـــەتم چـــرچ و نەخۆشـــە، خـــوار و خێـــچە بـــۆ ڕکـــوع
فاتیحەی عیشقی، لە نەغمەی چـەند هـەزار نۆتـەی ئـەکا
تـا کـەوان و تـاری مـن، هـەر باسـی نـازو لەنجـە کـا
سەر بە قانوونی تـەرەب، چەشـنی سـوراحی قـەی ئـەکا
ئـەهلی ویـژدان و ڕیسالەت، گـەر ئـەڵێ جەنـەت هەیـە
دیـارە بـاوەڕ بـەو لـەب و سینەو مەمـەو کوڵمـەی ئـەکا!!
هەرچـی بـێ بڕوایـە نەگبـەت ئـەیگرێ و، مورتـەد ئـەبێ
زاهیـدی بـازاڕە وەهمـی چـاوە چـرکەی کـەی ئـەکا؟
جەنـــەت و دۆزەخ، لـــە ئـــەووەڵ ڕۆژەوە هاتوونـــە دی
هـەر یەکـەی ڕێگـا بـە عـەردی ئـادەمی شۆسـەی ئـەکا
خێر و شەڕ، قـازانج و دۆڕانـدن، چـییە نیسبەت بـە هـەق؟
هەر کەسێ خێـری بـوێ، خـۆی ئـۆگری جیلـوەی ئـەکا

دامـەنی بـادەو، بـە بـادەی وەسـڵی بـەر بـادە خـەمت
هەر کەسێ خەزنەی سـەفا داکـا، بـە ئـەم ئیـشەی ئـەکا
مانگ‌و ڕۆژم لـێ ئەچێ، تا ساڵ بەسـاڵ‌و مـانگ‌و ڕۆژ !!
چـاوییان پـێ کـز ئـەبێت‌و، جـەرگییان خرپـەی ئـەکا
ئـاخیری کارانــە (ژیکــۆ)، هەســتە یــارت هاتــە ڕوو
کەس نییە بێجگە لە خۆی، سا کێ لە کێ ئۆخەی ئەکا؟!.

(٢٣)

ئەگەر زوڵفت نـەکا جـەزبم، هـەواداریم لەگـەڵ ناکـا
ئەگەر بادەش ببێ قوربان، کەرەمکاریم لەگەڵ ناکـا
خەریکی شیوەن‌و شینم، لـە شـێوەی زەمهـەریر ئاسـا
بە ئەلتافی مەلەك، یـارم، گوهـەرباریم لەگـەڵ ناکـا
لە مەیخانەی نەوادا بووم، وتم: موتریب هەوایـەك بـێ
ئەگەرچی ئێستە بێـزارە، بـە یـەکجاریم لەگـەڵ ناکـا
فیدای سەروی ڕەوانـت بم، چ خۆشـە ماچـی لێوانـت
کە خونچەش بێتو عاجز بێ، بە خونخواریم لەگەڵ ناکا
ئەسیری قەیدی تابوورم، بە خـاڵی موشـك بـوو هـاتم
کـە قەتڵیـشم بکـا یـارم، بـە ناچـاریم لەگـەڵ ناکـا
هیـوادارم، غەزەلــخوانم، وەکـو بولبـول لـە گریـانم
نیگـارو نـازەنینی خـۆم، وەفـاداریم لەگـەڵ ناکـا
زەلیلی دەستی شـاهینە، کـەوی دڵ مـات‌و غەمگینـە
هەزارجاریش ببم (ڕاجی)، ڕجاداریم لەگـەڵ ناکـا!!.

(٢٤)

لەخۆشـی چـاوەکەت، دڵ کـاری نـاقۆڵا نـەکا چـبکا؟
بـە نـاوی نـارەوەن بـاڵات بـە دەم سـەودا نـەکا چـبکا؟

لە پێ ئاهەنگی کوردانا، لە مەیدانی هونەرمەندی
بە نووکی نێزەوە دڵ هەمسەری ئالا نەکا چبکا؟
سەحەر پەردەی کە لادا، تووشی هەر کۆمەڵ ئەبێ، هەرلا
لە ڕازی ڕۆژەوە سۆزی دڵان پەیدا نەکا چبکا؟
سەری سەودازەدەم، سەر تەختەیی جامی خەراباتە
کە دامێنی بە مەستی، ماڵەیی سەهبا نەکا چبکا؟
بە بەزمی بادەوە ساقی، کەوای پیرانی گوڵگوون کرد
کە گۆیندە چریکەی ڕوو لە عەرشی خوا نەکا چبکا؟
لە تاریکی خەیاڵاتا نەفەوتاوم، دڵی سافم
بە نووری عیشقەوە، ئەم چاوە گەر بینا نەکا چبکا؟
لە عالەمدا هومێدی دڵ نەما، بێچارە وا ماوە
لە ناو پەردەی تەوەککول، خۆی ئەگەر تەنیا نەکا چبکا؟
بە شیرینی ستاندی لێوی گوڵڕوویان، دڵی ئێمە
کە تالاوی هەموو جێگای بە جەرگیدا نەکا چبکا؟
دڵی پڕ حەسرەتی (ڕاجی)، لە کونجی سینە ناگونجێ
لە ڕێی سەرکەوتنی کوردی، کە واوەیلا نەکا چبکا؟.

(٢٥)

دڵبەر بە جامی دیدە، ئەگەر بێ وەفا نەکا
مەیلی لە کوشتو بەستنی خەڵکە، سا خوا نەکا
دامێنی وەفای بگرە، ئەگەر مەردی کاری تۆ
تا خۆی لە دەستو داوی هونەرتا جیا نەکا
خاکێ لە دەم سەباوە، کە بێنێ نەسیمەکەت
نابێ کەچاوی عیشق نەڕێژێو دەوا نەکا
سورمەی لە پێ کشاوە، موژگانی بە ڕۆژو شەو
چۆن چاوی کارەبایی، سەما پڕ چیا نەکا!!

هەرچی لە عیشق تۆراوە، ئاخرشەڕیی لە خۆی
دەستی سبەینێکە با لە باخەڵ جەفا نەکا
ڕیسواوو سەرگوزەشتەی پیرو جوانە، ئەو کەسەی
بینایی مەی پەرستیو، باخاتی سەفا نەکا
خوێنێکە ڕژاوە، سا نایەڵێ ئەم خوێنە بدا
چاوی، هەتاکو قاتیلەکەش بەر بەلاّ نەکا
کەوتوومە چۆڵو بیابانی پڕ عەزابەوە
دەرناچێ لە چقڵو چاڵ، دڵم گەر هەر ڕا نەکا
(ڕاجی) لە پێ کەوتووە، ناگاتە ئامانجی کورد
تا خوێنی ئاڵو گەشی، بۆ خاکی فیدا نەکا!!.

(٢٦)

یاری عالەمسۆزی من، وا چاکە ماچی سەر نەکا
گەر شەهەنشایە، لە قاپیی کەوتووم من دەر نەکا
من کە بادەنۆشی قەترەی خوێنی جەرگم، لەم دەرە
با مەزەی لێوانی بۆ میوانی ڕووی بێبەر نەکا
چەرخی پێشچوون، شۆرەتی خستوومە شاری عیشقەوە
زاهیدی خۆبین ئەگەر چی وت، بڵێن خۆی کەر نەکا
یاری بیدعەت پەروەرم، ئیمڕۆکە گەر وێنەی نییە
پێی بڵێم چی؟ گەر حوکمڕانی بە ئەسکەندەر نەکا
مەجمەرێکی سینە بوو، بردوومە بۆ ئەو دڵبەرە
چۆن ئەبێ میسكو عەبیرو غالییەی پێ وەر نەکا؟
دڵ لە جۆشی پەرچەما، سەرمەستی ئاپۆرە لە جەنگ
ناڕوا، تا خۆی زەدەی سەد خەنجەرو نەشتەر نەکا

زۆر دەترسم ئاخیری، (ڕاجی)، ڕجای نەگرێ گوڵی
پێی بڵێن لایەن لە ئەم دەرکانە، با سێبەر نەکا.

(٢٧)

چیکە کوێستانم لەبەر هەتاوا، سەر سپی نەکا
چیکە گەرمێنم لە ناو دڕكو داڵ، پێ پەتی نەکا
تا لە کوردستان، ناوی تەواوی وڵاتان نەکا
سۆزو بڵێسەی ئەستێرەی چاوی، یارمەتی نەکا
بە پێ هەڵپەڕین، شاییو دەسگووشین، پیرو مناڵان
نابێ جەرگی خەم، سەودای تێکۆشین لەتلەتی نەکا
دەم زێوو ڕووبار، دەشتو بیابان، دێهاتو ناو شار
کاوو کێوسار، نازی جوانان چۆن خەتی نەکا؟!
هەر باخو ڕاخی نایابو ڕەنگین، ناوو قەراخی
نابێ وەجاخی کوردی نازەنین، خزمەتی نەکا
ئەی هۆزی دڵسۆز، جگەر بە بۆنسۆ، سەودایی نەورۆز
دەریکەن لە کۆز، هەرچی سەربەخۆ تایەتی نەکا
(ڕاجی) بە کوردی ئەڵێ بە هیوای ناو دارو بەردی
ئەوی لە دەردی خۆشبێ لە هانای قیمەتی نەکا[1]!.

١٩٤١

(٢٨)

وام لەسەر خاکی وەتەن هەرچی حەیاو شەرمە تکا!
ئێستە ماچێکی دەمی لێ ئەخوازم بە تکا
گەرمو گوڕ، بەزمو هەوا، شوورو نەوا سووڕیدا
دڵبەرم کەوتە سەما، بادە ڕژا، شووشە شکا
خۆشەویستێکە وەتەن، تەن بە فیدای ناوی بێ
منو تۆی کردەوە دڵدارو نەماوین لە شکا

١- ئەم نیوەدێڕە، بە پێی هەژمارکردنی پیتەکانی ئەبجەد دەکاتە (١٩٤١).

ڕاسته سەرچاوەوو(سپرینگ[1])ی تەمەنخوازو تەمای
وەخته جان و دڵی پڕ شۆر کە بخاتە شەتکا
ئاوڕم لێدەوە ئەمجارە، ئیتر یاری وەتەن
گەردەنی دوژمنەکانت، بخە بەندو پەتکا
نووری کوڵمەت بگەڕێ، تا لە دوو چاوم ساتێ
بۆیە دایم مەزەوو بادە لە لێوم ئەچکا
دڵ بوو عەمباری هەموو زادو زەخیرەو، پڕ بوو
خەرمەنی دەردو خەمی دڵبەری، (ڕاجی)، لە چکا؟!!.

(٢٩)

چاوی پڕ سورمەی بەخوێنی ئێمە هێشتا ڕەش دەکا
یەك برۆی لێکدا، بەسەر دوو زوڵفی گیانم بەش دەکا
هەر کەکۆی کردن خەت و خاڵ و، لەب و دانەی هەنار
بۆ فڕێ، دایم لە کونجی بێکەسی بادەش دەکا
دایشکاند ئەم قامەتە شیرینە، جەبریشی نەکرد
ئێك و شەش، خشتەی بەرانبەر ئێمە ئێك و دەش دەکا
گەر حیسابی بادە کا، چاوی لە نادی نازەوە
ئیددیعایی تورك و فورس و عارەب و ئێمەش دەکا
گەر بە ئاوی گریە ڕۆژو شەو جەماڵی ئاو بدەم
ئەوەدەمە چاوی دوو نێرگز، کوڵمی دوو گوڵ گەش دەکا
غەمزە پڕ پێچ و پەنایەو، عیشوە پڕ نازو فریو
وەك تەرازووی زوڵفی لەو خاڵ و خەتانەی غەش دەکا
من، بە هیوای نیوە ماچێکی سەرم خستۆتە ڕێی
ئەو، ئەوا باوێشك ئەدا، یادی دەس و باوەش دەکا

-٢ (***Spring***)؛ کانی - بەهار.

چـۆن لــە خۆشـیدا نەسـووتێم و، لـە ناخۆشـی نـەژیم
خاڵی ڕووی ڕەش داگەڕاوەو، خزمەتی کـوورەش دەکـا
چونکە دڵبەر ڕووی لە (ڕاجـی) بێکەسـە، ئیمـڕۆ ڕەقیـب
دەم ئەقووچێنێ و ئەقۆخێ، چاوی پشتی بـەش دەکـا!.

(٣٠)

دڵ بـەدەردو داخـەوە، هـاواری بـێ ڕێوجـێ دەکـا
بێ دەرو شـەیدایە ئـاخۆ، حـەز لـە چـاوی کـێ دەکـا؟
مەست و لاوازە لە بـادەی بـێ غـەش و، دەردی بـە سـۆز
هــەروەکو مەجنونــە داوای باوەشــی لــەیلێ دەکــا
مــن کــە دانیــشتم لــە باخـچۆڵەو، بەعیـشوە هاتـە لام
لامــل و کوڵمــەی ئەپۆشــی، گوایــا شــەرمێ دەکــا
خونچە ئێخـەی دادڕی، بولبـول، کـە بەنـدی دەمیـەتی
ئەم دڵ و جەرگی ئەسووتێ، ئـەو تـەنی ڕێ ڕێ دەکـا
گــەر ئــەزانێ لارو لەنجــەی ڕائەکێــشێ شــاو گــەدا
هـەروەکو زوڵفـی لـە دوولا، ئـارەزووی بـەر پـێ دەکـا
چاو، چ چاوێکە! مەکینەی ویسکی یو مەستی و هـەوەس
لێــو، چ لێوێکــە! مــەزەی ڕۆژی قیامــەت تــێ دەکــا
دوژمنــی بێبــەش لــە هــەرلا، وا خەریکــە پێــی بگــا
دەستی بێ ئەنگوستی بەشکە پەنجەوانـەی تـێ دەکـا
هێنــدە پــەڕپووت و کەریـشە، ئـەو سـەگی دەسـناکەوێ
کـەوتووە لـەم تەوڵـەدا، داوایـی ئەسـپی شـێ دەکـا
داری بــەرداریش هــەتا یــەك بــەر زیــاتر نــاگرێ
دڵبەری (ڕاجی) گـوڵ و نـارنج و بـێ و هـەرمێ دەکـا!.

(٣١)

چاوەکەت هەر وەك غەزالەی دەشتە، وا لێم ڕەم دەکا
بۆیە صەییادی دڵم، نسکۆ لە زام‌و خەم دەکا
لەتلەتت کرد جیسم‌و جەرگم، تۆ بە شمشێری بڕۆت
یار لەگەڵ یاران ئەمێستا، زامی بێ مەرهەم دەکا
زامی کۆنەی هەڵوەشاندووم‌و لەباتی مەرهەمێ
وردە وردە، ئەو تەداوی من بە ژەهرو سەم دەکا
یار بە ڕۆژێ گەر بکا قەتڵی سەدان، ناڵێن چ بوو
من لەسەر یەك جامی مەی، وا عالەمێك لۆمەم دەکا
ئەو، لەساتێ سەد کەڕەت گۆڕینی جلکی پیشەیە
من بە ساڵێ خەرقەییێکە، هێشتە سەرکۆنەم دەکا
هێندە گریاوم لە دووری تۆ، ئەگەر باوەڕ دەکەی
سەیری لێشاوی سروشکم، هەر لە بەحرو یەم دەکا
(ڕاجیا) ڕۆژی ئەزەل، من خۆشەویستی دڵبەرم
ئێستە پێی عارە ویسالم، خۆیی نامەحرەم دەکا[١].

١٩٣٦

(٣٢)

نازی ئێوارەی کە سەیری بەرزیی‌و ئەستێرە کا
بۆ تفەنگ ئاوێتنی، غەمزەی گیانم سێرە کا
تا لەبەر پێی کەومە سایەی ئەو چەم‌و باخچۆڵەیە
هەر نیازێکی هەیە، دڵبەر، بە حازر لێرە کا
پێکەنینی نیوەڕۆی کردمە پڕووکانی فریو
بۆیە ئێواران خەریکە مردنم پێ گێرە کا!!

١- ئەم نیوە دێڕە بە پێی هەژمارکردنی پیتەکانی ئەبجەد دەکاتە (١٩٣٦).

تاقە ماچێکم بەسەر لێ خواستو، هێند پاڕامەوە
پێی نەبەخشیم، چۆن ئەبێ خۆی خاوەنی ئەم خێرە
کا؟! دەمژیێنێ ئەو بەنازو، هەر بە نازیش دەمکوژێ
کێیە وەك من، خۆی بە تووشی ئەم بەڵاو تاوێرە کا؟!
چاوەکانی مەیکەدەی عیشقن، بەڵێ، لێی نابزووم
خۆ مەگەر عیسا وەکو من، خاوەنی ئەم دێرە کا
ئاگری بەرداوەتە ناو جەرگی (ڕاجی)، ڕوومەتی
داوی کوردستانی زوڵفی، تا لەمل ئەو شێرە کا!!.

(٣٣)

وەختە لە خەفەت بمرم، هەرچەندە کە ئەو سڵ کا
پەردەی دڵەکەم شەق بوو، من ڕەنگە کە بێ دڵ کا
تا ڕۆژی دوایی دێ، هەر دوای ئەکەوم ئاخۆ
لە کوێ کەمەری دەگرم، دەستم لە سەرو مل کا
تا سوورەتی غارم بێ، ترسم لە ڕەقیب نابێ
دەججالی بە نەفرەت بوو، با هەر کەرەکەی جل کا
پارەی جگەری مفتم، دەسکەوتووە تا ئیمڕۆ
نۆرەی حەسەنەی یارە، چاوی کە پڕی کل کا
مەی، میوەیی مێوێکە، عالەم لەمە سەرسامە
هیوایەتی مەیخانە، پڕ سەوسەن و سونبول کا
باخاتی درەوشاوی ئەو ساقییە لێو ئاڵە
ویستی بەچڵێکی خۆی، گیرۆدەیی چل چڵ کا
سۆفی لە دەمی مەی دا، داخی بە دەماخی دا
مێشکی لەسەرا دۆڕاند، خۆی تازە چ ئاقڵ کا!!

یـار، بەنـدی دڵـی کێـشا، هـەی قـوڕ بەسـەری مـوفتی
بــێ قیمەتــە، هــەر پووچــە، بــا هــەر هەڕەشــەی زل کــا
ژەهــری لــە بــرین ناچـــێ، چــاوی دڵـــی تــا نــەفڕێ
(ڕاجی) لە خەمی کوردان، گەر خۆی بە مەسەل گڵ کا!!.

(٣٤)

بـــە تـــەمای ســـیمبەرێ مـــردم و هێنـــدەم هەڵـــەکا
هــەر خەریکــە دڵــی ئــەم خەڵکــە بــە تووشــی تەڵــەکا
چــاوە چــاوی ئەوەمـــە، جــارێ بـــە بــاڵای شــابم
لێوی وشـکم بـە تـەڕی، مەسـتی ڕوحـی بـێ پەڵـە کـا
نــووری دیــدەم کــە لــە زاخــاوی خــەوی پەرچــەم بــێ
ڕاسـتە پـەروەردە ئـەبێ گیـان لـە دوو چـاوی بەڵـەکا!
پێــشڕەوی یارییــە، بــەزمی گوڵــە، یــار هاتــە وەفــا
هــەر کەســێ عاشــق و سەرخۆشــە، بڵــێن کۆمەڵــە کــا
هەرچـــی شـــێخ و وەلـــییەو، لافـــی کەرامـــەت لێـــدا
سەری بوکتـە وەکـو مـار، بیگـرە لـە کوچك و کەڵـەکا
تەمبــەڵی خــوردو خــەوە، هەرچـــی لــە هــۆزی وازە
هەر ئەبێ کاری بەدو، خـۆی کـەرو بـێ حەوسەڵە کـا
دڵی (ڕاجـی) کـە خـەڵووزی ڕەش و بـێ سـۆزی گەڵـە
دڵبــەری مــەیلی نییــە، تــازە بــە کــێ تەشقەڵە کــا؟!.

(٣٥)

دڵ، کاتـــێ لـــە نـــاو چـــیمەنی زوڵفـــانی ئـــەهاڵا
جــارێ ئەگەیــشتە بـــەری پێـــی، جـــارێ لـــە بـــاڵا
وەختێ بە خەت و نوختەیی خـاڵ، قاقـەزی ڕووی هـات
کــێ بــێ لەســـەرو کـــوڵمی نەوەســـتێ بـــە موتـــاڵا؟!

بڕوانـــــە نمــــی ئارەقــــە، گەرمایـــــەتی شـــــۆخم
ســـــەیریکە، دەم و لێـــــوو مـــــەم و ســــــینەیی والاّ
بـەم لەشـکری خـەم، فیرقـەیی خـاڵی نەشـکا بـۆم
چـۆن دێتــە شــکان پــۆلی، لەگــەڵ قامــەتی ئــالاّ
هاوخوێنەکەمــــە پرســـــی، لــــە ڕۆژانـــــەیی ماچـــان
هــەی کاکــە لــە ڕۆژ چــیتە؟ تــۆ لێمپرســە لــە ســالاّ!!
مــن هــەروەکو مــەجنوونم و، سەرگەشــتە لــە دەشــتان
ئــەو هــەروەکو لەیلایــە، کــە دانیــشتووە لــە مــالاّ
هــەر ڕەش بــەوە، دووبــارە بــسووتێوە تــۆ (ڕاجــی)
قــەت حاڵــەتی تــۆی نایەتــە بــەر چــاوی خــەیالاّ.

(٣٦)

ســەحەر پــەردەی لــە ڕوو هەڵدایــەوە، تــا دیــدە ڕەوشــەن کــا
دڵــی پــڕ ئــارەزووی ئێمــە، بــە ملیــۆن ئــارەزوو بــەن کــا
شــەقامی هاتوچــۆی ڕۆژێ، بــە ڕۆژانــەی خــەیاڵی خــاو
ئەوا هــەر بــێ موهەنــدیس مایــەوە، با هــەر خــەتێ چــەن کــا
لــە کــۆکردەی ســەمادا، ڕێگــەیێکی ڕاســت ناکێــشرێ
لـە دونیـا تـا قیامـەت، گـەر هـەموو فیلێـك لـە دەربـەن کـا
وەکــو هێــزی تەشــی، تــا بــای نــەدا دەســتێك و لاڕانێــك
خــوری ناکــا بــە ڕیــس و، نایــەوێ فەبریکــە تــەن تــەن کــا
هـــەوای ڕاگرتـــووە، تـــاکو نەســـیمی زوڵفـــی دەنگێـــوێ
خەتای کوڵمەی چییە گەر دڵ سەری مەستی لەگوڵشەن کـا؟!
خــەتای کێیــە؟ تــەرازووی کــار لەنگــەو، لینگــە دەســتاڕە
ئەلیـدرەم لۆکـە، سـا کـەی هاوتـای گـورزی تەهەمتـەن کـا؟!

بـــەڵێ، باشـــە لەگـــەڵ خـــەڵکی ئەگـــەر پێوانـــە ســـەربگرێ
لەگەڵ سووکا، گران کەی هات، دەسی کێشان لە گەردەن کا؟!
بـە تـەئریخی جەهەنـدەم تـێ نـەماوم بـۆ بەشـەر، بـەڵکو
لـە ئاشـیلکەی بەهەشـتا، کـێ هەیـە خـەروا لـە تێـچەن کـا؟
خــــەیاڵی میوەجاتێکــــە، پــــەلاماری هــــەموو کــــارێ
لـە بێکـاری چ دێ؟ بـا هـەر کەسـێ نەوسـی بـە بـا شـەن کـا
غــەریم، تــازە هــاتووم، عــارە، شــەرمە، ئێــستە نــابزوێم
ئەگـەر سـەودایی ڕووتـیو برسیەتیـشم، سـەر لـە دیمـەن کـا
لـە گریـەو ناڵـە وا تۆفـان هەڵـستاو، مێـرگو ڕەز شـین بـوون
بە ناوی چی دەچێ (ژیکۆ)، سـەری سـۆزی لـە چیمەن کـا؟!.

١٩٤٩

(٣٧)

گـــوڵم ناپـــشکوێ، ئـــەم باخـــچەی دونیایـــە دڵ ون کـــا
بـە هاوارێـکو بانگـێ، ئـەم هـەموو چـەرخە سـەرەوبن کـا
سـەرت سـوڕماوە تـا سـەیری شـتی گـەورەو فـشوفۆڵ کـەی
مەگـەر نەتبیـستووە، یـەك زەڕڕە، دونیایـەك لـە مـردن کـا
بـە زانـین داخـرا تەنـدرووری ژیـنو، عـەقڵی لێدەرکـەوت
لە شەو سەرمای جەهالەت، بۆچ سەرو لاقـی لـە بەسـتن کـا؟
کــە پێپیلکــەت نــەبێ، ســەرناکەوی لــەم بــەرزە بــێ ڕێیــە
بەخۆ هەڵدانی، ئینسان، بۆچی خۆی وەك گیسکە گنخن کا؟!
ئـەمن تـۆقم لـە پێتـا، تـا بـڕۆی هـەر دەنـگو ناڵـەم دێ
ئەگـەر ئازایـە دەسـتت، بـا ئـەویش خـۆی پـڕ لـە بـازن کـا

هــەزار داس و چــەکوچ گیرانــە دەســت و، دانەمــەزرا ژیــن
چ خوا بەرداره ئێمه جووت بـه گاسـن، ئـەو بـه ئاسـن کـا؟!
لــە لایــێ ئــاگرەو شــالاو ئــەهێنێ، لایــێ دەریایــە
دڵـم بـۆ تـۆ زەرەر نابەخـشێ، گـەر سـووتاوو گـەر خنکـا
ئـەوی برسـی بـووە بـەم دەردی عیـشق و سـۆزە، پێویـستە
کــولێرەی ڕوومــەتی ئێــوە ببینــێ و، ژینــی نەوســن کــا
ئــەوی لافــی ئــەدا بــەم ئاڵووالایــە، دوێنــێ شــەو
ئـەبێ ئیمڕۆکـە بـەرگی بێکەسـی و ڕووتیـشی چـڵکن کـا
مەگەر- بـا- یـی فەنایـە، ئـەیزێوێ چـەرخی ڕەنگـاوڕەنگ
بە فەرمانی خەمە، شـادی، ئـەبێ خـۆی ئـەنجن ئـەنجن کـا
ئەگــەر گــەش بێتــەوە کوڵمــەی، بــە زەردەخەنــدەیی لێــوی
ئەبێ دڵ چەشنی خونـچە، ڕوو لـەناو گیرفـانی گوڵـچن کـا
لــە زســتان و کرێــوەی بــێ دەمــاغی، ڕێ بــە هــیچ نابــەم
مەگەر نەکوژێتەوە (پـشکۆ)، بـەهاری کـوردی پرچـن کـا!!.

١٩٤٩

(٣٨)

هــەتا مــاوە بــەهاری نــامرادی، مێرگــوزار شــین کــا
لــە ناڵــەی بولبـولان، باخـچۆڵەکانی گـشتی پـەرژین کـا
تــەنافی ڕیــزە ڕەز لێــداوو دار ســاباتی ســەر بگــرێ
فەریك و تاڵەبـەر، هەریـەك، لەبەرچـاو ڕوحـی شـیرین کـا
زەماوەنــدی گــوڵان و بولبــولان، وەك ڕەشــبەڵەك بــادا
مل و گەردن، چەك و خشڵی بەرۆکان پوخت و نەخشین کـا

ترومبێـــلو فرۆکـــان بێنـــەکارو، خـــەت بکێـــشرێن بـــاش
لە مەیدانی خەباتا، هەرکەسێ بێ ئەسپی خـۆی زیـن کـا
کەســێ، گـــەر بەرژەوەنـــدی کـــاری دڵـــداری نـــەدۆزێوە
لە ڕۆژی ڕوونی شەودا بێ، لە خـەودا دەس بـە نـاڵین کـا
ژیـانی خەڵکـــە بـــەرماوەی مـــن و، ژینـــیش کـــە ناناسـم
چ خاوەن باوەڕێ بێ، عەقڵی ناسەرسەنگی سەنگین کـا؟!
بڵـــێم ناشـــیرنم ڕەنگـــە لـــە باوەشـــیا بنـــووم ئـــەمما
کە پێی ناگەم جوانم، چاو ئەبێ سا کـاری دووربـین کـا
بەرانبەر هەیتوهووتیێ، گەر بوەسـتێ گـون بەدەسـتی ڕووت
ئـــەبێ کـــاتی هـــەرا پاســـی تفـــەنگی لوولەچـــەرمین کـــا
کوڕی کوردم کە دی عاشق بووە، بانگم کرد: کچە کوردە،
بەلا ناگاتە ئـەو یـارەی، کـە یـادی سـووری چاوشـین کـا
لەمێـــژە، هـــەر ئـــەڵێم باسـێکی لاجـانگی شـکاوت کـــەم
بەڵام بیستوومە هەر کەس باسیکا، خۆی کفن و تەڵقین کـا
ئەوا سەرماو شڵێوە عـەردو بـەردی بەسـت و، شـەختەن دڵ
بـــەناخێری گیـــانی، تـــازە (پـــشکۆ) کـــاری هـــاوین کـــا!!.

١٩٤٩

(٣٩)

ڕەزی بـێ خـاوەنم نەڕشـایەوە، تڵماسـکی پـڕ خـون کـا
بەرو میوەی بـە شـیرینی نەوەسـتاو ئێمـە جـون جـون کـا
سەراپەردەی شەهی، مابەینی چوارباخی کە ڕەوشەن کـرد
ئەبێ ناسـکۆڵە ڕاوێـژێ لـە قەسـر و حـەوش و هـامون کـا
بەبـــەر چـــەخمەی هونـــەردا تێپـــەڕێنن، دەوڵەمەنـــدو ڕووت
یەکێك زێڕان لە بن عەردو، یەکێك زێڕان لـە گـەردون کـا

لە مەیدانی کرێ، بـانگ ڕائـەهێڵێ هـەر سـەحەر، بولبـول
کە ڕۆژیش هاتەدەر، هەر چاوە دێ، فرمێسکی گوڵگون کا
نـــەهێڵم چـــاکە دەســـتم بەربـــدا، ئـــەو شـــۆخە شـــیرینە
هــەتا ئــاگر لــەناو چاوم ئــەخاو، مێشکم لـە هـاون کـا
ئــەمن بێژینگــە خــاکێکم، بـە بـاوکی لەنــدەنی نــادەم
ئەگەر هــۆزی هەژاریشم، هــەزار نــەورۆزی لـــێ ون کـا!!
بلێ فیرعەونە میسری گرتو، نێری کوشتو، مێـی بـەردا
ئیتر، بۆ جوولەکـەی مـە کێیـە؟ وەك موسـاوو هـارون کـا
زەمـانی پــیرو جـاحێڵیم، خـەریکی ماچـی لێـوی بـووم
کـــە لێـــوم پێوەنانووســـێو، ددانم لێـــوە مـــەمنون کـــا
وەکـو منـداڵی نـاو سـك، هـەر مـژیمو، تـامی نـەمزانی
ئەمێستا تـاڵو تیـژی دێ بـە گـژما، چـاوی خـاتون کـا؟
ئـیتر کێیـە لـە دونیـا، تـەختی یـارو بـەختی واژوون بـێ؟
وەکـو مـن یـاری شیرینی، زمـان پـڕ عـەترو سـابون کـا
ســـەری شـــادی نەنێمـــە عـــەردو، پەیمانـــە هـــەتا مـــاوم
دڵـم هـەر هاموشـۆی بـازاڕی بـیری بـەرزو سـەرجون کـا
نەســـیم پـــشکۆژەکانی سەرچـــڵانی داچـــڵاندن لـــێم
بە ناوی داری گەندەڵ، تازە (ژیکۆ) سەر لە پشکون کـا!!.

١٩٤٩

(٤٠)

نـــۆش بکـــە ڕاوی دڵو، پڕکـــە پیاڵـــەی تەقـــەلا
فڕکـە بـادەی عـەرەقی قـەومو، مەترسـێ لـە بـەلا
باخـــەڵت فـــوودە لـــە ســـەد جـــۆرە نوقـــودی هۆشـــت
ڕووکـــە هـــۆدەی ئـــەدەبو، بگـــرە زریـــزەی عوقـــەلا

سـەری مەسـتت بـەخولا، بـەهرەوەریت ئـەنوێنێ
هـەروەکو کوێرەوەریـت، سـۆز ئـەهێنێ بـە دلا
شـۆخ و وریابـە لـەناو کۆمـەڵی خـزم و یـاران
تـاکو دانـەی دڵەکـەت، ئـەو کـچە بیخاتـە مـلا
ئـەم هـەموو تـاوو تریـسکەی لـەبی کوردانـەیی تـۆ
چـاوی پـڕ سـورمەیی ڕوونـاك ئـەهێنێ بـە گـلا
شـەنگەبی و، شـۆڕە سـەروو، تـازە نـەمامی ئێمـە
شـۆخ و سـەربەرزو جـوان، قامـەتی پۆشـی بـە گـەلا
بـێ بـەرن، گەرچـی وەکـو گـەنجی خیرەدمەنـد، بـەلام
بـەری سـەر سـینەیی یـاران، لـە بەرانبـەر ئەسـەلا
زۆرو کـەم پێکـەوە بـن قەومەکـە، بـۆ دڵـداری
ڕێ بـڕۆن، پێـشبکەون، تانـە مەکێـشن لەگـەلا
ڕووکـە سەرچـاوەیی کوردانـە، بشۆ، سـا سـەرو چـاو
(ڕاجـی) هەڵبێنـە دوو چـاوت بـە سـەرو ڕووی مەسـەلا!.

(٤١)

چـاوی ئـاهوویی خـەتا، زوڵفـی وەکـو چـەنبەری لا
سینە پـڕ سـەیرو سـەفا، دوگمـەوو مـەم، قـاوەوو چـا
گـەردەنی بـەرزە، وەکـو لالـەوو مینـا بێـڕەنگ
خـاڵی وەك دانـە هـەنارو، خـەتی ڕەنگینـی تیـا
پەرچەمی دەستە بەدەستە، کـە بـە گـژ کوڵمـە ئەچـن
دیـدەیی هەڵقـە بـە هەڵقـە، دڵـی ئـەم خەڵکـە ئـەبا
ئـاگری گـەرمی سـەری کـوڵمی، لـەدڵ هەڵئـەگرێ
باوەشێنیـشی لـە دوولاوە بـە ئەگریجـە ئـەکا
بـە تـەمابووم بگـەزم لێـوی، وەکـو نـوقڵ و نـەبات
سـەرنخون بـووم و، لـەپێ کـەوتم و، مـاوم لـە تکـا

بەچـــەکوردم بووەتـــە بـــووکی تـــەڕو ســـازی وەتـــەن
بـــــە ڕەقیـــــبم بگـــــەیێنن تەڕەســـــازی بخـــــوا
(ڕاجـــی) ئـــاوارە مەبـــە، مـــاوە بـــە دیـــداری بگـــەی
بمـــژی لێـــوو دەمـــی، دەســـتت وەرێنـــی لـــە مـــلا.

(٤٢)

یـــار، ئێـــستە لـــە ڕێ دیـــتمو خـــۆش تێمـــەوە ڕامـــا
ڕۆحـــی لەســـەری زوڵفـــی گرێـــدامو، بـــە جـــا مـــا
ئەگریجـــەوو پەرچـــەم، کـــە ئەپۆشـــن گوڵەکـــەی ڕووی
شـــەوقی لـــە شـــەوی ئـــەم دووە، وەك ڕۆژی ســـەما مـــا
ئێشکـــچییە جـــانم، لـــە دەری حـــەزرەتی دڵبـــەر
ســـوڵتان بـــە هـــەوەس بـــەزمی لـــە دیـــوانی ســـەفا مـــا
ئـــەی نابەڵـــەدی قورعـــەیی ڕەنـــدانی خـــەریکماو
بـــۆ چارەســـەریت، خـــارو جەفاخانـــە بـــە پـــا مـــا
تـــا لەشـــکری خـــەت بێنـــە ســـوپەرخانەیی کوڵمـــەی
قـــەت کـــەس نییـــە دەربـــازی ڕچـــەی کوشـــتنو عامـــا
ســـاقی وەرە بـــەم ئـــاخری عـــومرەم بگـــە فریـــا
ڕەنگـــین کـــە لـــەبی خەنـــدەوو، گـــەردوش دە بـــە جامـــا
تێـــشوویی گەیـــشتن نییـــە (ڕاجـــی)، وەرە بمـــرە
مەڕوانـــە لـــە کـــاروانی دوعـــای تـــرسو ڕجامـــا.

(٤٣)

ســـاقی وەرە تـــۆ پڕکـــە پیاڵـــەی ســـەرو ســـیما
قَـــدْ صِـــرتُ علـــی البـــابِ فَقـــیراً وَیَتیمـــا
بـــۆ ڕۆژی قیامـــەت لەهـــەموو جـــۆرێ ئـــەبوورم
إِنْ جِئـــتَ إِلَیْنـــا بِلآلیـــكَ نَعیمـــا

عـومرێکی درێـژم بـە هـەبا سـەرفی غـەمت کـرد
فَـــآنْظُرني لأن كَيْـــفَ تَـــرى العَظْـــمَ رَميمـــا
کەوتوومەتـە نـاو داوی بـەڵای زوڵفـی بـە پێـچت
وَكَّلْـــــتُ عَلَـــــى اللهِ حَـــــسيباً وَكَريمـــــا
ئـەو نێرگـسە شـەهلایە، ڕفاندوویـە دڵـی زار
لا تَقبَــــلُ عَينـــاكَ مَـــعَ القَلْـــبِ قَـــسيما
سەرچاوەیی کەوسەر، کە لـە چـاوی تـۆ بەدەرکـەوت
مَــــنْ تــــارك عَيْنَيــــكَ فَقَــــد صــــارَ نَــــديما
(ڕاجی)، بـە هـەموو دەم کـە دەسـووتێ بەتەماشـات
فَآرْحَمــــــهُ مِــــــنَ اللهِ، وَأَوْصـــــلهُ زَعيمــــــا.

(٤٤)

تورك و، عەرەب و، هینـدو، حەبـەش، چـوونە تەمـەنا
چـین و، یەمـەن و، مەککـە، پـڕن نـووری تەجـەللا
تـا حاشـیەیی زوڵفـی، لەسـەر ڕووپـەڕی ڕوو بـێ
دنیـا لـە نـەزەر حـەللی ڕمـوزی، عـەدەم ئاسـا
جیلـوەیی ڕەحمـە، سەرچـاوەیی ئـەنواری ئیلاهـی
خەنـدەی دەمـی نـەوبادەیی بوسـتانی تەماشـا
هەڵقەی سـەری زوڵفـی، بـە هـەوای سۆزشـی عالـەم
وەسـتاوە لەسـەر گـەردەنی، وەك لالـەیی بـەیزا
شـەمعێکە ڕوخـی، بـۆ شـەوی خـەم هـەڵبووە ئێـستا
پەروانـە، بـەڕووی شـوعلەیی ئـەو شـەمعەوە سـووتا
خـاڵانی وەکـو لەشـکری زەنگیـی، بـە فـریم
وا مەرکـەزیان ناوەتـە سـەر تـاقی موصـەللا

(ڕاجـی) مـەدە تانـە، لـە دوو چـاوی بەڵـەكی یـار
ئـەو مەسـتە، ئـەتۆ بێـدڵ و دێوانـەیی سـەحرا !!.

(٤٥)

كێـــشاویە هەڵماســـی بـــژانگی بـــە دوو لادا
موشـــكی خوتـــەنی داوە بـــە دەم بڵقـــەیی ئـــاوا
خوێنـــاوی دڵ و ســـینەمی گێـــڕاوە بـــە خـــاڵی
كەشـــتیی خـــەتی بەرداوەتـــە نـــاو گێـــژەنی ڕاوا
كوردێكـــە، چ مەردانـــە ئەنۆشـــێ دڵـــی بـــادە
كردوویـــە هـــەزاران ســـەری پـــەژموردە بـــە داوا
بـــرژاوە هـــەناوم، بـــە هەناســـەی ســـەری زوڵفـــان
ســـەد داخـــی بـــە جـــارێكی چـــزاندم بـــە هـــەناوا
ئـــەی كـــوردە! گـــەلێ زارو شـــپرزەم لـــە وڵاتـــان
بمهێنـــەوە بـــەر ســـێبەری پەرچـــەم لـــە هـــەتاوا
نـــەمزانی، چـــلۆن گـــەیوە بـــەری تـــاڵی هومێـــدم؟
كوردانـــە، هـــەوای شـــیرنی پێـــدا لـــە نكـــاوا
لـــەم خاكـــە بـــە هیـــوا ئەگـــەزم لێـــوی وڵاتم
هەر كـون بگـەمێ، گـورجی ئەكـەم دەسـتی بـەناوا
گومبـــووم لـــە كەســـوكارو هـــەواو بـــەزم و گەیـــشتن
ڕابـــەر نییـــە ئـــەمجارە، دەرمبێنـــێ لـــە كـــاوا
(ڕاجـی)، بـە تـەما كـوردی قەلەنـدەر مەبـە توخـوا
سەر شاری تەمای بگرن و، شـەی كـەن بـە گـژاوا[1].

١٩٤٢

١- ئەم نیوە دێڕە بە پێی هەژمارکردنی پیتەکانی ئەبجەد دەکاتە (١٩٤٢).

(٤٦)

غەم و خۆشی دەزانی چۆنە؟ هەر ئەم دێت و ئەو ئەڕوا
بەڵێ دەوری زەمانە، لاغر ئەمرێت و قەڵەو ئەڕوا
دەماغی من بە دایم پڕ لە بیرو شۆڕشی یارە
کە ساتێ بێ ئەوی نابم، جەهەننەم دێت و خەو ئەڕوا
بە عەکسی دەهرە تەبیاتی، بە ئەگریجەو ڕوخی ساقی
بە حوکمی دەستی قودرەت، دائیما ڕۆژ دێت و شەو ئەڕوا
دەنی تەبعن ئەوانەی وا خەرقەبارن بۆ ڕیابازی
وەکو داوی ویسالی یارە، بوم ئەگرێت و کەو ئەڕوا
عەجەب ماوم کە دڵبەر عادەتی خۆی وایە، یا قەستە
بە ئاهەنگی حودی نایا، بە وەحشی لاجەڵەو ئەڕوا!
گەلێ ئەمڕۆ لە یارم عاجزم، بۆچی؟ کە نازانێ
سەرو ماڵم لە من تالانییە، ئەمما لە ئەو ئەڕوا
ئەمن باوەڕ بە (ڕاجی) گەر بکەم، هەر هەقمە، یا نەیکەم
کە یاری قادیرە ئەمما، لەسەر گفت و شنەو ئەڕوا.

(٤٧)

خوویی ویم کەوتە سەرو، عیشق بە قووەت کە دوا
قۆڵی خۆم هەردوو دەرێنا لە کراس و لە کەوا
دڵی خۆم دایەوە هەرچەند بە دەسیسەو فڕو فێڵ
ئاقیبەت بازی دوو چاوی، بەخوا خستییە هەوا
لاوی کوردانەیی من، (دانس و پلەیینگ)[1] ناکا
شووشەیی پڕ مەزەیی عیشق لەگەڵما ئەخوا
جارجارە کە بەیەك غەمزە دو چاو هەڵئەبڕێ
مەقنەتیسێکە، لەسەر عەردەوە ئەمخاتە سەما

١- دانس و پلەیینگ - ***Dance and Playing***: سەماو یاریکردن.

هێنـــده لـــەو قـــاپی یـــە ئـــەخزێم، دەس و دامێنـــی ئـــەبم
ئـــاخیری، لـــەو دەمـــە ماچـــێکم ئـــەبینێ بـــە ڕەوا
هـــیچ هەڵنایـــە بـــەڕۆژ چـــاوم و، دڵ بێهۆشـــە
هـەر وەهـاش چـاکە، لـە ژێـر تـاقی بـرۆی بم لـە شـەوا
کـــونجی لێـــوی بگـــرەو، (ڕاجـــی) لـــە مەیخانـــە مـــەڕۆ
بیمـــژە بـــادەیی دەم، بـــۆ هـــەموو دەردێکـــە دەوا.

(٤٨)

لەبـەر دووری، دڵـم وەختێکـە خوێنـاوی جگـەر ئـەخوا
سـەرو داوێـن و سـینەم، ئێـستە شـاڵاوی سـەقەر ئـەخوا
ئـــەزانێ موبتەلاتـــە دڵ، ڕەقیـــبم، بۆیـــە ئیمڕۆکـــە
بە سـەد فریـادو نافـامی، ئـەڵێن وا مێـشکی کـەر ئـەخوا
خـەیاڵم هـەر لـەلای تۆیـە، بەچـی بـاوەڕ ئەکـەی بیڵـێم
وەکـو منـداڵی سـاوا، مـەمکی قامیـشی شـەکەر ئـەخوا
دەمـاخم وا پەشـۆکاوە، بـە شـێوەی لەشـکری زوڵفـان
لە سەر موڵکی مەلیك غازی، شەرەر ئێسقان و سـەر ئـەخوا
بـە چـۆڵێکدا ئـەڕۆم ڕێگـای گەیـشتن سـەختە، نـایزانم
ئەوەندەی ماوە ژین تێشووی تکـای بـاس و خەبـەر ئـەخوا
هـەموو عالـەم ئـەزانێ، دیـدە شـایانی نییـەو، گریـان
لەگـەڵ ئـەم لوتفـەدا بۆچـی سەروچـاوی بەصـەر ئـەخوا؟!
لە دووری تۆیە ئـاخ و داخ و گریـەوو ناڵـە، هـەم دەر هـەم
بە وێنەی گورگی برسی، جەرگی (ڕاجی) دەربەدەر ئەخوا.
١٩٣٩

(٤٩)

گـــوڵڕەنگی ڕوخـــت ڕەنگـــی بـــە ســـەد زوهـــرەوو مـــەه دا
خونـــچەی لەبەکـــەت لـــەعلی بـــە گەنجینـــەیی شـــەه دا

موشـــتاقی قـــەدو قامـــەتی ئـــەو یـــارە دیـــارەم
عـــومرو ســـەرو مـــاڵی منـــی، یـــەك دەفعـــە تەبـــەم دا
ئـــەو ڕاوکـــەری چـــاوت، بـــە کـــەوانی قـــەفی ئـــەبرۆت
ســـەد مـــامزی تـــۆراوی، بـــە بـــەر چـــین و ســـوپەم دا
خاتوونـــە، بـــە چـــەند نـــازەوە هاتۆتـــە تەماشـــا
وا پەنجـــەیی زیـــوینی، لەســـەر چـــاوی ســـیەم دا
هـــەر جـــێ کـــە ئەچـــێ، هـــەر دڵ ئـــەبارێ بـــە نیساری
هـــەر کـــەس هـــەبوو وا عـــەقڵی بـــە قـــانوونی ســـەفەم دا
پـــڕ زام و بـــرین، بێـــدڵ و سەرگەشـــتەم و، بێـــڕەنگ
تـــا دڵبەرەکـــەم جیلـــوە بـــە گـــوڵزاری نیگـــەم دا
(ڕاجـــی)، مەکـــە تـــۆ باســـی مـــەە و زوهـــرەوو کـــەیوان
پاوەنـــدی لـــەبی یـــارم و، مـــن چـــیمە لـــە مەهـــدا!!.

(٥٠)

کـــوردی دەســـتە شـــکاو گەیـــشتە مۆمیـــا
کـــەر بـــوو، نـــەیهێنا بـــەکارو تـــێ ڕیـــا
نـــەوت و جـــەوتی زەوت کـــردی خـــەڵك و خـــۆ
خـــاك و خـــۆڵ و ئـــاوی بـــردی و پێـــی ژیـــا
دوژمنـــی گیانـــت ســـتاندی هەرچـــی بـــووت
شـــارو دێهـــات و ســـەراوردی چـــیا
هـــەر خـــوری تۆیـــە، کـــە ئەیکـــەن جەرمەنـــە
لۆبیاتـــە، ئەیکەنـــە فاســـۆلیا
نـــاوی ئـــاوی بۆگـــەنت نـــاوە گـــەڕاو
ئەیکەنـــە گـــۆگردو بـــاروت، ئەشـــقیا
خەڵکـــە زانینـــی لـــە بـــاوەش کـــردو، تـــۆش
ئـــاخیری مێـــشکت ئـــەبا ماخۆلیـــا

پێکـــەوە نووســـانو، دوژمـــن بـــوون بڵنـــد
تـۆش نـەوی بـووی، چـونکە لێکـدی بـوون جیـا
قـــورِ بەســـەر، قـــەت ناگەیـــە ڕۆژی مـــراز
ئـــەو ســـواری ســـەر هەوایـــەو، تـــۆ پیـــا
خـــاکی کوردســـتانە (ڕاجـــی)، ئـــاخو داخ
ســـــیمیاوو، فیزیـــــاوو، کیمیـــــا !!.

**

ب -

(١)

مــوژەت دایــم بــە خــوونی دڵ ئــەدەی تــاب
بــە تــیریٚ ئەمخەیــە ســەد گێــژو گــەرداب
نــــەما ڕەنگــــی ڕووانم، ئــــەی نــــەزەرباز
ئــــیتر نــــابم لــــە هیجرانــــی تــــۆ شــــاداب
کــــە کاکۆڵــــت ئەلــــەرزێنی بــــە هیــــوا
دڵــــم دێنێتــــە ڕووخــــان تــــاوی ســــیماب
وەکــــو تــــۆ نــــەبووە ئەســــڵەن دڵ فریــــیٚ
بــــە ســــیحرو فیتنــــەیی‌و تــــەرتیب‌و ئــــاداب
ئەگــــەر نــــەگرم بــــە دامێنــــی تــــۆ، دەســــتم
چــلۆن دەســگیرە بــۆ ڕێــی وەســڵ ئەســباب ؟!
مەپرســە قــەت لــە حــاڵی جــەرگ‌و دڵمــان
کــە لێــت گیرکــردوون ســەد شــیش‌و قــوللاب
چ هــــەڵبگریٚ خــــودا لــــەم چــــاوە کاڵــــە
کــە (ڕاجــی) دا بــە فــێڵ‌و جــەورو دولاب !!.

(٢)

دائیما شـایانی عیـشقە، زەمزەمـەی چـەنگ‌و ڕوبـاب
ڕەقس‌و دەستوری تەشەووق، ساقییو دەسـت‌و شـەراب
دڵبـەرو شـاهید، لەسـەر تـەختی دڵا بگـرن دەمـاخ
ڕوو لەهەر لایێ بکەم، سا بمکـوژن مەسـت‌و خـەراب
ئەی گەلی موفتی‌و نـەقیب‌و قـازییو سـۆفی‌و ڕەقیـب
من بە خۆم دەمرم، چ حاجەت، ئێوە لێم بگرن عیتاب

هەر کەخۆی پۆشی لەقەسرو، وردە ڕەمزی خستەدەر
دێمە حاڵی حەشرو ناکێشێ دو زوڵفی بۆ جەواب
تا بە کوللی دەرنەچم، لەم خاکەدا ناگەم بە کام
خاکی غوربەت نەخشە، هێزم لێبڕا، دڵ پڕ قولاب
هێندە زەڕڕاتی لە شەش ئەترافەوە هاویتە ڕووم
أَذهَبَتْ عَني البَصَر، حَتّى تَوارَت بِالحِجاب
خودفرۆشیی کەس نەکا، تا دڵبەرم نرخی ئەکا
سەربەخۆ، ئاخر کە (ڕاجی) کەوتە حاڵی ئیزتیراب!!.

(٣)

ئەی سەنەمی ئازەری دڵ پڕ عیتاب
بۆچی دەکەی ماڵی غەریبان خەراب؟!
شێوەیی ڕەونەق، بە بەهاران لیباس
کوڵمە وەکو نووری خودا، ئیلتیهاب
لەفزی دەمت، گەوهەری بەحری مەعان
خەندەیی تۆ، جیلوەیی مەوجی سەراب
زوڵفی ڕەشت، بوو بە کەمەندی دڵان
شیشەیی موژگانە لە جەرگی کەباب
سیحری دوو چاوانتە، عاشق پسێن
ئەبرۆیی خوێنڕێژتە، تیغی قەساب
دەستی وەکو لالە بە خوێنم ئەکەی
شاهیدە بۆ ڕۆژی قیامەت، خیضاب
ماچی دەمت، بیدە بە (ڕاجی) زەکات
زیوی ڕووان، گەیوەتە وەختی نیصاب!!.

(٤)

شـۆخەکەم، ڕووی لـە حیجابـا بنوێنــێ چ عەجـەب!!
ڕەوشـەنی، ڕۆژی سـەما گـەر بکوژێنــێ چ عەجـەب!!
غەمزەکــەی چـاوی پـساندوویە دەمـارو ڕەگــی دڵ
گەر هوما ئێسك‌و تـەنی بـاز بـشکێنێ، چ عەجـەب!!
زوڵفی چـەوگانی جـەفا، گیـانی بـە یـەغما بـردووم
شەق ئەگەر گۆیی لـە مەیـدان بڕفێنــێ، چ عەجـەب!!
عیـــشوەوو نـــازی، تەپاندوویـــە هـــەناوو جگـــەرم
لـەرزە گــەر خانــەیی دنیـا بتــەپێنێ، چ عەجـەب!!
پڕتــەوی نــووری ڕوخـــی تۆیــە، دڕاندوویــە بــەدەن
مـەه ئەگــەر بـەرگی کـەتانی بـدڕێنێ، چ عەجـەب!!
تـا جگـەر ئیـشی چـەکوچ کارییـە، شـاگردی دڵـم
لە دەروون، کوورەیی خەم گەر بدەمێنێ چ عەجەب!!
ڕەمــزی ئەبرۆتــە، هەڵیکەنــدووە جــەرگی (ڕاجــی)
کارەبـا، ڕیـشەیی عــەردیش بپـسێنێ چ عەجــەب!!.

(٥)

نـووکی پێنووسـم ئـەوا خـستمییە نـاو شـاری ئـەدەب
گەرچی نـەفرۆش‌و نـەکڕ خـۆمم لـە بـازاری ئـەدەب
چـونکە گیرفـانم پـڕە، وا دەس بـەتاڵ دامـاوە ژیـن
تـا زمـان ئـەبڕێ لیباسـی بـیری هوشـیاری ئـەدەب
تێکـەڵاوم کـەن بـە خـاك‌و بـەردەڵانی مـافی کـورد
تـا موعەتتـەر کـا دەمـاخم، بـۆنی گـوڵزاری ئـەدەب
هەر ئەدەب گەر پێگەیێنێ هۆزی دواکەوتوو لە شـوێن
ڕەببی کوێریکەی دوو چاوی دوژمنــی یـاری ئـەدەب

خاکی کوردستان بوو کـانی فـەنن و زانـست و ژیـان
بۆچی بەختی نووستووە، لێی وشکە ڕووباری ئەدەب؟!
دوژمـنم زۆرن، بـە کـوردی، نایـەڵن سـەر هـەڵبڕم
تـا بـە سەربەسـتی بـدا دەسـتم پـەلاماری ئـەدەب
ڕووی هونـەر چـۆنی ئـەکا ئاوێنـەکاری، تـا ئەبـەد
دیمەنی نەسـڕێتەوە هـیچ کـەس لـە دیـواری ئـەدەب
هـەر بـڕۆ، تـا شـارەزاییت دەسـکەوێ لـەم خاکـەدا
تا لە گوێی خۆتی ئەنووسی، یەك وشەی زاری ئەدەب
وا کـوڵی (ژیکـۆ)، لـە چـاوی بێکەسـیدا هـەڵقوڵا
کەس نییە گەر لێی بپرسێ، حاڵی بیمـاری ئـەدەب!!.

(٦)

یارەکـــەی بادەگـــەرم دڵ دەڕفێنـــێ بـــە ئـــەدەب
ڕشــتەیی گەوهــەری ڕۆحــم ئەپــسێنێ بــە ئــەدەب
شـێخ لـەناو بـاخی ڕیـا، خـۆی لـە کـەناری نـاوە
گـوڵ، بەهارێکـە لـەلای، ئەیپـچڕێنێ بـە ئـەدەب
زوڵفـی ئـەو شـۆخە بـە سەرشـۆڕییەوە، وەکـو زاهیـد
کـوورەیی فیتنـە بـە عالـەم ئـەدەمێنێ بـە ئـەدەب
بەرگی عیززەت کە چ قەدرێکی نـەبێ، بۆچـی بـێ؟
بـەدەنی بـێ شـەرەفی خـۆی ئـەنوێنێ بـە ئـەدەب
ڕازی دڵ بردنـی مـن، بـۆ دەری یـاران چ دەکـا؟
گەر لە بەر پێی هونـەرا، خـۆی نـەمرێنێ بـە ئـەدەب
یاری شـیرین چ عەجـەب قـەدرو جـەماڵێکی هەیـە!!
ڕووحـی پـڕ دەردو خـەمم، وا ئـەنوێنێ بـە ئـەدەب
شـەهی ئیقلیمـی جـوانی بـوو، لەسـەر تـەختی مـراد
هەر بە ڕووی دەوڵەتی لەم تەختە ئـەمێنێ بـە ئـەدەب

تــاکو عیــبرەت بگــرن، تازەجــەوانانی چــەمەن
لەسەر ئەم سەرووو مەهــە، مــوو ئەخــشێنێ بــە ئــەدەب
نییــەتی قیمــەتی ماچــێکی حەبیبــەی، (ڕاجــی)
مەر لە قــاپی کــەرەمی، لێــی بــستێنێ بــە ئــەدەب!!.

(٧)

ئەم چــاوە خومــارەی، چ عەجــەب دڵگــرە یــاڕەب!!
ئەو قامەتە شــۆخەی، چ عەجــەب ئــەنوەرە یــاڕەب!!
پێویــستە کــە بــێم ســەیری جــەماڵی کــەم و بمــرم
ڕەحمێ بکە مــن بێمــە ســەر ئــەم مــەنزەرە یــاڕەب
شــادم بــە ســەبەب بــادی ســەبا، زوڵفــی کــە لادا
یــاڕەبی ببۆســم ڕوخــی ئــەم دڵبــەرە یــاڕەب
ســەد ئــاه و ئــەمان!! بێکــەس و خونخــوارو زەلــیلم
فریامکــەوە لاچــم لەســەر ئــەم مەجمــەرە یــاڕەب
وایزانــی ڕەقیــب، دۆســت ئەکــەم تــەرك لەبــەر ئــەو
هەی هەی لە ڕەقیبم چ حەسوودێ کــەرە، یــاڕەب !!
چــەند چــاپك و لاوچــاك و، بــەدەن نــەرم و جوانــە
حەیرانــە دڵــم، کــەی بــووە ئــەم زیــوەرە یــاڕەب؟
خــۆت گــەورەوو ســاحێب بــە ژیــان و بــە هیلاکــی
(ڕاجی) کە ڕجای وەسڵی هەیە لەم دەرە، یاڕەب !!.

(٨)

تێکــەڵ بــەخاکم ئەکــەم، فرمێسکی هیــوا تەڵــەب
تا سەوزو سوورو شین کا، گوڵیش بپشکون جەڵەب
ڕەحمــەت ببــارێ بەســەر بــاخ و ڕەزو مێرخــوزار
دونیــا درەوش بخاتــە هــەموو لا بــە ڕۆژو شــەب
چاو هەڵبڕێ گەل هــەموو، بــە لێــوی پــڕ پێکــەنین
قــاپیی لــە خــۆی دابخــا، خەزێنــەداری غــەزەب

خێوەت بە خێوەت بڕۆن، لیژەن بە لیژەن بکەن
مەبەست کاردروستی بێ، لەڕێی پەروەردەو ئەدەب
کەس نالەباری نەوێ، کەس ناهەقی هەر نەکا
هەر کەس ڕەوا کا بە خۆی، ڕەوشتی شیرین مەزەب
چەند خۆشە بێ پرسیار، بدەی هەموو کەس وەڵام
لەگەڵ نیگاران کەوی، دوورە بەڵاوو نەکەب
هەرچی بووە بێ ڕەزا، نەبێ لە خەڵکی قەزا
چەوت و چەوێڕ ڕاست ئەبن، گوڵ دێنە سەر زارو لەب
هەرچی قسەی لێبکەی، بە نیسبەتێك تێکەڵاو
ببڕە ڕەگی ناحەزی، لە دەنگ و ڕەنگ و نەسەب
بەهەشتی کێوان وەکو زەمانی زەردەشتەکەت
بژێنەوە بۆ گەلت، هەنارو سێوو عەنەب
خاوێن بشۆوە دڵت، بگێڕە کارو مشوور
وەکو(سکەندەر) بڕۆ، سەبەب بخە دوای سەبەب
کە هێزی باوەڕ هەبێ، بۆچیتە ئاتۆم و تۆپ؟
بەشەر کە زۆڵ دەرنەچێ، هەر خۆی ئەبێ مونتەخەب
سەبا بەگورجی وەرە، بڵاوکەوە بۆنی خۆش
بە تۆ گەش ئەبێتەوە، باخاتی کوردو عەرەب
گەر ئەتەوێ سەرکەوی، دەستکە بە گیرفانتا
بەخێوکە ڕووت و هەژار، لەناوبە لۆمەو لەقەب
(ژیکۆ) لە چاوی دڵان، جێ لەق بووە چاوەکەم
چونکە کوڵاوە لە هەق، دڕاوە گرتوویە تەب !!.

١٩٦٠/١٠/٥

(٩)

تازە بەهاری گوڵە، ئەی بوتی شیرین تەرەب
هەستە بەڕووی سۆزەوە، بادە بدە لەب بە لەب

شـێوەیی بـاڵای ئـەتۆ، نـەبووە لـە بـاخی کەسـێ
شۆخ و تەڕو بێ گرێ، ئـەی سـەنەمی خـۆش لەقـەب
مەسـتی خـووی خۆشـییە، چـاوی سـیاهت کـەوا
فیتنـە نوێنـە بـەدڵ، قـەت نییـە خـاڵی لـە تـەب
بولبـولی بـاخی وەفـا، تـووتیی سـەیرو سـەفا
کەوتنـە داوی جـەفا، وەختـە بـبن بـێ ئـەدەب
دەوری بـوتی کوردیـە، ڕۆیـون شـێخ و مـەلا
گشتی لە دیـن وەرگـەڕان، فـارس و تـورك و عـەرەب
دەفعـەیێ مـەیلی نـەبوو، پرسـشی حـاڵی ئەسـیر
پـەردەیی ڕووی لانەچـوو، کەوتمـە بەنـدو تەعـەب
هێنـدە تەماشـا بکـەم، ڕەونـەقی چـاوم نـەما
ئەی دڵ ئەگەر چوویە لای، بۆی مەکە باسـی مـەزەب
کەس وەکو دوو چاوی ئـەو، مـەیلی لـە ئافـەت نییـە
لای وەیـە لـەم ئـاگرە، تێئەکـەوێ (بوولەهـەب)
سەرفی بەری پێی بکـە، جـان و جگـەر، مـاڵ و سـەر
غەیری ئـەوە (ڕاجیـا)، سـوودی چییە ماکەسـەب؟!!.

(١٠)

زامـی سـەختم کردمـی ئاتـاجی نـازان و تـەبیب
چاوەڕێی دەرچوونە دڵ، لـەم خەستەخانە وەك غـەریب
گـەر سـەرو مـاڵم بـدەم، سـا جێگەیـەك پەیـدا ئەکـەم
هەڵبدەم بەیداغی سـاغی کـوردی بـێ سـەبرو شـەکیب
تـا لـە ژێـر بـاری خـولامیی، شـانی هێـزم داخـزێ
ناگەمـە ئـاواتی بـەرزی هـۆزی دەسـکاری ڕەقیـب

شــاهیدی زۆرن ولاّتــی مــن لــه چــاخی نووحــەوە
شــای ولاّتانــە، کــە عالــەم هــەوڵ ئــەدا بیــدا فــەریب
چــونکە نەمبرژانــدەوە، ئــەم زامــە کۆنــەم هەڵوەشــا
ڕەنگی ناشــۆرێتەوە، هــەر جێگــە قــەترەی بــێ نەسیب
مــن نــەبم، ئــەم کائیناتــە گــشتی ڕێککــەوتوو ئــەبێ
شەڕ لەسەر شوێنی منە، پڕ کەن لــەوی، گیرفــان و جیــب
ئــەم هــەموو میراتــە جێهێــشراوە بــۆ ڕۆڵانــی کــورد
وا بــووە ئــەیتام و کەوتــە بــەنك و بــازاڕی عــەجیب
بۆچــی تیمــارم نــەکا، ئــەم گیــاوو گوڵــەی نەوبــەهار؟
بــۆچ کــەژو کێــوم نەگاتــە ئاسمــانی پــڕ لــە زیــب؟
عــادەتی ڕۆژانــە شــاه و دەوڵەمــەن بکــرێن هــەژار
هۆزەکەی تۆش دێتە ژین لەم پێچە (ژیکۆ)، عەن قەریب.

١٩٦٠/١١/١٤

(١١)

ئەی عەزیزان، وەرنە سەیری سۆزی ئەشعاری غــەریب
تا لە حەلقەی بێکەسیدا، بێمــە ســەر ســەبرو شــەکیب
نامەوێ جەننەت لەگەڵ هیجراتی تــۆ، ئــەی نــازەنین
بۆ جەهەننەم حازرم، گەر وەسڵی ئێــوەم بــێ نــسیب
پەرچەمت دەوری لــە گــەردن داوە هــەروەك ئــەژدیها
دوو تەلیسمی چاوو گــەردن، بوونــە ئاســاری عــەجیب
لالــەزارە، خونــچەبارە، نەوبــەهارە ڕوویــی یــار
ســەبزەواتە، هــەم نەجاتــە، ئــەم بەراتــەی زۆرو زیــب
زۆر گەڕام و چاوی خــۆم گێــڕا لــە دنیــا، بــۆ کەســێ
موتڵەقەن نەمدی وەکو تۆ، شــۆخ و ســەربەرزو نــەجیب

دڵبەرێکی چاوخومارو، موشك زوڵفو، شوعلە ڕووی
سینە سافو، دڵنەوازو، جانگودازو پڕ عەتیب
قەت بەسەرهاتت لە ڕێی عیشقا لەلای کەس ناکرێ
(ڕاجیا)، لاچۆ لەلای پیرو مەلاو شێخو نەقیب!!.

(١٢)

وەختە بمرم لە فیراقی لەبی گوڵناری حەبیب
خوێنی چاوم وەکو باران، دەڕژێ سەر بە نەشیب
تاکو سینەم نەڕزێ من بە شەپۆلی فرمێسك
نافڕێ تەیری حەیا، بۆ قەفەسو داوی صەلیب
سەبەبی مەرگمە، دەسماڵو حیجابی سەرو مل
چ بەهەشتێکە لە ژێر وانەوە بۆ شەوقی غەریب ؟!
من لە ڕێگایی ڕجا بەندمو ناگەم بە ویساڵ
سەد هەزار هێندە بەڵای گەورەترە داوی ڕەقیب
پاسی وەسڵم هەبوو بۆ گەنجی قەدی دڵدارم
ڕێی نەدامێ سەگی هەوشاری ڕەقیبم لە حەجیب
جانو دڵ بێ بە فیدای پەرچەمی پڕ پێچانت
دەمو لێو بێ بە فیدای جامی لەبو لێوی لەبیب
دڵی خۆت سادە بکە، تۆ لە هەموو گەردو غوبار
(ڕاجیا) بەستە ئەمە، عیسمەتە بۆ ڕۆژی فەریب !!.

**

-پ-

(١)

ئەز دەڵـێم سـێوو تـرێ، نابێژمـە تـۆ (ئـەپڵو گـراپ[1])
من قوتابخانەی ئەنووسم، گەر (سکۆڵا[2]) دەن لە چـاپ
ناوەڕاســـتم ڕۆژهـــەلاتو، ڕۆژئـــاوا دووره لــــێم
عەدلەکارم، کوردی سەربەستم، ئەگەر نەمکـەن خـەراپ
خــاوەنی هــەر پیــاوەتیو مەردایـەتیو دیـوانی تــۆ
بگره یارو، زوو له دوژمـن داخـه قـاپیو، داگـره قـاپ
وازمەهێنه قـەت لـه ڕاسـتیو، کـەس لـه ڕێگـا لا مـەده
نایــەوێ کــوردیێ، دروشمـــی نــاڕەواو ناڕێــكو لاپ
هــەر کەســی بێگانــه هــات، ئامۆژگــاری تــۆ بکــات
لێیده، تێی هەڵده بـه شـەق، ئـەو دوژمنێکـه پـڕ قـولاپ
چونکه تـۆ ئاوێنـەدڵ بـووی، کـەس شـپرزەت بـا نـەکا
هەق، له بیرت گەر نەچێ، نابەن زەفـەر شـەیتانو پـاپ
گەر له گـوێی ئـەگری براکـەم، بـا قـسێکت پـێ بڵـێم
هەرچی شۆپی گەوره بێ، تێری ئەکەن شـەپلاخو شـاپ
ڕۆژو شەو، چەرخو زەوی، بـۆ تۆیـه ڕێکوپێـك بـی گـەر
تا بە ناڕێکی بڕۆی، هـەر چـاو بـه تـۆزیو دڵ بـه تـاپ
من که بۆ ئازادیی کوردان، گیان لەسەردەسـتو فیـدام
یەکــدڵو یــەکباوەڕم (ژیکــۆ) ئــیتر بــێ لافو گــاپ.

١- ئەپڵو گراپ (***Apple & Grape***): سێوو ترێ.

٢- سکۆڵا: مەبەست لە وشەی (***School***) ە: قوتابخانە، خوێندنگە.

(٢)

بـاڵق و فامیـده بـووم، ناسـیومه دەسـتی ڕاسـت و چـەپ
لێمگەڕێن ڕێی خۆم ئەزانم، باش و بـێ شـاباش و گـەپ
هەر کەسێ بیرێکی ناشت و، خۆی له خـەڵکی شـاردەوه
بـێ چـرا ئەیدۆزمـەوه ڕەنگـی دزان و چـەوت و تـەپ
چۆن قەڵەو بێ گیسکەکەی خاڵه هەیاسی گورگه ترس؟!
چۆن ئەبێ دووڕوو ڕەهـایی بـێ، لـه داوو قـیر و قـەپ؟!
بـازوویی مـەرگ و هـەژاری، هێنـده پـڕ هێـزەو درێـژ
چۆلەکەی دڵ دەرئەهێنێ، لەم کون و لەو کون بـه لـەپ
ئـەهلی دڵ، بڕواننـه ئـاتۆم و ئەکـسی مـانگ و خـۆر
شارەزابن کـاری وەسـتای بـێ چـەك و بـێ تـۆزو تـەپ
خـاوەنی بـیر و زمـان و نیـشتمان و یانـه نـین؟!
ئێمـه وا بـۆ مەشـکەژێنەی خەڵکـه بووینـه لۆرەلـەپ!!
ئەو زەوی خـۆی جـووت ئـەکا، بـەو هێـز و بـاوو ئـاگره
ئێمه هەر ماندوو ئـەبین، بـەم گاسـن و هـەوجاڕو هـەپ
نەگبـەتی ئـەم بـاوەڕە، خـستمیه بـەر داری فـەنا
ڕایەڵـەو دواکـەوتنم، گرتمییـه کۆشـی شـاپ و شـەپ
بەسـیه (ژیکـۆ) وێنـەبازی و تـەون و بـازاڕی قومـار
زەوتی کردووی فیڵی سووری چاوزەقی مل قیت و ڕەپ!!.

**

-ت-

(١)

چاوی هەڵئەبڕێ بە دووسەد نازەوە دڵ کا خەڵات
هەر خەڵاتێکی هەزار تیری موژەی پێوە ئەخات
سینەیی سینی، ئەڕازێنێتەوە نارنج و سێو
تا بە نارنجۆکی مەم بکوژێ سەرو، بگرێ وەڵات
لێو، شەکەرخەندەو گوڵ و یاقووتی لێ بارکردووە
بۆ دڵی عالەم ڕفاندن، دائەنێ خێرو بەرات
ئاسەواری بڕیەوە، هەر خۆشەویستێکی هەبووی
چی لە شاهی گرژەڕوو کا، نۆکەری بێ دەستەڵات؟
وەك هەوەڵ شاقاوم ئاویتە خەتی دڵپەرەوەری
خۆم بە جارێکی دەراویتە دەری سەبرو سوبات
چاوی کاڵت شەربەتە، یاخۆ شەرابی مەستییە؟
یانە قاوەی شیرنی مەرگە لە فنجانی نەجات؟
ماری ڕەشپۆشن دوو زوڵفت، یا شریتی دارەمەیت؟
یا سویچ و وایەری کوڵمەن لە شاری ڕۆژهەڵات؟
قەت بەهای ماچی تەواو نابێ لە عالەمدا بەکەس
وا مەلەك ڕۆژی ئەزەل تا ئێستە هاتوونە مەزات
من لە ئەم دڵدارییە دیتم جەهەندەم دوورییە
پێگەبینی جەننەتە، بخوازە گشتی موشتەهات
خوازەرو خوازراوو تالیع، عاقیبەت پیرۆزییە
وەرگەڕاوو ژوورو دەر، سابیت بە هاتی کارەسات
ڕەمڵی من وێنەی تەرازووی کارە، ئەیکێشێتە ڕوو
خاڵ و خەت ڕەمزن لەجێ، چبکەن بەنات و ئوممەهات
خۆڵەمێشی خەم لە ڕووتا بسڕە (ژیکۆ)، گەشبەوە
سۆزی ڕاستی خۆت نیشاندەو، هیچ نەبێ پێچ و پەنات.

(٢)

یار لە نەشئەی پەنجەرەی زوڵفی، کە کوڵمی دەرئەخات
هەرکەسێ کە تۆ ئەبینێ، خەم بەسەر خۆیدا ئەکات
دەم، بە نازی لێوەکانی ئەتڵەسی پەڕ دەر ئەکا
ڕۆح و جەرگ و دینی عاشق، گشتی بێ میننەت ئەبات
چاوەکەی تیری لە جەرگم داوە، چۆن شیوەن نەکەم!!
مەرحەمەت فەرموو نەجاتمدە بە ماچێ، تو خودات
بەس بفەرموو، تۆ ئەسیری موسلیمی خاڵی منی
من لە کوشتەی چاوی فیرعەونم، بە ئەمری زوڵفی لات
شاهی حوسنی تۆ تەرەققی کردووە، فەرزینی من
دەست و پێ بەستوو لە داوو، شاهی بەختم بۆتە مات
ئەمری ئەبرۆتە بزانم جەلبی دڵمی کردووە
یانە ڕەحمی زۆرە، دڵ بیمارە، چاوت هاتە لات
گەر لە ڕێگا ئەتگەمێ، نازت قەرزدارم ئەکا
بۆیە گەر لەنجەی ئەفەرمووی، لەعلی ئەشکم دێتە پات
من ئەزانم تۆ لەمن تینووتری، ئەمما ئەبێ
بۆ جەفای دڵ، شاهی چاوت زاهیرەن بگرێ وڵات
موددەتێکە عەیب و عاری ئێمە (ڕاجی)، هەمدەمە
چونکە سەرخۆشن دڵ و جان، پا بەجێ نین یەك سەعات.

(٣)

دیمەنی کێوانی کوردم کرد مەزات
تاکو دامالام و نەمما دەستەڵات
ڕەنگی گوڵزارانی بردی ئابرووم
ڕۆژی ئاواتم بە ڕوو زەردی هەڵات

هێنـــده گریـــاوم لـــه تـــاوی مـــافی کـــورد
تـــا لـــه چـــاوم هـــەڵقوولاَن دیجلـــەو فـــورات
هـــۆزی مـــن، هێـــزی لـــه دەســـت بێگانـــه نـــا
تـــــا ڕەگو ڕیـــــشەی بـــــه لاوازی دەرات
مـــیرو ئاغـــاو شـــێخو بـــەگ، هەریـــەك لـــه یـــەك
ڕایـــــەڵێکی هـــــەڵبڕیو کوشـــــتی خـــــەبات
مێـــشکی بـــردم، قـــاوه قـــاوو جـــاوه جـــاو
پـــیری کـــردم ڕێگـــەیی هـــاتو نـــەهات
ئـــەی خـــوا خـــۆ دوژمنـــی ئـــەم هـــۆزه نـــی؟
بۆچـــی وا پێـــی وەرئەکـــەی میکـــرۆبو لات؟
تـــا بکێـــشم ڕەسمـــی ســـەوزو ســـووری کـــورد
هـــەر خەریتـــەی زەردی دەردێ، یـــا ســـپات
قامـــەتی شـــۆخی بـــه بـــیر ســـەودا ئەکـــەم
تـــا هـــەڵێنم پێـــی، ســـەرو چـــاوی وەڵات
تاکـــه ســـەرداریك بـــوو، ئـــەیگێڕا مـــشوور
ویـــش، کـــه هـــەر چـــاری نـــەما دوو جـــار هـــەڵات
هەســـتی بـــەرزی پـــێ ئـــەکا دوژمـــن ئـــیتر
مەرجـــه تـــا تێکـــی نـــەدا، کـــارێ نـــەکات
بەســـییەتی (ژیکـــۆ)، ئـــیتر هـــاوارو بـــانگ
کێـــت هەیـــه دۆســـتو بـــرا، بێنـــه پـــەنات؟!.

(٤)

دنیـــا چـــلۆن نوانـــدی شـــۆرو نـــەوازو ئـــاوات؟
لایـــێ بـــه شـــینو گریـــان، لایـــێ بـــه ڕەقسو سابات
یـــەك ئـــاقڵو سیاســـی، یـــەك جاهیـــلو پڕوپـــووچ
تێکـــەڵ بـــووه هـــەموو شـــت، لـــه شـــارانو لـــه دێهـــات

یــەك تــاڵیبی ژن و مــاڵ، یــەك مــائیلی نیفاقــە
یەك زۆر بەخیل و ئاڵچاغ، یـەك غـەرقی نـاو سـەخاوات
یـەك عابیـدو هونـەروەر، یـەك بـێ حـەیاو موفـەتتین
یــەك سـاقیی شـەرابە، یـەك تێـچوویی خـەرابات
پـڕ خـەوش و خـەم زەمانـە، ڕازاوە هەرچـی ڕووخـا
ڕووخـاوە هەرچـی ڕازا، مەقـسەد کرایـە هـەیهات
بولبـول بـە ئـاخ و ناڵـە، ڕێـوی بـە دەسـتی کـوڵی
هـەموو هـەر چـوونە بەنـدا، تـا گـورگ و مـارو مـاڵات
(ڕاجی)، قەسـەم بـە قورئـان، دەلیلـی چـاك ئەمانـەن
خودا کـە بـێ شـەریکە، دروسـت ئـەکا چ حـەز کـات.

(٥)

ئیـــشارەی نـــازی چـــاوی، نـــەفی و ئیـــسپات
وەکـــو موســـا، دڵـــی بـــردم بـــە میقـــات
بـــە بزمـــاری مـــوژەم، قـــایم دەکـــەم دڵ
لـــە ســـروەی بـــاخی پـــڕ ئەســـراری بـــاڵات
دەخیلـــی چـــاوەکانت بم لــــە بەرچــــی
ئەبـــەی تـــالآنی ڕووحـــم بـــۆ خـــەرابات؟
ڕوخـــت گـــوڵ، قامـــەتت عەرعـــەر، ســـەرت شـــەو
دڵـــت بـــەردو، مـــوژەت تـــیرو، بـــرۆت لات
شـــکاندت جـــان، بـــە شـــیری نـــازو لەنجـــە
ڕفانـــدت دڵ، بـــە بـــازی چـــاوی شـــەهلات
هەناســـەی مـــن لـــە دامـــێن عەســـکەری زوڵـــف
لـــە پـــێش چـــاوی ڕەقیبـــان بۆتـــە ئـــاڵات

کــه ســینه‌م کــرد هــه‌ده‌ف بــۆ تــیری دوژمــن
بــه مــه‌رگی تــۆ قه‌ســه‌م، نــه‌مبوو موخافــات
کــه نــووری ڕۆژ ئه‌به‌خــشێ، خــاڵی تاریــك
ئــه‌بێ چــۆن بــێ لــه ئوفقــا ڕووت کــه هــه‌ڵهات؟
لـــــه‌وی زێـــــتر نـــــه‌بوو ئومێـــــده‌وارت
فه‌قـــه‌ت (ڕاجـــی)، نـــه‌بوو جـــارێ مواســـات.

(٦)

سه‌د ئه‌سه‌ف گوڵشه‌که‌را، مـه‌یل‌و موحابـا بـووه قـات
بـۆ دڵــی خه‌ســته‌وو بێــچاره، مــوداوا بــووه قــات
لــه هــه‌موو لاوه ده‌ڵــێن، تــازه چــه‌مه‌ن خــه‌مڵیوه
گه‌رچی بۆ بولبولی دڵ، خه‌نده‌یی گوڵهـا بـووه قـات
ئــه‌ی دڵا، گــه‌ر بــه ئومێــدی قــه‌دی زیبــایی ئــه‌وی
شـێت‌و بێهـۆش‌و هـوڕی، قامـه‌تی ڕه‌عنـا بـووه قـات
دڵــی مــه‌جنوونی منــه، شۆڕشــی لــه‌یلا ئه‌یــه‌وێ
بۆیـه ئیمڕۆکـه مه‌گـه‌ر خه‌یمـه‌یی سـه‌حرا بـووه قـات
مــاهی تابانــه ســیمای حوســنی، کــه دامــه‌نگیره
موشته‌ری قه‌دری نـه‌ما، هـه‌روه‌کو زوهـرا بـووه قـات
چونکه ده‌سـت‌و قـه‌ده‌حی یارمـه، ئیمـشۆکه لـه نـاو
خه‌نده‌یی لێوی ڕه‌قیب، وه‌ك شه‌وی یه‌ڵدا بـووه قـات
شه‌وی به‌زم‌و ته‌ره‌بـه، موتریـب‌و سـاقی بـه هـه‌وه‌س
شـێخی تۆبـه‌و نـه‌زه‌ری عیففـه‌ت‌و تـه‌قوا بـووه قـات
چه‌نگ‌و نای‌و ده‌ف‌و عوودو، چه‌قه‌نه‌و به‌ربـه‌ت‌و سـاز
چونکه هاتوونـه سـه‌دا، مه‌نهـه‌جی فـه‌توا بـووه قـات

خـەوە یـا زیندەگییـە کۆمـەڵی بـەزمت، (ڕاجـی)؟
کـە بـەراواژە دەڵێـی، مـەیل و موحابـا بـووە قـات!!.

(٧)

مـژدە بـێ ئـەی دڵ، لـە ئوفقـا ڕوویـی دڵئـارا هـەڵات
چـارە دەتـوانی بکـەی دەردت، ئەگـەر سـەودا هـەڵات
ڕووی لـە پـەردەی شـەرمەوە هـەڵهاتووە، گـیراوە ڕۆژ
کەوکەبـەی خـاڵ و خـەتی، تـاقم بـە تـاقم وا هـەڵات
شـاهی یـارانی زەمـان، هاتۆتـە خانـەی بەزمـەوە
لەشـکری عـەقڵ و ئـەدەب پشتی شـکا، پـرژا، هـەڵات
خانـەیی تـاریکی دڵ وەبزانـە زوو بکرێتـەوە
وا جـەماڵی دڵبـەران وەك تـالیعی بـەیزا هـەڵات
کەشـفی چۆن ناکـا؟ خـەیاڵاتی دڵـی غـەمباری مـن
هەر دەمێ، لەو بورجی ڕەحمەتدا ڕوخـی مـەعنا هـەڵات
چـنگی بـازی چێـشتووە، کەوتـە شـەفەق ڕۆژی سـەما
یـاری مـن هـاتو، بەسـەد زام و بـرین عـەنقا هـەڵات
بـۆ هـەوای کـوردی عـەزیز و خۆشەویـستم (ڕاجیـا)،
چیهرەیی ساغەر، لە کەففـەی شـاهیدی ڕەعنـا هـەڵات.

(٨)

ئـەی دڵ، چ ئەبەسـتی تـۆ تەعـەللوق بـە مـەحاڵات؟
گـەر نەقـدی تەڵـەب کاسـیدە، بۆچـیمە خەسـارات؟
تـا جـەرگی مـن و دیـدەیی تـۆ مەسـتی حیـسابن
ئـاگرگرە دڵ، لـەم قەسـەبەی کـۆیی عیبـادات
سـاقی وەرە تـاڵانی سـەرمکە، سـەرو مـاڵم
نـەك خـەرجی بکـا چـەرخی سـەما، فیتنـەیی ئـەوقات

یــا لەشـــکرە، یـــا زائیبـــەیی ســـەروی ڕەوانـــن
ئـــەم دەســـتەیی زوڵفانـــە، لەســـەر قامـــەتی ڕەعنـــات
گـــەنجی دڵـــی وێرانـــە، کـــە وێرانـــی نیـــازە
ماچـێکی دەمـت بـەس بـوو، کـە نـەتکردە موافـات
دڵ حـــازرە بـــۆ مـــوڵکی تیجـــارەت، بـــە تـــەفائول
وا کەوتـــە ســـەفەر قافیلـــەیی فیکـــر و خـــەیاڵات
بـــەم زوڵفـــە، ئەگـــەر قـــابیلی خنکاندنـــە (ڕاجـــی)
ســـاتێ مەکـــە تـــەئخیری قـــەنارەی قـــەدو بـــاڵات!!.

(٩)

دانیـــشتم و بـــورجی حەمـــەلم، قەوســـی وەلا خـــست[١]
عـــەقرەب بـــە لـــەبی ســـونبولەوە، دڵمـــی لـــە پـــا خـــست
جـــەدیی ئەســـەدم، ســـەوری شـــیکایاتی شـــکاندم
چـــنگی ســـەرەتان، حـــووتی لـــەناو داوی فـــەنا خـــست
دەلـــوی دڵـــی مـــن، ڕاســـتە کـــە میزانـــە لەگـــەڵ ئەشـــك
جـــەوزایی مـــەمی دڵبـــەرە، ئێمـــەی بـــە فیـــدا خـــست
ئەوجی سەری من، عەینی حەچیچی بەری پێتە تەعدیلی
ڕوخـــت، عەکـــسی لەگـــەڵ بـــەختی ســـیا خـــست
ئـــەم مینتەقـــەیی قـــەددی تـــۆ، بەســـتوویە دڵ و ڕۆح
ئـــەبرۆیی قـــەزەح، تـــیری بـــەناو جـــەرگی منـــا خـــست
بـــێ موشـــتەرییە زوهرەیـــی مـــن، چـــونکە لـــە ئافـــاق
هەرچـــی ســـەری دا، پـــایی لـــە کەنـــداڵی خـــەتا خـــست

١- ڕاجی لەم هۆنراوەیەدا ناوی هەر (١٢) کەلو (بورج) ەکانی هێناوەو شارەزاییەکی باشیشی لەو بوارەدا هەبووە.

وەك حــەزرەتی خورشــید، لــەناو قەوســی نــەهارا
یارم قەڵەمی شەوقی بە (ڕاجـی) بـە سـەما خست!!.

(١٠)

دانیــشتووی مــەحزون بــووم، ســوڵتانی خــەیاڵت هــات
هــاتیف بـە نـەوا فـەرمووی: هەسـتە سـەرو ماڵـت هـات
جێــژنی ڕەمــەزان ڕۆیــی، مــن زارو بــە ڕۆژوو بــووم
ئــەی دڵ گلــە بــشکێنە، هــەنگامی ویــساڵت هــات
تێکۆشــە لــە مەینۆشــی، ســەر دەرکــە بــە مەســتانە
وا پــایزی هیجــران چــوو، باغــاتی جــەماڵت هــات
نــەورۆزی خــەت و خاڵــت، بــاخی ئیرەمــی ئــەنگاوت
شــەددادی تەئەســسوف چــوو، تەشــریفی جــەلالت هــات
ئــەم مەیکــەدە تــا ســەربێ، یــاڕەب لــە خراپــی دوور
ســاقی وەرە ئاغووشــم، وا حــوکمی حــەلاڵت هــات
مەســـرووره هــەموو عالــەم، لــەم پڕتــەوی کوڵمانــەت
مــەخمووره دڵــی عالــەم، وەختــێ مــەیی ئاڵــت هــات
تــەحریکی مــەدەن ســۆفی! بــا حیلــە نــەکا یــارم
(ڕاجــی) مەکــە تەنگانــە، وا زەوق و مــەجالت هــات.

(١١)

چــەندە دانیــشتم لــە کــونجی خانــەقا، یــارم نــەهات
چــەند برینــدارو نەخۆشــم، مەرهــەمی زارم نــەهات
چەند بەهێش، فرمێسکی خوێنین هاتـە لێـشاوو خـرۆش
مــات و ناکــام و هەراســان، یــاری دڵــدارم نــەهات
بــێ دەرو ڕێگــەو عــیلاج و قوڕبەســەر، دەگــریم و دێــم
ئاوی کەوسەر، میسك و عەنبەر، سەروی گوڵنـارم نـەهات

ئەی ڕەفیقان، وا وجـوودم تـك بـه تـك ئەڕژێتـه خـاك
چونكه وەعدی داو شكاندی، هـەر بـه ئاقـارم نـەهات
مــن شــەهیدی ئــەو دڵارامــەم، بــه هیــوا كوشــتمی
لـەو هـەموو كاروانـسەرایه، كـەس بـه هـاوارم نـەهات
ســەر لــەخاكی زەحمــەتا هــەڵنابڕم، مەمگرنــه كــاخ
هــەر ســەرەی نەگبەتمــه نــۆرەی دادو دیــدارم نــەهات
زەحمەتـه (ڕاجـی) ڕەهایـیت بـێ لـه داوی گــوڵڕووان
وەك منی بێچارە، دووچار بووم و، نیوچـارم نـەهات[1]!!.
١٩٣٦

(١٢)

بێنــــی شــاهی دڵبــەرانی نــازكی گوڵبــۆ نــەهات
شــەممەیی بــاخی بــەهارو ســەبزەواتی تــۆ نــەهات
دائیرەی عەقڵم له دەسـت وەستاوە، خـوارو پـڕ غەڵـەت
چونكه بۆ تەشـریحی عیشقم، جـەدوەلی ئـەبرۆ نـەهات
زوو لــه كــوورەی عیـشق كـەوتم، تــا درەنگــێ دامـرام
ئەی خودا بۆ شەهری یاران، بۆ لـه مـن بۆنـسۆ نـەهات؟
ســەبرو ئــارامم نــەماوە، تــاوی هیجــرم كەوتــه ســەر
مــردم و ســاتێ لــه دەورەم، شــیوەن و ڕۆڕۆ نــەهات
والــەیی دەردی فیراقــم، گێــل و ســەرگەردانی تــۆ
داخی جـەرگم، دارووپـی شـەوبۆیی زوڵفـی تـۆ نـەهات

١- لەشوێنێكی دیكەدا دەڵێ: (ڕاجیا)، زەحمەت خەلاسیت بێ لە جەوری گوڵڕوخان وا زەمانێكە ڕەفیقی كونجی هاوارم نەهات.

یــار، غەزالێکــە لــە کوردســتان و ماچــین خالیــسە
وەختە کوێربم، چونکە شوعلەی ڕوومەتی ئیمـڕۆ نـەهات
جیسم و جـانم دایـە دەست ئـەم دڵبـەرەی غارەتگـەرە
ئەی عەجەب! جارێ بە عیـشوە بـۆ سـەری تـاپۆ نـەهات
دڵ لـە داوی بەنـدە، هەقیـە، شـوێنی جیـسمم ناکـەوێ
کەی لەگەڵ ڕۆژا ئەڵێی، بۆ شەمعی جوستوجۆ نـەهات؟!
کــاتی مەرگــە (ڕاجیــا)، ڕۆیــی ژیــانی بــێ ویــصال
دەردمان سەد دەردە چونکە، بۆیی یـاری کـۆ نـەهات.

(١٣)

مــەزاقم تاڵــە بــەم ژەهــراوو خوێنــاوی خــەمی عیــشقت
دەروون ئاشــوفتەیە دایــم، بــە تــۆزو ماتــەمی عیــشقت
لە کوورەی دووریـا سـووتا، هـەموو بـەرگی ویصالی مـن
فــەقیری کــردووین قوربــان، عــەجایب حاتــەمی عیــشقت
ئــەزانی مــن لەبەرچــی شــێت و سەرگەشــتەو هەراســانم؟!
هوجوومی کردە سەر من، ئـەی عـەزیزا، عالـەمی عیـشقت
برینـــداری دەمـــی شـــیری بـــرۆت و تـــیری موژگـــانم
هەمیشە خەسـتەوو گـیرم، لـە حەلقـەی ئەدهـەمی عیـشقت
لە دەشـتی سـینەما هەڵـسا، غوبـاری وەحـشەت و نـەفرەت
بـە زاهـیر چـاکە بینـاییم، بـە دڵ کـوێری تـەمی عیـشقت
چـلۆن ژینێکــە ئـەی دڵبــەر، کـە مـن هـەردەم نـەناڵێنم؟
چلۆن نەڕژێ ئیتر ئەشکم، بە شێوەی شـەونەمی عیـشقت؟!
جگەر دووپارە بوو (ڕاجی)، غەمی دووبـارە دیـسان هـات
موحەقەق بوو کە تۆ فەوتای، بە تیغی دوودەمـی عیـشقت.

(١٤)

گـەڵایی پـایزم دوور بـێ، لـە یـارو خزمـەکان ئـەی دۆسـت
بە ڕەنگـی زەردی بێ قیمەت لە کۆی پڕ قیمەتان ئەی دۆسـت
فـلان کـەس بمکـوژێ یـاخۆ ببەخـشێ، مـن چـمو چـبکەم!
بـە غـەیری ئـاهی بێدادی، لـە بـازاڕی بوتـان ئـەی دۆسـت
تـەبیبی دەردی یـاران یـارە ئیمـڕۆ، بـۆ منـی غـەمگین
خودا هەڵناگرێ دوژمـن بکـا دەرمـانی جـان، ئـەی دۆسـت
لـە بۆتـەی ماتـەما جـەرگم کـولاّ، ئیکـسیری ڕووت بێنـە
بە میعیـاری لەبتکـە تەجرەبـەی زێـڕی عـەیان، ئـەی دۆسـت
مـەراقو وەحـشەتی دنیـا بـوو، چێـشتی ڕۆحـی ناشـادم
فەرەح بەخشێ نەبوو دامانی بگرم، (ئەلئەمان) ئـەی دۆسـت
ئـەزانم هێنـدە بـێ ڕەحمـی، وەکـو گـاور لەگـەڵ ئیـسلام
نەبوو مەیلی سەلاّحەت کەی، لەگەڵ یەخسیرەکان ئەی دۆست
قـەزا نووسـیویە کـارم، هـەتا مـردن کـە (ڕاجـی) بم
ڕجاگیریی ئیتر خۆم خـستە خانـەی دۆسـتان، ئـەی دۆسـت.

(١٥)

وا دڵـی مـن بەنـدە بـەم غـەمزەوو هینـدوویی دۆسـت
قامـەتی مـن بەسـتەیی حەلقـەیی گێـسوویی دۆسـت
چـارەیی موشـتاقی دڵ، کوشـتنی دەرگـاهی یـار
مەرهەمی عوششاقی ڕۆح، زەخمـە بـە بـازوویی دۆسـت
مردنـــی زاری منـــە، هیجرەتـــی شـــیرین لـــەبان
ئـاوی حـەیاتی منـە، لەنجـەیی ئـاهوویی دۆسـت
ژەنگـی خـەمی گرتـووە، دڵ لـە تەمـەننایی خـووی
لازمـە سـافی بکـا، دوو لـەبی خـۆش خـوویی دۆسـت

ڕەنگــی بــەهارم شــکا، قــوڕ بەســەرم، بــێ مەفــەر
کەس نییە خۆی ڕاگـرێ، بـۆ خـەمی ئـەبرוویی دۆسـت
داخــی دڵ و جــانی مــن، مەرهــەمی نایــا بــە هــیچ
غەیری لـەبی ڕەحمـەتو، خـاکی دەری کـویی دۆسـت
ئــاگری عیــشقم بــەجۆش هاتــەوە بــۆ ڕوویــی گــوڵ
نـەوتی بەسـەردا ڕژانـد، هێـشتە دوو جـادوویی دۆسـت
هــــەر غــــەزەلێکم پــــڕی دەفتــــەری عوشــــشاقییە
فائیـدە نـادا ئەگـەر، جـارێ نەچـی سـوویی دۆسـت
لاف لێمـــەدە (ڕاجیـــا)، بـــەم غـــەزەلی ســـیحربار
مەنعـە لـە کێـشانی ئـەو، پـایی تـەرازوویی دۆسـت!!.

(١٦)

گیـــانم بـــە فیـــدای چـــاوی ڕەش‌و تـــیرو کـــەوانت
مـــاڵم ســـەدەقەی لێـــوی گـــوڵ‌و، ســـەروی ڕەوانـــت
بــۆ نیــو نــەزەری خۆشــییو، یــەك لەنجــەیی بــاڵات
هەرچـــی هەمـــە بـــەرتیلی دەم‌و لێـــوی جوانـــت
چـاوم لـە تەماشـای هـەموو کـەس، گـورج ئەنووسـێ
بێجگـــە لـــە قـــەدو لەنجـــەیی دڵـــسۆزو هـــەژانت
دڵ تەنگـە وەکـو خونـچە کـە قووچـاوە لـە دووریـت
وەك خەنـدە ئەپـشکوێ، بـە هـەوای چـاوو موژانـت
بـــۆم پڕکـــە پیاڵـــەی دەم‌و لێـــو، تـــاکو بنۆشـــم
ئـــاخیر نەفەســـی مەرگمـــە، دووربـــێ لـــە گیانـــت
نـــەختێ وەرە باوەشـــم‌و، کـــەنارم بکـــە گـــوڵزار
جەننەتمـــە گەیـــشتن بـــە تـــۆ، ســـوێندم بـــە ژیانـــت

هەرچـــەندە دڵــم ڕائەگوشـــن پەنجـــەیی زیـــوین
زێـــدە لـــە خـــەیاڵم، خـــەمو خـــوێن دێنـــە خوانـــت
هەرچـــی هەمـــە هـــەرزان و بـــە تـــاڵانی ئەبـــەی تـــۆ
بـــێ زێـــڕو زەبـــەر چـــیمە لـــە بـــازاڕی گرانـــت؟!
هەر ڕۆژە بـە جـۆرێ دڵـی خـۆم دایـەوە، خـۆش بـووم
بـــەو بـــاوەش و ماچـــانەوو نەشـــئەی شـــەوەکانت
هێنـــد ناســـکی، ئەتوێـــەوە وێنـــەی عـــەرەق و قەنـــد
چـــەند دڵبـــەرە ســـینگ و مەمەکـــەو، بـــەرگی کـــەتانت
خـــۆڕایی نییـــە ســـۆزو گەشـــەو خەنـــدەیی (ژیکـــۆ)
ئەی کـوردە لـە ڕێـی گوڵـشەنی ڕووی مەملەکـەتانت!!.

(١٧)

مـەخۆ ژەهـری هـەلاهیل میللـەتی کـوردی بـە تـەخمینت
چـلۆنە زەلزەلـەی وەختـت، لەگـەڵ تـاڵاوو شـیرینت؟
سوپاسی میللەتی خۆم هـەر ئەکـەم، ئـەمما تەحەممولکـە
کـەیف خۆشـی بەسـە، ببڕە ڕەگـی دڵـداری پـڕ کینـت
لـە خـۆت هـەرگیز فەرامۆشـی مەکـە، پێداکـە، نـازانی!!
شـــکاوە شووشـــەیی دنیـــا، پـــساوە ڕشـــتەیی دینـــت
ئیتر زۆر واجیبـە ئیمـڕۆ، دروستیی کـەی لـەکاری خـۆت
کــە حەیفــە ســەوزەواتی تــۆ، هــەموو بکرێتــە پــەرژینت
بــە ئەســباب و تفــەنگ و تــۆپ و تــەیارەو ترۆنبێلـــی
ڕەواجـــی خـــستە بـــازاڕت، ڕفانـــدی خەزنـــەیی ژینـــت
بەسـە خـوا بتگـرێ، فکـرێ لـە ئـەحواڵت بکـە میللـەت
چ حەیفێکـە کـە دوژمـن بـێ، بـەبادا خەرمـەنی شینت!

ئەمن کوردم، وەکو (ڕاجی) بە داخیشی لە فەوتانم
ئەتۆش ڕەحمێ بفەرموو خۆت مەخە ناو داوی چین چینت.

(١٨)

هۆش و دڵ و ئاوات و ژیانم بووە نەگبەت
ڕەنگە نەگەمە باوەشی ئەو سەرگوڵە قەت قەت
کەوتوومە تەم و ماتەمی دووری، بە تەماشم
بیگرم، بگەزم، ڕاییگوشم، بیخەمە سەر خەت
ترسم هەیە، پەرچەم بە سەبا هەڵبزرکێ
یا هەڵبوەرێ میوەیی ئاکامی لە ڕوومەت
ئەو، زینەتی باخات و گوڵ و گیاوو درەختە
کاتێ کە بە لێو دێ بە بزەو، لەنجە بە قامەت
گەر تیری موژەی خستە بڕۆی ماڵی کەوانی
سینگ و جگەرن، دەبنە نیشانەی هەموو ئافەت
بەو نیوە تەماشایە، کە ئەیکەی بە دزی خەڵك
عاشق ئەگەیێنی بە هەموو پایەوو دەوڵەت
قوربان و بەلاگێڕی گلێنەو نەزەرت، دڵ
بیبەستە بە لاگیرەوە، لاگیری خرینگەت
تا لەو ملە ئەتلێتەوە، بەو تاسە ئەتاسێ
ئەو کاتە لە دوولاوە، بە قژ بیخەرە ژێر پەت
بێژە ئەمەیە قۆچی فیداو، حەججی قبووڵم
بۆ خەڵکی مەکە، بیکە لە کابە بە زیافەت
ئەو عیشوەوو نازانە کە ئەنوێنی لە ڕوو دا
بۆ بردنی گیان و دڵە، کردووتە بە عادەت

(ژیکۆ)، بە تۆ پەیوەندە ئەگەر بیخەیە پێوەند
ئارامە لە چاوی ڕەش‌و، ئازادە لە خەندەت !!.

(١٩)

ئەی شاهی منی خەستە لە دونیاوو قیامەت
یەکچاوە تەماشا بکە، یەك عیشوە بە قامەت
هەر عیشقی ئەتۆم جێی تەڵبەو، گەوهەری مەرغووب
ساندوومە لە دوژمن بە تەما، باج‌و غەرامەت
لەم داوی شەوی هیجرەتی تۆ، بێ دەسەڵاتم
خۆت فەرموو، هەتا چارە ئەکەی دەردو سەقامەت
بۆ وەصڵی جەماڵت، دڵەکەم مانیعی دینە
دەرچوون نییە، لەم مانیعی جەمعە[1] بە سەلامەت
چبکەم، کە گوڵستانی جەماڵت ئەدرەوشێ
من بەندی تەڵەی ئافەت‌و جەورم، بە مەلامەت

١- المانع (ڕێگر- ڕێنەدەر): زاراوەیەکی زانستی بیرسایە (علم المنطق)و، ڕێگر دەبێ لەبەردەم پێکەوە سازان‌و گونجان‌و پێناسەکردن‌و کۆکردنەوەی هەموو جۆرە جیاوازەکانی سەر بە ڕەگەزێکی دیاریکراو لەژێر سایەی خۆیدا. لێرەدا، زاراوەی (مانع الجمع- ڕێگری کۆکبوون) ڕێگرە لەبەردەم سازان‌و کۆکردنەوەی پێکەوەی (وەسڵی جەماڵی یارو، دین). واتە هەر دەبێ یەکێکیان هەڵبژێردرێ‌و هەردووکیان پێکەوە هەڵناکەن‌و ناکۆك‌و نەساز دەبن، چونکە خەسڵەتە گەوهەریەکانی هەردوو بێژەی (وەسڵی جەماڵی یار)و (دین) لەیەکتری جیاوازن‌و ناتوانرێ لە ژێر سایەی پێناسەکردنێکی بیرساییانەشدا کۆبکرێنەوە.

واتای دێڕکەش بەمجۆرەیە: (بۆ ژوان‌و گەیشتن بە جوانی تۆ، دڵم کە تامەزرۆو تاسووقە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم دیندا. لەم ڕێگری‌و نەگونجان‌و نەشیانی کۆبوونەوەی پێکەوەی هەردووکیشیاندا بە سەلامەتی قوتارم نابێ، چونکە هەرکامێکیان هەڵبژێرم، ئەوەکەی دیکەم لە دەستدەچێ). یان: (بۆ ژوان‌و گەیشتن بە جوانی تۆ، دین دەبێتە ڕێگر لەبەردەم دڵی شەیداو تاسووقمدا، لەم ڕێگری‌و نەگونجان‌و نەشیانی کۆبوونەوەی پێکەوەی هەردووکیشیاندا بە سەلامەتی قوتارم نابێ، چونکە هەرکامێکیان هەڵبژێرم، ئەوەکەی دیکەم لە دەستدەچێ)، چونکە دەستەواژەی (دڵەکەم مانیعی دینە) بە دوو واتا خۆدەنوێنێ.

وێرانــــە هـــەموو خانـــەیی عـــومرم بـــە نیـــازی
سەد وەیـل، کــە بــێ مەیلە لەگــەڵ مـورغی کەرامـەت
لـــەم قافیلــە ئەفکارەیــە، (ڕاجــی) بکـــە یـــادم
لـــەم غوربەتـــەدا، لێمـــەدە تـــۆ مـــۆری ئیقامـــەت.

(٢٠)

ڕازایـــەوە ئـــەم کوڵمـــەیی تابـــان و موخەتتـــەت
پێــچایەوە ســەد ســونبولی چــین چــینی موفــەڕڕەت
ئــەی دڵبــەرە تیرمکــە لــە ماچــی لــەب و کوڵمــەت
وەك زامــی جگــەر، تــۆ بکــە جــان مــەزج و موخەڵڵەت
نــاوێرم ئەگــەر باســی دەمــت کــەم، لــە جیهــەت مــاچ
خــۆ بــاوەش و دەســتگرتنەکەت، نــاکرێ قــەت قــەت
لــەم گەنجــە، لــە کونجێکــەوە وەســتا بەچــە زەنگــێ
یــا کــافری زوڵفــت، لەســەری کــردە موســەڵلەت!!
ئــاهم لــە هــەموو لاوە ســەمای گرتــووە، خــەت خــەت
ئەشکم لە هــەموو خاکــەوە جــاریی بــووە، شــەت شــەت
عیــشقت، ســەنەما! مەدخەلــە بــۆ قــەلبی برینــدار
وەسڵت، چ عەجــەب! بــۆ منــی بێکــەس بــووە مەسقەت
نــازك تەنەکــەم مەنعــە لــە وەســڵی دڵــی پــڕ شــۆر
(ڕاجــی) بکــەوە بــەحری موحیتــا، تــۆ وەکــو بــەت.

(٢١)

لــــەم بــــاغی بناگوشــــە، منـــــی دیـــــوە گـــــوارەت
بـــەم شـــەوقە، لەســـەد بێکەســـی پرســـیوە گـــوارەت
باســـــی ســـــرۆتن ناکـــــەم و هاتوومـــــە کـــــەنارت
وەك لالـــە، کـــە لـــەو جەننەتـــە خـــەملیوە گـــوارەت

عەکسێکە لە دڵ کەوتووە، پێچاوە جیسمی
جیسمێکە، وە یا نیوە دڵە، نیوە گوارەت؟
هەرچەندە جگەر کونکونی موژگانی بە خوێنم
سەد داغی منی بێکەسی پۆشیوە گوارەت
سەد گەنجی زەڕو زیوی (سولەیمان)یی و (قاڕوون)
ئیمڕۆکە بە یەك پیسەیی نەکڕیوە گوارەت
بەم ڕەنگە، کە هەمڕەنگە درەوشانی بە هەرلا
قەدری جگەری بولبولی ناسیوە گوارەت
دڵ سەر نەزەری عیشقە، دەمێ چوویە تەماشا
نابینی؟ هەوای پەرچەمی گۆڕیوە گوارەت
بەهـ بەهـ، چ عەجەب، تێکەڵە نەشئەی گوڵ و نەسرین!
هەڵبەت، چەمەنی جەننەتی هۆنیوە گوارەت
بەم تیشەیی ئەفکارە، بە سەد مەصقەلی ئەڵماس
(ڕاجی)، بە گەلێ سوورەتی تاشیوە گوارەت!!.

(٢٢)

دڵ حازرە لەم دەرگەیە بیدەم بە بەشارەت
نەك چاوی بەڵەك نەقشی نەکێشێ بە ئیشارەت
لەوساوە لەناو ڕەوزەیی حوسنت تەرەبم بوو
ڕۆیی سەرو ماڵ و دڵ و دینم بە تیجارەت
تاکەی هەوەسی گوڵشەن و، ئاواتی ویساڵت؟
ئەی خانەهەرەس، هەستە لەناو تۆزی فەتارەت
دەستی دەشکێ، ئەو کەسە چاوی لە تەڵەب کا
بەغدا نییە هەر جێگە ببینی بە ئینارەت

قـەومی حەبـەش و تـورك و عـەرەب، دەسـت و دوعـاتن
ئـەی کـوردی گـران، فـەرموو، ئەگـەر مەیلتـە غـارەت
نەقدێکــە، لــە دەســتی چــووە قــاڕوونی بــەڵاکێش
مــەگرە لەســەرم، تینــەت و کەرپووچــی حــەقارەت
چــاوی لــە ئومێــدی کــەرەمی تــۆ نییــە، (ڕاجــی)
ئــەم ســەندەلە نووســراوە لــە دیــوانی وەزارەت.

(٢٣)

لــەم لالــەیی نوورینــە دووســەد خانــە بەدەرکــەوت
ئــاگر لــە پــەڕو قــالبی پەروانــە بەدەرکــەوت
لــەم چــاوە، لەبــەر مەســتی یــو کــاڵایی مەحەببــەت
ســەودایی مــەی و ســاقی یــو مەیخانــە بەدەرکــەوت
مــورغی دڵەکــەم بەســتەیی ســەد عیجــز و نیــازە
خاڵــێ لەســەری زوڵفــی، کــەوەك دانــە بەدەرکــەوت
سـۆفی کـە بـە چـەند تەعنـەوە دوێنـێ سـەری کێشا
لــەم حەلقــەیی مەردانــەوە، مەســتانە بەدەرکــەوت
دڵ هاتــەوە ڕووی شــەهپەڕی ســوڵتانی عەدالــەت
بــۆ قەیــدو بــەڵا، بــێ دڵــی دێوانــە بەدەرکــەوت
زاهــیر بــووە خونــچەی دەمــی ئــەو دڵبــەری ڕەعنــا
بولبــول بــە دووســەد ناڵــە، لــە هێلانــە بەدەرکــەوت
ناچــێ بــە دوو عالــەم، کەســەری ســەر دڵــی (ڕاجــی)
لـەو پەرچـەمە، گـەر تـوڕڕەیی شـاهانە بەدەرکـەوت!!.

(٢٤)

دڵێکــــی گــــەر نــــەبێ پــــەروایی عوشــــرەت
بــە نــەفرەت بــێ لــە بــن دەرگــایی عوشــرەت

هـــەوایی موتریـــبو ســـاقی لـــە هـــەر جـــێ
دەگێـــڕێ چـــەرخی ســـەرتاپایی عوشـــرەت
بـــە گـــوێزەی چـــاوی شـــۆخت، ئـــەی دلاَرام
کـــەرەم فـــەرموو بـــە مـــن مینـــایی عوشـــرەت
لـــە خەنـــدەی لێـــوی پـــڕ نـــازو نیـــازت
دەپـــشکوێ خونـــچەیی زیبـــایی عوشـــرەت
نەســـیمی زوڵفەکـــەت، حەیفـــە نەشـــێوێ
بـــە لەنجـــەی قامـــەتی ڕەعنـــایی عوشـــرەت
دڵـــی پـــڕ حەســـرەتم ئـــەمجا ئەڕسـکێ
بـــە عیـــشوەی نەرگـــسی شـــەهلایی عوشـــرەت
چـــلۆن بـــشکێ بـــە تیپـــی غـــەم لـــە مەیـــدان
کەســـێ، گـــەر هاتـــە بـــن ئـــالاّیی عوشـــرەت
ســـەفا هاتۆتـــە جونبـــوش، هەســـتە غـــەمبار
شـــکاتی خـــۆت ببـــە لای شـــایی عوشـــرەت
خـــەوە یـــاخود خـــووە (ڕاجـــی)، ئەمەنـــدە
دەفـــاتیر پـــڕ بـــووە ئینـــشایی عوشـــرەت!!.

(٢٥)

بۆچـــی ناپرســـی لـــە حـــاڵی عاشـــقی میـــسکینەکەت؟
کـــەوتووە، بێکـــەس دەناڵێنـــێ، ئـــیتر غەمگینەکـــەت
زارو هــــاواری شــــەوو ڕۆژی، ســــەمای داگرتــــووە
گەه دەسووتێ، گەه دەسووڕێ، بۆ چرای ڕەنگینەکەت
بولبــــولێکم، ناڵــــەناڵم عالــــەمێ بێــــزار ئــــەکا
کـوا حـەبیبا، بـاخی خونـچەو سـونبول و نەسرینەکەت؟

مـەی پەرسـتێکم لـە خانـەی عیـشقەوە نـاگرم قـەرار
تێکـە، بـۆم دانـێ هەدیـیـەی پەنجەکـەی زیوینەکـەت
شـاهیدی خـاڵو خـەتت ئیقرارییـان داوە کـە تـۆ
دەمکوژی هەردەم بە تاری پەرچـەمی چـین چینەکەت
لەعلی لێوت کەی دەکا شیرین، مـەزاقی ڕۆحـی مـن؟
وا گەیـشتە فـالی سـەروەت، چـاوی تـالیع بینەکـەت
لـەحزەیێ دەسـتم نەگەییـە بـاخی شمـشادو هـەنار
هـەر تـەرەف دەورەی ئەسـوورێم، مانیعـە پەرژینەکـەت
مەرحەمەت ناکەی کە جـارێ بێمـە مـەنزەرگاهی ڕووت
یـا بەسـیتە، کـەس قبـووڵ ناکـا ڕوخـی ئایینەکـەت
سـەرزەدەی جـامی خـەراباتم، لەسـایەی عیـشقەوە
بـورجی نەسـخی ڕۆژی عەقڵـە، کۆمەڵـەی پەروینەکـەت
ڕێـم نییـە، بێمـە کـەناری جەننـەتی تابـانی تـۆ
چـەند تەلیـسمو سـیحرە وا پۆشـیویە گەنجینەکـەت
(ڕاجیـا)، ئـاوی حـەیاتت هـەر لـە لێـوی دڵبـەرە
هەسـتە خێرابـە قومـێ فڕکـە، نەسـووتێ سینەکەت!!.

(٢٦)

زۆر زەحمەتـە دەرچـم لـە خـەمی فیکـری بـڵاوت
هـەر کوشـتنە پیـشەی دەمو سـەیارەیی چـاوت
ڕەحمـێ بکـە تینوومـە، لـە دووری تـۆ نـەخنکێم
تێرمکـە لـە شـەکراوو مـەیو نـوقڵو گـوڵاوت
خـەڵکی هـەموو شـادن لەبەرابـەر نـەزەری دۆسـت
مـن بەنـدی گـرانم هەیـە، بـەم خەنجـەرو داوت

دڵ دەرچوو لە سینەی منی میسکین، بە تەمەننات
هاتۆتەوە ناو گوڵشەن و لالەی نەچناوت
بەم خاڵەوە، ڕووت مەکتەبی پڕ نووری کچانە
سایەی بەسەرا خستووە مورغۆڵەیی خاوت
ڕۆح، بۆتە نەمامێکی تەڕو وشك و بڕو زڕ
ڕسکاوە بە قەترەی عەرەق و جامی شکاوت
(ڕاجی)! هەوەسی ڕەندی یو بێباکی یو هیممەت
مەعلوومە، لە دەرچوونی دڵ و سینگی دڕاوت !!.

(٢٧)

ئەی جیلوەدەری عالەمی ئەعلا، ڕوخی گوڵبووت
وەی چارەسەری عاشقی ڕیسوا، سەری گێسووت
زوڵفت لە نەزەر ئاینەیی حوسن و جەماڵت
حەیرانە، پەشۆکاوە، لەبەر شوعلەیی دڵجووت
خەندەی لەبی گوڵناری تۆ، گەر بێتە تەجەللا
بێ شوبهەیە سووتانی هەموو عالەمی ناسووت
وا هەڵخەڵەتا دڵ، کە لە گۆشەی نەزەری تۆ
کەوتۆتە بەلا، هەروەکو دێوانەیی هاڕووت
سەرحەڵقەیی مەستانە، ئەوی مەستی دەمی تۆن
وەك خاتری من ئێستە کە سوڵتانە لە لاهووت
بزماری موژەم، سوورو سپی ئەشك ئەدۆزێ
چاوم بە خەوا نایە، لە تاو نێرگسی نوستووت
(ڕاجی)، لە ئەزەل باغی سەرو سوورەتی تۆی چاند
بۆ بەختی ڕەشی، خونچەیی ئەو باغە نەپشکووت.

(٢٨)

دڵبـــەری کـــوردم کـــە دی، خـــوێنم بـــزووت
ڕوومـــەتی، جـــەرگی کزانـــدم وەك بـــزووت
خەنجـــەری موژگـــانی ڕاکـــردم لـــە دڵ
بـــۆ ســـەرم وەســـتاوە ئـــەبرۆی تـــاق و جـــووت
فارســـیی وت: (خـــون بیغمـــا میخـــورم)[1]
(مـــا یَفـــوت)ی عـــارەبی، بـــووە مایـــە فـــووت
خـــزم و دۆســـتانم، لـــە پێنـــاوی تـــۆ نـــان[2]
وا لەســـەر تـــۆ، بوومـــە ڕەنـــدو ڕووت و قـــووت
ئـــەی ڕەقیـــب، تـــۆ کونجڕێـــك پەیـــدا بکـــە
(تـــەیری گـــوڵ ئاشـــق بـــە داری ژەقنـــەمووت)
چـــۆن لـــە ژێـــر ئەگریجـــەوە، کـــوورەی دەمانـــد!
ســـینەوو جـــەرگ و هـــەناومی پـــێ دەســـووت
خـــستمی، لەنجـــەو نیـــازو نازەکـــەت
کوشـــتمی، بـــالآیی بـــەرزو هاتوچـــووت
نەخـشی خـاڵ و خـەت، خـەتێك بـوو خوێندمـەوە
(هەرچـــی چـــاوی پێتکـــەوێ، ئـــەو دێتـــە دووت)
وا هەڵاوەســـراوی پەرچـــەم، کەوتـــە چـــاو
ڕەش بـــووە (ژیکـــۆ)، بـــە وێنـــەی خـــاڵی ڕووت.

(٢٩)

بـــێ کەســـم، هێنـــدەم بەســـەرهات هـــەیت و هـــووت
ئێـــستە ڕاهـــیم، بوومـــە کەشـــکی ئاوەســـووت

١- واتە: (بەفارسی گوتی: من خوێن بە تالآنی دەخۆمەوە).

٢- واتە: لەسەر تۆ لە خزم و کەسوکارم بووم.

مـــن وەکـــو مێـــشی گەڕیـــدەی شـــیرینیم
زوڵفـــی تـــۆ لـــێم بۆتـــە تـــاری عەنکـــەبووت
شـێت و هـار بـووم و، لـە چـاوت، چـا نـەبووم
بۆچـــمە ســـا (بوودوجانـــە) و (جەلجـــەلووت)
پەرچـەمت بـن بـارو، سـەربارت کـە بەسـت
بـۆ تـەن و لێـدانی سـەرمە، بـارە شـووت
هـەر وەکـو مـاری ژنـان کوشـتەم، ئـەمن
دایوەشـاندووم، تـۆپ تراقـەی گـورج و زووت
هێنـد لـە دیـوانی مەحەبـەت مامـەوە
بـیری ئەسـتوورم، بەرامبـەر داوە مـووت
خاڵـەکانت دەنکـەنارن بـۆ نـەخۆش
چـاوەکەم، یـاقووتی لێـوت بۆتـە قـووت
هەندەسـەی بـاڵاو کوڵمـانم کـە خوێنـد
شـارەزا بـووم تـوول و عـەرزو، ئینج و فـووت
هـەروەکو (ژیکـۆ)، لـە ئـاگردانی ڕووت
ڕووت و قـووتم، وەك فڕووجـی ئـاوەڕووت.

(٣٠)

گـوڵ و نێرگـز، لـەدڵ وا بوونـە لالـووت
دڵـیش وەك جانـەوەر، لـەم لانـە نـەبزووت
دەمـی قووچـاندو، خونـچەش هـەر خـەمی خـوارد
کـە بولبـول هـەڵفڕی، جـا لێـوی پـشکووت
لـەناو شـاری جوانـان، گەرمـە بـازاڕ
بـە دڵـسووتاوو سـەودای کفـن و تـابووت

لەســـەر پـــۆپی درەختـــی شــاخی کـــوردان
هەڵاوەســـــران، هـــــەزار هـــاڕووت و مــــاڕووت
کــــە ڕۆژ لـــووتی لــــە لوتکـــەی کێوەکـــان دا
بـــە ڕوو زەردی هـــەڵات و، پێـــی هەڵـــەنگووت
مەجــەس کــاری نــەما، ئــاری لــە کــوێ مــرد؟!
هـــەتیوی وا کـــــراون پـــووت و پــــەڕپووت!!
ئـــەبێ کـــێ بـــێ، ڕەقیبـــی ئـــەم هـــەژارە؟
کەمەندیکـــــەی، بــــەهێزی دەســـت و بـــازووت
ئەگـــەر دڵبـــەر تـــەبایی کـــا، لەگـــەڵ دڵ
ئەکـــەن هـــەر لەشـــکری پــڕ چـــەك، بـــە نــابووت
نـــە ڕۆژ هـــەڵکا چـــرای چـــاوی حەســـوودان
نــە شــەو بگــرێ پــەنای دووڕووی ئــەدەب، ڕووت
چ ئەشـــــکەوتێکە مـــــن تێیـــــدا ســــتار بم؟!
چ بەختێکـــە لەگـــەڵ یـــارم بـــبم جـــووت؟!
بــە یــەکجاری لـــە هیـــوا بـــەش بـــڕاو بـــووم
کـــە خـــاڵێکی خیانـــەت کەوتـــە ســـەر ڕووت
کـــە تـــۆ بێگانــــە دەســـتی لێوەشـــاندی
ئــەمن شــێت بــووم و دەســتی خــۆم لــە تــۆ شــووت
بەســـە (ژیکـــۆ)، لـــە هـــەر جـــۆرە خــەیاتی
خــەباتت هــەر جــوان کــردو، جلــی ســووت!!.

١٩٦٠/١٢/١٤

(٣١)

هێندە خـواردم غـەمی ئـەو شـۆخە، لـەژێر دارو شریت
وەکـو ئـاڵۆزیی سـەرو پەرچـەمی، بوومـە شـەل و شیت

غــەمی تــۆ جــەرگی پژانــدم، بــووە خــۆراکی دڵــم
تێکەڵی کۆمـەڵی بەدبـەختی یـو، سـەر، کەوتـە زەویت
دەرکــەنارم لــە نیگــاران و، لــە خوێنخــواری گەلــە
بێ گوڵیش خۆشە کـە دوور بم، لـە گـەوادو لـە دەویت
تــا بــە سەربەســتییو بــەرزی نەگەمــە خــوازراوم
قەدەغـەم بـن خـەوو خـۆراك و چـەم و ئـاوی شـەویت
باغی گوڵ، مێرگی وەنەوەشەت نییە ئەی کوردی ئەسیر
شــین بکــە، هــەروەکو ڕازاوەتــە بــازاڕی چــوویت
بــووە وێرانــە لــە تــۆ شــارو، بــووە بــاخی خــەڵك
کــە تــرازا ســەری بنــچینەت و، بــەردی بنــە پیــت
کــەی ئەگاتــە ســەری بــەرزو، تەقــەلاکا لــە ژیــان؟
گەلەکــەی ســواڵکەرو ســاویلکەوو بــێ نــازو نــەویت
هەر لەخۆی خـوێن و خـوڕی خواتـەوە، بـا هـەر بخـەوێ
دڵەکەی ڕوح پـەڕەوو چـاو لـە دەسـی خـەڵك و کـەویت
هــەر کەســێ هــات و وتــی: مەبیــە تـۆ وێـژەی (ژیکـۆ)
هیچ گوێی خۆی مەدەیـە، هـەر وەبزانـە سـەگە، ڕیت!.

(٣٢)

لــەب و کوڵمــەت بــەبارێ نــازەوە، ئــەم خاڵــە هەڵئــەگرێت
عەجەب ماوم کـە جەننـەت بولبـولی بـەرداوە، قـەل ئـەگرێت
لــە داوی پەرچــەمی گیرۆدەیــە دڵ، چەشــنی ئەســکەندەر
بــەلأی ئــەم داوە بــازی گرتــووە، لای وایــە مــەل ئــەگرێت
کەچــەڵ خۆشــبوو بــەنازو نیعمــەتی دونیــاوو مافیهــا
دەمــاغی ســاغە، داغــا! ڕێگــەیی مــەرگ و ئەجــەل ئــەگرێت

سـەری زوڵفـت، سـپێری خـستە ئـەترافی بناگۆشـت
چ جـەنگی لەشـکرێکە قایمـەی کێـشاوە، کـەل ئـەگرێت؟!
کەسـانی بـێ سـەرو گـوێ، پاڵـەوانی عوشـرەتو شـادین
خودا؟ بـۆ عـاقڵ و زیـرەك، لـە خـۆی بێـزارە چـەل ئـەگرێت!
بـە غـەم دێ دەمکـوژێ ئـەو دڵبـەرە شـیرینە ڕەنگینـە
کـە نـازانم بـە خەشمـە، یـا دڵـی نایـا بـەدەل ئـەگرێت؟
لـە گـەردو بـاری دووری، مـاتو سـەرگەردانو دڵتـەنگم
ئەگەر تیغـی موجەوهـەر حورمـەتی نـەگرن، چـەپەڵ ئـەگرێت
لەبـەر چـاوم کـەوت بـەختی حەبیبـەم، وەك تـەلیعی خـۆم
دەنی خـوو شـێری نـاوێ، حورمـەتی ڕێـوی دەغـەڵ ئـەگرێت
بـە جـامێکی ویـصالت تینـووە، دەم وشـکە، دڵ داغـە
کە (ڕاجی) دەردی دەرمان ناکرێ، بێ مەی کەسەل ئەگرێت.

**

-ج-

(١)

ئەی ڕوومەتی تۆ گوڵگون، وەی گەردەنی تۆ بێ باج
دڵ شانەبەندی مووتە، یان توڕڕە بۆ سەرو تاج
زوڵفی تۆ بارەکەڵلا، پۆشیویە ڕۆژی ڕووناك
ڕوویی تۆ حیکمەتوڵلا، تاریکی کردە تاراج
تا قوللەیی خەیاڵم، بۆ وەسڵی تۆ نەڕووخێ
بۆ عەرش‌و کورسی ئەڕوا، ڕێگەی هەزاران میعراج
عیشقت ئەڵێی قومارە، مەراقی بێ نیهایەت
زۆر ترسمە دوایی، دەرچم بە چەشنی لەجلاج
بەم دەردو داخی دووری، ناخۆش‌و بێ قەرارم
ئەی (خدر) ی دەردەداران، بۆم تێکە جامی ئاماج
تۆخی بەهارە قوربان، گەردن کەچە وەنەوشە
قومری بە سۆزە، بولبول، بۆ لێوی خونچە موحتاج[١]
تاعەت چلۆن قبووڵە؟ وەستان لە ڕووی دوو میحراب
یەك ڕابەری بەهەشت‌و، یەك دۆزەخێ لە ئینتاج
قەوس‌و قوزەح لەسەر ڕۆژ، هات‌و کەوانی کێشا
وەك نانی هەورەمانی، سووتا دڵم لەسەر ساج[٢]
ئەڕوا ژیانی (ڕاجی)، ئەی دۆست ئەگەر نەبەخشی
جامێکی زەوق‌و خۆشی، ماچێکی لێوی غەنناج[٣].

١- لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (قومری بە سۆزە، بولبول، بۆ لێوی خونچە ئاتاج).

٢- لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (وەك نانی هەورەمانی گیانم گەیشتە سەر ساج).

٣/ أ- لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (جامێکی زەوق‌و خۆشی، بەناوی حوکم‌و ئیفراج).

(٢)

گەشە ژینم بە ژیانت، پڕە کیسەم لە خەراج
بە نەسیمی سەرو زوڵفت، هەمە بازاڕی ڕەواج
ئاوەدانە وەتەنی دڵ، بە هەموو دەشتو چیای
چ بە(هەڵگورد)و بە(کۆسرەت)، چ بە(کەنداڵ)و (قەراج)
وەرە با پێکەوە بمرین، کە بە خۆشی ئەژییەین
یەکدگیرییکە لە دونیا، هەلە، بۆ قەبرە سیراج
غەمی دڵ بۆگەنە، ئەگرێ بەری چاوی تەقەلا
وەرەمی سیو جگەرە، دوژمنی دەرمانو عیلاج
بەسە بێ ماریفەتی، خزمە مەکەن لێم قەدەغە
خۆشەویستی، کە سەرو دڵ ئەگەیێنێ بە دو تاج
خۆشە ئاوێنەیی کوڵمەی، بنوێنێ دڵی خەڵك
تا لە گوڵزاری مرازا، بستێنێ هەموو باج
وەرە (ژیکۆ)، کە بە کوردی بگرین تاوێ جەمات
تا خەباتت لەبەریکا، کەژی کرمی قەرەقاج.

(٣)

گوڵشەنی پەرچەم، شوکر کردوویە پنج
دڵ شکاوی کوڵمە بوو، کردوویە پنج
چۆڵەوانم تا لە سەودای دیدەتا
ڕەوشەنیمە، بۆچمە ساباتو زنج
گەنجی شاهیم خستە دەستی یارەوە
خەم لەبەر بەدبەختییە گرتوویە کونج

ب- لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (یەك بادەیی ویساڵت، یەك ماچی لێوی غەنناج).

بـــادەیی شـــادی لـــە کۆمـــەڵ بەشـــکرا
کـــەس نـــەکا بـــا تانـــەداریو منجـــەمنج
گیانـــە، پـــەرداخی گریـــشمەو لەنجەیـــە
پێکەنینیـــــــشی هەڵیڕشـــــــتووە بـــــــرنج
قامـــــەتی، ســـــەروی ڕەوانو دڵکەشـــــە
زوڵـفو پەرچـەم لـووسو ڕەش، بـێ لـۆچو گـنج
خـــاڵی بـــن زوڵفـــانی ئەســـتێرەن لەشـــەو
ڕوومـــەتی وەك چـــەرخی ڕۆژە، خـــشتو خـــنج
خـــوێنی دووچـــاوم بـــە ئاســـانی خـــورە
نایـــەوێ ئاوبـــارەوو تێـــی مـــەگرە گـــونج
نەمـــــدەزانی نرخـــــی لێـــوت، گیانمـــــە
تـــا دڵو ڕۆحـــت نـــەبرد، نەمـــدا ســـرنج
قـــەت وەڵاشـــیی ئـــەو کەســـەم پێنـــاکرێ
ڕوویـــەکی بـــێ کـــونجرو پـــۆشو گـــڕنج
وەك پڵینگـــــی پـــــڕ خـــــەمم لێهـــــاتووە
ڕۆژو شـــەو، هـــەر شـــوێنمە خێـــزرو خـــورنج
ســـینە بیـــنم، وا دوو چـــنگی لـــێ ئـــەدەم
بیپـــچڕم ئـــەو دوو مەمانـــەی وەك تـــرنج
گەشـــبەوە (پـــشکۆ)، نەکـــەی بکوژێیـــەوە
تـــا کـــزەت پێـــدا، لـــە بـــاڵای قیـــتو قـــنج!!.

(٤)

قـــەدی ســـەروت، ئـــەوا گرتوویـــە نـــارنج
لـــە(شـــەقڵاوە)و (ســـەلاحەددین)، (قەڵاســـنج)

سەرو ماڵم لەپێناوت ئەنێم، تا
لەژێر پێت هەڵبدەم سەرم‌و، بکەم پنج
لە(کۆیە)و، (نازەنین)و، خاکی هیران
هەموو گوڵزاری ئامانجن، بەبێ گنج
لە(کانی خان)و، (کانی سارد)، (قەمچخۆ)
بە قەمچی دەرئەچن ئینگلیزو ئەفرنج
لە کوردستان بڕا چاوی حەسوودان
دەوا بوو داخی تێکبەردان‌و ئەشکنج
هەموو ڕازاوە دیوارو حەساری
لە سافیدا، نەما ئاتاجی ماڵنج
لەکێوانی، ئەگەم ئینجا بە ئاوات
چ کوێستانی، چ گەرمێنی، بەبێ زنج
بەقوربانی قەدو سینەو بەرو بۆت
تیجاراتی فەڕەنگ‌و، ڕۆم‌و، بێت لنج
لەتاوی ڕوومەتی نازداری تۆیە
ڕەقێتەی گرت‌و، کردی خەڵك قۆڵنج
بەکوردی، میوەجاتم پێگەیشتن
هەنارو سێوو هەرمێ‌و قۆخ‌و ئەترنج
بەدڵ داخی نەما (ژیکۆ)، لە خۆشی
گوڵی ڕووی دڵبەری کوردی، گەش‌و خنج.

(٥)

شەکەرخەندەت پڕی کردن گوهەر، گەنج
لە لێوی گوڵ ئەپشکون نەخشی بێ ڕەنج

ئەگــــەر ســـــاتێ بـــــەرەو ڕووی دڵ بـــــشەنگی
گیـان سـەرخۆش ئـەبێ، بـێ بـەنگ و بـێ بـەنج
وەرە ئاوڕێـــــك بـــــدە بـــــۆ لای هـــــەژاران
بــە دەردت موبتــەلان، گــەر پـیرو گــەر گــەنج
لەبـــــەر نـــــارنجی ســـــینەو، گوڵـــــشەنی ڕووت
فرێمـــداون ســـەرو مـــاڵ و، (شـــەش و پـــەنج)[1]
چـــییە توانـــــام؟ کـــــە تـــــاوێ دابنیـــــشم
کــە زەنگیـــی کەوتنــە ژێــر دەســتی ئــەفرەنج
لــە خــاڵ و زوڵــف و کوڵمــەت، چــۆن پەشــۆکام
خــــەڵوزو ئــــاگرو دوکــــەڵ، لەگــــەڵ غــــەنج
زمانـــــت لاڵـــــە (ژیکـــــۆ)، تـــــۆ لـــــە تـــــاوی
قـــەدی ســـەروی ڕەوان، لێـــوی گوهەرســـەنج!!.

(٦)

هەردوولا هەر خزمی خۆمن، مام ڕەجەب، یان خاڵ فەرەج
خزمــەتی هــۆزم ئەکــەم، بۆچــی ناکــەم لێــرە حــەج؟!
تێــر کــولێرە گــەر نــەخۆی، بۆچــی ئەکــەی دوو تیرەیــی؟
یــەك دڵ و یــەك ڕێ بــڕۆ، ئــەی مــەردی مەیــدانی بــەوەج
گــەر ئــەتۆ خــاوەن وچــانی، دوژمنــت، مەیــدە وچــان
نــەك دەرێنــێ چــاڵی چــاوت، هــەژدەرت لێبکاتــە خــەج
شــێخەڵی ئــەو نەونەمامــە، شــاقەلی مــەردانی گــرت
تــا بــە بــاخی نیــشتمانا، ڕاســت بــڕۆن و بــێ عیــوەج
(نالی)ی ناڵەی دێ لە گۆڕو، (حەمدی)ی دڵخۆشــی ئــەدا
وەك (مەلای کۆیە) بەرامبەر (حــاجی قــادر)ی گۆڕقــەرەج

١- شەش و پەنج: مەبەست لە (ئیمان و دین)ە.

شاعیران، هەرچوون و خۆیان خستە کۆشی نیشتمان
وەك بریشکەی کون لە کۆشان، کەوتنە ناو جانتای قەرەج
چەندە تیژ و تاڵە (ژیکۆ)، ئەم ژیانەی بێ وچان
هۆزی چی؟ ئاواتی چی؟ سەیرانی چی؟ سامانی گەج!.

(٧)

بردمی بای دامەنی باجی مەنیج
تا لەلای (بەصرا)وە خستمیە خەلیج
گێژی دام ئەم بەحری بێ پایانی خەم
قووتی دام دوژمن وەکو نوفلۆ عەریج
هەرچی دوژمن پێت بدا هەنگوین و شیر
چاك بزانە تامی تفتەو، زەوقی لیج
گەر گرفتار بووی بە داوی ناکەسان
سوودی لێ نابینی جەفر و عیلمی زیج
گەر بەخۆت باوەڕ بکەی، تۆش ئادەمیی
هەر لە ئەو یانەو قوتابخانەی خەریج
(کەس لە دایکی دەرنەهێناوە جیهان)
هەر لەگەڵ تەدبیر و بیر، بۆتە مەزیج
تۆش وەکو من، قوڕ بەسەر خۆتا مەکە
مەیفرۆشە خاکی نایابو[1] بە هیچ
چەندە ناخۆشە لەبەر چاوی هەژار
ڕوویی گرژ و دەستی قووچاو، چاوی قیچ
نامەوێ (ڕاجی) ڕەواجی ڕووبەڕوو
تا نەبینە نەخشی هەر تەون و نەسیج.

**

١- نایابو: نایابت.

-چ-

(١)

بــۆ ژیــانی مــن بەهەشــتی پانــە مــاچ
لـەو گـوڵی کوڵمـەت بـە گیـان هەرزانـە مـاچ
مــن لــە منــداڵیوە لێــوی خــۆم دەســووم
تــا بکــەم جــارێ لــە ئــەو لێوانــە مــاچ
ماچــی لێــوی تــۆ لــە قەنــد شــیرینترە
بــۆ موســڵمان و ســەقەر نێوانــە مــاچ
چــۆن ئەســووتێنێ جەهەنــدەم، ئــەو کەســەی؟
خۆشــدڵیی کــا، لــەو ســەری کوڵمانــە مــاچ
قــەت لــە مامڵــەت نایــە ســایەی زوڵفەکــەت
وا بەرانبــەر کۆمــەڵی ئینــسانە مــاچ
مــاچ نــەبێ عالــەم دڕنــدەی یــەکترە
یەکــدگیری هێــزی ژێــر ئاسمانــە مــاچ
نەجمــەیی ســەر شــانی پاشــاوو گــەدا
خــاوەنی بــڕواو شــکۆە و شــانە مــاچ
دوژمنــی گریــان و ســەختی و تاڵییــە
دۆســتی بــەرزی و خۆشــی یــو خەندانــە مــاچ
عالــەمی غــەیب و شــەهادەت دەرئــەخا
شــاهیدی بــوونی هــەموو ئیمکانــە مــاچ
تووخــوا تــا ڕۆحــی ســەختم دەرئەچــێ
بمــدەرێ ڕۆژانــە یــان مانگانــە مــاچ

پێــت بڵــێم (ژیکــۆ) ئــیتر عیلمــی پزیــشك
بــۆ هــەموو دەردی گــران، دەرمانــە مــاچ!!

(٢)

ئەی قەلەندەر بەسیەتی سا منجە منجو مرچە مرچ
شاری بەغداو پارسی گرت، لەشکری کاکۆڵو پرچ
تا بە هیوا ڕانەگا، ئەم دڵ کوژاوەی دەربەدەر
هەروەکو داوی هەتیتە، خۆیەتی لاوازو چرچ
یارو ئامۆزاو برادەر، لێم کە بێزارو دژن
بۆیە ئەمنیش، هەرچی ئەیبینم پڵینگەو شێرو ورچ
هەروەکو جاران، بە یادی ڕوومەتو سینگو بەرۆك
دڵ گڕی گرتۆتەوە، پڕ بوو هەناوم قرچە قرچ
وا بوغازەی سەر بەکوڵ هاتو لە هەڵچوون ڕوو ئەکا
جۆشی پێ سەندۆتەوە چاوی خومارت زرچە زرچ
خەڵکی شاری کۆیە یاری سەرکەشو تاقو بەناو
تەرزو باریكو بڵندو، نەرمو شلكو چوستو گورچ
پێت بڵێم (ڕاجی) کە گەیە دڵبەرت، میوەی ژیان
چەندە خۆشە چەشنی خرچە، بیکرۆژی خرچە خرچ!.

(٣)

بۆ عاشقی ڕیسوایی، دڵدادەیی ئەنوەر کچ
بۆ لەززەتی تەنهایی، قەد نازکی ئەسمەر کچ
پڕ نازو نیازو لێو گوڵنارو تەرەب ئەتوار
پۆشاوی تەمو ئەنوار، سوڵتانی موعەنبەر کچ
ڕووخۆشو نەرم گوفتار، دڵ نازكو مەه ڕوخسار
بۆ شەوقو سەفا بێدار، تووڕەی زەڕی ئەحمەڕ کچ

ئەنگوستی وەکو کافوور، کاکۆڵی وەکو دەیجوور
ئەبرۆ بە هەوا مەعموور، تاقانەیی ئەختەر کچ
کچ بۆتە یەدی بەیزا، بۆ ڕەسمی تەحەددی کچ
کچ بۆتە مەهی کەنعان، بۆ چاوی سەفاگەر کچ
تەشریفی کچی مەکتەب، گەر بێنیٚ بە خەندەی لەب
دێنێتە دەسم مەتڵەب، قەت نەبووە موکەددەر کچ
گەر قامەتی باریکە، خاڵی وەکو تاجیکە
زینەت لە مەمالیکە، مەعلوومە لە دەفتەر کچ
شەمعی شەوی یەڵدایە، عیجزی دەمی عیسایە
خۆشنیعمەتی مەولایە، ڕاکێشە سەروبەر کچ
(ڕاجی) نەزەری عالەم گشتی لە کچە هەمدەم
هەم زینەتی دنیا کچ، هەم حۆریی کەوسەر کچ!!.

**

-خ-

(١)

لە ئاگرینی تریێ، بۆم پڕکە پەرداخ
بە بەر (با) دە لە دڵ، بەو بادە هەر ئاخ
لە سەرما دەرکە ماخولیایی هەستێ
دڵی عالەم بکە خەرمان و مشتاخ
بە سۆزی خۆت، بسووتێنە هەموو کەس
بە یەك چەشنیی بپشکوون تا ڕەزو باخ
بە یەکڕەنگیو تەبایی لەشکری بیر
لە ئەسپی یەکییەتی دەن، زین و ساچاخ
نەبێ فەرقی کون و کاژێڕو ئەشکەوت
لەگەڵ کۆشكو تەلارو قەیسەری و کاخ
هەموو، یەك کان و ئاوە نیشتمانت
هەموو سوودە، ئەگەر دەریا، ئەگەر شاخ
چ قەیدێ، هەر مەقامێك و دوو ناوە
لە یارییدا، چ (سابورا) وو (چالاخ)[1]
هەموو کوردین، چ ئیسکان و چ ساکین
لە دۆ پەیدا ئەبێ شیرێژ و تۆراخ
ئەڵێن (کەشکیش برای دۆیە)، عەزیزم
هەتا ماوی، مەخۆ قەت نانی چەخماخ

١- (سابورا - سابوراوا)و (چالاخ) : دوو گوندن سەر بە قەزای دوکان، کەوتوونەتە نزیك یەکتری لە سەر ڕێگای گشتی سلێمانی - دوکان. خەڵکی سابوراوا لە دوای ژێر ئاوکەوتنی گوندەکەیان (گەڵنێری) بە هۆی دروستکردنی بەنداوی دوکانەوە، لە ڕۆژی (١٩٥٨/١٠/٢٦) لە لایەن حکومەتی ئەو کاتەوە گواسترانەوە بۆ سابوراوا، کە پێشتر خانووی نیشتەجێیان لەوێ بۆ دروستکرابووو زەوی کشتوکاڵییان بەسەردا دابەشکرابوو.

ئەمـــە عـــەردی زەراعـــەت، یانـــە تـــەبیات
بـــە گـــەنم و تـــووتن و ڕێـــواس و سیـــچماخ
هـــەموو گیانـــت بـــەهارەو ســـونبول و گـــوڵ
ئـــیتر بۆچـــیته گوڵباتمـــان و شـــیرداخ؟
وەره (ژیکـــۆ)، بـــڕۆ ســـا دەس لـــە دەســـتا
نـــەبێ باکـــت بـــە بەشـــکردن بـــە بەیـــداخ!!.

(٢)

گوڵشەنی ڕوویی ڕەوشەنت، عیززەتـی کـوردی بۆشـناخ
دیتنی پاکیی دیمـەنت، سوورمەیی چـاوی هـەر مـەناخ
لـەم سەروچـاوە جوانـەدا، هەڵئـەقوولێ هـەموو تکـا
خزمەتی کوردستان ئەکا، لادێوو شارو دەشـت و شـاخ
نێرگز و گوڵ بە چاوی دڵ، بولبولی خـستە بەنـدی چـڵ
لە ناو بەهارو خاڵ و پڵ، ئەخوا لە دەسـتی خـەڵك ئـاخ
هـــەژارو پەســـت و بێکەســـم، جگـــەر بـــڕاوی نەوڕەســـم
ڕێگـــام پـــڕە خـــارو خەســـم، لێـــرەوە تـــاکو ســـابڵاخ
کوردی عێراقیی لێو شەکەر، خەریکی ڕێی قەزاو قـەدەر
نـەبێ لـە خـاکی دەربـەدەر، نەچێتە چـاوی ئینتیـساخ
نیگاری نیشتمانی گـەش، گەیشتە ڕۆژی بـەختی ڕەش
خودا نەکا کـە ئـەم هەلـەش، بچێتە بەنـدو دەردو داخ
خـــزم و بـــرادەران وەرن، لەهـــەر هـــەوارێ داوەرن
وەرامـــی یەکییـــەتی بـــەرن، بەهـــەر کـــەنارو کـــاخ و لاخ
بڕوانە ڕووی هەولێر و کـۆ، کـەرکوك و دەوری بـەکرەجۆ
کـــزەو شـــەماڵ و ڕەنـــگ و بـــۆ، لـــە ئـــابڵاخ و گربـــداخ

(ژیکۆ) لەتاوی هۆزی خۆی، خـۆڵی پـڕە لـە شـیرو دۆی
نەکەی بوەستی یا بخۆی، هەتا ئەگـەی بـە (تورپـاخ)[1].

(٣)

مــنم جانــا غــەریبی خانــە، ســەد ئــاخ
ئــیتر تاکــەی؟ بــێ دڵ، دێوانــە، ســەد ئــاخ
مــوحیببی ڕاســتو ئــەربابی مەحەبــەت
هــەمووم دانــا لەســەر ئــەم دانــە، ســەد ئــاخ
زەفــەر نابــەم بــە جــامی چــاوەکانت
دەنــاڵێنم لــە دوور مەیخانــە، ســەد ئــاخ
دەســووتێنیٚ چــرای کوڵمــەت، بــەبیٚ ســووچ
پــەڕو بــاڵانی ئــەم پەروانــە، ســەد ئــاخ
لــــە مەوتــــەن دوورمو، مەئیوســــی ڕووتم
حــەریفی تــۆن هــەموو بێگانــە، ســەد ئــاخ
چــەمەن خــەمڵی بــە نەشــئەی قامــەتی تــۆ
نــەهات بێنێکــی ئــەم بوســتانە، ســەد ئــاخ
لــە تــۆ خۆشــی، لــە(ڕاجــی) دادو زاری
عەدوشمان شادە بەم ســەیرانە، ســەد ئــاخ !!.

**

١- تورپاخ: وشەیەکی تورکییە بە واتای خاك. لێرەدا مەبەست لە (مردن)ە.

-د-

(۱)

سەبا گوڵزاری تۆی هێنایە بەر یاد
لە بیرم چوو (مەدینە)و (شام)و (بەغداد)
بە لارو لەنجە گەر هاتی بە گەردوش
دڵ و جان بوون لە خۆیان زارو بێداد
خەریکم دابڕێژم جەوشەنی عیشق
لە خۆی، شیرین کە ببڕێ ناوی فەرهاد
زەمانە مەوتەنی ئەغمامە، گەرچی
تەمەننامە، لە ماتەم بێ دڵ ئازاد
سەری زنجیری زوڵفت بەندی دینە
کە ئیمانی نەهێناوە دڵی شاد
دەسووڕێم من لە بەحری بێکەسیدا
تەمامە گەوهەری وەسڵم کەم ئیجاد
بە تاوی خەنجەری ئەبرۆتە، (ڕاجی)
بریندارە، ئەبێتە پیری ئیرشاد!!.

(۲)

نەرم و شل زنجیرە بوو، دەسپێکرا کاری ویداد
هەڵخرا هەرلا لە عیشقا، تەون و بازاڕی ویداد
موشتەری زوهرەی کڕی، ڕۆژ هاتە سەوداوو مەزات
وا پڕە هەرجێ دەچی، کۆڵانەوو شاری ویداد
ئاسمان پڕشنگی دایە عەردو نەجمەی دا بە شان
بۆیە زەردو سوور ئەچێ، پەرژین و گوڵزاری ویداد

دەســتگایێکە هــەموو مەیــدانی بەغــداوو عێــراق
تێکــەڵی نــازو نیــازو، چــاوی بیمــاری ویــداد
مەینــەتیی، ئــاڵۆزەری ئــاڵۆزی دوو چــاوی منــە
نەشتەری ناو جەرگمە، زوڵفـی خـەس و خـاری ویـداد
سـێبەرێکە بـۆ بـوتی گـوڵ، ئافـەرینی خونـچەیە
بۆیـە هەرچـی کەوتـە ڕێگـا، دای پـەلاماری ویـداد
دەســت ڕەس نــابم بــە بــاڵای و، بڵــێم بمپێــچەوە
هەروەکو (ڕاجـی) ئـەناڵم، دوور لـە دیـداری ویـداد.

بەغدا- ١٩٤٤

(٣)

بێ سـوودە لەگـەڵ عیشقی بوتـان، شۆڕشـی بێداد
چـبکەم لـە هـەرای ڕۆسـتەم و کـاریزەیی فـەرهاد؟
دارایــــی ئەســـــکەندەرو، زانینــــی ئەرەســــتۆ
بــۆ پێکــەینی دڵبــەرە، وەك لەشــکری بــێ زاد
چـبکەم لـە سـولەیمان و، لـە تەسـخیری جنۆکـەی؟
هێــشتاکە لــە زنجــیری نیگــاری نییــە ئــازاد
مــن چـیمە لـە ئیـدریس، لەگـەڵ مائیـل و زائیـل؟
بـا ئـاگرو ئـاو، خـاك و هـەوای، بـشبنە ئـەوتاد
کــێ بــێ وەکــو مــن دەربــەدەری یـارو نـشیمەن؟
هــەر دێــم و دەپاڕێمــەوە، هــەی داد، خــوا داد!
جــارێ بەســەری لێــوەوە، نەمــدی کــە بپرســێ
کێیــە، چ هەتیوێکــە، چ دەروێــشە، چ بــەرباد؟!
مــەرگی مــن و دەرگاتــە، هەناسـەی مـن و پەرچـەم
تــا گۆشــەیی ئــەو چــاوە، دەرمــدێنێ لــە بونیــاد

چــاوم نــەڕژێ تــاکو لــە خــاکی دەری یــاران
هــەر کــوێرە لــە ڕووی بەزمگــەهی دڵبــەری بەغـداد
(ڕاجی)، چەمەن و مێرگــی ژیـان گـەر تـۆ ئەپرسـی!
سەد جۆرە بەهەشتێکە، سـەری خـۆش و دڵـی شـاد.
١٩٤٦

(٤)

بـێ وەفـایی بەسـە ئـەی زوهـرە، کـە بـێ تامـت کـرد
موشــتەری، زەوقــی دڵــی ئێمــە بــوو ئیعــدامت کــرد
لــەحزەیێ دەرنەکــەوت، گۆشــەیی شــەمعی نــەزەرت
ئەی عەجەب تۆ لەسـەر ئـەم کیبرە چ ئیقـدامت کـرد؟!
پــا شــکاوی ســەفەری وەســڵم و زنجــیری فــیراق
لــە هــەموو لاوە ئــیتر، خەســتەوو ڕیــسوامت کــرد
ڕێگــەیی وەسـڵی لــەبی خونـچە، بـە ئـاخیر ناگـا
بەچـە گـاور، تـۆ چـلۆن بـەم لەبـە شـەیدامت کـرد؟
بەســە عــەیاری، هــەر ئــەمجارە ویسـاڵم یـا مــەرگ
عەیبــە لــەم بێکەسـییە، ترشــی یـو ئیحجامـت کـرد
بــێ حــەیا مــاوە نەزاکــەت، لــە بەرابــەر قــەددت
بــەوە زانــیم، کــە لــە یارانــەوە تــەنهامت کــرد
ســینەیی مــن قەفەســێکی شــڕە، چــی تێناوەســتێ
کــەوی دڵ هاتــە دەرێ، هــەر کــە تـۆ سەرسـامت کـرد
ئێــستە جێــی سـوڵحە، دەبـا بـێ قـەدەحی ڕوممـانی
با فیـدای چـاوی تـۆ بـێ، هەرچـی لـە ئەنـدامت کـرد

یـار ئـەوا خـۆی لـە کـەمین داوە، هـەتا نـەیبینیّ
حەیفە (ڕاجی) کە دڵـیّ بـوو، بـە جـەفا ڕامـت کـرد!!.

(٥)

دڵ هاتـەوە قاپیـت، بـە جـەفا بـیّ زەوەرت کـرد
وەتزانـی کـە قازانجـە، کەچـی تـۆ زەرەرت کـرد
دڵ، مـەردی هـەموو کـات و هـەموو جـۆرە کونێکـە
ئـازادە، کـە لـەو چـەمبەری زوڵفانـە دەرت کـرد
تووشـی تـەم و غـەم، دەردو بـەلا بـووی لـە بڵنـدیت
پیرۆز بیّ لە تـۆ، چـەندی بـەبیّ مـن سـەفەرت کـرد
ئاگـات لـە هـەرای تازەیـە، وا پـڕ بـە جیهانـە؟
هـەر قیرەشـەوە، هەرچـی کـڵاوی لەسـەرت کـرد
چـاوت، کـە ئـەڵێن شـەربەتی شـاهانە ئەنۆشـیّ
بڕوانـە، چـلۆن تووشـی دوڕنـدەی بەشـەرت کـرد!!
نـازانی لـە بـازاڕی دوا، تۆڵـە ئەسـێنرێت؟
بۆچی دڵی ئەم خەڵکە، هـەموو دەستبەسـەرت کـرد؟
(ژیکۆ) کە لە وێنـەی گـوڵی ڕووت، بـیری ئەپشکویّ
بیـستوومە بـەلێوی شـەکەرین موعتەبـەرت کـرد[1].

(٦)

لەسـەر چـاوت، هـەموو کـارو گـەلم بـوارد
ئەوی هەمبوو، هـەمووم بەخـشی و غـەمم خـوارد
ئەمـە دونیایـە، سـەد چـەرخی ئـەگۆڕیّ
دە بینۆشـە ئەگـەر گەرمـەو، ئەگـەر سـارد!!

١- لەشوێنێکی دیکەدا دەڵیّ: (هەربینە لە لێوی شەکەرین گوڵشەکەرت کرد).

کــه مــارت پێــوەداو، دوبــشکه دەرچــێ
بزانــه مــووی دڵــی بــردو، ســەری نــارد
لـــه ڕوودا، تـــەمتومان و خۆڵـــه پۆتـــه
بەســـەر خۆماکـــه، بێژاومـــه وەکـــو ئـــارد
لـه دەرکـەت نـابزووم، ئـەی شـۆخی عالـەم
کـه لـەت لەتکـەن دڵ و جـەرگم بـه سـیکارد
لەســەر ئــەم تەختــه لووســەو، کیسه تەسکه
بـــه دارم یاریـــه، وەك تـــۆپی (بلیـــارد)
ســـەرو مـــاڵ و دڵ و جـــەرگ و گیـــانم
ئـەوی هـەمبوو، لـه تـۆم دەرخـست و نەمـشارد
ئەگـــەر دادم ئەپرســـی، دڵ شـــیفا ده
کــه بیــستوومه (ســەلاحەددین و)و(ڕیکــارد)
ئەوەنـــدەم عیـــشقی تـــۆ خـــستۆته دونیـــا
خـــەیاڵم بۆتـــه ڕادیـــۆ، چەشـــنی (مـــۆلارد)
مـــشووری کـــارو بـــازاڕم دەراویـــشت
هـــەموو ئیـــشم بـــه چـــاوی ئێـــوه ئەسـپارد
بـــەڵێ (ژیکـــۆ)، لـــه ڕۆژانـــی ژیـــانم
ســـەرەم ڕاگـــرت و، هیـــچم نوختــه نــەبوارد!!.

(٧)

وا دڵــم هــەڵبوو، ســوپەند ئاســا منــی بێــزار کــرد
بـای سـەبای لێـدا هەناسـەی ڕووی لـەناو گـوڵزار کـرد
سـەفحەیی دەتوێتـەوە، وەختـێ کـه کـوورەم داخـرا
وا بزانــه ئــاهی گــەرمم، چــاوی تــۆی بیمــار کــرد

دڵبەرا! جامێکی گوڵڕەنگی شەرابت بگرە دەست
ئاگری جەرگم بە کوللی، عالەمی بێدار کرد
ڕۆحی پڕ دەردو غەمم، تێکەڵ بە کوڵمەی تۆ بووە
ڕوویی تۆی بۆ هەردوو عالەم، مەتڵەعی ئەنوار کرد
نەشتەری کاکۆڵی ژەهرینی، لە زەخممدا شکا[1]
هەر کە لوقمان هاتە سەر دەردم، بەوی تیمار کرد
من، بە بۆیی زوڵفو ئەگریجەت لە سەودا هەڵکزام
زاهیدی ملکەچ لە باتی عیشق خۆی دیندار کرد
موددەتی پیریو جەوانی، تا زولەیخا هاتو چوو
یوسفی ونبوو بە داخی عیشقەوەی هاوار کرد
ڕوو لە شوعلەی نەوخەتی کوڵمەی کە، گەر خاوەن دڵی
هەرچی خاوەن سۆزە گیانی خۆی لە هیوا سوار کرد[2]
لەعل بەندی گەردەنی، لوقمەی حەڵاڵی باخەڵە
شێخی سەنعان بۆیە هێندەی خزمەتی زوننار کرد
یەك نەفەس هاتو نەسیمی زوڵفی خستە شارەوە
لەشکری هۆشی بەجارێ، تەفروتوناو تار کرد[3]
کێیە گەر دەردو بەڵای (ڕاجی) بە ئاسان چارەکا؟
غەیری ئەو یارەی کە چاوی پێ بە هەشتو چار کرد!!.

(٨)

کوردی بێ غیرەت لە هیچی، بیری ئەوتانی نەکرد
دوژمنی میوانی هاتو، سفرەوو نانی نەکرد

١- لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (نەشتەری کاکۆڵی پڕ صەیقەل، لە زەخممدا شکا).

٢/ أ- لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (هەر کەسێ سۆزی هەبوو، گیانو دڵی خۆی سوار کرد).

ب- لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (هەر کەسێ سۆزی هەبوو، ڕۆحو دڵی ئیزهار کرد).

٣- لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (عالەمی عەقڵی بە جارێ موبتەلای تاتار کرد).

گـشتی پێـشکەوتن لـە ئـیش و سـەنعەتا، جیرانـەکان
ئـەم دەنـی تەبعـە تەماشـای کـاری جیرانـی نـەکرد
چـاوی پـڕ تـۆزت، کـە دوژمـن هاتـە نـاو مەیدانـەوە
کوشـتییو تـاڵانی بـردو، دەرکـی تـاوانی نـەکرد
شەککەرو هەنگوینی خاکی کوردە، پەروەردەی مەگـەز
خـاوەنی بـێ مایـە مـاوە، تـامی لێـوانی نـەکرد
چەند گران بوو موڵکی کوردستان، لـە کـێش و قیمـەتا
بـێ بـەها دایانـە خـەڵك و، خـەڵك هـەرزانی نـەکرد
بـا بەقرچـێ تـوو خـودا، قـەومێکی بـێ عـەقڵ و وەفـا
خـاکی، بـێ تـاپۆ بەشـی کـردو چ پـاوانی نـەکرد
کەس لە کەس ڕازی نییە، هەرکەس بە مەن خۆی دائەنێ
شاهی سەنعەت هاتە مەجلیس، کەس چ جووڵانی نەکرد
کۆمـەڵی کـوردان! تەماشـاکەن، چ سـووتا جانفیـدا
میللـەتی غـەیرت وەکـو پەروانـە ئامـانی نـەکرد
(ڕاجیـا)! بـەرزی وەتـەن نابـێ لـە کوردسـتانەکەت
خاکـە بیمـارە، تـەبیبی قـەوم دەرمـانی نـەکرد!!.

(٩)

تـاوی کـوورەی سینەیی مـن، وا مەیانـدی ئـاهی سـەرد
ئـاهی سـەردی مـن عـەزیزم، پێـی دەسـووتێ دارو بـەرد
نەقدی سـککەی سـافی گۆنـەت، نەقـشی کـاری کردگـار
بۆیـە بـانقی ئـەو تـەواو ناکـا سـەماوو مـوڵکی عـەرد
گـەه سـپی ڕەنگـم، گـەهێ سـوورو، گـەهێ تـاڵی فـیراق
ئەی عەجەب ئەشکی مەحەبەت، ڕوو دەپۆشێ سوورو زەرد!
مـن لـە غوربـەت، بـۆ قـەدی دڵـگیری تـۆ تاقانـە مـام
ئێستەیش لـێم ناگـەڕێی، دەمکـەی بـە پـەیکی بەڕنـەوەرد

چـــاوە غـــەمزێکم لـــە لـــوتفی تـــۆ تەمـــەننا بـــوو، نـــەبوو
تـــا لەچـــاوم، مەردمـــەك نـــاوی لـــە خـــۆی بـــەرداوە مـــەرد
مەملەکـــەت بـــەحری غـــەمم پۆشـــیوییە، دەســـت ناکـــەوێ
قـــەت لـــە ئـــەرزی وەســـڵتا بـــۆ دڵنـــەوازی، تـــۆزو گـــەرد
هـــەروەکو (ڕاجـــی)، لـــە تـــاوی دڵبـــەری شـــیرین بـــەدەن
چوومە خەڵوەی بێ قەراری، خۆم لـە عالـەم کـردە فـەرد!!

(١٠)

(کەین و بەین، دارو تەون)

لەشـــکری عیـــشقی لـــە مەیـــدانی جوانانـــدا نوانـــد
پاڵـــەوانانی، دڵـــی شـــاه و گـــەدای گـــرت و ڕفانـــد
خـــستییە غەمخانـــەوو بەنـــدو ســـزاو هیـــواو تکـــا
داخـــی خـــاڵی پێوەنـــاوو، موشـــکی زوڵفـــی تێوەچـــاند
تـــا لەســـەر عـــاموودی بـــاڵای، کارەبـــای کـــرد ڕوومـــەتی
خـــوێنی ســـەرتاپا مـــژیم، تـــا پـــشتی ئـــازادی شـــکاند
بولبـــولی گـــوڵزاری حوســـنی، هێنـــد بـــە شـــێتی هاتـــە ڕوو
خونـــچە وا پـــڕ پێکـــەنی، تـــا لێـــوو ئێخـــەی دادڕانـــد
مـــن، کـــە تـــاڵانی ســـەرو مـــاڵم لـــە ژێـــر پێـــی نـــازی نـــا
چـــاوی جـــادووی بڕیـــە دڵ، عفریتـــە دەســـتی لێوەشـــاند
دڵ کـــە ئـــاوێزانی بـــاڵای بـــوو، لـــە باوەشـــیا ئەســـووت
وەك پـــەری پـــرس و وەڵام، تـــا نەیمرانـــدم، نەیدوانـــد
هـــەر وەکـــو موســـا، لەبـــەر خێـــوکردنی خـــاڵ و خـــەتی
زوڵفـــی گۆچـــانی چـــەماندو، پـــۆپی گیـــانمی پـــێ تەکانـــد
کـــاش ئـــەیزانی کـــە کوڵمـــەی نەوبـــەهاری ژینمـــە
ئەو دەمە دەمگوت: ڕەقیب پـەژموردە بـوو، قـەل نەیقڕانـد

وا لـه یـادم چـوو، هـەموو بـەزمو نـەوای سـاڵانی چـوو
چـاوی تـاریکم دڵـی کێـشایە نـاوخۆی، تێـی گەیانـد
ڕۆژو ئەسـتێرە ئـەبێ بکوژێنـەوە، بـەس نـووری ڕووی
وا بزانـه ئـەم هـەموو چـەرخەی بـه ڕووی خۆیـدا جمانـد
هەردوو هـۆزێکین، زمانمـان ئێكو دووی کێـشاوە خـەڵك
گــەورەمان باپیرەیــه، نــەك (فــازەرو مازەرگرانــد)[1]
بۆچی ئێستا دوو دڵـی، لـەم یـەك دڵـەی پەسـتو هـەژار؟
وا لـه داخــی تـۆ لـه دونیـا، تـۆوی بـەدناویم ڕوانـد
لاپـەڕەی ڕووی ویـم، بـه وانـای سـۆزی دڵ پڕکـردەوە
چـەوتی زانـی هـێڵو نوختـە، بـەو موژانـه لێـی کڕانـد
خۆشـی خۆشـیم بـوو، لەگۆشـەی چـاوەکانی جـێ گـرم
باڕەشی نەگبەت لە هـەر شـەش لا گـوڵی بـەختی وەرانـد
گەوهـەری نـازی لـه دەم بەسـتو، بـه لێـوی خوێنمـژی
هێـزی بینـایی لـه چـاوی گـەل بـڕیو، جـەرگی کزانـد
خەنجـــەری ئـــەبرۆی لـــه کـــالانی دڵان هێنایـــه دەر
پـــەردەیی ســـینگو هـــەناوی عالـــەمێکی هەڵدڕانـــد
هـــەر کەســـێ کەوتـــه وەنـــۆزی ڕاحـــەتو بێلایـــەنی
هـەروەکو شـێخی کەرامەتـدار، لـه خـەودا پێـی نوانـد
چـــەندە دەروێـــشی ڕیابـــازم دەرس دا، ڕۆژو شـــەو
سۆزی عیشقی تێگەڕێ، نەیبیستو هـەر گـوێی بـۆ لەقانـد
ئـەم هـەموو چـەرخە، کـه سـەرگەردانی ئـەمرێکی ئـەوە
هەرچی ئـاقڵ بـوو لـه ڕیشتەی عیشقی خـۆی تێوەگلانـد
(دارو تــەون)و، تێـــوەدانو، ڕایـــەڵی ئـــەم عالەمـــه
هەر ئـەبینی دەسـتی غەیبـه، ڕیسو هـەودای هەڵوەشـاند

١- (Father Grand): باپیرە. (Mother Grand): داپیرە.

کێ هەیە، خۆی گۆشەگیری کونجی خەمکا چەشنی مـن؟
داری سـەرداریم شـکاندو، داوی خۆشـحاڵیم پـساند
شـێت و گێلـی دڵبـەرو، خۆشـباوەڕو، دووره ڕێـا
هـەر بەتـەنیا سـۆزی دڵـدارم لـەدڵما دانیـشاند
تاکـە ڕێگـایی حەقیقـەت پێـی دەڵـێن: دەوری مـەجاز
هەر ئەگاتـە پایـەداریی، هەرکەسێ خـۆی لـێ خـشاند
بـۆ تـەمای ماچـێکی لێـوانی، سـەحەر زوو پێـی گـوتم:
ئەو گوڵە، چـەند بولبـولی وەك تـۆی لـە باخـا هەڵفڕانـد!!
جیلـوەیێکی دا لـە ڕێـی دیـدار، بـە ڕوودا خـستمی
کێـوی ئـاواتی خزانـدو، خانـەیی ژینـی ڕمانـد
وا خەیاڵـە تاویـدام و، بـیره پـاڵی پێـوه نـام
بـۆ ویساڵی، گەرچـی هەرچـی پێم سپێرا، نـەم گەیانـد
زەردەخەنـدەی، تیـشکە تـاوی دوو جیهـانی عالەمـە
وا کـە ئـەم ئیجـاب و سـەلبەی بـۆ تەماشـا دارژانـد
سەیری ئـەم سـەرداری عـەردە، ڕۆڵـەکانی چـی ئەکـەن؟!
یەك دزو، یەك حیزو، یەك ماندوو، یەکێ خۆی نەشـڵەژاند
ئـاخ لـەم دەسـتووره سـەختەو، داخ لـەو ناڕێکییـە
دادو ئاشـتی کەوتـە پـاش و، تـەفروتونا تـاوی سـاند
چـی بکـەم لـەو خۆشەویستەی دڵبـەرو ئیمـان و دیـن؟!
چـاندمی و ئـاوی نـەدام، میـوەو گـەڵای ژینـی وەرانـد
تـێ ئەگـەی هێـزی هـەیولاو، زینـەتی سـوورەت هـەتا
چـەرخی هاموشـۆ هـەبێ، هـەر ئـیش و کـاری ڕاگەیانـد
کـەین و بەینێکـە لـە بـەینی چـەرخ و هەڵـسوڕێنەکەی
لێیگـەڕێ (ژیکـۆ) کـە کاریـان سـسته یـا ڕایانپەڕانـد!!.

(١١)

لەســـەر تـــۆ نامـــەوێ ئـــەڕباب و فرزەنـــد
بـــە قوربـــانی قـــەدت، ســـەروو نـــەی و قەنـــد
ئەوەنـــد فرمێـــسکی مـــن دەشـــتی ســـەفادا
دیـــــارە وا لـــــەناو چـــــاوم، دەماوەنـــــد
شـــەکەر خەنـــدەت، شـــکاری ڕۆحـــی عاشـــق
ســـەری زوڵفـــت، عەجـــەب زنجـــیری دڵبەنـــد
مەفـــەرموو چـــاوەکەم لێـــی عـــارە وەســـڵت
بـــە ئـــەمری ئـــەو، مـــوژەت وا بۆتـــە پێوەنـــد
لـــە لای تـــۆ هەرچـــی بـــێ، بـــۆنی وەفایـــە
لە لای من گەر هـەبێ، هـەر سـۆزە بـێ فەنـد
تەماشـــای کوڵمەکـــەت، لـــەززەت نیـــشانە
لـــە خۆشـــیدا، کـــە زوڵفـــت بۆتـــە ئەڕژەنـــد
بەهانـــەت بـــوو، وشـــك بـــێ چـــاوەیی خـــوێن
بە خوێن چاوم سپی بوو، وەعـدە، نـەم سـەند
لـــــە تـــــەحقیقاتی ئـــــەهلی دانـــــشیدا
بـە دوو قیـسمی تەبیعـەت، زوهـدە، یـا ڕەنـد!!
بـــەڵام (ڕاجـــی)، لەســـەر ڕووی نازەنینـــت
ڕەگـــی زوهـــدو ڕیـــای وەك دێـــو هەڵکەنـــد.

(١٢)

لەم لـەعلی لەبـەت کێیـە، بـە ماچێکەوە خورسـەند؟
دووری قـــەدەحی لالـــە، بکێـــشێ لـــە جگـــەر بەنـــد
عیشوەی قەدەمی نازی تۆ، ئەی سـەروی سـەمەن بـۆ
بردوویـــە بـــە تـــالان، دڵـــی تورکـــانی ســـەمەرقەند

مەخشێنە لە ئەو گەردنە، ماری سیەهی زوڵف
مەشکێنە هەوای گەنجی سەفا، بۆ حەبەشی چەند
تا سەڵتەنەتی شاهییە، بەم حوسن و جەماڵە
بۆ قەتڵی منی خەستەیە، بەستوویە کەمەربەند
کافووری لە قۆڵ گرتووە، ڕەسمێکە لە بازوو
پەنجەی لە دڵم خستووە، خوێنی لە خەنەی سەند
لالەی هەمەدان، موئتەزیری ئەشکە لە چاوم
گەردن کەچی خوێنی جگەرە، دامەنی ئەڵوەند!!
ئاهم، کە سەمای کردووە غەرقی تەم و ماتەم
تێیدا بزرە، قامەتی سەد کێوی دەماوەند!!
بۆ بەزمی خەرامیدەنی ئەو نازکی شیرین
فەرهادی دڵم، کێوی تەن و عەشرەتی هەڵکەند
سەرچاوەیی حەیوان، چ دەکا مەیلی سەمەندەر؟
(ڕاجی) وەرە تۆ بمرە، بەبێ یاری شەکەرخەند.

(١٣)

وەختی کەشاکەش بۆ مەدەد، سەرکێشە خاڵت بێ عەدەد
هەڵمەت ئەبەن جەیشی ئەحەد، ما مِثلهم عوض یَجد
بر ملك دل دعوی زنان، تحوی الزَمان والمَكان
دەڕژێ دڵ و جەرگ و ژیان، والكُلّ شَیئاً ما اْعتمَد
جائَتْ صَبا تَفشي الهَوی، دەردو برین دەکا دەوا
في حَرب العِشقِ واْستَوی، بر پای بیماران خرد
دوێنێ لە ڕێ پێم پێکەنی، فَرَّجتُ في تَمَدّني
گفتم کە تو شاه منی، فَاْشْغلني فیمَ یقْتَصَد

(راجــی) بیــا خــون خــور بــدل، لاتَقتَــصر ولا تَحـل
بر خیز جانان کـن خجـل، فـەرمو ببۆسـە جـامو خـەد.

(١٤)

چـاوەکەم، چـاوەنووارِم چ بـە کوشـتن، چ بـەجوود
بێکەسو ڕووتو ڕەجاڵم، سەری حەسـرەت لـە سـوجوود
ئولفــەتێ بــا بگـــرین پێکـــەوە، ئــەی نــازك تــەن
بە دەفو شادییو عوشرەت، بـە مـەیو مەستییو عـوود
شاهیدی حاڵـە، خـودای عالـەمی هـەر کـەونو فەسـاد
لـــە دڵا ناچـــییە دەر، ڕۆژی حیـــساباتو خلـــوود
عــادەتی عیــشقە ســەری ڕاســتییو ڕۆحــی کــەرەم
ناڵـەیی وەحـدەتو ئەشـکی تەڵـەبو زیکـری وەدوود
چ مەپرســـە تـــۆ لـــە ئـــەم زاهیـــدە دنیـــادارە؟
ئیــشی ڕێکخــستووە ســا یــا بــە درۆ، یــا بــە دروود
ئـەی سـەنەم، ئێستە مەگـەر حورمـەتی ڕۆحـم ئـەگری
تـــەنی جێهێـــشتووە، هێناویـــە دڵیـــشم بـــە وروود
وەکـو (ڕاجـی)، سـەری ئێـوارە هـەتا بـانگی سـەحەر
هەڵدەکێـشم قەبەسـی ئـاە و، تـۆ ناترسـی لـە دوود!!.

(١٥)

میهری ڕوخسارت نیـشانەی ڕەحمەتـەو ئـەییامی عیـد
فَــاْحترِز في الإنجــلاءِ مِــن کُــلّ شَــیطانٍ مَریــد
وا ڕەقیبان گەنجی دڵبەر دا دەکـەن، ناکـەن خـەیاڵ
یَــوم یحمـــی ثــمَّ تکـــوی جَـبههم، هَـل مِـن مَزیـد
لارو لەنجـەت کوشـتمی، جانـا لـە بـەینی دوو ڕجـا
کُـــلّ ذیـــنٍ في قَریـــبٍ مِنـــكَ مِنّـــي في بَعیـــد

ڕوو مەپۆشە لێم بەکوللی، گەر بە ئەمری خوا ئەکەی
قُلْ يَغِضّوا مِن عَدا يَغضُضْنَ مِمَّن لا يُفيد
گەر فریشتەم بێتەڕێ، ئەمجارە بگرم دامەنت
أغْتَرِق فيما أحبُّ، أغتَنِم مِمّا أُريد
سەر بڵند ناکەم لەچۆکی حەسرەتا، تا ڕۆژی حەشر
إنْ تُدعني في الوِصالِ، أو تُعِدني كالطَرِيد
شوکری مەولا واجیبە دایم لە وەصڵتدا بکەم
إنَّ في التَّأليفِ ذَوقاً، ذاكَ أيّام سَعيد
گەر قبووڵمکەی غولامێکم لە قاپیتا، مەدام
إنَّ غَيري في الحُضورِ لَيسَ إلاّ بِالبَليد
دێمە مەیخانەی ویسالت، بگرە ناو دەستم قەدەح
مِثلُ (راجي)، أَقتَديكَ في صَفا النَّشأِ الجَديد.

**

-ز-

(١)

دەســـتەئەژنۆ، دڵ بــە تـــابم یـــا مـــەلاز[1]
دەردەدارو حـــاڵ خـــەرابم یـــا مـــەلاز
ڕووم نییــە، گــەر بــچمە نــاو عالــەم دەمــێ
سەرگوزەشــتەی پــیرو شــابم یـا مــەلاز
پــڕ هەناســەی ســەردو ئــاه و ماتــەمم
پـــڕ بڵێـــسەی ئیزتیـــابم یـــا مـــەلاز
دڵ لــەلای دڵبـــەر بـــە نـــەوعێ ســاکینە
تــەن کــزو ســەر ئاســیابم یـا مــەلاز
گــەر بوەســتم مــن لــە قــاپی مەحــشەرا
قوڕبەســەر خــۆم، بــێ جــەوابم یـا مــەلاز
مەقـــسەدم دوورە، فیراقـــم دائـــیرە
حـــیرەتم، نێزیکـــە وابم یـــا مـــەلاز
دوور لــە ڕەحــمو شــەفقەتی دیـوانی تــۆم
غـــەرقی دەریـــایی عـــەزابم یـــا مـــەلاز
ســـەر نویـــشتم، ڕەنـــدییو بێباکییـــە
عاقیبـــەت مـــەوجی ســـەرابم یـــا مـــەلاز
کەوتــە چــاڵی هــەتکو (ڕاجــی) دەرنــەهات
وا بـــەتاڵان چـــوو شـــەبابم یـــا مـــەلاز.

**

١- سەروای دێڕەکانی ئەم هۆنراوەیە بریتیە لە (مەلاذ - مَلاذ) کە بە واتای (پەنا) دێ، لێرەدا مەبەست لە خوایە، وامان بە باش زانی بە ڕێنووسی کوردی بینووسین.

-ر-

(١)

(دەنگی لادێ لە کۆیە)

تــازە ڕۆژی عالەمــە، ســەر ســاڵە ئیمــڕۆ، نەوبــەهار
خوێن جما، ژیـن سـەرکرا، هەرزانـە هەرچـی هاتـە شـار
شــارو دێ ئامادەیــە، بــۆ ئــاوەدانیو تێکـــەڵی
بــۆ مــشوورو ئــەرکو دانــانی هــەزاران ئـیشو کــار
مێرگــەکان سەرسـامی ڕەنـگو بـۆنی خۆیـانن، هـەموو
هەر چـڵە گیـاوو گوڵووکێـك، شـەونمی خەنـدەی بـە زار
گوڵ بە سەوزی بەرگی پۆشی، وەختە ڕووی گەش کاتەوە
نێرگـزی بـێ سـەبرو بـیرە، ڕووی سـپی کـرد چـاوەزار
هەرچی مـەوجودێکی بـیری لـێ بکـەی وا خـۆی نوانـد
لەشـکری سـەرمای شـکاندو، سـەربەخۆ گرتـی هــەوار
هایــدرۆژین، غــازو ئــاتۆمی بــە بــادا ڕۆژی ژیـــن
تــازە بنیــاتی ئــەنێ، هیـــوای وڵاتو گیـــاوو دار
قیـــل یـــا أرضُ أبْلعـــي مـــاءً سمـــاءُ أقلَعـــي
تـا لـەجودی عـەدل کەشـتی لەنگـەری بگـرێ قـەرار
هـۆزی هەقپـەروەر، لەهـەر شـوێنێك، نویـێ ڕۆژی هەیـە
قــەومی عــادی دا بــەقرِ (بَــردُ العَجــوز) ی ئیعتیبــار
هێــزی مانــا هێرشـــی هێنایــە نــاو دنیــا، ئــیتر
هــەر شـتە عاشـق بـە ڕاوێژێکـە، سـەیری تـەیرو تـوار
گەر موسڵمانن، براو بـابو کـوڕن، هـەر کـەس بـە ڕیـز
ڕێـزی لێبگـرن بـەپێی خـۆی، ئوممیـە یـان خوێنـدەوار

فــــادْخُلوا في الـــسّلْمِ جَمــــاً بــــسلامٍ آمـــــنين
وادْفعـــــوا بــــالحَقِ كُفـــراً و نِفاقـــــاً فَالْبِـــــدار
ئـەی بـرای کـوردو عـەرەب، بـاوەڕ کـە کۆتـان کاتـەوە
وەرنــە هانــای یــەکترو، بــبڕن لــە دوژمــن ئاســەوار
دوو هــەزار ســاڵێکە قــەومی جوولەکــە پــەرت و بــەخێو
یەکدگیر بـوون، ئێستە ئەیکـەن هەرچـی کـاری نالـەبار
ئـەم هـەموو فـێڵ و دەسیـسەی خەڵکـە، لێتـان ناگـەڕێ
هــەم زمانینــە، دە ئێــوەش، ســەر بڵندکــەن جاروبــار
ڕوو لە ڕووی ڕەنـگ و بریقـە، کێـوو کـەژ ڕەوشـەن کـران
بۆتــە دەریـا شـەوق و ڕوونـاکی لـە هـەر کێڵگـەو بـەیار
ئاسمــان بــاڵی بەســـەر کێــشاوە، پــەرژینی ئــەکات
کــێ هەیـە لـەم عالـەمی نـەورۆزە، مەحکـەمتر حەسـار؟
فـەرقی ناکـەم، بـۆ هـەموو خەڵکێکـە پێکـەڵپێك و ڕێـك
کوێر بێ چاوی ناحەزی، گەر وەسوەسـەی خـستۆتە کـار
ئــادەمی خــاکی، پــشووکێش و کــە خــۆڕاگر ئــەبێ
نەشـڵەژێ بـا ئـەهلی بـاوەڕ، قـەت لـە ترسـی نابـەکار
ئـاگری شـەڕ هەڵئەکـەن، قـەت خـۆ بـەخۆ ڕێکناکـەون
سەیرە بۆ نەورۆزی ژین، ڕێکخـا مـەڕو گـورگ و هـەژار؟!!
چــەرخی گــەرمازۆ، کــە ئاشــی بـیر و هۆشــی نایــەوە
کــۆن و تــازەی کــردە بــاراش و نموونــەو یادگـــار
مەرکـەزی خاکـت، کـە بـیری ڕەوت و نـەوتی هەڵقوڵانـد
پێی بـەخاوەن کـەن گـەداوو، بـێ نـەواو پـەرپووت و تـار

حاڵـەتی (ژیکـۆ)، بـە ڕووتـی جیسم و هۆشـی پۆشـتەیە
کـاری سـەد وەسـتا ئـەکا، شـاگردە ڕووتـەی هۆشـیار.
نەورۆزی ١٩٥٤/

(٢)

(ڕێگای نیشتمانپەرستی)

هـەموو دوژمـن، لـە تـۆ بوونـە سـەگی هـار
ئـەتۆش کـوردی، نـەبووی خوێنڕێـژو خوێنخـوار
بـرام، کـەی تێئەگـەی کـرداری دوژمـن؟
پـەلامارت ئـەدا، نەیـدەی پـەلامار
ئەگـەر خۆشـت نەناسـی، مـن بناسـە
کرێکـارم، کرێکـارم، کرێکـار
دەرامـەت گـەر هـەبێ، بـۆ هـۆزی پـڕ ئـیش
دەس و باسـك، هـەموو دەبنـە گـرێ دار
گرێـدەن پـەتك و مـل، شـان و گوریـسان
سـەری مـەردی بـەرز کـەن، مـانگی ئـادار
بـە جوتیـاریی، بـە جـووت، یاریـدە دەن هـۆز
بـە تـەنیایی مەکەونـە هـاتو هـاوار
بـە هـۆ هـۆ، وەرنـە سەرچـاوانی چـاندن
بـە هـەو هـەو، بـووکی هیواتـان بکـەن سـوار
بـە لێـژەن لێـژەن و، مەیـدان بـە مەیـدان
بـە بـیرو هێـزو خۆشـی، غـار بـدەن، غـار
چـەکوچ بەنـدان و هـۆنین کـەن، لـە کانگـان
بـە جەنجـەڕ گێرەکـەن، خـەرمانی بـەدکار

بەکارخـــەن خاکـــەناس و، بیـــورو تـــەوراس
بمـــــاڵن، بیقەڵێـــــشن، بیــــبڕن دار
مـــەدەن ڕێـــی گاڵـــەگاڵ و، واتـــەیی بـــۆش
بنووســـن نامـــەیی مـــەردیی، بـــە تـــاو بـــار
بـــــە ئـــــازادی لــــە ڕوودا دامــــــەمێنن
کـــە ڕووڕەش بـــن، ڕەش و ڕووتـــن، هـــەموو جـــار
دزو، بوختانکـــــــەرو، حیـــــــزو، درۆزن
دوایـــی، هـــەر لـــەناو قـــوڕدا ئەخـــەن بـــار
بـــە دەســـتوورو، بـــە پـــیلان و، بـــە پـــیلان[(١)]
بـە بـەرزی گـەل، هـەموو کاتـێ بکـەن کـار
وەکـو خونـچە، دەمـی بەسـتەو دڵـی ڕێـك
نـە وەك گـوڵ، دەم بەخەنـدەو جـەرگی بیمـار
لـە ڕووی دوژمـن، کـە پشکووتی وەکـو گـوڵ
بـە تلیـان ئـەتجنن، ئەتبـەن بـەرەو شـار
ئـەبێ بۆنـت بکـەن، پـیس و گـول و گـەڕ
کـە سیـسیش بـووی، بنێـسای، نـاتکرێ چـار
لـــە قاڵـــب نەخـــشی ڕێکیـــی دابڕێـــژن
تـــەنافی لێبـــدەن، تامـــان و دیـــوار
دڵـــت بـــاوەڕ نـــەدا، هـــەرجێ پیاچـــووی
بنـــاڵێنن لەبـــەر دەمتـــا، برینـــدار
شـتی خـۆت دایە خـەڵك و، چـوو لـە کیـست
فرۆشـیاریش نـەبووی، لێـت بوونـە کڕیـار

١- پیلان: نەخشەو بەرنامە. پیلان: کۆی پیل: بازوو، شان و پیل.

لــە ڕێــی هــاتیی، کەچــی پیێــدا نــەهاتی
لـــە لافـــاوی بـــەڵادا، بـــووی گرفتـــار
بـــە دەم دەردو قـــەزادا، بـــێ قـــەزا بـــن
بەســـە، بـــۆ دوژمـــن مەبنـــە چـــینی دیـــوار
وەکـــو کاریتـــەیی تـــەڕ، داچـــەمیون
گرانبـــارن، گرانبـــارن، گرانبـــار
دە بینـــە کۆڵەکـــەی هـــۆزو، بـــە هێـــز بـــن
کـــە ڕابگـــرن بـــە ســـەر، ڕاژەو گـــڵ و دار
زراو ڕێـــژاو مـــەبن، چـــیتر لـــە دەســـت خـــەڵك
ئـــــەوانیش ئـــــادەمیزادن، زراودار
لـــە لاتـــان، هەرچـــی بـــێ لـــەولاوە گورگـــە
بـــە خۆتـــانیش، بـــەرانێکی کـــەوی ســـار
دە هەســـتن، دامەنیـــشن، هاموشـــۆ کـــەن
دە ڕا بـــن، شـــارەزا بـــن کێـــو و ڕووبـــار
وەکـــو دووبـــشکە کـــوێرە، هـــەر بـــە هەســـتی
گـــەلێ جـــار، چـــۆتە ســـەر تـــەپڵی ســـەری مـــار
پـــشیلەش، ســـەگ ئـــەخنکێنێ بـــە ڕێکـــەوت
قـــولاپێکیش نەهـــەنگ ئـــەگرێ، گـــەلێ جـــار
ئـــیتر خـــۆ ئێـــوە هـــۆزێکی بەجێـــشن
لەگـــەڵ (نـــوح) یـــش، لـــە تۆفـــان بـــوون ڕزگـــار
لـــە کوردســـتانە دامـــەزران و مـــەزران
بـــە دیـــداری دیـــارو، بوونـــە دووچـــار
ئەگەرچـــی خـــوێنڕژاون، دڵ پـــژاون
کـــە بوونـــە خوێنـــدەوار، ئەشـــبن بـــە خوێنـــدار

ئـــیتر(پـــشکۆ)، هەتاکـــەی هـــەر ئەســـووتێی
لـــە ئـــاگردانی هـــۆزی بـــێ کەســـوکار؟!!.

١٩٤٨

(٣)

داشۆرینی فەرمانگەی ئینحیساری توتن لە کۆیە

دوور لەڕەحمـەت، بێکەسـی هێنایـە سـەر بـەش، ئینحیـسار
دەس بەلەرزین، چاو بە گـل، قاچـی شـەل‌و، دڵ نالـەبار
لەشـــکری ڕووتـــی‌و فـــەقیری خـــستە ولکـــەی نیـــشتمان
شـــەق دوو شـــانی گرتـــووە، زیـــڕەی کەمەنـــدو زولفـــەقار
هێنـــد شـــەپرزەو ناهومێـــدە، هـــۆزی کـــوردی دەربـــەدەر
تـــوتنی وا هاتـــە ســـووتن، چـــی لـــە کووتـــاڵی توجـــار
فـــەحس‌و تەفتیـــشی لقێـــك‌و، دوو لقـــی تەمغـــەو قـــەپان
تـــا چـــەکی ئـــەبڕێ، بـــەری بۆگـــەن ئـــەبێ ســـا پـــیرەدار
ڕەســـمی ئـــەم پـــوول‌و ئیجـــازەش، وا شـــەپۆلێکی نوانـــد
پێـــی دەخنکـــێن بێکـــەس‌و ڕووت‌و ڕەجـــاڵ‌و سەنگەســـار
قائیمـــەو زنجـــیرەوو تـــەئریخ‌و نـــومرەو، چـــەندو چـــوون
نـــان‌و ئـــاوی نیوەڕۆشـــت، لـــێ ئەکاتـــە ژەهـــری مـــار
باســـی دان‌و، گـــرتن‌و، وەرگـــرتن‌و، هەدیـــەو خـــەڵات
نـــاکرێ، ئـــیللا بـــەزەبری دەســـتی پـــاکی خوێنـــدەوار
مووی ڕەشـی ڕیـشت شـریتی فـەردەت‌و، گونییـەت گونـە
داڕزیـــن هـــەردوو بـــە ئـــاوی دیـــدە وەك تـــاوی بـــەهار
وا ئـــەهالی هـــەش بەســـەر، زووخـــاوی لـــێ ئەخواتـــەوە
نێرەمووکـــە نـــەك لـــەڕۆژا، ئـــەو شـــەویش نایێتـــە کـــار

هـــەر کـــە ڕووی دینـــاری دی، بێـــچارە، خێـــرا ئەیمـــژێ
پێـت بڵـێم تیمـسالی؟ عەینـەن کـچ لـەباوەش هـەرزەکار
زۆری وایــە، وەك ژنێــك هەشــت ئێکــی خــۆی داوا ئــەکا
ئاخری، کــچ نیوەیــە، کــوڕ دوو بەشــە، مێــرد ئێــك و چــوار
چــی ئــەمێنێ؟؟ خزمــی دوورو دوژمنــی قــەرداری جــاو
جــگ لــە لێــدان و جنێــوو، حــەپس و حیجــزی نابــەکار
کاکــە باســی چــی بکــەم؟ هەرچــی هــەژارە بۆتــە کــەر
ئــــەهلی گــــومرگ و توجــــاڕو ئاغـــــە بوونـــــە کەرســـــوار
میللــــەتێکی وا، بەسەرخۆشــــــی و بەســــەربەرزی بــــژی
خـــوێنی خـــۆی ئەیکاتـــە یـــارو، دەوڵەتیـــشی پایـــەدار
مامە! هاوینت بەسەر هـات، عـەردو بـەردت خـۆش نـەبوو!!
ئاغـــە! قوربـــان، نیمـــە زادو، شەتڵەکانیـــشم خەســـار
ترتـــرەی[(١)] لـــێ داوە، کرمـــی زۆرە، پارەیـــشم نییـــە
هەر ئەتۆی خاوەن کەرەم، خۆت ساحەبی، مـن بەنـدەوار
جــگ لــەتووتن، لەعنــەتی لێــدا، بــەڵام تەموینەکــەش
بۆتـــە ســـەرباری گـــران و، بۆتـــە ژەهـــر و کلکـــەمار
وا تــەرازووی عــەدلی دانــاوە، لــە عالــەم بــەش ئــەکا
بــەو پەتاقــەو تەسکەرەو، بــەو ئیستیمارەی دەشــت و شــار
بــەعزە شەخــسێکە، کونێــك و، ســەد پەتاقــەی پێوەیــە
دەســت و لێــوی شــیرنە، هــەنگوین فرۆشــە، شــەکرخوار
هێندە کەس، پــەڕپووت و ڕووت و لێــو بەسرکەو تــاڵی غــەم
کێــرو گــون دەرچــوو لــە ڕانــك، بــێ بــەش و ئوممێــدەوار

١- ترترە: ڕووەکێکی خۆهەڵواسە، خۆی لە قەدی ڕووەکە کشتوکاڵییەکان دەهاڵێنێ و خۆراکی ڕووەکەکان دەمژێ، بەمەش خۆی بەهێزو ئەوانیش لاواز دەکا. بە عەرەبی پێدەگوترێ (حامول).

بــەگ! بــەقوربانت دەبم مانگێکــە لێــرە ماومـــەوە
گــوم بــووە نــاوو پەتاقــەم، خێــرە گــەر بمکــەی قوتــار
دەی دەریکەن، ساختەچی، کرمانجی سەگباب، بێ ئەدەب
نــاوی خــۆی نایێتــە بــیر، ئینجــا دەپرســێ خــزم و کــار
گــەر پیاوانــە کەســێ ڕاســتی بڵــێ، هــەر بــێ بەشــە
ساختەچــی چــاوی گەشــە، کــوێرە دڵ و چــاوی هــەژار
ئــەی خــودا چــیت کــرد بــەهۆزی ســەربڵندو پێــشەوا؟!
کاربەدەستی هــەر لەخۆیــە، خــوێنی خــۆی ئــەخوا بــەزار
چی لەتۆ کــەم ڕۆڵــە؟ زڕ دایك بــوو تــۆی بــۆم پێگەیانــد
کــەی ئەگەیتــە باوەشــی ئــەو دڵبــەرەی ســیمین عــوزار؟!
ڕۆژی مـــەرگت هـــاتووە، وا ئـــادەمیی بۆتـــە خـــودات
هەی خولات بــبڕێ، لەگــەڵ پێشچوون و حیــزی و ئینتیحــار
تـــاوی نووســـینم نییـــە، ڕۆڵـــە نـــەماوە غـــیرەتم
وا لەبـــەر برســـییەتی و ڕووتیمـــە بوومـــە لـــەرزەدار
تا بەشی خۆم پێ ئــەدەن، ســێ بــەش هــەموو ئەمپشکنن
بـــا منالێـــشم بنووزێنـــێ لـــە دامـــەن مێرخـــوزار
(ڕاجیــا)! هــەر پیرقــەل و، جووتــێ بــرازای دەرئەچــێ
سەد بگــۆڕی جێگــەت و، ســەد عــەرزو حاڵــت بێتــە کــار!!.

١٩٤٣

(٤)

بەهار

چ ســـافە هـــەواوو چ خۆشـــە بـــەهار
بــە ئــاوو پلوســك و، بــە بڵــق و بوخــار

لـه فەرشـی زومـەڕڕەد، گیـاو گـوڵی گـەش
شــنۆی شــەنگەبیو ســێوو ســەروو چــنار
بـە بـۆنی وەنەوشـەو، بـە خەنـدەی گـوڵان
بــە ئــاوازی قــومریو، چــریکەی هــوزار
پیاڵـــە لەســـەر دەســـتی ئارەقکەشـــان
پـڕی چـەنگە موتریـب، زڕەی چـەنگو تـار
گوڵاڵـــــە لـــــە ســـــارا ئەڕازێنـــــەوە
گمــەی کــۆترو، قــەب قەبــەی کۆهــسار
بــە حەیرانــە گــەنجو، بــە بــالۆرە کــچ
بــە پێوانــە بــادەو، بــە لەرزانــە یــار
لــە ژێــر خێــوەتی بــەرزی پــیرۆزە ڕەنــگ
لەســەر ســەوزە شــاڵی گیــا، نەرمــە غــار
لــە ڕووی بــەزمو شــادی کــچانو کــوڕان
هــەموو دەوڵەمەنــدن، فــەقیرو هــەژار
کــە شــەونم ئەنیــشێ لــە زوڵفــی بوتــان
لـە لـوتفی خـوداوەن، پـڕن دەشـتو شـار
لــە نــەورۆزی کوردانــە بگــرن جــەمات
بــە ســۆزی دڵو، شــوعلەیی نــوورو نــار
لــە نــەورۆزی تۆیــە بەهەشــتی خــودا
کــە ئەژێنییــەوە مــەردومو مــوورو مــار
هــەموو مێــرگو باخــاتو فیردەوســی پــان
هــەموو حــەوزو ڕووبــاری ڕوونو گــەوار
شــەرابەن تــەهوورو، شــەرابەن تــرێ
لــە هــەنگوینو شــیریش، بنۆشــن بــە زار

مــەڕو بــزن و مــاڵات و گــامێش و گــا
بـە دەم گوێرەمـەو، گوێرەکـەو بـەرخ و کـار
زەڕینـــی کـــەران و، وەڕینـــی ســـەگان
میـــاوەی پـــشیلەو، کـــزەی تـــەیرو تـــوار
لـــە حیلـــەی کەحێلـــەو، زریکـــەو نـــەزای
وەکـــو هـــەور مـــاین ئەڕێـــژن خوســـار
لـــە پـــەردەی تەماشـــا، هـــەزار ســـینەما
لـە بیـستن خەبـەر، زەنگوڵـەی کـوردو کـار
لـە هـەر لا سـەرت سـام و، دڵ گێـژو مـات
لـــە هـــەر لا خـــەریکی گەلـــەو کـــارو بـــار
لـە شـڵقاوی مەشـکەو، لـە کونـدەی شـەوی
بـــە غیلمـــان و حۆریـــت، بەهەشـــتە هـــەوار
زڕەی دەســـت و بـــازن، لـــە ڕێگـــاو ســـەراو
دڵان ڕائەکێـــــشن، بـــــە گەشـــــتوگوزار
وشـــەو باوەشـــێنی ســـەباو پرچـــی ڕەش
خـــژەی لفکـــەدارو، مـــژەی بـــێ قـــەرار
لـــە زیـــڕەی گـــوارەو، زریکـــەی بـــەرۆك
خونـاوەی سـەملێ، بـۆنی مێخـەك، تـەغار
تەبـەق پڕگـوڵ و، لالـە دەکـشێ بەشـان
عـــەرەق پـــڕ دڵـــی والـــە، ئەڕژێتـــە خـــوار
لـــە واق واقـــی ڕێـــوی و، گـــژەی دووڕەشـــێر
لـە گرشـەی بـەرازو، هوشـەی گـورگی هـار
کــە واق وڕئــەمێنێ، لــە چــوار دەوری دێ
بـــرا گیـــان غـــەریبی، مـــەدە خـــۆت حەشـــار

درِنــده دەســتەمۆ، لەبــەر دەســتی کــورد
هــەموویان کــەوین و، هــەموو بەســتە بــار
لەگـــەڵ بادەنۆشـــان، بنۆشـــن شـــەراب
لەگـــەڵ نـــازداران، بکەونـــە قومـــار
لە نـۆی مـارتی ڕۆمـی، بـە نـەورۆزی کـورد
بـە مەشـق و زەمـاوەن، مەلـەك دێنـە خـوار
لــە جیلــوەی گوڵــووك و، گـــولاۆی گیـــا
چ گەنجانـــە مێـــزەر ئەکـــەن پـــیرەدار
لــە شــاران و لادێ، پــڕی دیوانــە بــەزم
لــە ســاراوو دەشــتیش، هەڵئــەدرێن دەوار
ئەگـــەر زەردە مـــەم، بێتـــو بفرۆشـــرێن
بە هـەرزانی بکـڕە، بـە گیـان، ئێـك و چـوار
لــە کــێش و کرِینــا نییــە ماچــی لێــو
مەگـەر پـشکە خێـر، بەرکـەوێ جـار بـەجار
بــە چــەپڵەو، بــە ســەیران و شــایی و ســەما
کــە لــەو ڕۆژە ئــەمری کــردووە کردگــار
گرۆهـــی غـــەریب و عـــەزیزان لـــە تـــەك
ســـلاوو ســـوپاس و گوشـــین و بنـــار
ئـــیتر، جـــەژنی تـــەبیات و ڕۆژی دڵـــە
ژیـــانی وجـــوودە، بـــەبێ ئیعتیبـــار
بـــە پیرۆزبـــایی، کـــە (ژیکـــۆ) ئـــەڵێ:
بـــە خۆشـــی بـــبن بـــەرزو پیرۆزگـــار.

١٩٤٦

(٥)

خونچە

خونـچە پـشکووتن لـە بـاخ و، شـاهیدن موختـاری شـار
پێـــشنیارێکە، بـــە یاســـای دیمـــەنی جـــوانی ویقـــار
خونـــچە عـــاجز بـــوو لـــەدڵ، بـــۆ بولبـــولانی پێکـــەنی
وا بەجێـــدێڵێ چـــنارۆك، چـــش لـــە بـــاخی سەرچـــنار
خونچە، ڕوو سووری خەجاڵـەت مـا لـە قـاپی مێرغـوزار
چـــاوی زەردو ڕووی ســـپی، نێرگـــز لـــە چـــاوانیا دیـــار
خونـــچە خـــاڵی ســـەر دەمـــی وا نەودەمیـــدەی دیدەیـــە
خوێنی دڵ پێی هەڵئەچێ، وەك بڵقی جەرگی هەرزەکار
خونچە قەترەی شەونمی ئەسڕێ، وەنەوشـەی زوڵفەکـەی
باقـــەیێکی ئـــەژدیها، کردۆتـــە گەســـکی چـــاوەزار
خونـــچە بـــەو گرژینـــەوەی، ئەژێنـــەوە پـــیرو جـــوان
بـــەو دەمـــەی تیمـــار ئـــەکا، مـــار پێـــوەداوو دەردەدار
خونچە شـادی کـا بـە خـەڵکی، موتتەهـەم نابـێ ئـیتر
چاخی سەیران، چـی بەسـەر بـازاڕی سـەوداوو قومـار!
خونچە بـا نـەدڕێ یەخـەی، چـیتر لـە داخـی بولبـولان
بـا بەشـەو تـاکو سـەحەر، بـبڕێ لـە یـارانی دەمـار
خونـــچە ئـــازادی ئـــەکا، بـــازاڕی نۆشـــی دائـــەنێ
بـــا نەکەونـــە داوی عیـــشقی ڕۆســـتەم و ئەســـفەندیار
خونـچە باسـی خـەم دەکـا، بـۆ ڕەنـدو لاوی دڵتـەڕی
بـێ دڵان، بـا هـەر بکـەن هـاوارو بـانگی پـڕ بـە زار

خونــچه میــوانی ڕەزو، نەشــئەی بــزوێو بــشڵەژێ
بــۆچ بکــەم باســی هــەواو ئــاوو بــەراوردی بــەهار؟
خونچه خوا هەڵناگرێ سیس بێ، لەباوەش بـای سـەموم
چۆن هەناسـەی مـارو دێـو، بڕژێتـە بـادەی پڕ خومـار؟
خونــچه تــا دوگمــەو بــەرۆکی، بیترازێنــێ لــە جــێ
قاچی بۆ هـەڵنێ، گـەلا پەخـشانکه، چەشـنی پیره دار
خونــچه، هــەر بــۆنی بکــەو هــەردەم ببینــە دیمــەنی
بگــــره نـــاو ئـــامێزی شـــادی، خـــانمو خاتوونـــەوار
خونچه، تا تیمـاری زامـی چـاوی (ژیکـۆ) کـا، بـە ڕوو
نایــەوێ دووربــین و عەینــەك، یــا تــەبیبی نالــەبار.

١٩٤٥

(٦)

گوڵ تەنا! مەرگی منت خـستەوە سـەر بـەرگی هـەنار
کوا لەسـایەی قـەدەمت، مەقبـەرە، بـێ پـایی چـنار؟
سـەروەرا! عەرعـەرو شمـشادو نـەیو بـانی قـەدت
وا لـە گۆشـەی دڵەکـەم، ڕستەیە وەك بـاغی بـەهار
ئەتپەرســتێ لــە بنــا گۆشــەوە، تــا پــایی ســەلیب
چ دەبــێ؟ عەبــدی ســەنەمپەروەری تــۆ بێتــە کــەنار
لــە جــەبین، مایــەیی ســووتانە عــەرەقناکی دڵــم
لــە ڕوخــا، چــارەیی برژانــە جگــەرها، دشــوار
ســووزەیی ماچــی لــەبت، ســۆزی دەروونــی ڕێــشە
عــەرەقی گــەردنی نــوورین بتکێنــە بــە نەســار
نــەدەمێ دێیــە عیــادەت، بــە نەســاغی عیــشقت
نــەدەمێ مــەیلی ئــەکا، چـاوی سیاهت بـە خومـار

چ بیابانــه بــەڕووی عیــشقەوە، ئــەی لــەیلا خــوو؟
چ جنوونێکــه لــه کەللــەم، نییــه ترســی کۆهــسار
ئەی پــەری هەستە، پــڕی چاوی قــەدەح بــادە بــدە
مەغزی ڕۆحم، کە گەلــێ وشکه بــەبێ شــەربەتی یــار
ســینه پــڕ ئــاگری گریــان و عەزابــە، (ڕاجــی)
بــۆ بــسووتێ بــه گونــاهی دەم و لێــوت، عــەییار؟!

(٧)

ڕوویــی بلــوورینی تــۆ، ڕێکــه بــه تــایی عــوزار
لامــەدە دەگــری کــه یــەك ڕێگــه لەســەد چاوەزار
تــۆزی ڕەه و دامــەنم، هەڵئــەوەرم دەم بــەدەم
وەختــی خەرامیــدەنت، دەم دەمــیش ئــەگرم هــەوار
سەیری دەماغم مەکــەن، وا دەمــی غــەم چۆتە ڕووی
خوردە کە خۆی ناگرێ، قەت لە دەمی گــورگی هــار
ڕەســمــی حیجابــت بــەڵێ، مایــەیی تاریکییــه
بــۆ منــی ســەودازەدە، یــا دڵــی زارو هــەژار
وەعــدە لــه هــەق تێپــەڕی، وەختــی تەحــەممول نــەما
کەعبەیی من بۆتــه ڕووت، دوژمنــی مــن بــووە قــەرار
گــەردنی مینــایی تــۆ، لالــەیی شــەوقی جینــان
خەنــدەیی ئــەنواری تــۆ، مەعریفــەتی کردگــار
ســوورەتی تــۆ بــێ میــسال، سیرەتی تــۆ کــافریی
حەیفــه کــه ئــەو نیعمەتــە، ئــەم دڵــه کــا ڕەنجــەبار
خێــوەتی زوڵفــت مــەقام، شــەربەتی لێــوت دەوام
تــا ئەمــه خــوا ڕاگــرێ، بۆچــمه کۆشــك و تــەلار؟

ڕشــتەیی ئەشــعاری مــن، مــەغزی دوڕو گەوهــەرە
واجیبە (ڕاجی) لە پێی دڵبەرەکەت کەی نیــــسار!!.

(٨)

لــە ئەگریجــەت کــە دەڕژێ موشــکی تاتــار
کـــشا بـــاری دەمـــاری مـــن، هـــەتا تـــار
بـــە ئاســتەم هــات هەناســەم، زوڵفــی بــردی
ئەمەنــدەم مــابوو مــن، ســەربارو بــن بــار
بـــە ئوممێـــدی کڕینـــی چـــووم و، فـــەوتام
ئـــیتر هەروایـــە قوربـــان، ســـوودی کڕیـــار
دەمێکـــە دەنگـــی نایـــا، جـــان خەبـــەر کـــا
لـــە پـــەردەی دۆســـتییدا، یـــاری خـــەممار
شـــەوو ڕۆژم لـــە بـــاخی شـــین و ئـــەحزان
نـــەعیمم ئەشـــك و ئاهـــە، دۆشـــەکم خـــار
کــە پەنجــەی دا لــە دەرگــەی ئــەقڵ و ئــارام
تـــرازا پێـــوە یـــەك دەم دارو دیـــوار
عــەجوولیم کــردو نــەمزانی لەســەر چــووم
لــە دەســتم چــوو، تــەواف و حــەججی دیــدار
کـــە عـــەودەت بوومـــەوە، جـــەرگی بـــڕاوم
لــەبی هێــشتا بــە دەس، نــەك نــوقڵی گوفتــار
کـــە شـــەوقی دڵ هەڵـــستا، هەســـتە (ڕاجـــی)
نــەبێ باکــت، بــە جــەوری یــارو ئــەغیار.

(٩)

زەلیلـــە دڵ لەبـــەر هیجرانـــت، ئـــەی یـــار
تـــەنم کەوتۆتـــە بـــەر تالانـــت، ئـــەی یـــار

ئەگـــەر جـــارێ بـــە عیـــشوەم تـــێ ئـــەفکری
ئەبـــەی ڕۆحـــم لـــە بـــۆ بوســـتانت، ئـــەی یـــار
جەماڵـــت شـــەیدە، مـــن هـــەر شـــەو لـــە داخـــی
دەنـــاڵم، ناگەمـــە تابانـــت ئـــەی یـــار
نییـــە حـــەددم، بـــە بـــاخی لالـــەوو گـــوڵ
لـــە کوڵمـــەو زوڵفەکـــەی لـــەرزانت، ئـــەی یـــار
لـــە ڕێگـــەی حـــەججی وەســـڵت، بـــێ قـــەرارم
دڵ و ڕۆح و جگـــەر قوربانـــت، ئـــەی یـــار
عـــەجوول و، بـــێ شـــەکیب و، دەردمەنـــدم
بـــە دیـــدەی نێرگـــسی فـــەتتانت، ئـــەی یـــار
لـــە خاســـەی شـــاهزادەی (شـــەهرەزوور) بـــووم
ئەمێـــستە خـــادیمی غیلمانـــت، ئـــەی یـــار
نـــەبوو جـــارێ لـــە ژێـــر چـــەوگانی زوڵفـــت
نـــەبینم دڵ لـــە نـــاو مەیـــدانت، ئـــەی یـــار
تەڵـــەبکاری شـــەرابی چـــاوە (ڕاجـــی)
مـــەزەی ماچـــێکی دوو لێوانـــت، ئـــەی یـــار.

(١٠)

(دنیا خۆپێوەنانە)(*)

دلـبر ماسـت هـر طـرف، بتلـەرەدن، ســپرینگ دەر
بەر سەری خەلق باشقەسی، جەورو جەفایە کینگ دەر
فێـسنە ئـوپش یازیـەم، باشـوە گـویزی ئووپـەرەم
زات ئس کلێڤەر گێرڵە، هەپـسی مـەمان و سـینگ دەر

* ئەم هۆنراوەیە بە هەر پێنج زمانی (کوردی، عەرەبی، فارسی، تورکی و ئینگلیزی) نووسراوە..

تاکه در ئاهنگ گرب، موغبەچە پڕ لـە عەکـسی جـام
یـــوزفلّو بیوتفلّـــە، پـــیش دلاّن گـــرینگ دەر[1]
قاشـــنە شمـــشێری هـــەرا، ئایـــسە گێتـــی ماجـــەرا
ئین همە دنیـایی پهـن، بـۆ منـی خەسـتە ڕینـگ دەر
وێـن لـەبی لـەعلی ئاتەشـی؟ أَحـرَقَ ثَـروَةَ الهُـدی
بر دل‌و جان، تو یور بـرۆس، داس‌و ڕم‌و بـرینگ دەر
بـحر غمەاست این جیهان، چون ڤەری مـەچ بلایـەوار
ڕێد، یەلۆ، ئانـد ڤایۆلێت، برنجـی دیشە دینـگ دەر
خۆشـی بـە پـیری کێـوە دێ، في مَفـرَق المنـازِلِ؟
فَکُـــلّ أَدوار الـــوری، هـــەلاّتن‌و دوو لیـــنگ دەر
وەرە، بـڕۆ بنۆشـە مـەی، بپۆشـە گۆڵـدو سـیلڤەرت
اخـــر کـــار در فنـــا، مـــەرگ‌و گـــڵ‌و سـڵینگ دەر
سەن نە پلایینگ گاردنە، (ژیکۆ)، بـە مـاچ‌و موچـەوە
دنیایە سۆیلەیەم سـەنە، خـۆ پێوەنـان‌و حیـنگ دەر!!.

١٩٤٨

(١١)

تـو خـوا وەرە مـاڵم، ئـەی دڵبـەری دیـن بـەر
بنوێنـــە لـــەب‌و ڕووت، بـــەرپا بکـــە مەحـــشەر
ئەی شـۆخی هـەوایی، هـەر تـۆم وەکـو شـایی
کـــارێ بکـــە خـــوایی، بتهێمـــە بەرابـــەر
تـۆ سـەوزەوو ئـاڵی، نـەرم‌و شـل‌و کـاڵی
هـەروەك کـەوی مـاڵی، بخوێنـە لەسـەر سـەر

١- لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (یوزفلّو بیوتفلّە، کۆترە یا ڤولێنگ دەر).

تـــیرت لەجگـــەر دام، تێمـــام و پەشـــۆکام
تاوامـــەوە، ژاکـــام، ئـــەی دڵبـــەری ســـەروەر
بێ ڕەحم و وەفا تـۆی، پڕ جـەورو جـەفا تـۆی
بـۆ سـەیر و سـەفا تـۆی، مەمکـە بـە سـەمەندەر
پـــیرم لـــە غەرامـــەت، گـــیرم لـــە نەدامـــەت
مـــاوم لـــە مەلامـــەت، بـــۆ مەرگـــەوو پـــشدەر
ســـــەودا ســـــەری یـــــارم، بێــــدارو دیـــــارم
وەك بولبـــولی زارم، بـــۆ غونـــچەیی ئەحمـــەڕ
تـــۆ حـــۆری جینـــانی، تـــۆ شـــەوقی دڵانـــی
خـــستنە گرانـــــی، ســـــەد ئاغـــــەوو بەگلـــــەر
(ڕاجـــی) چ فەســـیحی، دووری لـــە قـــەبیحی
بـــەم شـــیعرە مـــەلیحی، لای حـــەزرەتی دڵبـــەر.

(١٢)

ئیمرۆ لەگەڵ شـەوقی سـەحەر، یـار بـۆ غـەزا کـە هاتـەدەر
ڕۆحم لەبالەب خۆش خەبەر، گرتی شەکەر، کەش نەیـشەکەر
کـــە هاتەســـەر لـــە خـــوارەوە، بـــە نـــازو لەنجـــەو لارەوە
بەچـــاوی پـــڕ خومـــارەوە، کـــردی ســـەرو مـــاڵم هـــەدەر
بەجەمعی دەسـتە خوشـکەوە، بـە شـەمعی سـۆزو ئەشـکەوە
مـــەخلوقی خـــستە ڕەشـــکەوە، چـــاوی هـــەڵێنا پـــڕ ئەســـەر
تیری موژەی دەرچوو لە دڵ، بە خوێن دەمیـدا لێـوی گـوڵ
شیشەی هەناسەم خول بە خول، هاتو لە عەرشا دەچووە دەر
حیجـــابی ڕووی هەڵدایـــەوە، ڕۆژ پـــڕ ئەســـەر پاڕایـــەوە
مەوجی نـەزەر پونگایـەوە، قـوڵزوم بـە قـوڵزوم، سەربەسـەر

دەرسم بەئەفسون کردە خەم، شەرعم پەنادا یەك قەڵەم
چەندی نەڕۆیی زۆرو کەم، دیسان تەجەللی دا قەمەر
گشتی مونەووەر بوو سەما، بوە زەڕڕەبین چاوی عەما
پەردەی حەیا شڕ بوو نەما، هەر سوو لە عالەم موعتەبەر هۆشم
نەماوو تێپەڕی، عەقڵم لە پێ دا سەربڕی
ورگی ڕەقیبم هەڵدڕی، ساحەب دڵ و سۆزی جگەر
مەست و غەروورو چاپکە، بێباك و نەرم و نازکە
یاقووت و خەمر و ئاسکە، (ڕاجی)! حەبیبەی خۆش کەمەر.

(١٣)

گەر یار بێتە دۆشم، ناچێتە کێشی دەفتەر
وەك شووشە عارەق و مەی، بڕژێ بە تاوی مەجمەر
گوڵ هەمدەمی سەبا هات، پڕ خەندە لەعلی نازك
باخی وەنەوشە ڕسکا، سەد شێوە ئەمبەرە و بەر
ئەی نازەنینی عەییار، ئەی دڵبەرەی جەفاکار
تاکەی بە ئاگری ڕووت، بتوێمەوە سەرانسەر
وادەی شەراب و ساقی و عوود و قومارە، فەرموو
هەرچی تەڵەب ئەکەی دەی، مەی، شیر و شەهد و شەککەر
ناچێ لەبی حەبیبان، وەك مەرهەمی تەبیبان
پێویستە بۆ غەریبان، جانا بەڕۆحی دەربەر
دڵ جۆشی پڕ خرۆشە، سا دەی دەمێ بنۆشە
لەم شەهدی لێوە خۆشە، وەك دڵ مەبە موکەددەر
ئەم چاوە شۆخە ساقی، گرتوویە جانی (ڕاجی)
هیچ کەس نییە بە بێ تۆ، شایانی تەخت و ئەفسەر.

(١٤)

له غەمی هیجری تۆ بۆ مـن، چ بەهەشـتو چ سـەقەر
لـەدەمی وەسـڵی تـۆ بـۆ مـن، چ عـەماوو چ بەصـەر
گـشتی نـاخۆش‌و پـڕ ئـازاره لـه هیجـرا، خۆشـی
گـشتی هـەر خۆشـییه وەسـڵت، چ قـەزاوو چ قـەدەر
ڕۆحـی عاشـق لـه قـەدت، مـژدەیی خۆشـحاڵی دا
دەشـکـێ وەك دڵـی عاشـق، چ پییاڵـه چ فەنـەر
لـەب‌و زارت بـه قـسەو خەنـده ئـەبا ئـاوی گـوڵان
کەسره وەختێ که له خەندەی، چ عەقیق‌و چ گوهـەر
ئاسمـان نایەتـه کێـشی خـەت‌و خاڵـت ئەبـەدا
هـەر ئـەتۆ جیلوەفـشانی، چ بـه شـەمس‌و چ قەمـەر
عەهدی مـن تاعـەتی تۆیـه، بـه دڵ‌و جـان‌و دەمـاغ
کاری تۆ حوکمـه لەسـەر مـن، چ بـه ژێـر‌و چ زەبـەر
وەره (ڕاجـی)، بـه تەماشـاگەهی یـارانی عـەزیز
هەرچـی مـەیلت هەسـتا، چ قیامـەت، چ کەمـەر!!.

(١٥)

دایـم هـەوایی عیـشقت، بەسـەر دڵ دەکـا گـوزەر
بۆیـه ئـەو خەبـەرداره، منـیش هـەردەم دەربـەدەر
چـاوت بـه غـەمزەو نـازی، کوشـتوومی سـەد ئـەمان
لێـوت بـه نیـوه خەنـده، ئـەبا ئـاوی گوڵـشەکەر
سـینەم گـەلێ بـه سـۆزو تـاوه ئـەی ئـاوی حـەیات
زۆر تـەنگ‌و تاریکـه دڵـم، ئـەی غونـچەکەی سـەحەر

جــارێ بــەلارو لەنجــەوو عیــشوە تــۆ بێــرە لام
ئــاوا بکــە خانــەی بــێ نــەوایانی قوڕبەســەر
گاهــێ، لـە چـاوی خـۆم دەبیـنم نیگـاری بەهەشت
گاهــێ، لــە ســینەدا دەســووتێم بــە نـاری ســەقەر
مـەعلووم، نـەماوە مەیلەکـەت ئـەی یـاری بـێ وەفـا
ئێــستاکە دەشــکێنی بــە دووری کــەوانی کەمــەر
مێرگـــی نەســرین و وەنەوشــەو سۆســەن و ســەروی
بۆ زەوقـی ئـەم جەنەتـە، چ نـاکرێ لەگـەڵ قـەدەر
(ڕاجــی) لــە لۆمــە دەرچــووە، وا بۆتــە سەرســەری
عیــشقی لــە دونیاوەیــە، داینــاوە ســەری لەســەر.

(١٦)

چـــاو کاڵــە، ســیا خاڵــە، ســەفا پــەروەرە، دڵبــەر
خـــۆش کامــە، گوڵەندامــە، پــرِی فامــە، موعەنبــەر
ڕەنگ ئەسمەرە، موو خەنجەرە، قەد عەرعەرە، جان سووز
خــەت نافــە، جیهــان تافــە، دڵــی ســافە، مونــەووەر
شـــەو گێـــسوە، ڕەم ئــاهوە، وەك تێهـــوە، چـــاپك
شــیرین ڕووە، لــەیلێ خــووە، تــەن بێــچووە ســکەندەر
دەم شەربەتە، لەب ڕەحمەتە، گوڵ ڕوومەتە، خەت خـەت
مــن بــەو گوڵــە، بــەو کاکوڵــە، وا بوومــە ســەمەندەر
ئەو مەهوەشە، ئەو سەرکەشــە، ئـەو ڕووگەشـە، هـەردەم
هــەر سوویە، لەســەر ڕوویــە، دەمــی زوڵفــی تەژەنـدەر
هـــەر ئاخمــە، هــەر داخمــە، بــۆ جــەرگی برینــدار
ســووتاوە بــە بــۆی ئــەو کلــی شــۆراوە بــە کەوســەر

بــەم دەردی خــەمت، هیجــری دەمــت، فــەرزە بنــاڵم
ئــەی مــۆم تەنــەی، زیــو زەقەنــەی، ســینە موعەتتــەر
مــن قورِبەســەرو، بــێ جگــەرو، دەربــەدەری تــۆم
ئــەی ســەدەفی گەوهــەرو مــەم گــردو مــودەووەر
دەردت لــە ســیەهـ بەختییــە (ڕاجــی)، تــۆ بناڵــە
قــورِ پێــوە، لــە هــەرجێوە، لــە هــەر ڕێــوە، قەلەنــدەر!!.

(١٧)

ئەی تەنك ئەندام و سەنگین دڵ، جەبین بەدری مونیر
مــن گــەداوو تــۆ شەهەنــشا، تــۆ غــەنییو مــن فــەقیر
دەست تەنگم من لــە سایەی کــاکۆڵی عەنبەرفــشان
پای لەنگم من لــە ڕێگــەی بــەزمگاهت، ئــەی ئــەمیر
هــەڵکرا لالــەی ســەری کوڵمــەت، چــلۆن نەتوێمــەوە؟
بگــرە دەســتم، ســا بــە ماچــێکی لــەبانت دەســتگیر
گەر لە بادەی چاوەکەی کاڵــت، دەمــێ ئاســوودە بم
قەت بە ڕوتبەو تەختی شاهەنشاهەکان نــادەم حەســیر
قەتعــەیی کــوردو عــەرەب، هێنایــە ئیجــادو نــەما
تۆی وەها شیرین و شــۆخ و، تــازە ڕەســم و بــێ نــەزیر
خانــە ئابــادم بکــە، جــارێ بــە شــەوقی کوڵمەکــەت
ئەی کەسێکی، کەس نەماوە بۆت نەکا هەر شەو نەفیر
بارەکــەڵڵا، مەملەکــەت جیلــوەی ئــەقالیمی ســتاند
لەم لەبی مەحبووبە کوردە، ئەهلی سۆزت شاب و پــیر
زەلزەلــەی چــاوی سیاهت، کەوتــە شــەرق و غەربــەوە
شــاه و ســوڵتان و گــەدا، وا بوونــە ڕەنــدی گۆشــەگیر

ئەی خودا! (ڕاجی) کەوا شـەرمەندە مـاوە لـەو بوتـە
کەی دەگا ماچی بکا، دەستی لە مل کا، یا قەدیر؟!.

(١٨)

ئـەم دوژمنــە، لـێم بۆتــە بــەڵای کــەلبی نهــانگیر
وەك چەرخی زەمـان چـەرخە دەکـا حیلـەوو تـەزویر
سـیمین تەنەکــەم مەسـتە، لەبـەر نـازو نەزاکــەت
بردوویـە دڵــی خەسـتە، بـە سـەد حەلقـەیی زنجـیر
مەغرووره بـە ڕووی خـوێنی کـوژاوان، وەکـو جـەللاد
کوشتوومی بـەبێ تۆمـەت، بەیـەك زەربـەیی شمـشیر
(حەفقولقــەدەم)ی چــاوی سـیاهی تــوە، ڕۆحــم
زوو بمکــوژە ئــەی دڵبــەرە، سـوودی نییـە تـەئخیر
گوڵچیهرە! دەمـێ دائـیرە ڕەنگـین کـە بـە خەنـدە
دایـم کـە لەسـەر سـەر ئەگـەڕێ گەردوشـی تەقـدیر
بۆمــەنزەرەیی خــەڵوەتی خاسـان، نــەزەری بــوو
شــەیتانی ڕەقیـب خـستییە سـەر ناڵـەیی شـەبگیر
ئەم ئایـەتی خـاڵ و خەتـە، (ڕاجـی)، لـە لـەب و ڕوو
تـەعبیری بـە مەعناوەیـە، کورتـە لـەبی تەفـسیر.

(١٩)

بۆ مەجلیسی سەربەرزی، هەم تـەرزی سکەندەر کـوڕ
بـۆ تینـەتی دڵ لـەرزی شـەهبازو غەزەنفــەر کــوڕ
کــوڕ قــابیلی مەیدانــە، پـڕ کــاری هونــەر کانــە
خۆش مەعدەنی ئیحسانە، سەر ڕشتەیی کیشوەر کـوڕ
کــوڕ لایقــە کۆمــەڵکا، بیدعــەت پــڕی باخــەڵکا
لالــەی ئــەدەبی هــەڵکا، سـوڵتانی موزەففـەر کـوڕ

هـــەردەم لـــە قەرارێكـــە، هـــەر وەختـــە بەهارێكـــە
بـــۆ غـــەرقی كەنارێكـــە، غەوواســـی بـــە لەنگـــەر كـــوڕ
گـــەر نووحـــە، ئەگـــەر مووســـا، ئیدریـــسەوو ئیـــبراهیم
هەم یوسفو هەم یـــەعقوب، موختـــاری پەیەمبـــەر كـــوڕ
كـــوڕ قاســـیدی عیرفانـــە، وەك مـــورغی ســـولەیمانە
نوورێكـــە لـــە یەزدانـــە، هـــەر نەوعـــە منـــەووەر كـــوڕ
ســـاحەب جگـــەرو ئـــاقڵ، زیـــرەك لـــە هـــەموو هائیـــل
فاریق لـــە هـــەقو باتیـــڵ، وەك ئـــاگری میجمـــەر كـــوڕ
كـــوڕ زینـــەتی ئەوراقـــە، یـــا قـــوڕڕەیی ئەحداقـــە
بۆ هەردوو جیهان تاقە، ســـاحەب حیكەمـــە هـــەر كـــوڕ
پڕ فیكرو عەمەل بۆ ژین، هەنگوین دەهـــەنو شـــیرین
ڕەنگین كەرەمو سەنگین، تیمسالی موســـەممەر كـــوڕ
بـــۆ نەقـــشی ســـەفاجۆیی، بـــۆ ڕاهـــی وەفـــاپۆیی
بۆ سوڵحو شـــەكەرگۆیی، مەشـــهوورە لەهـــەر دەر كـــوڕ
كـــوڕ ڕۆســـتەمی دەورانـــە، دوڕڕی یـــەمی حەیوانـــە
(ڕاجی) مەبە دێوانە، هـــەم جەوهـــەرو گەوهـــەر كـــوڕ.

**

-ز-

(١)

ئیمڕۆ لە ڕێگەت نەمام، ئەی بوتی گەردن فیراز
من، هەمە عوششاقی تۆم، بۆچی دەکەی ئیحتیراز؟
سەوزە، لە ڕێگەی حەمام ماندووە ناگاتەوە
قامەتەکەی نازکی، ماوە بە نازو نیاز
بەرگی وەکو ئەشکی من، چەشنی گوڵووکی بەهار
بۆ دڵو چاوی غەریب، نەشئەوو قووتو جیاز
هەستە بە گەردوش بخە، جامی دەمت ساقیا
زووبە بڵێ موتریبا، دەشتی یو بەندو حیجاز
گەر تۆ لە من ون ببی، ئەمخەیە زیندانی خەم
وەر تۆ لە من بی دیار، جیلوەمە هەم سۆزو ساز
شەرتە کە گوڵ بێ لەبت، ئێقە فراوان نەکا
عەهدە کە بێ چاوی تۆ، بادە نەبێ مەستباز
لامەدە زوڵفت لە ڕوو، ئاگرە بۆ دینو ماڵ
جەننەتە گەر بێیە ڕووم، زوڵف لە ڕوو، سینەواز
توڕڕەیی خەتت بەخاڵ، چاوەیی جاه و جەلال
مونجیزی ئەڕواحو دڵ، خاصیەتی ئەفکارو ڕاز
تالیبە (ڕاجی) لە تۆ، مەرحەمەتی ماچی لەب
تاسوقی وەسڵی تۆوە، ئەی سەنەمی دڵنەواز.

(٢)

تا لەسەرمایەی ژیانی، خەرجکەم تەونو تیراز
نرخی کاتو کارەساتم، نابڕێ سا کاری ساز

کارسـازی سـۆزو شـەوقم، تـا بـدا تـاوی دەمـاغ
خوێن هەڵئەقوڵێنێ لە قـوڵپی دڵ بـە چاوم تانـەخواز
خوازبێنی بووکی مەی کەم، تا لە کووپەی بیرو هۆش
بۆشـە گیرفـانم، کـە ئەشکی پڕ مـەزەم لـێ بۆتـە باز
بـازی دا، لـێم تێپـەڕی، ئـەو دڵبـەرەی خـاوەن شکۆ
شەکوە لای کێ کەم بەرانبـەر دڵڕەقـی پڕ کینو ئاز؟
ئـازمـوودەی جـەنگی حـەفتا دەوڵـەتم کـردو، جـەزام
ئـاخری کێـشا، لـە دیـدەی موقنەتیـسی حیلەسـاز
حیلەسـازێ هـۆزو هێلانـەی تەپانـدم، تـازە چـی؟
بـەم سـەری پیریمـە هـەڵبگرم سـەلەی نـازو نیـاز!!
نازو نووزی دووره خەج، تاکەی بـە سـەد سـەر هـەڵگرم
هێنـدە وەسـتاوم لەسـەر پێیـەك، کـە بوومـە قاچەقاز
قازمـەی بـیر هەڵکـەنم، هـەر ئـۆگری خـاکی دەره
بـۆ تـەمای لـێ نیـشتنی تۆزێکـە، سـا ئاواتـەخواز
من وەکو مـارم، کەچـی سیرەو لـە ڕوومـا شین ئەبێ
تـا لـە بـەینی سیرو مـارا، خزمـە ناکـەم ئیمتیـاز
ئیمتیـازی مـاڵو دەسـتی دوژمـنم، پێـشین چـەکە
وا چـەکی کـردم، دزی دەم چیکەنەی پـیلانو گـاز
گـازو گـازووکو گـەزت، گـشتی فڕێـدە سـەر بـە تـۆز
چەشـنی (ژیکـۆ) تـاکو مـردن، هـەر بخۆ هێلانـەواز.

(٣)

سـەری شـۆرا بـە سـەد ڕووبـار، کاغـەز
نەسـیم نەیـدا بـە دەسـتی یـار، کاغـەز

لـــە شـــێوەی ڕوومـــەتی جانانـــە نووســـیم
بـــە یـــەك شـــێوەم نـــەدی میلیـــار کاغـــەز
عـــەجایب گـــەردنی ئەســـپی بلـــوورین
ســـوواری دوودو ڕەختـــی بـــار، کاغـــەز
موڕەککـەب سـەروی نـازك، شـۆخی عـەییار
مـــەیو نـــەی، نێرگـــسی گـــوڵزار، کاغـــەز
کـــە هینـــدی بەچـــچەکان هـــاتن بـــە ئیمـــا
وەکـــو نوختـــەی ســـیا هـــەموار، کاغـــەز
نەســـیمی زوڵفـــی موشـــکین، بـــا نومـــا کـــا
لـــە گۆنـــەی پـــڕ خـــەتی ڕەشمـــار، کاغـــەز
ئەمەنـــدەم (ڕاجیـــا) نووســـی، نـــەما هـــیچ
بـــە قـــەدری مەرکـــەزی پـــەڕگار، کاغـــەز.

(٤)

بـــرا! لێتـــان موبـــارەك بـــێ شـــەوو ڕۆز
هـــەموو ســـاڵێکی بیکـــەن جـــەژنی پـــیرۆز
بـــە لێـــو خەنـــدان، وەکـــو بـــارانی نیـــسان
بـــە ســـیما گـــەش، وەکـــو هـــاموونی نـــەورۆز
دەمێکـــە چـــاو لەبـــەرتانم گـــەلی ژیـــن
بـــە ڕووی زەردو، بـــە ئەشـــکی چـــاوی هـــاڵۆز
هومێـــدم وایـــە ئـــەی هـــۆزی بـــە هیـــوا
نـــەبینن قـــەت لـــە دنیـــادا تـــەپو تـــۆز
لەگـــەڵ گیـــانم ئەبەســـتن عەهـــدو پـــەیمان
پـــڕی جـــەرگم ئەکـــەن، تیرانـــی دڵ دۆز

حەقیقـــەت، ئێـــوە ئـــەهلی خۆشەویـــستین
لـــــەبیبان‌و تـــــەبیبی دەردی جانـــــسۆز
لــە جوهــدو کۆشــشی خۆتــان بخــۆن بــەر
وەکو جەننەت، نە وەك (ئەنـدێك‌و ئـەنگۆز[1])
لـــە عالەمـــدا، بـــەخوا دووڕی یـــەتیمن
لــە دنیــادا، ئەکــەن شــەمعی دڵ ئــەفرۆز
ئـــەوی ناخۆشـــە لای، وەســـفی ئـــەدیبان
لــە پێــشی دابنــێن، هــەر پــووش‌و گــاگۆز
ڕەقیبـــی ئێـــوە، بـــچنە بلّقـــی ســـەختیی
لــە خــم ڕۆچــن، مــل ئەســتوورانی ســەر بــۆز
ئەگەرچـــی نائەدیبـــە ئێـــستە (ڕاجـــی)
بــەڵام تــۆزێ لــە دڵــدا شــك ئــەبا ســۆز!!.
١٩٣٨

(٥)

نیگـــــارم خانمێکـــــە، خـــــاوەنی ڕێـــــز
دەرم ناکـــا، ئەگـــەر بشـــچم بـــە پـــارێز
بــە شــەو مەســتم دەکــا چــاوی، لــەبادەی
مـــەزەی پـــوختم دەداتـــێ لێـــوی نـــەوخێز
ئـــەمن پـــاراوی بـــەزم‌و ڕەزم‌و خۆشـــیم
ڕەقیبـــیش بابگـــەوزێ وەك کـــەری دێـــز
مـــن‌و یـــارم وەکـــو مـــەجنوون‌و لـــەیلا
لــە عیــشقا، یــا وەکــو شــیرین‌و پــەروێز
چ ناخۆشـــیمە، لێـــی دوورو جـــودا بم!
چ خۆشـــیمە، دەمـــێ بیگرمـــە ئـــامێز!

١- دوو گوندی وشك‌و کەم ئاون لە ناحیەی بێتواتەی سەر بە قەزای ڕانیە.

کــراوه مەیکــەدەو، مــەی هاتــە بەخــشین
ئــیتر پێویــستە ڕاوەســتم لـــە دەهلیـــز
بـــە بـــادە گـــەر نەشـــێلرابن دڵو تـــەن
هەویرێکـــە، شـــلو بـــێ پیـــتو بـــێ پێـــز
جوانێکـــــە لـــــە عالـــــەم تێپـــــەڕیوە
لـــە بـــازاڕی جوانانـــدا دەکـــا بێـــز
بەچـــی ســـەرکەوتوون بێگانـــە، (ڕاجـــی)؟
مـــشوورو، بـــیرو، تـــەگبیرو، چـــەكو هێـــز!!.
١٩٤٦

(٦)

یـەك یـەك، لـە خـەتو خـاڵو قـەدو چـاوی دلـئـاوێز
بـۆ کوشـتنی مـن دەم بـە دەمـن، تـازەوو نـەوخێز
قوربـانی سـەرو پەرچـەمو بـاڵاوو لـە بـت بـێ
سەد موشكو گوڵو سەروو عـەقیقی تـەرەب ئـەنگێز
حەیرانـە لـە ڕووی بـاغی جـەماڵت، ئـیرەمو چـین
لوبنـانو عـەدەن، میسرو یەمـەن، لەندەنو تـەورێز
موتریـب وەرە توخـوا، بدەمێنـە دەفو شمـشاڵ
سـاقی وەرە بـۆم تێکـە، لـە چـاوت مـەیی لـەبرێز
شـاهید وەرە دەم بـاوە دەمـم، سـینە بـە سـینە
زوڵفـت بەتکـەی ئارەقـەوە، بیکەمـە بـاڕێز
دەسـتت، بـە هـەوەس بیکـەرە تـەوقی ملـی عاشـق
هـیچ مەیخـەرە دڵ ترسـی ڕەقیبـی کـەری شـەودێز
فانۆسـی دڵـی هـەڵبووە (پـشکۆ)، بـە نەسـیمت
تا هێزی هـەبێ سـۆزی هەیـە، خوایـە بـدەی هێـز !!.
١٩٤٦

-ژ-

(١)

ئەسپەکەی ڕەشکوێتە دڵبەر، خۆشڕەوو پڕ یالّو بژ
ڕۆستەمە، یا حەیدەرە، چاپوك سواری شێرکوژ
خۆش بەرودۆش‌و سەرە، گەردن زەرو، ڕوو سەوزە خەت
ڕەنگی گوڵ، قامەت سنەوبەر، بەرگی ڕەنگین، گیاوگژ
پاڵەوانانە لە جەنگی خۆشەویستیدا جمی
سا چ قەوماوە بە گورجی، هێندە زوو زووم دێ بە گژ؟!
هەر خەریکم من، لەگەڵ دڵبەر دەمێ ئاشت ببمەوە
نەمدی ڕوویی ڕەحمەت‌و، دیتم هەموو دەم زیزو دژ
گەرچی بەربادو پەرێشانم، لە دەس چەرخی زەمان
دەردەکەی ئێمەن لە دوو ڕوو، پەرچەم‌و کاکۆڵی قژ
ئێستە من چاکم، بە شێتی کاری یاری سەر ئەبەم
وا ڕەقیب وەك بزنە گرێ، چین بە چین لێیداوە سژ[١]
کارو پیشەی زارییو هاوارە (ڕاجی)، ڕۆژو شەو
دەردی ڕۆژی گرتووە، بۆتە منالّی مەم نەمژ.

(٢)

لەم قاپییە تاکەی بە هەوا ببمە تەمانێژ؟
لەم کووپە خمەی خوێنمە، تاکەی بە دوا چێژ؟
هەر نایەتە هاوارم‌و، ناگا بە وەرامم
لەم سینەیی پڕ شۆرە، نە دڵ ماوە، نە ڕاوێژ

١- سژ: زیندەوەرێکی بچووکی مژۆکە، بە لەشی مەڕو مالاّتەوە دەنووسێ‌و خوێنی دەمژێ.

هیـچم نییـه تـا بیخەمـە ژێـر پێـی‌و، بلـێم بـێ
وازی لــە گەلئاوێژییــە، دوو چــاوی گەلاوێــژ
بەخـشیمەوە سـەر مەشقی خـەتی مـەرگی جـوانیم
خــاڵێکی نیــشاندام‌و، دڵــی کردمــە ســەراوێژ
دڵ کوت کوت‌و، تەن پەل پەلە، بەو جینگڵی زوڵفە
ســاڕێش‌و کــولن، دەردو بــرینم نــەبوو ســاڕێژ
نەخـشین‌و بەڵـەك چـاوە، خـەواڵوو بـە هـەموو دەم
سەرخۆشــەوو ژاکــاوە، لــە یاریمــە دەراوێــژ
مــن بوومــە نیـشانەی خەفـەت‌و ئـاگری ڕووی تـۆ
تـۆش بوویـە مـەکۆی تـیرو گوللـەو قونبولـە هاوێـژ
دەســتم نەگیــەیی بیخەمــە باخــەڵت‌و، لەگــەڵتا
یــاری کــەم‌و بتمــژم‌و، ســەرەو ژوورو ســەرەولێژ
(ڕاجـی)، کـە لەپـەردەی ئـەدەبا مـەرگی بـە تـۆدا
ماسـی وڕی گێـژاوە، دڵـی کاسـە، سـەری گێـژ!!.

١٩٤٧

(٣)

چـەندم بەسـەرهات ئـاوەکوڵ، چـەندم بـڕین هـەورازو لێـژ
چـەندم دوعـا خوێنـدن شـەوان، چـەندم ئـەدا بـەرتیل‌و نوێـژ
چـەندم ڕیـازەت دا بـە دڵ، چـەندم ئەکوشـت نەوسـی خـەڕۆ
چـەندم شـکاند نرخـی گـران، چـەندم دڕیـن هـەوراوو گێـژ
چـەندم لەسـەرنا تـاجی گـوڵ، چـەندم بـە بـادا چـەتری سـەر
چـەندم نوانــدن گوڵڕوخـان، چـەندم فـڕین پیاڵـە نەڕێـژ
چـەندم ئـەگرت غـەزالی سـڵ، چـەندم لـە داوا دەرپـەڕین
چـەندم فرۆشـتن نەوجـەوان، چـەندم کـڕین ئاشـتی نەچـێژ

چــەندم گەیانــدن خــاڵو پــڵ، چــەندم مەیانــدن ســییمبەر
چـــەندم گوشـــین بـــالۆرەزان، چـــەندم مـــژین حەیرانەبێـــژ
چـەندم گەشـاندن سـەوزە چـڵ، چـەندم وەرانـدن پـەلكو بـەر
چـــەندم خەوانـــدن باخـــەوان، چـــەندم چـــنین شـــەمامەنێژ
ئاخیر، بەدەن بوو سستو شل، هیوام نەما (ڕاجی) لـە گـەل
دیـــنو دلـّــم دانـــا لـــە بـــان، خـــۆمو خـــەمی دوورو درێـــژ[1]!!.

١٩٤٧

* *

١- ئەم شیعرە جوانكارییەكی سەیری تێدایە. سەرەوای لەتـە دێـڕی یەكـەم لەگـەڵ سـەرەوای لەتـە دێـڕی سێییەمو پێنجەمو...، سەرەوای لەتە دێڕی دووەم لەگەڵ سـەرەوای لەتـە دێـڕی چوارەمو شەشـەمو ... هەر..... وەها، لەگەڵ یەكتریدا جووتنو ڕێك دێنەوە.

-س-

(١)

لـە جـەفاو ماتـەمی دووری، بـە خـودا بوومـە پـەلاّس
ڕۆژی شـادیم بۆتـە مـەرگو، ئەجـەلیش بۆتـە گـلاّس
ڕەوڕەوەی مـەیتی منـە، عیـشقی دوو چـاوی زیبـا
گـۆڕی ئـەفکاری منـە، سـینەیی خـاوی نەسـناس
ڕوویـی دلّـداره بـەلیّ، جـەژنی خـەتو خـالّو خـەیالّ
چـاوی بیمـاره بـەلیّ، دەم بـە دەمـی شـوكرو سـوپاس
سـینە پـەیكانزەدەی زولّـفو مـوژەی تـیری ئـەوم
دیـدە هەلّنایـە لەبـەر تـاوو تریـسكەو لـەبو كـاس
پەلـەوازەی چ بكـەم؟ گێـژەنی غـەم ڕێـژەنی دا
نیمـە ڕزگـارییو دەرچـوون، بـە چ بورهـانو قیـاس
كـە پـەلامارم ئـەدا سەركەشـی شـاماری كـەزی
قـوژبنێكم نییـە مـەر بـچمە پـەنای مـەمكو كـراس
دەسـتئاوێزەیی ئـەو گەردنـە نـابم، بـە خـودا
هـەروەكو دیـتمو بـووم تێكـەلّی سـەد دەنـگو بـاس
عەرعـەری (مەنـدەلی)یـە، (نوورییـە) نـاوی، گـولّزار
لامـلو گـەردنی خۆشبۆیه، لـەڕووی تـەونو ئەسـاس
(ڕاجـی)، ئـاواره مەبـە چـیكە لـە تـاوی یـاران
وەرەوە باوەشـی غەمخانـەیی تـاری دلّـی كـاس.

بەغدا- ١٩٤٣

(٢)

نیمـە سـەودایی قومـارو، ئـارەزوویی دەنگوبـاس
عاشـقم، بۆچـیمە زانـستو تـەرازوویی قیـاس

پەرچـــەمت ڕابـــواردنی شـــومە، بـــە خـــاڵی وردو ڕەش
ڕومـــەتت یاریـــدەیی ڕۆژمـــە، لـــە ڕۆژنامـــەی (ئەســـاس)
پێکـــی مـــەم، لێـــوی مـــەزە، ســـفرەی بـــەرۆکت مێـــزی پـــڕ
هێـــشتە بـــەرمان ناکـــەوێ لـــەم بەزمـــە ماچـــی لێـــوی کـــاس
دەم چ دەم؟ نـــوقڵی هـــەوەس، چـــاڵی زەنـــەخ، ئـــاوی حـــەیات
گـــەردەنی قەنـــدی عـــەرووســـی، مێـــشی ڕۆحـــی لێکـــە پـــاس
وا گـــڕەم کەوتۆتـــە ســـەر چـــاوی بـــە شـــەربەت ڕشـــتراو
مەستی ویم، یاخۆ لەسەرخۆ چووم‌و کەللـەم چـوو بـە تـاس؟
تـــا خـــەواڵوو بـــێ زیـــاتر نـــاز ئـــەنوێنێ بـــە مـــن
وەختـــە لـــێ ڕابـــێم لـــە نـــازو، هـــیچ نـــەمێنێ هـــەراس
ســـێبەرێکیکەم نییـــە، ســـۆراخی زوڵفـــی تـــۆ دەکـــەم
هەر لەڕووی تۆم مـاوە مـاوەی، نیعمـەت‌و شـوکرو سـوپاس
نـــاکرێ هـــەردەم بـــە ســـەودایی لـــە دووت بخولێمـــەوە
خـــۆم دەپـــارێزم هـــەموو وەختـــێ لـــە ئەهلەنناســـی نـــاس
خاکی غوربەت بوو، خەڵوزی جەرگی (پشکۆ)ی کەوتەسـەر
بێجگـە شـوعلەی کوڵمـەکانت، کـێم هەیـە سـا چاوەناس؟!
١٩٤٨

(٣)

کەوتوومـــە تـــاوی عیـــشقەوە، زانـــراوە گـــەر نـــابم خـــەلاس
بەربوو لە دڵ ئـاگر بـە تـاو، بـێ دەردی سـەر نـابم خـەلاس
مـــەجبووری دیـــدارم ســـەنەم، مـــەحووو گرفتـــارم ســـەنەم
ســەرخۆش‌و بێـزارم سـەنەم، قـەت سەربەسـەر نـابم خـەلاس
سەوداســـەری گـــوڵزارتم، موشـــتاقی لێـــوو زارتم
ئاشـوفتەی زوڵفـی خـارتم، ئـەی جیلـوەدەر نـابم خـەلاس

ئـەی شـاهنازی دڵبـەران، ئـەی مـوتریبی یـارانی جـان
خـستمتە بەنـدی بـێ ئـەمان، ڕۆژی قـەدەر نـابم خـەلاس
مـن ڕووتو قـووتو عـاجزم، زەردو ڕەقو وشـكو كـزم
گـیراوی داوی پـایزم، خـاكم بەسـەر نـابم خـەلاس
پەیوەسـتە وەحـشو بێكەسـم، بـێ دەسو پـێو فریاڕەسـم
گیرۆدەیـی خـارو خەسـم، مـاڵم خەتـەر نـابم خـەلاس
خاڵـت بـە كوشـتن حـازرە، ئـەبرۆت بـە غـەمزە دائـیرە
ڕووت بـۆ عـەزابم ئـاگرە، ئـەی لـەب شـەكەر نـابم خـەلاس
هەر شەو بەغەم، جێگـەم سـەقەر، ژەهـرو زەقـوومم دێتـەدەر
گیانو دڵو دیـنم لـە دەر، ئـەی خـۆش كەمـەر نـابم خـەلاس
(ڕاجی)! لەیار شەكوا ئەكەم، كە كـەس نەیپرسـی ڕا ئەكـەم
مـاڵی خـودا ئـاوا ئەكـەم، بـووم دەربـەدەر نـابم خـەلاس!!.

(٤)

كـە سـاوی دا، بـڕۆی شمـشێری ئـەڵماس
بـڕۆی شـەیدی، شـكاندی پـشتی قـەیاس
بـە خـوێنی چـاوی مـن، دنیـا ڕووانـدی
گـوڵو نەسـرینو سەوسـەن، مـۆردو نەسـناس
لـە دەردی هیجرەتـا وا قـوڕ دەپێـوم
بـە ئەشـكی گـەرمو ئـاهی سـەرد، سـەری كـاس
برینـی دڵ، لـە ڕازی كێـوی عیـشقت
دەری كـردن، هەڵاڵـەو شـنگو ڕێـواس
شـكارتەی[١] بـەختی بـەد، وشـكو خەسـارە
زبارەیـشم نییـە، وەك ئالـەتی داس

١- شكارتە: كشتوكاڵ كردنێكی كەم، وەك چاندنی دوو سێ تەنەكە گەنم.

دیـــــارە قـــــووتی زســـــتانم دەفـــــەوتێ
لـــە هاوینـــا، ئیلاهـــی نـــاس‌و ئـــەجناس
نمـــەك گـــیرت نـــەبێ (ڕاجـــی)، عەجیبـــە
وەهـــا چـــاکە، لـــە تـــۆ زەحمـــەت بکـــا پـــاس!!.

(٥)

دەستی دوعا دەگرم دەمـێ، گـوێم پـڕ لـە گوفتـارە مەبـەس
چـاوی بـە کـوڵ هەڵـدێنم‌و، قوچـاوی دیـدارە مەبـەس
دەکولێنـەوە زامـی بـە کـوڵ، کـە بـیری دیـدەم دێتـە دڵ
هـەردەم لـە ئـاوازی نەبـەز، دەردم گـەلێ زارە مەبـەس
کە مانگی پڕ کوڵمەی هـەڵێ، ئافـاقی جـان دەگـرێ بـەڵێ
ئـاوا دەبـێ ڕۆژی بتـان، لـەم چـەرخ‌و پـەڕگارە مەبـەس
هەر کەس وەکو من ڕووتە بێ، ڕیشەی گیـانی سـووتە بێ
پڕداخـی ئـەبرۆیی کـەچ و، پـەرداخی ڕووی یـارە مەبـەس
دەردی دەروونـە، سـەر نییـە، لـە ئیشـی مـوو بـەدەر نییـە
لـە چـاوو غـەمزە دەرنەچـێ، جاسووسـی ئەسـڕارە مەبـەس
سـەوزە بـە گـوڵ چـنینەوە، خونـچە بـە پێکەنینـەوە
هەرچـی بـە بولبـولان دەکـا، خـوێنینی گـوڵزارە مەبـەس
پـشکوونی(پـشکۆ)یـە لـەبی، بۆیـە دەسـووتێ غەبغـەبی
سفرەیی سینگ‌و مەمیـەتی، مەتعـەمی هوشـیارە مەبـەس.

(٦)

کە سووك سووك دێتـە پـێش، سـەما دەکـا نەفـەس نەفـەس
خـەتی وەنەوشـە تـۆپ تـۆپ، ئەداتـە زوڵفـی دەس بـە دەس

خــەریکی ڕیکــە ڕیکــە دڵ، ئەســیری ســیڕە ســیڕە ڕوو
خەیاڵو خاڵە کێشە کێش، عــوزارو زوڵفــە کــەس لــە کــەس
بەلەنجــە نــەختێ دای تــەکان، ســەوزە شــەمامە هەڵتــەکان
هــەزار گیــانی خۆشەویــست، فیــدای مــەمانی نیــوەڕەس
بــادە وەکــو حــەیا ڕژا، لەســـەر کراســـی(نووریيـــە)
دیــدە بــە دیمــەنی پــژا، لــە ڕەنــگو ڕوویــی بەســکە بــەس
ڕۆژی ویـــدادە دادی مــــن، چ ڕۆژە ژانـــە ســـەریەتی
شەوی سەفا هەژان ئــەکا، (مەدیحــە) ســووری دەســکە بــەس
واتــەی کــچانی (جــۆرج)ە دێ، جــەواهێری لــە جــۆری دڵ
تێکــەڵ بــە جــەرگی مــن دەکــا، چ باقــە باقــە خــارو خــەس
جـــەنابی ڕوویـــی کارەبـــا، کـــە بـــا حیجـــابی لا ئـــەبا
تریــسکو تــاوی سەربەســەر، ئەخاتــە چــاوی خــزمو کــەس
پەنیرەگـــشتە ڕوویـــەتی، مـــۆمی ســـپی بازوویـــەتی
جـــەفا بـــە یـــاران خوویـــەتی، پیرانـــەگا فریـــادڕەس
دەســـتم لـــە تۆقـــەدا تـــەقی، گەیمـــە وتـــاری نەســـتەقی
وەك منی زاری دەربەدەر، (ڕاجی)یە وشــكو بــێ هــەوەس!!.

بەغدا - نەورۆزی/١٩٤٣

(٧)

ئــەی ســەراپایی قــەدت، وەك کــەو کــەنارە بــۆ عەســەس
وەی دلئــارامی لــەبت، شــیرین گــەوارە بــۆ هــەوەس
هــەر کەســێ عیــشقی لــەبت نەقــشی لــە دڵ کێــشا ئــیتر
بــۆ خــەرامی مــەنزڵی، هەســتی نییــە دەنگــی جــەرەس
لــێم حەرامــە مــەی لــە بــەزمی ئــەو کــە نێزیکــە ڕەقیــب
لێمگــەڕێ جامــێ بنۆشــم مــن لــە شــەوقا ئــەی تــەرەس

نــازو عینوانــت، قــەدی شمــشادمی خــەم کــردووە
تـا کـە نێزیکـە جگـەر کـا بـەم سـەری بـەرزم هـەرەس
تــرش‌و شــیرینی زەمانــە، عیــشقی بــێ ســەرمایەیە
تــاڵ‌و تفتــی عاشــقانە، ســاف‌و شــیرینی مەگــەس
نــەوعی تەســخیرت، کــە قەیــدی خــاتری ئازوردەمــە
بــەم گرانباریــە خــودا، حــەیبر نــەبێ ســا هــیچ کــەس
وا لەگــەڵ گــوڵ بۆتــە هەمــسەر، (ڕاجیــا)، لــەم باخــەدا
خاری دوشمن، هەر وەکو تووتی لەگـەڵ قـەل، هـەم قەفـەس
دەشــتی دنیــاوو قیامــەت، عەنبــەرئامێزە هــەموو
گەر سەبا بێنێ لە نەفخەی زوڵفـی موشـکین یـەك نەفـەس
من وەکو مووسا، لە تـووری عیـشقی تـۆ فەرخونـدە بـووم
لازمــە هەڵکــەم بــە یــادی ڕوویــی ڕەنگــین، یــەك قەبــەس.

(٨)

لەســـەر مـــوڵکی دڵا، ســـەیرو ســـەفا بـــەس
بـــە میـــدراجی ڕجـــا، جـــەنگ‌و جـــەفا بـــەس
بـــە گـــوێرەی عاشـــقان، دەســـتی تـــەڕەحوم
لـــە گـــەردن، قەیـــدی ئـــازارو خـــەتا بـــەس
بریــنـــدارە دڵـــی پـــڕ ئـــاه و گریـــان
بـــە یـــەك مـــەیلی تەداویکـــە، دەوا بـــەس
مەکـــەن لۆمـــەی هـــەواداران بـــە تەعنـــە
لـــە زانینـــی خەبـــەر، یـــەك ماجـــەرا بـــەس
کـــە مـــن غـــەرقم لـــە نـــاو دەریـــای غـــەریبی
بـــە پـــاپۆڕی تـــەوەتتون، ئیلتیجـــا بـــەس

نیـــشانەی دەوڵـــەتی عوزمـــا، لـــە ئـــەبرۆت
ســـەرەوبن بـــوو بـــە تـــیری کیمیـــا، بـــەس
لەبـــەر زنجـــیری زوڵفـــت، شـــێری دڵ چـــوو
بـــە ئیزهـــاری مـــەزەب، کـــوفرو بـــەلا بـــەس
عەجـەب بـێ دینـە خاڵـت، ئـەی پـەری ڕوو
لەســـەر ئـــەم کیـــشوەرەی دڵ، ئیـــستیلا بـــەس
کـــە لـــوتفێکی نـــەبێ یـــارت، بـــە کـــوللی
لـــە قـــاپی حورمـــەتا، (ڕاجـــی)، ڕجـــا بـــەس.

(٩)

ڕۆحـــم لـــە بەرابـــەر نـــەزەری ســـەفایی ڕەقـــس
دەتوێتـــەوە وەك شـــەونمی پـــڕ ســـەبایی ڕەقـــس
ســـاقی! هەوەســـی مەیکـــەدەوو وەفایـــە، بـــێ
بگێـــڕە، بەســـەر کۆمـــەڵی پـــڕ هـــەوایی ڕەقـــس
گـــیراوە، دڵـــەی بێکەســـەکەی هـــەژاری مـــن
بـــەو سیلـــسیلەیی عوشـــرەتی نـــەوایی ڕەقـــس
ڕابـــوردووە، خنکـــاوە، بـــە ڕووی بـــەحاری غـــەم
هـــەر کـــەس، کـــە نـــەبێ ڕاگـــوزەری لیـــوایی ڕەقس
مەعلوومـــە مەحەببـــەت لـــە دڵو دەمـــاغی خـــەڵك
بۆیـــە کـــە دەبـــن مەســـتی مـــەیو نومـــایی ڕەقس
ڕۆحـــێ کـــە لـــە ڕووی دەردەوە پـــڕ شـــەرارە بـــێ
خێـــرا بکـــەوێ، بـــێ لـــە دەری دەوایـــی ڕەقـــس
ڕشـــتەی دڵـــی (ڕاجـــی) مـــووە، ئـــەی غەزالـــجان
وەك تارێ، لەسەر تاری ڕوخی خۆش لیقایی ڕەقس.

(١٠)

چاوم له دەسو جودی تـوه لـەم دەره، یـا غـەوس[1]
بـێ سـەبره دڵو، سـووته هـەناوم، وەره یـا غـەوس
عـومرێکـــە، بـــە پیرانـــەوه دەگـــریمو گـــراوم
فرمێسکی قەڵەم هێشتا پـڕی دەفتـەره، یـا غـەوس
کـــەس نایەتـــە هانـــای دڵو، ناگاتـــە هەناســـەم
ئەم دەربەدەره، بێکەسو بـێ هەمـسەره، یـا غـەوس
هیـــوام دووه، دڵ مانـــدووه، هـــاواره بـــە هـــاوار
یەك واریسه، یەك بۆ شەوی دڵ ڕەهبەره، یـا غـەوس
بیـــستوومه کـــە پـــێڵاوی تـــوه، تـــاجی ویلایـــەت
سـەبیارەیی مـن لـەم دەرەدا پەنـچەره، یـا غـەوس
کەوتوومـــە قـــوڕی ڕەنجبـــەرییو، تێکـــەڵی بـــەدکار
پێمڕابگـە، بارمکـە لـە ئـەم مەحـشەره، یـا غـەوس
چـــەند جـــاره لـــە بەغـــداوه، نەهاتوومـــە دەری تـــۆ
لەم دوورەوه هەڵپـەی منـی سەوداسـەره، یـا غـەوس
گـــەر تـــۆش وەکـــو یـــاران لـــەوەفا کـــورتی بهێنـــی
قەت ناگەمە نـاو باوەشـی ئـەو دڵبـەره، یـا غـەوس
لەم ئاهی جیهانسووزه، کـە (پـشکۆ)یـە دەسـووتێ
وا غـەرقی تـەمی ماتـەمو خاکـستەره، یـا غـەوس.

(١١)

قـــەترەیی چـــاوو حـــەیا ڕۆیـــی تکـــاوه بـــە عەبـــەس
عـــەرەقی عـــاریزی جانـــان نـــەڕژاوه بـــە عەبـــەس

١- غەوس (غَوث): مەبەست له (شێخ عەبدولقادری گەیلانی)یە، کە مەزاری پیرۆزی له گەڕەکی (بابولشێخ) ی شاری بەغدایە.

گیان لەسەر تـەختی گـولا ، تێکـەڵی زێیـی ئەمەلـە
خێــوەتی زولفــی ســەنەم هەڵنــەدراوە بــە عەبــەس
شــەڕی خــاڵو خەتــە، تــالانی خــەیالاتی منــە
دڵ بــە ئــەم بێکەســییە تێــوەگلاوە، بــە عەبــەس
بــە بــڕین کــاری کــرا، عاشــقی غــەمگین جانــا
تیغـی پـڕ جەوهـەری تـۆ، تـازە سـواوە بـە عەبـەس
بــاغی شمــشادو گــوڵو لالــەوو نەســرین ڕِســکا
بولبـولی خەسـتەجگەر بـاڵی شـکاوە بـە عەبـەس
کـونجی ئـەو لێـوە کـە جێـی ئـاوی ژیـانی[1] وەتەنـە
کۆمەڵی خاڵی[2]، بـەڵێ، تـێ نـەخزاوە بـە عەبـەس
سەربەسـەر، ماچـی دەمـی، جەننـەتو دنیـا دێنـێ
بۆیـە خـاوەن وەتـەنێ، لـەم دووە مـاوە بـە عەبـەس
پـیری سـەر لەوحـەیی ڕەنـدانی خـەراباتم ئـەمن
قامــەتی شــۆخو لــەتیفم نەچــەماوە بــە عەبــەس
قــەدەحێکی بــە جگەرگۆشــەیی، (ڕاجــی) ، نــادا
یـاری بیدعـەت هەوەسم، خـاوەنی نـاوە بەعەبـەس.

(١٢)

ئەی دڵ لـە زەهـادەت بەسـە، تێکۆشـە لـە تەقـدیس
ڕاکێـشە بـە پـەرگاری تـەرەب، عیـشق لـە تـەدریس
نەفـست بـە خەفـەت بکـوژە لـە مەیخانـەیی ڕێکیـی
ڕابــوورە لــە خمخانــەیی ئــەهرامنو ئیبلــیس

١- لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (کونجی ئەو لێوە، کە جێی ئاوی حەیاتی وەتەنە).
٢- لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (کۆمەڵی خەتتی، بەڵێ، تێ نەخزاوە بە عەبەس).

گـەر مـووری سـولەیمان بـە سـەفا بێنییـە بـەردەس
زوو حـازرو ژێردەسـتـە، سـوپاو جەننـەتی بـەڵقیس
خۆت غەرقی خەجاڵەت مەکە، ئەی یـاری گوڵەنـدام
هەر فێری شەجاعەت بـە، وەکـو حـەزرەتی ئیـدریس
جارجـارە لـە حوسـنا، ڕوخـی یوسـف بکـە مـەنزەر
یەعقوب سیفەت، مەستی تەحەممول بە لـە تـەهریس
تـا نەقـدی دڵو دیـدە نـەدەی، مـەگرە قـەدەح قـەت
ئـەو وەختـە تەماشـا مەکـە بـەدکاری بـەدو پـیس
وا بەخشـشی کۆمـەڵ بـووە خـۆڕا، لـە عێراقـا
بۆیـە لـە شـەش ئەترافـەوە دایگرتـووە ئینگلـیس
دڵ بۆتـە غـولامێکی هەراسـان، لـە دەرو ژوور
تێکـەڵ بـە پڕۆتـۆنی بکـە، بیکـەرە تـەکلیس
ڕۆژو مـەهی فەرمانبـەرە هەرکـەس، وەکـو (ڕاجـی)
تێـراوە لـە یـەکڕەنگیی و، وەسـتاوە بـە تەئـسیس.

❊❊

-ش-

(١)

ئـــارەزووی ئازادییـــە چـــاوم بـــە تـــاوی ئەشـــكباش
چـــونكە هـــەقبینی قـــەدی تۆیـــە، ئـــەبینێ پـــێش‌و پـــاش
گەر ئەپشكون گوڵ، لـە سایەی قـەترەیی فرمێسكی مـن
ســـووزەیی ئـــاهم بەشـــێكی پێوەیـــە، ئـــەمجا هـــەواش
زەردە ڕووم، خوێنبـــارە دڵ، چـــاوم ئەڕێـــژێ بـــاری كـــوڵ
تـــا خەجالـــەت بم لـــە نـــازو بـــازی ئـــەو كـــۆترەی قـــەلاش
وەك بـــەلاّ ، ئەشـــكی بـــەلاّلۆوك ئالۆوبـــالۆووم پـــێ ئـــەكا
بلّقی گچكەم گەورە بوو، وەك مەوجی بـەحری پـڕ لـە داش
وا بـــەدارم خـــستووە، ئـــەم ســـووكە تەونـــەی وەسـڵی ئـــەو
بـــەن كەمـــە، بـــۆم ناتـــەنێ ئـــەم ڕایەڵـــەی وا شـــاش‌و واش
ســـینەماییێكە دوو چـــاوی، ســـەد فلیمـــی پێوەیـــە
نیـوە غـەمزێكی هـەزاران سیحرە، سـەر شاشـەی بەشـاش
چاوی ئـەو دەرچـوو لـە چاوبڕكێ، كـە چاوی مـن هـەلاّت
تارمـــایی كەوتـــە ســـەر، هەڵنایـــە ئـــەمجا بـــۆ ســـەماش
ئەســـپی ئـــاواتم گـــەلێ لاك‌و بنێـــساوە لـــە دووی
ئێـــسكی وا ڕەش بـــوو، ســـپی ناكاتـــەوە ئاوەنیـــاش
كاتی خۆمە، ئـای دەبووم پـڕ چەك بـە بیر وەك پاڵـەوان!
زەوتی كەم، بوومە نیـشان، نـەمزانی دامییـە بـەر ڕەشاش
خـــاتری چـــاوی ڕەشـــی، هەرچـــی كـــە پێیكـــردم خـــەتی
ئێـستە بـۆ ئەمحاتـە خەنـدەك، خوێنەكـەم ئـەخوا بـەلاش؟
بـۆ دەخالـەت، مـن كـە كـەوتم لـەم بـەرو دەرگانـەدا
تێـك ئەچـێ چـاوت بزانـی مـن تـەڕاحم یـا تـەڕاش؟

سونبول‌و، مـێلاق‌و، خونـچەو، لـەعل‌و، یـاقووت‌و گوهـەر
تێکـــەڵاوی ڕەونـــەقێکن، مەیکـــە باراشـــی مـــزاش
بولبـــولی پـــڕ ئـــاخی دڵ، وا چاوەنووســـی خونـــچەیە
کێ هەیـە گـەر ئیـستیفادەی لـێ بکـا، حـەتتا سـەباش؟!
دڵ، جگــەر خواردیــەوە، هاتــە چـاوی پـــڕ زام‌و گـــرین
تــازە ناگونجــێ بــە تیغــی موژگــە بکــرێ قــاش قــاش
تـــا دەریکـــرد گردەڵـــەی پـــڕ کـــێم‌و خـــوێن، هێنایـــەدەر
نـــەك ئـــیتر هەڵداتـــەوە ئـــەم عیللەتـــەی ناکێـــشەخاش
هێنـــدە دڵخۆشـــم لـــە ڕێـــی وەســـڵت، بـــە ناهـــەق بمکـــوژن
نـــاڕزم، وەك مەیتەکـــەی مـــەزڵوومی دوکـــان ئەرقـــەداش
بـــۆ دیـــەو ئەرســـی دەم‌و لێـــوت، کـــە ماچـــێکم دزی
چیم هەیـە غـەیری دڵـم، سـا لـەت لەتیکـەو خـاش خـاش
هــەر دەمــە یــەك ســورەتی لــێ دائەتاشــم، ئــەو گوڵــە
ســەیری مــن ناکــا، کــە بوومــە ئــازەری پەیکــەرتراش
ســـەیری ئـــەم دنیایەکـــەو، باســـی وەفـــای تێـــدا مەکـــە
هــەر کەســێکی بیپەرســتی، فــەرزە هاڕینــت بــە ئــاش
تــۆ، کــە خــۆت خستە پــەناو بــەختی گــوڵێکی بــەختیار
وا دەزانـــێ ئـــاگری، دەســـتی دەســـووتێنیی‌و، مـــەقاش
ڕووت‌و قـــووتم، بـــێ کـــراس‌و بـــێ کـــەوا، برســـیمە مـــن
چـاو لــە دیـداری گـوڵی سـوورم، وەزیفـەی بـێ مـەعاش
کۆمــەڵی فیکــرم فــڕی، غــەمزەی دوو تــاپڕ بــوو، تــەقی
ساچمەی خاڵی نەتیجـەی عـومری کوشـت، ئیـشم چـەواش
چـــاندم‌و، تـــامم نـــەکرد کـــونجی‌و برنجـــی لێـــوو دەم
گێرەشـــی پێکـــردم‌و دووری نیـــشاندام نیـــسك‌و مـــاش

گــەر ئــەزانی حالــەتو بــەختم لەگــەڵ یــاران چییە؟
بــاخی شــادیم تــازە ســاوا، دەوڵــەتی مــەرگم هــەراش
بــیرو بــازارو موغــازەم، پــڕ لــە ڕەنگــاوڕەنگی هــەق
تــا قیامــەت بیفرۆشــم، نــاکرم (ژیکــۆ) قومــاش!!.

(٢)

عــەجایب! غەمزەکــەی چــاوی، لــە دڵ وەســتاوە ئــەمجارەش
بــە ســیحرو نــازو عینــوانی، لــە دەر خــەملاوە ئــەمجارەش
ســەبا بــۆی زوڵفــی گــەر بێنــێ، مەشــامی دڵ بکــا ئــاوا
ئــەزانم یــار لــە قــاپی مەیکــەدە هەســتاوە ئــەمجارەش
لــە هــەر فەســڵێ کــە تووشــی هــاتبم، پۆشــیوییە تەلعــەت
لــە بەختی بــەد غــەڵەت بــووم‌و، بــە خــۆی داداوە ئــەمجارەش
سروشــکم هێنــد بــەخوڕ دەڕژێ، وەکــو تۆفانەکــەی پێــرار
هــەموو عــەردی بــەدەن غــەرقی قــوڕو لــێلاوە ئــەمجارەش
بــە پــێچ‌و تــابی ئەگریجــەی، دڵــی خــەڵکی لــە بــن هێنــا
تــەمای کوشــتاری مەخلوقــە، کــە تێــك ئــالاوە ئــەمجارەش
لە دەر دانیشتبوو دڵبەر، بــە ســەد عیــشوە لــە جێ هەســتا
مەزەننــــە وا ئەبــــەم یــــاران، ڕقــــی هەســــتاوە ئــــەمجارەش
هەتاکەی بێ خەمی (ڕاجی)، لە عیشقی ئەو پەری ڕوویە؟
لــە بــەحری خۆشەویــستیدا، دڵــی خنکــاوە ئــەمجارەش !!.

(٣)

ئــەی زەمــان، بۆچــی منــت کردۆتــە قۆچــی مــاری ڕەش؟
دوور لــە نــازو نیعمــەت‌و، نێزیــك لــە دەردو زام‌و غــەش
ڕێکوپێــك نایــەم لەگــەڵ کــەس، هاوتــام نــابن لــەبار
چــونکە نێــزیکم لــە هــەق، دوورم لــە خــەڵك‌و ڕزق‌و بــەش

پێکـــەنینم دێ بـــە گریـــانی ســـەرۆكو بەگلـــەران
چـاو بـەگریانم لـە خەنـدەی ڕووتو قـووتی سـەر بەهـەش
هـەر قـوڕی مەرگـە کـە ئەیپەستم بەسـەر، تـا پـێ بـە پـێ
ئـــەم قـــوڕاوی ئادەمـــە، بژییێتـــەوە وەك ڕەنگـــی گـــەش
دڵبـــەری ژینـــە، کـــە دیـــن تـــاڵان ئـــەکاوو دڵ ئـــەبا
دیـنو دڵ گەرچـی لەگـەڵ یـەك دوژمـنن وەك پێـنجو شـەش
تـــاکو ڕووم ڕەش بـــوو، لـــە عالەمـــدا چ نـــاوم کردبـــوو
ئێـــستە ناوچـــاوان ســـپیمو، بوومەتـــە گـــاجووتی قـــەش
جۆکییـــو لۆتیتـــە یـــا شـــێخ، وەك دەمو قوونـــت بـــە گـــوون
خـــۆت جنۆکـــەی عالـــەمی، بۆچـــیتە جنـــدو دێـــوی ڕەش؟
هێنـــدە بـــەد ئەســـڵن لەگـــەڵ خـــەڵکی، مـــەلاوو شـــێخەکان
چـــی ئـــەوان ئەیکـــەن، پـــەنا بـــەخوا ئـــیتر نایکـــەن فەلـــەش!
هێنـــدە مـــا (پـــشکۆ) لـــەئاگردانی بـــەر لـــووتی جـــەمات
نێرگەلـــەو قەڵنـــەو ســـەبیلی، گـــشتی خـــستە کەشمەکـــەش.

(٤)

لــــە دەری مەیکـــــەدە دیـــــتم، ســـــەنەمی بـــــادەفرۆش
زوڵفـــی ڕەنگینـــی لەســـەر کووپـــەوە پێـــچابوو لـــە دۆش
باخـــــەڵی، وەك یـــــەدی بـــــەیزا ئەدرەوشـــــاوە لـــــە دوور
دڵـــی پـــڕ حەســـرەتی پـــڕ کردبـــوو، هـــەرلاوە لـــە جـــۆش
نـــــــازكو، خـــــــاوەنی دوڕدانەیـــــــەکی ناســـــــوفتە
کـــە بـــە پڕنیـــشکێ هـــەموو تـــەونی تـــەنی، دێتـــە خـــرۆش
چ ســـەفا ســـینەوو پوســـتانی هـــەواخوازی هەیـــە؟!
کـــە لەبـــەر شـــێوەیی ئـــەو شـــۆخە، نـــە دڵ مـــاوە نـــەگۆش

لــــە هـــەموولا ئەیـــەوێ، دڵ هـــەدەفی تـــیری بـــێ
کــەس نــەبێ بێتــەوە نــاو مەملەکــەتی ئــاوەزو هــۆش
ســەیری نــەوتوولی قــەدی، چــەندە خــەرامان ئــەڕوا!
شـەنگەبی حـەددی چییە؟ بێتـە نـەزەر ئـەو بـە درۆش
ســۆزی جانــانی وەتــەن، ئــاگری دوو کــوڵمی ئــەوە
هەرچـــی فانۆســـی دڵو دیدەیـــە کردوویـــە خـــەمۆش
سمـتو ســێ بەنـدە وەکـو گۆیــێ، بـە چـاپ دابــڕەژێ
بەڵـەکی هـەروەکو مۆمـێ، کـە بـسووتێ شـەوی خۆش
دەمو لێـــوی شـــەکەرین، لـــەعلو دوڕو یاقووتـــە
سەروچـاوی لـە جینـان، کەوسـەرە، سـا هەسـتە بنـۆش
پەنجـــە زیوینـــە، چ نەخـــشێكو بـــەهاییکی هەیـــە
بۆ سەرەی مامڵەتی ئاخۆ، چەند دەبـی شێتو پـەرۆش؟
گــەردەنی، شووشــە شــەرابێکە لــە پوڕتــەو داپۆشــراو
کــاکۆڵی وەك شــەوی دەیجــوورە، پەشــێوو مــەدهۆش
ئیـــددیعای دینـــی هەیـــە، بێـــچووە موســـڵمانە، دەڵـــێ:
بۆچـــمە تـــاجی ســـەلاتین، چ دەکـــا نـــۆتو قـــڕۆش؟
شـــاهیدم گێـــسووە، ســـا ئەرمەنییـــە، کـــوردی مەیـــە
خـــاوەنی جامـــە، لـــە هـــەرلاوە ببینـــە قـــەرەپۆش
چ لـــە تیفـــە، چ گوڵئەنـــدامو لەبیبـــەو، شـــیرین
ڕۆژی خـــاوەر بوەتـــە نۆکـــەرو ســـەججادە بـــە دۆش
(ڕاجـــی)، ئیمڕۆکـــە چ ڕەندانەیـــە تـــەبیاتو وتـــەی
یا لەگوێی شێتو نەزانان، ئەگوشێنێ بـە سـرۆش[1]؟!.

١- لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (ڕاجی، ئیمڕۆکە چ ڕەندانەیە تەبعی شیعری یا لە ڕەغمی جوهەلا،

(٥)

ئیتتیلاعیم زۆره مـن، نوسـخەی ویـساڵت بێتـه پـێش
حوببی خولـدم زۆره مـن، چاوەی زوڵاڵـت بێتـه پـێش
مــن نەسـیمێکم لــه سـوبحو نیـوەڕۆژو نیوەشـەو
تـا لـه زەردەی ڕوومـەتم، بـاغی جـەماڵت بێتـه پـێش
عاشقو ڕەنـدم، لـه دەرگانـەی خـەمت کەوتوومـه کـار
خۆش، له مەیخانەی دەمت، جامی حەڵاڵت بێتـه پـێش
سـینه پـڕ ئـاگر، گەڕیـدەی سۆزشـی ئـەتواری تـۆم
تـا ئەمـه خوایـه فـوارەی چـاوی کاڵـت بێتـه پـێش
عـەزمی دیـدارم لـه دڵ ناچـێ، بـه مـەرگو زینـدەگی
تا لەسەر تەختەی بەشم، لوتـفو کـەماڵت بێتـه پـێش
دەردی بێـدادم، بــه سـەرگەرمی فڕێیـداوم لــه جـێ
با له موستەشفای لەبت، دەرمـانی حاڵـت بێتـه پـێش
دائیمـا ئومێـدەواری وەصـڵی یـارم، (ڕاجیـا)
بـا لەسـەر سـینی ڕجـا، لـەعلو لوئالـت بێتـه پـێش.

**

هاتووه دیوانی سرۆش).

-ڤ -

(١)

تـا لـە کولّمەیـدا تەماشـاکەم بـە دڵ ئـەنواری حـەز[1]
دێمـە گولّبـانگو شـکۆفەی بولبـولو گـولّزاری حـەز
سیلـسیلەی کـاکۆڵی پـڕ پێـچت بـە جـۆرێ هاتـە ڕوو
وا لـە ژێـر پێـی نـاوە بـاخو مێرگـوزاری شـاری حـەز
شـەرتە تـا مــن بـەختی بـەد ، هـەمیارو یاریـدەم بـدا
نەیخەمە بەر دەستی کەس، خـەرمانی شـیرینکاری حـەز
بێکــەسو سەوداپەرســتی وەك منــی شــەیدا نییــە
ناهومێــدی قیبلــەگاهی دلّبــەری عــەییاری حــەز
بەسیە بـێ مـروەت، هەتاکـەی تـەفرەدانو دەردو خـەم؟
بەم هەموو ڕوتبـەو نیـشانەو تـاجی هیممەتـداری حـەز
بیدعـەتی چاوت بـە شـۆخی، مـاڵی کـاڵی پوختـە بـێ
بەڵکــە ئەمکێــشێتە تــاقو کۆشــكو دیــواری حــەز
تیغـی دلّبـەر مەرهـەمی ئـازارە (پـشکۆ) گـەش بـەوە
هەســتە دایڕێــژەو بپۆشــە جەوشــەنو زوننــاری حــەز.

❊❊

١- سەروای دێڕەکانی ئەم هۆنراوەیە بریتیە لە وشەی (حَظ) کە بە واتای (بەخت) دێ، وامان بە باش زانی بە ڕێنووسی کوردی بینووسین.

-ع-

(١)

دڵ لــە بەنــدی جەژنــە گێــژەنبارە یــاران، ئەلویــداع
ڕۆح لــە داوی غــەم کــرا ئــەی غــەمخواران، ئەلویــداع
هەر کەســێ مەشــغوولی کوشــتو عوشــرەتو قوربانییــە
من بە قوربان، بوومە فیتنەی جێـژنی قوربـان، ئەلویـداع
لێمگــەڕێن تــاوێ بــە گریــان، ئــاگرێ هەڵکــەم لــە خــۆم
جەننــەتم نــاوێ بــە ســەیرانی ڕەقیبــان، ئەلویــداع
نــازكو بــاڵا بڵنــدو، ســەوزە پــۆشو، خونــچەدەم
ئێستە لـێم تـۆراوە چبکەم؟! سـەد هـەزاران ئەلویـداع
دەردەدارم، بێقــەرارم، خەســتەیی شــاری غــەمم
لەشکری زەحمەت فـەنای دا جیـسمو ئێسقان، ئەلویـداع
ئەلویـداع، ئـەی مـەنزڵی جانـانی قامـەت عەرعـەریی
ئـەی شـەکەر لـەفزانی بـاخی دیـنو ئیمـان، ئەلویـداع
ئەلویـداع، ئـەی جـەمعی سـەییادانی عـەقڵی عاشـقان
ئـەی گوهەرسـەنجانی جـانی حـوورو غیلمـان، ئەلویـداع
ئەلویـداع، ئـەی سـاقییانی مەیکـەدەی پـڕ میحنـەتان
ئـەی عـەزیزان، موتریبـانی شـاه و ئـەرکان، ئەلویـداع
ئەلویداع، ئـەی قـووتی ڕووحو قـەلبو گیـانی (ڕاجیـان)
وا لە هیجـرانم حـەزین، ئـەی پـیری کـەنعان، ئەلویـداع!!.

(٢)

ئەیخەمـە باوەشـی تکـا، دڵبـەری ژیـن بـە سـەد سـەعی
اَطــوفُ خَــدِّهِ كَمــا حــاوَلَني بِمَــضْجَعِ
ڕۆحێك لە دوو بـەدەن دەکـا، دڵبـەری لـێ بەگـەن دەکـا

لَــهُ الکَمــال و البَهــاء، فَهــوَ عَجیــبُ المَــصْنَعِ
یارێکــه وا یاریدەمــــه، دەردو بــرینو مەرهەمـــه
بِقَـــدِّهِ المُلَمّـــــعِ ، بِخَـــدِّهِ المُقَنَّـــــعِ
بکێشه چـەرخی غەبغـەبی، دڵـی فیداکـه وەك لـەبی
بِجـــذرِهِ المُکَعَّـــبِ، بِـــصَدرِهِ المُرَبَّـــعِ
شـێوەو ڕەوشـتی کوردییـه، دلێـری دەسـتوبردیه
وَلا یَخــافُ مِــنْ دِیَــةِ، یَقْتُــلُني بِالأَصْـبُعِ
بـه پەنجەدەسـتی نـەرمو شـل، بەخۆشەویـستیم کاتـه مـل
أَلُــفُّ خَــیرَ مــا یَــدُلّ، عَلــی نِظــامٍ مُرتَــعِ
خـستمییه بەنـدی چـاوەکەی، بـه دەسـته زوڵفـه خاوەکـەی
بِوفْقِــهِ المُــسَبَّعِ، و سَــجْعِهِ المُتَّــسعِ
بـه نـازی نۆیـەمینی ئـەو، دڵـم فـڕی لـه چەشـنی کـەو
عِنْــدَ غُــروب عَقْــرَبٍ، شَــمسٌ بَــدَتْ بِمَطْلَــعِ
(پـشکۆ) کـه هاتـه سـۆزەوە، لـه ڕووی ژیـانی هـۆزەوە
یُــنَظِّمُ البُنــودَ عَــنْ مَرامِــهِ المُنَــوَّعِ.

**

-غ-

(١)

لــــەم قاپییـــەیی دڵبـــەرە ڕاخـــستووە یاتـــاغ
تـــاکو هەڵیـــدەم قامـــەتی ڕەنگـــین وەکـــو بەیـــداغ
نـاڕۆم بـە هـەموو لەشکری خاڵو خـەتو پەرچـەم
تـــاکو نـــەگرم شـــوورەیی بـــاغو گـــوڵی یاســـاغ
فـەرمووی بـەدەمی نـازەوە: خـۆت مـەکوژەوو ڕاکـە
کوشـتن لەسـەر ئـەو خۆشـە، نـەوەك ببمـەوە قاچـاغ
هــەردەم لــە دووای چــارەیێ، هــەردەم لــە هــەوارێ
گیرۆدەیـــی بـــێ دەوڵـــەتییو دڵ پـــڕو ناســـاغ
گـــەر کـــاری پەڕاگەنـــدە بـــە زنجـــیرەوە چەســـپان
نـۆرەی گـوزەرو گەشـتە، لـە مێـرگو ڕەزو سـاناغ
بـۆم بێنـە لەسـەر سـەوزەوە، دڵـدار بـە دڵـدار
بـۆم تێکـە بـە ئـەو نـازەوە، پـەرداغ بـە پـەرداغ
ڕۆژی گـــەیینو، پێگـــەیینو، شـــادی یـــو جەژنـــە
لێـدەن چـەقەنەو عـودو دەفـەو بەسـتەوو بـەرماغ
بگـــرن دەسو بـــاوەش، بـــەرەلا، تێکـــەڵی ئـــارەق
بگوشـن مـەمو، بمژن دەمو، دەرکـەن چـەقەڵی بـاغ
(پشکۆ) چییە؟ سووزندە نـەبێ بـۆ سـەرو پەرچـەم
پەرچـەم چـییە؟ گـەر هەڵنـەکرۆزاوە بـە دوا داغ.

(٢)

پـڕە دەریـایی سوروشـکم، چ لـە دامـەن، چ قـەراغ
لە دوڕو گەوهەری شاهی، لە سکەی گیـانو دەمـاغ

وەرەوە دلّبەرەکەی باوەشی خواهش، کە ئەمن
کێم هەیە بێجگە لە تۆ، بێتەوە مالّم بە چراغ
هەروەکو خونچە ئەپشکوم، لە بەرودۆشی توو‌ا
بە پیاسەی دەمی بولبول، بە هەناسەی ڕەزو باغ
بێ تۆ ئەی غارەتی دینم، بە خودا چۆلّە ولاّت
بێ تۆ ئەی مایەیی ژینم، بە خودا کوێرە وەجاغ
لە تەرازووی ئەدەبا، هێشتە بەرابەر نابن
عارەبی سیمبەری میسریو، کچە کوردی قەرەداغ
پرسیارم کە دەکا، ئەو گولّە ناسك بەدەنە
ئەبمە یەك تکە ئاوو، ئەچمە دەشتی موغاغ[1]
بە نەسیمی سەحەریی، مردووە، زیندووی بکەوە
باوەشێنێکی بە زولّفان بکە، (پشکۆ)یە نەساغ!!.

(٣)

دلّ لە سایەی زولّفو خالّت، بۆتە خەزنەی دەردو داغ
هەر خەیالّی خۆی ئەباتە سەر گولّی ڕووت وەك نەساغ
چاووچڕ کوێر بوو، لە چەرخی عیشوەتا چاوچڕکەمە
چاوی دلّ بالآتە، بەسمە بۆ عیبەر یەك چاوی ساغ
نێرگسی زەردو سپیم، فەرمانی دلّتەنگیم ئەدا
تا کراسی گولّ بەشارەت هەلّئەکا بۆ پیر وەجاغ
چەند لە بیری خۆشی تۆدا، ڕاپەڕاندم بیرەخەو
یەعنی سەربەستە دلّم، وەك قامەتی سەروت لە باغ
عیشقی تۆ مەیخانەمە، هەر سۆزو سازێکم هەبێ
هەردوو قۆناغم بەوی ئەبرم، لە سێ، ئەکرم وەتاغ

١- موغاغ: گوندێکە لە نێوان سوسێو گوندی کانی میران لە سەر ڕێگای گشتی دوکان - سلێمانی.

سەیری ئەم غەوغایەکە، چەند بێ بەرە، بێ بەندەرە
عیشق نوورە، دڵبەرە، زەوقە، بەهەشتی بێ قەپاغ
دیمەنی تۆ بوو، بە سەرمەستی لە خۆی دوور خستمەوە
خۆم نقووم کرد، مەوجی ئەم دەریایە خستمییە قەراغ
شێخ ئەڵێ: ئەم عالەمە بێ شوێنو ڕێیەو شوێنەوار
خاڵە شێخ! بۆچی لە من وا تەنگە نابینم فەراغ؟
سەر لە دوو پێت ڕائەکێشم، تا بەکامی خۆم ئەگەم
با لە تێکەڵکێشی وەسڵت، پڕ بکەم مێشكو دەماغ
ماچی ژێر تاقی بڕۆت گەر سوننەتە، فەرزی منە
تەرکی ناکەم مەیکەشیی، بمکێشیە کوورەی قاوەجاغ
شیرنە تامی دەمت، ئەسکەنجەبینی هۆشمە
بۆ مەزەی لێوانتە، ئەم سووتە بیرەم پڕ لە جاغ
هەروەکو کەشك ئاوەسوو بوومو، مناڵیش بوومەوە
قووتی خاڵی ئەرغەوانم، نەك لە چینەی پیرە زاغ
تاکو ڕاوەی ڕووم هەبێ، پەقلاوو شیرم بۆچییە؟!
تا کەبابی دڵ هەبێ، ناخۆم پلاوو یاپراغ
تا لە نازی لێوی تۆ تێربم، لە شاران ناگەڕێم
قامەتی شلکت، خەمی پشتێن شلانی گربداغ
کەس عیلاجی دەردمی پێناکرێ، بێجگە لە خۆت
هەر ئەتۆی بۆ من شیفاو خۆشیو بەهەشتو باغو ڕاغ
نیوەشەو، هاتو بە شەوبۆیی کە زیندوو بوومەوە
ڕۆژهەلات، (ژیکۆ)، چراغ پێ بوو، کوژاندییەوە چراغ.

(٤)

تــاکو دڵبــەر تــەفرەبازە، ســوودی مــن نــادا دەمــاغ
غەرقی بەحری سۆزی عیشقم، گەه لە ناوا، گەه قـەراغ
دەمکـوژێ ئـەو، یـا بـە تیـغو نەشـتەری زوڵفـی کەچـی
یـا بــە شمــشێری بــرۆی جەوهــەرتکێنی خــۆش صــەباغ
تـا ســواری ڕەفرەفــی بــەختی بــەدم، بــۆ ڕێــی نــەهات
بــۆ چــمە؟ بــۆ دەردو زامــی دڵ کــە ڕاکێــشم وڵاغ
مــن کـەوا بـێ تاقـەتو، لـەب وشـکو بێـزارم لـە خـۆم
لێمگــەڕێ تــاوێ بگریــەم، ئــەی ڕەقیبــی قوڕمــساغ
دیـدە بـێ نـوورم، لـە تـاریکی شـەوی غـەم چـۆن بـڕۆم؟
ئـەی سـەنەم! زوڵفـت بـەلانێ، چـاکە ڕەوشـەن بـێ چـراغ
چم نـەکرد، چـەند سـاڵە وا ڕێـی وەحـشەتم گرتۆتـە پـێش
بــا بــزانم چــۆن دەبــێ، ئــەمجارە لێــی بگــرم وەتــاغ
چــاوی بیمــاری، ئــەکا ڕۆحــی ئەســیران شــەرمەزار
(ڕاجیا)، لێـرەو لـەوێ، مەعلوومـە تـۆی دڵ پـڕ لـە داغ.

(٥)

خـاڵی لێـوت، خەبـەری داوە بـە موشـکو گوڵـەباغ
نایـەوێ کـەس لەنـەزەر سـەبزی هـەوا، تـاڵیی ئـەیاغ
بـادەیی مـەی، لـە لـەبی تـازە جـەوانانی بـەهار
لەســەر ئـەم سـەفوەتەوە، بـۆ دڵـی عالـەم بـووە داغ
سـەرو و ڕەیحـانو چـەمەن، سۆسـەنو غونـچەو لالـە
گشتی کەوتوونە خەجاڵـەت، نـە گیـا مـاوە، نـە بـاغ
ئــەم حەبیبانــە، خودایــە! چ تــەبیبن لــە دڵا
بۆچـی مەمنوعـە بـەنازێ، کـە بپرسـن لـە نەساغ؟

چاوەکەم گەر لە بەرابەر ڕووحی تۆ بێ، سەنەما!
بەنیازی تەکوپۆ، حاجەتی نابێ بە چراغ
من کە هێلانە تەپیوم لە هەموو لا، بە فیراق
یەکدگیر نابێ خەیاڵی دڵو کەللەم بە سوماغ
پاسەوانە دڵی سەر گەشتە لە دەورەی باڵات
حەیفە ناکەی تۆ لە ئەحواڵی بەیەك غەمزە سۆراغ
بادەوو مەیکەدەیی ساقییە، چاوم بگرێ
بەزمی موتریب وەکو ئەو، گیرە لەجانو لە دەماغ
کوڵمەیی ئاڵی، ئەگەر بێتە شەفەقکارییەوە
(ڕاجیا) عەیشو تەرەب سازە، بڕۆ، (ژاكێ بلاغ).

(٦)

دڵم دەرچوو بەدەم سۆراخی پڕ سەودایی گەردن لغ
سەرم پڕ بوو لە ئەفکاری ملو زیبایی گەردن لغ
کەمەربەندی، بە بەندی دڵ، لە هەرلا هاتوو بەندی کرد
تەماشا! خانەیی کێشا بڕۆی لالایی گەردن لغ
نیشانەی فەخرە، هاتوو، دای نیشانی عالەمی ئولفەت
بە حیکمەت گەر نەزەر فەرمووێ، دەچێ بۆ لایی گەردن لغ
چییە بازیچە، بازی چی؟! بە بازی بازییە دڵبەر
لە جیلوەی جیلوەگاهیدا، بەدەم شەهلایی گەردن لغ
موسڵمان ڕەسمی بێ پەروا نەکێشێ موتڵەقەن، چاکە
بمێنێ هەر لە پڕتەودا، لەبن ئاڵایی گەردن لغ
چ جانێ جاویدانی بوو، چ لاوێکی جینانی بوو
سەراپا قەهری مانی بوو، بەچە تەرسایی گەردن لغ
لە ڕێگەی حورمەتا دەستی دوعای پەلکردووە (ڕاجی)
لە ناو ئالایشا بەڵکو ببۆسێ پایی گەردن لغ.

**

-ف-

(١)

کـــاکۆڵی پەرێـــشانە، لەســـەر عـــاریز و ئـــەتراف
خاڵی لە خـەتی ڕوومـەتی، وەك کەعبـەوو میتـواف
ئیـــشی شـــەڕو داوایـــە هـــەموو کـــاری زەمانـــە
ئـــەو کۆنـــە ژنـــە، داوی دەزووی چـــاکی نـــەدا بـــاف
جـــارێ بـــە جـــەفا دێتـــە هـــەواداریی مەســـتان
جـــارێ بـــە ســـەفا دێتـــە تەڵـــەبکاریی ئـــەعجاف
هـــەردەم بـــە تـــەرازوویی فنـــون، غـــەم دەفرۆشـــێ
هـــەردەم بـــە قـــەوانینی فیتـــەن، سـینە ئـەکا ســاف
گــەر بێـــتو، حیجـــابی بـــترازێ لـــە لـــەبو ڕووی
مەعلوومـــە درۆ پیـــشەیە، جادووچـــییە، حـــەللاف
مـــسقۆفی وەهـــا نـــەبووە، براگـــەل، دڵـــی فەوتانـــد
جـــارێ بـــە فـــسوونبازییو، جـــارێ بـــە ڕِقو لاف
زانیوتـــە ئەگـــەر عاقیبـــەتی مـــەکرە لەگـــەڵتا
(ڕاجی) لە ئەجەل چاتری، کـارت نییـە کەشـشاف.

(٢)

وا لـــەتاو شـــەنگۆڵەکانی نیـــوە نـــازو کـــەم خـــیلاف
وێـــڵو ســـەرگەردانی شـەوقم، وەختـە بـچمە کێـوی قـاف
مـــن دەمـــێ بـــادە دەڕێـــژم، هـــەم دەمـــێ ئـــاگر دەخـــۆم
وا لەگـــەڵ کاکۆڵـــەکانی، نیـــوە خـــاوو نیـــوە بـــاف
خۆشـە بـەزمی ڕۆژو شـەو، یارانـە هەڵـدەی دەنگـی سـاز
تێکـــەڵی نـــازو گریـــشمەی یـــاری ســـادەو بـــادە ســـاف

خـۆتی تـێ بـاڵێنی وەك مـاری ڕەشـی عاشـق نـەمام
هەر لە پێ تا تەوقی سەر، ئینجا لەسەر تـا قاشـی نـاف
مەستی دوو چـاوی ڕەش‌و، گەسـتەی دوو زوڵـف‌و شـانەیم
کاتــێ جــان‌و دڵ کــە بوونــە خانەخانــەو پــڕ شــکاف
مــن کــە ئـاوارەی وڵاتو، حەپـسی چـاڵی گـەردەنم
حـوکمی شـاهی چـاوە، بـێ سـوودە تـەمیزو ئیـستیناف
سـۆزی ئـاگردانی ڕووی، (پـشکۆ) ئەکاتـە خۆڵـەمێش
وا هەناسـەی زوڵفـی ڕایکێـشا لـە سـەحرا، وەك تـەناف.

(٣)

بـەنازو لەنجـە کوشـتمی، وەکـو دوو زوڵفـی قـەف بـە قـەف
دَقَّــــقْتُ صَــــدْراً بِـــالهَوى، مِــــن كَــــربَلاءِ الى نَجَــــفْ
بەدەســـتو پەنجــە ڕشــتمی، وەکــو تنۆکــە بادەکــەی
والأَرضُ صَــــارَت بِـــــدَمي، تَمتَــــلأُ مِــــنَ التُحَــــفْ
تکــای دوو ماچــی دەم دەکــا، دڵــەی هــەژارو بێکەسـم
حَتــــى يَطــــوفَ كَعبَــــةَ المُنــــى، ويَلحَـــقَ الـــشرَفْ
لــە مێــژە بــیری باوەشــی ئەکــەم بــە مــەکرو ســاحیری
فَمــــا بَلَغــــتُ مُلتـــقى نَــــشرُ الـــوِدادِ والـــشَغَفْ
لــەو ســاتە خۆشــتر ناگــەمێ، بـۆس‌و کـەنارو بـادە زۆر
ضَــــاجَعتُكَ بِمَعـــــزَلٍ، كَلؤلُـــــؤَينِ في صَــــدَفْ
دەمیــوە خــاڵی ڕوومــەتی، لــەو ڕەزو باخــەدا دەمــی
وَدامَ وردُ دَمعَــــــتي، في الخُــــضرَواتِ إِلتَحَــــفْ
کەوتوومــە شــاری عیــشقەوە، ســەد ســاڵە تــا بم شــارەزا
إنّـــي هَـــدَيتُ مُهجَـــتي، راحَ الحَبيـــبُ وانـــصَرَفْ

کــه پێــچەوانە کارییـــە، هەنگوینـــە ژەهــری مارییـــە
مُـــــرٌّ الـــــدَوَاءِ نـــــافِعٌ، حُلـــــوُ المَقـــــالِ مُختَلَـــــفْ
ببینـــە خـــاڵی چـــاوەکەی، لەســـەر گلێنـــە بـــەهرەوەر
كَآيـــــةٍ مِـــــنَ الــــسَماء، وطُرفَـــــةٍ مِـــــنَ الطُـــــرَفْ
تـەرکی کـەماڵو ژیـن ئەکـەم، ڕووی خـۆم لـە نـازەنین ئەکـەم
يَـــــرحَمُني بِلُطفِـــــهِ، وقَـــــد عَفـــــى عَمّـــــا سَـــــلَفْ
(پشکۆ) تۆ بەسکە فوو لەخۆت، وەك من گەشەت کوژایـەوە
رَمَيـــــتُ طَلْقَـــــةَ الأَمَـــــلْ، وَمـــــا أَصـــــابَت الهَـــــدَفْ!!.

(٤)

بلـێ موتریـب، بـە سـەد ئـاوازی پـڕ قـەف
بـــە ڕیـــزەی دلڕفێنـــی بەربـــەتو دەف
بـدە سـاقی شـەرابی سـافو بـێ غـەش
بـە نەشئەی دەسـتو زوڵفـی پـڕ خـەمو لـەف
ئـیتر سـەیرو سـەفاکەین تـا زەمانـێ
خـودای عـالیم ئـەنێرێ ئـەمری موترەف
مـنم دڵ خەسـتەیی سـارایی عیـشقت
شـەهی چـاوت، ئـەنێرێ جەیـشی پـڕ سـەف
عەجـەب! وەسـڵت هومێـدی جاویدانـە
خودایـا، سـاعەتێ بمکـەی موشـەڕڕەف
مـەدە لـێم دەسـتی دووری، بـا نەشـێوێ
گـوڵی کوڵمـەو، لـەبی نـازو، مـەیی کـەف
لـە کـوردان شـۆڕشو غەوغایـە ئیمـڕۆ
بەهەشـتی کوڵمـەیان کردۆتـە مەتحـەف

نەگـــەم دەســـتی مـــرازم بـــەر بـــدەم لێـــت
وەکـــو شـــێخم لـــە جوببـــەی نـــاوە مینـــدەف
لـــە دیـــدەی خۆشەویـــستان، کـــامی دڵ بـــێ
بـــە نـــاوی عاشـــقیی بۆچـــیمە ڕەفـــڕەف
دڵـــم کەوتۆتـــە یـــەم، دەســـتێك بفـــەرموو
کـــە قایـــەغ نـــاڕوا، بـــێ یـــاری میجـــرەف
لـــە جیلـــوەی ڕوویـــی ڕەنگینـــی تـــۆ (پـــشکۆ)
دەســـووتێنێ دەروون، وەك نـــەوتی ئەشـــرەف.

(٥)

وەکـو گـۆگردی کـۆکردی، لـە سـۆزت هەڵـدەبم کـەف کـەف
بـە فرمێـسکی بـرین‌و چـاوو دڵ، تێکـەڵ دەبم کـەف کـەف
کـــە هـــاتی دیتمـــی جانـــا، لـــە مـــەیل‌و مەرحـــەبا ســـاتێ
وەکو موزمین لەسەر ئاگر، بە گـورجی حـەل دەبم کـەف کـەف
لـە مەیخانـەی ویـساڵت، پیـشەمە نۆشـینی مـەی دەمـدەم
لـە کولخانـەی فیراقـت، سـینە پـڕ مەنقـەل دەبم کـەف کـەف
بـە داغـت بوومـە چـۆڵپەروەر، درێغـت قـەت نـەبوو غـەددار
دەگرفێم هەر بە تەعنە تووشی هەر کۆمەڵ دەبم، کـەف کـەف
سـۆراخم ناکـەی‌و جـارێ لـە کیـبرا ڕوو لەکـەس ناکـەی
وەکو ئیکسیری پڕ فەن هەڵدەچم، موختـەل دەبم، کـەف کـەف
لـە بـاخی خۆشـیبا ئـەی گـوڵ، لـە لێـوت خەندەیـە نم نم
وەکو دانووی مـەشایخ، من بەدەن هەل هەل دەبم، کـەف کـەف
نـەما (ڕاجـی) تەحـەممول، مەحمـەلی جانـان ئـەوا ڕۆیـی
لـە تـاریکی فیراقـا سـینە پـڕ دوکـەڵ دەبم، کـەف کـەف.

(٦)

ڕەنجەڕۆی کردم جەفایی ڕۆژگارم، هەر تەرەف
خەم بڵاوەی خستە خەرمانی قەرارم، هەر تەرەف
پڕ ئەسەر، ئاوارەیی خاکی غەریبیی کردووم
بێ قەرارم، بێ هەوارم، گریەبارم، هەر تەرەف
ئەی خودا! قەت کەس وەکو من، سا لە خۆی بێزار نەبێ
مات‌و حەیرانم، ئەسیرم، خاکسارم، هەر تەرەف
غەم لە کونجی سینەما جێی گرتووە، نایێتەدەر
قوڕبەسەر، گیرۆدەیی لەیل‌و نەهارم، هەر تەرەف
عالەمی دونیا، بە کوللی، هەتك‌و نەفرینم ئەکەن
تیرەبارانی جەفای گەورەو صیغارم، هەر تەرەف
ئەی خودا هەر تۆی کە ئەحواڵی ئەسیران چارەکەی
خۆت ئەزانی من کەوا بێ کاروبارم، هەر تەرەف
جێ قوماری ناکەسان‌و، قەشقیانی عالەمم
بێ ئەنیس‌و یارو پڕ دەردو هەژارم، هەر تەرەف
نائومێد نابم لە ڕەحم‌و شەفقەتی جان، ئافەرین
چەندە غەرقی بەحری قەهری کردگارم، هەر تەرەف
(ڕاجیا)، مەولا ڕجاگیرو حەکیم‌و غالیبە
ئێستە بێ حیکمەت نییە وا دەردەدارم، هەر تەرەف.

(٧)

سەرو قەدێکم هەیە، نازك‌و شۆخ‌و زەریف
چاو بە خومارێکە ئەو، دڵبەرو مەست‌و لەتیف
سینە بە پەیکانی مووی، کونکون‌و پڕ شۆڕشە
ڕوو بەهەوای ڕوومەتی، چۆتە مەقامی خەریف

دێتە سەماو هەڵپەڕین وەختی تەماشا، ڕەقیب
کلکی بە جینگڵ دەخا، سەگ کە ببینێ ڕەغیف
سەڵتەنەتی مەحکەمە، چاوی ڕەشت دائیما
خاڵو خەتت زابتو، جانو دڵی من ڕەدیف
لێوی برینباری من زارە گەلێ، ئەی تەبیب
ماچی لەسەر دابنێ، مەرهەمی نەرمو خەفیف
لەنجەیی خۆشتەبعی تۆ، زینەتو کەیفو سروور
قامەتی ئازادی تۆ، ڕاستو بەدیعو نەحیف
مەگرە لە (ڕاجی) بە عار، گریەوو سەوداگەریی
نایە لە بێژینگ دا، (ماءُ دماءُ الوَصیف).

**

-ق-

(١)

ڕاســـــته! ڕازاوه بـــــرادەر، شـــــارو بـــــازاڕی نیفـــــاق
گەردنی شل بــوو کەسـێکی کەوتــه کوڵــخانەی ویـساق
چـــاوەنۆڕی قاپییـــەی دوژمـــن نـــەکا، بـــا هـــیچ کـــەس
هــەر لەجێگــەی خـۆی موهــەییاکا قوبــەو ئاسـارو تـاق
ڕوو له موڵکی عیززەتی نەفسی بکـا هەرکـەس، بـەڵێ
ئـەو حوکمڕانــه بــه نەقــدی ســەربڵندیی هــەر ســوقاق
هەرچـــی سەرچـــاوەی ژیـــانی میللەتـــه نۆشـــی بکـــەن
خــۆ بپــارێزن لــه مـــەکرو، بــێ خیانـــەت، ئیتتیفـــاق
قەومییەت، قوربان گـەلێ خۆشـه ئەگـەر تـامی ئەکـەن
کوورەیی بۆنخۆشییه، ڕێکیـی لـه نـاو مـوڵکی عێـراق
نامـــەوێ گـــەنجی نـــەزانی بـــێ زەکـــاتی کـــەم حـــصول
یەعنی کاری مەشوەرەت، سەر بەرز ئەکا ئەهلی حەژاق
قــەت مەکــەن تاڵووکــه بــۆ دەرکــەوتنی ڕێگــەی فــەنا
ورده ورده، وەرنـــەدو ئاقـــاری ژیـــن‌و ئیـــشـــــتیراق
پــیرو جــاحێڵ هێـشته قوربـان شـارەزای دنیـا نـەبوون
بۆیـــه دەرناچـــن لـــه ئیـــستینتاق‌و ئیغـــتیراق
مــن تکاکــارم وەکــو (ڕاجـی)، کــه میللــەت ڕێکبخــەن
ئیـــشوکارو، ڕەســـم‌و ئـــاداب‌و، بلـــندی‌و ئینتیبـــاق.

(٢)

کـــــه ڕازاوه بناگوشـــــت، بـــــه مـــــێلاق
دەڕووخێـــــنم بناغـــــەی زوهـــــدو ئـــــەخلاق

میـــسالت نـــەبووە ئـــەی میـــسریی، لــە عالـــەم
بڕنـــدەی دەســـتو شیـــشەی جـــەرگی ئەحـــداق
گـــــەڕامو، دیــــــتمو، نەمـــــــدی دەرو ژوور
نـــەبوو وەك مـــن، بـــەتۆ موحتـــاجو موشـــتاق
لـــە ڕیـــزەی خـــاڵو خـــەتتو لێـــوو کوڵمـــەت
بـــە دڵ کـــردم لەســـەر هـــەق، بـــەختی ســـەللاق
ئـــیتر نـــەیگرتو ڕۆیـــی، نووســـتو گـــوم بـــوو
ئەمیـــشم چـــوو، ئەویـــشم چـــوو، لەیـــەك تـــاق
لـــــە جــــەوری ڕۆژگــــاری دونـــــی غـــــەددار
حـــوکم کـــردن، نـــسیبو، وەســـڵو ئـــەوراق
ڕوخــــــی ئارایــــــە، وا ئــــــارامی بــــــردووم
نەتیجـــەی غارتـــــە، یـــــاری ســـــەمەن ســـــاق
نیگــــــارم ڕا نـــــــەکا، ڕامـــــــە مـــــــەرامم
کەمەنـــدی ئـــاهی ســـینەم، ســـەردەخا لاق
نـــەبێ باکـــت بـــە دەوری دەهـــر، (ڕاجـــی)
بکۆشــــە، هـــــەر دەگەییـــــە دڵبـــــەری تـــــاق.

(٣)

ڕوویی نیگارە مەستەکەم، دەکـا لـە بـەرگی گـوڵ سـەبەق
نیگـاهی یـارە چوسـتەکەم، لـە دڵ ئەکاتـە دەر ڕەمـەق
خـەوی خومـارە جـانی مـن، نایەتـە ڕووی خـەزانی مـن
ڕەونـەقی دڵبـەرانی مـن، شـەوقی بـەهارە سـەد تەبـەق
خەنـدەیی لـەعلی مـن لەبـە، لەهـەر کـەنارە مەتڵەبـە
عیشوەیی قەددی عەرعەرە، کشاوە سـا بـە هـەر نەسـەق

گلێنەکـــەی عەزیزەکـــەم، حەبیبەکـــەی تەمیزەکـــەم
لەبەر خەجاڵـەتی تکـا، لـە ڕوویـی خونـچە سـەد عـەرەق
مەکەن بە مـن جەفاوو فەن، مـەدەن بـە دڵ تـەب‌و شـکەن
چـاوەنواڕی یـار ئـەکا گـوڵی سـەحەر، بـە هـەر وەرەق
جـاریَ بـە ماچـی سـەحەریی، لـە لـەب تـۆ بێـرە یـاوەری
حـەڵاڵی جـانی عاشـقە، ئـاوی حـەیاتی تـۆ بـە حـەق
لـە ڕێـی خـوداوە یـەك نەفـەس، وەرە سـەرینی بولهـەوەس
له پێی تـووا نیـسار ئـەکا، (ڕاجـی) دڵو جـان‌و حـەدەق.

(٤)

لـــە گـــەردن زەنگـــە، دوو ســـیَ قـــەترە عـــارەق
لـــە غوتتـــەی غـــەم، دڵـــم خنکـــا بـــە نەســـتەق
لــــــە هیجرانــــــی حــــــەبیبانی گوڵەنــــــدام
دەروونم گەرمـــە، ئـــاهم ســـەردە، ســـەر لـــەق
بـــە داوی عیـــشقی تـــۆ، ئـــەی شـــۆخی کـــوردی
بـــەدەن ســـــتەو، نەخۆشـــەو زارو بـــیَ دەق
ســـەفەرمان حـــازرە، بـــۆ مەفتـــەنی غـــەم
لەوێـــشا، بـــۆ ســـەفاوو دیـــدەنی حـــەق
دڵـــم پـــڕ داغـــە، چـــاوم هـــەر لـــە ڕێیـــە
کـــە ڕیَ پـــڕ کـــا لـــە ســـونبول، بـــەم دڵـــی ڕەق
ســـواری ئەســـپی فـــەوتانم، لـــە عیـــشقا
لـــە دەســـت کـــوڵی، بـــە کۆڵـــیَ فـــەرزو بەیـــدەق
بـــە زەوقـــی بـــادە مەســـتە ئێـــستە (ڕاجـــی)
لـــە عالەمـــدا ســـتاندی ڕەنـــگ‌و ڕەونـــەق.

(٥)

تـــاکو لـــە ڕووتم ســـەنەم، خۆشـــە عـــەزابی حـــەریق
دافیعـــە بـــۆ حـــوزنو غـــەم، جـــامی شـــەرابی ڕەحیـــق
مـــەمکوژە تـــا دێمـــە ڕووت، بۆســـە دەدەم، دەســـتو شـــیر
ڕۆحـــی مـــنو پەنجەکـــەت، ڕۆژی حیـــسابن ڕەفیـــق
ســـەروی قـــەدم داچـــەمی، هـــەروەکو چـــەوگانی زوڵـــف
خانـــەیی عـــەقڵم خـــەراب، هـــەر وەکـــو بـــەیتی عـــەتیق
حادیـــسە زوڵفـــت بـــە ئـــەم جـــۆرە کـــە ئاشـــووبە زۆر
دێنـــە نـــەزەر نـــووری حـــەق، لـــەم هـــەموو فـــەجی عـــەمیق
گـــشتی تەشـــەببوس ئـــەکا، حیفـــزی لـــە دوژمـــن ببـــێ
حـــوببی بـــە فـــەڕ تێئـــەگا، فـــەڕڕی لـــە ڕوودا فـــەریق
مێـــشکی ســـەرم چـــوو ئـــەمان، ئێـــوەوو یـــارو خـــودا
کۆمـــەڵی غـــەیرو ڕەقیـــب، چـــیکە مەکـــەن زیقـــەزیق
چـــاوی ڕەشـــی گـــاورت، چـــۆتە لیباســـی غـــەزەب
بۆیـــە لـــە خـــۆی جـــۆش ئـــەدا، هـــەر تـــەرەفی مەنجـــەنیق
کـــەس نییـــە چـــارەم بکـــا، زیللـــەتو بـــێ چـــارەیی
دەرد، نـــەوباری گـــران، تـــا بـــە خەفـــەت چـــوومە دیـــق
مەشـــقو خـــەتو شـــیعری تـــۆ، خـــۆشو تـــەڕو دڵنـــەواز
هێشتە لەگەڵ حوسنی یار، (ڕاجی)، شـەرابەو عـەلیق[1].

(٦)

گـــوارەت کـــە لەســـەر قامـــەتو ڕوو بوونـــە موتـــابیق
وشـــکو خەجـــەلن عەرعـــەرو شمـــشادو شـــەقایق

١- لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (هێشتە لەگەڵ حوسنی یار، نایەتە کێشی بەریق).

گۆنــەت لەســـەر ئــەو قامـــەتو بـــاڵایی ســــنەوبەر
ئیعجـــازە، عـــەجایب ونـــە ئـــەفکاری خــــەلایق!
جیلــوەی ڕوخــی پــڕ ســۆزە، بــە پەروانــە شــەڕەنگێز
پەروانـــە بـــە ســـووتانەوە، هـــەر ســـابیتو عاشـــیق
گــەردش مەکــە، بــۆ بــەزمی حەســوودانو ڕەقیبـــان
بـــەزمی تـــۆ لەگـــەڵ یـــارو گـــەلی عوشـــرەتە لایـــق
گـــەر بێـــی بـــە ســـەری پەنجـــە، لـــە نـــاو نـــازو نیـــازا
هـــەر مـــەحوە، هـــەموو تیفـــلو ژنو پـــیرو موراهیـــق
گـــەردن زەدەیـــی قەیـــدی شـــەوی پەرچـــەمی کـــوفری
ئەی ڕۆحی ڕەوان، مەمکە لـە ئـەو قەیـدە موفـاریق[١]
گـــەردێ کـــە لـــەلای تـــۆوە، دەمـــاغم بوەشـــێنێ[٢]
پێشکێـــشی قـــدوومت، ســـەری قوربانییـــە صـــادیق
گـــــۆگردی دڵـــــم مەشـــــقەڵەداری دەمو لێـــــوە[٣]
زەڕراتـــی خـــەتت، ســـوورەتی کێـــشاوە حـــەدایق
(ڕاجـــی)، لـــەبی دڵبـــەر مەحـــەکی یـــارو ڕەقیبـــە
قـــاڵی کـــەوە دڵ، بیکــە بەیـــەك جەوهـــەری فـــایق.

**

١- لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (ئەی ڕۆحی ڕەوان، مەمکە لە زنجیرە موفاریق).
٢- لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (گەردێ کە لەلای تۆ، دڵو دیدەم هەموو بگرێ).
٣- لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (گۆگردی دڵم مەشعەلەداری دەمو لێوە).

-ك-

(١)

حـــەبیبێكم هەیـــە، عـــەییارو بێبـــاك
لەگـــەڵ دڵ جووتـــە، ئـــەمما بـــۆ بـــەدەن تـــاك
لـــە ڕەقـــسا، عیـــشوەبازو چـــاو شـــەهێنە
لـــە ڕێـــدا، شـــۆخو شـــەنگو چوســـتو چـــالاك
چـــرای چـــاوم كـــوژاوە، ئـــەی چـــرای چـــاو
بـــە یـــەك ئیمـــا، بكـــە ئـــەم كونجـــە ڕوونـــاك
كـــە شـــێوەی دڵ، ڕوبـــای جـــامی دەمـــت بـــوو
ئـــەمن چـــیمە لـــە بـــەنگو خـــەمرو تریـــاك؟
لـــە دەردی عیـــشقتا، ئـــەی خـــاك بەســـەر مـــن
لـــە سـۆزی وەســڵـــتا، ئـــەی مـــن بەســـەر خـــاك
بـــڕۆ زاهیـــد لـــە ڕیـــزەی عیـــشقبازان
لـــە بـــۆ تـــۆ وا جوانـــە بـــچییە ســـەر لاك
شـــەوی خـــەم زۆر درێـــژە، ئـــەی خـــەمی شـــەو
دە ڕێكـــە، تـــا هـــەڵێ ڕۆژم لـــە نـــاو مـــاك
ئەگەرچـــی ڕەنـــدو بـــێ شـــەرمە، ســـەحەر بـــێ
دەزانم عاشـــقە، بـــۆ ئێقـــەیی چـــاك
حەقیقـــەی (ڕاجـــی)یـــە، ڕەنـــدییو مەســـتی
تەریقـــەی زاهیـــدە، كەشـــكۆڵو ســـیواك.

(٢)

حورمـــەتی هامتـــەرەبان، لازمـــە بگـــرێ ئـــەفلاك
فەوتی خاكە هەموو كـەس، قووەتـە بۆ قـووتی خـاك

عەکسی ئاوێنـەیی ڕووی، بەخششی شـەوقی وەتەنـە
هـەم لـە جیلـوەی بـەری پێـی، ڕۆشـنە خـارو خاشـاك
تـا دەمـاغم لـە غـەما، چارەسـەری گێـسوویە
یارەکـەی گەرمەسـەرم، نایەتـە سـەر ڕێگـەیی پـاك
یارەب! ئیمڕۆ نییـە کـەس غـەمخۆری وەسڵـم، هـاوار
من دەخالەت بە حەبیبەم، لەگـەڵ ئـەم سینەیی چـاك
شـیوەن و تەعزیـەوو، شـۆڕو هـەراو زاریمـە
بێکـەس و بەسـتەدڵ و، عـاجزو هـەم خەسـتە کـەلاك
پادشـاهی سـەری مـن مەسـتە، لـەوەختی ڕۆژوو
سا خودا موفتیری وەسڵی بکـەی و، هیجـر، ئیمساك
تـورك چـاوە، پـەری ئەندامـەوو فـارس گوفتـار
عارەبی وەجدو، حەبـەش جورئـەت و، حوریی چـالاك
(ڕاجیـا)، یـار وەفـادارە مـەڵێ غەصـابە
لێـی سـتاندم دڵ و دیـن، گەوهـەری ڕۆحـی نمناك.

(٣)

دەست لە مل ئـەی ڕەقیـب، هەسـتە بچین بـۆ دەرەك
سـوودی نـەبوو دوژمنیـی، تـالیعی پۆشـی فەلـەك
وەختی تـەرەب سەربەسـەر، مـن سـەقەرو ئـەو غـەزال
وەختـی ئـەدەب دەر نـەزەر، ئـەو کـەبك و تـۆ دەڵـەك
ئەی لە دوو عالەم جەوان، هـەر تـۆیی وا پڕ کـەماڵ
هەسـتە لەسـەر تەجرەبـە، مـن زەهـەب و تـۆ مەحـەك
بەحری سروشکم کە هات، مەوج ئـەدا خـوێنی گـەش
مەردومی چاوم ئەچێ، ڕاست و چەپی، وەك کەڵـەك

تـــالیبی دیـــداری تـــۆم، گێـــژە ســـەرم بـــۆ ویـــساڵ
هێنده گەڕاوم لـە دووت، تـوورەیی گیـان بۆتـە حـەك
دڵ بە هومێدی لەبت، هاتو لـە خـۆی کـرد خـەراب
خانـەیی زوهـدو ڕیـا ، کەوتـە خەفـەت تـەك بـە تـەك
عەقڵو خەزانی خـەیاڵ، هەریەکـە خـۆش گـەنج بـوون
ئاقیبـەتی دامـە تـۆ، سـەد بەسـەدو، لـەك بـە لـەك
بـادە بخـۆ عاشـقا، شـەکوە لـە مەسـتی مەکـە
جەوهەرە بۆ تیغی عیشق، تك بە تكو، یـەك بـە یـەك
شـەوقی جـەماڵی بـەدیع، بیدعـەتی ئینـسانو جـین
(ڕاجی)یو غیلمانو حوور، عاریفو موڵكو مەلـەك.

(٤)

مەبـــە بارگیرســـوارو ئەســـپی وەســـتەك
بـــە پـــێ بـــشکێنە دارو بـــەردو کەســـتەك
لـــە قـــەد هـــالا، بەڵـــەك مـــاری قەباڵـــە
ســـەرێکی پێوەدانـــەو، ئێکـــی بەســـتەك
لـە چـاوان تـا شـەرابت پێگـەییو، هـات
سوروشـكو خـوێنی چـاوم بـوو بـە خەسـتەك
لـــە داوی زوڵفـــی گـــیراون ســـەرو دڵ
هـــەموو تـــەیرو تـــواری خـــستە ڕســـتەك
ئەوەنـــدەم خـــوێنی جـــەرگو دڵ مـــژیوە
بـــە جێمـــاوم، شـــەپرزەو زارو ســـستەك
گـەلێك شـەرمەندەیی هـۆزو گـەلم، مـن
فرێمـــداون لەســـەر تـــۆ دارو دەســـتەك

کـە(پـشکۆ)، کەوتـە سـۆزو پێـت گەشـاوە
خـەڵۆز ناکـا، بـە سـەد قـاپووتو پەسـتەك.

(٥)

دڵ لـە ختکـەی چـوو لـەتاوی گـەردنو چـاوی بەڵـەك
ڕاچـەنی گیـانم لـە خرمـەی بـازنو دەسـتو مەچـەك
گـەردەنی گـیرۆدە کـردم، گـەردەنی ئازایـە ئـەو
گەرچـی قـەرزارن بـە ملیـۆنو، خـەتو خـاڵی بـە لـەك[١]
ڕاپـەڕی شـێری خـەیاڵی مـن، لـە بێـشەی پەرچـەمی
بەوری غـەمزەی دی، سـەرەوژێر، بـوو بـە دوو مـاری بەلـەك
تێخـچا مـاڵو ژیـانی مـن، لـە بـانقی ڕوومـەتی
ئێـستە ئاسـوودەم لـە سـودو دەفتـەرو قـازانجو چـەك
چـاڵو چـك چـۆڕامەوە، چـرپەی دڵـۆپێکم نـەما
تـابو تەبـسووتەی هـەژاریی، بـێ چـەکی کـردم بـە چـەك
هـەروەکو بـووکی وەتـەن، پۆشـیوییە سەرپۆشـی خـەم
تـۆش گـوڵی لێـوو دەمـت، خستۆتە ژێـر بـاری لەچـەك
گـەر سـەبا جـارێ ببزوێنـێ چـڵو پـۆپی درەخـت
تـەیر سەرسـامن، کـە ئـیتر ناکـەوێ بـۆ میـوە پـەك
نـازەنین عەرعـەر ئەنێـژێ، سـەروو سـونبول دێنەبـەر
زەرد ئـەبن سـەوزە شـەمامەو، دەسـتو پەنجـە پـێ ئەمـەك
کوا گوڵت، کوا بولبولت، کـوا ئـارەقو ویـسکیو مـەزەت؟
چـی بڵـێم! بێجگـە لـەوەی بـا هـەر بخـۆم داخـت، کـچەك

١- لەك: بریتیە لە سەد هەزار.

هێنده هاتوچووم لـه ڕێگـەت، پـڕ بـه قـەد کەوتوومـه قـوڕ
تــازه دەرنایــەم بــه پاڵــەو، پــاڵو بــه نــوێڵو بــه جـەك
زامــی مـــن ناییێنـــه تیمــارکردنو، یـــارم بـــه یـــار
هـــۆزی مـــن ناویـــان جیــابوو، باڵــەكو شــێروانو لـــەك
جــافو، گـــۆرانو، بـــەگو، ئاغـــاوو، کرمـــانجو، گزیـــر
شــێخو، ســەیدو، ســوالکەرو، پـیرو، موریـدو، دڵ مـژەك
سوێـسنیو، بلْبـاسو، ئـاکۆ، مامـەشو، مـەنگوڕ، بـەیات
ڕافــزیو، شــەیتان پەرســتو، ژێــوو، ســۆزانو، شــەبەك
قادریو، نەخـشیبو، چەشتیو، ســوورەوەردی، وەردی ســوور
شـــافیعیبو، مــــالکیبو، ئەحمـــەدیو، ئـــەعزەم ســـەرەك
شێخ بزێنیو، شـوانو، هەمـوەنـد، دۆمو، کـەڵهوڕ، ساڵـەیی
خــانو، پاشــاییو، وەجــاخ، خــەیلانو، خۆشــناوو، هــەرەك
ڕۆژبـــــەیانی، داوده، کــــــاکی، جـــــەباری، زەنگەنـــــه
سەمعوزێریو، ئاغەسووریو، مەند، میـشن، تـەك بـه تـەك
بەنـدیان، بنجـوو و، مـــلو، میرمەحمـەڵیبو، مـیر وســوو
پـشدەریو، شـیلانەیی، هـەم مەرگـەوەڕ، هـەم وەرتـەرەك[1]
شـــێخ ڕەزایـــی، کاکەســـووری، بـــاجۆڵیبو، ئاڵەمـــەر
جــووکی، بنزێــری، گـــلو، مـــەروانو، شــێخانو، ڕەمــەك
کیکـــیو، مـــیرا، کـــچا، تـــەبیاوو، هەســـناو، مووســـەڕەش
تۆرییـــو، کـــۆرداخو، ئۆمـــەریاوو، ئۆمـــەرکا، جمـــەك

١- وەرتــەرەك: ڕەنگـه تێکـەڵاوکردنو داڕشـتنەوەی پیتـەکانی وشـەی (تەڕگـەوەر) بێـت، چـونکه (مەرگەوەڕو تەڕگەوەر) لەگەڵ یەکتریدا ناویان دەهێنرێو لـەڕووی پێناسـەکردنێکی بیرساییانەشەوە بێژەی (تەڕگـەوەر) دەبێتـه نـاوێکی زیـادکراو بـۆ بێـژەی (مەرگـەوەڕ)و هـەردووکیان پێکـەوە باشـتر دەناسرێنەوە.

گـــــویی، خاوەشـــــتا، گــــولی، ئالاعەباســـــاوو، خـــــەلیل
سـندی، ئەترووشـی، قوشـوری، حـاجی بـەیرا، بـەز، ئەتـەك
بـــــەدرخانی، کارســـــا، ژێرکیپیـــــو ، گـــــەوداو، گەرگـــــەری
مــــام خــــۆڕا، خاوەســــوری، مــــەکس‌و، ئــــەلباکی، مەحــــەك
بێـــــشەبابییو، گـــــەژاڵی، تـــــا گرافـــــی‌و، شـــــەرەفان
دۆســـکی، زێـــدان، بلێجـــان، پیرمامـــەد، پـــڕ کوتـــەك
خــــانی، ماســــیرۆ، گــــەلاڵی، گــــەردی یــــو، پنیانــــشی
ئۆرەمـــارییو، عەرووســـی، داویـــان، شـــەمزین، شـــەتەك
بــازییو، ئــەرگۆش‌و، سورچــی، تــا بــە نێروەیــی‌و، تخــوب
هاجـە، ڕێکـانی، مـزووری، زێتـك‌و، قولیـاو، ڕەشـەك
بــورجی، زێبــاری، بــەڕۆژی، تــا بــە ســەیداو، ئامێــدی
وەك شــیو، هەرچــی‌و، نهێلــی، تــا برادۆســت‌و، شــکەك
گـــــەورك‌و، زەرزاو، هـــــەوێری، بێـــــژە فەیزوڵلابـــــەگی
بێجگـە دیبـوکری‌و، دودێـری، وەك سـلێڤانی‌و، شـەمەك
پــشگەڵی‌و، دۆڵەمــەڕی، گــەڵباخی، هــەورام، تیلــەکۆ
هـەم غـەفوری، هـەم حـەوێزی، دوو عەشـیرەت یـەك گـەڕەك
پێــت بڵــێم تــا تورکمــان‌و، مامەســێنی‌و، هــەم ســیان
زەنـدو، میـدیاوو، میکـایلی، جنسی ئـاری پـڕ لـە چـەك
مــەرزکی، خــدری، دڕی، عەبــدۆیی، ســەیدان، مامــەدی
کــارداری، حەیــدەری، ســنگار، ساچــووری، فەنــەك
ســـڵەیی، لێـــوین، هـــەناری، داســـکان‌و، حەســـەنان
تـــا ڕەشـــاوەندو، تـــەیاری‌و، مامەســـالی نـــاڕەوەك

وەك چەلی، بەریاجی، مەنتك، حەوعەشیرەت[١]، ناوی گیش
ماڵیـــان لێكجوایـــەزو نـــرخو فەســـاڵو ســـاڵ، یـــەك
هەریەكـــەی ئیمـــڕۆ قومانداریكـــە، لای ژورووی نـــەبێ
بۆیـــە پیمـــان وەربـــووە دەردی كوانـــە نەرمـــەو ئاتەشـــەك
پـــردی دونیامـــان پسا، بـــۆ پـــردی قیامـــەت كـــێ هـــەبێ؟
داكوتـــێ پایـــەی ڕەوشـــتو، ڕاســـتە ڕێگـــەی موشـــتەرەك
(سێركـــساندەر)وا ئـــەڵێ، یـــەك چـــارەكە ملیۆنـــە ســـاڵ
پێـــشی عیـــسا، عـــیلمو ســـەنعەت نـــەبووە چەشـــنی دارژەك
دەبدەبـــەی هەندۆســـی ئـــاریو، سینەمـــەی ســـیحری مەجـــەس
چی بەسەرهات، كێوەچوو، ئەو پوختـەخۆرەی دووگـە شـەك؟
دەوڵـــەتان، وا فیكـــرە كۆنـــەی باوكـــە پیریـــان دۆزییـــەوە
هێـــزی ئـــاتۆم، هایـــدرۆژین، كاربۆنیـــان كـــرد كەڵـــەك
ڕۆژهـــەڵاتو ڕۆژئـــاوا، بـــیرو دەرســـیان پێـــك ئـــەگوت
دەسكەلاییێك بـوو لـە دەستیان، چەرخو ئەستێرەو فەلـەك
بەختـــە یاریـــدەی نـــەدام، گیانـــا! پـــەنا بـــۆ كـــێ بـــەرم؟
ســـینە ســـووتەی نیـــشتمانم، پـــیرەكو ســـیسو كـــوڕەك
تـــا شـــنەی بـــاغو هەواكـــەی ئـــاوو گـــوڵزارم نـــەدیت
نەمـــدەزانی خـــاكی دەروازەت بەهەشـــتە، ئـــەی مەلـــەك!
عاشـــقی تـــۆ دەوڵـــەتانی عالـــەمن، بۆیـــە ئـــەمن
تـــارو پـــۆی جـــەرگم پـــساوە، چـــەندی ئەیرێـــسم خـــەڕەك
كـــەس نـــەڵێ ســـا بـــیرو بەنـــدی كوردەكـــان كـــافی نییـــە
مـــەرجمـــەك، ناگاتـــە كێـــشی زەڕڕەبینـــی مـــەرزمـــەك

١- مەبەست لە حەوت عەشیرەتەكەی ناوچەی ئاكرێ یە.

یوســفی میــسره ولاّتم، جــوان‌و شــیرین، بــێ گونــاه
خەڵکە لێـی بۆتـە زولـەیخاو، دەرگەداخـەر، (هَیْـتَ لَـكْ[(١)])
گــەر خــوا حــەزکا، لــە زینــدانی دووچــاری دێتــەدەر
چـاوی بـاوکی گـەش ئـەکا، جوملـەی برایـانی لـە تـەك
تــەون‌و بــازاڕی ئەوێــستامان، لــە ئاوێــستا نــەبوو
وا بەهەشــتی جوانــەژن، بۆتــە ڕەوشــتی خشخــشەك
دارە ڕووتــەی مــەکری شــێخان، ســێبەرێکی وای نییــە
دڵ کــە فێنــك کاتــەوە، بیناســە خانــەی بــن فــشەك
ئــاڵوگۆڕی زێــڕو ئەڵماســم، بــە زبــڵ‌و تــۆز کــرد
وشکی‌و تەڕ، یا بەری‌و زڕ، کەی قیاسیان دێ لە یەك؟!
تانــەباریی ناکەســانم هاتــە شــان، (ژیکــۆ) بەســە
ڕێــچکە مێروولــەت بگاتــە ئاسمــان، کێــشەت کەپــەك!!.

(٦)

ئــەو کاکوڵــە، ئــەو زولفــە پەرێــشانە موبــارەك
لــەو گەردنــە، لــەو عــاریزە تابانــە موبــارەك
ئەی بولبولی پڕ شۆڕو فوغـان، هەستە سەحەر هـات
ســەودایی گــوڵ‌و گوڵــشەن‌و ڕەیحانــە موبــارەك
ســووتا لــە هــەواگرتنی ئــەو شــەمعە، دڵــی مــن
ســۆزو ئەڵــەمی عاشــقی پەروانــە موبــارەك
وەســتاوە چ مەســتانە لــە قــاپی هەوەســا، ڕۆح
بــەزم‌و تــەرەب‌و ســاقییو مەیخانــە موبــارەك

١- هَيْتَ لَكْ: وەرە، بێ.

مــن کولبــەیی مــەحزوونیی و، تــۆ قەســری بڵنــدت
بــۆ هــەردوو، هــەوای کولبــەوو کاشــانە موبــارەك
ئــازاری جگــەر زۆرە، لــە دەس بەچــچەیی تورکــان
ئــەو خاڵــە، لەســەر عــاریزی جانانــە موبــارەك
(ڕاجی)! کە گەیی دەستت، بە شیرین کەمەری دۆست
وەصــڵی تــۆ بــە دڵــدادەیی تاقانــە موبــارەك.

(٧)

شــێری غــەمی ڕووت، وا لــە دڵــی خستووە چڕنووك
پێــستی ســەری دامــاڵی بــە فرمێــسکی بــەلاڵۆوك
هەرچــی هەمــە پێشکێــشی دەمو، ڕیــشوەتی زوڵفــە
دڵــدار وتوویانــە: ئــیتر کــەر کــوڵو، بــار ســووك
خەنــــدەی کــــە ئەهۆنێتـــــەوە زنجـــیری ددانــــی
شــۆڕاوە، دوڕو گەوهــەرە، نــەك دانــەیی چــەڵتووك
شــیعری منــە تــازەو تــەڕو، هەڵبەســتی لەمــەوپێش
خۆشــم کــە ئــەویٚ، شــێوەیی بــەربووك لەبــەر بــووك
ســینەم بــە خەفــەت داقڵەشــاو، کورتــە پەراســووم
وەك پــشت چــەمی مامــەوە چرچو کــزو بــێ تــووك
قوربــانی دەمو دیــدە، چ (بەســرا)وو چ (بەغــدا)
پێشکێشی مەمو سینە، چ (هەولێر)و، چ (کەرکووك)
تاکــەی تــو خــودا، دیــدە دڵــم دادەخورێنــێ؟
شــاماری، دەمــارم دەگــریٚ، پەرچــەمی گــازووك
تینوومــە، بــە جــامی دەمو مەیخانــەیی چــاوان
برســیمە، بــە نــارنجی مــەمو کوڵمــەیی ئەســتووك

گیـــانی لـــە تـــەنی زارو برینـــدارم دەرێنـــا
شـابازی مـوژەو چـاوی، بـە چـەنگاڵو بـە دەنـدووك
سـەر مـەغزی پـژا، نـاوكی هێنایـەوە نێـرگس
دڵ فرچـكی گـوورا، بـە هـەوای سـونبولو خڕنـووك
داخـی جگـەرم، ڕەنگـی گـەشو ئـاڵی بـە ڕوو دا
لـەو زوڵفـەوە، كەوتوومـە جـەفادارییو بـەر تـووك
ئـەو عالەمـە كۆبۆتـەوە سـەر ئێمـە بـە تـێلا
لێـدەن، بكـوژن، عاشـقی یـەزدانییو مـەهتووك
حـاڵی مـنو دڵ، عیـشقو قـەدت، نایەتـە پۆشـران
وەك چـۆلەكە سـۆفیلكە، لەبـەر هەڵمـەتی باشـووك
(پـشكۆ) بەسـە، ئـەم غالیـەوو دووكـەڵی میـسكە
یا خوێنی سیاوەحشە، بە دەم ڕۆستەمی سەرسووك؟!.

(٨)

نەغمـەو تـەرەبو تـارە، ئـەوا گەیوەتـە تـا تـووك
گوڵگەشـتی بـەهاریی، وەرە، هێناوییـە سـەد بـووك
نـەختێ لـە گـوڵو سـونبولی دوو لێـوو دوو زوڵفـت
بڕژێنـە بەسـەر خـاكی دڵـم، بیكـەرە مـەملووك
ڕۆحـم لەسـەراپەردەیی عیـشقت، بـە هـەوەس هـات
سـەد قامـەتی ئـازادی، بـە تـۆ كـردووە مەشـكووك
دامنـاوە لەسـەر پەنجـەیی دیـن، جـامی لەبالـەب
مـورغێكی برینـدارە، بـە جامـێ بـووە مەشـبووك
گـەر گەنـدومی خاڵـت نـەدەبوو، ئـادەمی ئـەڕواح
هـەرگیز نـەدەبوو، دڵـگری سـەد خەرمـەنی چەڵتووك

زوڵفــی ســیەهت، حــازری هەیجایــە بــە هــەر ڕوو
چــارەی نییــە ئــەو مــارە، لــە ئــەم گەردنــە وا ســووك
(ڕاجــی) لــە ڕەقیــب تێپــەڕە، بــا هــەر بــوەڕێ ســا
یا چارەیی سەگ سەهلە، بە یەك نیوەیی ئەستووك؟!.

(٩)

لــە دونیــا، هــەر دڵــی عیــشقە ســەمەندۆك
تــەنی پــیرو ڕزیــوو وشــكو قرچــۆك
ئەســیری زەلزەلــەی چــاوی نیگــاران
تــەوەللا بــوون لەســەر پەنجــەی ترنجــۆك
كــە دەرمانــاوە نەشــئەی بــاغی جەننــەت
نیــشانەی كەوســەرە ئــاوی (چــنارۆك)
چــەمانی (كۆیــە)، فــەخری ڕۆحو ڕەیحــان
شــەرابو شــیرە سەرچــاوەی (حــەمامۆك)
وەرە ســاقی، بــە نەشــئەی دەســتو پەنجــە
وەرە موتریــب، بــە ئــاوازی ڕەبــابۆك
لــە بــەزمی قامــەتی ســەروی خــەرامان
چــراغی شــاهیدانی بــاغی بــابۆك
بــە نوكتــەی تــازەیی بــاریكی (ڕاجــی)
ســەری بــووكی مــەعانی كەوتــە ســەر چۆك.

(١٠)

دڵو شــەرمو حــەیام، ئاویتــە كەنــدێك
لــە پەرچــەم تــا گوشــابێ ســووكە بەنــدێك

شـــەوو ڕۆژم نـــەدی، ئـــەی یـــاری عـــەییار
لــــە قاپیتــــا، نــــەناڵێ دەردمەنـــــدێك
ئەوەنـــدەی ئـــاوی چـــاوم ڕشـــتو گریـــام
خـــودا نەیـــدا لـــە لێـــوت دانـــە قەنـــدێك
نـــەویتر بـــوو لــــە خـــاکی پێیـــەکانت
کـــە ســـاتێ موبتـــەلای تـــۆ بـــوو بڵنـــدێك
خـــەیاڵم بـــوو، لـــە ڕووتـــا شـــاد بکـــەم دڵ
بـــە قرچـــێ، مـــەنعی کـــردم ناپەســـندێك
خـــودا حیفـــزت بکـــا ئـــەی شـــۆخی شـــیرین
نـــەبینی قـــەت لـــە دونیـــادا گەزەنـــدێك
عەجـــەب ڕێـــییێکە ڕێگـــەی وەســـڵ، جانـــا!
بـــە ســـەد پـــێ دەرنەچـــوو غـــەڕڕا ســـەمەندێك
بـــە شـــوعلەی کوڵمەکـــەی جانانـــە، ســـووتان
بـــە کۆمـــەڵ عاشـــقان، هـــەروەك ســـوپەندێك
لـــە ســـەرفی کـــاری عیـــشقو جـــەورو هیممـــەت
وەکـــو (ڕاجـــی)، کەســـێ نەیـــدیوە ڕەنـــدێك !!.

**

-گ-

(١)

نییـه بـێ ڕەحمـی وەکـو تـۆ، نـه لـه موسـلیم، نـه فـەڕەنگ
تـالیبی قـەتڵی منـی تـۆ، بـه خـەدەنگو بـه تفـەنگ
نایـەوێ شـۆرو فوغـانی مـنو، دڵتـەنگیی تـۆ
مـالیکی ڕۆحو دڵـی تـۆ، چ بـه سـوڵحو، چ بـه جـەنگ
شـێوەیی پەرچـەمو لـەعلی لەبەکـەت، نەمـدیوه
هـیچ شـتێکی لـه جیهانـا، چ بـه بـێنو چ بـه ڕەنـگ
بـادەیی چـاوی سـیاهت، لـه لـەبی عوشـشاقان
تـا ئەبـەد سـارییه، بـێ وەسـفه، بـه زوو یـا بـه درەنـگ
هێنـده موشـتاقه بـه ماچـی لەبـەکانت، دڵـی زار
تۆش بەیەك غـەمزه ئەکـەی کەسری، وەکـو شوشـەو سـەنگ
ماسـییه عاشـقی غـەمبار، لـەناو بـەحری فـەنادا
کـوا ئەگـەر گەوهـەری وەصـڵی تـۆ ببـێ کـامی نەهـەنگ؟
(ڕاجیـا)، کـەی ئەگەیـه مـەنزڵی جانانـەیی یـار؟
بـەم هـەموو بـاری غـەمو، غوصـصەوو، بـەم لاشـەیی لـەنگ.

❊❊

-ل-

(١)

بە بێهۆشی بەسەرچوو عومری شیرینم، دڵی پەل پەل
کە ئەم پاوانە هەرلا، بێ بەها پێی وەربووە مێگەل
کە دڵبەر دەستی مەقسوودی نەگرتم، وەك سەبا ڕۆیی
لە زستانا بە ڕووتی مامەوە وەك دارەکەی سەرکەل
هەموو کاری لەدڵ بردوومە دەر، غەیری خەیاڵی خۆی
بەجارێ دین و ئیمانی وەکو دڵ کردووم ماتەل
بە عەییاری، لەڕووی هەڵدایەوە پەردەی حەیاچوونم
لە هاوینا بە تینوویی، لە پێ کەوتم وەکو خەرتەل
لەسەر کوڵمەی بە فیکرێ گەردنی کێشاوە، شاماری
کە دەم دەم، لاسەری سیحری ببزوێنێت و بگرێ مەل
ئەجەل هەرچەند ئەکا ناگاتە مەن، ئیمڕۆ بەجێماوە
قوڕی بە گوێ، هەتا ئەو ڕا ئەکا، چاتر دەبەم مەحمەل
بەگوێرەی خۆشەویستی، پێی ئەوێ (ڕاجی) دەماغی وشك
کە یاری نازەنینی، هەدیەیی ناکا بە یەك حەنزەل.

(٢)

لە تەنگیی دڵی بیمارە، شێوانی کاری گەل
بە داخی جگەر داخداخە، ساراوو شاخ و کەل
بەکارم نەدی جێگەو ڕەزو باغ و باغەوان
لە سیرۆچکەوە خنکام، میوەی لق و سەرپەل
نە ئاوی ژیانم پێگەیشت و نە نانی مەرگ
وشك بوومەوە بێ ئاوو نان و، لە خۆمم چەل

نە کوڵمەی گوڵی هۆزم ئەپشکوت، نـە هـەڵوەری
نـە سـۆزی وڵاتم هاتـە جونبـوش، نـە دەخـڵو خـەل
هەموو کانو گـەنجم کەوتـە دەست خـەڵكو تێپـەڕی
نەکەس دێتە هـاوارم، نـە دەمکـا خەفـەت پـەل پـەل
ڕەشو ڕووتو بـێ شـوێنو هـەوارم، خـوڵابڕاو
کـە ڕەنجـاوو بـێ قـازانجو مایـەم، چـلەو خەرتـەل
نـە بـاوکم بـەکارهاتو، نـە عـەقڵو نـە هێرشـم
بـەجێمام لەسـەر مەیـدانی پێویـستو، قاچـم شـەل
هەتا کاکی خۆم خۆی کاتە مامم، عـەدوم بـە خاڵ
بەسـەد بـیروڕا چـارەم نییـەو قورعـەمـە پیرقـەل
خـەتای خۆمـە بێنـازم، کـە بـازم بـە کونـدەبوو
فرۆشـتو، ئەویـشم وەرنـەگرتو، لـە مـل مـا تـەل
مەتەڵخانەکـەم هەڵنایـەنێ، کـورکو هێلکئاوێـژ
لە خـۆوەش کـە هـەڵبێ، بـۆ پـشیلەو سـەگانو قـەل
بڵـێ کاکـە (ژیکـۆ)! سـا هـەتا مـاوی بـێ مـاوە
هەڵەو گوفتی بێ مـەعنا، هەتا دێتـە دەسـتت هـەل.

(٣)

ئەی بەڕوومـەت مـاهی تابـان، وەی بـە بـاڵا موعتـەدیل [١]
وەی بە سیما ئـەهلی جەننـەت، چـاوەکەت کەوسـەر خـەجیل

١- هەموو دوا سەرواکانی ئەم هۆنراوەیەو چەند وشـەیەکی دیکە وشـەی عـەرەبین، بەپێویـستمان زانـی لێـرەدا واتایان لێکبدەینەوە:-

(مُعتَدِل: ڕێكو ڕاست، مامناوەندی)، (خَجِل: شەرمەزارکار)، (تَبَسُّم: زەردەخەنە، بزەی لێـو)، (مُنفَعِـل: هەڵـچوو، خرۆشاو)، (مُنتَقِل: ناجێگیر)، (مُشتَغِل: کارکردە، کرێکار، سـەرقاڵ)، (مُـشتَعِل: داگیرسـاو، گڕگرتـوو)، (تَجربَـة: تاقیکردنەوە)، (بَهِل: کردنی هەر شتێك کە بخوازرێ بکرێ)، (عُنّـاب: دارێکە بەرەکەی وەکو بـەری زەیتـون وایەو سوورو شیرینە)، (مُشتَمِل: پێکهاتوو، لە خۆگرتوو).

غونچە لەب کەی دێ؟ بەخەندەی شەککەری گوڵڕەنگەوە
بولبولی ئاوارەکا، تا یەك تەبەسسوم مونفەعیل
کەی لە سایەی ڕۆین و گرژینەوەت دەگرم قەرار؟
تا لە کۆی دەردی فیراقت، دەم بەدەم بم مونتەقیل
ساقیا! توخوا لەبادەی چاوەکانت پڕکە جام
هەروەکو مەستانی قەدرت، بمکە جانا موشتەغیل
نیو نەزەر، گەر بێیە سەیری ئەم هەژارانەی فیراق
چلچرای کوڵمەت ئەکەی بۆ دەردەداران موشتەعیل
کێ هەیە پەروانە ئاسا، دڵ نەسووتێنێ لە دووت؟
هەستە سا بۆ تەجرەبە، جانا تۆ شەمعی ڕوو بەهیل
دیدە عوننابم، لەسایەی جامی ئاتەش ڕەنگەوە
هەروەکو (ڕاجی) کە جەرگی بوو بەسەد خوێن موشتەمیل.

**

-ڵ-

(١)

نازك‌و شیرین‌و خاوەن نازو حاڵ
گوڵبەدەم، ڕەنگین قەڵەم، مەم پرتەقاڵ
لەب مەحەك، زیوین مەچەك، گەردن لە چەك
زوڵفی سونبول، ڕوومەتی گوڵ، نافە خاڵ
خواب‌و خۆراكم نەماوە، چاوەكەم
چۆن دەكەی مەنعم لە گریەو ناڵەناڵ؟
ڕێگە نادەی، جێوو ڕێ‌و عیلم‌و ئەدەب
هیچ نەبم، دەروێشم‌و دێم بۆ سواڵ
وا لە خۆم بێزارو، مەرگم، دەی ڕەقیب!
حاجەتی ناكا، بە تەعنەو گاڵەگاڵ
خوێنی دڵ، گەر هاتە سەر كوڵمەی گوڵم
دەیسڕێ زوو، ئەو بە زوڵفی پەشتەماڵ
(ڕاجیا)! دایم دەسووتێ ئاگرم
دانراوە بەختی سەختم، وشكە ساڵ.

(٢)

دوو چاوم وا ئەگریەن ئاسمان حاڵ
سبەینێ یاخوا بیكاتە ساماڵ
حەبیبەم ڕۆژی ڕووی هەڵكا بەخۆشی
دڵی پەروانە، بیسووتێ پەڕو باڵ
ژمارەی نایە ڕۆژانی فوغانم
بە من مەیلی نەفەرموو، شۆخی چاوكاڵ

ترازاندم قسەی تەرزی جەمالی
پەشۆکاندی دڵو دین، کارو ئەحواڵ
خوداگرتوویە هەرکەس ڕووی نەداتێ
لە قاپیدا بناڵێ، یاری منداڵ
هەموو قڕبوون جگەر سووتاوەکانت
لەسەر ماچی سەنەم، هەڵمەگرە ئۆباڵ
مەڵێ تۆ گاوری، ئێمەش موسڵمان
بە یەك ڕێکناکەوێ، زوننارو دەسماڵ
ئەگەر سەد حەلقەیی وەرعم لەلا بێ
لە پێی زیوینی، من ئەیکەم بە خڕخاڵ
لەلام بێهوودەیە (ڕاجی)، مەشایخ
ئەگەر بفڕن بە باڵی پەشمو بەرماڵ !!.

(٣)

بەفیدای چاوی خومارت بمو، کاکۆڵو جەماڵ
ئاگری خستە هەناوم، بە خودا تاوی خەیاڵ
نابڕێ حوسنی تۆ ئەی دۆست، وەفایێ کە بە من
تا قیامەت بکشێ، گەر بە خەرارو بە جەواڵ
بۆسەییێکم بدەیە، بمکوژە ئەمجا بە هەوەس
چاکە بۆ هەردوو تەرەف، خوێنو جینایاتی حەڵاڵ
بە دزی کوشتمی ئەو یارە پەری ڕوخسارە
قاتیلی من، نییە سۆراخی لە لایێ بە دەڵاڵ
جگەری تازە لەسەر ئاگری ڕووی داناوم
بۆیە سەر کولمەی، بۆ زولفە دەکا سازی شەماڵ

قــەدەحی دڵ لــە دەروون دەرچــوو، شــکا، بــادە ڕژا
بە بــەتاڵی چییە قــازانجی، خــودا، جیــسمی ســەفاڵ؟
حەلقــەوو ناڵــەیی عوشــشاقە، لــە دەورەی حوســنت
مەگەســـی زۆرە، بـــەڵێ، میـــوەیی دوکـــانی بـــەقاڵ
دەمو ســاعەت، بــە خــودا، مەســتی خــەیاڵاتی ئــەتۆم
نییە قەت سەبرو قــەرارم، نــە لــە ســەحرا، نــە لــە مــاڵ
حــاڵی مــن دوورە، لــە ئــەحواڵی نیگــارانی بــەدیع
چاکە نــەدوێم وەکــو (ڕاجــی)، لــە خــەیاڵاتی مــەحاڵ.

(٤)

ڕێــم نییـــە، ئاســـوودە ســـاتێ دابنیـــشم بـــێ خـــەیاڵ
دەســت ترازانــدن لــە عیــشقت، بۆتــە فکرێکــی مــەحاڵ
مــن بــە دیــدەی نێرگسی، گــەردەن کەچم، دەستەو نــەزەر
تــۆ بــە شــوعلەی خەنــدە ســەندووتە لــە عالەمــدا کــەماڵ
گوڵ ڕوخی، دەم خونچەیی، نم عــارەقی، قــەد یاســەمەن[١]
لالــە گــەردن، ســینە مینــا، زوڵــف موشــکین، دانــە خــاڵ
کــــاکۆڵو ئەگریجــــە داوە، تیروکەوانــــە دوو بــــرۆی
چــــاوەکەی نێــــچیرەوانە، بــــۆ دڵو گیــــانی غــــەزاڵ
مــن لــە دەریــای بێکەســیدا غــەرقمو، گێــژی فــیراق
تــۆ بــە غەوواســیی، دەخیلــت بم، وەرە ســوویی ویــصاڵ[٢]
شێوە حۆری، مەست ساقی، لەنجە کــەبکو، پــەڕ پــەری[٣]
کــوێرە دیــدەی دڵ لــە ڕووتــا، خێــرە مــاون عــەقڵو حــاڵ؟!

١- لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (گوڵ ڕوخو، دەم خونچەوو، شەونم عەرەق، سەبزی کەوا).

٢- لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (تۆ بە غەوواسیی، دەخیلت بم، وەرە ڕێگەی ویصاڵ).

٣- لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (شێوە حۆری، خاوەنی مەی، لەنجە کەبکو، پەڕ پەری).

دەفتەری دیداری من سووتا لە کوورەی دووریا
دەستی من دامێنی تۆ، ئەی یاری سەرتاپا جەماڵ
ڕۆژی جێژن و گەشت و سارایە لە یاران، (ڕاجیا)
قوڕبەسەر من، کونجی گریان بۆتە خانەم مانگ و ساڵ.

(٥)

ئەگەر دەستم کەوێ یاران، نموونەی خاڵ و چاوی کاڵ
بە جەننەت نافرۆشم، تا ببێ جێی عالەمی ئۆباڵ
هەمە من مەیفرۆشێ، گیان بە قەترێکی دەکا داوا
گەلی عاشق موهەییا بن، گەلێ هەرزانە مەی ئەمساڵ
خرۆشی عالەمە هەرلا، پەرێشانیی لە پەرچەمدا
هەموو حیرەت زەدەن لەم سونع و کەونە، عالەمی ئەحواڵ
کە دەستەی عاشقانی دی، بە گوێرەی چاوی بیماری
دەگێڕێ سا بە ناویانا، غەم و دەرد و بەڵا دەرحاڵ
ڕەقیب داوای بە قەتڵی ئێمە کرد تا تێر ببێ، پێم وت:
لە پاش فەوتانی من، کەی تێر دەبی تۆ ئەی کەری دەججاڵ؟
کە هات دڵبەر بە کوشتاری غەریبان، جێ بەجێ هەستام
لە پێش هاتن، بەگوێما هات نەوایی هاتیفی خڕخاڵ
کەسێکی تر وەکو (ڕاجی) نییە گوێگر لە فەرمانت
کە بۆ کێشانی نازو میحنەتی تۆ، هەر ئەوە حەمباڵ.

(٦)

دڵ پڕ خەم و خوێناوە، جگەر لەتلەتە، ئەی گوڵ
دەرچوونی لەناو داغی غەمت زەحمەتە، ئەی گوڵ
ڕۆژو شەوی هاوارە، کە وا بولبولی پڕ زار
لەم باغە مەگەر مونتەزیری ڕەحمەتە، ئەی گوڵ

ئــەم ســـونبولی گێـــسووتە، بـــە ڕەیحانـــەیی کـــاکۆڵ
سروەی هەوەسی لەو دەمـــی وەك غونـچەتە، ئـەی گـوڵ
ســـــەد عەرعـــــەرو شمــــشادی حـــەبیبانی گوڵەنـــدام
سەف بەستە، هەموو تالیبی یەك خزمەتـە، ئـەی گـوڵ
ســەد ســەڵتەنەتی ئاصــەفو، ســەد مــوڵکی سـکەندەر
خـــاپوورو پەرێـــشانی نمـــی کوڵمەتـــە، ئـــەی گـــوڵ
ســـەد ڕۆحـــی فەرامـــەرزو، دڵـــی ڕۆســـتەمی دەســـتان
ئـــاوارەوو گومگەشـــتەیی نیـــو عیـــشوەتە، ئـــەی گـــوڵ
(ڕاجـــی) عەجـــەبا هێنـــدە گرانجانـــە لـــە عیـــشقا؟!
سەد دەفعە کوژا بوو، دڵو جان ســەغڵەتە، ئـەی گـوڵ.

(٧)

وەك بـــرایم، ئـــەو کەســـەی نامـــە قەڵاندۆشـــانو کـــۆڵ
پێـــی گـــەڕام دێهـــاتو شارســـتانو ســـەحراو کێـــوو چـــۆڵ
گـــەڕ دەبـــوو، گـــەر مـــن نەبوومایـــە بـــەخێوی ئـــەو گـــەڕە
ئێـــستە وا چـــابۆتەوە، کەوتۆتـــە لۆمـــەو بۆڵـــە بـــۆڵ
ســـــەیری ڕۆژانـــــی بەشـــــەر، ســـــەیری وەفـــــاوو پیـــــاوەتی
سەیری دەستاودەستی بیرو، سەیری گورگـان، کـاری[1] هـۆڵ
ســـــێبەری داری وەفـــــا، وەك ســـــوورەتاوی نیـــــوەڕۆ
دائـــەخا کـــوورەی هـــەناوو، ســـەر ئەکاتـــە تـــۆزو خـــۆڵ
ئەو کەسەی ئەمکردە شـان، وەك تـەپڵی مـەیموون هەڵپـەڕان
ئێـــستە پێویـــستی ئـــەزانێ، لێبـــدا بـــۆ مـــن دەهـــۆڵ

١- کار: مەبەست لە کاریلەیە.

پـێ بـەکۆتو دڵ بـە غـەم، سـەر کـز ئـەبوو وەك کونـدەبوو
مـــن دەرمـهێنـــا لـــە دەســـتی دوژمـــنو کـــاری هـــەڵۆڵ
بۆچـــمە، مـــاڵو ژیـــانی پـــڕ لـــە ئاشـــووبو گـــڕێ؟
بۆچـــمە، تایێـــك تـــەرازوو ئـــاگرو، تایێـــك ســـەهۆڵ؟
لــەم هــەموو بــەزمو هەرایــە، بــۆ ســەرە تێکــدانی کــار
(بـاجی سـەلە)ش بـێ قـەزابێ، لـێم بـووە پـوورە جـەمۆڵ
تــا وەزیــری نیوەشــەو (دایــە گوڵــێ)بــێ، مــوژدە بــێ
بـا کـچو ژن هەڵپـەڕن، خڕخـاڵ لـەپێ، بـازن لـە قـۆڵ
وا گەلاوێـژ کەوتـە بـەر شـەو، پێـرووپش هێـشووی گەیـشت
هێـشتە میـوەی بـەختی مـن نـەبووە مـزر، یـان ئـاڵو بـۆڵ
وەك فریـشتەی هـۆزی کـورد هەسـتامەوە، ڕامکـردو دیـم
جـون بـە جـون دێـنو دەچـن ئـەم ڕەنجبەرانـە، گـورجو گـۆڵ
بوومـە (پـشکۆ)ی عـەردو بـەفری کێوانـەکان ڕەش بوونـەوە
بــووکی شــادیم ســوارکرا، نــەورۆزی ژیــنم گرتــە کــۆڵ.

**

-م-

(١)

ئەی سەبا! جارێ لە باسی ئەو گوڵەم بدوێ بە کام
تا ژیانی بولبولان، بێنێتە باخو سەر شەقام
پەرچەمی پەرژینی لادەو، چاوو دڵ پڕ ژین بکە
قامەتی ئەو سەروە بادەو، بادە بێرە پڕ بەجام
مەشقی پشکووتن بکا خونچەی دەمی، سا دەم بەدەم
پێکەنینی، ئارەقی گریان بخاتە ژیرو فام
هەستە، هەستی هێزی شۆڕشگێڕی چاوانی بکە
تەیرو بنیادەم ئەخاتە کوشتو بەستو، ڕاوو ڕام
لێوی هەڵبێنێ بە تەفرەو تانەبازیو نازو نووز
هەر گورۆی خۆی باتەوە، نەوتول نەمامی خۆش خەرام
بێتە پێشبڕکێ، لە مەیدانی نیگاریو دڵبەری
ئاخو داخی پێوەنێ، جەرگو دڵی ژیرو نەفام
بۆ هەوا، چێژی لە چێشتەنگاوی کولمەی هەڵبدا
ڕۆژی جەژنی ئارەزووی سووتاوەکانی نابەکام
تا بە موقناتیسی چاوی، ڕابکێشێ مامو خاڵ
کارەبا کا، دەردی قرژاڵی دڵانو کۆنە زام
بێتە دەسبازی بە زەبری غەمزە خوێنڕێژی بکا
دوژمنی باب کوشتەشی هاوار بکا، من ئاشنام
تاوەکو داگیر ئەکا ماڵو سەرو، دنیاوو دین
تا بەزاری خۆی ئەڵێ، من پادشاهی بێ سوپام

شــایەدی (ژیکــۆ)یــە ئەشــکی ئــاگرین‌و جــەرگی کــوڵ
بــەختی ڕەش، ناســاغی لــەش، پەیمانــە بــۆش‌و تاڵــە تــام.

(٢)

ڕوو نمایــە، هــەر تــەرەف، وا شــەمعی کــافووری لــەلام
لالەیی پــڕ داغــە، دوو ڕوو، کەوتــە ئــوفقی کــاف‌و لام[١]
یــار بەســەر پەنجــەی نیگــاری، بــادەیی گــوڵڕەنگ ئــەدا
بولبــولی دڵ هاتــە حەلقــەی جــۆش‌و گوڵبــانگ‌و کــەلام
چــەند دەکــەم هەڵــگێڕو وەرگێــڕم نــەما، لــەو پەرچــەمە
هێنــد نەفامانــە بــەلایا چــووم، لــە چــەنبەر بەســترام
دەست‌و بــاوەش، نەونــەمامی کــردە قــووتی ڕۆحــی خــۆی
موغبەچــەی کــاکۆڵی یــارو، مــن بــە نەومیــدی پســام
دیــدە ئاهــەنگی لــە گوڵــشەندا نــەما، ئــەی جــانی مــن
بــۆ نموونــەی لالــەوو گــوڵ، خــوێن دەڕێــژێ ڕۆژو شــام
چــوومە دامــەن، بوومــە بــەر پێــی عیــشقبازان، بێنــەوا
مامـــەوە بـــێ جـــێ، کـــە بێباکانـــە هـــاتم تێخـــزام
غایلــەو شــۆڕو فوغــانم گــەر دەپرســی، (ڕاجیــا)؟!
ڕێــی درێــژە، کــاروان ڕۆیــی، منــی بــێ مایــە وام.

(٣)

خـــۆش لەســـایەی زوڵفـــی دەرکـــەوتن غـــولام
گـــشتیان خەنجـــەر وەشـــێنن، ڕۆژو شـــام
عەکـــسی ئاوێنـــەی لـــە دڵ دەگـــرێ، غـــەریب
قـــەت بـــزر نابـــێ، لەبـــەر جـــەلبی نیـــزام

١- کاف‌و لام - کُلْ : هەموو، گشت.

لێـــوی ئەتڵەســـباری یـــارم، ئێـــك‌و دوو
قیمـــەتی نابـــێ عێـــراق‌و میـــسرو شـــام
زۆر بەتونـــدی، هـــەر کـــە دڵبـــەر خـــۆی شـــکاند
لەشـــکری غـــەم هێرشـــی هێنـــا بەســـام
بمکـــوژی، مـــن ڕۆژی مەحـــشەر تـــالیبم
ماچـــی دوو لێـــوت، لـــەباتی ئینتیقـــام
ئیحتیمـــالی جـــەنگ‌و عوشـــرەت، بـــۆ حیجـــاب
چـــونکە موشـــکیل دێتـــە بەرچـــاوم، مـــەقام
زۆر ئەترســـم، وەختـــێ تووشـــت بم لـــە ڕێ
بێتـــە لـــەرزین قامـــەتی ســـەختم، تـــەمام
نـــاتوانم، گـــەر قـــسێکت پـــێ بڵـــێم
گەرچـــی جێگـــەی عیـــشقە تـــەتویلی کـــەلام[١]
ڕادەبـــووری، نیـــوە غـــەمزەت پـــڕ دەکـــا
خانـــەیی دڵ، زەخـــم‌و خـــەرق‌و ئلتیـــام
مـــەردومی چـــاوم غوبـــاری عیـــشقی گـــرت
کـــەی مونـــەووەر بـــێ، بـــە تـــەنویراتی جـــام؟
ڕۆحـــی (ڕاجـــی)، وا لـــە تووبـــا بەســـترا
جیـــسمی بـــێ ئیحـــساسی مـــاوە، وەســـەلام.

(٤)

لـــەم ڕێگـــەیی عوشـــشاقییە، تێـــچووم‌و نەڕســـکام
لـــەم حـــوجرەیی بێدەنگییـــە، هـــەر چـــابوو نەفـــەوتام

١- تەتویلی کەلام : درێژ دادڕی، درێژەدان بە قسە.

یـــارم بـــه نـــه‌زه‌ر، ئـــه‌رزی پـــڕی نـــوورو زیـــا کـــرد
مـــن لـــه‌م یـــه‌می حه‌یرانییـــه‌دا، بۆچـــی نـــه‌خنکام؟!
ئـــه‌ی لالـــه‌ڕوخ‌و، خونـــچه ده‌م‌و، ســـینه ســـوره‌ییا
والـــه‌م[1] لـــه کـــه‌ناری چـــه‌مه‌نت، مـــات‌و ســـه‌راپام
ســـه‌رکه‌وتی لـــه کێـــوانی ســـه‌ماحه‌ت بـــه مه‌لاحـــه‌ت
بـــه‌م زه‌خمـــی گـــران هـــاتم‌و، داکـــه‌وتم‌و وه‌ســـتام
پـــه‌یکانی نـــه‌زه‌ر، کونکـــون ئـــه‌کا ســـینه‌یی پـــڕ شـــۆر
خه‌نـــده‌ی لـــه‌بی گـــوڵڕه‌نگی، ئـــه‌با ئـــاوی دڵـــی جـــام
ڕووی ســـووری کـــه هێنایـــه نـــه‌زاره‌ی مه‌لـــه‌ك‌و موڵـــك
دڵ، زارو برینـــــداره‌وو بـــــێ ڕه‌نگـــــه موحـــــه‌ییام
ده‌شـــکێ لـــه بـــه‌ها موشـــکی خـــه‌تا، بـــه‌م ســـه‌رو زوڵفـــه
هـــه‌ر وه‌ك ده‌شـــه‌كێ وه‌ختـــی ته‌ماشـــا، قـــه‌دو بـــالاّم
پـــڕ حیـــشمه‌ته‌، پـــڕ نـــازه‌، ســـه‌رئه‌فرازه حه‌بیبـــه‌م
چـــه‌ند نازکـــه‌، چـــه‌ند چاپکه‌، ئـــه‌و مه‌هوه‌شـــی گوڵفـــام
تـــا جۆشـــی نـــه‌دا ئـــاگری پـــڕ شۆڕشـــی، نـــه‌یوت:
(ڕاجی)، وه‌ره سه‌ر عیـــشق په‌رســـتیی ســـه‌رو سیمام!!.

(٥)

کوردســـتان! تاکـــه‌ی لـــه داخـــت، خـــه‌ت خـــه‌ت‌و پۆڕینـــه بم
وه‌ك چـــه‌ماوت چـــه‌م لـــه چـــاوو، وه‌ك چـــیات نه‌خـــشینه بم
وه‌ك بـــه‌هارت شـــێت‌و هـــارو، چه‌شـــنی زســـتان ئه‌شـــکبار
پـــــایزه پـــــڕ شـــــینه‌بم، هاوینـــــه گه‌رمـــــه‌و شـــــینه بم

١- واله (والِه، ولهان): شێت‌و شه‌یدا، دێوانه‌.

خۆم لـه بـیر خـۆم چـوومەوه، سـەودایی ڕووتم، پـێم بڵـێ:
کوولەکـــه شـــیرینه بم، یـــا کۆڵەکـــه زێڕینـــه بم؟!
مــن لــه نێــوان لوتــفو قــەهرت مامــەوه، بـەم وامــەوه
کــــۆتره نوورینـــــه بم، یـــا کۆتـــەره نارینـــه بم؟!
تــا بــه دەســتی خەڵکــەوه، پێــچاتەوه زامــانی کــوڵ
لێمگــەڕێ پــێ چــینەبم، تێــچینه بم، لــێ چــینه بم
تــاجی ئــەڵماسو گوهــەر تــۆ ناتــه ســەر دوژمــن، ئــەبێ
نۆکـــەره ڕەنجینـــەبم، یـــا جۆکـــەره گەنجینـــه بم!!
ناتــەوم گــەر بــاشو گــەر بــەد، ژیــره کــوڕ بم یــا خــولام
توتنـــه بەنگینـــه بم، یـــا گوڵـــشەنه ڕەنگینـــه بم!!
دامــرم چــاکه، وەکــو کــوورەی خــەڵووزی شــاخەکان
پێـــڕەوی مـاکینـــه بم، دارینـــه، یـــا بەردینـــه بم!!
بوویــه میراتێــك، چ عــورفو شــەرعو قــانوونی نــەبوو
ژینـــی ئـــەم ئایینـــه بم، پـــەرژینی ئـــەو لادینـــه بم!!
بـۆچ لـه بـیرت چـۆتەوه شـاخ تاشییو، تووشم ئەکـەی؟
کینـــه بم، مولکینـــەبم، خۆڵێنـــەبم، کۆڵێنـــەبم!!
باوكو دایکم بووی، هەموو خوشكو برامـت دانـه خـەڵك
نــیم خــاڵی بــۆ منــاڵێ، مــامی یــا خــاڵی نــەبم!!
تــازه پــێم ناســێندرێ، پێــشم ســپێرن ســوێندی پــیس
پاڵـــەیی هۆزینـــه بم، یـــا ماڵـــەیی تۆزینـــه بم!!
لازمــت گێــڕا لەســـەر باســكو دڵــم، بــۆ دوژمنــت
بــۆ پــێڵاو پــەل پینـه بم، یـا بــۆ پـڵاو پەڵپینـه بم!!

چــارەڕەش خــۆمو براکــانم، لــە تــاموبۆی ژیــان
قــەت نــەبوو خرسـی نـەبم، برسـی نـەبم، پـڕ سـینە بم!!.

(٦)

لــە خوتتــەی عیــشقدا، بــا دەربــەدەر چــم
لــە پــێ کــەم بەنــدی ناشــادی، بــە سەرچــم
زەمــان گــەر ناموســاعید بــێ بــە ڕوومــا
بــە ناکــامی، لــە ســکیا بــا لەبەرچــم
لــەلای ئــەو شــۆخە، جــارێ گــەر خەبــەر بــێ
ئــەبێ بــۆ گەردوشــی شــامو ســەحەر چــم
ئەکێــشێ ڕیــشەیی ڕۆحــم، نیــازی
ئەگــەر بــێمو بــە گــولزاری نــەزەر چــم
کــە تــیری خــستە نــاو ئــەبرۆ، بــە قــەتڵم
موحەققــەق هــەر دەبــێ بــۆ ڕووی ســەقەر چــم
لــە پەنجــەی گــەر تکــا خــوێنی کــوژاوان
منــی بــێ کــەس، مەگــەر شایــستە دەرچــم
خــەتاییکی نــەبوو چــاوی حەبیبــەم
کــە مــن بــۆ زەلزەلــەی دارولقــەدەر چــم
ئەمەنــدە بێتــە کوشــتن یــار، ئــەبێ مــن
بــە قوربــانی کــەمو، ڕووح، بــێ ســوپەر چــم
لــــەلای ئاوێنــــەڕوویانی زەمانــــە
بڵــێ (ڕاجــی): منــی شــیفتە جگــەر، چــم؟!.

(٧)

لـە جابولّقـای[١] فـەنادا، بـێ کـەس‌و ئـاوارە تـا مـردم
بە شاماری زبەرجەد[٢]، ڕیسی ئاهی ڕیشی هەڵکردم
بـــەهارێکی بـــە هـــاوارو ئەلـــەم هاتۆتـــە بەرچـــاوم
لـە مەیـدانی هـەبادا، ئەرخـەوانی کێـوی هـەڵگوردم
دڵـی گـەر نـاگزورە وشـکە سـۆفی، بێتـە لام سـاتێ
بەفرمێسکێ کـە بێتـە چـاوەوو تـەبعی شـەکەر خـوردم
تەڕو تازە نـەمامی شـۆخی چاومەسـتم، کـە عیشـوەی دا
حیجـابی دڵ بـە سێـسەد پـەردەوە، بەرچـاوی لابـردم
بە فانۆسـی مـەحەببـەت، گـەر نـەبینم کـاخی ئـەو شـۆخە
لـە مـەعنادا درشـتم هـەروەکو کـەیوان‌و، نـەك وردم
سـپی چـاوە کەسـێ، یـاری نیـشانی دڵ نـەدا جـارێ
وەکـو مـن دێتـەدەر ئـاخیر، کـە دامـردووم‌و ڕابـردم
نیگارا! ڕەحم‌و ئینسافت لـە دڵ دەرچـوو، بـەبێ ڕەحمـی
بەسـەرتاپایی (ڕاجـی)دا بفـەرموو، وا ئـەڵێ: پـردم.

(٨)

سویـچێکی ئەلـەتریکی ڕوخـی، وا جـەرگی گیرسـاندم
بـە سـۆزێکی بـەکوڵ تـاکو بـەیانی عیـشق ناڵانـدم
کە دەنگی نازی هات‌و، ڕەنگی گوڵخەنـدەی بریـسکەی هـات
وەکـو هـەوری شـەوی نیـسان، دوو چـاوی تـاری گریانـدم
بـەرق تێـی ڕاخـوڕیم، ئـەو دڵبـەرەی شـیرین‌و دوو بـاڵا
بـە تـاوی تـەرزە بـارانی، بناغـەی ژینـی ڕووخانـدم

١- جابولّقا: ناوی شارێکە، تەنها ناوی هەیەو بوونی نییە.

٢- زبەرجەد (الزبَرجَد): بەردێکی گرانبەهایە وەکو زومەڕڕەد.

وەکــو لەشــکر، خــەت‌و خــاڵی بــەتاڵان بردنــی دڵ هــات
وەکــو مەشــکە هەڵاوەســرام، دڵــی پــڕ ژانــی لــێ ســاندم
هــەموو دەشــتی خــەم‌و تــاڵیم، ڕەش‌و شــین داگــەڕا یەکــسەر
هــەتا ئــاخر ســپی‌و ســووری گــوڵی خــوێنینی پــشکواندم
منــاڵێکی وەکــو دڵ، قەڵــغەتم چــەندی لــە بــاوەش گــرت
کــە ڕووی نــوورینی یــاری دی، هــەناوو جــەرگی قرچــاندم
تەماکارانـــە ڕۆیـــیم، نەشگەیـــشتمە دڵبـــەرم (ڕاجـــی)
بــەڵێ، لــەم داوەدا تــا ســووڕو هــەوڵم خــوارد، ئاڵانــدم.

(٩)

جانـــا! وەرە لای مـــن، دانیـــشە کـــەنارم
بڕوانـــە وەفـــای مـــن، هـــەر شـــیوەن‌و زارم
ئـــەی دۆســـت بـــە لەنجـــە، جـــارێ مەبـــە ڕەنجـــە
یـــەك بـــادە بـــە پەنجـــە، پێـــی بەنجکـــە دەمـــارم
وا دڵ بەخەبـــەر هـــات، خوێنـــاوی جگـــەر هـــات
ســـەد تـــیرو تەبـــەر هـــات، بـــۆ ڕۆحـــی هـــەژارم
وا غەرقـــەیی ڕۆڕۆم، هـــەردەم لـــە خـــەمی تـــۆم
نێزیکـــە کـــە بتخـــۆم، هەرچـــەند کەڵـــەدارم
تـــا دەربـــەدەرێکم، هـــەر قوڕبەســـەرێکم
ســـووتاو جگـــەرێکم، بـــێ جێـــوو هـــەوارم
ئـــەی دڵبـــەری ڕەعنـــا، خۆشـــقامەتی زیبـــا
گـــەر دەمکـــوژی ئێـــستا، ماچـــێ بخـــە زارم
(ڕاجـــی) بەســـەری تـــۆ، گـــیرا لـــە خـــەتی تـــۆ
تـــا جیلـــوە دەری تـــۆ، مـــن هـــەر شـــەوی تـــارم!!.

(١٠)

جـــارێکی نـــەبوو، دڵبەرەکـــەم بێتـــە کـــەنارم
ئـــەمجارە مەگـــەر بێتـــە قیتـــالی دڵـــی زارم
ئـــەی ســـەرزەدە، ســـەروی چـــەمەنی بـــاخی بەهەشـــتی
خـــۆ لادە لـــە ڕێـــی قامـــەتی دڵجـــۆیی نیگـــارم
دڵ دۆزە، جیهانـــسۆزە، هەناســـەم لەغـــەریبی
پەژموردەیـــە، پاماڵـــە، گـــەڵاڕێزە هـــەوارم
دەردم، لـــە نیگـــاهی قـــەدەحی چـــاوی خومـــارە
بـــۆ نەقـــدی شـــیفا، مونتـــەزیری ســـێو هـــەنارم
بیمـــارو سەراســـیمە دڵو ڕۆحو جگـــەر مـــام
شـــێواوو گرفتـــارمو، زیندانـــە حەســـارم
ئـــەی ڕۆحـــی ڕەوان! پورســـشی ئـــەم خەســـتە هەتاکـــەی؟
تاکـــەی بـــە هـــەوەس؟ یـــا وەرە، یـــا بـــبڕە دەمـــارم
تـــا مـــەیلی نەزەربازییـــە، شـــاهانی دوو چـــاوت
شـــایانە، کـــە شـــایی کەنـــە ســـەر ڕۆحـــی هـــەژارم
مەحروومـــە بـــە کـــوللی، وەکـــو ئـــەم بەنـــدە لـــە خزمـــان
هـــەر کـــەس کـــە بڵـــێ، دڵبـــەر ئـــەبا ســـەبرو قـــەرارم
بـــۆ قەصـــدی ســـەری (ڕاجـــی) یـــە دێ هیجـــری دڵارام
تـــا هەمنەفەســـی بـــادی ســـەبا بـــن گـــوڵو خـــارم.

(١١)

دەڵێن: مەحبووبـە لـێم تـۆراوە، ئێـستا بۆیـە بـێ سـەبرم
لـە ناشـادی دڵـم بەرگەشـتەیە، نێزیکـە گـەر بمـرم
لـەوەی ترسـم نییـە گـەر بـەردەبازی ڕاهـی عالـەم بم
بـلا شـەرمەندەیی یـارم، کـە تـۆزی دامـەنی بگـرم

لە گۆشەی مەحشەرا دێم ڕادەوەستم، تا بە ئاخر دێ
لە ڕێگەی دۆزەخیشا، ڕادەخەم سوججادەیی ئەجرم
ئەتۆ، مەتبووعی حەیوانو نەباتو جەوهەرو عەقڵی
هەتا لێم دوژمنی، مەحزە، لەسەر تۆ دایەیی قەبرم
وتم: تۆ سەروی، با من سەربەسەر بتگرمە ناو باوەش
وتی: سەد ساڵێ مەحشەر ئاگرت تێبەردەدا، جەبرم
ئیلاهی! سا دەوامی دەی، کە دایم مەی بە گەردوش خا
سکوونم کەی لە وەسڵی یارو ڕێی دەشتو چیا نەگرم
قەلآی بەختم وەکو (ڕاجی)، لەهەرجێ سستو ڕووخاوە
لە شاری گاورانا، مونتەزیر بۆ (مووسە)وو (خدر)م.

(١٢)

ئەی سەنەم! ئێستە لەبەر عیشقی تۆ، من دەرەبەدەرم
بێکەسو، خەستەتەنو، پڕ خەفەتو قوڕبەسەرم
گوڵشەنێکت هەیە پەرژینە لە عالەم، ئەمما
نە وەکو من، کە دەکەی قەتعی دەمارو جگەرم
توو خودا، بیکە بە خێری سەرو گۆڕی بابت
بدە ماچێکی لەبت، بگرە کەماڵو هونەرم
بەسییەتی، سەخت دڵیی چا نییە، ڕەحمێکت بێ
قەدەحێ باوە دەمم، حەلقەیێ باوە کەمەرم
لەعلی تێراوی هەبوو یارمو نەیدامێ، وتی:
هەستە خێرابە بڕۆ لێرە، کە حوسنولبەشەرم
ئاگرێکی بە هەوەس خستەوە سینەم، دیسان
بەسەری دووکەڵی چاوم، بەدڵی وەك جەمەرم

نـا عــیلاجم، لـه تـەمی قاپییەکـەت بێمـه حـزوور
چ بـه مـەرگ‌و چ بـه وەحـشەت، سـەنەما! نەوسـەفەرم
ڕەق‌و وشـــك‌و کـــزو گیرۆدەیـــی سـەد داوی فــەنام
چ ڕەفیقێکـــه بپرســـێ لـــه حــەریفی، خەبـــەرم؟
نــاوی بێعارییــه کردووییــه لەبــەر خــۆی، (ڕاجــی)
هـەش بەسـەر ئـەو، بـه قیاسـی چ دەبـێ؟ بـەهرەوەرم.

(١٣)

تاقـه سـواری عیـشقی دووچـاوم، لـه ڕێ دانابـەزم
گەرچـی قەوماویـشه جـەنگی دڵ، لـه جـێ دا نابـەزم
خانومانانــه لەکووچــەی باخـدا، خونــچەم کــه دی
مــن وتم: بـۆچ عــاجزی؟ جانــا وتــی: بـۆچ عــاجزم؟!
بـەم بـەرو سینەو مەمانـەی، چـونکه گـەنجی زاهییـه
گەرچی خۆی لادا، بەڕاستی، دەستی خـۆم بـرد بیـدزم
تــا خــەریکی گەســتنی لێـوی شـەکەرباری تـۆ بـووم
هێنــده بــوو لێــوو زمــانی خــۆم بــجنم‌و بیگـەزم
پێــچەوانەی پێــچەکەی، پێــچکەی دڵــی پێــچراومه
دەســتەوانەی دەســتەکەی، بەســتوویه دەسـتی قاقـەزم
کاسه کەللـەم، کەمبـەرەو دوگمـەی کـه ئەخرینگێنـەوه
چـاوی هەڵـدێنێ بـەڕووما، بەشـکه کـوێر بـێ ناحـەزم
هێــزی کۆمەڵپــەروەریم خــستۆته دڵــداری، بــەڵام
چەشنی (ڕاجی) گیرەوەی سـەت کارەسـات‌و قەڵبـەزم.

(١٤)

لــــه بــــازاڕی جوانانــــدا قەلاشــــم
لــــه کڕیــــارو فرۆشــــیاران بەلاشــــم

کــه فــەردێکم بــه خــەمباری لــه دونیــا
بــه تــەنیایی، مەگــەر حــەق بــێ، وەڵاشــم
بــه خــۆم دڵخــۆش‌و، بــاوەڕ پــڕ لــه هیــوا
لــه ڕێــی هــۆزم، دڕان کــەوش‌و کڵاشــم
دەمــێ عیــشقم بــه بــاڵاو چــاوی کــوردە
دەمــێ ســەودای مــەی‌و بــەرگ‌و معاشــم
بــه تیــشه، (باوکــه ئــازەر) دار ئەتاشــێ
بــه پیــشه، مــن هــەوای دڵــدار ئەتاشــم
لــه کاتــێ، حاڵــەتی کــوردم ڕەچــاوکرد
ئەتاشــم لاســەری خــۆم‌و براشــم
جــەماتی مەســتییو بــەزم‌و زەمــاوەن
کــه تێکناچــێ بــه بۆمبــاوو ڕەشاشــم
ســەبا خێرابــه، کــوردان بــەهرەوەر کــه
بــه بۆنخۆشــی، هــەتا بێژمــه تــه، باشــم
لــه ئــایین‌و ڕەوشــتی بــاوك‌و بــاپیر
زیــادم کــرد، تــەیاترۆو سینەماشــم
نــەوەك هــەر باوکــه کوشتەی دەستی چــەرخم
ئــەمن تــاڵانکراوی بــیرو ڕاشــم
دڵــم بــەو دڵبــەرەی ئاواتــه خۆشــه
کــه بێتــه باوەشــی ڕۆژانــی باشــم
لــه هەڵــسەنگانی چــەرخ‌و کــاری، (ژیکــۆ)!
بــه پێــشی کــەس نەکــەوتم، هــەر لــه پاشــم.

(١٥)

لــــه عالەمـــــدا گرفتـــاری کەمەنـــدی خانـــەدانێکم
شـــەپرزەی دەســتی چـــەرخی ڕوومـــەتی خـــانم فلانـــێکم
شـــەوێکم دیـــوه، ســـا عـــومری درێـــژم ئـــاخیری خێـــره
لــــه مـــاچو بـــاوەشو بـــۆنو مـــژینی نەوجـــەوانێکم
دەمێـــك بـــوو، بەشبڕاوی زەوقو نۆشـــی ئـــەو نیگـارەم بـــوو
ئەمێستە دەس بـه بـاجو، سـەر بـەتاجو، خـۆش زمـانێکم
ئەوەنـــدە هـــاتمو لـــێم لانـــەدا، لـــوتفی کـــه کـــرد یـــارم
ئـــیتر وا تێئەگـــەم شـــاهی چـــوارقورنەی جیهـــانێکم
نـــەوەی شـــاهانو بەگزادانـــە، بـــەرزو تـــەرز ئەندامـــه
قـــڕانو مەرگـــە، بۆیـــە دڵ، بـــەهۆی خـــاوەن قـــڕانێکم
بـــەنازو، نـــازكو، شـــۆخو، جیهـــانگیری دڵـــی خەڵکـــه
منـــی بێکـــەس لـــه شـــەرمانی، چ بـــێ گیـــانو ژیـــانێکم
ولاّتی گرته دەس خـۆیی‌و، سـەری (ڕاجـی) بـه سـەودا دا
منـــیش مـــاوم، لـــه داوی بێکەســـیدا ناتـــەوانێکم.

(١٦)

جانـا! بـه خـودا مـن کـه لـه بـۆت خـون جگـەرێکم
هـــەردەم بـــه غـــەمی ڕوویـــی تـــۆ غـــەرقی خەتـــەرێکم
بگـــرم بنـــی مەمکۆڵـــەتو، بمـــژم ســـەری کوڵمـــەت
تێـــشووی دڵـــی بیمـــاره، خـــەریکی ســـەفەرێکم
بیبەســـته لـــه گـــەردنمو قـــەدم، حەلقـــەیی زوڵفـــت
بڕوانـــه چـــلۆن عاشـــقو، چـــۆن جیلوەگـــەرێکم؟!
وەختـــێ کـــه خـــەرامان ئەچـــییو، دێیـــەوە مەکتـــەب
چـــاو پـــڕ لـــه گـــوڵو لالەیـــه، دڵ پـــڕ شـــەکەرێکم

دڵ بــۆ قەفەســی پەنجەرەکــەت تووتییــە، قوربــان
جــاریٚ بــە وەفــا فــەرموو، بکــە چارەســـەریٚکم
بیٚ ڕەحمو وەفا بەسییە، خەفەت کوشتمی ئەمساڵ
بــۆ ماچــی دەمـــت، ســۆزو بڵیٚــسەو شــەرەریٚکم
تــابووری غـــەمت، کەوتــە خــەیاڵو دڵو کەللــەم
ئــەم لەشــکرە ملیــارە، منــیش هــەر نەفــەریٚکم
هــەردەم وەکــو بولبــول، کــە لــە ئاقــاری گــوڵیٚکم
حـــەیرانو سەراســـیمە، ســـەری ســـیبەریٚکم
ئەمــشەو لــە خــەوم دیــوە ڕوخو گــەردنی، (ڕاجــی)!
ئەگوشـــم، ئەمـــژم، بابگـــەزم ڕووی قەمـــەریٚکم.

(١٧)

بــە نــەورۆزی جیهــان ئــارا، ســەری هیٚنایــە ســۆ، ســاڵم
گیـــانیٚکم لـــە تـــاریکی، خـــودا هیٚنایـــە بـــن بـــاڵم
لەســەرماو زەمهــەریری غــەم، بــە تیشکی ڕوو نــەجاتم بــوو
لــە گرپــەی گــەردنو خرپــەی دلاٚن زامــاری چــەنگاڵم
لە قۆپکەی کیٚوی تاسو سەر، لە ڕەنگو بۆی هەناسەو بەر
هــەتا ئــاوا نــەبیٚ ڕۆژی ڕوخــی، ئاوایــە نــاو مــاڵم
لە میٚرگی سینەوو مەمدا، درەوشا سەوزە، ڕەنگاوڕەنگ
بــە سیحری لیٚــوو دەمــدا چــوو، نەسیمو شیٚخی بــەرماڵم
بــە ئــاوازی مــەلو بولبــول، هــەموو دنیــا گوڵەفشان بــوو
بـــە وازیو پیٚکـــەنین هـــاتن، کـــچو ژن، پـــیرو منـــداڵم
تـــەنافی، تـــازە بنیـــاتی هـــەموو هـــۆزی تـــەرازوو گـــرت
ئـــیتر بـــاوی نـــەما تـــازە، شـــەڕو تیتـــاڵو فیـــشاڵم

قەسەم بەو چاوە پڕ نازەی، وەکو بازی سەر ئەنگێون
هەزارو نۆسەدو پەنجاو دووە، فانۆسی ئیقبالم
مەفەرموو نامرادێکە، هەتیوو بێکەس‌و زارە
لە خەم هەڵگرتنی دووریت، بە قورئان ڕۆستەمی زالم
بڵێ نەورۆزە وا ماسی بە مانگ ڕۆژی حەمەل ئەگرێ
لە قارەو بارەیی مێگەل، چ حەشرە دەوری ڕەشمالم!!
کەژاوەی بووکی مێرگانم، بە ژاوەو هاژە ڕازاوە
بە تیپی سونبول‌و سەوسەن سپێران دەشت‌و کەندالم
بە ڕەنگی ئەرخەوان‌و، خوێن‌و، سەوزو زەردو لالەو گوڵ
ئەدا خول دەوری دونیا، ڕۆژی سیمای یاری چاوکالم
ئەڵێی سیلدارە، وا دڵ بۆ هەواخوازیی چووە سەر کەل
کە تیماری بکەن سۆزەو، نەسیم‌و وەشت‌و شامالم
تەڕی‌و گەرمی، ئەجۆشێنن مەکینەی کارەبای گشتی
گڵۆپی گوڵ، وەکو دڵ، هاتە گیرسانی سەری قالم
لە مێرگ‌و باخی کۆمەڵدا، هەزاران ڕوو بریقەی دێ
لە ڕەمڵ، ئەستێرەیی بەختان هەڵاتن، وا ئەڵێ فالم
ئەوەی بەرگی سپی‌و سووری گوڵی پۆشی، ئەڵێ شاهم
ئەوەی نەجمەی بەسەوزی گرت، ئەڵێ من میرو جەنڕالم
وەرە مەیخانەوو بەزمی، دڵۆ دڵداری یو خۆشی
بنۆشین، تێکەڵی یەك بین، ئەتۆ شیرین‌و من تالم
فۆتۆگرافی خەیاڵ، ئامادەبێ بۆ ڕەسمی بەر چاوان
هەموو چەشنێ بکێشرێن، قیسی خاڵ‌و زەڕڕە مسقالم
بە دووربینی تەماشا دێنە گەردوش، خانەیی پاشا
هەموو پەرپووت‌و نابووت‌و کزو ڕەشپۆشی ئەشکالم

ئەگــەر شــازادەوو شــاهن، ئەگــەر دینــدارو گــومڕاهن
یــەك‌و دوو دێنــە ســەر شــایی، دڵــی والــەو گــوڵی ئــاڵم
شــەوو ڕۆژم نــەما، کــاتی بەهەشــتم هاتــە چــەرخی ژیــن
بە کـامی نـەفس‌و چاوی گەش، هـەموو گـەل بۆتـە ئـاواڵم
بە ڕووت گەشبوومەوە، حەشـرم کـرا، پـێم بەخـشرا جەننـەت
کــە بــەرگی ســوندوس‌و ئیــستەبرەقی پۆشــیوە ئەمــساڵم
کە شـێخێك چـل چلەی دیبـێ، بلـێ ئـەم جەژنـە بـێ جێیـە
بلــێ ئــەی فیتنــەیی ئیمــان‌و دیــن، هەڵمــەگرە ئۆبــاڵم
لـە تـۆ مـن تـازە دەس هـەڵناگرم، ئـەی شـۆخی شـارو دێ
ئەگەر سـا پـەل پەلیـشم کـەن بـەدەم سـەگ، زوێـڵ‌و زیـواڵم
بەهارانــە، بــە بــارانی سروشــکم مێــرگ ڕەنگــین بــوون
لــە خەنــدەی لێــوی شــەکرینت، شــوکر وا ســافە ســاماڵم
لــە ناوچــاوانی قەشــکەم، چــوو زەکــاتی پــارو پێــرارم
لــە دڵتــەنگی، هەناســەم کەوتــە ســووتانی پــەڕو بــاڵم
گوڵــەو مــارەی بــڕا، بولبــول، بــە باغــاتی جــەفا وەربــوون
حــەیا کــێ ئــەیکڕێ؟ بــێ خاوەنــە مەنــدیل‌و دەســماڵم
ئــیتر سەربەســتە هەرچــی مەســتە، ســا ڕاوەســتە بیبەســتە
بــە دەســتان، ســاغ‌و خەســتە، هــەر بپەســتە، پــاڵ بــدە پــاڵم
لــە هەڵبەســتانی (ژیکــۆ)دا، هــەموو هێــزو ژیانێکــە
کەچــی هــەردەم لــە بــازاڕی فنــیش‌و کۆنــە پۆســتاڵم!!.

١٩٥٢

(١٨)

لەبــەر دەردو بــەلا، بــەم شــێوەیی پیریمــە منــداڵم
بــە نیــسبەت قامــەتی یارانــەوە، تێفکــرە مــن داڵم

ئەگەرچی دەم بەدەم ئاگر دەفم، فامی سەفا سووتا
بە یەك شەونم نەبوو بێ دۆست، لە بۆ پرسینی ئەحواڵم
لە غەمخانەی فیراقا، تێپەڕی عومرم بە تاریکی
لە چاوێکم نەدی زەڕڕاتی دیداری خەتو خاڵم
بە کووی خۆی تێپەڕیدا، چاوەنۆڕی بادی دامێنم
کە پێویستی بکا، با، بیتەکێنێ تۆزی ئامالّم
بە هەر لادا بڕۆم، مانەندی عیشقی من نییە هەرگیز
لە هەرجێ دابنیشم، میسلی نابێ یاری چاوکاڵم
لەسەر عومری عەزیزم، پێمدەڵێ گریاوو ڕوو زەردی
بە قوربان! چیبکەم بۆ ڕەنگی زەردو سووری عەودالّم؟
ئەلەرزم، هەر کە تەشریفت لە هەرلا هاتە بەر چاوم
لە سایەی حوسنی تۆیە، پایەماڵو بێ دڵو لاڵم
وەکو هێلانەیی زەنبوورە جەرگی من، لەبەر خاڵت
بە داوی سەنگەساری بگرە یاڕەب، مامی یەك خاڵم
لیباسی شەوق دەبڕێ، نەوعەرووسی وەسڵی لێوئالان
ئەڵێ: (ڕاجی) لە پەردەی قودرەتا با بێتە سەر ماڵم.

(١٩)

تۆ (با)وو من خەزانم، یا مانگی، من کەتانم؟[١]
یا ڕۆحی من ڕەوانم، یا مەتنی، من بەیانم؟
چاوت بە جامی بادە، شاهێکە مەستو شادە
ڕەحمێکە شاهزادە، دەمێکە پاسەوانم

١- لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (تۆ بادی من خەزانم، یا ماهی من کەتانم).

مـــووت نافـــەیی تـــەتارە، زوڵفـــت بـــە حەلقـــە مـــارە
ڕووت کانگـــەیی بـــەهارە، گیـــان، گیـــا ڕووانم[1]
نەخـشت وەکـو وەنەوشـە، بێنخـۆش‌و پـڕ درەوشـە
قامــەت چــناری حەوشــە، مــن تــەیری بــێ نیــشانم
بــەختی فــەقیری دڵــڕەق، گــەر لێــی بــدەن بــە مــەترەق
ناگونجــێ جــێ بکــا لــەق، بــۆ ئــەوجی ئاســتانم
تــۆ شــاهی مــن ئەســیرم، تــۆ بــەرزو مــن فــەقیرم
تــۆ تیــف‌و مــن حــەریرم، تــۆ فیکــرو مــن جــەنانم
مەحبووبە هاتە گوفتــار، فــەرمووی بە لێــوی مــەیوار
(ڕاجــی) مەبێــژە ئەشــعار، تــۆ ســووکی، مــن گــرانم.

(٢٠)

بەخـــشیومە بـــە چـــاوی بەڵـــەکت، جیـــسم‌و ژیـــانم
دامنـــاوە لـــە ڕێگـــەی هەوەســـت، زەیـــن‌و گیـــانم
چـــەن هاتمـــە ســـەر چـــەرخی گیانبەخـــشییو خزمـــەت!
هـــەر گـــوم بـــوو لەســـەر لێـــوی شـــەکەربارت، نیـــشانم
بـــــەم دیمەنـــــەوە، مـــــات‌و قەڵەنـــــدەرم‌و دەنـــــاڵم
لـــەو زوڵفـــە هـــەزار داوە، ئـــیتر نابـــێ ئـــەمانم
گرژینەوەکـــەت، شـــەرحی هـــەموو ڕازی بەهەشـــتە
وا چـــاکە، بکـــەم مـــن بـــە جـــەنان، کـــاری جینـــانم
گـــەر نابەڵـــەدن خـــاڵ‌و خـــەتت، بـــۆ هـــەدەفی دڵ
ئـــاتۆمی نـــەزەر دێتـــە تـــەقین، هـــەر نیگـــەرانم

٢- لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (ڕووت مەنبەعی بەهارە، ئیمڕۆکە من شوانم).

کـێ بـێ کـه لـه دەس گۆشـەیی چـاوتم بـستێنێ؟
کـێ بێـتو لـه ڕێـی وەسـڵ، بخـا بـاری گـرانم؟
دڵبەستەیی سەوزەی خەتو، نوختـەی دەمـی خونـچەم
سەرمەسـتی مـەیو خەنـدەوو سـەیرانی چـەمانم
تاکـەی بـه دڵـی سـەختەوە، نایـا بـەزەییت پـێم؟
نـەم چێـشتووە هێـشتا لـه دەمـت، تـامی زمـانم
هاوینـــه دڵو، پـــایزه غەمخانـــەیی (ڕاجـــی)
زســـتانه لـــه شـــیوەنمو، بـــەهاره لـــه گـــولانم.

(٢١)

لـه چـاوم فیتنـه دەرناچـێ، نەسـاغی دیـنو ئیمـانم
بەهەشـتم بـۆ تـەواو نابـێ، جەهەننـەم دێتـه سـەربانم
ئـیرادەو هێـزی کـرداره، خەڕەکرێـسی هـەموو کـارێ
لەهـەر پـێچو گەرێکیـدا، هـەزاران داوه بـۆ گیـانم
له کاخی عیززەتی مـاتم، لـه بـورجی ڕەسمـی هەڵهاتم
به قانوونێکی سەرخۆشیی، پڕمکرد دەسـتو گیرفـانم
هـەوێنی تـەونو بـازاڕی قەدیمـه، ئـەم تەجەللایـه
کـه هەرکـەس چـی ئـەوێ چاوێك بگێڕێتـه ڕەزو بـانم
سـەما بـەم ڕۆژه ڕوونـاكو، دەمـاودەم عـەرد تاریکـه
به دوو بـەش بەشـکراون شـت، وەکـو هـاوینو زسـتانم
بەشی من عـاجزیو تۆبەو، بـەڵاو تـرسو نەسـاغی بـێ
ژیـانم ئێـسته تێناگـەم، دوای مەرگیـشه ڕیـزوانم
سـیاحەتبازی ئـەم دەشـتو بیابانـه، گیـانی پـاك
لـه لەشـدا پـیس بـووه بۆیـه، زەفـەر نابـا بـه یـارانم

مەجالێکی گەلێ پان‌و بەرینە، هەرچی ماندوو بوو
بلێ دانیشە تاوێکی، لە ژێر سایەی درەختانم
ئەمن تا کوڵەوارو دەس بەسراوو گران سەر بم
ئەسیری داوی کوردان‌و، درۆوو سوێندو بوختانم
خوا یاریدەیی (ژیکۆ) نەدا بۆ هێزی ئەم هۆزە
ئەبێ وەحشییو ئەسکیمۆو جنۆکەش بێنە سەیرانم!!.

(٢٢)

زیندووکەوە ئەمجا تو خودا عەقمی ڕەمیمم[١]
لەم ڕێگەیە هەر تۆی بە خودا عەزمی صەمیمم
بێجگە لە تۆ کێ چارە دەکا جەرگی بریندار؟
چەند ساڵە کە لەم بەردەرو هەیوانە موقیمم[٢]
بەم لەنجەوو بەم لارە، مەگەر دێیە تەماشا[٣]
بۆی ساغییە دێ، لەم دڵی پڕ دەردو سەقیمم
سەرچاوەیی دڵ، داغی غەمەو لالە نوێنە
بەم ئارەقە نۆشاوە، بەڵێ، پیرو قەدیمم[٤]
سەیرانی ڕەزانی گوڵ‌و گوڵزاری گرینە
وامی سەفەری گیانمە، سەرخۆشییو بیمم
پەژموردەیی ئاپۆرەیی کاکوڵ‌و موژانم
تێراوی سەروچاوی بەهەشتی بە شەمیمم[٥]

١- لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (زیندووکەوە ئەمجارە سەنەم ! ئێسکی ڕەمیم).
٢- لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (غەیری تۆ چ کەس، چارە دەکا جەرگی بریندار؟ چەند ساڵە کە لەم گوڵخەنی هیجرانە موقیمم).
٣- لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (بەم لەنجەوو بەم لارە، مەگەر دێیە عیادەت).
٤- لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (سەرچاوەیی دڵ، داغی غەمەو لالە نومایە بەم ئارەقە جۆشاوە، بەڵێ، پیرو قەدیمم).
٥- لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (پەژموردەیی قوولابی جگەرکێشی موژانم تێراوی سەروچاوەیی سەد قەترە شەمیمم).

(ڕاجـی)! سـەدەفی مـن کـە زمـانی تـەڕو تێـرە
وا دیـارە لـە دیـوانی شـەهیی، دوورِی یـەتیمم[1]!!

(٢٣)

ئـەو شـۆخە دەکـا غـارەتی مـاڵو دڵو دیـنم
یـا ڕەببـی نـەبینم، کـە دەمـێ یـار نـەبینم
ئـەو پەرچـەمو کاکۆڵـە، ئـەکا کـۆڵو تـەرازووم
هەرچـەندە کـە عـەییارە، لـە معیـاری ئـەمینم
بـەم چـاوە دڵ ئارامـە، دڵ ئـارامی نـەماوە
هـەر غـەمزە بـە سـەد تـیرەوە، هاتۆتـە کـەمینم
غـەم، هاتـە دڵـی پـڕ غـەمو خوێنـاوی خـەیاڵات
وا ژاری فیراقــت ئەتکێنێتــە بــرینم[2]
قوربـانی لـەبو کوڵمـەوو دوو چـاوی خومـارت
ئـەم نیـو ڕەمەقـەی ڕۆحـە، دەمـێ بێـرە سـەرینم
جـارێ نـەبوو ئـەی دڵبـەری عـەییار، بـە ماچـێ
پـڕ شـەوقی بکـەی، ئـەم دڵـەی پـڕ خـوێنو گـرینم[3]
مـەیلی لـە هەوادارییـە، دوو سـونبولی گێـسووت[4]
چـی داوە لـە تـاوی شـەرەری ئـاهی بـە تیـنم؟
زاهیـد بـدە بـەر تیغـی جـەماڵت، وەکـو جـەللاد
تـا پـۆلی جنۆکـان نەخزێنێتـە جـەبینم[5]

١- لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (ڕاجی! کە زمان بێ سەدەفی من، بە تەماشا بمگێڕە لە دیوانی شەهان، دوورِی یەتیمم).
٢- لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (غەم، هاتە دڵی تەبو خوێناوی خەیاڵات هەر زەهری فیراقت ئەڕژێنێ لە برینم).
٣- لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (جارێ نەبوو ئەی شاهیدی عەییار، بەلوتفێ هەڵکەی بەوەفا دیدەیی پڕ خوێنو گرینم).
٤- لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (مەجبووری هەوادارییە، دوو سونبولی گێسووت).
٥- لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (تا شێوەیی شەیتان نەخزێنێ لە جەبینم).

(ڕاجی)، لـه هـەموو کردەیـی پـڕ مایـه کـه دەرچـووم
داغـــی ســـەنەمێکم لـــه دڵا مـــاوە، غـــەمینم.

(٢٤)

مـاتـــەمێکی تـــازە بـــۆ مەیـــدانی ژیـــن پەیـــدا ئەکـــەم
ڕۆژی مـــەرگی خـــۆم لـــه ئـــوفقی پەرچـــەمی ئـــاوا ئەکـــەم
ســـەر هەڵێنـــه، هـــەڵبڕە چـــاوت لـــه بـــازاڕی هـــەوەس
تـــا بزانـــی ئـــاڵو والآی ســـۆز چـــلۆن ســـەودا ئەکـــەم؟
ئێـــوە ناســـیارو، ئـــەمن شـــێوەی غـــەریبم بێتـــه ڕوو
پێـــچه لادە، جـــەژنی دڵ، لـــەملاوە وەك ئـــەولا ئەکـــەم
ســـوخمە ســـەوزو ئـــاڵ بگـــرێ دەســـتی یاریـــدەی بـــڕین
جـــەرگی هەڵقرچـــاوی خـــۆم، بـــۆ دەســـتبڕیی وریـــا ئەکـــەم
من کـه بـەختی گیـان ئەکـەم لـەم شـاری عیـشقە، بێ ڕیـا
کـــەس بناســـم یـــا نەناســـم، فـــەرق ناکـــەم، وا ئەکـــەم
نـــاوی گـــەر بێـــنن، نەزاهـــەت پـــڕ دەبـــێ ئیمـــانو دیـــن
ڕۆژی حەشـــرم ڕا ئـــەبێ، جەننـــەت پـــڕی تووبـــا ئەکـــەم
دادی مـــن لـــەم شـــارەدا، ناپرســـرێ ئـــەی خونـــچەدەم
بۆیـــه وا پـــڕ زارو دڵ، هـــاوار ئەکـــەم، هیـــوا ئەکـــەم
گـــەر ئـــەڵێی ڕۆژووگـــرم، زەردەخەنـــەت ئەمباتـــەوە
بـــەرگی ئیـــسلامیی ئەپۆشـــم، کـــردەوەی تەرســـا ئەکـــەم
پـــێم ئـــەڵێ دامـــردووی، (کاکـــه ڕەســـوڵ)م ئـــەمکوژێ
مـــن کـــه بـــادەی مـــەرگ فڕکـــەم، دیـــارە ئیـــشی چـــا ئەکـــەم
چـونکه شـای شـەترەنجی عیـشقم، چـوومە بەنـدی شـاڕوخی
ســـــەرکزو مـــــاتم، وەلآتم، گـــــەردەنی ئـــــازا ئەکـــــەم

مــن کــوڕی عیــشقم ئەگــەر جاحێــلو گــەر پــیرم، ئــیتر
پــەیڕەوی باوکانەمــە، گــەر چــاكو گــەر بــێ جــا ئەکــەم
نامــەوێ لــەم کاتــە کورتەمــدا، هونــەر دەرخــەم لــەلات
بۆیــە وەك چــاوی دزان، تــا خــۆم پــەنادەم ڕا ئەکــەم
جــگ لــە ڕۆحــم، قیمــەتی ماچــم لــە باخەڵــدا نییــە
وا ڕجــای (کــاك ئەحمــەد[1])و، پێغەمبــەرو مــەولا ئەکــەم
تــا ملــم کــەچ کــەم لــە مزگــەوتو، بــە خــەونم بێیــە ڕوو
ڕمــــبو هــــۆڕی دڵ، چ شــــێخانە بــــە ئیللــــەڵا ئەکــــەم
(ڕاجیــا)، ســەد کــەس ئــەڵێ تــۆ هەمــسەری پەیمانــە نــی
مــن کــە خــۆم ناسیوە بۆچــی خــەم ئــەخۆم، بــڕوا ئەکــەم؟!

(٢٥)

تــا بەکــەی خــۆم تووشــی دەردو عیللــەتو ســەودا ئەکــەم
ســا بــە چــاوانت قەســەم، ئــەمجا هــەوەس پەیــدا ئەکــەم
بــۆ بناغــەی قەســرو هــەیوانی ســەفاوو شــەوکەتم
هەڵکــەنینی کێــوی ســەبرو، قــۆنگرەی تــەقوا ئەکــەم
وا مــــەزانن، مــــن کەســــێکم کــــەم بــــەهاوو تانــــەجۆ
حــەز لــە نــازی نازکــانو، کوڵمــەیی زیبــا ئەکــەم[2]
دائیمــا ســۆزو نیــازی کــوردی دڵــدارم هەیــە[3]
دڵ لــە بــاغی پەرچــەمو باڵایەکــەی ڕەعنــا ئەکــەم

١- مەبەست لە حاجی کاك ئەحمەدی شێخە.

١- لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (حەز لە نازی نازکانو، چەهرەیی زیبا ئەکەم).

٢- لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (دائیما سۆزو نیازی کورد تورکانم هەیە).

بێکەسیی، قازانجی لە کوێ دێتە بەر دەستی تکا؟
هیچ نەبێ، سا خۆم بە داوی دلّبەرێ والا ئەکەم[1]
مەرحەبا ئەی نازەنین، دلّدارەکەی نازك بەدەن
وا بە عیشقی چاوەکانت، مەشقی ئەملاولا ئەکەم
من وەکو ڕۆژی هەلاتوو، دێمە ئافاقی بتان
شێت نەبووم، بۆچ خۆم بە تووشی چاوی کەم بینا ئەکەم؟
من کە ئوستادێکی پیری عیشقو سۆزو حیکمەتم
بۆ مەسائیل هەرکەسێ بێت خواهشی ئادا ئەکەم
(ڕاجیا)! چاوی خەیالّت لایەقی ڕووی دلّبەرە
بۆیە وا ئێستا ڕمووزی یەکدلّیی ئیما ئەکەم[2].

(٢٦)

لە کونجی میحنەتا مردم، ئەمەندەی کاری بێ جا کەم
وەکو مووسا، وەچاکە ڕوو لە جیلوەی تووری سینا کەم
بە عەقلّو عیلمو عیرفانم، لەگەلّ تۆ چیم کە پێ نەکرا
بزانم چۆن ئەبێ وەختێ، دلّم مەجنوونو شەیدا کەم
ئەگەر دەستم بگا دوو چاوی دوژمن هەلّکەنم، قوربان
خودا ئیکرامان ئەگرێ، دلّو دیدەم لە تەقوا کەم
سەراسەر مەنزلّی جانان، لە تەوحیدا موزەییەن بوو
لە وەسلّی تۆ ئەبێ جانا، سوپاسو شوکری مەولا کەم
زیادی نیعمەتە جانا، لەسەر لەعلی لەبت ماچێ
ئەگەر ئیحسانی تەکلیفم، بە شوکری ئەو موحەللا کەم

٣- لەشوێنێکی دیکەدا دەلّێ: (هیچ نەبێ، سا خۆم حەریفی ئاهویی سەحرا ئەکەم).

٤- لەشوێنێکی دیکەدا دەلّێ: (بۆیە من ئێستا ڕمووزی مەعریفەت ئیما ئەکەم).

که دیدارت موکەڕڕەڕ بوو، له دیدەی جەمعه مەختووبـه
نیـشانەی سـاعەته زۆری لـه خوێندنـدا، لـه فوقهـا، کـەم
سـەبای خـەتتم لـه گـوڵزاری ختـوورم هـاتووه، (ڕاجـی)!
به یـادی غونـچەزاری ئـەو، دەمـاغم چـاکه گوڵـسا کـەم.

(٢٧)

دەستم له هـەموو جێگـه بـڕا، ڕوو لـه نەشـەی کـەم
سیس بووم‌و وشکبوومەوه، بـا نـەختێ گەشـەی کـەم
چـاوت کـه پـڕی بەنگـه، پـڕی مەیکـەده مـەی کـه
تـا دەس لـه ملـی مەسـتییو ئـاوازەیی نـەی کـەم
ئــەو پەرچــەمه، پــەرژینی گــوڵ‌و ســێوو هــەناره
ئـەو بەژنـه گوڵەندامـه، ئـەبێ سـا قەدەغـەی کـەم
لــێم لاده ئــیتر شــێخی ڕیــا، چــیکه درۆ کــەی
کارێ که به تۆی کـەم، بـەخودا نابـێ بـه سـەی کـەم
بــا قــەل بفــڕێ‌و، کــۆتره باریکــه بمێنــێ
مـەیدانی مــن‌و تۆیــە، ئـەوەی ناشـێ دەی کـەم
من هەر خەمی تـۆم پێیـه، دڵـیشم بـه تـۆ بەخـشی
ئەم نیـوه غـەمـەش، بـا لـه دڵـی مامەخـەمـەی کـەم
ڕەنگــی گــەنمی کولمەتــه، مـالوسـکه دەبەســتێ
خەرمـانی سەرو پەرچەمـی تۆ، گـەر بـه شـەنەی کـەم
ئێـــستاکه بـــه سەربەســـتییه وا دێمـــه کـــەنارت
تاکەی بـه ڕیـا، ڕوو لـه دەری گیـسکەگولەی کـەم؟!
(ڕاجـی) کــه گونــاه، کارمــه تــا ڕۆژی قیامــەت
پاك نابمەوه، گەر له هەموو بـەحرێ مەلـەی کـەم !!.

(٢٨)

وچـاندارىو گـەدايیم بـێ، ئـیتر ڕووی خـۆم لـە شـا ناکـەم
بـە ڕووتـی ڕۆژی دوايـیم بـێ، بەسـە داوا لـە خـوا ناکـەم
ئـەوەی سەرخۆشـی دوو ڕوويـیو، هـەواوو بادەنۆشـی بـێ
بـە پـوولێ نامـەوێ، مـن هەقپەرسـتم نـاڕەوا ناکـەم
بەهەشـتم پـێ فرۆشـرابێ، بـە گيـانو مـاڵو منـداڵم
لـە ئـەم مەيدانـە کورتەمـدا، هـەڕا ناکـەم، هـەرا ناکـەم
کـە نـاوەنجی هـەموو تـیرەم، بـە چـاکتر هـۆز دەرچـووبم
بـەبێ عـەقڵی، لـە شـەرقو غەربـەوە پـشتو پـەنا ناکـەم
بـە خـۆم باوەڕکـەمو هۆشـی هـەموو سـوودو زيـانم بـێ
ئـیتر يارێـك ئەناسـم، خـۆم بـە شـەيتان ئاشـنا ناکـەم
ئەوەی سەر چەوتە، ترسو لەرزی خۆی بەسـیيە هـەتا مـەرگی
لەگـەڵ زۆردارو بەدخووشـا، ئەمەنـدە خـۆم تـەبا ناکـەم
ئەگـەر دووبـارە زیندووبینـەوە، يـا نەبنـەوە مـەردوم
کـە پێکـەڵپێك هـەموو بمرن، بەشی خـۆم خـاك چـا ناکـەم
ئەگـەر بـێ خاوەنـە ئـەم چـەرخو بـازاڕە، چـیيەو چۆنە؟
کە مـاددەش بـۆ تەبيعـەت بـێ، بـە مـەعنای شارەزا ناکـەم
ئـەزانی؟ هێنـدە تـۆ بـەرزی، لـە ژووری چـەرخی بنيـادەم
کە قۆچت هاتو زگ زل بـووی، ئـيتر فـەرقت لـە گـا ناکـەم
لـە نێـرو مێـوە، تـا يـەکتر بناسـن، گـەورەتر، هـەقناس
هـەموو منـداڵی کۆزێـك بـن، چ ڕەنگـێ لێکجیـا ناکـەم
شـەپرزەی کێـوو سـارامو، وەڵاتم بۆتـە مارانگـاز
لە پاشەو پێشی هـیچ هێزێـك، بڵـێ (ڕاجـی): ڕجـا ناکـەم.

(٢٩)

تـــا قیامـــەت، مـــەیلی چـــاوی کـــاڵ ئەکـــەم
ڕوو لـــە داوی زوڵـــفو دانـــەی خـــاڵ ئەکـــەم
لائوبـــالی، گـــوێ لەکـــەس نـــاگرم دەمـــێ
جـگ لـە دڵبـەر، خـۆم لـە عالـەم لاڵ ئەکـەم
گـــەر بوەســـتم مـــن بەرانبـــەر ڕوویـــی تـــۆ
جەننەتولـــەئوا لـــە ڕۆحـــم تـــاڵ ئەکـــەم
گـــەر بنۆشـــم مـــن لـــە بـــادەی چـــاوەکەت
دڵ لـــە دۆزەخ ســـەد کـــەڕەت خۆشـــحاڵ ئەکـــەم
وا لـــە قاپیتـــا ئـــەناڵێنم بـــە ســـۆز
بـــۆ خومـــاری چـــاوی شـــۆخت ســـواڵ ئەکـــەم
زاهیـــدا! مـــەنعم مەکـــە گـــەر مـــەی بخـــۆم
وەك وەلی، مـــن کـــاری بـــێ ئۆبـــاڵ ئەکـــەم
یـــار لـــە باســـی کوشـــتنم ئـــەدوێ، منـــیش
بەخشـــشی دوو لێـــوی، ڕۆحو مـــاڵ ئەکـــەم
وا بەســـەر دڵـــدا ئـــەبارێ تـــاوی خـــوێن
چـــەندی چـــاوی خـــۆم لـــە ڕووی ســـاماڵ ئەکـــەم
ڕۆژی مەحـــشەر، مـــن لـــە جـــەورو زوڵمـــی یـــار
(ڕاجیـــا)! تەســـلیمی عـــەرزوحاڵ ئەکـــەم.

(٣٠)

خودایە! مـن لـە دەردی بێ دەمـاغی خـۆمو گـەل چبکەم؟
لەگـەڵ ڕۆبینتـەنی میحنـەت، بەشمـشێرێکی کـەل چبکەم؟

کە مــن ئـاوارەیی موڵـكو وەتـەن بم، دەسـتو پـێ خەسـتە
لە ساحێب ئـەقریباو ئەسـپو، ڕەفیقـی پێـوو پـەل چـبكەم؟
وەرە ئــەی نــازەنینی مــن، بــە ماچــی لێوەكــەی ئاڵــت
بەبێ تۆ غـەیری داغو دەرد، دەسـتی خـۆم لـە مـل چـبكەم؟
لـــە زنجـــیری فیراقـــت، بەســـتەوو مـــاتو مـــەلوول مـــاوم
لـــە زۆرداریـــی جـــەماڵو حیـــددەتی لاوی فەحـــەل چـــبكەم؟
چ ئاشـــووبم، بـــە ڕیـــسوایی ســـەرم هێناوەتـــە ســـەر خـــاك
كە مــن خـاكم، لەلالـەو سـەبزەواتی مێـرگو مـەل چـبكەم؟
بەبێ من، ئەی نیگـاری شـۆخی سەربەسـتی بەعیـشوەو نـاز
نەبوو جارێ بفەرمووی: بێ فەقەس لـەم تـەیری دڵ چـبكەم؟
زەمانــەت دوژمنــە (ڕاجــی)، چ تــەدبیرت نییــە ئەســڵەن
نییە ڕێگەی منیش وەك تۆ، لەسەر ئـەم داوە سـڵ چـبكەم؟.

(٣١)

لــە دونیــادا ئەگــەر دورجــی مەعیــشەت، دەرجــی عــادەت كــەم
لەسەر كورسی تەفەككور، هەر دەبێ خۆم نەخشی ڕاحـەت كـەم
لــە مــوددەی عومرمــا ســاتێ نــەبوو خــاڵی لــە خــەم، حــاڵم
لەبــەر گــەنجی خەفــەت نەمــدی، لــەكونجێ ئیــستراحەت كــەم
بە عیـشقی ئـەو گوڵـە، ئـەو شـۆخە، ئـەو كوردە پـەری ڕوویـە
تەمامــە گــەر خــەمو تــاڵیی، هــەموو ئــەم نــاوە غــارەت كــەم
بـــە تـــەننازی تـــەنافی زوڵفـــی دامەزرانـــدو، دامـــەزرا
لــە خەیمــەی شــاهی خــاڵی چــاوی پێویــستە بەشــارەت كــەم
دەلیلێكـــی هەیـــە، دەلـــلالی چـــاوی كـــاڵی ئـــەو شـــۆخە
لــە عــەینی گۆشــەگیریدا، تەماشــای كــاخی عیــززەت كــەم

کــــولاوم، هـــەڵکزاوم، خانـــە ســـووتاوم، چ بـــێ تـــاوم
بــە ئومێـدی ویـساڵت، گــەر لــە ئــەم دنیایــە ڕحلــەت کــەم
لــە هــەرجێ هــایو هۆیــە، بابــەڕۆی دڵ دێتــە بــەر گوێیــان
بــەڵێ بــۆ حــاڵ پەرێشانیی، ئــەبێ ئــەم نرخــە مامڵــەت کــەم
مـــەجالی زولجـــەلالم هـــەر نـــەبوو، یـــارەب، جـــەماڵو مـــاڵ
بە هەیبەت تێبکۆشم، هیممـەتی خـۆم سـەرفی بیدعـەت کـەم
شـــەماڵی دڵبـــەرم وا هـــاتو، ڕاســـتو چـــۆپی وەرگێـــڕام
وەکو (ڕاجی) کـە تـۆزێکم بـە دەم بـا، ڕوو لـە خزمـەت کـەم.

(٣٢)

خۆشــە بنۆشــین ئــەی ســەنەم، جێگــە بەجێگــە، دەم بــەدەم
بــادە بــەبادە، نــەو بــە نــەو، ســینە بەســینە، دەم بــەدەم
نــووری ڕوخــت کــە هــەڵکرا، زینەتــە بــۆ ئــەهلی هــەوەس
نوختە بەنوختە، خەت بەخـەت، تـوڕڕە بـەتوڕڕە، خـەم بەخـەم
وەختـــی فیراقـــت گریەمـــە، دیـــدە بەدیـــدە، دڵ بـــەدڵ
گۆنــە بەگۆنــە، کــۆ بــەکۆ، چــاوە بەچــاوە، یــەم بەیــەم
وەختــی ویــساڵت خەندەمــە، ســەوزە بەســەوزە، چــڵ بەچــڵ
خونــچە بەخونــچە، گــوڵ بــەگوڵ، لالــە بەلالــە، نــەم بــە نــەم
مەسخەرە زوڵفو خاڵی تـۆ، دەسـتە بەدەسـتە، مـوو بـەموو
دانــە بەدانــە، ڕوو بــەڕوو، ســایە بەســایە، هــەم بەهــەم
قەیـــدی دڵـــم مەحەبەتـــە، ڕۆژە بـــەڕۆژە، شـــەو بەشـــەو
کەیفــە بەکەیفــە، پــڕ بــەپڕ، هەڵقــە بەهەڵقــە، کــەم بەکــەم
بەزمــە بڕۆیــیو بێمــە دووت، خانــە بەخانــە، کــون بــەکون
ســیلە بەســیلە، ڕێ بــەڕێ، باخــچە بەباخــچە، چــەم بەچــەم

حەیفە نەبێ ماچی دەمت، جوملە بەجوملە، لێو بەلێو
جیلوە بەجیلوە، قەف بەقەف، خەڵوە بەخەڵوە، جەم بەجەم
(ڕاجی)یە موشتاقی قەدت، سوکنە بەسوکنە، دەر بەدەر
هاڕە بەهاڕە، هۆ بەهۆ، گریە بەگریە، غەم بەغەم.

(٣٣)

گەلێ سووڕام، ئەمێستە ئارەزووی سەیری جیهان ناکەم
بە ڕوودا کەوتووم گەشتێ بە پەرگاری زەمان ناکەم
لە ڕووی ڕاوو شکارا، تیری غەمزەی خوسرەوانی من
بە خۆڕایی کە ناچن، خۆم بە نێچیری گران ناکەم
ئومێدم بوو، بە سەبزەی نەودەمیدەی باغی ڕوخساری
درەو یا گێرەیی میحنەت، لە خەرمانی خەمان ناکەم
مەلەك بوون دەستو دامێنی پەری ڕووی من، پڕی عەردی
لەسەر بۆ، تانەکێشی قەت گوڵاوی ئاسمان ناکەم
کە دڵبەر، بەو گوڵی ناو پەرچەمو کاکۆڵە خۆی دەرخا
ئەگەر خود بێتە چاوم، چۆن فەرامۆشی جینان ناکەم؟
لە سۆزو لوولەیی تاساتو کاساتی لەبی ساقی
لەگەڵ کاروانی ماتەمدا، دڵی مەستم ڕەوان ناکەم
کە چوویە مەرکەزی دڵبەر، شەهەنشاهی وڵاتی عیشق
بڵێ (ڕاجی) گەیشتم، جا بە هیچ لا کاروان ناکەم.

(٣٤)

دیدەکەم، یاریدەکەم، جەرگو هەناوم، گیانەکەم
دینەکەم، ئایینەکەم، ئامینەکەم، ئیمانەکەم
سوورە گوڵ، ئارامی دڵ، چاو پڕ لەکل، گەوهەر لەمل
سۆزەکەم، پیرۆزەکەم، نەورۆزەکەم، نیسانەکەم

نیوەشەو، خۆش بیرەخەو، نەخشینەکەو، ئاسك بەڕەو
بازەکەم، شابازەکەم، شانازەکەم، جانانەکەم
نازەنین، خۆش پێکەنین، ئاواتی ژین، هاواری دین
ڕاحەکەم، ڕەحڕاحەکەم، ئەڕواحەکەم، مەستانەکەم
سییمبەر، عەترو گوهەر، شیرین کەمەر، هەی دز نەزەر
زیزەکەم، ئازیزەکەم، پاکیزەکەم، پەیمانەکەم
خۆشەکەی، سەرخۆشەکەی، مەی نۆشەکەی، پڕجۆشەکە
ڕۆژەکەم، ڕۆژانەکەم، مانگانەکەم، سالآنەکەم
داخەکەم، بەیداخەکەم، پەرداخەکەم، پەرلاخەکەم
باخەکەم، بۆشناخەکەم، سەرشاخەکەم، نەرمانەکەم
چاو عەرەق پڕ، لێو خەفەت بڕ، کولْمە ئاگر، دلْ بەگڕ
گەنجەکەم، بێ ڕەنجەکەم، نارنجەکەم، ڕەیحانەکەم
پەنجە پەنجەی، لەنجە لەنجەی، قیتو قنجەی، خشتو خنج
یادەکەم، خۆش بادەکەم، ئامادەکەم، خەندانەکەم
سینەکەم، یاسینەکەم، ناسینەکەم، تاسینەکەم
کاسەکەم، سەرباسەکەم، گیلاسەکەم، تاسانەکەم
ئەی سەنەم، گولْ خونچەدەم، نارنجەمەم، قامەت عەلەم
شاهەکەم، هەمڕاهەکەم، شاهانەکەم، دیوانەکەم
ڕەحمەتەی، پڕ هەیبەتەی، شیرین خەتەی، هەر شەوکەتە
خانەکەم، مەیخانەکەم، بتخانەکەم، تەرخانەکەم
شەنگەکەی، پڕشەنگەکەی، گولڕەنگەکەی، دلْ سەنگەکە
لاسەکەم، ڕێواسەکەم، بلْباسەکەم، گۆرانەکەم
بانو عەرعەر، قەد سنەوبەر، شۆخو دلْبەر، نەیشەکەر
نەرمەکەم، سەرگەرمەکەم، جێ شەرمەکەم، گریانەکەم

چـاو شـەهێنەی، دڵفڕێنـەی، خۆنوێێنـەی، عیـشق چـێن
گیانەکــــەم، بێگانەکـــەم، جیرانەکـــەم، جەیرانەکــــەم
سەرو و بان، ئـارامی جـان، ڕۆحـی ڕەوان، شـەوقی گـوڵان
چــێنەکەم، خاوێنەکـــەم، دروێنەکـــەم، خەرمانەکـــەم
بیرکـوژەی، عاشـق دژەی، هـەی خوێنمـژەی، گـوڵ دارژە
زادەکـــەم، ئازادەکـــەم، بەگزادەکـــەم، کوردانەکـــەم
ماچـەکەی، لالێوەکـەی، وەك سـێوەکەی، خـستمیە کێـو
ســامەکەم، ئارامەکـــەم، ناڕامەکـــەم، ئامانەکـــەم!!.

(٣٥)

مــردم لــە غــەما دڵ بــدڕێو، هێنــدی پەڕۆکــەم
سوودی نەبوو ئەم کیسەیە، خـۆم بۆچـی خەڕۆکـەم؟!
بـەختی سـیەهم، نەمـدی، وەکـو خـاڵیبو پەرچـەم
جـارێ سـەری ئـەم تـەیرە، بـە دەنـدووکی هەڵۆکـەم
قـیری سـیەهی لێبکـە، سـەد کەعبـە بڕووخـێ
با دەستی هەوەس، قەف بـە قـەفی گـەردەنی تۆکـەم
تـا ڕەنـگو ڕوخـم زەردە، لـە دنیـا دەگـرێ بـاس
مەعلوومە لە ڕووی گوڵ، کە دەبێ ڕەنگ بـە بۆکـەم
بــەم ئــاهی منــە، ڕۆژی ڕوخــی کەوتــە بلنــدی
دڵ بۆیــە دەڵــێ، بــەم قــەدی دڵــدارەوە شـۆکەم
وازی نییــە لـــەو گەنـــدومی خاڵانـــە، ڕەقیـــبم
مــەر ئــەو کـەرەدێزە، بـەرەڵای خەرمـەنی جۆکـەم
ئـەی ڕۆحـی ڕەوان، لێمگـەڕێ ماچێکی لـەبت کـەم
خـۆ، بـادە لـە نـاو شووشـەیی خـۆی نابـێ بەبۆکـەم

لەفزم وەکو هەنگوینە، بە ژەهراوە موبەددەل
کێ دێ؟ لەگەڵی، ئێستە هەتا مەرجو گرۆکەم
(ڕاجی)! لە ویسالّی کە خودا بێبەشی کردووم
تا قامی قیامەت، چ دەبێ شیوەنو ڕۆکەم؟!!.

(٣٦)

ئەم کچی بادە، بە هیچ جۆرە تەلاقی نادەم
نیوە بۆسێکی بە سەد مولّکی عێراقی نادەم
سەروکاری هەموو کەس، عیشقو فەنایە ئاخر
جێ خەوی مەرگی بە سەد تاقو ڕیواقی نادەم
ساقیا! جامی عەرەق بێنە مەزایایی حزوور
بە هەموو مولّکی سولەیمانییە باقی نادەم
دڵی غەمدیدە ئەگەر جارێ بکا بۆنی ویساڵ
چیکە بەر دەبدەبەیی کۆسی فیراقی نادەم
باغەوانا! مەبە دڵگیرو، مەکە پەرژین، گوڵ
وەکو شێخ ڕوویی شەکەر، من بە سماقی نادەم
لەبی جۆباری سەفا، سەروی دلارامی هەیە
ڕۆژی بەزمم کە هەڵێ، ڕاهی میحاقی نادەم
(ڕاجیا)! مەملەکەتی خۆمە ولاتی ڕەنگین
بە هەموو میللەتو مولّکێکی سیباقی نادەم.

(٣٧)

بە سۆزی دڵ، بە ناڵە، چەشنی کوکووم
سەرم پڕ جۆشە، بەرگی زەردە، دوو ڕووم
سوپای سەرکێشە مەیدانی دڵ ئەگرێ
لە کوورەی شۆرو شەوزاریمە هەڵبووم

کەمەنــــدی زوڵــــفو کاکۆڵـــت، بـــەجارێ
ئـــەکا بەنـــدی مـــرازو گیـــانو ئەســـتووم
نـــەمێنم، ڕەببـــی بـــێ ئـــاگر بـــسووتێم
ئەگـــەر بـــێ زەوقو نۆشـــی دیمـــەنی تـــووم
بـــە تیـــژی خەنجـــەری موژگـــان، پەلـــە دڵ
ئـیتر بـۆ کـوت کوتـە، نـاو جـەرگی گرتـووم؟
نەکـــەی لێمـــان بتـــۆرێی، هەرچـــی قـــوما
مەترسێ، مـن لەبـەر دەسـتا کـە خـۆش خـووم
ســـەفەر، هەرچـــەندە مایـــەی نالـــەبارە
بـــەڵام ئـــەمجارە هەســـتا بـــەختی نوســـتووم
لـــە ترسـی شـێخ، ئـەبێ هـەڵبێم بـە دەشـتا
نـــەوەك بمبینـــێ ئەشـــکێنێ تـــەرازووم
بـــەڵێ (ڕاجـــی)، دیـــارە ســـۆزی ئێمـــە
لـــە دڵتـــەنگیمو دوو چـــاوی خـــەواڵووم.

(٣٨)

لـەم وەحـشەتە مـن تووشـی چ شاخو چـەقەنێ بـووم؟!
گیرۆدەیـــی ســـەر پـــڕژی، چ دارو دەوەنـــێ بـــووم؟!
گرتـــت بـــە جنێـــوێکی، ژیـــانم بـــە تیجـــارەت
وەك تـازە هـەتیوێکی، کـە ئیمـڕۆ بـە تـەنێ بـووم
دەتوێتـــەوە دڵ، هـــەروەکو شـــەمعێ کـــە بـــسووتێ
بابەســـتەیی ســـەودایی عەرەقـــدان لەگـــەنێ بـــووم
لـــەم بـــەحری خـــەیاڵاتی تـــۆ، نێزیکـــە بخنکـــێم
وا بزانـــە نەهەنگێکـــە، بـــە تووشـــی گـــەزەنێ بـــووم

هەرچەند ئەڕژێ خوێنی دوو چاوم، لە غەمی تۆ
بەم خوێنەوە، بڕوانە چ خاوەن کەفەنێ بووم؟!
هاتوڕەوی من لێرە ئەفەرمووی چییە؟ قوربان!
سەودازەدەیی قامەتی نازك سەمەنێ بووم
(ڕاجی) لە قیامەت کە بڵێن: چیت بوو لە دنیا؟
بێ ماڵو دڵو، عاشقو ڕەندو ڕەبەنێ بووم!!.

(٣٩)

هەرچەندە بە ئاهەکەی قەلەندەری، هاتو چووم
هەر وازی لێ نەهێنام، هەتا بردی ئابڕووم
بیستوومە کەولی ڕەقیب، دەبباغی نییە بەڵام
لێی ناگەڕێم عەزیزم، ئەمێستە تا نەیگرووم
شەپۆلی چاوەکانم، بەسەر ڕوو کە دێنە خوار
ساتێ بە ڕەنگی سورەوەو، ساتێکی زەردە ڕووم
لە وێنەی زەرڕەداری، دارو بەردی (کۆیە) کەت
فرمێسکی چاوەزارم، ئەشۆرێنێ شۆرە بووم
جیلوەی شکۆفەکانی خەتو خاڵە تازەکەت
ڕازایەوە بە شەوبای ئارەزوویی ئاهی زووم
تریسکەی عەقیقەکانی لێوی بە زەردەخەند
پڕتەو ئەخاتە سینەی ئاسمانی پڕ نجووم
ئەی گیانە پڕ نیشاتەکەم، ئەی چاوی دیدەنم
ئەی یارە دڵفریوەکەم، ئەی شۆخی ناو قوتووم
کەی دێی بە ڕەسمی تازە، بە (ڕاجی) ئەدەی هەوەس؟
بێجگە لە تۆ شك نابەم، لەسەر خاکی مەرزو بووم.

(٤٠)

(ناز)

لەسایەی خواوە، خوا نانی بڕیوم
لە ئیشوکاری کۆمەڵ، تێ تڕیوم
بە غەم، وا کۆڵەوارو دڵ نەخۆشم
بە وێنەی کاڵەکی بەڵ، داتەپیوم
لە دایکم بووم، سەرم هەر دەردەدارە
لە منداڵیوە پیر بووم، داچەمیوم
نە(خونسا)مو نە(مێ)م، نێر بووم لەلای خۆم
کەچی وەك یەختەیی تازە خەسیوم
لەبەر بێ بابو داکیو، دەرکەناری
تەمەن چل ساڵەمو، هێشتا هەتیوم
ئەوەی چارەم ببینێ، وەرئەسووڕێ
ئەڵێی دڕکم، لە چاوانی چەقیوم
جەهەندەم پڕ ئەکەم، ڕۆژی قیامەت
لە عالەمدا، کە من داوی بەزیوم
نموونەی سەنگەساریو نالەباری
دیارە، وا لە دوو شانی خزیوم
بە ئەسپێو، کێچو، مێشوولەو، هەزارپێ
لە بن باری فەلاکەت، داهەزیوم
ئەوەش عومرە، خوا داوتە بە من تۆ؟
حیسابیشم ئەکەی، ڕۆژی نەدیوم!!
جەزای ناخۆشی ئێرەم گەر بدەی، خۆش
پەشێمانی، بڵێ تازەت کڕیوم

کە کاری خۆتە، هەر عەقڵو نەفامی
هەژاریو دەوڵەتی پێکدا سەپیوم
کەسێ گەر هاتە دەرگەت، کەوتە هاوار
دەرت کرد ، هەروەکو گیانی لەقیوم
ڕجا ، ئاوی ڕەشی پێدا ڕژاندووم
حەیا، ئێخەی حەیاتی دادڕیوم
ڕیا هاتو، بە ڕیشی خۆی ڕیاندم
تەما، بەندی تەمامی هەڵکەنیوم
چ سەیرە؟ ڕۆژو شەو من هەر گریوم
معازەڵڵا، بە بێزی پێکەنیوم
لە خۆشیدا، لەگەڵ خەڵکی چ بۆشم!
لە ناخۆشی، کە هەر خۆم، نۆوو نیوم
لەسەر گەنجان ئەنوون خەڵکی، هەموو کات
ئەمن هەر وردە بیرە، زێڕو زیوم
(عوزێر) پێغەمبەرم بیستووە لە قورئان
کە زیندوو کاتەوە ئێسکی ڕزیوم
(خەلیل)یش هەروەکو من بوو، لەدەس هۆش
هەڵاتو کردی ئاوا، شاخو شیوم
غەڵەت بووم، ئەو کەسێکی دەستدرێژ بوو
ئەمن هەر دەسبڕاوو خۆ نەژیوم
ئیتر (ڕاجی)، هەتا ماوی بنۆشە
غەمو، تاڵاوو، ژارو، ژانو شیوم.
١٩٥٣/٧/١٠

(٤١)

مــن ڕووتو ڕەجـاڵی تـۆم، لـەم گوڵخەنـەدا کـەوتووم
فِي مَحــــزَنكُم حَــــقٌّ لِلـــــسّائلِ وَالَمحــــــروم
هەرچـــەندە وتم: جانـــا! هەســـتە وەرە لام بـــۆ ســـوود
ئـــاخر کـــە نـــەهاتی تـــۆ، ڕۆیـــشتمو مـــن تێـــچووم
ســـاقی قـــەدەحت بێنـــە، دانیـــشەوو، هەڵـــدەستم
بۆ هەرچی دەڵێی فەرموو، مـن خـادیمو تـۆ مەخـدووم
موتریب بـخە کاری سۆز، سەد عوودو ڕەبابـەو چـەنگ
شـادمکە، هەڵمـسێنە، بەینێکـە بـە غـەم نوسـتووم
دڵبـــەر تـــۆ تەماشـــاکە، ڕەنگـــم لـــە ڕووا ڕۆیـــی
ئەی چاوی سپیمو ئـاخ! نـازانی کـە مـن چۆن بـووم؟
دەســـتم کەلەکـــەی گـــرتم، ماتـــەم ســـەری لێـــساندم
سەد کوێرەوەریم کێشا، بـەختیش لـە تەڵـەی بەسـتووم
یـار هاتـە ئیـشارەی نـاز، (ڕاجـی) پەلەپـەل هیـچە
دەژیەی بـە خەفـەت تـا دێ میقـاتی دەمـی مـەعلووم.

(٤٢)

مـــن لـــە یـــارو یـــاوەرانو نازکـــان بێگانـــە خـــۆم
پـێ بـە دەرگانـەی شـەماڵو، جێگـە ئاگرخانـە خـۆم
دڵ بەســـۆزو ســـینە پـــڕ ئـــاهم، لـــە دووری دۆســـتان
وا پەڕاگەنـــدەی زەمـــانم، بێکـــەسو تاقانـــە خـــۆم
تـــۆ لـــە تەلعەتـــدا وەکـــو بـــاخی بەهەشـــتی، جیلـــوەدەر
مـــن لـــە نـــاڵینو خرۆشـــا، مـــورغی گوســـتاخانە خـــۆم
دائـــیرەی گریـــەو خرۆشـــم، مەرکـــەزێ وێـــران ئـــەکا
شـــینو قوڕپێوانمـــە، ســـەر پـــڕ خمـــی خومخانـــە خـــۆم

ئەی خودا، مردم لە تاوی عیشوەیی باڵای یار
تۆ شەهەنشاهی عموومی، سائیلی دەرگانە خۆم
بۆ نیازو بەزمو ڕەزمی گەردشی مەیخانە تۆ
پڕ غەمو، ماتەمزەدەو، گەردن کەچو مەستانە خۆم
کولبەیی بەختم، ڕەواجی دەنکە جۆیێکی نەما
(ڕاجیا)! سافیی سپێدەو، ڕەنگی ئێوارانە خۆم.

(٤٣)

لە ناو بەحری فیراقت، با نەخنکێم
کەنارێکم لە دەستا بگرە، دەربێم
غولامێکم لە دەرگانەی ویساڵا
لە شۆرا، گەر تۆ نازانی ئەمن کێم؟
لە میحنەتدا، لەبەر پەنهانی کوڵمەت
بە چاوی زاهیرو باتین، دەگریێم
کە ئاگرخانەیی عیشقت بە گڕ هات
لە دەورەی عالەمەو، هەر من دەسووتێم
لە ڕێگەم وەقفە گەر ناکەی، ئەزانی؟
عەجەب نابێ وەکو بەنزین نەگرفێم!
بە بێ ئاوی حەیاتی لێوو خەندەت
لەسەر من عەهدی وشکیی بێ، نەرسکێم
بە نیوە ئیلتیفاتێکی، ئەزانێ
لە بەندی نامورادیدا دەفەوتێم!
حەبیبا! گەر دەپرسی حاڵی چاوم
دەمێ پڕ مەوجی خوێناوە، دەمێ دێم
لە تاریکی شەوی بەختم بە شوعلەی
مەحەببەت، بۆ دیاری ماچی دەم دێم

ئەگـــــەر شــــادم، وە یـــا زارو نـــــەزارم
لـــە ســـایەی زوڵفـــە، نـــابینم بـــەری پـــێم
لـــە یـــارم مەتڵەبـــە یـــەك بۆســـە، (ڕاجـــی)
بـــلا، ترســـــی دڵو دینــــە کـــــە بیڵـــــێم.

(٤٤)

بـا لـە خانـەی عوشـرەتا، کـارێکی دەسـتووری بڵـێم
تـا درەوشـی ڕووی دەدا، ناڵـەیکی دەیجـووری بڵـێم
مـن بـە کـامی لێوەکانـت، غائیلـەی عیـسا بکـەم
یـا بـەیادی قامـەتی تـۆ، ئایـەتی (تـوور)ی بڵـێم؟
چـەندە وەسـفی تـۆ بکـەم، مابەینـە وەك ئـەرزو سـەما
جا مەگەر هەر بۆ مەسـەل، میـصباحەکەی نـووری بڵـێم
چـاوی شـۆخی یارەکـەم هەرچـەندە کاڵـە، پێـدەگا
بـا ئـەمن جـارێ بـە گـوێرەی سـێوی لاسـووری بڵـێم
باسـی دەریـایی دوو چـاوم کـەم، لـە تۆفـانی فـیراق
یـا لـە گـەرمیی دڵ هـەوای ئـاهێکی تەنـدووری بڵـێم؟
چـیم لـە نێزیکـی حـەبیبان داوە، وا مـەدحی ئەکـەم
قاعیـدەی وایـە بـە دایـم، زەلزەلـەی دووری بڵـێم
بـاغی حوسـنی ڕوومـەتت، ئـەی دڵبـەرا ڕازایـەوە
بـا بـە ئاهـەنگی عێراقـی، لالـەوو سـووری بڵـێم
تـا لـە غەمخانـەی فیراقـم، شـینی ناشـادیمە مـن
چـاکە هـاوارو فوغـان کـەم، حـاڵی ڕەنجـووری بڵـێم
(ڕاجیـا)، بـۆ زوڵفـی دووتـا، تـا بـە تـا بیخوێنـەوە
نوختە نوختە، خەت بەخەت، گەر نەزمی گەنجووری بڵێم.

**

-ن-

(١)

دڵــم پــشکۆ، دەروون تەنــدووره قوربــان
هەناســەم ســەردو، تــەن مــەغمووره قوربـان
تەماشـــا ڕێـــژەنی خوێنـــاوی چـــاوم
دەڵێـــی لێـــشاوەکەی نـــاعووره قوربـــان
لـــە دووری تـــۆ، ســـبەینان و ئێـــواران
لەبـــەر مـــەددی نـــەزەر دەیجـــووره قوربـــان
کەرەم فەرموو لـە تـۆزی ڕێگـەت، ئـەی دۆست
کـە چـاوم دوور لـە تـۆ، بـێ نـووره قوربـان
دەمـــاغم ڕۆژو شـــەو پـــڕ شـــۆڕو جەنگـــە
دەڵێـــی هێلانـــەیی زەنبـــووره قوربـــان
ســـەرو ڕووت بـۆ هـەموو کـەس بـێ حیجابـە
چ ڕەحمێکـــە؟ لـــەمن مەســـتووره قوربـــان
کـــە ڕۆژی ڕوویـــی تـــۆی پۆشـــیوە هینـــدو
گوناهێکـــە، بـــە ئـــەو مـــەغفووره قوربـــان
قـــوڕی کـــوێ کـــەم بەســـەر خۆمـــا لـــە تـــاوت
دڵـــم تـــۆراوە، دایـــم دووره قوربـــان
هەمیـــشە چـــاوەنۆڕی دەســـتی ســـاقیم
جگـــەر خـــشتورو، تـــەن خـــاپووره قوربـــان
بـــە (ڕاجـــی) ڕوو نماکـــەو، میهرەبـــان بـــە
لـــە خەنـــدێکی لـــەبت مەســـرووره قوربـــان.

(٢)

تەرزێکی جگەر ڕەنگە، خوێنی دڵی بێ دەستان
بۆ مەشقی خەت و خاڵی، موژگـانی دژم وەستان
نەشئەی قـەدو باڵاکـەی، شمـشادی بـە بـەر بـا دا
شێوەی سـەرو کـاکۆڵی، ڕەیحانـەوو موشکـستان

دونیـا لـه هـەوای عیـشقا، چـەرخێکی شـلك پێیـه
زەڕڕێك بوو سەما چێشتی، هەر گێژه وەکو مەستان
ئاسایـشی هــەر مــەنزڵ، ســەبری دڵــی بێــچاره
لاکین به چ دای بوکتی، عەقڵو دڵو دین هەستان
عەنقایی زەمان عیشقه، ڕەنگی که بـه چـاو نایـێ
ئاســاری لـه عالەمـدا، پەیـدا وەکـو تەڕدەسـتان
ئاوێنـەیی بـێ ژەنگـم، وەختـێ کـه بـەرەو ڕوو بم
ئێستا کـه لـه دووری تـۆم، ڕامخـستووه ژەنگـستان
(ڕاجی)! مـەده ئیعلانـی حـەربی ئەمـەلو عیـشقا
موفلیس له هەموو لایێ، چـوه ڕیزەیـی پابەسـتان.

(٣)

یـاری گیـانیم لـێ ئەکەیتـه دوژمنـی دیـنم، زەمـان
قارەمانییــشم ئەکەیتــه شــینو نــاڵینم، زەمــان
داغ ئەخەیته جەرگی گەش، بەرگی پەلاسم پـێ ئـەدەی
ئۆقره ناکـەم، ناخـەوم، هـەر خزمـی نـەفرینم، زەمـان
خانه سووتاوی چـرای چـاکەم، چ بۆنـسۆ دێ لـه ژیـن!
شـیوەنو غـەوغا ئـەگێڕی تـۆ بـه شـوێن ژینم، زەمـان
خـاکی خۆمـت کـرده گـردو سـەنگەری بـاسو هـەرا
شــانی بــەرزت گرتمــه نــاو داوی گــەوزینم، زەمــان
دانــشو هۆشــت لــه بـیری بـێ ڕەوی پـڕ کردمــەوه
تووزەلـەت لێـداو، زلـەت لێـدامو، بـن چـینم، زەمـان
چــونکه لــەم دونیایــەدا، جێگــەی ســەعاتێکم نییــه
وا ئــەزانم لــەو ســەریش، بــێ نـاوو ڕاشـینم، زەمـان
هەرچی ئەیکەی بیکه، گۆمی قووڵ مەلەی خۆشـه، ئـیتر
نامــەوێ ناوونیــشانو هــۆزو ئــایینم، زەمــان
دۆستو دوژمن گشتی لێت هاندامو، کینـەت خـسته دڵ
هیچ زەرەر ناکەم که ڕووتو قـووتو غـەمگینم، زەمـان

پایەماڵم کەی گەلێ خۆشیمە، نەك بمكەی بە شا
چونکە حەق خۆی بێکەسە، ئاواتە ناسینم، زەمان
هەرچی هاتە ڕێگەم و خۆی خستە باوەش، بۆ تکا
تۆ دەرت هێنا لە باوەشم و لە باڵینم، زەمان
من کوڕی جاران و تۆ هەر کاتە جۆرێکی تری
نایەیە بەر دڵ بە چاوی پڕ لە ئەسرینم، زەمان
گەرچی (ژیکۆ) مایە سووتاوە، کەخۆی ماوە لەخۆی
هەر ئەڵێ: من بەسمە خۆم خوێنداری گوڵچینم، زەمان.

(٤)

لە دەس چوو عەقڵ و دینم، بە جیلوەی ڕوویی نازداران
بە بەر - با - مدا لەبەر بادە، سەرو ماڵ و دڵی جاران
لە باخی سۆزدا عاشق ئەبێ ئوستادی بولبول بێ
نەوەك عومری بە سەربا سەر بەفرسەت، چەشنی هوشیاران
کە مەولا ڕەحمی زۆرە، گەر لە گەردەن بەستم ئۆباڵت
فیداتم موتریبا، خۆش، هەستە لێدە سازی بێداران
ئیتر پیشەی قەدیمی تۆ، سەراپا لوتف و ئیحسانە
بەڕەحمی خۆت بگە هانام و دەرچم سا لە هاواران
حەبیبا! کەی لەناو دوو دوژمنا، جێگایی تەمکینە؟
وەرە یاریی، نەجاتمدە، سەنەم، یا بمکە تیرباران
ئەگەر سەختم، ئەگەر نەرمم، لە ئاهم وا دیاری دا
تووواوە جیسمم و لێدە، تکەی ئیکسیری ڕووی یاران
لەلایێ کەوتووە (ڕاجی)، لەلایێ نووستووە دڵبەر
وەکو من بەختی بەسراوە، لە سارا یا لەنێو شاران.

(٥)

ئەو کۆمەڵە کوردانە، دەڵێی شاهی زەمانن
خۆش فەهم و خیرەد، حیرزی ملوکانی جیهانن

وەختێ کە ئەچن بۆ شەڕو شۆڕ، ئاگری زەیتن
وەختی تەقەلا چاپك و، وەك ئاوی ڕەوانن
وەختێ کە ئەبەن ناوی هەوەسبازی یو مەستی
گولزاری ئیرەم، لالەیی دامەن هەمەدانن
خاوەن حەسەب و ڕندن و، بێباکن و مەستوور
ڕەنگین قەڵەم و، خۆش خەت و، شیرین، بە زمانن
مەحبووبن و، سەربەرزن و، شاداوی مەلاحەت
دڵدارن و، هەموارن و، هەر زاڵ و بەسامن
بۆ ڕۆژی هەرا، هەروەکو عیفریتی بە هەڵمەت
بۆ دوژمنی سەر، ئافەتی پڕ ناوو نیشانن
هەر تایەفە، گەردەن کەچی ئەو کۆمەڵە نابن
مەڕدوودن و، فەرتووتن و، بێ عەقڵ و نەزانن
هەقناسن و، بێ باسن و، دەربازی تەم و غەم
زانراوە لە دنیاوە، هەموو ئەهلی جینانن
(ڕاجی)! نییە حاجەت بە قەڵەم بیخەیە نووسین
سەربەرزی هەموو عالەم و، عالی، بە مەکانن.

(٦)

بەزم و هەوایی گوڵشەن، بۆ ئێمە بوو درەخشان
تا لوتفی گوڵ نەبینین، دڵ زاری کونجی زیندان
وا عومری من بەسەرچوو، تاکەی جەفا بکێشم
خوا بتگرێ وەفاکە، ماچێك لە هەردوو لێوان
وەك لالەزاری ڕووی تۆ، هات و نەسیمی ئەنگوت
پێویستە گەر حیسابم بکرێ لە ڕیزی ڕەندان
میحنەت زەدەی بڕۆتم، تا تاق و جووتە بۆ فیڵ
قوربان! وەرە بنۆشین، من خوڕڕەم و تۆ خەندان
ڕۆحم لەلات بەجێما، هەردوو ڕەئی بەیان بوو
من سوێند ئەخۆم، دڵیشم، حاشا نەچۆتە هیجران

سەرمەستی غـەمزەیێکم، سـەودا دەمـاغی تـیرێ
قەت ڕەنگ نییە لەگەڵ تۆ، ڕۆستەم کـە بێتـە مەیـدان
دڵ دایـمـا خەریکــە، بــەم کـــوورەیی خـــەیاڵات
بۆ جۆشی تیری ئولفەت، بێسووده چەکوچ و سـندان
زیوین بەدەن هەتاکـەی، بـێ ڕەحم و بـێ زەکـاتی؟
ڕەحم و زەکاتـە پێویـست، هـەردەم لەسـەر موسڵمان
پێموت: بەماچی چـاوت، گـەردن کەچم، وتـی پـێم:
(ڕاجی) ڕجا کەمێك بوو، کردت بە بەحری عوممان!!.

(٧)

ئەم خاك و هەواو ئاوە، کـە بـێ نـاوە بـە یـەزدان
هــەر فێــری دیموکراتییــو سەرچـاوە، بـە یـەزدان
بەرچــاوەیی هــۆزێکی ئەدەبپــەروەر و ژیــن بــوو
ئیمرۆکەیە دوو چـاوی بـە گـل مـاوە، بـە یـەزدان
عیلم و هونەری داوە بـە بـا، کـوردی خـەریك مـاو
مەندیلی لەسەر دوژمنـی خـۆی نـاوە، بـە یـەزدان
پاشــاوو گــەدا، عــالم و خــاوەن مــەڕ و ڕەنجبــەر
هــەر ئێکــە بـە مەوجێکـەوە خنکـاوە، بـە یـەزدان
بێ تانە کە خۆم کردە سوپەر، بـۆ سـەری میللـەت
بـۆ شـوێنە ونـیم، سـەد لـەپی لێـداوە بـە یـەزدان
نــابینی؟ چــلۆن بــاغ و مــەزاری دڵــی دوژمــن
ڕازاوەتـــەوە، تـــازەوو پـــاراوە بــــە یـــەزدان
ماتــەمزەدەوو کەوتــەیی بــن بــاری فەلاکــەت
مــاوین و دڵـیش پەسـت و پەشـۆکاوە، بـە یـەزدان
بـێ قونبەلـە، بـێ تـائیرە، بـێ مـوخنیقی غـازات
ئـازۆت و ئۆکـسجینی مـە، هـەر نـاوە بـە یـەزدان
نیمانــە ســەرو ســیرەتی کــارو، دڵــی بــاوەڕ
دڵ وشکی مەعاریف بـووە، گوشـراوە، بـە یـەزدان

هــەر زاهیــدی غــەدداره، ئــیتر چــاوەنواڕە
مــردن بەســەریکاتەوە، ناکــاوە، بــە یــەزدان
هــەر شێخی مـل ئەستووره، بـە بـەرماڵی ڕیـایی
پــەردەی بەســەری غەفڵــەتی داداوە، بــە یــەزدان
دەروێــشی مــەکربازو، بــەرازی کــوڵی نــانیی
هــەر یــەك بــە ســواڵێکەوە پــڕژاوە، بـە یـەزدان
هەر هۆبەوو هـەر هـۆزە، بـە ناوبـانگی عەشـیرەت
دوندانی لـە کورتانـەیی خـۆی نـاوە، بە یـەزدان
خـۆ بێمـە سـەرو کـۆکڕی جـاحێڵی لـە نـاو شـار
وەی وەی! کە لە ڕوو، پۆدرەی لێـداوە بـە یـەزدان
بــیری نییــە، قەومییــەتی چــی؟ لووســییە کــاری
خۆی بۆ بەری پێی بیجبیجـە کێشاوە، بـە یـەزدان
پیرانی ڕدێن پەشم‌و خوری‌و مـوو، بـە قسەی پـان
هەر ئێکە ئەڵێی مستی لـە کـەر داوە، بـە یـەزدان
خــۆ کۆمــەڵی ئاغــەو بــەگ‌و ســەردارو گزیــران
هەر ئێکە لە ڕێی پارووێ، سـەد چـاوە بـە یـەزدان
هەر باس‌و قسەی فیتنەگـەری‌و، سـۆزی کـچ‌و ژن
سـەودا لـە مـل‌و گـەردەنی هـاڵاوە، بـە یـەزدان
ئێکــێ ڕەش‌و، ئێکــێ سـپییو سـوورەیی چاوشـین
هەر لۆمەوو هـەر غەیبـەت‌و، هـەر ڕاوە بـە یـەزدان
باســێکی مــشوورو گــەل‌و زانــست‌و ســەروکار
ڕەش بۆتــەوە، لــەم لاپــەڕە بــەولاوە بــە یــەزدان
هــۆ کاکــە، منـیش مـردم‌و مـەرگم بـە گڕاچـوو
بینۆشــە دووای مــن، هــەموو تــاڵاوە بــە یــەزدان
ئــەووەڵ شـڕو، ئـاخر شـەڕو، ناوەنـدی گـەچ‌وگێڕ
هــەر بـۆ مـن‌و هـەر بـۆ تـوە، بڕاراوە بـە یـەزدان

(پشکۆ)، چییه؟ بەرزی وەتەنت بێ سەروکارە؟!
هێشی لە دڵی غەمزەدە هەرماوە، بە یەزدان.

(٨)

وەختی نییە ئێستاکە بمێنی لە هەواران
وا پایزی ڕەش هات و، ئەقەومێ لە دەواران
ئاهی منی دڵ خەستە، کە ناوەستێ لە دیوار
کەی خۆ دەگرن قامەتی شمشادو چناران؟
ئاگر لە جگەر هەڵئەگرێنن، بە دەمی سارد
خۆ گەرم دەکەن، چیلکە ئەکێشن بە هەزاران
پەرژین بەگوڵ و سونبول ئەکەن، ڕوومەتی کافوور
خوێنی جگەرو دیدە ئەرێژن بە هەژاران
خووگیرو، خواگیرو، دڵئەندازو، هەوابازو
نێچیر ئەکوژن، پایزو زستان و بەهاران
چەند خۆشە بە منداڵ و نەفامان، بگەزی شەوق
نەك بییە قوماربازی سەرو کۆفیەلاران
وەختێکە، لەبەر قرچەیی گەرمایە ئەسووتێی
کاتێکی لەشی، شەختە ئەبەستێ لە کەناران
عومرت بە فیدای هەڵقەیی ماچیکە، کە ناچی
گیانت بە هەوای خەندەیی، ئەڕوێ لە بەیاران
سەودا بە هەموو ساڵ مەکەوو کاتێ بناسە
پارەی هونەرت، قەت مەخە گیرفانی دەلاران
بۆ ئەو کەسە سووتاوە، لە تاوانی بسووتێ
هەر ئاگری ئەو خۆشکە، بە لادێ‌وو بە شاران
(پشکۆ)، بە مەقاشی بگرن بۆ جگەرەی لێو
گیانی بە گەشی دێتە بەرەو پیری نیگاران.

(٩)

کارەساتی هێرشی کوللە زەرد

کــە وەختــێ ئاشــکرابوو ســووچ و تــاوان
بــەڵا وەر بــوو، بــەناو قــەومی موســڵمان
لــە ســاڵی نۆســەدو پــەنجاوو ســێ دا
هــەزاران کەوتنــە فرمێــسك بــاران
لــە لایــێ گەنمــە ســوورە ژەنگــی لێــدا
لــە لایــێ دڕك و داڵ، زیــوان و زیــزان
لــە لایــێ بــوو تــەمای خەرمانــە ڕەشــکە
بــە دەس منــداڵ، گــەلێکی هاتــە ســووتان
ســەپان و مامــەجوتیار، دڵ بــە غــەم بــوون
دەمــاری پــشت و دڵیــان کەوتــە هێــشان
لــەناکاو، جــگ لەوانــە، لەشــکری زەرد
هجــوومی کــرد، بــە ســونگی هاتــە مەیــدان
بــە نێــر و مێــوە تێکــەڵ، وەك هەڵاتــە
هەلوعــەو، تێــری ناکــا خــاکی کــوردان
کــە ســەیرێکی هــەواو ئــاوو گیــای کــرد
هــەموو بوونــە عیــشقبازو گرانجــان
یــەك و دوو ســواری یــەکتر بــوون، هــەوایی
کــە گرتــی ڕووی زەمــین و، پۆشــی ئاســمان
یــەقینی کــرد، بــە دەس ئێمــە ئەفــەوتێ
گــەرای دانــا، لــە وەردو ڕەمــڵ و دەشــتان
حکوومــەت کەوتــە پرســیاری ئــەهالی
بــە قــانوونی زیراعــەت هاتــە جــەولان
بــەلاغی دایــە مــەئموورو موفــەتتیش
کــە پۆلیس چــوونە ســەر موختــاری گونــدان

نموونـــەی هەڵکـــەنن، جێگـــەی بـــزانن
هـــەتا میزانییـــەی کـــەن، گـــورج و چەســـپان
کـــە مـــەعلووم بـــوو، لـــە مـــەئمووری محـــەللی
خـــەریك بوونـــە قـــسەو بەرقییـــە لێـــدان
وەزارەت کەوتـــە تەخسیـــسی مەســـاریف
بـــە دامـــەزرانی چـــەند لیژنـــە لـــە گـــەنجان
بـــە هـــەژنۆ ڕۆژ کـــەمتر، ئـــەو کوللـــەی زەرد
ژیـــاوە، کاکـــە! وێنـــەی ئـــاوی تۆفـــان
بە سوڵتەی خـۆی موخـەووەل، (مـستەفا بـەگ)
کـــە مـــەئموورە لـــە کۆیـــە، بێگـــی جافـــان
بـــە بارخانـــەی جـــەلب کـــردن، عـــەقاقیر
سەم و گونییـەو کەپـەك، بـێ حـەددو حوسبان
لـــە شـــەرقی کۆیـــە، داینـــا دوو موراقیـــب
ئـــەوانیش (واحیـــد ئاغـــا)و کاکـــە(ڕەحمـــان)
چ تێکۆشـــــەر، نەبـــــەز، گـــــەنج و دلاوەر
تەهەمتـــەن، کیمییـــاوی، مـــەردی مەیـــدان
کـــە هـــەر ئێکـــە، بـــە لیـــژنێکی کرێکـــار
خـــەباتیان خـــستە دەشـــت و چـــۆم و گـــردان
تـــــوڕومبێلێکی لـــــۆری، وەك فڕۆکـــــە
ئەکێـــشێ، گـــشتی پێویـــستی ڕەزو بـــان
شـــۆفێر کـــاك (ئەحمـــەد)ە، وریـــاوو ئـــازا
قـسەو ڕوو خـۆش و، لێـوی پـڕ لـە خەنـدان
لـە لیژنـەی ئێمـەدا، ئـەمن و (فـەقێ حوسێن)
نیـــشاندارو، جڵـــەوکێش و، قومانـــدان
دوو (عەبـــدوڵڵا)، یـــەکێ کـــۆیی، ئـــەویتر
دلێرێکـــی بـــە ناوبانگـــە، لـــە(بـــەرزان)

لــە ئەســڵی هــۆزی کــوردە، (لاوە مــیرزا)
دوو ئـــامۆزا، بــەڵێ (تۆفیــق و عوسمـــان)
موڕەتتــەب (مــام تــەها)یــە، ئەسـڵی خۆشـناو
(سمایـــل)، حاریـــسی گـــەنج و خـــەزێنان
وەڵاغـــدارێکی عەنتیکـــە، (کـــەریم بـــەگ)
ســـوواری ئەسـپە بـــۆرە، وەختـــی بـــازدان
ســـەرۆکی لیژنـــە، (عەبدولواحیـــد ئاغـــا)
غـــەفووری، خانـــەدان و خـــاوەنی شـــان
ســـەرۆکی لیژنـــەیی (دۆنـــدار)و لای (کـــۆ)
حـــەوێزی، گـــەنجی جێـــدار کاکـــە (ڕەحمـــان)
کـــە (ئیـــبراهیم)ە، مۆســـیقا لـــە جـــەنگا
هـــەمووی سەرخۆشـــە، گـــشتی، گـــەنج و لاوان
هـــــــەموو، وەك پاڵـــــــەوانی ڕۆژی داوا
هـــەموو ئوســـتادو، خـــاوەن ڕێـــزو مـــەعلان
هـــەموو ڕۆژێ، لـــە لایـــێ بـــانگ و هـــاوار
کـــە لەشـــکر هاتـــە نـــاو تووتنـــان و مـــاڵان
(حـــسێن خـــاتوون)، کـــزو سەرســـام و ســـاوا
لـــە نـــاعوورو، پیـــازو، شـــەتڵ و، بێـــستان
ســـەدایی (یادگـــار)و (مامـــە زەینـــەڵ)
لەگـەڵ (ئەحمـەد مەجیـد)و، کاکـە (قوربـان)
کــوڕە هیــچمان نــەما، مــردین لــە نــاو پــاس
دەســـوبرد کـــەن، نـــەوەك بخـــوا منـــاڵان
لــە زەرفـــی چـــەند ڕۆژێکـــی، ســـوار بـــووین
نەبووین موحتـاجی چـەك، بێجگـە لـە دەرمـان
کــە ئێمــەین لەشــکرێکی پــڕ لــە نەســرەت
کــەمێ بــووین، زۆری کــردین حــەققی یــەزدان

بە غازو قونبەلەی زەڕڕە، بە ئیش چووین
کە ئیشی پێنەکردبوو، جەیشی ئەڵمان
ئیتر هاواری عالەم، وا بڵند بوو
تەمی پۆشی، سەرو لاچاوی دێیان
دەمێ (ئەلیاسەسوور)ی کەسنەزانی
دەمێ (قەسر)ێ، دەمێکی خەڵکی(کاولان)
دەمێکی(گۆمەشین)و (کانی هەنجیر)
دەمێ(کانی ڕەش)و، لای (قازی بەگیان)
لە هەر جەحفەل، کە ڕوومان تێ ئەکردن
لە ترسا، جەیشی زەرد گشتی ئەخنکان
لە ناو خۆمان ئەگرت، ئەو لەشکری زۆر
بە دەرمان و بە شوڕکان، دوور لە بوختان
بە ساتێ، جەحفەلێکمان لێ ئەکوشتن
شەڕی ئێمەو، سروورو جەژنی تەیران
گەلێ جاران بە بەر ئەزیەت ئەکەوتین
لەجێی ناخۆش و نووسەك پێوە نووسان
خەیاڵی هەندەسەو، ڕەسمو، خەریتە
فرێماندا، لە خوتتەی کاری دەوران
مەڵێن بێ ڕێوو تەقدیر، ناکرێن ئیش
چ ئیشێکە، کە نەیکا عیلم و ئیمان
بە سەردان هاتە لامان، کاکە(ڕەحمان)
لە ڕۆژی بیست و سێی مانگی حوزەیران
لەگەڵ کاك (ئەحمەد)و (ئیبراهیم ئاغا)
لە کردەو جەنگ و ڕەزمی مە، عەجەب مان
شەوێکی پێکەوە، ژینمان بەسەر برد
بە شمشاڵ و، دەف و، حەیران و، گۆران

بـــــژی قائیممـــــەقامی شـــاری(کۆیـــــە)
لـــە بەرزیـــدا، کـــە بۆتـــە مەعـــدەن و کـــان
جـــەنابی(مـــستەفا بـــەگ)، دڵ بـــە ســـەفوەت
جیهانگیرێکـــــە، زاتـــــەن خزمـــــی خۆمـــــان
مـــولاحیز هاتـــە لامـــان، کاکـــە (جـــەبار)
دەلیلـــی عـــەقڵ و عیلمـــەو، جـــوودی ئینـــسان
گـــەش و ڕووخـــۆش و، فیکـــری پـــڕ لـــە حیکمـــەت
قیافـــەت ڕێـــك و ڕوح ســـووك و کـــزەی گیـــان
قـــدوومی ئـــەو، کوڵلـــەی لابـــردو ڕۆیـــی
ئـــەوەی مـــابوو، بـــەتاو ڕووی کـــردە کوێـــستان
ئـــەکا پێشکێـــشی ئـــەم تەئریخـــە، (ڕاجـــی)
دیـــــاری خۆشەویـــــستان و برایـــــان.

حوزەیرانی/ ١٩٥٣-گوندی کۆکە[١]

(١٠)

جام و، دوو لەب و، چـاوی سـیا، هەردەمـە مەسـتن
جـان و دڵـی مـن، بەنـدو هـەواخواهی قەفەسـتن
تـۆ شـەککەری شـیرینییو، هـەنگوینی موصـەففا
موفتی و مـن و قـازیو ڕەقیـب، مـێش و مەگەسـتن
عـەقڵ و ئـەدەب و، سـەبر و شـەکیب و دڵ و دیـنم
بۆ ڕەسمی سەفەر، مونتـەزیری دەنگـی جەرەسـتن
کەوتۆتـە دڵان، زەلزەلـەیی سـەتوەتی شـۆخیت
حـوورو پـەریو شـاه و گـەدا، عـەدمی هەوەسـتن
ئـەم سـێبەرە، کـانی نـەزەرو زەوق و حەیاتـە
ئـەهلی خەبـەری ئێمـە، سـەفا پۆشـی نەفەسـتن

١- گوندێکە لە گوندەکانی دەشتی کۆیە.

مەعلوومە بە ئەم شۆخییە، ئەسکەندەرو ئاسەف
پابەستەوو سەرگەشتەیی یەك نیوە نەعەستن
(ڕاجی)! چییە وەك هەوری ئەجەل، شەکوە دەگێڕی؟ ئەهلی تەرەب و مەیکەدە نێزیکە کە هەستن!!.

(١١)

لە چین و تاری گێسووتا، بریقەو جۆششی ڕووتن
لە مەوجی مەشعەلەی ڕووتا، غولام و بەندی گێسووتن
لە گۆشەی چاوی مەخموورت، نیازو غەمزەوو نازت
لە قەتڵی ئێمە مەزبووتن، بە دوو شمشێری ئەبرووتن
کەمەر بەستەی قەدی شۆخت، چنارو سەروو شمشادن
شەقیقە، لەعل و یاقووتن، خەجاڵەتی لەبی قووتن
لە کونجی سینەما بەزمی خەیاڵ و خاڵە دامەزرا
بە تاقی زەمزەمەی عیشقت، لەگەڵ بابی ئەجەل جووتن
شەفافیی چوو، سەما ناوی نەما، ڕووت هەڵکرا، جانا
دووسەد هاڕووت و ماڕووتن، سەراپا خاکی ناسووتن
غوباری ڕۆحی من چونکە، لەدامێنت خوداجۆ بوو
لە عەرشا ئەحمەدو عیسا، موریدی شاهی لاهووتن
حەقیقەتکارییە ئیمڕۆ، لە عەقڵ و ڕۆحی بێدادم
تەریقەتدارییە، نەفس و هەوا مونقادو سەر ڕووتن
نەما سەبرم، تکا شەرمم، شکا نەقدم، پسا جەرگم
بە گردی، هەرچی هەمبوو من، لە ژێر تاڵانی جادووتن
لە قاپیی خێرو ئیحسانا، بە قاپیێ مەی کە (ڕاجی) بم
دڵ و دیدەم تکاکاری، لەب و زاری شەکەرخووتن.

(١٢)

وەتەنپەروەرانم، چ لادێ، چ شارن
کوڕان و کەنیشکن، لە ژین بەختیارن

گـوڵم گـەر بپـشکوێ، لـەڕووی گـەنج و لاوان
ئـــەزانم لـــە تـــۆخی بـــەهاوو بـــەهارن
لـــە نـــەورۆزی هـــۆزی بـــەهێزو بـــە بـــیرم
پـــژان و، خـــژان و، هـــەژانی هـــەژارن
بـــە قـــاتی دە قـــاتی، قـــەڵات و قـــەپاتن
خـــەباتی خـــەڵاتی وەڵات و هـــەوارن
بـە ئـاتۆمی هـۆش و، بـە نۆشـی جـەماتن
بـەرەو ڕووی هومێـدو، بـەرو ڕووی وتـارن
هونـەر بـەهرەوەر بـوو، لەچـاوی گـەلم دا
تەماشـا! لـەبارو، لـە کـارو، لـە دارن
لـە قوچـێ نەقووچـان، چ چـاوو چـەماوێ
لـە ڕەنجـێ نـەڕەنجان، چ دەسـت و چ زارن
لـە کونجـێ تـرنجێن، ئـەگونجێن برنجـی
کـە تێکـڕا دەژیـن و، کـە پێکـڕا دیـارن
وەرام و مـەرامن، دوروسـت و مەبەسـتن
بـە داوایـی دوژمـن، پـلاوو پـلارن
لـە بـورجی دلێـری، وەکـو شـێری گـورجن
بـە ئـازایی نـازو، بـە ڕاوو شـکارن
ئەگـەر تیپـی دوژمـن، لـەڕوو سـەد هـەزارن
گـەلی مـن لـە ڕۆژی هـەرا گـورگی هـارن
بـە زانـین و مـەردی و، بـە پێشـچوون و بـوردن
ئـیتر خۆشەویـستی خوداوەنـدی کـارن
مـەپونگێوە (پـشکۆ)، لـە سـۆنگەی نیگـاران
هـەموو کـەس دەزانـێ، کـە ئێـوە خەسـارن.

(١٣)

یــاڕەببی ڕەقیبــان لــە پــەنایێ بــە فەناچــن
بۆ دەردی ئەجەل بێن و، هـەموو سا بـە ڕجاچـن
وەك شــێخ و مــەلا، بوونــە سەفاپۆشــی زەمانــە
ڕووڕەش ئەمەتەن، زاهیری، بـۆ ڕاهـی سەفاچـن
وەك شاهیدو ساقی، کە بـە زەوقـی دڵ و مەستی
ئەو قەومە خودابینـە، کـە بـۆ کەشفی دوجـا چـن
جەمعی گوڵ و مول، نەرگس و شمـشادو وەنەوەشـە
هەسـتاون ئەگــەر بــۆ قــەدەمی بــادی سەباچــن
هەرکـەس لـە خـسوسێکەوە دیـت، وەرە سـەیران
قــەومێ بــە لــەناوبردنی ئــەو، هەڵــگری پاچــن
زاهیـد! بەسـە مەمبینـە، لەسـەر لەوحـەیی عەرشـا
سەر نین کە ئەمانـەی تـۆ ئـەبینی، هـەموو قاچـن
(ڕاجـــی)، تـــۆ بپـــارێوە لـــە دیـــوانی دوعـــادا
ئـەم جوملـە نەخۆشـانە، بـە دەرمـانی شیفاچـن.

(١٤)

ئــــەمجۆرە دەسیـــــسانە، لـــــە دینـــــارو فلووســـــن
ڕاوێـــژی گـــرەو ســـەندنی ئینگلیزیـــو ڕووســـن
هــەر ئێکــە بــە ســازێکەوە ئــەم چــەرخە ئــەگێڕن
عاشـق بـە بـەرو ڕووی وەتـەن و، ڕوومـەتی لووسـن
بـازاڕی سـەرو ماڵـە، کـە مـاڵی هـەموو مـاڵین
سـاتێ نییـە، سـەد دەفتـەری ئیحـصا کـە نەنووسـن
تێچوونی مە، پـێ هـاتنی وان، شـوومیی مـە، جەژنـە
ڕۆژانــی گــەش و باشــی مــە، هــەر شــۆڕش و بووســن
بـــۆ ڕۆژی ژیانیانـــە، ئـــەوان کـــات و ســـەعاتن
بۆ خێرو شـەڕی شـەو بەخەبـەر، چەشـنی خەرووسـن

ڕۆژێکــه، نــوێ ســاڵی هــهموو کــوردی قهڵهنــدەر
ئهم جهژنه بکـهن، بـێ شکه موڕتـهددو مهجووســن
تــا ئێمــه هــهبووین، خــهڵك ئهیانــداینێ ســهرانه
ئێـستا بـه سـهرو مـاڵی مـه، گـوومرگ و موکووســن
نـهمزانی، نـه زاوایـن و نـه زاویـن، کـه ئهتاشـرێین
دوژمن کـه بـه تـووکی سـهرو بـهر، نـۆرەوو مووسـن
ئـهو خهڵکـه، هـهموو هـارو بـهخۆژیو لـه هەڵـستان
کوردینــه بهســه ســتیبو، تاکــهی لــه جلووســن
بۆچــی نهتــهوە گــشتی بهســهرکهوتن و، ئێــوە
وا چــارە ڕەشــن عــهینی خــهڵووزو عهبهنووســن؟!
بهرپێــچه زەمــان، مووچــه بــڕاو، مووچــه زیــادن
خهڵکی لـه درووس، ئێـوه لـه بـن کوتـك و تروســن
خمتــان خهنــه چــاو، ئێــوه لــه بــۆ دوژمنــهکانتان
وا کارەکــهرو عهبــدن و، هێــشتا که عهبووســن
(ژیکــۆ)! وەتــهنت زۆرە، بهشــی هۆزەکــه ناکــا
لاموایــه، لهبــهر تهمبــهڵییو زۆرە نفووســن!!.

(١٥)

لـه کـهناری سـهروی دڵبـهر، بـه تهڵـهب سکهندەرم مـن
بـه خومـاری چـاوی شـۆخی، لـه شـهفافی گوهـهرم مـن
بــه فیراقــی نازەنینــان، بــه ویــداعی یاســهمینان
لـه شـکهنجی عوقدەچـینان، بـه خـودا قهڵهنـدەرم مـن
چهمهنی ویساڵی مهحبووب، به لـهبی جـهماڵی مـهوهووب
بهسـهری خـهیاڵی ئاشـووب، لـه کـهنارە بـێ دەرم مـن
سـهری زوڵفـی ئـهو نیگـارە، دڵـی خسته سـهر قـهنارە
لـهب و نـازی تـا دیـارە، لـه دیـاری خهنجـهرم مـن
دەنوێنــێ چــاوی مهســتی، بــه دڵــی بڵنــد بهســتی
لـه یـهمی خومـار ڕسـتی، بـه هـهوا سـهمهندەرم مـن

لکــی بــەختی ناپەســندم، بــەری وەســڵی خــستو ســەندم
چ نــەخۆش‌و زەخممەنــدم، تووشــی دەردو کەســەرم مــن
ســەری (ڕاجــی) گێــژو ماتــە، بــە خــودا بــێ دەســتەڵاتە
ئــەوە بەنــدی عێلەســاتە، چ بــەڵا بەســەر ســەرم مــن!!.

(١٦)

هەموو ڕۆژێ بـە ملیـۆن، دەسـت‌و دامێنـی نـەمانم مـن
لەگەڵ ئاه و ئەسەف، پەروەردەیی ڕێـی جاویـدانم مـن
گوڵی بەختم وەری، ئیکسیری وەسڵم خاکی تێکەڵ بـوو
بە دەم داوی نیهـانم، یـا لەبـەر چـەرخی زەمـانم مـن!
بـە چـاوی خـۆم دەبیـنم، وا قیامـەت ڕابـووە ئیمـشەو
کەچی هێـشتا خـەریکی کـاری عیـشقی نیـشتمانم مـن
هەموو عالەم بـە گـورجی ئیـشی پێکهێنـاوو، یـا فـەوتا
بــەجارێ، سەرگوزەشــتەی پــیرو لاوو دڵبــەرانم مــن
دەفەرموێ، کێوی خەم تۆ هەڵکەنە، ئـەو شـۆخە شـیرینە
لەبــەر بــێ ئیلتیفــاتی، وا دەزانــێ پاڵــەوانم مــن
بـە کـوللی سـەبرو هێـزم لـێ بـڕاوە، مـن برینـدارم
خەتەرمەندو، زەعیف‌و، بێ کـەس‌و قـەلب‌و زمـانم مـن
نــەفیرم ئاســمانی گرتــووە، هــاواری ئەملاکــە
کە ئەمشەو بۆ خرۆشی عـەقڵ‌و عیرفـان، پاسـەوانم مـن
لەبەر تـەوقی کەمـەر، خڕخـاڵی پێیـە، بەنـدی ئـەڕواحم
لە پێی یارانـەوە ڕوح سـووکم، ئـەمما سـەر گـرانم مـن
ئەمان ئامانـە هـەرلا، دائیرەی عیـشقی دڵـی (ڕاجـی)
بەڵێ، نوختەی بەرابەر مەرکـەزی جـەوری بتـانم مـن!!.

(١٧)

یـار هاتـە سـەر هەواڵـەی، ئـەم دڵـەی خـەرابی مـن
ڕەسیدی کـرد دەفتـەری عیـشقی بـێ حیـسابی مـن

ئـەی دڵ بناڵـە تاکـەی، ئەکێـشی تـۆ بـاری غـەم
ڕۆیــی بــە بــێ نیـشانە، خــەتی بــێ جــەوابی مــن
هـــاوارە ســـا ڕەفیقـــانی غـــەمکێش و پـــڕ بـــەڵا
بێ خود بـە دەشـتی خـستم، هـەوایی شـەرابی مـن
ســـەبا وەرە بـــزانم، لـــە گوڵـــشەن چ دائـــیرە؟
لــە بــەینی بولبــولانی قەلەنــدەر بــە تــابی مــن
ئــاخۆ بــە نــازو عیــشوە، ئــەدا کــامی بێکەســان
ئــەو نازەنینــەی دڵبــەری عــالی جــەنابی مــن؟
هەرچــەندە مــن بــە ســۆزو ناڵــەوە وەرام ئــەدەم
ئــاخۆ کــەمێ ئەگاتــە، شــەهی بــێ حیجــابی مــن؟
(ڕاجــی) وەرە لــە ڕوویــی یــەقین هەڵکــە چــل چــرا
تــا لــە عەکــسی حەرفــەوە، بگــرێ شــیهابی مــن.

(١٨)

کــێ هەیــە گــەر بێتــە هــاواری دڵــی پــڕ دەردی مــن؟
کێ دەکا دەرمانی دەردی هەمـدەمی خواکـەردی مـن؟
گـــەر بگریـــەم تـــا قیامـــەت، نایـــا نـــۆرەی پێکـــەنین
کـــشتی نابـــێ ئـــاوەزاری نابـــەکاری عـــەردی مـــن
ناڵـــەناڵم ڕۆژو شـــەو دێـــتو، نەگەییـــە هـــیچ کـــەس
چی نەکرد سەد ساڵە لـەم مەیدانـە ئـاهی سـەردی مـن
دڵ بـــەجارێ بۆتـــە بـــاری هـــۆش و عـــەقڵ و غاییلـــەم
پشتی خۆم ئەشکێنێ گەر بیهاومـە دوژمـن بـەردی مـن!!
ڕاخـزی مـاری غـەمی تـۆ، کەوتـە نـاو کـونجی دەمـاغ
خۆی لەناو سك نـا بـەهێڕی بەختەکـەی نامـەردی مـن
نیمە تـاوی غـەم بـە سـەد ئەسـپەر، لـە مەیـدانی ئەمـەل
وا دەگاتــە چــەرخی نۆیــەم، ناڵــەیی شــەوگەردی مــن
نیعمــەتم هــەر ئــاخ و داخــە، زینــەتم فرمێــسکی ئــاڵ
خــوێنی چــاوی خۆمــە بــردی ئــابڕوویی زەردی مــن

هەر کەسێ هات و خەنی بوو، تێخزایە گەنجی بەش
دڕك و داڵیشی نەهێناوە، براکەم! وەردی من
(ڕاجیا)، دەرگەی ویساڵت لێ بە قوڕ گیراوە، سا
حاڵی تۆش وەك داشی ڕیسوا، کەوتە بەرپێی نەردی من.

(١٩)

نایەتە سەر مەقامی دڵ، بە شووریی و جنوونی من
نایەتە کاری باغ و گوڵ، بە بولبولی زەبوونی من
دوێنێ گوڵ بە دەستەوە، لە دەستی خۆم دەگەستەوە
لە ڕوویی تۆی دەبەستەوە، قەترەیی ئەشکی خوونی من
پەنجە لەگەڵ کەمەر دەکا، مەیلی لە دەردی سەر دەکا
خۆی بە هەبا هەدەر دەکا، خەیاڵی توون بە توونی من
جیلوەیی جامی مەی دەوێ، ساقی یو بەزمی کەی دەوێ
موتریب و هەلهەلەی دەوێ، غەم لە دڵی نگوونی من
ناگەمە کاروباری تۆ، نیمە سەری دیاری تۆ
لەو چەم و خونچەزاری تۆ، بێ وەجە هاتوچوونی من
پەرچەمی خستە پێچ و خەم، خاڵ و خەتی خرایە دەم
تامی نەماوە زۆرو کەم، چاوەیی ئۆرغەنوونی من
کاری بە زەبری ئەبرووە، هەر فێری مەکر و جادووە
چونکە لە هەر لاوە ڕووە، باتیڵە تیغ سوونی من
بمخەرە زنجیری ئەمەل، بمدەرە بەر چەرخی ئەجەل
چارە دەکەی بەڵکە لەگەڵ، جنوونی پڕ فنوونی من
هاتەوە (ڕاجی) بە ستەم، کەوتە فوغان و دەردو غەم
دیدەیی ڕوونی بوونی ئەم، هاتەوە ڕووی نەبوونی من.

(٢٠)

ئەم تاقمە خالآنە، کەوا دڵ ئەڕفێنن
لەو کوورەیی سەر کوڵمە، بە تاوی ئەدەمێنن

ئەم دەستەیی خەتتانە، بە دەم زوڵفی سیەهمار
یەك ڕشتەیی جەرگم هەیە، وا ئەیپچڕێنن
ئەم جوملە نیگارانە، لە ڕووی حوسن و لەتافەت
بێ ئاوی حەیا، بولبولی من هەڵئەفڕێنن
ئەم جەمعە تەبیبانە، لەسەر زامی بریندار
سەبرو خیرەدی عاشقی بێ دڵ ئەستێنن
ئەم مەجمەعە تاساتە، لەسەر چاوی خەرابات
دینی غورەبا، هەر بە تیجاراتی ئەهێنن
ئەم حەلقەیی دڵدارو مەیو موتریبو ساقی
بازاڕی جینان، لەحزە بە لەحزە ئەشکێنن
ئەی دڵ، تۆ لەگەڵ ڕۆحی بریندار لە دەس دۆست
لەم کونجی تەنی (ڕاجی)یی ئاوارە مەمێنن.

(٢١)

ئەسرین جە سەر چەم، وەکوڵ، وەجۆشەن
جە زەبری شمشێر، چە خامەن جۆشەن
موشکین کولاڤان، نە ڕووی سازو باز
کڕیاری شەڕان، ئاشتی فرۆشەن
گۆنەی گولاڵان، جە هۆی ڕەنگو بۆ
مەغنەتیسی دڵ، وە بیرو هۆشەن
جە ناو باغی گەل، نەۆی سازو مەی
ئینە نە پەروای هیچ عەیش و نۆشەن
نوویسەم بە خوون، جە نامەی جیهان
پەی کوردی سەرمەس، کە بەس خەمۆشەن
ڕێژان و قیژان، بولبول بە باغەم
گولان کە بەرگی ڕاستی نەپۆشەن
ئەی ساتەی سا من نەوینم بالات
حەرامەم بادا، چی مەی جە دۆشەن

سـەدای سـەمتووران، خـۆش هاتنـە گوشـەم
هۆزێــك نــە مەرگــەن، وان تێنەکۆشــەن
بــۆ نییــە (پــشکۆ)، ســەرجەم کوژیــاوە؟
بــە زامــانی گــەل، خــەیلێ پەرۆشــەن.

(٢٢)

مەستی کردم بێ خەبەر، ساقی لە جامی مـەی دەهـەن
بەندی کردم موتریبی خۆش لەهجە، شیرین، سیم تـەن
بـۆم بڵــێ شــوورو بــەیاتو، چـوارگاو ڕۆمو حیجــاز
شەرقییو قـەززو نـەوا، سێگا، سـەبا، دەشـتی، چـەمەن
بیخـە ڕاسـتی حەنجـەرە، بەنـدو، عێـراقو، دەسـتگاه
لاوكو حـەیرانو لامـی، نـەرمو شـل، پـڕ سـۆزو فـەن
دەم لـە مەنـسووری بـدە، ڕوویـی دلآرا بێنـە جـۆش
خۆش بچێژە مەسنەوی، گوڵ گـوڵ، لەباسـی یاسـەمەن
خــاڵی ڕێــوارو قــەتارو، ئــای ئــایو نیوەشــەو
تـا لـە هـەوری لارەوە، نـەشمیل بـە ئاغـا دا میحـەن
لێو لە نەی ڕەختی شەه و، ڕەقسو، شەپۆلو، ماه و زەڕ
پــەردەوو، بــالۆرەوو، بووکانــە، بــۆ هــاواری تــەن
(ڕاجیـا)! ئیمـشەو عەجـەب مـەیلت کـە مۆسـیقارییە
یانــە زانیوتــە لــە گــوفتی موستەشــاری موئتەمــەن؟!

(٢٣)

ئــاهووانی چــاوی دڵــداران، شــکاری شــێر ئەکــەن
هــەر لــە منــداڵیوە خۆیــان پەنجــەبازیی فێــر ئەکــەن
ئەمکوژن هەردەم بە ناهەق، شـۆخەکانی دیـدە مەسـت[1]
دڵ دەسـووتێنن لـە ڕووی خۆیـانو گۆیـا خێـر ئەکـەن

١- لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (دەمکوژن هەردەم بەناهەق، شۆخەکانی چاو هەڵۆ).

هــەروەکو پــیرۆزە دەشــکێنن دڵــی ئێــسقانی مــن
خۆ لـە مـەغزی مـن عـەزیزم، جـارە جـارە تێـر ئەکـەن
هــەی بــە قوربــانی ســوپاهی خاڵــەکانتان بم، کــەوا
هــەروەکو بتپــەروەران، تــەقوا لــە تــاقی دێــر ئەکــەن
وەختە دڵ دەرچێ لە تەن، دەرچم لە دین، بمرم لـە تـاو
ئــەو نیگارانــە، کــە بــازی ڕاســتو ژوورو ژێــر ئەکــەن
هێندە بێ ڕەحمن لەگەڵ خەڵکی، دوو چاوی مەهوەشـان
وا لـە کـونجی بێکەسیدا، گیـانو دڵ بـێ خێـر ئەکـەن
(ڕاجیـا)، چـونکە عەجـەب کارێکـە سـا هـەردەم بڵـێ
ئــاهوانی چــاوی دڵــداران، شــکاری شــێر ئەکــەن.

(٢٤)

نیگـاران گـەر بـە مـن ڕۆژی هـەزار جێگـا نەکـەن چـبکەن؟
لـە ڕاوی بێکەسـان سـەد تـیر لـە دڵ ئـاوا نەکـەن چـبکەن؟
بــە دەم ئەگریجــەدا، گیــانو دڵــی عالــەم ئەجۆشــێنن
بـە ئـەم زنجیرەیـی مـوو، عالـەمێ شـەیدا نەکـەن چـبکەن؟
لــە چــاوانا ئەڕێــژن بــادەیی مەســتی بــەناو دونیــا
بـەڵێ، گـەر جوسـتوجۆیی عالـەمی بـالاَ نەکـەن چـبکەن؟
ئەچن وا جـون بـە جـون، تـالاَن بکـەن ئیمـانو دیـنو ژیـن
لـەلای خۆیـان وەهایـە، ڕوو لـە ڕێـی تـەقوا نەکـەن چـبکەن؟
لەســەر مــوڵکی دڵو ســەر، ئــەو شەهەنــشایانە تــا مــاون
ئەگــەر دەســتی تەســەڕڕوف دائیمــەن والاَ نەکــەن چــبکەن؟
کـە یـارو موتریـبو سـاقی، بـە بـەزمو ڕەزمـی دڵ وەسـتان
سەرانسەر دەفتەری مەستیی، بەمەی ئینـشا نەکـەن چـبکەن؟[1]

١- لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (سەرانسەر دەفتەری مەستیی، لە سۆز ئینشا نەکەن چبکەن).

لـە داغێکــی دڵــی (ڕاجــی)، شــکاون نەشــتەرو خەنجــەر[1]
تــەبیبان گــەر بــەهای موژگــان لــەمن داوا نەکــەن، چبکەن؟

(٢٥)

بە چەرخی عیشوە، نازکـان، زەمانـە عەنبـەرین ئەکـەن
بە پێچ و توڕڕە، دڵبەران، جینن و بەشەر لـە دیـن ئەکـەن
لە کوچەگاهی دڵبەریی، بە نـاوی شـاهیدیی کـە دێـن
لە ڕوویی قـەتڵ و عامـەوە، عالـەمی دڵ ئـەمین ئەکـەن
بەدەنگ و ڕەنگی هاموشۆ، سـەرایی چەشمەسـاری مـەی
بە سەد فـسوون و سـاحیری، لەسـایەبانی چـین ئەکـەن
دەمێ بەکام و شەرمەوە، تەڵـەب ئەکـەن نوقـودی جـان
دەمێ بەلێوی گەرمـەوە، غـەزەب پـڕی جـەبین ئەکـەن
نومـایی گــوڵ دەدەن دەمــێ، لـە ڕوومـەتانی ئافتـاو
کـە قومریـانی تۆقەچـی، لـە تـۆقی یاسـەمین ئەکـەن
لە میوەجاتی خـاڵ و خـەت، دەدەن بـەراتی نیـوە شـەو
خـەڵاتی بـێ دڵانـی غـەم، لـە بـاغی نـازەنین ئەکـەن
بخــوری مەجمــەری ڕوخــە، بوخــاری زوڵفــی هەڵئــەدا
ڕقومی ڕەنگ و بۆیی مەی، لـە جـامی ئـاگرین ئەکـەن
چ تاقمێکــە دەم بــەدەم، بــە نــازو نــازکی ئەچــن؟
جگـەربڕاوی عیـشقیان، لەشـاری ئـاه و شـین ئەکـەن
دڵۆپــەزارە چــاوی مــن، لــە کارخانــەیی فــیراق
کە دڵبەرانی فیتنەچی، لە سۆزی (ڕاجی) کین ئەکەن!!.

(٢٦)

لــەعل و گوهــەرو لالــە، بــە خەنــدەی تــۆ لــە بــاون
کــوردو عــەرەب و شــیعە، لــە زوڵفــی تــۆ بــەداون

٢- لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (لە داغێکی دڵی (ڕاجی)، شکا نەشتەر بەسەد ملیار).

تــا جـامی دەمـت دەم بـە دەمـە، ئـەی دەمـی عیسا
ئـــەم کۆمەڵـــەیی عیـــشقە هـــەموو زینـــدە کـــراون
گـــەر حـــاکمی دوو چـــاوی ســـیاهت، ســـەری کێـــشا
وا دیـــارە دڵ و عـــەقڵ و ســـەرو ســـەبر شـــکاون
زوڵـــف و خـــەت وخاڵ و، کەمـــەرو گـــەردن و بـــاڵا
هـــەر شـــەش لـــە عـــەزابی منـــی دڵ خەســـتە بـــەتاون
یـــەك عیـــشوە لـــە مەیـــدانی تەمـــەن بگـــرە، بـــەهیوا
مـــوفتی و عەســـەس و عاشـــق و پاشـــا، لـــە بـــەراون
ڕازانـــەوەیی مەملەکـــەتی زوڵـــف و ڕوخـــی تـــۆ
ئـــەم ڕۆژو شـــەوە، چـــونکە ســـەرو ســـیڕڕی لـــەناون
ئـەی شـانەزەنی پەرچـەمی چـین چـین، وەرە سـەیران
پەروانـــەوو دڵ، بولبـــول و (ڕاجـــی) کـــە کـــوژاون.

(٢٧)

خۆی لەمن پەنهان دەکا، ئەو دڵبەرەی ڕەنگـین جـەبین
ئەی هەلـە، شـۆخی زەمـانم بۆتـە شـێخی سـەر زەمـین
ڕاحەتەلحـەلقوومی قـەترەی نـاو زەنەخـدانت هـەبێ
تـك بـە تـك دەتوێتـەوە شـەککەر لـە ژاری ئەنگـەبین
ئەی دڵی بـێ ڕەحـم و لـوتفی تـۆ، حـەکیمی حـاڵ زان
وەی دووچاوی پـڕ فـسوون، عـالی تـەبیبی ڕەنـگ بـین
چـونکە خـاڵی ڕوومـەتی، میعیـاری ئـەهلی حیکمـەتن
وا لـە جەنـەت بوونـە جێگـەی مەرحـەباوو ئافـەرین
گوایــا مــن کــافرم، ماچــی دەمــی داوا ئەکــەم!
نـاوی زوڵفـی نـاوە هـەژدەر، بـۆ گوناهکـارانی دیـن
تا بە ڕیسوایی نـەڕۆم، سـا شـەرتە نەچمە دەر لـە شـار
تا بە کوژراویی نەچـم، لـەم چاوە بـەر نـادەم کـەمین
مـن کـە ڕازی بم لـە دڵبـەر، ئـەو دەبـێ عـەفووم بکـا
بەم دڵی پڕ ئاە و جـەرگی لـەت لـەت و چاوی گـرین

پەرچەمی گەشکەی بە عالـەم دا، لـە ڕێگـەی چـاوەزار
بۆیـە چـاوی بـێ حیجابانـە، لـە چـاوی نـین ئـەمین
هــەر بناڵــە تــۆ بــە تێمــاوی لــە کــوورەی میحنــەتا
(ڕاجیـا)، تـا مـل دەهـاڵێنی لـە بەنـدی یاسـەمین.

(٢٨)

ئەی سەمەن بۆ، غونچە دەم، قامەت سنەوبەر، زوڵف چـین
لاحَ لــي العَـيشُ مِــنَ الوَصـلِ بفيـكَ بِـالیَقین
چاوی ئاویی، جیسمی خاکیی، جان هـەوایی، قـەلبی نـار
مُـــستَدیمونَ لَـــدَیكَ للوَفـــاءِ نـــاظِرین
خانـەقای بـەزمو نـەوای قـەد شـۆخی یـار، وا تێئەگـەم
هـــذِهِ جَنّـــاتُ عَـــدنِ فَادخلوهـــا خالِـــدین
سەلـسەبیلی لێـوی ئـاڵو، شـەهدی لوتـفو، ڕەمـزی چـاو
هـــذِهِ آلاء خُلـــدٍ، فَاشْـــرَبوها دائِمـــین
بێ دڵان، قوربانتـان بم، بـێ ئـەدەب قـەت مەچنە پێش
خَیرُکُـــم عِنـــدَ الحَبیـــبِ، أَن تَقومـــوا قـــانِتین
مائیدەی سینەت، لـە هـەنگوینی موسـەففاو شـیری سـاف
إنْ هـــيَ في العِـــشقِ إلاّ لَـــذَّةٌ للـــشارِبین
(خالید)و (حەللاج)و (سـەعدی)، بـەم تەریقـەی عەشـقییە
قـــالوا آمَنّـــا، وَکـــانوا في العُلـــومِ راسِـــخین
عابیـدی کـونجی غـەمی تـۆ بـووم، بـە تـیرێ کوشـتمت
قَـــدْ شـــهِدتُ، فَالجِنـــان أُزلِـــفَتْ للمُـــتَّقین
(ڕاجیـا)! ئـەم سـەوزە خەتتـە، مـووجیبی دڵخۆشـییە
فَاعتَـصِمِ في العِـشقِ حَتّـی مُـتَّ بِالحَبـلِ المَـتین.

(٢٩)

لـــە ناچـــاری لـــە چـــاوا ئـــاوە گـــردین
لـــە ژێـــر پێـــی عالـــەما مـــردین و پـــردین

کــــه دڵبــــەر هاتــــە کووچـــەی عیـــشقبازی
بـــە تـــاڵان ڕووحو مــــاڵو دینـــی بــــردین
چ هاوارێکـــــــە وا کەوتۆتـــــــە ســــــینەم؟
لەگـــەڵ بـــەختی ڕەشـــا ، بــێ دەســـتوبردین
بـــە دەم چـــەوگانی دوو زوڵفـــی ســـیاهی
لـــە مەیـــدانی مەشـــەققەت، گوایـــە گـــەردین
لـــە بـــیرت چـــوو نیگـــارا وەختـــی تیفلـــی
کـــە ســـەیرو ڕاوو ڕووتـــت پـــێ ئـــەکردین؟!
ئـــەتۆ مـــەهـ بـــووی‌و ئێمـــە هالـــە دائـــیم
کەچـــی ئیمـــڕۆ لـــە دەورا، وێڵـــی هـــەردین
مـــەڵێ (ڕاجـــی)، گـــەلێ زارو نـــەزارین
ئەگەرچـــی پـــڕ عەبـــەس، لـــەم ڕێگـــە مـــردین.

(٣٠)

ئەم دڵبـەرە، چـەند دڵبـەرە، چـەند دینبـەرە، شـیرین؟!
ئەم نەی لەبە، چەند مەی لەبە، سەد مەرتەبە، ڕەنگـین؟!
غـــارەتگرە، ڕوو ئـــاگرە، جـــان هەڵـــگرە، هـــاوار!
خاوەن خووە، پـڕ جـادووە، خـەت هینـدووە، موشـکین
چـەند نازکـە، چـەند چاپکە، چـەند نـازە لـە دەمیـا؟!
ڕەنگ ئەسمەرە، قەد عەرعـەرە، سیمینبەرە، گـوڵ چـین
تالیـــب کـــوژە، عاشـــق دژە، کەوســـەر مـــژە، شـــاهم
خوێنڕێـژە، نیهـان بێـژە، جینـان چـێژە، خـودا بـین
هەر عوشرەتە، هەر شـەوکەتە، هـەر ڕەحمەتـە، هـەر نـاز
هەر میحنەتە، هەر زیللەتـە، هـەر حەسـرەتە، هـەر کـین
دڵبـــازە، خـــۆش ئـــاوازە، ســـەرئەفرازە، ســـەفاخواز
نـەو ڕەســتەیە، گــوڵ دەســتەیە، شایــستەیە، نەسـرین

ناگاتــە مولاقــاتی لــە بەدبەختییــە، (ڕاجــی)
بێــزارە لــە خــۆی، خەســتەیە، دوعــا بکــە: ئـامین!!.

(٣١)

خنجیلــە! وەرە پێکــەوە بــا نەشــئونما کــەین
بۆ عیشقی ئەزەل، شوکری ئەبەد، زیکـری خـوا کـەین
گەوهــەر کــە بــەهۆنراوی ئــەدا ڕەونــەقی دوکــان
با ڕوویـی یـەکیی، هـەردوو، لـە دیـوانی وەفـا کـەین
ڕەحمــێ بکــە، مــن کوشــتەیی یــەك چـاوە تەماشـام
سـاتێ بـە هـەوەس، پێکـەوە بـا سـەیرو سـەفا کـەین
لــەم دووریــە مــن عــاجزو، تــۆ خــوڕڕەم و خەنــدان
بـا تـەرکی ڕەقیـبو، عەمـەلی زوهـدو ڕیـا کـەین
عیــشقت کــە لــە مــن باخــچەوو مەیــدانی قومــارە
چەند خۆشـە ئەگـەر پێکـەوە لـەم دەشتە هـەرا کـەین
تــۆش تــیری مەحەبــەت لــە دڵــی داوی، کــەوابێ
مەفرۆشـە بـەناز ئـەم قـەدەە، بـا یەکـدی دەوا کـەین
ڕەحمــێ بکــە، چـیتر بـە جـەفا مەمخــەرە غوربـەت
وا چــاکە ســەری عیــشق بــە بــالیفی ڕەزا کــەین
عالــەم، کــە هــەموو غەرقــە لــە دەریـایی مەلامــەت
قوربـان وەرە بـا دەم لـە دەمـا، حەمـدو سـەنا کـەین
(ڕاجــی)! مــن و یــارم لــە فــیراق و لــە ویــصالا
گەر ڕێـك بکـەوین ڕەنگـە کراسـان بـە کـەوا کـەین.

(٣٢)

ئەی پەرچەمت گرێ چین، وەستاوە چین لەسـەر چـین
بەســتووتە ڕۆحــی مــسکین، گرتووتــە دیــدە، بــێ دیــن
بەم دەست و پەنجـە ئاڵـەت، بـەم چـاوە شـۆخ و کاڵـەت
بـەم لـەب و کـوڵم و خاڵـەت، تـۆ ئـاگر، ئێمـە بـەنزین

هەر تۆی کە پڕ کـەمالی، هـەر تـۆی بـە سـەد جـەمالی
جـووتێ بـرۆی هـیلالی، ئەیکـەی بـە بـازو شـاهین
هـەرجێ ئەچـی بـەهارە، ڕووت ڕۆژی دەشـتو شـارە
حوسـنی تـۆ هـەر دیـارە، بۆچـیمە چـینو ماچـین
موتریـب بڵـێ هـەوایێ، سـاقی دەتێکـە چـایێ
یـار هاتـەدەر لـە لایـێ، دڵ کەوتـە فیکـرو تـەخمین
نایێتـەدەر هەناسـەم، دڵـزاری ئـەم هەیاسـەم
کوشتەی ئـەو سـەر بـە تاسـەم، تـاڵان دەکـا سـەلاتین
ڕازاوە دەشـتو سـەحرا، یـارم حیجـابی لادا
دنیـا چـووە تەماشـا، ئـەی دڵ ئەمـەش دەبابـچین
بـردی عـەقڵو کـەماڵم، سـەودایی زوڵـفو خـاڵم
دەگـریمو هـەر دەنـاڵم، دڵ سـەردو سینە هـاوین
(ڕاجـی) کەسـت نـەماوە، بـە خـوا دڵـت شـکاوە
ئـەم لێـوو کـوڵمو چـاوە، لـە تـۆ دەکاتـە پـەرژین!!.

**

-هـ-

(١)

ڕەوشی خراپی بینای مزگەوت

مزگەوتــە تەویلــەی کــەرو گۆلــك، چ خەرابــە
بــۆ مــێش‌و مەگــەس بۆتـە موقـەددەس وەکـو کابـە
تــەعتیرو بخـــووری هەمـــەدەم قـــشپل‌و ڕیخـــە
پێویـستە (مــەلا)ش بێتــە جەماعــەت بـە ئینابـە
مەنزڵــگەهی منــداڵ‌و قومــارە، بــە جــگ‌و فلــس
بـــۆ سەربەســـەری، پـــڕ عـــەرەق‌و دەوری شـــەرابە
دیـــوارو حەســـاری هـــەموو وێرانـــە بـــە ڕووخـــان
وەك عاســـیمەیی کۆمـــەڵی بـــێ دایـــك‌و بابـــە
ئــەو نوێـــژە چ نوێژێکـــە، کـــە ئـــەکرێت لەوێـــدا
هۆزێکـــــە، پەرســـــتێنەری مـــــەولایی عیقابـــــە
ئــەو هەلهەلــەوو زیکــرە، کــە ئــەڕوا بــە ســەمادا
لــەو مەزبەلــەدا گــشتی دوعــای فیتنــە موجابــە
شــوانێکی وەکــو مــن، دەرەقــەت گۆلکــێ نایــا
کابـــان، چ هـــەوێزێکی دەماڵـــێ؟ بـــە تەمابـــە
کەر، حــەزرەتی ئەسکەندەرو مـن بوومـە ئەرسـتۆی
گــەر دیــن ئەپەرســتی، بــە هــەموو ڕێگــە ڕەزا بــە
پێویــستە لەســەر شــانی مــەلا خزمــەتی مزگــەوت
ئــەم دێیــە ســوئالی هــەموو بــێ قەیــدو جەوابــە
پێستیــشی نییــە، مــەغزی ئــەوێ مــیری موبــارەك
وا دیـــارە هـــەموو کـــاری تـــەرازوو، بـــە قولابـــە

بەو بۆنو بوخارە، کە مەلا کاسە هەناسەی
وەك مەستی هەوای ڕەشبەڵەکو دەنگی ڕوبابە
چونکە بە هەموو شێوە، زمان دێتە سفارش
بێ عەیبە بڵێن، خاڵەمەلا تۆخی شەرابە
ئەم وەعزو ئەحادیسە، کە ئەڕوا بە هەوادا
وەك بایەکی ناوەختو، وەکو فوو لە جەڕابە
من خاوەنی زانستو هونەر، بوومە قومارچی
بەو پووچەڵی سەرفیترە، مەلا، حاجی شەهابە
ڕەببی! بە خمی بگرە، بەڵام دوور لە کەنیشتە
دووربە لە مەلا، یەعنی بڕۆ مالمی چا بە
خۆزیا ڕەبەنی دێرە ئەبووم، عائیلە وازی
نەك هەڵگری ئەم غەیبەتو بوختانو عیتابە
گشتی بە قسە خزمە، بە یەزدانی تەعالا
گشتی بە عەمەل، هەمسەری شەیتانو دەوابە
بڕوانە موسڵمانییو، بڕوانە موحەممەد
ئەم هۆزە بڵێ چۆنە بەرامبەر بە سەحابە؟
فەرقێکی نییە، تۆ کەرو من عەینی مەلا بم
تۆش هەروەکو من مونتەزیری ڕۆژی جەزا بە
گوێم هەردوو زرینگانەوە، بەم وەحیی سەماوی
(اللِّسنُ شرارٌ، عَمَلُ الخَیرِ کِتابَة)
ئیشێکی بکەم، مامە، بەزانینەوە ئەیکەم
وەك تۆ بە کەریی نابێ بڵێم: دایکەنە، دابە
تابیع بە ئیمامێکو، ئیمام تابیعی قەومی
تا دوو سەرە بێ، ئێستە ئەڵێم: عەینی سەوابە

هەرچـــی بیـــەوێ کەشـــفی حـــەقایق، لـــە وتـــارم
بیخاتـــە ســـەری، تـــالیعی ئەنگوســـتی ســـەبابە
داوایـــی دوو کـــەس، ڕاســـتە یـــەکیو ئێکـــی درۆیـــە
خـــۆی پیـــچە، ئـــەڵێ: وەی لـــە مـــەلا پیـــاوی خەرابـــە
(ڕاجی) وەرە سا مەیخەرە ژێـر پـێ، نەتـەوەی بـەخت
بیـــستێنە لـــە یـــەزدانو، بـــەڕووی ئـــەو گوڵـــە شـــا بـــە.

(٢)

ئـــەوەی مـــن پێمـــدەوێ ســـاقی! پیاڵـــەی مـــەی نییـــە، کووبـــە
ئـــەوەی تـــۆ پـــێم ئـــەدەی باتمـــان نییـــە، مـــسقاڵە یـــا ڕووبـــە
لـــە خـــاکی مەیکـــەدەی تـــۆدا، ســـەری شـــادیمە ئـــەنوێنم
موسڵمان نی، مەسیحی تۆ، مەسیحییش گەر نەبی، جوو بە
بتێکـــی وا لەســـەر شـــانت، بـــە نـــاوی زوڵـــف دانـــاوە
کەنیـــشتەی مـــالمو مریـــەم، پـــڕی غـــەوغاوو ئاشـــووبە
تەماشای زەردەڵووی سینەت دەکەم، یا قۆخی بەر گەردن
ئـەتۆش سەرخۆشـی خـاڵی، هـەر خـەریکی ئالۆبـالۆو بـە
دڵـم هاتـە خـەیاڵی وەسـڵی چـاوی کـاڵی ئـەو شـۆخە
وتم: بۆچـی ئەوەسـتی تـۆ؟ لەڕێگـەی شـێریا ڕوو بـە
تەماشـاکردنی کوڵمـەت، دڵـی عالـەم ئەپـشکوێنێ
بـە دوو زوڵفـت، نەسـیمی جەننەتولـەئوایی دوو ڕوو بـە
بـە نـاز ئێـوارە تێپـەڕبووی، کتـوپڕ سـینەمت پروانـد
بـە چـاوی تـۆ فـەریکم، سـا خـەریکی داسو داسـوو بـە
چ بـاکم دوژمـنو فێڵـە، چ بـاکم عالـەمو لۆمـە؟
کە من هەر شێتو بێهۆش بم، ئـەتۆش هـەر نازو جادوو بـە

کـه بڕیارێـك نـەدا دیـدەت، لـە خـەودا بـێمو بتنۆشـم نـەوێرم بێمـە باوەشـتا، بـە مـن چـی؟ هـەر خـەواڵوو بـە جـەفاکاری دوو عالـەم هـەر ئـەتۆیو، تـۆو وەفـاداری شەهەنـشاهی سـەرو بـەختو، ئـیرادەو دەسـتو بـازوو بـە کـە (پـشکۆ) بـەختی ناپـشکوێ، لـە لێـوی ئـەو دڵارامـە خەڵووزێکـە، لەبـەر چـاوی نیگـاران بۆتـە ئوعجووبـە.

(۳)

ئـەی دڵ وەرە بـەس بەنـدو گرفتـاری یەخـەی بـە
سەرخۆشـی دەمو لێـوو گـوڵاو، پاشـی قـسەی بـە
لـەم کـوورەیی دڵداریيـە، هـەر مـایو نەسـووتای
سـووربوونو نەسـووتانو گـرین، لۆمـەوو عەیبـە
جـارێ بـە وەفـای وەعـدەیو، مزگێنيـی ماچـێ
زيندووبـەوە، ئـەمجارە بـە مـەرگی هەڕەشـەی بـە
جـارێ بـە هـەوای کوڵمـە، لەبـەر تـاوی بـەهاری
جـارێ بـە تـەمای زوڵفـی، لـە بـن داری خەنـەی بـە
لەم مێـرگ و غوزارانـەیی سینگو مـەمو کوڵمـەی
وەك بـەرزەیی بـێ کلـكو گـوێ، فێـری جەنـەی بـە
هـەر ئاشـێ کـە بینێيـەوە، قـازانجی ڕەچـاوکەی
دڵـداریی نـەبێ، هەسـتە، لـە بەسـتەو چـەقەنەی بـە
بێجگە لە مەیو مەیکـەدە، ئیـشت هەيـە؟! مەیکـە
هـەر ئـۆگری سـاقیو تـەرەبو ناڵـەیی نـەی بـە
تـا مـاوی ڕەمـوودەی قـەدو، بـەدناوی دەمـی بـە
پێنـاوی زڕەی دەسـتو، تکـەی زەردەخەنـەی بـە

گەر ببییە سەرەی جەورو جەفاو، چەرخی زەمانان
باکت نەبێ لەم گێرەیە، گاجووتی بنەی بە
چرنووکی خەفەت، بیکە شرینقەی سەرو بەختت
بۆ ڕۆژی هەوەس، قەبزە قەنەی ئەو زەقەنەی بە
(پشکۆ)! وەکو گوڵ پێکەنە، خێرابە بپشکوێ
وەك خاڵی ڕەشی لێوی، گەشەی ئەو بەدەنەی بە!!.

(٤)

ئەمسالْ بەناوی یاری، ساڵێکی توندو سەختە
بەفری خەفەت دەباری، دڵیش دەبوونە شەختە
پیرۆزگاری پێروو، تەرازووی دادی کێشا
ڕۆژیش لە ڕووی گەلاوێژ، هەڵاتو ڕاوە بەختە
بێدرخە چوو بە تالان، میرەم گەڕا لە مالان
ئۆغەن کە دای لە بالان، چاو دەرقووڵێنێ وەختە
بێت، ڕەنگە ئیشی پێت بێ، گەر تۆزی شوێنو ڕێت بێ
وا مەگرە گێژو شێت بێ، بشلەرزێ نەختە نەختە
پاڵوزی خانە شێواو، لەبەر چۆڕاوگەیی چاو
ئەلیاسو خدری دەنگداو، بێ سەبرە حەز بە جەختە
دڵم چلەی بە سەرکەش، قۆناغی کردە سی شەش
پشکۆی وەتاغی کرد گەش، خەریکی ڕەختو تەختە
لەباز بەرانی نازە، نەورۆزی کوردی سازە
ئەگرێ هەموو موغازە، بە بێ هەراوو زەختە
دوژمن لە تۆی ڕووانی، کە چەند گەشو جوانی
بێ وەی بە خۆت بزانی، خەساندی بووی بە یەختە

ئینجـا بـەهارو هـاوین، زسـتانو پـایزت چـین؟
بـارت ئەکـەن دەمـی زیـن، بـێ باسـە، ئیـشی ڕەختـە
نـرخو فەسـاڵی مامڵـەت، بـازاڕی خـستە دەرفـەت
بێ قەرتو، سـوودو، ئافـەت، کوتـاڵی پوخـتو نەختـە
بەسەرچـوو سـاردو سـۆڵە، (پـشکۆ)تـە هاتـە تۆڵـە
نـەماوە کـەس لـە بۆڵـە، سـۆزو گەشـەی درەختـە.

(٥)

ئـەی وەتـەن، داخـی گـرانم، ڕوتبـەیی سـەر شـانتە
قرچـەیی جـەرگو هـەناوم، فرچـەیی چـاوانتە
خرمـەیی نـاو زگمـە دێ، بـۆ تـۆ لـە خرپـەو بیرەخـەو
گرمـەوو لرمـەی دڵـە، خـۆراکی گوڵزارانتـە
ئـەم کەنیـشکانەو کوڕانـەت، هـەر هـەژارو بێکەسـن
چـەند زەمانێکـە هەناسـەو ئـاهی وان ئاسمانتـە
ئێـستە بێگانـە هـەموویان، نۆتـەبازو مۆسـیقین
کـانی مۆسـیقا بزانـە، لاوکو حەیرانتـە
بـاوو بـارانی هەناسـەی سـەردی ئێمـە، تـۆز ئـەکا
جۆشـە زسـتانی گەلاوێـژم، سـەری میزانتـە
گـشتی بـۆ خەڵکـە ئـەوەی چـاندووتە، وا خەرمانتـە
بـۆ خەزێنـەو پارەکانـت، دەسـتی وان گیرفانتـە
ئـەی وەتـەن تاکـەی لـە کـاری نالـەباری نـامراد
بێـوەژن کۆشـی بکـە، قـازانجی زاڕۆڵانتـە
کێوەکانـت بـورجی نـەورۆزو، ڕەزو باخـت بەهەشـت
لاوی نێـرو مـێ بـە هـەرلا، حـۆری یـو غیلمانتـە

ئـەی وەتــەن، گــەر تــۆ هــەژارئامۆژی بــازاڕی شــەوی
ڕۆژی دوژمـــــن ئێخــــەگیری گەردوشـــــی دامانتـــــە
ئــەی وەتــەن تاکــەی کــزو ئــالۆزی دەســتی هــۆزی تــۆ
ناکـــەس‌و کـــەس، ڕیزەخـــۆری ســـفرەوو دیوانتـــە
ئەی وەتەن سا کۆرپەکەت، (ژیکۆ) ، بەخێویکە بـە خـۆت
هـــەڵبلێ تـــا پێـــدەگا، ئـــەو هەڵـــگری نازانتـــە.

(٦)

دڵ لـــەناو پـــەردەی خـــەیاڵاتا، خـــەریکی فرســـەتە
هــەروەکو مــەغزی گوڵەنــدامان، چ نــازك هیممەتــە!
تــا لــە سەرچــاوەی دڵو جــانم نەنیــشێ تــۆزی غــەم
کەی بە چـاوی خـۆم دەبیـنم، ئـەم سـەفاوو سـەفوەتە؟!
دیــدە هەڵنایــە لەبــەر بــەرق‌و بریقــەی ڕوویــی تــۆ
ڕوو لەهــەر لایــێ دەکــەم، پــەردەی حــەیاوو عیــسمەتە
خەســتەخانەی عیــشقی تــۆ، ژەهــری بــە دڵ وەرکــردووە
وەك شریقەی زوڵـف‌و موژگانـت، خـەریکی سیحەتە
ســینە پــڕ تــاب‌و تــەب‌و ســۆزو بلێــسەو گریەیــە
هــەروەکو چـاوت کـە غـەمزەو نـازو مەسـتیی عادەتـە
نیعمـــەتی دنیـــاو قیامـــەت، وا لـــە چـــاوت زاهـــیرە
زینـــەتی دنیـــاوو دینیـــشم لـــە هـــەردوو کولمەتـــە
خەنـــدەوو گرژینـــەوەت، شـــەوقی بـــە عالـــەم گرتـــووە
زولفـــی تاتاشـــت خـــەریکی بـــاری زەخـــم‌و کولفەتـــە
مەستی بـەنگ‌و، عـارەقی نـازو، گریـشمەو لەنجەکـەت
تـــاوەکو ڕۆژی بـــەقا، نوســـتووی هـــەوایی دەرگەتـــە

(ڕاجیـــا)! دێوانــەیی دانـــێ لـــە عیـــشقی دڵبـــەران
کێ نەسووتێنێ بە گورجی ڕۆحی خۆی، بـێ غیرەتـە!!.

(٧)

تـــا لەبـــەر یـــاری عـــەزیزم دڵ حـــەزینم، ڕەحمەتـــە
هـــەم بـــە زوڵـــفو پەرچـــەمی، دەردو بـــرینم ڕەحمەتـــە
دێمـــە قـــاپی دڵبـــەری ڕەنگـــینو شـــۆخو ســـەروەرم
چـونکە وەســـڵی ئـەو لـە جیـسمو ڕۆحو ژیـنم ڕەحمەتـە
ســەد کــە غــەمبارم لــە تــاوی پەرچــەمو ئەگریجەکـەی
جــەورو بــێ ڕەحمیــشی بــۆ ئیمــانو دیــنم ڕەحمەتـــە
ڕۆژی ڕووت هەڵهاتـــە چـــاوم، پێـــی بڵـــێ ئـــاوا نـــەبێ
چـون بڵێـسەو تیـشكو تـاوی، بـۆ گەشـینم ڕەحمەتـە
ســۆزی عیــشقت کەوتــە دڵ، ڕۆحو دەمــاغم هاتــە گێـژ
خێــرو خۆشــم، هــۆشو نۆشــم، لوتــفو قیــنم، ڕەحمەتـە
تــۆ شەهەنــشاهی زەمـــانی، مـــن هـــەژارو بێکەســـم
چـــاوەنۆڕیی مـــن لـــە دەرگـــایی مـــەتینم، ڕەحمەتـــە
گـــەر لـــە تاقـــەتما نـــەبێ بتگرمـــە بـــاوەش، ڕۆحەکـــەم
ئـــەو دەمو لێـــوە بـــە خەونیـــشی ببیـــنم، ڕەحمەتـــە
کـارو پیـشەت، گەرچـی جـەورو قـەهرو فـەوتانی منـە
ژەهـــری بـــێ ڕەحمیـــت لەســـەر چـــاوی گـــرینم، ڕەحمەتــە
(ڕاجیا)! هەرچی بەسەر من دێ، لە دەستی عیشقی یـار
هـــەروەکو ماچـــی لـــەبو کوڵمـــەو جـــەبینم، ڕەحمەتـــە.

(٨)

خاڵـــت لـــە دڵـــی ئێمـــە، دەڵێـــی ســـەلکەبزووتە
چـــاوم لـــە مـــەزەی فێنکـــی دەمو، بـــادەیی زووتـــە

ماچــت بەســەرو گیــانو دڵــە، نــرخو فرۆتــە
بــازاڕی ســەرو کوڵمەتــە، هێنــدە بــە بڕووتــە
دڵ بەســتەیی ئەگریجـەوو، گەســتەی ســەری مووتـە
جان خەستەیی سینەو مەمە، یا مەستی هەمووتـە؟
ئەبرۆتــە لەســەر تــاقی عــەرەق، تاقــەوو جووتــە
گرتوویــە ســەرت ڕیــزە گــوڵو تاقــەوو جووتــە
ئــەم ئــاگری خــەرمانی تــەنی ئێمــە، لــە ڕووتــە
ســووتانی منــی ڕووتــە، بــە بــێ قەیــدو شــرووتە
هیــوای دڵــی بێــچارە، بــە ماچــی یــەكو دووتــە
هــەر لایــێ ئەچــی، وەك تولــە ئامــادە لــە دووتــە
(پشکۆ) ، سەری زوڵفــی قەبــەسو دەســتەیی شــووتە
ئەو ســاتە کــە گــەش دەبییــەوە، تــۆ کــاری پشووتە.

(٩)

بــەم دەردی دڵــە، قامــەتی داوم لــە هەتیتــە
زوڵفــی لــە بــرین برژەیــی، دەرمــانو پڵیتــە
وەختــی ئــەدەبو زەوق، شــەرابی لــە دوو چــاوە
وەختــی شــەڕو داوا، دەسو بــازوویی جلیتــە
وەك شــیعەیی عاشــوورە، تــەنم هێنــدە کوتــاوە
هێنــدێکی بــرین، ئیکــە ڕەشو، ڕەنگــی چــویتە
نــەبزووتووە دڵ، لــەو دەمــەوە لاملــی گرتــووی
مــاڵ مــاڵی مناڵانەیــە، بــەردی بنــە پیتــە
تــا بــانگم ئــەکا مــەرگو، ژمــارەی گەلــە ئــەکرێ
چــاوم لــە دوای ڕوومــەتەکــەی ســوورو ســپیتە

ئەم کوردە وەکو من، کە شەپرزەی مەیو بەزمە
هۆزێکە، لە ژێر مەرحەمەتی بەرزو نەویتە
گوارەت وەکو مێلاقە، ترنجت مەمە، لێو مەی
ئەم تك تکەیی ئارەقی سەر سینە، جەویتە
بڕوانە قەدی، هەڵچووە وەك عەرعەرو شمشاد
ئەو جووتە مەمەی سەیرکە، قنجو خڕو قیتە
(ڕاجی)! بە خودا چەندی ئەڕێژم لە دڵم خوێن
تەن کەوتەیی باری خەمە، چاوم پڕە لیتە!!.

(١٠)

نەورۆزی ساڵی ١٩٦١

جەژنی دڵە، جەژنی گوڵە، نەورۆزە، بەهارە
جەژنی نەتەوەی کوردە، چ لادێوو چ شارە
دەرچوونە لە دەس جەورو هەواو، بەستنو سەرما
چی خاکە، چ ئینسانە، چ گیاوگوڵە چ دارە
ئەم ڕۆژە، سەری سێسەدو شەست ڕۆژە لە ژینا
ڕۆژی هونەرو بیرە، بەشی ڕاوو شکارە
گەر نووحە، ئەگەر هوودە، ئەگەر کاوەیە، تێکڕا
لەم ڕۆژە گەیشتوون بە ژیان، هەرچی لەبارە
ئەم عەردە کە هی تۆیە، دەبیکێڵە بە گورجی
بیژێنەوە چی مردەڵەوو ڕووتو هەژارە
بیکوڵێنەوە، دایڕێژە، ئەوی ڕێژەوی کانە
پێی لادە لە خۆت، چی دژە، دوژمن بە هەوارە
ڕازاوە ئەوەی مێرگو کەژە، تێرکە تەماشا
پڕشنگی، هەموو ڕەنگی گوڵو باخو چنارە

بووکێکــە لــە نــاو باوەشــی زاوایــی ژیانــدا
شــایی لــە هــەموو گۆشــەیی ســاراوە دیــارە
هــەر پنجە گــوڵو دارە، کــە جــێگیرە لــە ڕیــزا
دوو ڕوو نییــە، لــەم یەکیەتییــە پاڵــەیی کــارە
چــاوت نــەفرێ، مژدەیــە بــۆ هــۆزی قەڵەنــدەر
گــەر ئــاگری ئەمــساڵو، ئەگــەر سووزەیی پــارە
بێگانــە! ئــەتۆ چــاکی بزانــە کــە گــەلی کــورد
نــامرێ، کــە لەشــی گــشتی لــە پــۆڵاوو دەمــارە
مێژووی سەرەتای ئارییو هیندۆسە، لە پێش خەڵك
پیــشەو هونــەری ڕاســتە، بــە میلیــارو قــەتارە
نەتبیــستووە، چــەرخو فەلــەكو سیحری مەجەسکار؟
پــیلانو تەلیــسماتی حیکایــەت، بــە هــەزارە
ئیــسپاتی ئــەکا عیلمــی ئەســەر، کردەوەیــی کــورد
وەك (ســێر کــساندەر)کــە ئــەڵێ، بیکــە بــە گــوارە
زیندووبــەوە، نــەورۆزە، لــە ڕەگ شــین بــەوە ئــەمجا
گــوێ بگــرە، مەدۆڕێنــە بەشــت، بــەخت لــەکارە
چــاوێك بخــشێنە تــۆ بــە خــاكو دەرو دەشــتا
چەشــنی وەتــەنی تــۆ، لــە چ لاییێکــی دیــارە؟
پاشــی تەمــەڵیو کــەوتنو، دامــانو هــەژاری
نــۆرەی تەمــەنو یەکیــەتییو گەشــتوگوزارە

مەفرۆشــە شــەڕو، وەرگــرە هــەق، هــاتووە کاتــت
خــاوێنی کــەوە چــاندەمەنیت، تــۆخی بــژارە.[1]

(١١)

ئــەو لالــە درەخــشانە، ئــەڵێی ڕۆژی بــەهارە
وا دێــتو دەچــێ، ئــوفقی دڵــی گرتــە کــەنارە
ئــەو گوڵــشەنە ڕەنگینــە، لــە دەم بــادی ســەبادا
یا شەوکەتی ئەو، هەر لە لەبی خونچەیی پارە؟!
زوڵــفو خــەتو خــاڵی، حەرەســی گــەنجی جــەماڵن
گەنجێکــە بەکــەس نایەتــە نووســینو ژمــارە
چــاوی بــە هــەوای غــەمزە، دەکــا غــارەتی جانــان
چــاوی چ؟ مەگــەر هەڵمــەتی شــابازی شــکارە
ئــەی لێــو شــەکەرەی جیلوەگــەرە، مەرحەمــەتێ کــە
یــان لــوتفی تــۆ لــەم خەستەیی دەرگانــە خەسارە؟!
واعیــز! تــۆ مــەدە پەنــدی ئــەدیبانو لــەبیبان
وا تێمەگــە ئــەم دەرســی پڕووکانــە قومــارە
ئــەم ســێبەرە مەخرووتــە لــەناو جیسمی نەخۆشــم
ئایــا دڵــە، یــا سایەکەشــی پەرچــەمی یــارە؟!
زانیومــە، ســوپەر نایەتــە بــەر تیغــی جــەفای تــۆ
ســا بیبــە ئەگــەر ڕووحــە، وەگــەر ســەبرو قــەرارە
(ڕاجــی)! بــە هــەبا مــاوی لــەناو داوی ڕجــادا
تــۆ ڕووتو ڕەجــاڵێکی، ئــەویش خوســرەوی شــارە.

١- ئەم هۆنراوەیە ماویەتی، بە هۆی تەڕبوونی دیوانەکەوە ڕەشبۆتەوە، بۆمان نەخوێندرایەوە.

(١٢)

ئەو خونچە دەمەی، مەم کەلەمەی، کوڵمە بەهارە
ئەو سیمی تەنەی، دەست بەخەنەی، لالە عوزارە
ئەو موشك مووەی گوڵ ڕووە، ئەو بێچووە غەزالە
کوشتوومی لەهەرلاوە، بەسەد بەندو قەنارە
ئەو باخە یەخەی، هالە ڕوخەی، تازە نیهالە
خستوومییە سەر ئاگری ئەم سەبرو قەرارە
بەم غەمزەیی چاوانە، وەکو سومبولی گێسووی
بەستوویە دڵی غەمزەدە، بەو قەددە چنارە
بای وەعدە هەناسەم، کە بپشکوێ لەبی خەندەی
بۆ باخی ئەوە، گریەمە ئەو حەوزو کوفارە
ئەمشەو چ دەکا هەوری غەمو ڕێژەنی گریەم؟!
وەك بورجی دەلوو ماسییە، ئەم بڵقو بوخارە
جانا! بەخوا سوێندت ئەدەم، بۆچی هەموو دەم
(ڕاجی) لەدەری وەسڵی تۆ، پەرپووتو هەژارە؟[١]

(١٣)

مەسئەلەی عیشقی حەبیبەم، گەر بە ملیۆن دەفتەرە
ناگەیە باسی ویساڵم، یەك بە یەك پێدا وەرە

١- جێی سەرنجە ئەم غەزەلە کە مامۆستا ئەحمەد دڵزاری شاعیر کردوویەتی بە پێنج خشتەکی، لە دیوانە دەستنووسەکەی ڕاجی دا نییە، لە (دیوانی دڵزار)ەوە وەرمان گرتووە. دیوانی دڵزار، ئامادەکردنی: دڵزار، پێداچوونەوەی: ئازاد دڵزار، چاپی دووەم، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر، ساڵی ٢٠٠٦، لا ١٨٤.

خــەم لــە دەرگانــەی دڵمــدا، پاســەوانە ڕۆژو شــەو
کۆمــــەڵی بــــەزمو خــــەیاڵو شاســــواری دڵبــــەرە
دەم لــە شــێوەی بــادە تەڕناکــەم، لــە کۆگــەی دووریــیا
ئەشــکی خــوێنینم لــە ڕوودا، جۆیــەباری کەوســەرە
وا لــە دەوری دڵ ئەســوورێم، هــەروەکو ســەوداگەران
ناڵــەیی هەمــدەم لــە دڵمــا، چــونکە عــەینی میحــوەرە
بــۆچ نــەناڵم ڕۆژو شــەو، نــەماوە ئــارامو قــەرار؟
دڵ ئەســـیری بەنـــدوباوی ســـاحیری ئەســـکەندەرە
گــەر ئــەزانی چــاوەکەم، ڕۆحــم بــە لای کێــدا چــووە؟
وا هەڵاوەســـراوی بوتخانـــەو مـــەقامی ئـــازەرە
کووچــە کووچــە، هــەروەکو دێوانــە تــۆ خــۆت بــەد مەکــە
هاتوچــۆی یــارانی ئێــستا، (ڕاجیــا)! دەردی ســەرە.

(١٤)

دیــسان لــەدووای قامــەتو ڕەفتــاری عــەزیزە
پامــاڵمو ســەودازەدە، بــێ پــووڵو پەشــیزە
بــۆ چــۆڵی ئــەڕۆم، غــەم ســەری خۆشــیم ئەشــکێنێ
بــۆ شــار ئەچــم، ئەمخەنــە بــەر بــەردو ســتیزە
هەرچــەندە شــوێنێ نییــە بیکــەم بــە نەشــیمەن
ســەرڕای هــەموو ئــەم حاڵــە، نیگــارم دژو زیــزە
پێــچراوە لــە پەرچــەم، دڵەکــەی بــەو ڕووە بــرژاو
ئیمڕۆکــە حــەزت چــۆتە کــەبابو تــەڕەتیزە
بــاڵای کــە ئــەڵێی قاڵبــە، نووریکــە لــە یــەزدان
شــایانە هــەموو حــوورو پــەری ببنــە کــەنیزە

بــۆ بــەزمی مــەی‌و بــادەوو گۆینــدەوو بلــوێر
وەك هەڵقــەیی نــاو کابەیــە، گرتوومــە زریــزە
ســەر بۆچییە، گــەر دانــەنێ بــۆ گــوڵی کوڵمــەت؟
نــاڕۆم لــە دەرت، تــا نــەکرێم ڕیــزە بــە ڕیــزە
گرتوویــە قــەدت، ســەد دڵ‌و ســەد جۆرە گــوڵ‌و بــەر
ســێوو دوڕو یــاقووت‌و، گــوڵی بــاغ‌و گــەزیزە
(ڕاجــی)! تــۆ بڵــێ تەمبــەڵی هــۆزە، کــەرەدێزە
نەرمیکــە ســەری چــەوتی، بەقەمــچی‌و بــە نــەقیزە.

(١٥)

ئەچــم میــوانی دڵبــەر بم، ئــەڵێن ســەردارو قۆناغــە
کــە بــاغی ڕوومــەتی هــەردەم، لــە چاوەی چاوی مــا زاغــە
غەزالــەی خاڵەکــەی کوڵمــەی، چ گــەنجوورێکی ڕەنگینــە
پیاڵــەی لێوەکــەی ئــاڵی، چ پــەرداغێکی پەرداغــە
لەبــەر قــاپی ئــەنالێ دڵ، لــە لــەب لــوتفێکی بــۆ ناکــا
خــودا! یــا بیــدە یــا بیبــە، کــە ناســاغێکی پــڕ داغــە
بە گوڵزاری ویسالی ئەو، هــەموو زاغ‌و ڕەغــەن خۆش بــوون
لەبــەزمی عەنــدەلیبی مــن، عەجــەب ئــەو باغــە یاســاغە!!
ئــەزانی بــۆ تــەپیوم، بــۆ ڕزیــوم، بۆچــی ســووتاوم؟
لــە لای یــاری جیهــانگیرە، دڵــم شــەش ســاڵە قاچــاغە
چ غەدداریکــە؟ هــاواری، ڕەقیــب خــستۆتە نــاو دنیــا
تــۆ پێــی بــاوەڕ مەکــە گیانــا، قوڕمــساغێکی ناســاغە
لــە دیــوانی کــەماڵت دا، ئەگــەر دڵ بــازە، بــێ نــازە
لــە بــازاڕی جــەماڵت دا، ئەگــەر ســەر ســاغە، ئایاغــە

ڕوخت بۆ ڕووحی پڕ زیکرم، چ فیردەوسێکی فەرِ دەوسە
قەدت بۆ لەشکری فیکرم، چ بەیداغێکی بەیداغە
ئەوەی زوڵفت نواندوویە، مەگەر هەر خوێنی (ڕاجی) بێ
بەڵێ یەك ڕەنگی مەعنایە، نەوەك سەد ڕەنگی بۆیاغە!!.

(١٦)

لە کوردیدا هەموو گیانم، بەکوردی، خاسە خۆراکە
لە مەیدانا کە کوردێکی تیابوو، سەربەخۆ ڕاکە
سەراوردی زەمانو گۆڕە، گۆڕی کارەساتی کار
گولو گەڕ، وەك شەلو کوێری، هەموو ئازاوو چالاکە
شەپۆلی بای خەفەت بەحری موحیتی سەربەسەر واژاند
زەمین وەك کانی ئەسماكو سەما، وەك عەینی خاشاکە
جیهانی هانە هانای دڵ بە هیچکەس ڕانەگا، چبووە؟
درۆ بارانە، پیلانبازییە، کوێربوونی ئیدراکە
سەراپەردەو تەلارو کاخ، سەرەوبن بوونو تێکڕووخان
قوڕت دەسناکەوێ، خێرا، تەمی دونیا بەسەرداکە
لە چاخی زەڕڕەوو ئۆکسیدە، بێ سەر کەڕ ئەبن یەکسەر
چ ببیەی، چی ببینی، چی خەیاڵ کەی، ماکی ئیهلاکە
لە خاوەن خانو خانانا، کە دەستاو دەستی خەرمانە
لە بابەت ڕاوەڕاوی خاکە، ئیستیملاكو ئەملاکە
ئەڵێن ئەم چەرخو ئەفلاکە، قەدیم وتراوە (لَولاكَ)
کە ئەم تۆپیوە، کرمێیە، دە ڕووت لەو لاکە، لەولا کە!!
هەموو هاوینو زستانی بەسەرچوو، هێشتە نەمزانی
چ خۆشە، چی نەخۆشە، بەختو تەختی لێ بەرەڵڵاکە

عەدالـەت وەك تـەرازوو ناسـراوە، سـەر بەرامبـەر سـەر
بەهەشت هەشتو، جەهەندەم حەوتو، گاور زۆرو کـەم پاکـە
چ سەرسـامم کـە بنیـادەم، هـەموو تیتـاڵو فیـشاڵە
ئـەوی کـردت بـە مێشکی تێگەیشتن، پۆخی لوولاکـە
لـە کوشتەو بڕیە دەرناچی، بـە خاکـا چیو بـە ئـاوا چی
کـە خـۆ دەرخـستنو مـان بەسـتنت، بـۆ مـەرگو پیتاکـە
بـرا لێکبوونـە دوژمـن، مـن، نـەما جێگـەم کـونو قـوژبن
بـە ناهـەق بردیـان ڕەنجـم، چ سـیواکە، چ تەنباکـە
لـە مـوڵکی شاکە شـاکی غـەم، لکی خـەڵکی تەماشـاکە
چـلۆن ژاکـاوە، میـوەی هـەڵوەریوە دارە سـاواکە!!
چ ڕزگـاری بکـا ئـەم هـۆزە دامـاوە، لـە دامـانی
کـە (ژیکـۆ) پـڕ بـە دونیـا، دڵ بـەبارو، گیـانی خەمناکـە.

(١٧)

بـەس دەربـەدەری هـۆزو، تـەمی خـەم بـە سـەرم کـە
بـەس تیغـی مـوژەو، جۆشـی وەڵاتـان لەبـەرم کـە
چـیتر بـە هـەوەس مەمـدەرە بـەر خەنجـەری دوژمـن
هـەر خـۆتو خـوا، لـەم دەرە لەتلـەت جگـەرم کـە
مەسـتمکە لـە چـاوی وەتـەنو، بمخـەرە زینـدان
زنجـیرو گرفتـاری کەرەسـتەی قـەدەرم کـە
چێـشتوومە هـەموو تـامی دڵو، زاری غـەریبی
لـەم خاکـە، بەسـە بمکـوژە، بـەس دەربـەدەرم کـە
دەسـت هەڵـگرە، هەڵبێنـە تـۆ ئـەم چـاوە، ببینـە
خـەڵکی لـە چ باوێکـە؟ ئـیتر خـۆش خەبـەرم کـە

عالــــەم لـــە چ ڕاوێـــژو، چ ڕاوێـــكو چ ڕازێـــك؟
یـــا دڵ بـــە دڵـــم دادە، وەیـــا ســـەر بەســـەرم كـــە
وا گـــوڵ ئەگەشـــن، پێئەكـــەنن خونـــچەیی لێـــوان
تـــۆش ڕاهـــەژە ســـا مەســـتی پیاڵـــەی ســـەحەرم كـــە
ســـەر داومـــە بـــەر پێـــتو، لەشـــم پـــردە لـــە ڕێتـــا
بـــەو تـــۆزو تـــەمی دامەنەكـــەت، بـــەهرەوەرم كـــە
باســـی ســـەرو زوڵفـــت كـــە دەكـــەم، ڕۆژی بەڵامـــە
ســـاتێ بـــە دەمو كوڵمـــەوو مـــەم، جیلوەگـــەرم كـــە
ئامادەیـــە (ژیكـــۆ)، بەهـــەموو ســـوودو زیانێـــك
ســـا هەســـتە لـــە دوو چـــاوی بەڵـــەك، چارەســـەرم كـــە.

(١٨)

ئامـــە! بـــۆ جـــەرگت بڕیـــومو هەڵگوشـــیوم، ئامەكـــە؟
ئامـــە! بـــۆ گیـــانو دڵو بـــیرت دزیـــوم، ئامەكـــە؟
پـــێم بڵـــێ ســـا كـــەی بـــچێژم تـــامو بۆنـــە خۆشـــەكەت؟
كـــەی ئەنیـــشێ پـــێم بڵـــێ، هۆشـــی فڕیـــوم، ئامەكـــە؟
چـــاوە تیرەندازەكـــەت، وا بۆتـــە موقناتیـــسی ڕۆح
كارەبـــات خـــستۆتە جـــەرگی ڕاهـــەژیوم، ئامەكـــە
لـــوولی زوڵفـــت خستە مـــل زەوقـــی خـــەیاڵو بـــیری مـــن
وا وەكـــو میـــوەی بـــڵو پێكداتـــەپیوم، ئامەكـــە
ڕەنگـــی ئـــاڵی ڕوومـــەتت، تێكـــەڵ برووسـكەو تارییـــە
ڕیوەڵـــەو، ڕوو زەردو، لێوقرچـــاو، هـــەتیوم، ئامەكـــە
تـــو خـــودا، بۆچـــی لـــە باســـی ماچـــەكانت نـــادوێی؟
سۆزی ڕووت پـــەردەی حـــەیاو شـــەرمی دڕیـــوم، ئامەكە

سـەر، بەگێـژی ماتـەمو سـەوداتە وا ئەخولێتـەوە
وەك ڕەوەز، بورکـان زەدەی ڕووتم، خزیـوم، ئامەکـە
زوڵفـی ڕەشمـارت کـە گەسـتی لاملـی وەك زەردە بێت
مـن بـە ژەهـرو زامـی گەسـتەی داڕزیـوم، ئامەکـە
تێـر نـەبووم لـەو بـاوەشو بۆنـەت، چریکاندی وەڵات
شـێتو هـار بـووم، تـازە ئـیتر تێپـەڕیوم، ئامەکـە
وردە خاڵـت کـردە تەمغـەی مـەرگو بێ هۆشـیمو دڵ
تـۆ بـە مـۆری شـا سـەرو ماڵـت کڕیـوم، ئامەکـە
کوشتمی ئەو سوورە بەنـدە، ئـەو گوڵـەی ناسـك بـەدەن
ڕەحمـی پـێم دادێ هـەموو دیـوو نـەدیوم، ئامەکـە
سـیسو لاوازی خـەمی ڕووتم، جـەفاخوردەی زەمـان
وەك گـوڵی باخـت لـە داخـت هـەڵوەریم، ئامەکـە
هەروەکو (ژیکۆ) بەرامبەر وردە زوڵـفو، خـاڵو خـەت
بۆ هەموو دەردو بـەڵای عیشقت چـەقیوم، ئامەکـە!!.

(١٩)

شـاعیر کـە ئـەهۆنن پەنـد، هـەر ئێکـە مەبەسـتێکە
دونیـا لەبەرابـەر هـەق، هـەروەك لەپـە دەسـتێکە
یاریکـە بـە هێـزی یـار، یاریـدەیی کۆمـەڵ دە
یـا ڕاکـە لـەڕووی دیـدار، بـڕوا بـە هەرەسـتێکە
هـەر جەوهـەری ئاتۆمێـك، بـازاڕو بزووتێکـە
هـەر کـاری گـەلو هۆزێـك، گـیرۆدە بـە قەسـتێکە
هۆشـی بەشـەرو زانـین، بیزانـە چ هۆشـێکە!
دەسـتی هونـەرو تـوانین، بیناسـە چ دەسـتێکە!
دیـدە ئـەوی بیبینـێ، ڕامـە لـە پـەلاماری
هەر بۆیە هەموو گیانێـك، سەرمەسـتی ئەلەسـتێکە

هەر کەس بیەوێ چاوی هۆش‌و دڵی خۆی گەشکا
بێژە وەرە جامی ژین، پڕ بیری هەوەستێکە
ئەو کاتە لە بیرم چوو، بیرەم بە عەرەقدا ڕشت
ئێستا کە کراس پیسم، ڕووتیم لەمە قەستێکە
هەڵنایەم‌و هەڵبێنم، سەد جووجەڵە غەمباری
بمرم لە کون‌و کۆڵیت، ماوەم چڵ‌و شەستێکە
سەرکردەیی ڕۆژی بوون، گێڕای سەری پڕ کاری
پەڕگاری نەوەستاوە، گێژیم لە چ هەستێکە؟
سەوداسەری زەردوویم، هەروەك شەکە گێژی ماڵ
هەرچی کە سەرم ببڕێ، هەر بۆ کوتە گەستێکە
هەر کەس بیەوێ بژیا، پیاوانە لەهەر خاکێك
دامێنی خوا بگرێ، چی ساغە چی خەستێکە
لەم کۆمەڵە ئینسانە، خاوەندی دەماغی بۆش
گەرچی بەشەرە ناوی، عەینی قوڕەپەستێکە
هۆنیم کەژو ئاوریشمی بیرو لەسەری تۆم بەست
ئەم خانووە ڕامبەستووە، هەر بەردی لە بەستێکە
هۆ کاکی گەلی کوردم، مەمرە بە منالی تۆ
هەر باوەت‌و باپیرێك، مێشکوژ لە چ ڕەستێکە؟
مێژوو نییە گوفتارم، هەر دەسك‌و پەرێزێکە
وێژە کە بنێژم من، سەد میوە لە ڕستێکە
ئەم دایکە نەخۆشەی خاك، ئیمرۆکە نەزۆکێکە
ئەم کارە چرووکانەت، (ژیکۆ) چ کەرەستێکە؟!.

(٢٠)

ساقی! قەدەحت وەك دەمەكەت دڵكەشو تەنگە
مەیلت وەكو زوڵفی سیەهت مائیلو لەنگە
لەو كوڵمەیی پڕ نووره، بە خاڵو خەتو پەرچەم
ئیمڕۆ تەمەنی لوتفە، تەماشایی فەڕەنگە
تا پەنجەیی زیوینی تۆ ڕەنگینە بە خوێنم
بۆ نەخشی سەرو زوڵف، چ هیوایی بە ڕەنگە
دەردت لە دڵم، زەهری هەلاو زەخمی سینانە
عیشقت لەسەرم، شۆڕشی تیمساحو نەهەنگە
ماچی دەمەكەت، بۆ قەدەغەت كردووە ئێستا؟
خۆ ماچی دەمت وەك مەسەلەی سائیرە، دەنگە
هەر نێشی هەیە خاڵی ڕووان، بۆ منی بێزار
هەنگوینی نییە، هەر بە خەتا ناوی بە هەنگە
ناسراوی هەموو عالەمە، ئەو یاری بەڵەك چاو
وا نەرمو تەڕو ناسكو چالاكو چەلەنگە
بەو بەندەقەیی زوڵفەوو خاڵی خەتەراوی
گوێم هەردوو پڕی گوللەیی بێدەنگی تفەنگە
بۆ ڕەسمی وەفادارییە، دێ یاری گوڵەندام
خێرابە وەرە حازرە مەی، (ڕاجی)! درەنگە.

(٢١)

ڕێگەیی عیشقم درێژو، هەردوو قاچیشم شەلە
بۆ خەبەر وەرگرتنیش، ڕێ، بێ تەلیفۆنو تەلە
هێند ئەڕێژم ئەشكی پڕ سۆزو بەكوڵ، لەم چۆڵەدا
بۆتە دەریا دەورەمو ناخاتە وشكی، پێ مەلە

ناگەمــە بــاڵای نیگــارو، بــاوەش و بــۆس و کــەنار
گــەر بەخــەونیش بێتــە بەرچــاوی خــەیاڵم، هــەر حەلــە
نازەنینــەی سەرکەشــەی بێباکــە، بــێ خــوێن کوشــتمی
هــەر بــە چــاو ئیــشم ئــەبینێ، هێنــدە عــەییارو دەلــە
کاتــەکی دێ، دامــەنی هــەڵکات و زینــدووم کاتــەوە
پێی بگەم، دەستی لە مل کەم، ئێستە هیچ ناکەم پەلــە
نرخــی ژیــن و دیمەنــە، دڵــداری پاشــاوو گــەدا
بــیری پــاراوی دڵــە، هیــوای ســەروکاری گەلــە
وەختێ ڕاوی دابەشی، خۆی تێکــەڵی ســەد لەنجە کرد
چــاوەکەی بــازو هەڵۆیــە، عاشــقی بێکــەس مەلــە
لاکــەلی زوڵفــی، تراقــەی خــاڵی وا هــات و تەقانــد
ئەیکوژێ هــەر کــەس لــە دەشــت و ڕێگــەوو چۆم و کەلــە
چاوی (ڕاجی) بــوو بــە چــوارو، چــاوی بیمــاری نــەدیت
بابزانین چەرخی چــەپ، هــەوڵی بــە کێیــە ئــەم هەلــە؟!!.

(٢٢)

هــۆ (کــا حەســەن) شــەوقم بــزووت، بــە قاقــەزی تــۆ ئــەم هەلــە
ســولتانە زاوە تــۆی غــەلــەت، ڕاکێــشە بــانگ و هەلهەلــە
بوختانــە تووشــی تــۆ بــووە، بێبــەش بــە گــژ مــەلا چــووە
وا خانــەمی پــڕ کــردووە، لــە لۆدەکــاوو مەزبەلــە
دەســتت لــە گیرفــان بێنــەدەر، تــامی نــەما ســەبرو ســەفەر
کــوڕی ســوڵتانە بــوو بــە کــەر، لــە پێــشی دانــێ خەرتەلــە
ســەراوو نافــەکی دڕی، ســەری هــات و لــە بــەر پــڕی
جاشــك بــە بێــچووە ســەگ وەڕی، لــە چۆکی داکــی کــەن جەلــە

(حەسەن، حەسەن) هەسان مەسوو، جاسووسە لێت کچو خەسوو
پێچو پەناوو لاپەسوو، هەرچی گەیشتییێ هەر حەلە
نایێتەدەر کچی قەرەج، بۆی بانگ ئەدەم، (فَرْجٌ فَرَج)
میتکەی لەڕێی ببێ بە حەج، ئیحرام ببەستێ بەچکەلە
بەزمو هەراوو هەلهەلە، بە سازو بازو سەوزەڵە
بە چووزەکیو بە زەلزەلە، بە چەنگو تارو تووزەلە
بڵێنە سەر مامانەکەی، وریا بێ جاشکدانەکەی
نەدڕێ لەگەڵ نقدانەکەی، پێیدا پەڵوولە، زوو لەلە
خانم دەزێ فیدای ئەوە، بە دەشتو هەردو وەردەوە
بە هەولێرو بە پردەوە، هەتا دەگاتە بەرتەلە
سولتانە، وتیان ئاوسە، هەڵاوەساوی چوار دەسە
دەژی وەك مەشکە گاوسە، لە دۆو کەرە مەکەن پەلە
ئێستە شەوارەی ئاغەیە، بۆ دان ئەلێی بناغەیە
لەبەر ئەو دەردو داغەیە، سولتان کۆمی بە گێچەڵە!!.

(٢٣)

دونیا بە هەموو شێوە، ئەگەر شیرنو تاڵە
چاوی لە نموونەی دەمو لێوو خەتو خاڵە
وەك من، بە ئەدەب نایەتە سەر تەونی تەماشا
کەڵکیتی مۆژەی نێزەوو، کاکۆڵی مەتاڵە
گۆگردی نیگای، شورەیی گیانم ئەگرێنێ
من دێمو بە کوشتن چم و، ئەو شۆخە لەماڵە
کوردە لە سولەیمانییو، کۆیەی بە هەوا خست
داوێکە تکای ماچیو، سەد سێلکی لە پاڵە

بـەو خـالّو خـەتو گەوهـەرە، سـەڕڕافو عـەتارە
بـەو شـیرینیو مێـشاوییە، قەصـصابو بەقالّـە
ئەسـتێرەوو ڕۆژیـش، وەکـو ڕووی کـونجرو پۆشـن
بنیـادەمی بـێ ئاوەڵـە، وەك سـەوزەیی کالّـە
سـایەی لەسـەرم بۆتـە حەسـاری دڵـی زارم
شـەوقی لـەدڵم، وەك لـە شـەوا ڕۆسـتەمی زالّـە
ئـەمجارە ئەگـەر بێمـەوە کەعبـەی شـەرەفی کـورد
ئـەو سـوورە گوڵـە، مامڵـەتی بـێ نـرخو فەسالّە
(ڕاجی)، بە هەوای سینگو بـەرو دۆشـی مەلیحـە
گـۆیی دڵ و تـۆپی مـەمی کردۆتـە گەلاڵـە.

(٢٤)

بولبـول لـە شـکۆفەی گوڵەکـەت، جـەژنی حەلاڵـە
بـۆ چەهـچەهەوو خوێنـدنی، گـوڵ گـوێگرو لاڵـە
مەشـقی هـەوەسو مەسـتییە، لـەو چـەنبەری زولّفـە
غـەیری تـەرەبو جیلـوە، هـەموو ئیـشی بەتاڵـە
ئەو وەختـە گەیشتم، کـە بەخزمـەت گـوڵو بولبـول
زانـیم دڵەکـەی سەرکەشـم، ئـەو سـاتە لـە ماڵـە
گیـانم، بـەخودا، هاتـە هـەواو بـەزمی مەحەببـەت
فـەرمووی: بـە لیقـا خـۆش ببـە، وەربگـرە حەواڵـە
گـەر سۆسـەنو نەسـرینە، ئەگـەر نێرگـسی شـەهلا
یـادی نەفەسـی بـادی سـەباو، خۆشـیی سـاڵە
بۆنێکـە لـە ڕۆژانـی ویـسالی دڵو دڵـدار
گـەر عەنبـەری سارایە، وەگـەر سـونبولی کاڵـە

چۆن نایەتە بەر شوعلەیی ئەنواری هیدایەت؟
گەر حەزرەتی ئەسکەندەرو، گەر ڕۆستەمی زالّە
جانا! لە فیراقت بە خودا تەنگە دلّی من
گەر شەککەرو هەنگوینە، لەناو زارمە تالّە
(ڕاجی) لەهەموو ڕێوە، مەگەر عوزری قبوولّە
بۆ تۆقەیی جەژنانە، خوا شاهیدی حالّە!!.

(٢٥)

دلّ لە ڕێی ئەو شۆخەدا، وێنەی سەمەندو دولّدولّە
گەرچی ئەو شۆخە لەگەلّ ئێمە، هەموو دەم دوو دلّە
چاو لەبەر لێشاوی فرمێسکو تنۆکی ئارەقە
لێلّو سوێرو کول بووە، بێ سوودە پونگو قلّقلّە
هێندە هەولّمدا کە پێك شا بینو، باوەش دەم لە تۆ
کۆییسنجاقم فرێدا، گەیمە خاکی (قولّقولّە)[1]
وەك قەلی باڵو دەماخو دلّ ڕەشە، ئیمڕۆ ڕەقیب
کلکی سەربالّێك درێژە، وا دەزانێ هەر قولّە
هێندە ناسك سینەیە، لامل زەرە، زیوین تەنە
وەك وڕەی لۆکەو حەریرە، ناسکو لووسو ملّە
وەختێ ئەمتۆقێنێ بەو تۆقەی سەرو ئەگریجەکەی
وەختێ من پەل پەل ئەکەن مێخەکبەنو ئەو پلّپلّە
چاوی سەرخۆشی تۆوە، گیانی نەخۆشی ئێمەیە
کولّمەیی سوورو سپیتە، ڕووی منی زەردو بلّە

١- قولّقولّە: یەکێکە لە گوندەکانی دەشتی کۆیە.

بوومە بەحری گریەوو زاری، دڵیش گۆزەی گڵە
ئەم شکا، ئەو هەڵچووە، بەشکم بڕسکێ ئەو گوڵە
گەر دووای مەرگیش، دراوسێ بین لە گۆڕستانەکان
بەینی گۆڕی هەردوولامان، ئەیسمم وێنەی وڵە
دڵ لە ڕێگای چاوەکانت، چەشنی دێوی سەرچڵە
هەروەکو ئەو ڕوومەتە لاسوورە، سێوی سەرچڵە
هەستە بیبینە قەدی شۆخی، بە سینەو مەمیەوە
(ڕاجیا)، هەر بیچنە، بیشکێنە مەغزو کاکڵە.

(٢٦)

ئەو ماچی دەمو لێوە، کە شیرینو بەتامە
نەمزانی، نە زانینە، نەڕاوێژە، نە وامە
من، هەردەمە لەم چاوو دڵەم ئەشك دەڕێژم
ئامینە دوعای ڕۆژو شەوم، نامەمە، ئامە
نارنجی مەمت، بۆتە مەزەی سۆزی درێژم
ئاهی دڵی سەرخۆشمە، لەو سینە بەکامە
کوڵمەت گوڵی ئاواتی گەلەو، زینەتی ژینە
بالآت قەدەغەی ئەشكو غەمەو، تازە نەمامە
بیرت لە دڵو مێشكو دەماغم، کە چەقیوە
گیانێکە لە لەشداوو، شەرابێکە لە جامە
ئەی سوورە گوڵی ڕۆژی جوانی لە بەهارا
تاکەی دڵەکەم لەو گوڵی دیدارە نەکامە؟
ڕووت، قووتی جگەر، باخەڵی ئاواتی ژیانە
بۆ پەروەرشی هۆزی بەشەر، کارو وەرامە

ئـەی نـەرمو شـلەی ناسـكو تـەرزەی تـەڕو پـاراو
بـەس بمكـوژە بـەم دەردەسـەریو دووره پەیامـە
ئـەی شـاهیدی بـازاڕی هـەموو كـوێرەوەری دڵ
بـۆچ وایـە بەشـی ئێمـە، هـەموو زارییـو زامـە؟
ئـەنجامی نـەبوو، گریـەوو هـاوارو هەناسـەم
چـۆن گـەوره بـە ئـەمجۆره، لـە ئـازاری خولآمـە؟!
(ژیكـۆ) بـە هـەواییێكی دەمـی تۆیـە، ئەپـشكوێ
خەنـدەو هەوەسـت مایـەیی ژیـن، پـشتو پەنامـە.

(٢٧)

نیـشانەی بـێ نیـازیمو، فوغـانی ڕۆژی مردنمـە
هـەوای ناسـازو ڕەشـبەختی، جـەزایی چـاكە كردنمـە
لەبێـدادی ئـەوا پیـشام، برشـتم، چـاوی دڵ كـز بـوو
لـەڕێی ئـاوەكوڵی بـوونو نـەبوون، هێنـانو بردنمـە
گـوڵم كزبـوو لـە گوڵـشەن، ئـاگری تـێ بـەردرا گـوڵزار
نـەبولبول مـا نـە قـەل، هەرچـی كـە ئۆبـاڵی لـە گەردنمـە
جەهەنـدەم داخـراوه بـۆ خواناسـان لـەدونیادا
ژمـارەی پـیسو پاكـە، یـانی ڕۆژی هەڵبژاردنمـە
دەرمكـەن، ڕام ڕفێـنن، بمكـوژن، بێجگـە هـەقم نـاوێ
بـەیارم بۆچـییە؟ كـاتی درەخـتو میـوە چـاندنمە
چ هێزێكـە لـەڕووی هـەق دانـەمێنێو، سـەرنخوون نـەكرێ؟!
چ كـاتێكی پـشیلەو گـورگو شـێرو مـار خواردنمـە؟!
بگـونجێم، ڕێـز ڕابگـرم، لەهـەر شـت چـاكترە، ئیمـڕۆ
لـە ڕێكـوپێكی دەرناچـم، چ تـۆ تـۆوو، چ مـن منمـە؟!

درێــژی هــیچ کــارێکی، وەکــو دەوری فەلــەك نابــێ
لــە لایــێ ئــاگرەو دووکــەڵ، لــە لایــێ بــەفرو بارنمــە
کـە هـەر بمرم، هـەتا ئـەمرم، لـە ڕاسـتی زێـدە ناناسـم
ئەگەرچـی ڕاوە ڕێویمـەو، لـە کێـوو دەشـت کـون کونمـە
گـەلێ کۆمـەڵ کـرانو، هـیچ، نـەیانبوو سـوودو قازانجێـك
بـە بۆشـی چـوونە دەر ئـاخیر، وەکـو ئـەم بەرگـە چڵکنمە
گــەلێ مێــشکی منــالان پــڕ کــران، بــیری منالانــە
لە کیسم چوو کوڕو کچ، ئـەی خـوا، ئـەم عـەصرە دوژمنمـە
کەخۆم خۆمم نەوێ بۆچی لـە خـەڵکم چاوە، چـرکەی چـاك؟
زەویـمو کـانو ئـاوم چـوو، کـونو کـاو جێگـە نووسـتنمە
نـە پـارەو پـوولو نـانم بـوو، کـە جـارێ بـچمە نـاو عالـەم
نەخۆشــی ســیلو ســەودایی، کــە خۆشــیو ڕابواردنمــە
ئەمەنـدە بـۆ چـەنەدرێژو هەراشـی، مـاڵ خـەراپ (ژیکـۆ)؟
بـەڵێ دەروەسـتی خـۆم نایـەم، ئـەگینا حـەققی بەسـتنمە!!.

(٢٨)

ســەرنخوون کــەوتوومو بــەختی بــەد لــە نــاوی چــاومە
مەشـــقی بێگانـــان شـــەپۆلی دیـــدەیی گریاومـــە
قاقمــەی هــۆدەم شــکا، ســەربانی ڕاستیــشم تــەپی
هەرچـی دوژمـن پـێم ئـەکا، سـوێندو درۆی بـێ ناومـە
بیرو مـەستی، کوێرو فانۆس، عەقڵو عاشق، چۆن ئـەبێ؟
قەحپـە، نامووسـی لەبـەر پێـی پـوولو پـارەی لاومـە
تـۆ بـە کـێ بـاوەڕ ئەکـەی؟ لـەو کارخانـەی دوژمنـان
هـەر کەسـێ هەسـتێ بڵـێ، سـەد جـارە بـۆ خـۆم گاومـە

سوێندو پەیمانێك بە ڕووتی کێرو کوس بیٚو، مێزی پڕ
هەر مەزەی میزو گووە، دۆشاوی جەرگو ناومە
کوردی دامەنپاكو ڕەوشەن چاوو دڵ سافو ڕەوان
وا ئەزانم تەفرەخواریت، وەك خەیاڵی خاومە
ئەم کەژو کێوانە نابینی؟! بە چەند ڕەنگ دایسێن
دیمەنی خوێنی دڵو، سینەی بە غەم سووتاومە
ئەم هەموو مێلاقو نیسانەو، چەقیلەو بووکی سوور
ئەشکی دیدەی ئاگرینو، گۆشتی زۆر برژاومە
ئاخە بۆ کوێستانەکانو، داخە بۆ گەرمێنەکان
دەستی خۆی بردۆتەوە بێگانە، من دۆڕاومە
یەکدگیریمان نەبوو، بەم سوێندە بەدرۆیانەوە
خۆشی خۆشی دوژمنان، لەم هۆزی تێکئالاومە
بەم هەموو کانگەی وەلاتو، بەم هەموو ماوەی دروست
دەستگیری هیچ نەبوومو، ئێستە چاوو ڕاومە
دەستەلاتت گەر هەبێ، دوژمن بە گژ مارا بکە
من لە ترسانو هەلاتن، یەك شریت شاقاومە
دامرامو بوومە (پشکۆ)، تا نەبوومە خۆڵەمێش
کوردەکان! پێم دابخەن تەندووری هیوا، باومە.

(۲۹)

هەوری بەهارو گرمەگرم، لە ئاهی ناو هەناومە
تاوو بروسکەو خرمە خرم، بارانی هەردوو چاومە
لەسەر هەوارە بەرزەکەم، ڕژاوە تاوە تەرزەکەم
بە لەرزە بێ بلەرزەکەم، خرپەی دڵی بە تاومە

کە خونچە هاتو پێکەنی، تەنو گیانم ڕاچەنی
کە ئاشکرایە دیمەنی، خوێنی دڵی پژاومە
بە لەنجە چوست تێپەڕی، بە عەردو بەردی دا تەڕی
داگیری کرد زەریەو بەڕی، منیش تەمای خوناومە
نەسیمی نیوە شەو وەزی، چوومە کەلێن باڵاو کەزی
سنووقی سەر سینەم دزی، ئەوەش دەسی بڕاومە
لە عیشقی تۆم پەنا نەما، غەزریمو چوومە لانەما
لەم دەشتو مێرگە پانەما، سەڵا لە نەنگو ناومە
چەندم چەشی قەڵەندەری، هیوامە هەر سکەندەری
جادووی نەسیمی میهتەری، هەمووی لە بن کڵاومە
شێخو مەلا مەگرن یەخەم، ترسم نییە لە پێچو خەم
نیازی خۆم کە سەرئەخەم، بە ئابڕووی ڕژاومە
بێ پەلو پۆیە کوردی من، درشتە بیری وردی من
کەس با نەبێتە پردی من، گەر خزمو دایكو باومە
هەر کارەساتێ بێتە ڕوو، دووپشکە، ژاری پڕ چزوو
ئەمن پەرۆشی تۆمە تو، چاوت لە مەرگو جاومە
(پشکۆ) بەسە سۆزی جگەر، خرامە کوورەو دەردی سەر
کارم نەوەستا سەربەسەر، خۆمو بەشی خوراومە!!.

(٣٠)

وتم: پشتی وجوودم تێکشکاوە، ئێستە ڕۆڕۆمە
وتی: مردن لە عیشقا، خەسڵەتێکی چاکە بێ لۆمە
وتم: تاکەی لەسەر گۆنەم، بڕێژم تاوی فرمێسکم
وتی: ئەو بەردەڵانە گەر نەبێ، ئاوی عەبەس جۆمە

وتم: وا دڵ لەلاتـــە، زامنـــی ماچـــێکی لێـــوی کـــە
وتی: هەی شێتە باسی چی دەکەی، ڕووحیشتە هـی خۆمـە!
وتم: لاکـــەی ســـەرم دێ، لـــەو مـــەقاماتی ســـەرو زوڵفـە
وتـی: ئەسـراری ئـەم چـەرخە، لـە خانـەی زوڵفـی لۆلۆمـە
وتم: بوومـە خـەراباتێ، لـە نەشئـەی چـاوی بـە خومـارت
وتـــی: ئیـــشت ڕەوا نابـــێ، بـــڕۆ دەر لێـــرە بـــۆ تۆمـــە
وتم: شـــاهی حەبـــەش گیانـــا، دەخـــالاتم قبـــووڵ کـــا دێـــم
وتـــی: کـــارت لـــە ڕوومـــا هـــەر درۆیـــە، مـــائیلی ڕۆمـــە
وتم: خاڵـت بـە بـەختم شـاهیدە، زوڵفـت بـە بـاڵای مـن
وتـــی: لـــەو کاتـــەوە شـــانەی دڵـــت فـــەوتاوە، ئـــەو کۆمـــە
وتم: گـــەر مـــن بکـــوژرێم، خـــوا ڕەوا نـــادا ڕەقیـــب مابـــێ
وتـــی: بـــۆچ وا نـــەفامی؟ خـــۆم ئـــەزانم سـیرمەخۆر دۆمـــە!!
وتم: شـــیرین وتـــارم، نوختـــەیێکی مـــاوە عـــومری مـــن(١)
وتـــی: (ڕاجـی) بـڕۆ، لـەم نوختـەدا ئیشت گـەلێ گۆمـە!!.

((٣١))

بـــێ خونـــچە، نییـــە ڕاحـــەتی زاغو زەغـــەنی مـــە
بـــێ پـــەردە موهەییایـــە، گـــوڵو یاســـەمەنی مـــە
مەعشووقە کە دای حوکمی، بە کوشتنمو بـە کـوفرم
خـۆی سـەیری ئـەکا، بولبـولی خـوێنین کەفـەنی مـە

١- ئەگەر نوختەیەك لە سەر پیتی (ع) ی وشەی (عومر) دابنێین، ئەوا وشەکە دەبێت بە (غومر- غُمْر). ئەو کاتەیش دوو واتا دەبەخشێ:- یەکەمیان بە واتای (نقوم بوونو شەڵاڵ بوون) دێت. دووەمیشیان بە واتای کەسێك دێ کە هێشتا کاروبارەکانی تاقی نەکردبێتەوە. مەبەستی (ڕاجی) یش لە دانانی ئەو نوختەیەدا ئەوەیە کە یارەکەی نقومو شەڵاڵی ناو خۆشیو چێژی بکات، یان بە یارەکەی بڵێ کە ئەو تاکو ئێستا کەسێکە نقومبوونو شەڵاڵبوونی لەناو چێژو خۆشییەکاندا تاقی نەکردۆتەوە.

هەر لالە غوبارێکی ئەگەر نیشتنە سەرو ڕووی
تەلتیفی دەکا قەترەیی ئاونگی غەنیمە[1]
هەر لەشکری سیمایە، لە سەد لاوە کە بشکێ
گەر بێتە سەفا، دڵبەری ناسك بەدەنی مە
تێراوە لە نازاوی قسە، لەعلی لەبی تۆ
ناسوفتەیە فیکری، وەکو دوڕڕی عەدەنی مە
وەك نەیشەکەرە قامەتی مە، بۆ قەسەڵی خەڵك
جانا! چ دەکا وەختێ تۆ هاتی، جەگەنی[2] مە
(ڕاجی)! چ غەریبن قسەکانم لە هەموو جێ؟!
ئایا لە جیهان کەس هەیە ئەهلی سوخەنی مە؟!

(٣٢)

ئەو زوڵفە کوییێتانە دەکا شێ، بە دوو شانە
بۆیە دڵەکەم پڕ لە هەوای لامڵو شانە
مەیخانەیی دوو چاوی، ئەڵێی کانی ژیانە
کێشانی شەهێنێکی تەرازووی، بە گیانە
ئەی شێخی ڕیا، بۆچی ئەڵێی کورتە زەمانە؟
ئۆباڵی منی عیشق زەدە، بەو ملە پانە
وێردی تووە تەسخیری بەشەر، بۆیە شەبانە
مـن ڕۆژو شەوم ناوێ یەکێ، وێردی زوبانە

١- غەنیمە: دەستکەوت. دەشێ بە (غەنی مە) یش بنووسرێ، ئەو کاتەش واتای ئاونگی دەوڵەمەندی ئێمە دەبەخشێ، کە مەبەست لێی ئەشکی سوورو خوێناوییە، بەمەیش جۆرێك لە تەناسوب لەگەڵ وشەی (لالە)دا چێ دەبێ.

٢- جەگەن: گیایەکی لاسك سێ سووچەو لە زۆنگاودا دەڕوێ، جاران چیخو حەسیریان لێ دروست دەکرد.

گیـــانی منـــە، نـــاوی منـــە، ئـــاوی دڵو نانـــە
مـــن قـــومریی پابەســـتەوو ئـــەو ســـەروی ڕەوانـــە
عەشـقی منـە، مەشـقی منـە، تەشـقی ڕەزو بانـە
مـــن بولبـــولی پـــڕ زارمو، ئـــەو شـــاهی گوڵانـــە
پیرێکـــی قەڵەنـــدەر، وەکـــو (ڕاجـــی) بەکەوانـــە
صـــەییادی جـــەفای داوی گـــوڵو، ڕاوی کەوانـــە.

(٣٣)

یـــاری پـــارم تـــووڕە بـــوو، ئیمڕۆکـــە میـــوانی منـــە
چـــونکە تـــۆرا بـــووم لـــە ئـــەو، بۆیـــە لـــە دیـــوانی منـــە
شوکری ئەسـتێرەم بکـەم، چـەند جارە ئـەو تـۆرا بـوو لـێم
ئێـــستە بەردئاوێـــژی پـــشتی، ڕەمـــزو هاوشـــانی منـــە
چـاوی، پڕگریـانی نـاز بـوو، ئـەو دەمـەی لێـوم دەگەسـت
ئێـــستە ئـــەو نـــازەی لەســـەر دوو لێـــوی خەنـــدانی منـــە
لۆمـــەکاری مـــن دەکـــاتو، نایەتـــە مـــاڵم دەمـــێ
تانـــەگۆی دەعیـــەو دەمـــارو لافو عینـــوانی منـــە
قۆڵی چەپ ماچ کردنو[1]، نووسانی سینگو مەمییەتی
نـــەرمو شـــل بـــۆ چاکوخۆشـــی، دەســـتو دامـــانی منـــە
هەستی شـەش مانگـەی بـە چـاوا دامـەوە، سـەربازی چـاو
بۆیـــە وا ســـورمەی حـــەیا، پـــڕ هـــەردوو چـــاوانی منـــە
بـــۆ گلـــەو ڕاســـتی، دەمـــێ دانیـــشتو مەســـتی بـــردەوە
ماڵـــەوایی خواســـتو، ڕۆیـــشتو، دوعـــاخوانی منـــە

١- جاران کچانو ژنان تۆقەیان لەگەڵ پیاواندا نەدەکرد، بەڵکو قۆڵی چەپی پیاوانیان ماچ دەکرد، بە تایبەتی لە کاتی سەردانو جەژنە پیرۆزەدا. ئەم دیاردەیە تاکو ئێستاش لە هەندێک شوێندا هەر ماوە.

حوججەتی حەجکردن‌و تەسحیفی هەردوو لایە بۆم
ئەو کە میوانی منە، سا جەژنی قوربانی منە
وەك نەتیجەی دامەنی خستۆتە کۆشی ناوکی
بۆ گرانباری لە ڕێی عیشقا دەڵێی شانی منە
ئەو دەمەی چاوی دەهێشاو، من دەمیَ ماچم دەکرد
بیری دڵمی خستەوە، زوڵفی سەناخوانی منە
یەك دوو ڕۆژی تر، ئەچم بۆ لای‌و تاقیکردنەوە
تابزانم خۆشەویستیی ئەو لە گیرفانی منە!!
تا خەجندەی ئێمە بێ، ئەندازەکاری هەڵکشێ
کۆمەڵی جوغزی لەماڵی ناوەڕاستانی منە
جەختی پاشەوپێشی من، هەر شەشسەدو سێ[1] دێتە ڕوو
بێ ژمارەی نوختە عومری فەخری ئینسانی منە
ئەو حەجە، یاخو خەجە، یا حوججەتی ژینی منە؟!!
یا وەکو (پشکۆ) بە دایم، ڕووی لە سووتانی منە؟!!.

(٣٤)

ئاگر لەدڵی بێ زەوەرم، هەڵمەگرێنە
جارێ بە سەری لێوی گوڵینم بدوێنە
بۆ مردن‌و ژین، شانەوو هێلانەمە نیشتمان
بۆ جێیەکی تر، هەنگی دڵم هەڵمەفرێنە

١/ أ- شەششسەدو سێ، بە حیسابی پیتەکانی ئەبجەد دەبێتە (جخ). ئەگەر پاشەوپێشی بکەین (هەڵیگێڕینەوە) دەبێتە (خج ، واتە خەج). لە دێڕی پێش‌و دێڕی دوای ئەم دێڕەشدا ئاماژەیەکی ئاشکرا بۆ ناوی (خەج) هەیە.

ب- ئەگەر نوختە (سفر)ی ژمارە (٦٠٣) یش لاببەین، ئەوا دەبێتە (٦٣)، کە تەمەنی پەیامبەری ئیسلامە (د. خ).

بڕوانــە وەکــو خولــخولە لــەم دەشــتی گەیــشتن
بــۆ هەوڵــە کــە ئەخولێتــەوە، وەك بــازو شــەهێنە
هــەنگوین ئــەڕژێ، لــەم دڵــی هێلانــەیی وێــران
ســـا ئـــاوەکوڵی گریـــەتی پێـــدا مەڕژێنـــە
ئــەی تــازە بــە گــەنجی، وەکــو عەرعــەر شــڵەژاوی
دەســـتێ لـــە ســـەرو کوڵمـــەوو پەرچـــەم بخـــشێنە
تـــۆزو تـــەمی ناشـــادییو نـــاڕێکی بـــە بـــادە
یـــەك بـــادە، لەســـەر پەنجـــەیی زیـــوین بنوێنـــە
ئـەی کـوردی سـەراوردەیی غـەم، مـەمکوژە جـارێ
ســـاتێ لـــە ســـەراپەردەیی شـــاهیم بنوێنـــە
بـــۆ پێکـــەوە نووســـانو، بـــڵاوەی چـــەپەڵو پـــاك
ئـــەم زێـــڕە لـــە بۆتـــەی تەقـــەلادا وەتوێنـــە
وا حـەل بـوو هـەوێنی دڵو سـەر، بـەس بکوڵێنـە
چـــیدیکە لـــەناو بۆگـــەنو زبڵـــی مەخزێنـــە
ئـــەی ســـروەیی لاچـــاوی سەروچـــاوەیی کـــوردان
پێـــستم بگـــوورو، ڕیـــشەیی جـــەرگم مەپـــسێنە
(ڕاجـــی) وەرە بینێـــژە، لـــە هێلانـــەیی خۆتـــا
لـــەم بـــوورو بەیارانـــە، نـــەمامت مەچـــەقێنە.

(٣٥)

چـــەنگم چـــەنەگەی چـــەندە چـــنی، هـــەر نەچـــناوە
مێـــژووی هونـــەرو هێـــزی مـــژیم، ئـــەو نەمـــژاوە
پـــــەرژینی ژەمو ژینمـــــە، پـــــڕی ژانو هەژانـــــە
وەك پەرچـــەمی پـــڕ چـــیمو چـــەماوی، کـــە چـــەماوە

ئـــاوارە بـــە هـــاواری هـــەواری دڵـــی نایـــا
ئـــەو یـــارە دیاریمـــە، بـــە یـــاریی نـــەڕواوە
هـــاتم بـــە نەهاتیمـــەوە، نـــاوم بـــە هـــەتاوە
تـــا تـــاوی دڵو دیـــدە، لـــە تـــاوی خەڵـــەتاوە
جـــارێ نـــەبوو، جـــاری بمو، جـــاڕدەم لـــەوی لێـــوم
خـــاڵی مـــنو، ئـــەو خـــاڵی، دەمـــی خـــاڵی نـــەماوە
هەرچـــەندە، بـــە هەرچـــەندێ کـــە لـــەم چـــەندەمە نەمـــچەند
هێـــشتا ئەمـــەلی ئـــەو کـــچە گـــچکەم نـــەبڕاوە
هـــەر ڕاوە ســـەلەم[1] بـــوو، نـــە ڕیبـــای ماچـــی دڵـــم دا
وەك گیـــــانو ســـــەرم، دەوری دراوم نـــــەدراوە
پـــــاڕاوی ڕەوەی ڕاوم ئـــــەکا، ڕاوی ڕەوای ڕووی
بیمـــاری بـــە تیمـــاری خـــەتی مـــاری مـــراوە
دوپـــشکی کـــە پـــشکی منـــە، دوو شـــك لـــە بەشـــێکە
بێبـــەش لـــە شـــكو پـــشکە، دوپـــشکی کـــە شـــکاوە
ڕەفتـــاری کـــە هـــەر تـــارە، بڵـــێ تـــارە لـــە گوفتـــار
دیـــوانی لـــــە دێوانـــــە، پـــــژەو پێـــــوەدراوە
تـــاوانی چـــبوو؟ تـــەونی هـــەناوم کـــە لەناوچـــوو
ناوچـــەی نـــچەتای عیـــشقی، بـــە مەشـــقم نەچـــەتاوە
بـــا لـــەو کـــەژو کێوانـــە، کوژابێـــشتەوە کێـــشەم
ســـووزەو گـــڕی ئـــاگر، لـــە کـــەژاوەم نـــەکوژاوە

١- جـاران، جوتیـارە هـەژارەکان لـە سـەرەتای وەرزی کـشتوکاڵ کردنـی خۆیانـدا، بڕێـك پارەیـان لـە دەوڵەمەندەکان بە قەرز وەردەگرت، دواییش لە جیاتی بڕە پارەکە بەروبوومی کشتوکاڵییان دەدایەوە دەوڵەمەندەکان. ئەم پرۆسەیەش پێی دەگوترا (سەلەم).

تــا ئــۆگری بم، خــوێنی گــرینیش کەمــە گەوهــەر
هــەر داوی شــەداوی، لـــە شـــەتاوم نەشـــەتاوە
ئیــشم کەچــە، ڕیــشم کەچــەڵە، گێــچەڵە پیــشەم
تیــشەم نــەبڕو شــوومە، کــە تێــشوومە تــەواوە
هەرزانـــــە، بـــــە لەرزانـــــە، ڕەزو ڕووزەوو ڕازم
لـــــەرزیوی بلـــــەرزەکمو، زراوەی لـــــە زراوە
ئــاخر، لــە خــڕی خێــرە کــە خڕبۆتــەوە خرمــەی
یـــــەعنی بەدرێـــــژی ئەمـــــەڵم دانـــــەڕژاوە
بازێکــە بــە بــازیی، هــەموو نــازێ ئەبــەزێنێ
بـــــازاڕی هـــــەزار زاری، بـــــەزاری زرە ڕاوە
ئیمــشۆکە پەشــۆکاوە پــشووم، بــەو گــوڵی پــشکواو
نـــــەبزووتووە، زاوا نییــــە، نــــاوانی بــــەزاوە
ڕۆژێکــــی چ بــــێ ڕێــــژەوە، بیرێــــژە دوو چــــاوت
ســـاڕێژی بکـــە ڕێـــژەنی ئـــەم دیـــدە ڕژاوە
ڕووت، عەکسی لە کەس مەگرە، مەگەر هەر مـنو ئـاهم
ئاوێنـــە، وەهـــا وێنـــە، بـــە هـــاوینی نـــەداوە
تــا مــاوی، لــە تامــاوی تــەمابڕ مەبــە، وەك لات
لاتـــێ بــە بـــەڵاوە بگـــرە، مـــەگرە بـــەلاوە
کــارت، کــەڕەتێ لــەم دڵــە ناکــا ڕەتــی ماتــەم
لــەو ڕووتەنــە، دووڕوو ڕەتــی داوە، کــە ڕەتــاوە

(ژیکۆ)! مژەکی مێشکو، ژەکی بیرەوو بیر بە مایەت مەیەنە مەیکەدەوو، مەی بکە چاوە[1].

(٣٦)

دەربارەی یەکێك لە خانمە قوتابییەکانی کۆیە نووسراوە

بەناوی خوایە هانام، دونیای هەموو داناوە
وەسفی یارێت بۆ دەکەم، لەسەر دنیا نەکراوە
گوێ ڕاگرن براینە، بۆتان بڵێم تەواوە
یارم بە لەنجە دەڕوا، خەریکی کانیو ئاوە
وا شینو شۆخو ناسك، پاوو پووزی هەڵداوە
کوشتاری عاشقانە، بەو زوڵفو خاڵو چاوە
دەڵێی شەهێنو بازە، لە تەیران بەردراوە
هەمووان بە جارێ دەگرێ، جحێڵو پیرو لاوە
قوربانی ئەگریجەی بم، وا چین بە چین ڕسکاوە
هەر وەك ڕەشە ڕەیحانان، شەواوی تێگەڕاوە
وەك ئاوریشمی لە شاران، بە سەد جێگا چناوە
وەك بارێزەی لە ڕازان، ڕەشو گەشو بە ئاوە
کە بای دێ دەبیزێوێ، بە دەم تکەو خوناوە
نازدارو شووشو باریك، گەوهەری پێ خراوە
کەزیەی سەرەو نشێوە، بە جینگڵ ناسراوە
دەڵێی ماری حەوسەرە، بە جەرگمییەوە داوە

١- دەشێ ئەم نیوەدێڕە بەم شێوەیەش بنووسرێ: (مایەت مەیە، نە مەیکەدەوو، مەی بکە چاوە).

بــالآی گرتۆتــه بــاوەش، خەزنێکــه تێــی هــالآوه
خوایــه بگــەی بــه هانــام، پــەنام بــه تــۆ هێنــاوه
ســـەری تاریکـــه شـــەوه، شـــەی زێـــڕی لێـــدراوه
دوو مــانگی نــویٚ لــەدامێن، بــه برۆیــان نــاوی نــاوه
پێــشەسەر مــانگی چــوارده، بــه خەرمانــەی تــەواوه
بــڕۆ بــۆ هــەرجیٚ دەچــی، ڕێگــەت نیــشان دراوه
قوربــانی گوارەکــەت بم، ڕەنــگ زەرد، هەڵاوەســراوه
دەڵێــی ســەد کەســی کوشــتووه، لــه سـێدارەی دراوه
بــه چــاو بەهەشــتی خــۆی دی، جێگــەی پــیٚ بەخــشراوه
به دەوری کولمەی خۆش بوو، تەمای بـه کـەس نـەماوه
بــه خــوڵامی بم، بــژانگی، وەك نەشــتەری ســواوه
بــۆ جــەرگی عاشــقانه، ڕیــزەی کــه لــیٚ گــیراوه
چاوی شووشـەی شـەرابه، چـەند مەسـته، هێنـده خـاوه
پــڕی مــەزەو ئارەقــه، قەترێکــه لێــی تکــاوه
دەڵێــی دڵــەی هــەژاره، گلێنــەی تــیٚ گــلاوه
هــەر تــیریٚ پێــی دەهــاویٚ، لــه جــەرگی مــن چــەقاوه
بمــرم بــۆ ســەر کولمــانی، لــه نــووری پــڕ کــراوه
ئەلەتریکــەو دەســووتیٚ، شــەوقی بــه عالــەم داوه
ئاشــق وەکــو پەروانــه، ســووتا لــه سێــسەد لاوه
دڵــم تاســـاوو کاســـا، بخــووری تـــیٚ ڕژاوه
عەجــەب ناســكو نەرمــه، دەڵێــی بــەفرو خوێنــاوه
شــیرنو تــەڕو مــەزەدار، بــه هــەنگوین تێکــەڵاوه
بــەو ماچــەی دوێنــیٚ کــردم، هێنــدێکی داڕووشــاوه
یــاخوا عــومرم نــەمێنیٚ، ئــاگرم لــه خــۆم بــەرداوه

نـــەمزانی هێنـــدە تورتـــە، وەمزانـــی قەنـــدی خـــاوە
کـــــەپووی دەڵێـــی فندەقـــــە، لــــە زێـــــڕی داڕژاوە
دەنکێکــــە گەوهــــەری ژیـــان، بـــە دوو جێگـــا سمـــاوە
خەزێمەکـــەی لــــە یـــاقووت، بـــە ســـەد لـــیرەی کـــڕاوە
دەمـــــی دورجــــی مـــرواری، بـــــە دانـــسقەی هێنـــــاوە
ددانـــــی ڕیــــزە گەوهـــــەر، لــــەلای خـــوای هۆنـــدراوە
لێـــوی، بڵـــێم خونـــچەیە بـــــازاڕم لـــــێ شـــــکاوە
یـــاقیقو لـــەعلو مـــەرجان، هـــەموو دەچـــنە پـــەناوە
لێـــوی لەســـەر کـــە دانـــێم، دەوەســـتێ گیـــان بـــە پـــاوە
دەســـــت بـــــەجێ دەردەپــــەڕێ، کـــــە لێـــوم هـــەڵگیراوە
چـــەنەگەی گـــۆیی ئـــاڵتوون، بـــە قـــودرەت نەخـــشراوە
نیـــــشانەی ڕێکـــــوپێکی، چـــــەرخێکی تـــــێ خـــــراوە
بڕوانـــە قـــۆڵتی ڕەنگـــین، پـــڕ شـــەهدو پـــڕ شـــەکراوە
ئـــاوی حـــەیاتی تێـــدا، تـــك بـــە تـــك ڕاوەســـتاوە
نــــــاگوترێ بەرغەبابــــــەی، بــــــە کارەبــــــا کـــــراوە
تـــورتو تـــەڕو ســـپیو لـــووس، ڕەونـــەق دەخاتـــە چـــاوە
گـــــەردەن دەڵێـــــی قولێنگـــــە، باریـــــكو بـــــەرزو لاوە
ئـــاڵای لەشـــکری بەهەشـــت، لەســـەر شـــان ڕۆنـــدراوە
شــــــەرابی حــــــەوزی گــــــەرنێی، جــــــەوازی پێــــــدراوە
بینۆشــــــە ســــــاخێرابە، هـــــــەتا نـــــــەبووی تـــــــەواوە
قوربـــــانی شـــــانەکان بم، دەسمـــــاڵی تـــــێ شـــــەتاوە
دوو لقـــــەی داری بانـــــە، ڕەگـــــی خـــــۆی داکوتـــــاوە
زیوینـــــە قـــــۆڵی نـــــەرمی، کـــــافووری بـــــەر هـــــەتاوە
ئانیـــــشکی تیـــــشکی ڕۆژە، لـــــە چـــــاوی کـــــول دراوە

باسکی دەڵێی خەیارە، وا ناسکو بەئاوە
بە شووشەواتو بازن، دەڵێی خەڵات کراوە
بڕوانە پشتی دەستی، وەك ئاوێنەی سڕاوە
دەڵێی مۆنجەی سەرابە، بە بریقەی ڕۆژ سەراوە
ئەنگوستەکانی بلوور، پڕ هەیتو هووتو هاوە
ئەنگوستیلەو عەزامات، بە سەد جێی تێکراوە
هەموو شمقاری بەفرن، بە چەرخی ڕوح گەڕاوە
هیلالو بەدری دایم، هەڵاتووەو لەباوە
بانی نینۆکەکانی، خوا زینەتی پێداوە
ئینجا بۆ سینەی بمرم، سفرێکە لێی نەخوراوە
فنجانەکانی یاقووت، سەرەونخوون کراوە
ژیانی دڵ دەبەخشن، بەو تەرزە دانراوە
هەر یەك گۆیێکی پێوە، عالەمی پێ کوژاوە
پێم ناگوترێ هەواڵی، وا دیارە ڕێزەی[1] ناوە
چت پێ بڵێم؟ کە سینەی، تەبەقی ئافتاوە
لەبەر عەجایەباتی، دەماغم ئاسیاوە
بڕوانە قاشی ناوکی، بە هەڵماسێ سماوە
هەزار ڕەحمەتی لێ بێ، بە دەستی کێ بڕاوە؟
لەسەر گومبەتی زگی، جێی خاڵە هێشتراوە
پەنیری تەڕ قەڵاتە، بە دەستان نەگوشراوە
لەسەر دوو تەختەیی عاج، چلۆن بینا کراوە؟
لەلای عەردی موقوددەس، دەرگێکی تێ خراوە

١- ڕێزە: ڕەنگە کورتکراوەی ناوی (ڕێزان) بێ.

بـــه لەشـــکری خـــەیالاّت، هێـــشتا فـــەتح نـــەکراوە
قـــوفلێکی بـــێ کلیلـــە، جـــەرگم لـــەبۆی ســـووتاوە
خـــەوم لـــە چـــاو ناکـــەوێ، حـــالّم لـــێ پەشـــۆکاوە
دەنـــدووکی بـــاز لەســـەرییە، تەلـــەسمی بەســـتراوە
لـــە بـــەینی دوو قولـــەی زیـــو، بـــە سمتیـــان نـــاوبراوە
ئێـــشکەچین خالّـــەکانی، ژیـــانم پـــێ نـــەماوە
خـــڕو پـــڕو بەشووشـــن، بـــە خـــەرتی خـــوا گـــەڕاوە
هـــەتا کـــلاّوەی چـــۆکی، دەڵێـــی قـــەلاّتی ئـــاوە
ئێـــسك‌و دەمـــاری دیـــارە، دەڵێـــی ماســـی ســـەراوە
بەلـــەك‌و قـــاپ‌و گـــۆزینگ، کـــافوورە تێکـــسڕماوە
نـــەرم‌و خـــڕو پـــڕو لـــووس، بـــە قالّـــب داڕژاوە
ئـــاوم لـــە چـــاو دەهێنـــێ، وەکـــو زیـــوی تـــوواوە
ئەنگوســـتی شووشـــەواتە، گـــەورە‌و گـــچکە‌و لـــەناوە
دەچـــو بـــۆ کـــوڵ‌و قەســـاری، بـــە نـــازو فیـــزو تـــاوە
حـــۆری بـــە لەنجـــە دەڕوا، پـــەری دەبـــوون بـــلاّوە
ئـــەو خەبـــەرم هاتـــە گـــوێ، لـــێم دادەبەشـــی ڕاوە
پـــەنا بـــوو خـــۆم گەیانـــدێ، لـــەوم دەکـــرد ســـلاّوە
تەماشـــای کـــرد منـــی دی، دەســـڕەی بـــە خـــۆ داداوە
تاقـــە ماچـــێکم لـــێ خواســـت، گـــوتی: بـــڕۆ بـــەولاوە
لـــێم لادە ئـــەی هـــەتیوە، تـــۆ چیت بەســـەر مـــن داوە؟
چـــەندم کـــرد نەهاتـــە ڕا، دونیـــام لـــێ پەشـــۆکاوە
پێمگـــوت: قـــولاپی زولّفـــت لـــە جـــەرگم خـــستراوە
وتـــی: ئـــەمجارە دەبـــڕۆ، ئیـــشێکی زۆر نکـــاوە
شـــەرت بـــێ بەشـــەرتی ڕاســـتی، ئـــەمجارە بمخـــە لاوە

جارێکی دی بە پێی خۆم، سەد ماچم بۆت هێناوە
وتم: ئـەی گیـانی شـیرین، فرسـەتم بـاز نـەداوە
هـەتاکو جـارێکی دی، بەشـکو عـومرم تـەواوە!!
چـەندی وت گـوێم نەدایـە، دڵـم بـۆی پـچڕاوە
وام ڕاگوشـی لـەباوەش، کـە پێمـەوە دووراوە
وەمزانـی ڕۆحـی خۆمـە، زیندووایـەتیم تـەواوە
لێـوم مـژی بـە جـاریٚ، دڵـم هاتـە سـەماوە
لـەناو دیـوانی سـینەم، مەجریـسی لـیٚ گـیراوە
بـە نـایو سـازو سـەمتوور، شـایی لـیٚ ڕاکـشاوە
هێندەم گوشیو مژی ئەو، بێهـۆش بـووم چـووم بـەلاوە
مریـدی غەوسـی بەغـدا، ئەمـەم بـۆ تـۆ دانـاوە
باسی مەکەن لـە کـن کـەس، ئـەی یـاری بەڵـەك چـاوە
ئـەمنو ئـەتۆ حـەیامان، هـەر پێکـەوە ڕژاوە
ئیـشمان بـە ئـاقڵی بـیٚ، تـا چـی تێنـەگلاوە
بـە کـوڵمو مەمکـەکانت، کـە عـەترو پـڕ گـوڵاوە
مـەنعم مەکـە بـە قوربـان، جـەرگم لـە بـۆت پساوە
چـەند جـاریٚ کـە مـن هـاتم، دەمـیٚ بمخـە پـەناوە
مـاچ بکـەم لێـو کوڵمـەت، دەڵـێم مانـدووم حەسـاوە
ئۆخـەی چـەند خۆشـە وەسـڵت، بـە چـەندە تـامو ئـاوە.

(٣٧)

لە زمان برایەکی خۆشەویستەوە نووسراوە، بەمەبەستی دڵداری لە شاری سلێمانی

سـەرم کەوتۆتـە گێـژاوی بـەڵاوە
هـەموو دەرگـەی ژیـانم داخـراوە

دڵــــێکم بـــوو، کـــە کردتانـــە کـــەبابێك
لەشـــم بۆشـــە لـــە هـــۆش‌و، دانـــراوە
ئەمەنـــدەم کـــوورەیی مێـــشکم ئەجۆشـــاند
کـــە فرمێـــسکیش بەســـەر ئـــاگر گـــەڕاوە
ئەگـــەر ســـێ ســـاڵە، سێـــسەد ســـاڵە لای مـــن
بـــە لێـــدانێکی دڵ، ســـاڵم تـــەواوە
ڕەقیـــب‌و، عـــەیب‌و عـــارو، تێکـــەڵاوی
بـــە هـــەر گۆشـــەی خـــەیاڵم تێکـــەڵاوە
لـــە قـــاپێلکم ئەگـــەر دەرچـــم لـــە ڕووتـــان
ئـــەڵێن پـــەردەی حـــەیاو شـــەرمی تکـــاوە
ئەگـــەر مـــات بم لەبـــەرگی خۆشەویـــستی
ئـــەڵێی پـــەیمانی یـــاری لـــێ پـــساوە
ئەگـــەر خـــۆم کـــەم بـــە شـــەیدایی لـــە شـــارا
ئـــەڵێی ناکـــەس بەچـــێك‌و نـــان بـــڕاوە
ئەگـــەر بـــێم، بـــادەگێڕیی کـــەم لـــە ماڵتـــان
ئـــەڵێی ســـەیری هـــەتیوەی نـــان‌و ئـــاوە
کـــە بولبـــول بم، هەمیـــشە بـــۆ گـــوڵی ڕووت
لـــــە کـــــاکۆڵ‌و قـــــژانت، ڕاوە داوە
بـــە خـــۆم بـــاوەڕ ئەکـــەم، ئـــەی هـــۆش‌و ژیـــنم
دڵـــــت بـــــردووم‌و بـــــیرم لا نـــــەماوە
چ بڕیارێـــــك بـــــدەم، بـــــۆ ڕۆژی وەســـــڵت؟
کـــە دوو دەســـتم، لـــە شـــانانڕا بـــڕاوە
بـــە کـــێ کـــەم، ڕاوو تـــەگبیرێکی دیـــدار؟
کـــە وەســـتاوم بـــە تەقـــدیری خـــوداوە

دڵــی، گیـــانی، ســەری، ڕوونـــاکی چـــاوی
بــە(کـــاك ئەحمــەد) شـــکی تیّــدا نــەماوە
بـــەری ئاخـــان، ئـــەزانی نـــاگرم مـــن!
دەمـــارم پـــس پـــس‌و، ئـــەژنۆم شـــکاوە
لـــە تـــۆزو ماتـــەمی عیـــشقت، هـــەموو دەم
لەشـــم وەك بەختەکـــەم، ڕەش داگـــەڕاوە
لـــە تـــاوت میّـــشکە لـــەق، چاویـــشە ئەبڵـــەق
ســـەرم لـــــەرزەك، هـــــەناوم داقوپـــــاوە
ئەگـــەر تـــۆ هەقپەرســـتو، یـــاری گیـــانی
لـــە لۆمـــەی خـــەڵكو یـــارانم مـــەهاوە
بزانـــە ئەمپـــەڕو ئەوپـــەڕ، لـــە عیـــشقا
بـــە دەســـتی خۆتـــە ئـــەم جـــاددە بـــڕاوە
بـــە خـــۆت ئـــەکریّ، بـــە حـــەققی ڕووی جوانـــت
کـــە نـــەرمی کـــەی، دڵـــی ئـــەم دایـــكو بـــاوە
عـــــەزیزم، دڵبـــــەرم، مایـــــەی ژیـــــانم
ئـــەوی ئـــیش تیّـــك ئـــەدا لـــەم شـــارە، نـــاوە
فیـــداتم، بـــۆچ ئـــەبی وا زوو هەراســـان
ئـــەتۆ چـــاکی، ئـــەمن کـــارم کـــراوە!
لـــە هـــەر فـــەقرە لـــە قـــانوونی مەحەببـــەت
ئـــەتۆ کارســـازو، هـــی مـــن چـــاوەڕاوە
بەرانبـــەر تـــۆ، ئـــەوی بیکـــەم عەیبـــدار
کەواتـــە هـــەر قبـــووڵم کـــەی، تـــەواوە
بـــە بـــەرزی‌و ڕەحـــم‌و لـــوتفی تـــۆ ئـــەنازم
کـــە ناکەیتـــە جـــەفاو شـــۆرو هـــەراوە

لــه مــن كــورتی، لــەتۆ بەخــشینو ویــژدان
نەتیجـــــەی دەورەتــــــان، زۆری نــــــەماوە
گوزیـــــــدەكارو، ســـــــۆزندە، بــــــەیانی
خـــــەریكی تـــــۆ، خــــەریكی گیانـــــەڵاوە.
١٩٥٥

(٣٨)

ڕووت بە تەئـسیری هەناسـەی سـەردی ئێمـە، زەرد بـووە
یـا لـە شـەوڕۆی پەرچـەمت، بـاری غـەمی هـەڵگرتووە؟
ئەم مـەمـەت بۆچ شل بووە؟ ئەم سێوە، یا دوور هـاتووە؟
یا گەیشتوو بـوو، بـە بـای پـایز لـە سینەت كـەوتووە؟
تــۆ یــەهودی، لەیلــەیی، نــەك ئەخیەلییــەو عــامری
تۆبــە مــەجنوونی شــكاند، مــن زاری تۆبــەم بەســتووە
ژەهــری مــاری تێگــەڕا، گیــانی نــەخۆشو زاری مــن
ئــەم دەمو لێــوەت، كــە ماتــەی داوە، وا شــیرین بــووە
خــاتو زیــنو كاكــە مــەم، یــا شــیرینو فــەرهادی كێــو
هیــچی نــاوترێ، وەكــو ئێمــە لــە عیــشقا پــیر بــووە
بولبولیش ناوێكی وای نـاوە لـە خـۆی، بـۆ دەردی گـوڵ
وەك منی بێكەس چریكەی، شـەو بـە گـژ عـەرشا چـووە
هەســـتە ســـاقی نـــەرمو شـــل، پڕكـــە پیاڵـــەو بمـــدەرێ
سۆزی (ژیكۆ)، جەرگو ناوی بەختی مـەی سـووتاندووە.

(٣٩)

ئـــاگری ســـووری جـــەزای ئۆباڵـــە، لێـــوی گرتـــووە
جەننــەتی كوڵمــەی، ئەجنــدەو نــەفسو دێـوی گرتـووە

عەرعەرە نارنجو لیمۆی خستە بەرهەم، یا قەدە
یا چنار ئەگرێ هەنار، یا سەرووە سێوی گرتووە؟
خەتتی پڕ شانەی دڵە، یا چەنگ بەستەی حافیزە؟
خاڵی، مێشەنگوینە وا هەنگوینو مێوی گرتووە!!
بۆ نموونەی تەرزی ڕوخسارو، بەهەشتی سەرمەدی
قامەتی ئەو شۆخە چاوی بادەپێوی گرتووە
من لە دەس کورتیمە هەورازی بەهێزم دێتەپێش
دەسدرێژە دڵبەرم، ڕێگەی نشێوی گرتووە
چاوی پڕ سوورمەی، دووسەد نێچیری بەرداوە لە ڕاو
غەمزەکەی جادووی، بەڵام، دووسەد خدێوی گرتووە
بۆ ئەوەی (پشکۆ) کە نەیدۆزێتەوە تەرزی قەدی
پەرچەمی کردۆتە پەرژین، خۆی لە نێوی گرتووە!!.

(٤٠)

چەمەن هەموو گەشانەوە، لە ڕەنگو ڕووی بەهارەوە
گیان بە تەن بەشانەوە، لە گەشتی سەوزەزارەوە
هەوا هەناسە بەر ئەدا، هەناوە سیلی دەرئەدا
سەما بەسەر سوپەر ئەدا، ئەستێرە دێنە خوارەوە
دادو تەرازوو کۆ ئەکا، گەنجینەیی ژین ڕۆ ئەکا
جەماتی مەی مەکۆ ئەکا، لە چاوی پڕ خومارەوە
کەمەر ئەبەستێ خونچەدەم، لەسەر ئەوەستێ پێچو خەم
لە پەرچەم ئاو ئەداتە چەم، بە عەرعەرو چنارەوە
دەمی گوڵان پژاو ئەبێ، تەمی دڵان بڵاو ئەبێ
مەمی چڵان لە چاو ئەبێ، بە لێوی شیرەخوارەوە

وەنەوشە دەستی شلییەتی، دەسماڵی شین لە ملییەتی
بە چاوی هۆز کلیەتی، بە گیانی ئاوو دارەوە
بە ڕوویی بادە ڕەنگەوە، بە خونچە لێوی تەنگەوە
بە دوو مەمی قەشەنگەوە، چوومە کەناری یارەوە
یاری چی؟! شاهی دلّبەرە، گیانەبەخش و سەروەرە
ژیانی هۆزی بێ دەرە، لە تەونی ئیشوکارەوە
سازندە چەرخی نۆیەمین، گەلی گەیاندە نرخی ژین
ئاوازی بەرزی (هەربژین)، وا کەوتە دەشت و شارەوە
پەردەی، سەحەر هەڵدایەوە، بووکی وەتەن ڕازایەوە
کۆمەڵ بە خۆشی مایەوە، بە بەختی پایەدارەوە
زوهرە بە ڕوویی موشتەری، بە چاکە هاتە یاوەری
بە کوردی دا پەیامبەری، لە ڕۆژی کارزارەوە
ئارەقی نێوچەوانمە، هومێدی جاویدانمە
تکایی کوردستانمە، بە یاوەرو هەژارەوە
ژاوەی هوزارو قومرییە، کەژاوەی بووکی چەورییە
هیچ کەس لەگەڵ دووڕوو نییە، بە جەرگی پارە پارەوە
زانین پەرستە هۆزەکەم، لەسەر هەوای نەورۆزەکەم
جەژنی هەمووان پیرۆز ئەکەم، بە سۆزی دڵ وەبارەوە
(ڕاجی)و دڵی (پشکۆ)یەتی، قازانجی گەل بۆ خۆیەتی
بادەی لە هەشت و نۆیەتی، بە ئەشکی سەد هەزارەوە.

١٩٤٩

(٤١)

سەیری لەبانی خونچە کەن، بە ڕوویی ئەشکبارەوە
سەیری دەماغی گوڵ بکەن، بە چاوی ئیعتیزارەوە
فەسڵی سەفایی نێرگسە، لە مێرگو ئاوەزارەوە
چاوی سپی بە دەرئەخا، بە زەردەخەندەی پارەوە
سەیری چیاوو چۆڵی من، کوردیی نیشان ئەدا بە تۆ
بە سێوو بێوو خارەوە، لە سونعی کردگارەوە
لە گەنجی کونجی مەیکەدە، ساقی کە دێتە مەیکەشیی
بە نرخی میللیەت ئەچێ، بە بورجی پڕ نیگارەوە
کشاوە تەرحی تاجو پەڕ، لە ماچی لەعلو نۆشی دەڕ
بە خەددو خەتتو خاڵەوە، بە ڕەونەقی عوزارەوە
نەقدی بەهەشتە گوڵشەنم، ڕەنگین لیوایە نیشتەنم
سایەی هومایە هەر تەرەف، لە ناوە یا کەنارەوە
نەورەستە مۆردو سەوسەنە، شمشادو کاجو مۆزەنە
هەر یەك بە سۆزێ دێتە ڕوو، بە سازی ئیعتیبارەوە
هەریەك لە عاشقانی مەی، بە بەزمی جامو تاجی کەی
بە تەرزی مونتەزەم ئەچن، بە پیری ئیشوکارەوە
وەتەن پەرستە میللەتم، لە ڕەوتو زەوتی سەنعەتم
هەموو خەریکی فرسەتن، لە ڕوویی کارزارەوە
مەی، ناوی ئیتتیفاقییە، سەنعەت نیزامی ساقییە
زوڵفی بەخەم نیفاقییە، لەسەر هەتاکو خوارەوە
دەف، شەوقی پڕ نەژادییە، نەی، بانگی عەدلو شادییە
شاهید بە مەردی دێتە سەر ژیانو ئیختیارەوە

دڵبــەر کــە شــاهی عادڵــە، کــامی لــەبی دڵ حاســڵە
بــە چــاوی پــڕ خومـــارەوە، بـــە تیغـــی ئـــاودارەوە
خوڵاســە میللــەت چیمەنە، وشـکیو تـەڕی لـە دامەنـە
بـــە نەشـــئەی لالـــەزارەوە، بـــە خـــاكو ئـــاوو دارەوە
لە بەختی سەختی بێ کەسی، لە تەوقی عـەوقی موفلیسی
نایـە بـە ڕوویـی کـار، یـار، بـە دەسـتو جـامو یـارەوە
حاصــیڵ، وتــاری (ڕاجــی) یــە، نەتیجـە ئیندراجییــە
لـــەهاتو قـــاتو زارەوە، لـــە قـــەلبو جـــانو زارەوە.

(٤٢)

ئــەی بــرا! بگــری لــە دامــەن بــاغی کوردســتانەوە
ناژیــەی بیخــۆی بــە کــەیفو شــەوکەتو ســەیرانەوە
ســەربەخۆیی مژدەکــەت، شــۆرا بــە بــارانی نیفــاق
خۆشـــییو زەوقو مـــــورادت، وا بـــــەدەم تۆفانـــــەوە
هەرکەســێ هــاتو بــە نــانێ، حاجــەتی دێنایــە بــەر
ئاقیبــەت خــۆی کــردە ســوڵتان، هاتــە نــاو کوردانــەوە
بــیری خــۆی ســەرفی ژیــانو غیرەتــی هــۆزی ئــەکا
نــوکی پــەرگاری ئەســووڕێنێ بەســـەر دەورانـــەوە
هێنـــدە ناشـــادم لـــە چـــەرخی فیتنـــەگێڕی ئاسمـــان
هـــەر ئـــەبینم ناکەســـە، ڕووی دێتـــە نـــاو دیوانـــەوە
نیـشتمان پـڕ مەعـدەنو، میللـەت لەبـەر بـێ جەوهـەری
خـــاکی بـــێ قیمـــەت ئەخاتـــە باخـــەڵو گیرفانـــەوە
ئــەم عێراقــەی ئێمــە چەشــنی بــەرخی ســاوایە لــە چــۆڵ
گــورگی هــار بــۆی دێتــەدەر، هــەردەم لــە بــن پنچکانەوە

پــێ بزانــه ســا عــەزیزم، کــارو بــازاڕت چــییه؟
هــەم دڵــت پیــشا بــە ئــاگر، هــەم ســەرت تاوانــەوە
کورت وکەم بڕوانه خەڵکی، چی ئەکەن، چۆن ئەچنه پێش؟
گیانفیدابــە، ڕووکــە ســەنعەت، چــی ئــەکا پاڕانــەوە؟
کــوێر نــەبووی بڕوانــە خــەڵکی، چــۆن ئــەنێرێ ســەوقیات؟
گــاه لــە لەنــدەن، گــاه لــە تــاران، گــاه لــە هیندســتانەوە
کــوردو عــارەب، هەڵــگرن، هەســتن بــەناوی ئیتتیفــاق
ســەددی میللــەت کــەن لــە گــورزی دوژمنــی ئیمانــەوە
تو خودا کەی چاوو ڕووت هەڵدێ، لـە خـاکی پـاکی خـۆت؟
تــۆ کــە ئــەم گەنجــەت بــە خــۆڕا، خــستە ژێــر پێیانــەوە
ئەی عێراق چاوی سپیم، چەند بـێ کەسـی، چـەند بـێ دەری
شــار بــەدەر بــووی، بــێ قەباحــەت، چــوویە نــاو زیندانــەوە
فیرقــە فیرقــەی کــوردو عــارەب، بوونــە جــەردەی ڕووحــی تــۆ
جــەرگی مــن ســووتا لــە تــاوت، بــەم دڵــەی گریانــەوە
چــاوەنۆڕم هــەروەکو (ڕاجــی)، لــە بــیری میللــەتم
بێتــە ڕوو ڕۆژی ســەنایع، لــەم کــوڕەی میوانــەوە.
١٩٣٨

(٤٣)

زنجــیرەی گــەلی گــەورەو ســەروەران، کــە ڕازایــەوە
گیــانێکی نویــێ بــە مــردوو دڵان، بەخــشرایەوە
بــە تێکۆشــەری بــۆ پێگەیانــدن، گــشتی داوەری
هەربــژی وەتــەن، هــۆزی تەهەمتــەن دڵــی دایــەوە
کزەی هەوڵو هۆ، لە ژێریی منالْ، کە هـات لەسـەرخۆ
دەم بەستە خونچەو، یەخـەی پڕ خـەیالْ، دەمـی دایـەوە

لـە تـاف‌و بـافی ڕووی مێرخـوزاران، تـا کێـوی قـافی
بـە ژینـی سـافی، گـرەی هــەژاران، وا کوژایــەوە
بـە تیشك‌و تـاوی ئەسـتێرەی مـراز، کـانی‌و چـەماوی
کـوردی بـەناوی سەربەسـت‌و شـاباز، هەڵقولایـەوە
دڵەی پڕ لە سووی منـی سـەرگران، وەکـو خـاڵی ڕووی
بـە یـەك داوە مـووی یـاری نیـشتمان، بەسـترایەوە
سـکەی وڵاتـی (ڕاجـی) قەلەنـدەر، زۆرە لــەباتی
خێـرو بــەراتی کـوردی هونــەروەر، داڕژایــەوە[1].

(٤٤)

لــە گفتوگــۆیی خۆشــدڵیی، دەمــی وەتــەن گەشـایەوە
بــەهارە مــوژدەهێنی هــەر گــوڵێکی ڕووی کرایــەوە
ســەبا هەناســەیی کــچانە، ڕۆژو شــەو کــە خـول ئــەدا
بزانـــە لەشـــکری خەفـــەت شـــکایەوە، کـــشایەوە
ئەگــەر بەهەشـتەکەی بــەرین، لــە چـاوی نیـشتمانەکەت
بــە شـێخی دیــن فــرۆش بڵــێ، ژیانــە ئاشـی نایــەوە
.... مـــــن شـــــکا[2]
بــە هەڵمــەتی ڕەوشــت‌و خــوو، دەمــاخی دڵ حەسـایەوە
کــەناری جۆگەلــەو شــەت‌و، کــەناری یــاری دەر کــەنار
خــەت‌و تەمـــەن ئەکێـــشن‌و، شــعوورە داڕژایــــەوە
کــچانی میــوە نیــوەڕەس، لــە باوەشــی تکــا، تــەکان
تــەکان ئــەدەن بــە نیــشتمان‌و ژینــی لــێ تکایــەوە

١- لە ڕووی شێوازو ڕوخسارەوە هۆنراوەیەکی دەگمەن‌و دانسقەیە، لە هەر دێڕێکدا (٤ - ٦) سەروای تێدا بەکارهاتووە.

٢- بە هۆی تەڕبوونی دیوانەکە ڕەشبۆتەوە، بۆمان نەخوێندرایەوە.

لــــه دەســـــتو زاری دڵبـــەران، بریقـــەدار ئـــەبن هـــەوار
قـــەڵاوو قـــۆنگرەی هــــەوەس، بناغـــەی داکوتایـــەوە
لــە ژینـــی بــێ بــەراتو بــەر مەپرسـە قــەت، خـوا نــەکا
کــە کــشتوکاڵی ئــارەزووت، بــە میـــزی خــەڵك زایــەوە
هـــەوێنی مێـــشكو خوێنمـــە، هـــەوای وڵاتـــی نــازدار
تـــرێو هــەنارو میوەجــات، بــە ڕوویـــی گــەش ڕشـایەوە
بــراوو بــابو کــوڕ، هــەموو، ڕەهــا ئـەبن لــە بەنــدو پــەت
کــە خــوێنی جــەرگو چــاو، لــە دڵ، بــە قولــپ هەڵقوڵایــەوە
کە تۆ هێلانەبەستی خۆت، بـە دەستی خـۆت بکـەی خـەراپ
بزانــــە ســـــونبولو گـــــوڵی وەرامەکــــەت وەرایــــەوە
وەتـــەن کــچێکی تــازە بــوو، لـــە باوەشـــێکی پــیرەزاڵ
وەکـــو ســــتارەیی ســــەعد، بــــە نـــاز ڕاکـــشایەوە
ڕاوەیـــی ڕوویـــی شـــیرنی، لەچـــاوی نەســـتەڕەن ئـــەکا
گەوهـــەری تــاجی دیمـــەنی، بـــە نـــازکی توایـــەوە
هێـــــزی برایـــــەتی بـــــزووت، فیتنەگــــەری بڕایــــەوە
وەتـــەن هـــەتاوی لێهـــەڵات، ئــاگری شــەڕ کوژایــەوە
گۆڕیمــەوە (ڕاجـی)ی هــەژار، ئێـستە بــە (ژیکــۆ) نــاودار
بێــژە کــە هــۆزی کــوردی مــن، مردبــوو، وا ژیایــەوە.

(٤٥)

داشۆرینی فەرمانگەی تەموینی کۆیە

دائـــیرەی تـــەموینی کۆیـــە، هـــەر خـــەریکی دانییـــە
کـــردەوەی مـــالۆسو مانگـــاو، گوێدرێـــژو گـــا نییـــە

هەر کەسێك بێتو سواریان بێ، جەنەی دەگرن هەموو
هەرکەسێ بیانگێ ئیتر، هەر قوونی وانو (ڕان)ییە
بەردەری قەسری بیتاقان، هەروەکو مانگا بەکەڵ
هەرچی گانی دەسکەوێ، بۆچی خەریکی نانییە؟!
گاندەرو گانکەر، بە سەربەستی دەبا بێنو بچن
چونکە لەم کاول ولاتە، شك دەبەن پاشا نییە
گەر بلێی تێتان دەپەستم، خۆش، دەمت شیرین دەکەن
چانییە بۆ خاسو عامی خەڵك، شەکرو چا نییە!!
لێم مەپرسە بۆچی هێندێ شیرنو هێندێکە تاڵ؟
قوون دڕانیان بۆ دەمێنێ، گەر بڵێن ئاوا نییە
پیاوی ئاقڵ تێدەگا، چیتر درێژەی نادەمێ
پارەدان لەم هۆدەدا، مەعنای لە گان ئاسانییە
نایەنێ زارم کە ناوی یەك بەیەك بیهێنمە ڕوو
زەمی کەس ناکەم، ئەمەش تاپۆیە یا خاقانییە
بۆچی هێندە بێ حەیای، (گویا[1])، سەری خۆت شۆڕ بکە
عالەمی ئیمڕۆ ڕەهەندەی بێ کەسیو تاوانییە.

**

١- ڕاجی، ناسناوی (گویا)ی لەم جۆرە هۆنراوانەدا بەکارهێناوە، کە بە واتای (قسەکەر، ئاخێوەر، وتەبێژ) دێ.

- و-

(١)

بڕوانـه دەفـەی سینەی، سینیو قـەدەحی خـەملاو
جـا ئـەو قـەدە شیرینەی، کورتو خڕو تێـك سـڕماو
پـووزو بەلـەکی زیـوین، دەسـتو مەچـەکی ڕەنگـین
بەسـتەو لەچـەکی نەخـشین، بـاغی مـەمو دەم پـاراو
چـاوی بـە مـە هەڵنایـە، هـەر جـەنگی لەگەڵدایـە
دڵ بـشکوژی هەڵنایـە، لـەو چـەنبەری ئـاڵۆزاو
کوڵمـەی جگـەری ڕۆژە، ڕوونـاكو گـەل ئـامۆژە
بـەم خاڵـەوو پـشکۆژە، بـەم لێـوەوو قەنـدی خـاو
ئـەو پەرچـەمە خـارا بـێ، پـەردەی قـەدو بـالاّ بـێ
دڵ ڕەنگـە کـە خارابـێ، هەمبانـەیی هـەڵکوتراو
ئـەو لامـلو لاجانگـە، بـۆ گـوارە کـە بەربانگـە
ڕۆژووگـری شـەش مانگـە، گیـانی منـە لێقـەوماو
ئـەو ئـەبرووە کەچـبازە، سـەربازە لەسـەر بـازە
گرتـی خـەتو شـیرازە، بـردی سـەری تـێ سـوڕماو
ئـەو پەنجـەوو ئەنگوسـتە، بۆ دەورەیـی مـەی چوسـتە
هـەردووکی ئـەوا خـستە، جـەرگو دڵـی هەڵگوشـراو
(پـشکۆ)کـە گـڕی دامـرد، بەختیـشی خـەڵووزی کـرد
یەکجارییـە سـا ڕابـرد، بەسـییە کـە وتـت سـووتاو!!.

(٢)

تا لە سـەرما بێ، هەوایی ڕەشبەڵەك
باخو فرمێسـکی گرینـم دێتە چاو

تاکو پەرژین کەم، ڕەزی سینگی بە چەك
باخەوان ئەیباو، ئەمێنم بەش بڕاو
وا ئەبێ تلیانە گوڵ بچنن مەچەك
واش ئەبێ پووزو بەلەك دەرکەونە ئاو
بشمەوێ گەر دابنیشین، تەك بە تەك
ناگەمە ئاخیر هەواری ویستراو
گەر شەوێکیش ڕێکەوێ، کەوڵی وشەك
چقڵی بێگانان بە ڕۆژ ئەگرێ هەناو
با بچێژم زامی زۆر کوچكو کوتەك
مردنم چاتر، لە دەرگەی داخراو
من کەسوکارم ئەتۆی مردوو مراو
من دەسو زارم ئەتۆی، بێ چاوڕاو.
ژینەوە چەند مێرگو، نێرگس پێگەیین
ڕووی سپیو، چاوانی زەردو، بۆنیساڵ
خۆش ئەبوو هێندەی ڕووانیو پێکەنین
زەردەخەندەی خونچەشی هێنایە پاڵ
ئابڕووی جوانی ڕژایە ناوو دین
ڕەنگو بۆی شادی کرایە بەیتەماڵ
تا لە بێهۆشی مە دوژمن تێگەیین
هیچ میراتگر نەماون کوردو کاڵ
خاوەنی باخان، وەجاخ کوێرن لە ژین
ئەو بەرانبەر وەسییەتی خزمیشە لاڵ
دواکەون خوشکیش، بە بێ مارە بڕین
داکی سەرشینیش، کە زاوای کردە زاڵ

من ئەوا تۆم چووی‌و، مام بێ ماڵ‌و حاڵ
بێ براو کوڕ، بێ کەس‌و بێ مام‌و خاڵ
من کەسوکارم ئەتۆی مردوو مراو
من دڵ‌و زارم ئەتۆی، ئەی کوردی خاو.
ئاخ، بڵێم کێ بێ لە ئێمە هەڵکەوێ
دوژمنی ژن هەڵگرە، کێڵای زەوی
وا سەرۆك مارە کران، بوونە هەوێ
حەز لە ئێکیشیان بکەی، داناکەوی
ئەو ئەویتر سووك ئەکا، تا نەسرەوێ
جا کە باتداوە، لەگەڵ ویش ناخەوی
سا وەها چاکە بکەی بیرێکی نوێ
بیدە دوژمن، قوزفرۆشانی کەوی
وەك کەری ناو ئێستری جوو دانەوێ
تۆش بڵێ ئاخ سوێندەکەم خۆ هەر هەوی
بار بە کۆڵ دادە، بڕۆ لێرەو لەوێ
کۆکەوە زۆر کۆڵ بە شانی پەل قەوی
ئەو حەلە، ئەی نووری چاوم ناکەوی
ئەو دەمە، وەك خەو لە چاوم نارەوی

من دڵ‌و دینم ئەتۆی، مەردی نکاو
من سەرو ژینم ئەتۆی، تیشکی هەتاو.
خونچەوو مێلاقی ئێمەن، لەکتریك
ڕێوو ڕەز ڕووناك‌و، شارو دێ بلوور

کۆشكو یانەی مەن، چیاوو کاوو تیك
گیاووگژ پەرداخو، ڕەنگی زەردو سوور
لەم سەری دونیات لەگەڵ کەم، زیکە زیك
لەو سـەرت پێ ڕاگەیێنم، باسی دوور
گەر بەرەو ڕووی دوژمـنانیش بووی خەریك
من هەوا ئەگرم بە باڵندەی جەسوور
کشتوکاڵی ئارەزووت، گەر بوو فەریك
داسـی باڵامت ئەبەخشم، بێ قسوور
کۆکەوە، بیکێشـــە وە، مەگرە شەریك
مەرد بە، دانیشە، ببەستە سەر سنوور
هەر بخۆ، هەر بژیـە، بێچوو بێنە ژوور
مێشـــكو دڵ پڕکە، لە زانینو لە نوور
هەر ئەتـۆی بـۆ من ژیانێکـی تەواو
هەر ئەتۆی بۆ من دەوای جەرگی خوراو!.

(٣)

هێند لە عیشقی ئـەو دڵارامـەم بەسـەر هـات بەنـدو بـاو
گرتمـی شـەش ڕوو خەفـەت، تـا کەوتمـە حـاڵی گیانـەڵاو
جەرگی دەرکێشام بە چـنگو، زوڵفـی چـەنگاڵی پڵێـنگ
هــەر ئەگریـــەم زار زارو، هـــەر ئـــەناڵم تـــاو تـــاو
گـەر لـە جـەنگی خۆشەویـستیدا نـەپڕژێ سـەر، چـییە؟
دڵ بـە کــەڵکی هـیچ نایــە، خـوێن نەڕێـژێ نـاو نـاو
سەتڵو جامی خستە دەستو، مەستو سەرکەش تێپـەڕی
بـیرو هۆشـی دا بـە شـانو، نەرمـە نەرمـە چـووە سـەراو

باغی مەستی شادو پاراوە، لە چاوی گوڵعوزار
ماری زوڵفی وا لە مل هاڵاوە، ژانم چووە هەناو
یارمەتی گیانی نەدامو، لێی ستاندم ڕەنگو ڕوو
بۆیە ڕۆژو شەو کە ناوەستێ ڕژانی ئاوی چاو
سینە، ئاڵۆزی غەمو تاڵیو خەفەت بوو، پڕ برین
دیدە، پڕ تۆزو تەمی تاریکییە، جەرگم بڕاو
تێگەیشتم، پێگەیشتن قەت لە ڕێگەم ناکەوێ
هەر دەبێ زاری کەمو بشکێمە کاری ناتەواو
بەختی (پشکۆ)، گەر ئەزانی بۆچ پەرێشانو ڕەشە؟
زۆر لە دوو یاران گەڕاوە، چەشنی بازی ئاشقەڕاو.

(٤)

سەر بەسەر ئەمشەو دەناڵم، پایەماڵو دڵشکاو
وا بەتاو ڕۆحم دەگریێ، خوێنی ئاڵم دێ لە چاو
دوو برۆی دڵبەر، بە تەڕدی من کە شیربازی دەکەن
با بگریەم تا قیامەت، هەی لە خۆم جەرگی بڕاو
ئاگرێکم کەوتە دڵ، تا ڕۆژی مەحشەر دایسێ
بەشکە ڕۆژی مەحشەریش، هەر وەك جەهەننەم دێ بەتاو
گەر دەزانی بۆ دەڕێژم خوێنی جەرگم، بەم شەوە؟
تینووە باخی خەیاڵم، پێی دەوێ جانا! شەواو
جێگەیێکی تەنگە دڵ، تاریکە، بێ سوودو تەماع
بێیە سەیریشی دەبینی، عالەمێکی تێ خزاو
تێلی زوڵفت وەك تەلیفۆن، وا لە پێت ئاڵاوە سا
چاکە هەر بۆ مەرحەبا، جار جارە بێمە سەر هەلاو

ئـەی سوپاسـالاری دڵـداری، لـە دەسـتی عیـشقتا
عـەرزو حـاڵی مـن، هـەتا قـافی بـەقا نابـێ تـەواو
بۆچـی وا بـێ ئیلتیفـاتی، ئـەی نـەمامی تازەبـەر
وا لـە ڕێـی تـۆدا، هـەمووم دانـا کـەماڵو نـەنگو نـاو
کـاری (ڕاجـی) گـەر دەزانـی بۆچـی پـەرتی عالەمـە؟
وا لـە ڕووی تـۆدا دەسـووتێ، غـالییـەو موشـكو گـولاو.

(٥)

دڵ وەك دومـەلان پـڕ لـە خەفـەت، هەڵزەپـەتا بـوو
بایــەك لــە ســەراپەردەیی جانانــە پــەیا بــوو
چـاوی دڵو ڕۆژی ڕوخـی ئـەو، پێکـەوە ئـەنگوت
ئـەنگووتنو پـشکووتنو سـووتن، لـە پـەنا بـوو
هەرچی بـە خەبـەر هـاتو، ئەوی مـابوو لـە خـەودا
هـەر هێنـدە ئـەزانێ، بـە تەبـەق نـووری لـەلا بـوو
ئەو ساتە کـە دیـم کـوڵمی، وەکـو تـافی ئەلـەتریك
دینـارو درەم گـشتی، لـەلام پەلکـە گـەڵا بـوو
چـاوم، کـە بـە چـەند ئایـەتی کوردانـە ئەنووسـا
سـەد شـوکری خـوا، ڕوو بـە هـەڵێنانی ڕەوا بـوو
ڕەسمی خـەتو خـاڵی لەبەکـەی، لـەم دڵـی پـڕ شـۆر
هـەر ئێکـە، بـە پـەرگاری بـرۆی مەرکـەزی نـابوو
(ڕاجـی) ، کـە دڵـی پـڕ خـەمو فیکریـشی بەدیعـە
ڕادێ کـە کەسـێ پەروەرشـی جـەورو جـەفا بـوو.

(٦)

وەختــێ لــە لــەبی یــارەوە، مــەیلی شــەکەرم بــوو
نەمزانی لە هەر شەش جیهـەتا، هـەش بەسـەرم بـوو

هەرچەندە کە ویستم لە تەمی عیشق خەلاسیی
جاریٚ لە دلاٚ ئافەتو، جاریٚ خەتەرم بوو
دانیشتووە مەحبووبە، لەناو سینەیی مندا
زانی کە بە ئەم قەسرە، لە دوژمن زەفەرم بوو
ئیمڕۆکە نەچووم بیکەمە سەد جیٚژنەیی قوربان
لەم بەندی جگەر، حیکمەتی سەرفی نەزەرم بوو
هەروەك هەدەفی جەبرییە بۆ تیری بەلاٚ، دلٚ
لایێ لە ڕوخا ئافەتو، لایێ شەرەرم بوو
تا زەوقی بەهەشتم هەبوو لەم مەیکەدە، یاران
نەقدی تەرەبو شەوکەتو فەزلٚو هونەرم بوو
ناوی هەبوو ئەو دلٚبەرە شیرینە، بەبیٚ شویٚن
وەك من کە نەبوو ناومو شویٚنو، حەزەرم بوو
نیوەی شەوی دویٚنیٚ، شەوی مامم (حەمە قادر)
سۆزی لە هەموو ڕیشەوو بەندی جگەرم بوو
(ڕاجی) مەکە گریانو، لە خۆدانی ئەسیریم
هیٚشتاکە نەبووم، ئەم خەتە نووسراوی سەرم بوو.

(٧)

دلٚ لەبەر چینو خەتی سەر کولٚمە، ئاگرخوارە بوو
ڕووتو قووتی، هەروەکو مزراحی ڕەستۆن کارە بوو
کەوتە ناو چەرخی بە تاوی ڕوومەتی تابانی یار
بۆیە ڕەند ئاسا، لە قاپی عالەما ئاوارە بوو
سیپە کووڕی قاشی ئەبرۆی، بەو گولٚەی خالٚو خەتی
وا لە جەرگمدا، عەزیزم، پەرتو پارەپارە بوو

دوو پەڕە ئەو مەسحەفی کوڵمەی نیگارم، سەربەسەر
بۆچی دڵ لەو دوو پەڕە، وا چل پەڕو سی پارە بوو؟
سینە پڕ دەردم لەبەر جەورو جەفای خاتوونەکان
بۆیە ڕووحی بێکەسیشم، تووشی ئەو ئازارە بوو
ئێستە پێم ناکرێ، هەناسەم، هاتوچۆکەی ساف بکەم
ئەو دەمەش وا دێتە بیرم، ڕوح لە دارە دارە بوو
(ڕاجیا) گەنجی خەمی تۆ، بەش دەکا تا ئاسمان
بەش دەکا، گەر عالەمی دونیا هەموو دووبارە بوو.

(٨)

دڵم سووتا بە جارێ، چلچرای سەر کوڵمەکەی هەڵبوو
بە دەم شاماری ئەگریجەی، شلو کول نێرگسی جادوو
چ خوسرەو کەوتە خانەی عیشقەوە؟ شیرین دڵی هێنا
چ فەرهادی قەوی پەیکەر، قوڵینگی کەوتە سەر؟ دەرچوو
ئەڵێم: ئەی نەونەمامی تازە چانراوی خەرامانم
بدە ماچێ، ئەڵێ: کافر بڕۆ لێرە مەوەستە توو
بە دەم سروەی سەبا، گوڵشەن بە سێسەد ئەنجومەن خەملی
دەسا ئەی بولبولی دڵ، تۆش بیابانی وەکو کووکوو
سەراپا هەڵقەیی زوڵفی لە مل هاڵاندو، دڵمی گرت
وتی: ئەم جۆرە ڕەفتارە نموونەی کارە، سا فەرموو
لە ژێر ئەم سایەبانەی پەرچەمە، وا ڕۆژی نیوڕۆیە
فیدای ڕۆژو شەوی تۆ بم، سیاخاڵەی کەوان ئەبروو
ئەوا پیشا لە ئاگرخانەیی عیشقا، دڵی (پشکۆ)
بە جامێ بێرە هانای، ساقیا! یا تارەکەی گێسوو.

(٩)

دڵ لــە دونیــادا بــە دایــم، بێکــەس‌و دێوانــە بــوو
یــار لــە عالەمــدا بــە کــام‌و خۆشــییو ئەفسانە بــوو
هەرچــی کــردم، ئاقیبــەت، بــردم پەشــیمانی لەســەر
بــەم نیــشانەی پیرییــەم، ئیــشم هــەموو ڕەندانــە بــوو
خۆش، لە وەختــی ڕوومــەتت، ڕۆژو لــەبت چەشــنی مــەزە
نیــو گریــشمەت بــادەوو، دوو چــاوی ڕەش مەیخانــە بــوو
گــەر لــە یــادم چــێ، ئــەبێ کــافربم‌و دونیاپەرســت
ئــەو دەمــەی ڕۆحــم لــە لێــوا، حــەزرەتی پەروانــە بــوو
ئەم سبەینەی، دەس بەسەتڵ‌و جامی دڵ، چــوو بــۆ ســەراو
ڕوح لەســەر ئــەوجی ســەری، تــاج‌و پــەڕی شــاهانە بــوو
نــەرم‌و شــیرین، لێــوی نــەختێ خــستە نــازو هەمــسەوە
دڵ بــە تــاوی تیــژی عیــشقی، سەربەســەر دوندانــە بــوو
ئــاهی تــیرەی هــەوری مــن، کەوتۆتــە دەوری ڕوومــەتی[١]
دیــتم‌و، هــەرلا، لەبــەر چــاوم مــەهە و خەرمانــە بــوو
جێگە مەشقم، گەرچــی دەشــت‌و شــارو زەریــەو بــەڕ بــووە
گــشتی بــۆ گیــانی حــەزینم، زەجــرو بەندیخانــە بــوو
کــەی ئەنۆشــم شــەربەتی لێــوی نیگــاران؟! چــونکە مــن
کــونجی خۆشــحاڵیم بــە دایــم، (ڕاجیــا)! وێرانــە بــوو.

(١٠)

دڵا! نایێتــەوە یــادت کــە یــارت میهرەبــانی بــوو؟
لــەلایێ بــەزمی شــاهانە، لــەلایێ عەیــشی جــانی بــوو؟

١- لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (ئاهی تیرەی هەوری من، دەورەی لەڕووی ئەو دا بە هەم).

بـه زوڵفـی سـاقییان قوببـەی شـوعاعی ڕوویـی جانانـه
به تـاری موتریبـان دەسـتی بـه خـوێن ئـاڵو دەمـانی بـوو
لــەلایێ پــەردەداری بــوو، لــەلایێ بــووكی زیبــاپۆش
لــەلایێ تاوســی ســەرخۆش، لــەلایێ جــان فــشانی بــوو
پیاڵــه پــڕ لــه ئارەقــدا، بــه نــازی دڵبــەران دەكــشا
بــه چــاوی گوڵبــەران دەخــورا، نــەعیمی ئاســمانی بــوو
نەزیفــەی جاویــدانی بــوو، حەســیبەی ئیمتینــانی بــوو
زەهییــەی زینــدەگانی بــوو، بەدیعــەی لامــەكانی بــوو[1]
لــه نــازو نیعمــەتا جــانی ڕەمیــدەی بێكــەسو زارم
لـه پایـەی كـەمترین ژووری عـەزیزی میـسری سـانی بـوو
عەجـەب زەوقـی لـه باوەشـدا، دڵو دڵبـەر كـه بەسـراون[2]
له عـالەم هەلهەلەی وەصڵو، له(ڕاجی) هـەم زوبـانی بـوو.

(١١)

خوایـه بۆمـان بنێـری، ئـاوی لـه قـوڕ نەنیـشتوو
یـا گـەنجی پێگەیـشتوو، یـا پـیری تێگەیـشتوو
ئــەم كۆمەڵــه هــەژاره، چەندیــشه ئینتیــزاره
بـه چـاوی خـۆی ببینـێ، بـەردی بـه بـیر قەڵـشتوو
هیوام لەم قەومە گشتی، دووره، چونكه سەد پشتی
كەسێكی سەربەست نییه، دیلیو ستەم نەچێشتوو
كۆمــەڵ بــه تێكــەڵاوی، لــه كــامی جێــدەمێنێ
لـه سـاردو گـەرمی ڕۆژان، قەسـریوه یـا برشـتوو

١- لەشوێنێكی دیكەدا دەڵێ: (سەفایی زیندەگانی بوو، بەدیعەی لامەكانی بوو).
٢- لەشوێنێكی دیكەدا دەڵێ: (عەجەب زەوقی له ئاغووشا، دڵو دڵبەر موقەییەد بوون).

خەڵکی، لە ڕوو چ بەرزە؟ مشووری خۆی دەگێڕێ
ئێمەش هەموو خەواڵووین، بە ئابڕوویی ڕشتوو
نێزیکە مەرگی کۆمەڵ، بەبێ دەرمانو دوختۆر
هەی کاکە تازە ناژی، بە شێخو سیحرو نوشتوو
هەتیوی بێ براو باب، قەت نیشتمانی نابێ
حەزی لە مێردە دایکی، نایکا لە دوو شوو پشتوو
تەبیاتی هەر لە ژینە، بێ ڕەئیو دابو دەستوور
بیری جەماتی ناکا، هەتا نەچێ لە خشتوو
چەند خۆشە ڕۆژی ڕووناك، (ڕاجی) بڵێ " دلاوەر"
بڕوانە نیشتمان پڕ، لە قوربانیو لە کوشتوو.

(١٢)

عەزیزم، وەختی گوڵ هاتو بەسەرچوو
منالّی وەسڵ ناکام بوو، لەبەر چوو
سەبا نەیخستە دەستی بەندی شادی
بە لایا، بۆیە گیانی پڕ خەتەر چوو
ئەوی هاتو، چرای تەعزیمی دیتی
بە تاریکی زەلالەت، بۆ سەقەر چوو
بڵێ بەو چاوە سا پەیمانە پڕکا
ئیتر خێرابە، وا گیانم هەدەر چوو
کە خۆی هاوێتە سەر کوڵمەت، دڵی من
لە شەرمی، بۆ تەمای سەرفی نەزەر چوو
بە ئەو ماچەی کە کردم دوور بە دووری
بە خۆشی، بۆ هەموو مەستان خەبەر چوو

کــــه کەوتـــــه چـــــینی ئەگریجـــــەت، تـــــرازا
دڵی من، ئـەی عەجـەب، چۆن بـێ مەفـەر چـوو؟
نیگـــــاری دڵـــــڕەقم، چـــــی لـــــێ نەپرســـــی
دڵـــم گەرچـــی بـــه خوێنـــاوی جگـــەر چـــوو
بـــــڕۆ (ڕاجـــــی)، لـــــه عیـــــشقا دامەمێنـــــه
لەســـەر مـــەولا، ئەگـــەر هـــاتو، ئەگـــەر چـــوو.

(١٣)

ئـــەو دوژمنـــه ســـەگبابە، لـــه یـــارا بـــه نـــەزەر چـــوو
ئەو سەرکەشە مەحبووبە، لـه دوژمـن بـه سـەمەر چـوو
ســـەیریکه لەســـەر ســـککەیی ڕووی، تـــوڕڕەیی زوڵفـــی
بـۆ دەسـتی منـی خەسـتە، لـه لێوم بـه هـەدەر چـوو
مـــــەیلی کەمـــــەرم چـــــونکه لـــــه دڵ پـــــڕ جەوەلانـــــه
هـەر مـوویی نیکـاتم لـه عەجەبـدا، بـه کەمـەر چـوو
سەرکێـشە لـه ئـەم دائیـرە، بـۆ مەرکـەزی ئیحـسان
یـارێ، کـه بـەلای عاشـقی مـسکین بـه سـەفەر چـوو
وەك شـــوعلەیی ڕەخـــشەندە، لـــه ســـیلابی ڕیفاقـــەت
دڵ هاتـــه نـــەزەر وەســـڵتو نـــەیزانی لەســـەر چـــوو
ئیمـــــڕۆ، کـــــه زەدەی نەشـــــتەری جـــــەللادی بـــــڕۆتم
خـــوێنم بـــه حەرەمخانـــەیی موشـــتاقی جگـــەر چـــوو
لـــەم حـــوجرە کـــەوا کـــەوتووی (ڕاجـــی) بـــه خـــەیالات
تـــووتی دڵەکـــەت وایـــه، لەبـــەر مـــەیلی شـــەکەر چـــوو.

(١٤)

جـــێگیرە لـــه بـــاوەش، خەفـــەتی دڵبـــەری جـــادوو
ڕامـــم نییـــه، ڕاکردەیـــه، هـــەر وەك ڕەمـــی ئـــاهوو

وەختــێ بــە خەیاڵاتــەوە، ســینەم پــڕی ژارە
وەختێکــی لــە دوو لێــوی، لەســەر لێومــە کــاهوو
دیــدەم پــڕی لالــەو ســەمەنو خونــچەوو باغــە
پنجــی گوڵــە جۆرییــشە، بــەناو کــونجی دڵا چــوو
چــیدیکە مەڕەنجێنــە منــی بێکــەسو ڕیــسوا
پنجیکــە دڵــم، بــەو مــەیی ســەر پەنجــەوو بــازوو
سەر، بێتو بــە قوربــانی تکــەو شــەونمی کوڵمــەت
گیــانم بــە فیــدای نێرگــسی دوو چــاوی خــەواڵوو
نــەوتوولی قــەدی، کاتــێ بــە ســەد لەنجــە ئەرِســکێ
ئەشــــکێتەوە بــــاڵامو، ئــــەترازێت پەراســــوو
(ڕاجی)! ســەرو مــاڵو، دڵو دیــنو، ئــەدەبو ژیــن
هــەر قیمــەتی ماچــێکە، بــە کــێشو بــە تــەرازوو.

(١٥)

ئەی ئەسەف، بازاڕی مــن ســەد ســاڵە هــەر نــەیبوو بــرەو
تاقــە ماچــێکم نــەبوو قــازانجی ئــاهی نیوەشــەو
چــونکە یــاری دڵڕوبــا، بــۆ مــنو ڕەقیــب مــەیلی نییــە
من ئــەوا بــووم غــەرقی ئاه و نالــەوو، ئــەو بــوو جدەو
هــەی بــە قوربــانی مــەمو ســینەی بلــوورت بم، کــەوا
کــاژی ســیمینی تــەڕە، وا نــازکو نــەرمو پتــەو
مــن بــە بێــداری ئــەگیرم خــوێنی نــابی جــەرگی خــۆم
تــۆ ئەکێــشی نێرگــسی جــادوو، کــە چــاوت کەوتــە خــەو
چۆن سەبا دەسگیری مــەقسوودی نییــە، بــەو پەرچــەمە؟
لــەو نمــایی تەلعەتــە، نــەختێ کــە بــۆی شــل کــا جلــەو

شێخ، ئەگەر هەقناسە بۆ ڕێی عیففەتو حەققولیەقین
بۆچی وا بێباکی سۆفی ملهوڕو مەستو قەڵەو؟
خاکو خۆڵە خەرمەنی (ڕاجی)، لە وەسڵی دڵبەرا
دانەیێکی تێ نییە، گەر بێتو بیبێژن بە کەو.

(١٦)

دڵم، بێ یارو بێ قەرداشە ئەمشەو
وەکو چاووشی بێ شاباشە ئەمشەو
خەیاڵو ئاوی چاوم، سەر دەگێڕن
چ سەر؟ ئاشێکی پڕ باراشە ئەمشەو
ئەمن مەحرووم‌و، دوژمن شادی دڵدار
کە هەر جێژنی سەگو دالاشە ئەمشەو
ئەگەرچی چاوەکەم پڕ خوێنی ئاڵە
لە تاوی یارە، بێ بیناشە ئەمشەو
غەرەز، پڕ بوونی دنیایە لە هاوار
هەتا ئاهی حەزین هەر باشە ئەمشەو
مەپرسن حاڵی دڵ، ئەی یارو ئەغیار
نەخۆش‌و زارە، هەم ڕیسواشە ئەمشەو
سەعاتی بەختی سەختم، بێ عەمەل بوو
چ جێی میقاتو پێش‌و پاشە ئەمشەو؟
لەبەر زەهری هەلای دووری عەزیزان
دڵو سینەو تەنم خەشخاشە ئەمشەو
بەری بێ تاقەتی بوو، ئاه و شیوەن
ئەگەرچی باغی من ساواشە ئەمشەو

لــه خانــه‌ی دامــه‌وو، شــه‌تره‌نجی وه‌ســڵی
شــه‌هم بــێ به‌یــده‌ق‌و، بــێ داشــه ئه‌مــشه‌و
بــه ڕه‌نگــی ئه‌شــك‌و ئــاهی نوكته‌ســه‌نجی
دڵا (ڕاجــی) عه‌جــه‌ب نه‌ققاشــه ئه‌مــشه‌و!!.

(١٧)

ئـه‌نێرم بـۆ نیـسارت لـه‌عل‌و یـاقووت‌و گوهـه‌ر، هـه‌ر شـه‌و
ئه‌ڕێـژم، یـه‌عنی فرمێـسكی دڵ‌و چـاوو جگـه‌ر، هـه‌ر شـه‌و
نیگــارم تــا بــه ته‌صــویری خــه‌یاڵیی، بێتــه بــه‌ر چــاوم
لــه ئاغوشــی ئه‌كێــشم، ئه‌یمــژم وه‌ك نه‌یــشه‌كه‌ر، هــه‌ر شـه‌و
منــی تــه‌ن خه‌ســته بێكــه‌س، دائیمــا زاری ئه‌كــه‌م، یــاران
ئه‌ویش عوشره‌ت به‌كامی خۆی ده‌كا ته‌وق‌و كه‌مه‌ر، هـه‌ر شـه‌و
ده‌روونم وه‌ك جه‌هه‌ننــه‌م داخــرا، دڵ چــونكه موســلیم بــوو
له‌وێ ده‌رچوو، به كۆی تۆدا ده‌كـا گه‌شـت‌و گـوزه‌ر، هـه‌ر شـه‌و
بــه ده‌ردی بــێ ده‌وا گــیرم، بــه مه‌قــصه‌د ناگه‌مــه لوقمــان
منم حه‌یران‌و سه‌رگه‌شته، له ڕێـی خـه‌وف‌و خه‌تـه‌ر، هـه‌ر شـه‌و
بــه گریــانم ده‌كــه‌م بــازی، كــه ئه‌شــكم شــوعله‌بازی كــرد
له‌گه‌ڵ زوهره‌و، سوره‌ییاو، موشته‌ری‌و ده‌وری قه‌مه‌ر، هه‌ر شـه‌و
عــه‌جایب عاشــقێكم، ســاعه‌تێ خــاڵی نییــه قــه‌لبم
وه‌كو(ڕاجی) ئه‌خوێنم شیعری پڕ شـه‌ككه‌ر له‌بـه‌ر، هـه‌ر شه‌و.

(١٨)

له‌سه‌ر گه‌نجی ژیـانی مـن، دوو زوڵفـت هـه‌ژده‌ره ئیمـشه‌و
بــه فــه‌وتانی دڵــی زارم، نیگاهــت یــاوه‌ره ئیمــشه‌و
دوبینــێ ڕووت كـه نـووری خسته نـاو فانۆسـی چـاوانم
ده‌روونم ئــاگری ســه‌ندو، له‌شــه‌ش لا ئــه‌نوه‌ره ئیمــشه‌و

لەسەر بورجی ستارەی پایە بەرزیتا، نیگاهێکت
لە ناو گەردوونی سینەمدا، قولاپو میحوەرە ئیمشەو
سەرم پڕ جۆشی دیدارە، دڵم پڕ دەردو بیمارە
بە نازێکی تەبیبانەم بکە دەرمان، وەرە ئیمشەو
لە چاوم گەوهەرو یاقووت ئەبارن، چاخی گریانە
لە لێوت پێکەنینەو، هەر تریسکەی ئەختەرە ئیمشەو
جەفاوو نازەکەی ڕۆژت، چ قەوما، کوشتمی ئەی داد!!
بە هەرجێ دڵ ئەبینم، زەخمداری خەنجەرە ئیمشەو
بڕۆ بە خوام سپاردی، هەرچی بۆ دڵ چاکە، بخوازە
سەری فەرمانبەری (ڕاجی)، لە قاپی دڵبەرە ئیمشەو.

(١٩)

ڕۆحم لە بەرابەر نیگەهت بادەمە ئیمشەو
گەر سەرفی بکەم ماڵو دڵو دین کەمە ئیمشەو
هاتوویە تەنیشتم، بە هەموو نەشئەوو شۆخیت
بڕوانە لە هەر لاوە، ڕەقیبم خەمە ئیمشەو
ئەی سەروی بڵند قەددو لەتافەت لەبی دڵجۆت
هەرچەندە لە خزمەت بکەوم، هەر کەمە ئیمشەو
دووری منی دڵ خەستە لە دیدەت، کە دەمێ بوو
هەر قەدرو بەراتی منە، بۆ عالەمە ئیمشەو
هەڵمەستە، بە چاوی بەڵەکت مەجلیسی زەوقە
مەستیو تەرەبو جیلوە، هەموو هەمدەمە ئیمشەو
قەیدی چییە! هەر عادەتی جانانە نیازە
گەرچی لە دڵت خۆشە، کزەی ئەم دەمە ئیمشەو

تا ئێستە لـە سـەر دڵ، سـەری داغـی ئەلـەمت بـوو
ئێـستاکە لـە سـایەی چـەمەنت جیلوەمـە ئیمـشەو
شـایانە، دڵـم ئێـستە لـە تەنـدا کـە نـەگونجێ
بۆ ئەو کـە لەسـەر خـەڵق، ویـصالت زەمـە ئیمـشەو
دەردو ئەلـەمو قەسـوەتو گریـانو جـەفا چـوو
(ڕاجی) بکـە شـوکرانە، سـەفای سینەمە ئیمـشەو.

(٢٠)

ڕەونـەقی حوسـنی تکانـد، نەرگـسی دڵـداری ئـەو
قیمـەتی پـیری شـکاند، شـێوەیی بـازاڕی ئـەو
ڕاسـتە بـەلاف‌و گـەزاف، هاتـە دڵـی عاشـقان
لەشـکری تاتـاری یـار، نێزەیـی خونبـاری ئـەو
بۆچی نەبا هۆشی مـن، بـەم سـیڕڕی مەجنوونییـە؟
کـونجی گوهـەرباری ڕووی، زوڵفـی سـیەهماری ئـەو
داغـی گـوڵو گوڵـشەنە، خەنـدەوو گرژینـەوەی
موقتەبەسی نووری هـەق، کوڵمـەوو ڕوخساری ئەو
جێگەخـەوی دۆزەخـە، ئـەم دڵـی دینـداری مـن
جێـی خەتـەری جەننەتـە، زوڵفـی گونـەهکاری ئـەو
قامـەتی دەگـرێ گـەلێ، میـوەیی شـیرین مـەزاق
جـگ لـە شـکۆفەی گـوڵو، لالـەیی بیمـاری ئـەو
یار بە ئەلتافی خۆی، گـوێ کـە لـە (ڕاجـی) نـەکا
دیـارە لـە عالـەم چ کـەس، نایەتـە هـاواری ئـەو.

(٢١)

سـەر لـە دو یـاران ئەکێـشم، بـەم دڵو جـەرگی ڕزیـو
ئەیکەمـە شـیرازەیی هـۆزی بـەزیوو دابـەزیو

هـەر گـەلێك، هـاتو لەگـەڵ خزمـی نـەفامی تێكقـژا
چـارەیی ناكـا لـە ژیـن، فـێڵو سـیلاحو زێـڕو زیـو
ئـاگری مـەرگی گـەلی كوردانـە، هـەر دانـامرێ
وەك ڕقـی ئەسـفەندیارو، ڕۆسـتەمو زۆرابو گیـو
ڕۆژو شەو ئەگریم لە تاوی قەومی بێ پێشچوونی خۆم
وا لـە دەرگـەی دوژمـنو بێگانـەدا، بوونـە هـەتیو
مـن هەناسـەم بۆتـە غـازی موخنیـقو، ئـاهم تفـەنگ
دڵ لەسـەر ئـەو لەشـكرو ئاقـارە، وەك بۆمبـا تـەقیو
تـا نەبوومـە جەربـەزەو، بـاری غـەمی تـۆم هەڵنەڕشت
نەمـدەزانی ئـەی وەتـەن، بـۆ خەڵكـە دۆخینـت بـەزیو
وەك حوبـارا هـەر دەسـووڕێم، ناگەمـە هێلانەكـەم
جـێ هـەواری پـارە چـۆڵو، خانـەیی بـەختم تـەپیو
خـۆت بناسـە ئـەی گـەلی ئـاوارە، بـێ شـوێنو ڕەوشت
چـاو لـە دەس بێگانـەكانو، دڵ بـە خوێنخۆریت جمیـو
سافە (پشكۆ) جیسمی پاكی، سەر بە پێ یەك ڕەنگییە
ڕۆژو شـەو سـووتانە كـاری، بـۆ گـەلو كوورەی دەفیـو.

❋❋

- ۆ -

(١)

ئـــەی خـــودا، بۆچـــی نەچـــوومە بنـــەبانی گوڵـــەبۆ؟[١]
بەشـــکە ســـا بێمـــەوە ســـەر دەورو قومـــارو پـــەلوپۆ
هـــەر کەســێ دەردی لـــە مـــل بەســتووە، زنجـیری خەفـــەت
پێـــی بڵـــێ: خاڵـــە! لـــە ئـــەم چـــاوەیە دانیـــشە بخـــۆ
تـــرش‌و تاڵـــە بـــەدەن‌و، شـــێوەیی شـــیرینی ئـــەوێ[٢]
ئـەی دوو لـەب وشـك‌و ڕەقـا، هەسـتە زمانـت کـەڕەفۆ
کێیـــە گـــەر دەبدەبـــەیی دەردو بـــەڵا نـــەیگێڕێ؟
گـەر پیـاوی لەسـەر ئـەم چـەرخە ئـەتۆ مـاوی، ئـەتۆ
مەشـقی خـاڵ‌و خـەتی ئـەو دڵبـەرە، ئیمـڕۆ چ دەکـا؟
بـادەییێکم کـە بـە دەس ناکـەوێ، چیـمە لـە سـەبۆ؟
مـــن زەمانێکـــە لەگـــەڵ ئـــەو گوڵـــە بێباکـــە ئـــەڵێم
ماچـێکم لـێ نەسـتاند، سـا بـە سـوییێندو بـە درۆ[٣]
هـــەر نەپـــشکوتووە هێـــشتاکە گوڵـــووکی دڵەکـــەم
هەوەســـم بـــەر ڕەشـــەبای پـــایزی داوە، بـــە خـــەڕۆ
شـێخ، ئەگـەر هـاتو وەکـو زاهیـدی ڕیـش لۆکـە وتـی:
لادە لـــەم ڕێگـــە، بڵـــێ: هەســـتە ئـــەتۆ چـیتە تـــڕۆ؟
(ڕاجیـــا)! هـــەر مەســـەلە حیکمـــەت‌و شـــانێکی هەیـــە
جاهیلی ئەحمەق‌و کەر، بەسـییە ئـیتر خەرمـەنی جـۆ[٤]!!.

١- لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (ئەی خودا، بۆچی نەچوومە بنەبانی دڵەڕۆ؟).

٢- لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (بەدەنی تاڵ‌و ترش، شێوەیی شیرینی ئەوێ).

٣- لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (بۆسەیێ لێم نەستاند، سا بە سوێندو بە درۆ).

٤- لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (ڕاستە گەر جاهیلەکان، چوونەتە سەر خەرمەنی جۆ).

(٢)

عەجەب هاتۆتە بەرچاو، شارەکەی کۆ
نواندی سەوزو سوور، گوڵزارەکەی کۆ
خەفەت جێگەی نەما، دڵ بەهرەوەر بوو
کە دانیشتم لەسەر ڕووبارەکەی کۆ
کە ڕێگەو بانو سارا، تون بە تون چوون
کەیف خۆشم، لەگەڵ ئازارەکەی کۆ
سەرایی مردنیشمو، ژینەوەیشم
قوڕو کۆڵانو مێرخوزارەکەی کۆ
ئیتر تا ڕۆژی مەحشەر بەردەبازم
سەبارەت چاوەکەی دڵدارەکەی کۆ
تەنم بێ هێزە، گیانیشی ستاندووم
سەرو زوڵفی، بە فەندی، یارەکەی کۆ
دەکەم گەردوش، لەناو باغو مەزاران
کە ماڵی هەقمە، نێرگسجاڕەکەی کۆ
بە تاجی (خوسرەو)ی نادەم، وە یا (کەی)
سەری یەك موو، لە باغو دارەکەی کۆ
وەرە (ڕاجی)، بە نەشئەو پێکەنینت
بە یادی نێرگسی خەممارەکەی کۆ[1].

(٣)

ئەی سەروی بڵند قەددو لەتافەت لەبی دڵجۆ
پاداشی گوناهی منە، گرتوویەتی ئەستۆ

١- لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (وەرە (ڕاجی) بگرێ، هەم تەرەب کە لە مەیخانەی دەرو دیوارەکەی کۆ).

تووبــا، چ دەبــێ لــەو قــەدو باڵایــە بترســێ؟
یا سەروی ڕەوان چی لە قەدە، بیخـەرە سـەر گۆ!!
ئیمڕۆکە تـەجللایی دوو چاوە، لـە دوو عالـەم[1]
ئیمـشۆکە پـڕی مەیکەدەیـە، جونبوشـی شـەوبۆ
بـێ مەرحەمــەتی بەسـییەتی، مـردم لـە فیراقـا
سا هەستە لەڕووی لوتفـەوە، ماچـێ دە لەسـەرخۆ
بێ لەعلی لەبت، مەیلی بەهەشـتم نییـە قوربـان
بۆ سووتنی دڵ، جگ لـە ڕوخت بۆچمە پشکۆ؟
تـا شـاهیدو سـاقی، لـە دزەی جـامی دڵانـن
هــەر جـۆرە زرەی گیانــە، لـەژێر پاوەنـەیی تـۆ
تـا عیـشق زەدەی پەنجـەیی شـاهێنی دوو چـاوە
بێباکی شـەپۆلی غەمـە، (ڕاجـی)و دڵـی شـەتۆ.

(٤)

دەروون پــڕ دەردو، ئــاهم گەرمــە ئیمــڕۆ
جگــەر بــرژاوە، - تــا- یاوەرمــە ئیمــڕۆ
هیلاکــی هاتوچــۆی دەرگــەی حەبیبــەم
لــە بێــدادی، حــەیا، پـێم شــەرمە ئیمـڕۆ
ســەری ســووك هــەڵبڕە، پــڕ بێنــە جامــێ
کــە دەردی بــادەیی ئەحمەرمــە ئیمــڕۆ
لــە ســووڕانا، بەچـەی زەنگـین خـەتو خـاڵ
خــەیاڵی مــن ســوپای ســۆجەرمە ئیمــڕۆ

٢- لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (ئیمڕۆکە تەجللایی شەرابە، بە دوو عالەم).

هــــەوارم کۆنـــە بـــوو، دڕکـــی ڕوانـــدن
ئـەمیش بـاعیس بـە مـووی دڵبەرمـە ئیمـڕۆ
کـە ڕاوەســتا بــە شـۆخی، یـاری ڕەعنـا
وتم: ئــەی دڵ بــڕۆ، مەحـــشەرمە ئیمـــڕۆ
بـــەدایع ســـەنعەتو غــــەمزەی دڵ ئەنـــداز
لـــە کـــونجی سـینەدا میحوەرمـــە ئیمـــڕۆ
لەبـــەر غــــەمزەت، کـــەوانی ئــــەبرووانت
کـــەمینی دوژمنـــی ســـەر ســـەرمە ئیمـــڕۆ
چـلۆن (ڕاجـی)، نـەبم غـەرقی هەلاکـەت؟
فەلـــەك زڕ بابـــە، غـــەم مادەرمـــە ئیمـــڕۆ.

(٥)

جارییــە ئـاوی چـاوی مــن، دیجلـە بـە دیجلـە، جـۆ بـە جـۆ
بەنـدی دڵـی شـکاوی مــن، گـشتی پـساوە لـۆ بـە لـۆ
جان بە هەوایی سەر دەچێ، بۆ قـەدی خـۆش کەمـەر دەچـێ
بـێ دڵو بـێ جگـەر دەچـێ، گەرچـی گـەڕاوە کـۆ بـە کـۆ
ســونبولی زولْفــی هاتــە ڕوو، ئـەژدەرە کەوتــە هاتوچــوو
مەعـدەنی گـرتو زوو بـەزوو، حەلقـەیی داوە هـۆ بـە هـۆ
مەرهــەمی لێـوی شــەکەرە، ئـەم دڵــە تـا قــوڕ بەســەرە
پـڕ خەفـەتو بـێ مەفـەرە، هـەر کـەفی خـاوە شـۆ بـە شـۆ
گـــەر دەســـەڵاتی دڵبـــەرم، بـــێ لـــە لـــەبانی دڵبـــەرم
دەسـتی لـەمل ئەکـەم سـەرم، بێتـە جـەفاوە گـۆ بـە گـۆ
جـانی عـەزیزەکـەم ئـەتۆ، مـەمکوژە بەسـییە جوسـتوجۆ
نەرمییـە کـاری گفتوگـۆ، شـەڕ چییە؟ داوە خـۆ بـە خـۆ

خــاتری (ڕاجــی) بکــە جــەم، جــامی لــەبانی بخــە دەم
چــیکە لەدەســتی مەبــە ڕەم، کــاوە بــە کــاوە، پــۆ بــە پــۆ.

(٦)

نەمـــدیوە لـــە مێـــژووی مەجـــەس‌و ئـــارییو هینـــدۆ
ئـــەم جـــۆرە کـــزەو دەبدەبـــەوو کردەوەیـــی تـــۆ
زولّفـــت چ بـــەڵا، خـــەت چ خـــەتا، خـــاڵ چ خەیاڵـــە؟
چـــاو ڕەشـــبەڵەکی ســـیحرە، لـــە دوو یەکـــشەوە ئـــەبرۆ
ڕۆژێ، بـــووە هـــۆی کـــردن‌و، خـــەوتن لـــە شـــەوو ڕۆژ
تـــۆ کردتـــە دوو ڕۆژو، خـــەوت بـــردەوە بـــۆ خـــۆ
گـــشتی خەڵـــەتن مـــارکس‌و، نیـــشتاین‌و، گـــۆرینگ
ســـوقرات‌و، دیمـــوقرات‌و، فلاتـــوون‌و ئەرەســـتۆ
وتیـــان: فەلـــەکی خـــاك‌و ســـتارە کـــە لـــە ڕۆژن
کوێربوونـــە کـــە لـــەم خاکەیـــە دوو ڕۆژی ڕووئـــاژۆ
بـــەم پوڕتـــەوی تـــۆ، هەرچـــی عەناصـــر هەیـــە ســـووتان
دونیـــا بووەتـــە کـــانی ئەلـــەتریك‌و ســـپرتۆ
هـــەر باســـی هـــەیوولاوو، شـــتی (لا یتجـــزّأ)
دوو جـوزئی بەیـەك تێکـەڵ‌و، نیـسبەت بـە کـەم‌و کـۆ
هـــەر یـــەك هەیـــە بیکـــاوو، بزانـــێ بـــە هـــەموو لا
ئۆکـــسیدو پرۆتـــۆن‌و ئەلـــەکتر بـــە پیـــانۆ
مـــن خـــۆم کـــە نەناســـیوە، خـــوای خـــۆم چ بناســـم؟
مـــردم بـــە جـــەفای عیـــشقت‌و، کـــەوتم لـــە پـــەل‌و پـــۆ
دامـــاوی هـــەزار بـــیرە شـــڕو نـــاوە، ژیـــانم
نـــادانی بـــە تاوانـــە، لەگـــەڵ سۆزشـــی پـــشکۆ

نــەمبوو ســەنەمو، یاســەمەنو، ســونبولو، سەوســەن
نەمــدی هەوەســـی چـــاوی ڕەشو، گەردوشـــی شـــەوبۆ
ســـیحرو هەڕەشـــەی ڕووسو فەڕەنـــسەو، ئەمـــەریکاو
ئینگلیسە، لەگـەڵ موسـلیمو جـوو، هـەر کەسـە بـۆ خـۆ
ئـــەم قـــاڕەیی ئاســـیایە، کـــە ئاســـیاوی بەڵایـــە
هـــەر کـــەس بـــە هـــەواییێکی ئـــەگێڕێ، بەســـەری تـــۆ!
دونیـــا بـــە قومارخانـــەیی ئـــەم جانەوەرانـــە
دەستـــچێنی ئـــەوان: شـــێخو، بـــەگو، ئاغـــەوو، مـــیرۆ
قوربـــانی قولینـــچکێکی وەتـــەن، لەنـــدەنو تۆکیـــۆ
واشـــــنتنو بـــــەرلینو، نیویـــــۆرکو مۆســـــکۆ.

❊❊

- ی-

(١)

چــەرخت لــە منــی غــەمزەدە کردۆتــە نــەهاتی
جــارێکی بەســەردانی دڵــی خەســتە نــەهاتی
وا تــۆ دەســەڵاتت هەیــە، بــۆ شــاه و گــەدایان
بۆچــی لــە هــەواخوازیی مــن بــێ دەســەڵاتی؟
جــارێکی نــەبوو پێکــەوە بــین، مــچ مــچو، دەم دەم
وا دیــارە ئــەمن دەشــتییو تــۆ بوویــە قــەڵاتی
دەســتم کــە نــەگا دامــەنی یاریــت بتــەکێنم
پێشکێــشت ئەکــەم بــیرو خــەیاڵم، بــە قــەپاتی
هەڵدێن دڕو دەعبا، لە کەلوی گوڵ، کە تۆ هەڵدێی
وەك نــانی هەڵاتــەم ئــەمنیش، تــۆ کــە هــەڵاتی
چــەند ساڵە لــە ئــەم دەرگــە دەحەوکێتــەوە دیــدەم
نەمــدی نــە وەنــەوزێکی، نەســەبری، نــە ســوباتی
یــارم کــچە کوردێکــە، لــەماڵم کــە دەکــا ڕاو
ڕاونــــانو جنێــــوانم ئــــەداتێ بــــە خــــەڵاتی
جــارێ نــەبوو، تێــری بمــژم لێــوو دەمو مــەم
جــاری نــەبوو، بــاوەش کەمــە مەیــدانو مــەزاتی
چــەند خشــتو خــڕو ناســكو ئــاودارو بەســۆزە
چــەند خۆشــە قــسەو خەنــدەوو دیــدارو جــەماتی
خــەڵکی، کــە بــە پــارە دەگــرن باخــچە بــە ساڵان
مــن ماچــی زەمــانگیرە گیــانم بــە ســەعاتی
ئــەڕوا بــە هــەوای، هەڵئــەوەڕێ گــوڵ، بــە هــەموو ڕوو
پاســی ســەفەرم بەســتو، غــەمم خــواردو خــەباتی

ئــەو دێــتو بــە مــن پێدەکــەنێ، دوڕ ئــەڕژێنێ
مــن لــەعلو گــوڵی ئەشــك ئەڕێــژم لــە جیــاتی
(پشکۆ) کە ئەڵێی سووزی دڵـی، کوورەیی عیشقە
چــی داوە لــە تۆفــانو، لــە نــووحو لــە نــەجاتی؟!.

(٢)

خــوێن ڕژاوی دڵ لــە ڕێگــەی نیــشتمان، ڕۆڕۆیــەتی
هەرچی شیوەن کـا لـە هاوخوێنـانی گـەل، بـۆ خۆیـەتی
خونــچە خەنــدەی دا بــە دەم، بێباکــە لێــوی هەڵــدڕا
هەرچــی دەم دووڕواوە چــاخی مــوزدو وەردو شــۆیەتی
مــەی بــە ئــابووری ئەنۆشــێ، دیــدە تێکــەڵ ژیــن ئــەکا
دڵبــەری شــیرین گیــان، پــەرژینی ڕەنــگو بۆیــەتی
وا گەلاوێــژم هــەڵاتو، زوزەنــەب پــڕ پــێ هــەڵات
کــاری هەڵکێــشانی بــیرە، دوو تــەرازوو کۆیــەتی
بــۆ گــەلی ئــاوارە، ئــاوی گــوڵ گەشــیی ڕۆژو شــەوە
بـۆ گـەلئامۆژی لـە هـەر مەیـدان، ئـەوا هـۆ هۆیـەتی
مــەی، بــە بــەزمی کۆمــەڵو گۆینــدە زیکــەی ســەربکا
پاســەوان ئەســتێرە بــێ، دڵ خــاوەنی شــەوبۆیەتی
حــەوت ڕووبەنــدە کــە خــول دەن، نۆکــەری بــەزمی ئــەون
عونــسورو ســێ ڕۆڵــە بەخــشین، ئاســمانیش گۆیــەتی
ئــەم گەلاوێــژە، بریقــەی خــستە ئافــاقی ژیــان
ڕۆژو شــەو بــۆ پــەروەرش، نووریکــە هاموشــۆیەتی
هــەر برینێکــی جگــەر، زوخــاوی لــێ ئەتکێتــەوە
ڕۆژی مــەرگی بێکەسیی، ئۆبــاڵی مــن بەســتۆیەتی

هــەر کەســێ سەرخۆشــی جــامی هــۆزە، وازی ڕوویــەتی
دانـــەیی ســـوورو ســـپی مـــەی، تاقـــەتی ئەژنۆیـــەتی
تــا بەســەر کــاری هونــەر، وەســتاوە بــۆ هــۆزی بــەکوڵ
ئــاگری نــەورۆزی بەختــە، (ڕاجــی) یــو (پــشکۆ) یــەتی.

(٣)

باســـی کـــوڕو کـــچ بـــاری، وەك دانـــەیی مـــرواری
کـــوڕ مەرحەمـــەتی بـــاری، کـــچ زینـــەتی نـــاو شـــاری
کـــوڕ خـــاوەنی دیوانـــە، وەك شـــاهی ســـولەیمانە
کـــچ مەرهـــەمی جانانـــە، بـــۆ یـــاری یـــو دڵـــداری
کوڕ مـــەردی شـــەڕو شـــۆرە، کـــچ گـــەنجی دەڤو مـــۆرە
کـــوڕ ســـەڵتەنەتی زۆرە، کـــچ بۆتـــە شـــەهریاری
کوڕ شێرە بە سەرمەستی، کچ بـازە بـە سەربەستی
کـــوڕ نەقـــدە لەســـەر دەســـتی، کـــچ ڕەونـــەقی بـــازاڕی
کـــوڕ چـــاوی خـــودا بینـــە، کـــچ ئایینـــەیی ژینـــە
کـــوڕ دڵـــدەرو گـــوڵ چینە، کـــچ باغـــە لـــەبەو زاری
کـــوڕ عاشـــقی لەیلایـــە، مـــەیلی قـــەدو باڵایـــە
کـــچ نیعمـــەتی مەولایـــە، ڕەحمـــەت لـــە کەســـوکاری
کـــچ شـــەمعی شەبوســـتانە، کـــوڕ بـــۆی بـــووە پەروانـــە
کـــچ کـــەیفی لـــە ســـووتانە، کـــوڕ بێتـــەوە دیـــداری
شـــیرین، کـــچە، شـــازادە، کـــوڕ خوســـرەوو فـــەرهادە
کـــچ لەشـــکری بێـــدادە، کـــوڕ بۆتـــە عەلەمـــداری

تــۆ شــاعیری فــەننانی، (ڕاجــی) کــوڕی مــەیــدانی
ســەودای کــچی کــوردانی، ســا بیــدە پــەلاماری.

(٤)

وەتــەن! بۆچــی لەگــەڵما، هێنــدە بــێ ڕەحــمو جــەفاکاری؟
ئــەڵێی بــۆ پێــوەدانی جــەرگی مــن، شــەوگەردو ڕەشمــاری
دەمــێ نەمــدی خــەرامان بێیــە بــەر چــاوانی خوێنــاویم
پــەلامارت بــدا نــەختێ، دەســی یارانــە بــۆ یــاری
مەگــەر مــەیلت لەگــەڵما هــەر نــەماوە، بۆیــە تــۆراوی
لــە دەســتو باوەشــی خــەڵکا هــەژاری، بۆیــە بێــزاری
بــە بــۆی خونــچەو گــوڵو ڕەیحــانو بــەیبوونو بنەوشــەکەت
مەگــەر بووژاوەمــەوە لــەو ڕۆخــی پەرژینــەت، بــە ڕێبــواری
بــە ئــەم نــازو گریــشمەو لەنجــەوو لارەت، بــە شــۆخی، تــۆ
لەگەڵ دوژمن تەڕو شیرین، لەگــەڵ مــن وەحــشو لاساری
تکــای ڕۆژێ ئەکــەم، بــەم ســۆزەوە، گــەر بێیــە باوەشمــا
لــە دڵ بکوژێتــەوە بەشــکو بلێــسەی بــانگو هــاواری
وەتــەن، دایکــی بــە شــیرو شــینو بــێ شــوو بــوو، هــەڵگیرا
بڕۆ بەدوای کەوە (ڕاجی)، ئــەتۆش هــەر بــێ کەســوکاری!!.

(٥)

دینــــەمۆی دڵ کەوتــــە کــــارو، جەرگــــە بۆتــــە پــــاتری
بۆ مــەکینــەی جیــسمی ئێمــەن، زوڵــفو پەرچــەم، وایــەری
کۆیــــلو دیلکــــۆی هــــەناوم، بــــەم هەناســــانەی پــــلاك
ڕۆییــــــوە تەقــــــسیمییو هــــــەردوو پلاتینــــــی وەری
ئــــەم تڕونبێلــــی خەیاڵــــم، لــــەم دەرە پەنــــچەر بــــووە
بــەو هــەموو خــاڵو خــەتو ئالاتــە، هــەر تــۆی فیتــەری

گەر لە ڕێگای عیشقدا چا بێتەوە، پەیمان ئەکا
جگ لە تۆ، هەڵنەگرێ جندو ئادەمیو حوورو پەری
ئاهی تیژم هۆڕنی دەبڵە، لە ڕێم لادەن ڕەقیب
نەیژێ تا خوێنو خوڕتان، کارەبای ئەسکەندەری
خانەیی بەنزینو ڕۆنی، هەردوو سووتان دوور لە ئاو
مەستی کرد ئەو سائیقەی چاوت، مەیو جادووگەری
شەفتو سپرینگی شکا، ڕینگی پسا، تایەی تەقی
وا لەبەر ئەم سوورەتاوی کوڵمە بوومە هەمشەری
بێ کلاجو، بێ جەلەو، بێ سلفو ئیستۆپو گڵۆپ
کاری دڵ یەکدەم کرا، لەو سەیرو ڕاوە بووم بەری
کێ هەیە (پشکۆ) وەکو تۆ، سوورو سووتابێ لە عیشق؟
هەر وەکو ئیمڕۆ لەسەر خۆت کردە تاپۆ شایەری.

(٦)

جاحێڵییەکەم لەم خەفەتە، گەیوە بە پیری
هێشتا گوڵەکەم، جەورو جەفا نەچووە لە بیری
ڕەشتاڵەیە، شیرینە، چ خوێنگەرمە، چ دڵکێش؟!
بەو پەرچەمە، ڕۆحو دڵی بردم بە ئەسیری
خاڵی سەری لێوانی هەموو گەنجە لە ڕووما
خاکی دەری ئەو دڵبەرە نادەم بە وەزیری
عومرێکە، لەگەڵ عیشقی تۆ من بوومە برادەر
ساڵێکە، لەبەرچی تو خودا لێمە[1] زویری؟

١- لێمە: کورتکراوەی (لە ئێمە).

بەو پەرچەمو ئەگریجەیە، بنوێنە لە باغان
بەو ئارەقو بادەو مەیە، بشێلە هەویری
بەو نازکییو نەرمییە، تۆ زوبدەیی جانی
بەم تورتو تەڕو گورجییە، تۆ سەلکە پەنیری
لەو بەندو مەقاماتی جەفاو هەڵخەڵەتانن
تۆ بوویە ئەبوزەیدو، منیش بوومە حەریری
تاکەی؟ لە دوای بادەیی خاوی تۆ بە جوستی
ئەسرین بڕژێنم، بە دوو سەد شێخی جەزیری
لەو مەجمەرەدا زاهییە (پشکۆ)، کە گەشاوە
دڵگەرمو بە سۆزو کوڵە، وەستاوە بە ژیری.

(٧)

لەشکری وەهمو خەیالاتم، لەسەر دڵ دابەزی
ڕۆژی سێزدەی شوومی شەومی، کردە گریەو عاجزی
سوورە سێوێکم لە لق، خستمتە بەر دارو قەلانگ
یا مەمی سەر سینگی ئەو بووم، چوومە بەر دەستی کەزی؟
بۆچ نەهاتی، هێندە بانگم کردی یو پاڕامەوە؟
خۆپەرستی، گاوری، جادووگەری، یا ڕافزی؟
پێم بڵێ ناوی چبوو، ئەم هاتنو نازەت کە کرد؟
من سەرەو هەورازو کەوتم، تۆ سەرەوژێرو بەزی
گەر سبەینێش، بێیەوە جێ ڕاوگەکەی ئیمڕۆ نەهات
وا ئەزانم ئەم نەسیمەم، ساڵە وەختێکە وەزی
هەروەکو چاوی ڕەشو، خاڵی لەبو، کوڵمەی سپیت
سیپەلاکم ڕەش بووە، دڵ داخە، جەرگم قاقەزی

چۆن نەگریەم، پەرچەمو زوڵفی کە ئەخشێنێ لە ڕووی؟
کێیە دیتوویە لەسەر خەرمانی خونچە، بارە زی؟
ڕاچەنی ڕۆحم لەدەنگی بازنو، دڵ هاتە جۆش[1]
وەك لە ئاگردانی ڕووی، جەرگی کەبابم داچزی
(ڕاجیا)! یەزدانی پاك، بۆت هەڵدەسووڕێنێ سبەی
پێی بگەی، هەر بیگووشی، هەر بیمژی، هەر بیگەزی!!.

(٨)

کە هات لێشاوی مێشاوی سروشتو ئیشی ڕامالی
لە پێشایی شەپۆلی کوڵ، خەفەت شەڕوالی دامالی
لە ئاوزینگی هەنیسکی ژین، دڵی کورد وەك هەناسەی من
لە گەنجینەی زەویو کاتا، بە بێ دەسمالی، دەس مالی
ملی هەر کەس تەماشاکەی، بە تۆقی تاقمێك گیرە
سەری هەر کەس تەماشاکەی، تەمی هەڵداوە ڕەشمالی
سەبا ئەمساڵ سبەینانو، شەماڵ ئێوارەکان نایەن
مەگەر ڕەش بوونەوە چاوی بەدی بارەش بوو هەڵ، کالی
بڵێم بارەش نییە چاکە، هەناسەی مەردی زانایە
کە لەم دونیایە بەر پانە، نییە هاوجووتو هاوالی
زەمان کردی ئەوی کردی، کە تۆراندت کەسوکارت
ترازاندی لە یەك دوو دڵ، بە تیتاڵو بە فیشالی
نەسیم سەرکز بووە ئیمشەو، لە جۆشی هۆشی بێ نۆشان
دەهۆڵی دونبەکی مەکرە، هەوای زوڕنایە شمشالی

١- لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (ڕاچەنی ڕۆحم لە هاڕەی بازنو، دڵ هاتە جۆش).

پەلی بگرەو بە زێی دادە، ئەوی دەرچوو لە هۆزو گەل
بە خۆیو ئاغەیو شێخو، دەفەو پۆشینو بەرماڵی
کەسێ چاوی دڵی ڕەوشەن نەبوو بەم نیشتمانی کورد
شەقیکەو، پڕ شەقیکەو، لێی مەپرسە سووچو ئۆباڵی
کەسێ گەر هاتە بیری نازو باڵای بووکی باغاتی
لە پێیکە زینەتی مێرگو چیاو مێلاقو قەمتاڵی
شەوی کانوونی کوردانم، کە (پشکۆ) گەرمی داهێنا
لەسەر کورسی دەنوون گەرمێنو کوێستانی، بەخۆشحاڵی.

(٩)

منالی دلّمە گریاوە، لە ڕێی شارانە یارانی
لە بێ شیری وشك بوو، تازە وا دایانە دایانی!!
وەنەوشەو خونچە دێنو، سونبولو گولّ تێکەلاویان بن
لە کولّمەی دابنێن پەرژینو ئەم ناوانە ناوانی
چ قامەت: عەرعەرو سەروو سنەوبەر، نەستەرەن، شمشاد!!
دلّەی پڕ ئاگرم، دلّبەر، بە ئەم لاوانە لاوانی
دەمێ مەستم دەکا چاوی، دەمێ بەستم دەکا ئەبرۆی
تەبیب تۆ چیت لە من داوە؟ کە لەم نازانە نازانی
کە دێ بۆ کوشتنو گرتن، بە هاڕەو هاژو هووژێکە
کە کاتێ ئیشی خۆشی دی، لە بێ هەستانە هەستانی
کە بەستەی پەرچەمی دی دلّ، گڕووی گرتو سەرەو بن بوو
لە بازاڕی جوانیی یار، بە ئەو تۆقانە تۆقانی
دلّی (ڕاجی) نەپشکووتو گولّی بەختی وەری، چونکە
سەنەم زوو بەو نیازو بیرەوو تاسانە، تاسانی.

(١٠)

بــۆ کوشــتنی کرمــی دڵ، ســەر دووکــەڵی غەربــەنگی
بــۆ ڕشــتنی ئــاوی چــاو، چــاوەی عــەرەق‌و بــەنگی
شــیرین‌و تــەڕو پــاراو، ســەروی لــە نویــێ ڕســکاو
هەر سەد هونەرو یەك داو، هەر یەك گوڵ‌و سەد ڕەنگی
لــەو دیمەنــە بێبــەش بم، بــەختم ڕەشــە، چۆن گــەش بم؟
ســاتێ کــە لــە بــاوەش بم، ســەیری دڵ‌و ئاهــەنگی
نەخشی خەت‌و خاڵی ڕووت، هەر یەك بەیــەکێ ئــەنگووت
کوڵمــەت بــە هــەوا پــشکووت، دنیــا پــڕە پڕشــەنگی
هــەر مــاوە زراوم چــێ، لــەرزین لــە هــەناوم چــێ
نەشــتەر لــە دوو چــاوم چــێ، کەوتوومەتــە بــەر چــەنگی
ئـــــازا وەرە ڕازاوە، تـــــای زوڵفـــــی تـــــرازاوە
کـــارت هـــەموو ســـازاوە، وا تێمەگـــە دالـــەنگی
بـــەو ئـــەبرووە پـــەڕگاری، بـــەو ڕوومەتـــە گـــوڵزاری
بـــەو دیدەیـــە بیمـــاری، بـــەو توندییـــە ســـەرهەنگی
ئـــەو ســـێوە بـــە دەســـتمکە، لـــەو ســـینەیە مەســـتمکە
بـــەو ســـینەمە بەســـتمکە، بمدوێنـــە بـــە بێـــدەنگی
(پـــشکۆ) بەســـە ســـووتانت، هـــاوین بـــووە زســـتانت
هێـــشتا بـــە تـــەمای دیـــدەو، دوو قـــەترەیی ئـــاونگی؟!.

(١١)

دڵبـــەرە دەســـتی دایـــە دڵ، لەتلـــەتی کـــردو ئـــەنجنی
تـــارو دەمـــاری جیـــسمەکەم، ڕســـتییو پـــاکی پـــشکنی
لێـــوی عـــەقیقی خـــستە بـــەر ســـێبەری زوڵفـــی ســـونبولی
گـــەردەنی زەعفـــەران‌و، دەم خونـــچەوو، ڕوو گـــوڵی چـــنی

دڵ، وەکو گۆ لەبەر شەقی زەمانە دەشتی گرتە پێش
حوورو پەرییو ئادەمی، بەو شێتو شوورە پێکەنی
پەردەیی خوێنی دڵ دڕا، ڕژایە حەوزی چاوی من
گریە بناوانی شکا، ئێستە مەحاڵە بەستنی
کوڵمەتە خوێنی لێ تکا، نازە، ڕقە، یا خەجلە
گەر ڕقە هەستە بمکوژە، بەسییەتی نازو شەرمنی
چاو غەزەبێکی گرتووە، زوڵفی دوولا هەڵاوەسی
جەژنەمە چاوە ڕاستەکەم، تۆ کە قەنارە بۆ منی
مەمکەوە تا ڕۆژی دووا، پەت بە ملو شانی هەوا
بەڵکە هەموو کەس تێدەگا، عاشقو تەمبێ کردنی
پێ بە فەلاقە، سەر بە کۆت، دڵ بە هەناسە دەرپەڕی
گیان بە بەهەشت شا بووە، لەو ڕوخو سینگو گەردنی
دڵبەری، (ڕاجی) کە ئەکوشت، کفنی بە قامەتی بڕی
ڕۆحی لە پشتی بەستو گشت، تێشووی جەماڵی ئاخنی!!.

(١٢)

بەسییە دڵو دین بردن، لەم تۆخە بە بێ دینی
بەس پێم بدە ژەهری مار، لەو زوڵفە بە شیرینی
نەقدی خەمە تامردن، باری دڵی ڕیسوامە
هەر کووچەیی بێدادیو، هەر کولبەیی غەمگینی
چاوت بە هەوای خۆشی، تالانی سەرو ماڵە
بەو تەوقەوو خڕخاڵە، تاکەی لە ڕقو قینی؟!
بۆ بولبولی پڕ زارم، وەك غونچەیی دەم بەستەی
بۆ دەردی بە هاوارم، وەك سوورەتی یاسینی

بەم کوڵمە ئەڵـەتریکی، یـا ڕۆژی لەسـەر ئـەوجی؟
بـەم زوڵفـە شـەوی تـاری، یـا شـوورەوو پـەرژینی؟
لێـوت کـە پـڕی خەنـدە، قەنـداوی خەجاڵـەت کـرد
زیوینـە دەس‌و پەنجـەت، یـا لـەو دەمـە زێڕینـی؟
وەك تازە لە خەو هەسـتی، ئـەو چـاوە پـەنا بـە خـوا
بۆ هەتکی هـەموو خەڵکـە، نـازو غـەزەب ئـەنوێنی
گـوڵزاری بـەهارانی، یـا بـووکی سـەراپا سـوور؟
یا پیشەتە خوێنخـواری، یـا هـەر بـوتی خوێنینی؟
سووزەی جگەری (ڕاجی)، هـیچ کـارێ لـە تـۆ ناکـا
چونکێ لە هەناسەی سەرد، زانیومـە کـە تـەئمینی.

(١٣)

یــارت کـــە هـــەبێ، بارتـــە تـــا ڕۆژی دوایـــی
بـارت کـە نـەبێ، غـارەتی تـۆ بـێ سـەرو پـایی
دوژمــن مــەکوژە، دۆسـت نـەوەك بتکـوژێ ڕۆژێ
یـاران مەخـە سـەر تـەختی هـەوایی، بـە مـەرایی
مەڕوانـــە هـــەتا کۆمـــەڵی بەدبـــەختی دیـــارە
هەرزانــە قوماشــی دڵەکــەت، نــەك بــە کــەوایی
داپۆشـە سـەرت، چـەتری غـەم‌و سـەبر بـە سـەرکە
ڕابـــوورە، لەهـــەر حەســـرەتی دوو ڕۆژی جـــودایی
تاریکـــە شـــەوت، هەڵکـــە چـــرایانی ئەڵـــەتریك
لـــەم شـــێوەیی نەوســـانییە، تابییـــە خـــودایی
کـارێ مەکـە گـیرۆدە ببـی‌و، دەرنەچـی بـۆ خـۆت
ئیـــشێکی بکـــە ســـەربکەوی، دوور لـــە ڕیـــایی

مەشکێنە دڵی شووشە شەرابی دەمی خونچە

تاکو نەڕژێ ئارەقی چاوت، بە سیایی

هێزێکە، هەموو کردەوەیی کۆمەڵی ئێستا

لەو هێزەوە بخوازە، ئەوانەی بە تەمایی

(ڕاجی) مەکە ئەندێشەوو، دانیشە لە خانە

یا ڕاکە لە دو کارێ، بەلایێ، نە دە لایی !!.

❊ ❊

- یٚ -

(١)

لــە چــینی پەرچــەمو زولّفــت، چ تەیرێکــە نــەگیرا بــیٚ؟
بــە ڕیــزەی تــیری موژگانــت، چ نێــچیره نــەکوژرا بــیٚ؟
لەسەر تۆ شۆخی چاو کـاڵم، لـە دەستم چـوو سـەرو مـاڵم
ئەپرسـی جـاریٚ ئـەحواڵم، ئەگـەر ڕەحمـت لـە دڵ دا بـیٚ!!
بــە بــاڵا شــۆخو شــیرینی، بــە چــاوان شــەربەتی ژینــی
بــە ســینەو مــەم چ ڕەنگینــی، بــلا مــەیلت لەگــەڵما بــیٚ
ژیــانی خــۆم بــە بــەر بــا دا، کــە لێــوت بۆســەییێك نــادا
چ شــێخیٚك بــیٚ لــە دونیــادا، لــە دینــت وەرنــەگێڕا بــیٚ؟
بە ڕۆژ خامۆشو بیٚ هۆشم، بە شەو پــڕ جۆشو بــیٚ نۆشم
شەوو ڕۆژ مەســتو سەرخۆشم، کــە چــاوت بــادە پــەیا بــیٚ
چ بــیٚ ئــارامو بــیٚ ســەبرم؟ لــە ســەودای تۆیــە وا ئــەمرم
لە سینەت هەڵکەنن قــەبرم، بەهەشتم شــوێنو مــەئوا بیٚ
دەخیلــی داكو بابــت بم، بــە ژێرپــیٚ خــۆڵو خاکــت بم
بە فیدای ڕۆحی پاکت بم، لەبەرچی ماچی ڕووت نابیٚ؟
دڵــم پــەڕپووتو غــەمبارە، لــە دەردی تۆیــە عــەمبارە
بگــە هانــام، بکــە چــارە، ویــساڵت بــا لــە ڕێــی خــوا بــیٚ
خــودا هــەڵناگریٚ قوربــان، لەبەرچــی عــاجزی لێمــان؟
بەسە، (ڕاجی) مەخە کێوان، نەوەك ئاخر زەمــان ڕا بــیٚ!!.

(٢)

هــەتا چــەرخی ژیانــە، کۆمــەڵی کوردانــە بەســرا بــیٚ
ســەروکاری ڕەوشــتو خــوو، بــە ســەد شــیرازە هــۆنرا بــیٚ

بلێنە سادە ڕوویان، بەزمی مەی بگرن بە هەر لا دا
بلێن گۆینده ئاوازیان، لە هەر شێوە لە داوا بێ
بلێنە پۆلی شادی، ڕوو لە ئاونگی گژوگیا کەن
تنۆکی ئارەقەی ڕووی دلبەران، تێکەڵ بە باڵا بێ
بلێنە ڕووت و قووتانی مەحەببەت، ئێستە یاری کەن
کە زانیومە، هەموو کەس خۆشەویستی دێ بە ڕووی شابێ
کە جەژنی عالەم ئارایە، گەلی کوردانە وەستاون
ئەبێ هەر کەس لە دیوانی ئەدەب سەرخۆش و ئازا بێ
بە پیرۆزگارییو تۆقە، جەماوەر زێوەری بەخشی
دەسی یەك بەرمەدەن، بیگرن، ئەگەر منداڵی ساوا بێ
بنێرنە دوا کچان کۆ بن، بە هارەو هاژە دابڕژێن
لە هەر لا، خانم و بەگزادە تێکەڵ ئاڵ و واڵا بێ
مەلاو شێخ و جبەو مەندیل و شاڵ، باوێنە کووپەی مەی
هەموو بیانشۆنەوە خاوێن، نەوەك ئەم ڕۆژە ئاوا بێ
هەموو مێرگ و ڕەزو باغان، بکەن نازاوو ڕازاوە
چریکەی بولبول و قومری، زریکەی پیرو بوڕنا بێ
بە دوو دەس بادەگێڕی زەوق و خۆشی، ڕاست و چەپ مەی دا
دەهۆڵ و تەپڵ و تەمبوورەو، کەمانچەو عوود و زوڕنا بێ
بلێنە دلبەری شیرین زمان، لەم بەزمەدا فەرموێ
بە دەستوورێکی شاهی، غەرقی خشڵ و نەخش و زیبا بێ
بڕۆن، مردوو لە گۆڕان تێگەیێنن، خوا عەفووی کردن
خودا هەر نوور ئەبارێنێ، کە گەل تێکرا بە یەك شا بێ
مەگەر بیرو ژیانی نوێ، لەگەڵ ئیمرۆکە سازاوە
کە (ڕاجی) خۆی لەبەرگی یەکدڵی، وەك خونچە پێچا بێ.

(٣)

دڵــــم پــــشكووتەو، ئیمـــــشەو بــــا ڕەوا بــــێ
ئەگەرچــــی پایزیـــــشە، هــــەر ســــەبا بــــێ
نــــەما ئیمـــشەو كــــە قــــەدری لەیلەتولقــــەدر
دڵــــی خــــەڵقی، دەبــــا بــــەم شــــاهە شــــا بــــێ
قــــسەو گوفتــــاری چەشــــنی شــــیرو هــــەنگوین
بــــە لێــــوی ئێمــــە دایــــم داڕژا بــــێ
عــــەزیزی بــــۆ وەتــــەن وەك ئێمــــە ســــووتاو
خودایــــا، دوور لــــە ڕووی دەردو بــــەڵا بــــێ
ئــــەنیس‌و مــــەحرەمی ڕازو دڵ‌و دیــــن
ســــەرو گیــــانی منــــی هــــەردەم فیــــدا بــــێ
لــــە كوردســــتانی شــــادی‌و فــــەنن‌و پێشــــچوون
هــــەتا ڕۆژی دوای، نــــوورو زیــــا بــــێ
لەســــەر لێــــوی نیــــازو نــــازی كــــوردان
وەكــــو ئــــاونگی ڕوخــــساری گیــــا بــــێ
بــــە دەم نــــەورۆزی بــــەختی كۆمــــەڵی كــــورد
جریــــوەی موشــــتەری‌و زوهــــرەو ســــوها بــــێ
حــــەریفێكم ئــــەوێ، وەك مــــن لــــە عیــــشقا
بــــە ســــووزەی ڕوویــــی هــــۆزی، ســــووزیا بــــێ
بــــە تــــاری زوڵــــف‌و، عــــوودی دەســــت‌و ئەنگوســــت
پــــڕی چــــەنگی، لــــە جەرگمــــدا ســــەدا بــــێ
بــــە ناوچــــاوانی ســــاف‌و چــــاوی بیــــنین
وەتــــەن ئــــەمجا هــــەموو دەردی دەوا بــــێ

بلێسەی کەشف‌و حیکمەت، دایە کەللەم
ئەبێ قاپی نەزانین داخرا بێ
ئەدیبێکی تەڕو بەرزو لەبیبە
لەناو یارانی مانا، ناسرابێ
زمانم لەنگە بۆ ویستەی زەمانم
قەڵەم ساغە لەگەڵما، تا شکا بێ
منیش هەروەك قەڵەم، تا لێو بڕاوم
دەبێ پیشەم هەموو حەمدو سەنا بێ
نە وەك قاقەز، لەگەڵ نیشتمان‌و میللەت
بە زوڵف‌و، خاڵ‌و خەت، کوڵمەم سیا بێ
لە عالەمدا عەزیزێکم موعینە
ڕەئووفی دین‌و دونیاشم پەنا بێ
ئیتر (پشکۆ)، ڕجاکارم لە مەردان
لە بەرزی تێبکۆشن، کورد گوشا بێ.

(٤)

کێ هەیە گیان‌و دڵی، بەستەی کەمەندی ڕوو نەبێ؟
کێ هەیە لەم هاتوچوونە، بەستە دڵ، کوشتوو نەبێ؟
دیمەنی پاکی، نموونەی جەننەتی دەربەستەیە
چۆن ئەبێ ئەو دڵبەرە، دەربەستی ئەو دەربوونە بێ؟
ئەو کە پەروەردەی شەراب‌و، ئارەقی لێوو دەمە
با تەرازووی خێری من، دوو لێوی ئەو خاتوونە بێ
ئاسکی کێوی لە گومبەز دایە، ڕامی من نییە
چی دەبێ ئیمڕۆ لەبەر چاوم، ڕەمی ئاهوو نەبێ؟

ئـەو بـەرو دۆشـەی قومـار دۆڕاوە، بۆچـی پێکـەنی؟
سەر لە گریانی خەجاڵـەت کـا، بـە هیـوای خـوو نـەبێ
تـا وەڕز بـووم، ڕامـسپاردە لایو بـازی دا لـە لام
با وەکو تەیری کـەوی، خـۆی وێڵـی ئـەم هاموونـە بـێ
وەك شەدەی نەرمی لە مـل هالاّنـدو، دەسـتی دایـە دڵ
خـاوەنی، تۆڵـەی دڵـی لـێ سـەندو، بـا مـاندوو نـەبێ
تـاوەکو مووسـا، لـە کێـوی دەستەچـیلەی بائیـسی
هەر بە پێ خواسی ئیتر، با تووشی ئـەم جەیحوونـە بـێ
مـن گـڕی ئـاگر لـە دڵمـە، بۆیـە چـاوم سـوور بـووە
شـەونمی ئـەو خـستەسەر، بـا تووشـی داوی مـوو نـەبێ
سینە ئـاگر، کـاری مـەم، دڵ سـووتە، کـاری لێوییـە
گـەر خـەتی تێـدا نـەبێ، ئـاوون دەبـێ ئابوونـە بـێ
خونـچەیی لێـوی، لەگـەڵ دوو نێرگـسی چـاوی دەکـا
لالـەیی کوڵمـەی، دەبـا یـاری خـەتی بەیبوونـە بـێ
تـا بلێـسەی چـاوی (پـشکۆ)، دڵ پـەلاماری نـەدا
وام ئـەزانی چـەنگەبازی دووکـەڵی گێـسوو نـەبێ!.

(٥)

ڕەونـەقی بـەختم، لـە چـاوی نێرگـسی شـەهلا ئەچـێ
عـاجزیی ڕۆژو شـەوم، بـەو دڵبـەرەی زیبـا ئەچـێ
نرخـی عـومرم، نایەتـە بـاسو تـەرازووی حیکمـەتی
مەرگی سـەد سـاڵەم بـە خەنـدەی لێوەکـەی زوبـدا ئەچێ
تامو بۆنی زوڵـفو کوڵمـەو، غەبغەبـەو سـینگو مـەمی
کەی بە حۆریو شیرو هەنگوین، کەوسـەرو توبـا ئەچێ؟
تـا لـە ملمـالاّوە ڕسـتەی زوڵـفو کـاکۆڵی گەشـی

شـــانەیی دڵ شـــی دەکـــا، وا زەردوشـــی بـــاڵا ئەچـــێ
هەرچـــی وەك مـــن دڵ بریـنـــدارو کولافـــەی نازتـــە
چـــاو بـــەگریان، بـــۆ خـــەڵاتێکی دەمـــت خێـــرا ئەچـــێ
ئـــەی دەخیلـــت بم وەرە، چـــەند دڵکەشـــە دوو لێـــوی تـــۆ
هـــەر ددانێکـــت، بـــە شـــوعلەی گەوهـــەری لالا ئەچـــێ
ئافـــەرین بـــۆ ڕەسمـــی پـــاکی تـــۆ، لـــە دونیـــاوو لـــە دیـــن
ڕەونەقی ئیمـــانو دیـــنم، کـــەی بـــە کـــەس قـــەت لا ئەچـــێ؟
دیمـــەنی پـــڕ ئـــارەزووت، تـــاکو بـــە ئاســـان دێمـــەوە
خـــستمە گیرفـــانی دڵ، وا گـــوڵ بـــە کەشـــتی بـــا ئەچـــێ
جـــوانی یـــو نـــازت، کـــە شـــەڕ ئەفرۆشـــنە چـــەرخی نیشات
زامـــی گۆشـــەی چـــاوەکانت، وا بـــە گـــڕ عیـــسا ئەچـــێ
ئـــەی نموونـــەی قـــودرەتو، نـــووری خودایـــت تێکـــەڵاو
هـــەر کـــە تـــۆ هـــاتی، خـــەمی کۆنو نـــوێیم تێکـــڕا ئەچـــێ
ئـــەو کـــچە نەوبووکمـــە، ئـــەم جەژنەیـــە پـــیرۆزە لـــێم
جـــەژنی بـــیرو بـــاوەڕم، بـــەو شـــۆخی بـــێ هـــەمتا ئەچـــێ
سوێرو تاڵی هیجری ئیمشۆکەت، شـەوی پـێ کردمـەوە
ئەم سبەینەی بەینی هـەردوو لام، بـە لـوتفی خـوا ئەچـێ
سی دەسو مـل، ماچو بۆن، مێشکی وجوودی پـڕ دەکـرد
بۆیـــە نەقـــدی زەوقەکـــەم، واپـــڕ بـــە دوو دونیـــا ئەچـــێ
جێگە گەسـتەی زوڵفـی، کـوڵمی عـاجزی سـوورکردمەوە
نەخـشی دەسـتی قودرەتـە، بۆیـە بـە گـڕ سـیما ئەچـێ
بـۆ بـەراوردی غـەمو خۆشـی، کـە (ژیکـۆ) کوشـتەیە
چـــاوە ڕاوێکـــیش بکـــا، وەك ئیـــشی بـــێ بـــڕوا ئەچـــێ.

(٦)

هەنارو سێو و گوڵ پێ ناگەیێنێ
هەتا بارانی پایز نەیڕشێنێ
سەرو پرچی، نەڕازاون لە بازاڕ
بە شانەو ڕەنگی قودرەت، دای ئەهێنێ
بە یاریدەی موژەو، چەنگاڵی زولفان
لە سینگی عاشقان، دڵ دەرئەهێنێ
پڕی گیرفانو کۆشو دەم دەبێ دوڕ
نەمامی قامەتی گەر ڕاهەژێنێ
ئەگەر چاوێك بگێڕێتە جەماتێك
یەکاویەك، چاو لەبەر بێ دڵ ئەمێنێ
مەحەببەت، وەك نەمامێکی گوڵی گەش
لە نەرمێنو چەقێن، هەر خۆی ئەچێنێ
لقی وەك داری تووبا، ئەم پەڕ، ئەو پەڕ
کە هەر کەس چی بوێ، لێی داتەکێنێ
لە باغی کوڵمو دەم، سینگو مەمی زەرد
مەزەی چاوان، بە لێوان ڕاگەیێنێ
ئیتر چەند خۆشە تێکەڵ بن خەتو خاڵ
جگەر بادەی مەحەببەت بیتەزێنێ
بەسەرخۆشی، لە هۆزو دین پەشیمان
ئەوی جاسووسە هەر ئاخان هەڵێنێ
لە بازاڕی مەحەببەتدا، درۆزن
دراوێکی لە کیسەی دا نەمێنێ
خودا، وێنەی بەهەشتو یارو (ژیکۆ)
هەتا عالەم ئەمێنێ، پێگەیێنێ.

(٧)

دێهـاتو شـارو گەڕەکەکـەت، بـا کـەلاوە بـێ
خزمـی خـەراپو نەفـسی گـڵاوت هـەتا هـەبێ
سـەر نـاگرێ ڕەوشـتو، سروشـتت کـەچو چـەپەڵ
لـە مـاڵو هـۆزو حکومـەت، هـەتاکو تـەما هـەبێ
تـەما وەڵامو کـارو بناغـەت کـە تێـك ئـەدا
تـەما نـەبێ دوژمنـی گییانـت بـرا ئـەبێ
ئەگـەر بـە ڕێکـوپێکی بـژینو هـەق بناسـین
ئەم شێخو مێخە سا بۆچی موشـکیل گوشا ئـەبێ؟
ناموسـی پایـەماڵو، دراوسـێی بـە دەنگوبـاس
لـە مـاڵتی ئـەخزێنێ، هـەر کەسـێ لـەلاوە بـێ
بـەدکاری ماڵـە، میکـرۆبو ژەهـری هەناومـە
ئـەو کەسـە دوو چـاومە، لـەڕێی تەقـەلاوە بـێ
خۆ لابدە (ڕاجی) لە دۆستی بـەد، نـەکو لـە سـەگ
سـەگ چاوەناسـە، لـە یـاری بـەدگۆ گـلاو ئـەبێ.

**

چوارین

(١)

سـەربەخۆ، سەرخۆشـی بـەزمو مەیکـەدە
پـڕ بکـە جـەرگو دڵو گیـانو گـەدە
خـۆت بـە هـەق بسپێرە، بێـرە بـیری سـۆز
دەس لـە داوێنـی نیگـارت بەرمـەدە.

(٢)

پەخـشی هێزتکـەو، نـەمێنێ کـردەوە
تێبگـە خولـدانی ئـەم ڕۆژو شـەوە
بـۆ تـوە، یـان بـەردو دارو وەحـشییە
یـەك ڕووە، دەرکـا سـەری لـەم دوو ڕووە.

(٣)

شـاهی کـانی شـارو بـازاڕو کـەنار
هـەر ئـەوە توانـا بـە گـشتی کاروبـار
خـۆی لـە دەوری خـۆی ئەسـووڕێنێ هـەبوون
هـەر دەمـێ شـەیدا ئـەکا یارێـك بـە یـار.

(٤)

هـیچ لـە دەس خۆمـا نـەبێ کـارو مـشوور
ڕەت نەکـەم دەردو بـەڵاو مـەرگی سـوور
چـیم لـە ڕۆژی حەشـرو پـردو هـەڵزەلین؟
چـیم لـە ئـازارو لـە شـادیو نـارو نـوور؟.

(٥)

تـا بـە هـەنگڵ دا نەکـەی کووپـەی شـەراب
تـا دەماخـت پـڕ نەکـەی چـەنگو ڕوبـاب

ناگەیــە دۆســتانی مانــاو، ڕاســتو هــەق
باوەشــت بۆشــە، وەکــو دونیــای خــەراب.

(٦)

هــەر خوداییێکــە، کــە بێتــە بــاوەڕم
ملکەچــی ویــمو، بــە هــیتر موزتــەڕم
کوشــتمی، چــیم لێــدەکا جــارێکی تــر
ئەمتــەنێتۆ، بۆچــی مــافوورو بــەڕم؟.

(٧)

ئــاگرو ئــاوو، هــەواوو خــاك بــوو
پــاش خــولی دوو زەڕڕە، خــوا بێبــاك بــوو
گیانلەبــەر ســووڕێکی داوو نیــشتە خــاك
لوقمــەیی مــارو مــەلو خاشــاك بــوو.

(٨)

تــا بەکــەی هــۆشو تکــاو پاڕانــەوە؟!
تــا بەکــەی شــەرمو حــەیاو پاشمانــەوە؟!
ڕووی ژیــان ماچــکەو بنۆشــە ئــاوی ســوور
بەســیيەتی مــەکرو ڕیــاو پاڕانــەوە.

(٩)

داخــی کــردم ئــاگری مــاڵو منــاڵ
گــەرمو ساردو، عــادەتی چــوار فەسڵی ســاڵ
هــەر تــەوژمێ بــوو، تــەوژمێکی شــکاند
لینگــە فڕکــەم، بێبەشــیی هێنامــە پــاڵ.

(١٠)

ئــەی خــوا! خــۆ مــن دروســتکردەی ئــەتۆم
خــۆت خــەراپی، گــەر خــەراپو ڕەنجــەڕۆم

عــاره نــاڕازی بــی بــۆ دەســتکردی خــۆت
کــەی بــووه ڕۆژی ئــەزەل، مــن هاموشــۆم؟!.
(١١)
ئێــسته خــەڵکیش تێنــەگا، مــن تــێ ئەگــەم
بــەو پیاڵــەی ســۆزه تــازه پــێ ئەگــەم
ئیحتــیلامم بــۆچ بەشــەیتان بــێ لــە خــەو
بۆچــمه خــەون‌و جنۆکــەو پــێچ‌و خــەم؟!.
(١٢)
کــێ لــەباتی کــێ، ئەســووتێنی جــەزا؟
ڕەنگــه قــانوونی عەدالــەت وا بکــا؟
هەرچــی مــن بیکــەم، یــەکێ تــر بیخــوا
هــەر کەســه بــۆ خــۆی خواییــك بــێ، خــوا!!.
(١٣)
گــەر هــەژارو بــێ نــەواو سەوداســەرم
دەوڵەمەنــــدو مــــاهیرو دانــــشوەرم
هــەر دەکــەم جێیــەك لــە خاکــا ئــاوەدان
بێگومــان، گــەر شــاهم‌و گــەر نۆکــەرم.
(١٤)
خانەکــەم ناکــەی بــە نانێــك ئــاوەدان
خانــەقای شێخیــشه، پــڕ پــڕ ئــاوو دان
مــن بناســم تــۆ، ئــەویش خــۆی گــەوره کــا
خــۆ تــۆ ناترســی لــە ئــازاو ناتــەوان؟!.
(١٥)
خۆت ئــەڵێی: برسین‌و ئێــوەش ڕووت‌و قــووت
مــن ئــەدەم پێتــان لیبــاس‌و جــووت‌و قــووت

چەندی پرسیارم بکەن، هیچ کەم نەکەم
چش بزر ناکەم لە نابووت‌و لە بووت!.

(١٦)

نان‌و بەرگێکم دەرێ، یارێکی یار
گۆشە مەیخانێک‌و، سۆزەی سازو تار
کووپەییێک‌و، پێک‌و، بەرچاوێکی گەش
نامەوێ ئیتر بەهەشت‌و مێرخوزار.

(١٧)

خاوەنی هەر پاش‌و پێش‌و ناوەڕاست
تۆ کە هەر خۆتی بە چەوتی، یا بەڕاست
پێم بڵێ: سیحرو، جن‌و، شەیتان چبن؟
خێرو شەڕ، قازانج‌و بازاڕێکی کاست؟!.

(١٨)

کێیە ئینسان‌و مەلایك، سەربەخۆ؟
ئەیکەی‌و، ئەیبەی، بە ڕاوێژێکی تۆ
من خەتابارو، بە سووتان موستەحەق
سووچی خۆتە هەرچی بیکەی ڕەنجەڕۆ!!.

(١٩)

زانیاری غەیب‌و حازر، چونکە تۆی
نامری‌و، ئەمرێنی گشتی کام‌و ڕۆی
کورتە کاتێکی ژیاندت گیانلەبەر
ناوی تەئریخ‌و خەریتەن، هاتوچۆی.

(٢٠)

چونکە تەنیای، کێ هەیە لێت کا گلە؟!
دانەری هەر نیسبەت‌و پەست‌و پلە

مەگرە لەم دەستکردی خۆتە ڕەخنە قەت
مەیخەرە ژێر باری زۆریو مل ملە!!.

(٢١)

عەشرەتو، هۆزو، حکوومەت، یەك گەڕەك
ماڵو، میراتو، مەواتو، دەستو چەك
شۆڕشو، کوشتارو، پاسو، باسو خواس
کردەوەی خۆتن، بە بادانی خەڕەك!!.

(٢٢)

بت پەرستیش تێدەگا، بت مەزهەرە
شێخو زاناو فەلسەفی، پێدا وەرە[1]
هەر کەسە مێشكو، دڵێكو بیری خۆی
گشتی ئامانجیان بە ڕوویی دڵبەرە.

(٢٣)

گەر مەلەك بمکا لە ڕەحمی داکما
لێم بنووسێ حاڵ کوا؟ ئیدراك ما؟
کێ بگۆڕێ کارەساتی چارەنووس؟
کێ بپرسێ لێم، لە گۆڕو خاکما؟!.

(٢٤)

خۆت ئەڵێی: گەنجێکی گوم بووم، هاتمە ڕوو
تا بناسرێم، دامە عالەم خولقو خوو
کێیە دوژمنتو، حەسوودو، بەرهەڵست؟
خۆ نەتیجەی (خەلق)ە، هەر ناسینی توو!!.

(٢٥)

ڕای پەڕاندم، چاوی پڕ سەوداگەری
لێی ڕفاندم، بیرو گەنجی سەروەری

١ - لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ : (شێخ و زاهید، یەك بە یەك پێدا وەرە).

چـــونکه بـــێ قـــازانجو مایـــه، مامـــەوه
بەســـیه (ژیکـــۆ) فەلـــسەفەو نـــام ئـــاوەری.

**

چوارینی تەرجیع بەند

(١)

تاكو تـــەنیا دێـــمه نالەو، باســـی دڵدارو غولاما
ئەیخەمه مل سونبولو گوڵ، دڵ ئەبینێ خۆی له جاما
تۆش گرفتـــاری وەکـو من، دوور له قاوانـــی عەواما
(یا نَدیمي قُمْ بلَیلٍ وَاسقني، وَاسقي النَدامی)
تا به ســـەرخۆشـــی له ڕۆژا ڕابوێرم، ڕوو له خۆشـــیم
کەس نییه گەر بێته هانای نالەو گریەو نەخۆشـــیم
پێم نەپۆشرا ڕازی عیشقت، چونکه دەردی تۆیه نۆشیم
خَلّني أسْـــــهَرُ لَیْلي، وَ دَع الناسَ نَیاما
وا له دەریای خەم نقووم بووم، وەخته بشسووتێم له تاوت
هەڵگـــری لۆمەی کەســانو خزمی خۆمیشم، به ناوت
بۆچمه ســـا ماڵو شـــادی، وا ئەڵێمه هەردوو چاوت
أسقیاني، وَ هَدیرُ الرّعدِ قدْ أبْکی الغماما
پێکەنه، یاریـــکه، بـــادەی مەی دە، گیانا بێره لاما
هەڵپەڕن با موتریبو ســـاقی لەگەڵ تارو مەقەما
چەنده خۆشه پێکەوه سەرخۆشو، حاشاکەین له ناما
فَما وَأن کَشَـــف الوَرد عَن الوَجه اللثاما
ڕوو له نەشئەی پەرچەمیکه، چاوی ناوچەوانی یارت
تەرکی دنیاکه به جارێ، ڕووکه شـــەوقی لالەزارت
هەرچی مەنعتکا لەدڵبەر، پێی بڵێو لێیده به دارت
أیّها المصـــغي الی الزّهادِ، دَعْ عَنْكَ المَلاما

تــۆ گرفتاری کەمەنــدی زوڵفــی یــارو خەتو خاڵی
مەستو سەرخۆشو غەریبو بێکەسو ڕووتو ڕەجاڵی
چونکە وا نێزیکە مەرگی، هێند نەخۆشــی چاوی کاڵی
فُـزْ بِـها، مِنْ قَبل أن يَجْعَلَكَ الدّهر عِظاما
ســەیری نەوتوولی قەدو، سیــنەو مەمو، قەندی لە جاما
شێتو شەیدای بوومو هەرکەس، کەوتە ئاهەنگو وەراما
قُـــلْ لِــمَـــن عيَّـــرَ أهــل الـحُـبّ بِـالـحُـبِّ، وَ لامـا
لا عَـرَفْـتَ الْحُبَّ هَيهات، وَلا ذقتَ الغَراما
سەر لەگێژاوی مەحەببەت، دڵ لە ناو بەحری بەڵادا
دەوڵەتو نامووسو دینم، بۆ کەسێ گشــتی بە بادا
تاوەکــو ئەمرم، ئەچێ گیانم بــە گــژ ڕۆژی جەزادا
لا تلمني في غُلامٍ، وَ دَع القَلبَ ســقاما
(ڕاجیا)، وەك شێخی سەعدی، من ئەوا کەوتوومە داما
بێ نەواو پەڕپووتی عیشــقم، دوور لە قانوونو نیزاما
لَيسَ وَحْـدي فـــي مَـــدى الوَجـــد تَـرَكْتُ الإحتراما
فَـبِداءِ الحُبِّ، كَمْ مِن سَيّدٍ أضحى الغُلاما؟!!.

(٢)

ئەی بوتی شیرین کەلام
بێنە لەبو خاڵو خەت
ئەی دوڕی گەنجی مەرام
بێنە لەبو خاڵو خەت
تۆی هەوەســی بێ دڵان
تۆی چەمەنی بولبولان
تۆی تەرەبــی جاویدان

بێنه لەبو خاڵو خەت

ئەی سەنەمی خونچە دەم
خـاوەنی بـاخـی ئیـرەم
ئەی گوڵـی ڕەنگین کەرەم
بێنه لەبو خاڵو خەت

یاری دوو عـالەم ئەتۆی
ئادەم و خاتـەم ئـەتۆی
شەوقی دڵو غەم ئەتۆی
بێنه لەبو خاڵو خەت

مـەمکوژە بێ ماچی ڕووت
بەو شـکەنی تاقو جووت
تاکـو مـنـم دوبـەدووت
بێنه لەبو خاڵو خەت

ئەی شەهی عـالەم بەها
نیعمەتـی بـێ ئینتیها
شـاپەری زەوقو سەفا
بێنه لەبو خاڵو خەت

مـاتو قەلەنـدەر منم
خەسـتەوو بێ دەر منم
مورغی سەمەندەر منم
بێنه لەبو خاڵو خەت

مـەعدەنی کامو ویـداد
گوڵشـەنی ڕۆژی موراد
سـاقی کأسُ الرَّشـاد
بێنه لەبو خاڵو خەت

بۆ دڵـی (ڕاجی) هەژار
ئەی بوتی سیمین عوزار
هەستە بە زەوقی بەهار
بێنە لەبو خاڵو خەت.

(٣)

چین چین لە چەمەن، وا لە ئەو ئالاوە خەتو خاڵ
ســـەیریکە چ تەرزێ، گەشو تێراوە خەتو خاڵ
تێکەڵ بووە بــەم ڕوومەتە، خەملاوە خەتو خاڵ
هەر لا کە ئەچی غالییە سووتاوە خەتو خاڵ
ئەو دڵبەرە ئاهو ڕەووشـــە، هەمسەری کێیە؟
ئەو نازکە گوڵ غونچەدەمـە، هــۆنەری کێیە؟
ئەو شیرینە ڕوح سووکە، خودا، ڕەهبەری کێیە؟
لەم باخە، کە ئارایشـــی وا داوە خەتو خاڵ
جارێ بە تەمای کوشتنی من، خەنجەری ئەسوێ
جارێ لە خودا ترســـییو دڵنەرمییـــە، ئەدوێ
لام واشـە بە خوێنی منە، ئەم پەرچەمە ئەڕوێ!
نابینی لە ڕووی شەوقەوە هەستاوە خەتو خاڵ؟!
تینوو، بە نـمی ئارەقی سەر پەلکی گوڵانم
برســـی، بە دوو یاقووتی لەبی تازە بوتانم
پڕ دەردو غەمو حەسرەتو هاوارو فوغانم
بەم دوو شـتەوە، لەم دڵە تۆراوە خەتو خاڵ
ناگەم بە کەمەر گرتنی ئەو شـۆخە لەبیبە
ئەو دڵبەرە، ئەو دینبەرە، ئەو کوردە نەجیبە
هەرچەنــدە لە من وازی نەهێنـاوە حەبیبە

بۆ دوژمنییـــــه، ئاگری بەرداوه خەت‌و خاڵ

قەدری تۆ من ئەیزانم‌و ئەتهێنمه سەرچاو
ڕۆحم ئەکەمه دۆشەکی نازت، بەدڵ‌و داو
وا چاکه ڕەقیب لادەی‌و بگری قەدەحی ناو

نەك وەختێ بڵێی حەیفه پەشۆکاوه خەت‌و خاڵ

چاندوومه گوڵ‌و نێرگس‌و نەسرین‌و وەنەوشه
هەر ئێکه له لاییێکەوه، پـــڕ تاف‌و درەوشــه
(ڕاجی) وەره ئەم باغه، چ ڕەنگینه به ورشــه

وەك بولبول‌و قومری، دەمی کێشاوه خەت‌و خاڵ.

(٤)

داشۆرینی فەرمانگەی تەموینی کۆیه

تەموین که ڕزقی مـــن دەدا
له قوونی ئیستیحقاقی بەم
ژیـــان‌و مـاڵـــی دا بـــه با

له قوونی ئیستیحقاقی بەم

ویســتی کەسێ بیتاقه کا
له ئەو سندووق‌و تاقه کا
بەشی خۆی بێ عەلاقه کا

له قوونی ئیستیحقاقی بەم

له نۆســەد‌و چل‌و شـەشـــه
چەند سەربەهەش ساڵی ڕەشه
غەمـــی لـه کۆڵ‌و باوەشـــه

له قوونی ئیستیحقاقی بەم

مەئمور ئەڵێی ئەسکەندەرە
پـۆلیس لـە ڕێوو بەردەرە
ســـەری لـە داوی دڵـبەرە
لە قوونی ئیستیحقاقی بەم
وەرزی ســـەپانە، جێی غەمە
گەلەش لەگەڵ گورگان، گەمە
دەســـــتی بیتاقەچیو مەمە
لە قوونی ئیستیحقاقی بەم
قـــەلەندەرو هەژارو ڕووت
کوژانـــەوە هـەروەك بزووت
لەم شارە نەیما بەرگو قووت
لە قوونی ئیستیحقاقی بەم
چ گەورەبوومو بەهرەوەر
گۆڕیمەوە بە دەردی سەر
بیتاقەکەم نەهاتـــەدەر
لە قوونی ئیستیحقاقی بەم
شـــکاتو عـەرزوحاڵی تۆ
بـــۆ حیفزو ڕەفزە، ســا بڕۆ
چیدیکە خۆت مەکە خەڕۆ
لە قوونی ئیستیحقاقی بەم
بەرتیل نـــەدەی بۆت ناکرێ
بێ پارە، بەش، پێت ناخورێ
گازت ســـواوە نـــاگـــرێ
لە قوونی ئیستیحقاقی بەم

هێند هاتوچووم قاچم سووا
وەك بـی لـە ئـارەقا ڕووا
بەختی بەدیشـم لێم دووا
لە قوونی ئیستیحقاقی بەم
بە سەرکزی، بەکوزکەشی
بە بێدەنگی، بە چاوەشـی
هەر مامـەوە بە بێبەشـی
لە قوونی ئیستیحقاقی بەم
بـەلایی ڕاسـتییدا ئەچی
من ڕاستو بوومـە ساختەچی
زۆرم ئـەدی خواریو کەچـی
لە قوونی ئیستیحقاقی بەم
پێنجی، (فەتاح) فلاّنە بەگ
ئیمزای دەکا بێ بەرگو ڕەگ
موجەددیدیشـە نا بەحەگ
لە قوونی ئیستیحقاقی بەم
مـەئمور تەماعی خۆی نییە
چـاوی لـە حەقگوزارییە
(عەلییە فەنیش) یەکی دییە
لە قوونی ئیستیحقاقی بەم
بە دەردو هێشو نێشەوە
بـە ناحیەو بە دێشەوە
بەشارو پاشو پێشـەوە
لە قوونی ئیستیحقاقی بەم

هەنوونـــەوو مـەنوونـــە بێ
بەگ جووتە گون بە قوونە بێ
شـوکریش، درەنگو زوو نەبێ
لە قوونی ئیستیحقاقی بەم
کوتاڵی زەردو سوور هەموو
بــۆ بایـعو مـەئمور ئەبوو
کرمانج بە قوون دڕان ئەچوو
لە قوونی ئیستیحقاقی بەم
مـەئمورە جوستوجۆ ئەکا
موستەورەدەی تاپۆ ئەکا
کرمانجــی ڕەنجەڕۆ ئەکا
لە قوونی ئیستیحقاقی بەم
ورگــی زلو ملــی قەوی
شـــوکر نەبی نابێ کەوی
عالەم لەژێر دەستیان نەوی
لە قوونی ئیستیحقاقی بەم
کیلۆ بە دوو کەسان ئەدا
بایــع دزی لەویش ئەکا
وەرزی فەقیریان دا بـە با
لە قوونی ئیستیحقاقی بەم
هاوار! کوردینـە بمگەنێ
لەدەس دزو جەردەی بەنێ
سـەتری گونیشـم نادەنێ
لە قوونی ئیستیحقاقی بەم

عێـــراقـــە ڕێگـــرو دزە
دوو چاوی حیزو سەرکزە
دوژمـنـی چاوی چەند بزە
لە قوونی ئیستیحقاقی بەم
قەزایە (کۆ)، لێم بووە قەزا
خســـتمییە بەر دارو جەزا
هێشـــــتاکە لێم نابێ ڕەزا
لە قوونی ئیستیحقاقی بەم
قائیممەقام (عارف جەلال)
نەیچێشـتووە ئاوی حەڵاڵ
ئەرزاقی کرد بە گاڵەگاڵ
لە قوونی ئیستیحقاقی بەم
موستەورەدە (سەیید فەتاح)
نەیبیســـتووە ڕێگەی نەجاح
تەنگن دەمێ، دەمـــێ فەڕاح
لە قوونی ئیستیحقاقی بەم
قانوون چییە، ئیدارییە
ئیدارە قانوونـــی نییە
لەسەر بەشم یەکی دییە
لە قوونی ئیستیحقاقی بەم
مـەئمور بە کەیفی خۆیەتی
خەریکـی وەردو شـــۆیەتی
داســـی لە مل مەلۆیەتی
لە قوونی ئیستیحقاقی بەم

(گویا) حەیاکەو شوورەیی
وەرزت خــوراوو پێــگەیــی
هەرچــی زگی بۆ تێگەیــی
لە قوونی ئیستیحقاقی بەم.
کۆیە/ ١٩٤٦

(٥)

دەمێــکە بۆ کوردی هەژار
هاوار ئەکەم، وەتەن وەتەن
وەك تاوو هەورەکەی بەهار
ئەڕژێــتە دەم، وەتەن وەتەن
کە بەشکران گەنجو چەمەن
کە ســـــەربڕان دارو دەوەن
بە دلـڕەقی شــاخو چەقەن
سەریان بە تەم، وەتەن وەتەن
بــەراوو پشـــــتاوو زەوی
چی خۆی نواند بەرزو نەوی
لە ئاستی دوژمنان کەوی
بــە زۆرو کــەم، وەتەن وەتەن
بــە کانگەوو کۆگەو کەلێن
بە دارو ئــاوی دەســـتهەڵێن
وەك من بە سۆزو کوڵ ئەڵێن
بـــە دەردو غەم، وەتەن وەتەن
هەوا بــە باغو ڕاغــەوە
بولبول بــە زامو داغەوە
بــە بــەردی بن بناغەوە
چاویان بە نەم، وەتەن وەتەن

بــەتاڵە وا دەمــاغ و دڵ
لە کیسە چوون چنارو گوڵ
ئەڵێن بـە ڕەنگی زەردو پڵ
لەژێر ســتەم، وەتەن وەتەن
(پشکۆ) کە ئەخرینگێتەوە
وەك تـەپڵە ئـەترینگێتـەوە
پێی خۆشــە ئەزرینگێتەوە
لە جامی جەم، وەتەن وەتەن!!.

(٦)

جەژنی نەورۆزم، وا هات بەلاوە
ناسۆری ساردیم، هەموو کولاوە
تیـماری ئەکا گوڵ بــە گیاوە
ئـەپیێچێتەوە دار بــە گەڵاوە
هاویــن بـــەگەرمی، دڵ ئـەگەیێنێ
بە ورشـــەو پایــز، دای ئـەتەکێنێ
لە شەختەی زستان، سەربەست ئەمێنێ
سەوزی کا بەهار، ڕوو بە خوداوە
خونچـــە پێکەنیــن، کە گوڵ چنینە
کە ویش[1] بوو بە گوڵ، جگەر گوشینە
سەرشــین وەنەوشەش خەریکی شــینە
مێلاق و نیســان، ملکەچ بە پاوە
ڕوو سپی، چاو زەرد ، نێرگس کە ئەبزووت
حاجیــلەو بەیبوون، دڵیان ئەپشــکووت
فەوجــی گیـاوگۆڵ، هەزار تـاق و جووت

١- ویش : ئەویش.

به سەد هەزار ڕەنگ، هاتنە سەماوە

هاتنە تەماشـا، نەورۆزی خۆش ڕوو
دڵــی دایەوە، هەرچـی کە زیز بوو
گیـاوو گیانـــدار، بناغەی مـردوو
بــــە خاس‌و خەراو، هەمووی ژیاوە

تەبیات هاتنەجۆش، خۆشڕەنگ‌و خۆشبۆن
نەشــــەی گیانی مـن، گەشەی چاوی تۆن
ســــەد ئەلیکترۆن، بـــە یەك پرۆتۆن
لە کار درووســـتی، واجـــووزی ناوە

سەرسـام، ئەبینـن بەرلین‌و بەغدا
بــە چەنـد مـەکینە ئەدەن کارەبا
مـەکینـەی نەورۆز تەنیا لە دونیا
بێ ســـویچ‌و گڵۆپ، چریسـکەو تاوە

گوڵووکی خوێنین، سپـــی ڕەنگ‌و سوور
لە تەن سـووڕی خوارد ، نیشتمانی نوور
هەمـوو جـێ گەڕا، چ نێزیـــك، چ دوور
لەشـــکری میکرۆب، پشـــتی شکاوە

جەژنی کوردم دی، (ڕاجی) ، سەوزو ئاڵ
چەند مـل بە دەسماڵ، بە کەشـیدەو شاڵ
تەمـەنـی کوردان، لـەنوێ هەمـوو ساڵ
کــە هات کۆمــەڵ کەن، مـەکەن بڵاوە.

(٧)

دڵ، نرخی لەســـر خاڵی سـیای دڵبەرە ئەمشەو
سەر، باجی لەسەر خاکی دەری گوڵبەرە ئەمشەو
مـەعلوومە لە مەیخانە، هەمـوو قەنتەرە ئەمشـــەو

والآیە بەلای حەزرەتی ئەم مەنزەرە ئەمشەو

گرتوویە دڵم جیلوەیی خورشیدی ئینارەت
پێویستە لەسەر نەجمەیی دیوانی بەشارەت
یارم، کە لەسەر تەختەیی هەیوانی صەدارەت
خاوەن حەشەمی ئاسەفو ئەسکەندەرە ئەمشەو

هاتو، بە سەفا سۆزەگەری کردە بەهانە
دانیشتو وتی: وەختی جەفا هاتە نیشانە
ئەم سەیرو سلووکەت چییە ئێستا لە میانە؟
وا عالەمی ئەم دەورە، لە دەم ئەژدەرە ئەمشەو

نوورینە، بلوورینە، ڕوخو گەردنو سینەی
ڕەنگینە لەناو دائیرەیی لەنجەو عیشوەی
بیبینە لەڕووی حوسنەوە، بشکێنە مەیو نەی
سەروێکە، تەلای موشكو گوڵو عەنبەرە ئەمشەو

خەندەو نەزەری، دڵ دەڕفێنێ بە موهیمات
دەعیەو گوزەری، ڕوح دەپسێنێ لە مولاقات
بەستوویە بەدەم کاکۆڵی موشکینی، حەشامات
ئەی وای لەمنێ، زەلزەلەیی مەحشەرە ئەمشەو

پابەندی هەوای گوڵشەنی ڕەنگینی عێراقم
سەوداسەری گێسوویی سەبەبکاری میحاقم
بیستوومە کە لەو دڵبەرە نێزیکە فیراقم
ڕوح دوکەڵە، دڵ غالییە، تەن مەجمەرە ئەمشەو

جارێ لە هەوا بەندمو، جارێ لە زەمینا
یاریش بە غەزەب حازرە، هەردەم لە کەمینا
عارەق دەڕژێنم لە هەموو چاوی برینا
بازاڕی تەواوم هەیە (ڕاجی) وەرە ئەمشەو.

(٨)

ئاواتی مەرگم، شادیم، نەخۆشی
ڕۆژانی ژینم، ڕۆیین بە بۆشی
چەند بازاڕم کرد، بە خۆفرۆشی
فنجانی خۆشیم هەرگیز نەنۆشی

مەحەكو گۆگرد، هەر گردو کۆمە
گۆی کردم بە شەق، لەو گردو گۆمە
نهۆم ناهێنم، لەو دوو نهۆمە
مێردەزمەی غەمم بە کوڵو دۆشی

ڕەهەندەی جەفای باپیرو باوان
هەتیوەی پەناو، چوغڵو بەد ناوان
سووتاوی چاکەو، خنکاوی تاوان
هەرچی هات دڵم هاویشتە کۆشی

چی سوودو قازانج، لەم دونیا کۆنە
هەزار مێردی کرد، هێشتا نەهۆنە
بە بۆڵە بۆڵو، بە هۆنە هۆنە
هەر گێژی مژاند، هەر هۆشی دۆشی

لایێ بە شاییو، چەپڵەو چەپاڵە
لایێ ڕەشاییو، تەپڵەو تەپاڵە
مێشکم بە تاڵو، ئەشکم قەباڵە
پاڵەی ئاواتم چی تێ نەکۆشی

دونیا گەژمێری پیاوی زەنگین بوو
پارووی بەتامو چەورو شیرین بوو
لەگەڵ زانایان، دژو بە کین بوو
نەهات بەزەییو ڕەحمو پەرۆشی

هـــاواره ڕاكـەن، ڕا بـــن، ڕەهـــا بن
تاكەی بـە (تاكه)ی جەورو جەفا بن؟
ڕەش‌و ڕووت‌و قووت، نەخۆشی تا بن
گیان بە لەرزەوە، كەس دای نەپۆشی
ســـەرماو برایمۆك، ئێمەو ناكۆكی
خەڵكی هەڵیدا، بە جاكی‌و جۆكی
ســـەد ماوەی بڕی‌و جارێ نەكۆكی
خاكی ئێمەی برد (ڕیستۆ فلۆشی)
سەرمەستی هیواو، سەرپەستی بارم
سەربەستی واتەو، بەربەســـتی كارم
دەشـــــت‌و چیاو باخ، یانەو هەوارم
(ژیكۆ) شتێكم لێ دانەپۆشی!!.

(چوارینی تاك)

ئەگـــەر بیناســـی بنیـــادەم، هـــەمووی ئـــەهلی وەتاغێكـــە
لەسەرچـــاوەی چـــەماوێك‌و، لـــە قـــاوەی قاوەجاغێكـــە
بـــە تـــەبیات تێكـــەڵاوێك‌و، لـــە ڕیـــزا ڕێكخراوێـــك بـــێ
لەبەرچی وا هەمووی وەحش‌و، درنـج‌و بـێ دەماغێكـە؟!!.

❊❊

أ- پێنجین

(١)

ســـەیری فنجانی مەمو، بادەی دەمی زیبا ئەکەم
یارمـەتی چاوی خومارو، ماچ مەزەی ڕەعنا ئەکەم
ڕەسمی شاباشـی لە هەڵقەی پەرچەمی مینا ئەکەم
یانەیی بەختم لە ســینەی گوڵشـەنی سەلا ئەکەم
شانشینیی خۆم لەکوڵمەی کەهرەبەی سیما ئەکەم

جووتی شاهێنی برۆی، پێویستە بۆ شاڕاوی دڵ
نەشتەری موژگانی بۆ شیشەو قولاپی شانو مل
دانەیی خاڵی لـە داوی عیشـــقدا بۆ تەیری زل
ئاگری لێوانـــی بـۆ برژاندنـــی زامانی کوڵ
نەرمو نۆڵە، چەندە شل شل قامەتی سەودا ئەکەم

مـەیکەدەو لۆقنتەخانەی بەزمو سۆزی (ڕەحمەخان)
ڕایەڵەو باڵا هەژانـی بیدعەتو، شــۆری زەمان
نازی پڕ ئاواتی چاوی، عیســـمەتە بۆ نیشتمان
نامـەوێ بەرگو معاشو، سیسـتەری بێگانەکان
خەســـتەخانەی گیانی زامارم، لەبی لەیلا ئەکەم

شەڕ لەگەڵ کەس ناکەمو، سـوودی ڕیایی، نامـەوێ
شـــت لە کەس ناخوازمو، باراشـی مـەرگم داکەوێ
من خەوی مـەستیمە داپۆشیومو قەت قەت نارەوێ
بیـــری پارەو مامڵەتو بازاڕ ناکەم، هیـــچ هەوێ
کۆنە پیشەی خۆمە خۆم ڕیسوای قەدی تووبا ئەکەم

دەوڵەتـی گریـەم هەیـە، وا پـــڕ عەقیقە دامەنم
ڕێنجبەری عیشـقم، لە ئیشم گرتوون گیانو تەنم
پیاوی ئاغاو شێخو بەگ نیم، تووتی ئاسا پێکەنم
ئەو نەمامانەی خەڵك چاندوونی هەڵیـان ناکەنم

دوژمن‌و دوڕنده نیم، چۆن کاری بێ پەروا ئەکەم؟

گەر لە سایەی نازی دڵبەر، پاکەتی (لۆکس)ئەخۆم
گەر بە ســـەرخۆشی، وڵاتی عارەب‌و فارس ئەخۆم
گەر بەری پـێ ڕانەگەیوی هـەر دڵـی ئاوس ئەخۆم
ناوبژیـــکاری وەتەنم‌و، هەردەمـە بـۆکس ئەخۆم
سەد شوکر، توانام هەیە لەم خاکە ئەملاولا ئەکەم

باسی سێو‌و سەرو و بێ ناکەم، لە ئەم دامێنەدا
چون دڵارامـــی بەنازم، لـــەو دەمەی بێ وێنەدا
نـــاکرێ باســـی تەواوی، تـــا جنێوم پـێ نەدا
شـــەرتە لەو گوڵزارە تا بەو لێوە میوەم لێ نەدا
پاســـی نارێکی‌و گەزەندەی حورمەتی تەنیا ئەکەم

باس‌و جاسووسی لەســەر کەس ناکەم‌و، ناکەم هەرا
ئیش لەکەس تێکنادەم‌و، نادەم بـە ناکەس پرس‌و ڕا
هەر مشـــووری خۆم‌و هۆزی خـۆم ئەگێـڕم، وەك برا
گـــەر لـــە کاتێـــکی دەرو تەنـدووری هیـوا داخرا
قۆڵ لە ســۆزا هەڵئەکەم، تا شل ئەبم هەر ڕا ئەکەم

دەوری پارەو پـوول‌و مامـڵەت تێپـەڕی، دەوری دڵە
ڕەنگـــی بـاران‌و بریـقەو، بـولبـول‌و بـــاغ‌و گوڵە
سازو نەی، قانوون‌و چەنگ‌و بەربەت‌و سـەرهەنگڵە
هەرچی لەم مەیخانە دوورە، عاشـــقی مەرگ‌و گڵە
هەستە (ژیکۆ) چاو لە منکە، سەر پڕی سەهبا ئەکەم.

❊❊

ب- پێنجینی تەرجیع بەند

(١)

ئـەی خوا! لەم ماوە داماوم بـە پاوە، یـا نەجات
بەشخوراو، پێ بەســتراو، کارم کراوە، یا نەجات
مـەرگە سـەرخۆشیمو زیخم پڕ لە چاوە، یا نەجات
گیان لــە گیرفانی دڵـم بێ ناز ماوە، یا نەجات
ڕاســـتەبازاڕی ژیانم بەســـتراوە، یا نەجات
کێ هەیـە پرسـێکی پێکەم، ڕاســتیم پێدا وەڵام؟
کێ هەیە دوورە شـــەڕو داواوو ئاشــنایی سـەلام؟
کێ هەیە هاوتای هەقو یاریو دروستیو ژیرو فام؟
هەرچی هەس دووڕوو و درۆزن، پاشەڕەن، پێشەو خوڵام
شێتو سەرسام بووم، دەلیلێکم نەماوە یا نەجات
ئەی خوا، تۆ ئادەمت کردە فریشــتە، یا بەشەر؟
گەر بە تەنیا ئادەمێ بوو، بۆچی کردت دەربەدەر؟
بۆچی کوشتت، بۆچ کوڕانت کردنە وەحشیو زەرەر؟
بۆچ ڕقت هەستا لە ئەملاکو، زەویت کردە کوژەر؟
ئێستە داوای ئادەمییەت ڕێی بڕاوە، یا نەجات
تۆ وتت ئادەم لە قوڕ خوڵقاوە، شەیتان ئاگرە
خاك تەبیاتی ســوباتو سەبرە، ئاگر باغرە
ئێستە ئێمە بووینەتە ئەو خۆڵەمێشو دامرە
هەر ئەتۆی کارت بەگشتی، پێچەوانە حازرە
گەر سەرو کاری قەدیـمیت ڕا بڕاوە، یا نەجات
گەر هەموو پێغەمبەرانت ناردوون ئیش سەرکەوێ
چاوی ئەم قانونو وەحیانەت کە هەرگیز نـاخەوێ
شەرتی ئینسافە کەسێ خۆشتبوێ، قەت نەسرەوێ
ناحەزە، ســـتیو بـەتاڵیو نامرادیـمی ئەوێ

من کـه کوورەی دۆزەخم بۆ داخراوە، یا نەجات

عالەمـی کۆنو نوێـی خاکیتـە، خاك قووتـی ئەدا
گێـژو لوولــی بــاڕەشو بــارانە، بـەر لووتی ئەدا
چەند بەریدو میلی لێ ئەسـتێنێ، یەك فووتی ئەدا
ویـش، بــەناوی ئەركو مەرگو گۆڕو تابووتـی ئەدا

کار وا دژوارو سەختو ناتەواوە، یا نەجات

ئەمـخەنە ژێر بـاری کۆتو، هـەر فەلاقەو پێ لەقە
ئەمدەنێ ژەهرو زەقوومو، سەردەمێ ئەمکەن شەقە
نابـڕێ تـۆپو تـڕی ئـەم هۆزە لێـم هـەردێ تەقە
توخوا ئەم حاڵە بۆ مـەخلووقی سەربەستت هەقە؟

چاو پڕ ئاوو، دڵ بە تاوو، گیان بە داوە، یا نەجات

دڵـبــەری خـۆ پیـوەنـانو، پیـوەدانو، پیـوەچــووم
پیــوە ڕســـکی بـێ حـەیایـیو، پیوە ڕێژی ئابڕووم
خامەکێشــی نەخشـی تۆمو، تانەکێشــی کوندەبووم
چی هەڵێنێ دەم وەکو مـن، هەر ئەڵێ بەم چەشنە چووم

ئاسەواری چاکە پاشەوپاش گەڕاوە، یا نەجات

ڕووڕەشیو دوودەستە ئەژنۆیی، گەلێك پەیدابووە
بێ ڕەوشـــــتیو تەمبەڵی، ڕەنگی ژیانی بردووە
خانەقاو تەکیەو دەسیسەی دوژمـنان سەرکەوتووە
هـەر مـناڵێــکی هەبــوو، لێوی پڕا بەم جادووە

بێژە (ژیکۆ) بەشخوراوە، یا نەجاتو، یا نەجات!!.

(٢)

کە مەیخانەی ویساڵت هاتە ناو جۆش
کە یارو یاوەرت کردن ســـــەفاپۆش
لەناو بەزمو نەواو کەیفو دەفو نۆش
کە ڕازاوە حیجابی مـەجلیــسی خۆش

لە نەشئەی مەی، نەکەی بمکەی فەرامۆش

تەماشـا! چۆن دەنۆشن مەی، نیگاران؟
لە گوڵزارو چەمەن، وەختــی بەهاران
دەگێڕن چەرخـی ئولفەت چاوخوماران
ئەتۆش قیری سـیا، وەك گشتی جاران

لە خەندەی مەی، نەکەی بمکەی فەرامۆش

ئــەوا پــڕ بوو دڵی عالەم لە چاوت
هەمـوو مەستانە هەستان، چوونە داوت
عەجەب ئـازادی کـردن قەددی لاوت!
ئەگەر ئێمەش جەفاکێشـــین بە ناوت

لە گریەی مەی، نەکەی بمکەی فەرامۆش

لـە ڕێگەی عیشـــقدا دەرچوو حەیاتم
تەمام هـەر تـۆ بــوو بۆ فەوزو نەجاتم
کراســـی مـــەرگ، گەر کردت خەڵاتم
لە پێش کوشتن، بە فیدیەی، من فیداتم

لە شێوەی مەی، نەکەی بمکەی فەرامۆش

دەمێ فەرموو، لەسەر چاوم مەکان کە
دڵــی پیـــرم، بـە یەك لەنجە جوان کە
لە ســـۆزم، دەفتەری عیشقم ڕەوان کە
دەخیلت بم، ســـوئالی بێ کەســان کە

لە سووزەی مەی، نەکەی بمکەی فەرامۆش

بە جیلوەی ڕووتو نەشـئەی چاوی خەممار
بــە خەندەی دەمتو ڕیزەی لەعلو مروار
بە توحفەی مەمتو سینەی سافو گوڵزار
لە ژێر خێمەی ســـەرو زوڵفی پڕ ئەنوار

لە بادەی مەی، نەکەی بمکەی فەرامۆش

ئەگەر بیشـــمکوژی قوربـــان ڕەوایە
کە دەرمانی ئـەلەم کا، هـەر خودایە
دوو چـاوت لێـم بـــە دایـــم نارەزایە
ئەگەر (ڕاجی) لە خزمەت بێ حەیایە
لە خاسەی مەی، نەکەی بمکەی فەرامۆش.

(٣)

چ خودایێکە دەکا چەرخە بە ڕووی کەونو زەمان؟
دابەشی کردووە ئەم خەڵکە، بە چەند جۆری جوان
هونەری داوە بـــە پیـــاوانو، زەڕو زیـو بـە ژنان
ناگـزووری بـــە مەلا داوە، گـزووریش بـــە نەزان
دەوڵەتی داوە بە کەر، نیعمەتی داوە بە سەگان(١)
ئەم نیشـــانانەیی دونیایـــە، بـە دەردو بە بەلا
بـــەم هەمـوو ئاگرو سـامـاڵو هەواو هەورو هەلا
باخچـــەوو زورگ‌و گیـــا، کەندو چیـــا، دارو گەلا
دڕك‌و گوڵ، شایەدی نێزیکە لەسەر ئەم کە خولا
دەوڵەتی داوە بە کەر، نیعمەتی داوە بە سەگان
دەوڵەمەند ئاوی لـــە دەمدایە، دەڵێ واوە نەچی
ئاقڵەو عیلمی لـــە دڵ دایە، دەبێ خوارو کەچی
حاتەمی تەی بە گونی نابێ، کە بۆ مەرگ ئەچی
پاڵەوان بێبەش‌و، هوشـــیار گرانبـــارو، کەچی

١- حاجی قادری کۆیی لە شیعرێکدا دەڵێ: (هەر ئەدیبێك بووە سا خوا لە دەمی ناوە بڵێ دەوڵەتی داوە بە کەر، نیعمەتی داوە بە سەگان). دیوانی حاجی قادری کۆیی، گردو کۆو پەخشکار: گیوی موکریانی، چاپی سێیەمین، چاپخانەی هەولێر، ١٩٦٩، ل ٤٢.
هەروەها: دیوانی حاجی قادری کۆیی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی: سەردار حەمید میرانو کەریم مستەفا شارەزا، بەغدا، ١٩٨٦، ل ٨٣.

دەوڵەتی داوە بە کەر، نیعمەتی داوە بە سەگان

قاوەخانێــکە پــڕی بەزم و هەراو زەلزەلەیە
دەغلّو دانێکە پڕی ژیلو سـنو خەرتەلەیە
مێرگو قشـــلاّغە پڕی کاوڕەلەڕو بزگەلەیە
من دەلیلم بە خودا گیانە کە حاجی شەلەیە
دەوڵەتی داوە بە کەر، نیعمەتی داوە بە سەگان

لەم هەموو بەش بەشی دونیایە، براکەم! شڕییە
لەم هەموو خۆشـــییەدا، مەردە لە قاتوقڕییە
مەشـکەیی شێخ لە ڕیا، هەروەکو ئاخوڕ پڕییە
تۆش بڵـێ کاکە وەکـو من، ئەمە باوکی خڕییە
دەوڵەتی داوە بە کەر، نیعمەتی داوە بە سەگان

لەم بەرو دەرگە دووســـەد گورسنە پاڕاوەتەوە
بە دڵی پڕ غەمو ســـیپەلکی ڕەشـی ماوەتەوە
چونکە دیتوومە هەموو ناکەسو بیچ، ساوەتەوە
من بــە ئەم نوکتە لەڕێی خەڵك تەڵەم ناوەتەوە
دەوڵەتی داوە بە کەر، نیعمەتی داوە بە سەگان

بەسمە من لوتفی خودا، هێندە کە ناسیومە بە یەك
بـــاوەڕم زۆرە بـــە پێغەمبەرو قورئـــانو مەلەك
کردەوەی خۆم کـــە بـــە هانا بێ لە ڕۆژانی کوتەك
(ڕاجیا)، چیم بەســـەر ئیمڕۆیە بە میلیۆنو بە لەك
دەوڵەتی داوە بە کەر، نیعمەتی داوە بە سەگان!!.

(٤)

براکان، وەرنــە ســـەیران وا بەهارە
شنەی باوەش، کزەی جەرگو دەمارە
نەشەی پشکووتنی ســـەد لێوو زارە
زەماوەندو گریشـــــمەی گیاوو دارە

لە کوردستانی شیریندا دیارە

لە لایێ هەوڵو هۆی کوڕ تێکەڵاوە
لە لایێ بەینو بەستو، چاوو ڕاوە
لە لایێ بـەزمو ڕەزمو، بـەندو باوە
بە هەر لادا ئەڕۆی، هەر تافو تاوە

لە کوردستانی شیریندا دیارە

دەمێ سـۆزەی سەرو، سەوزەی لقو چڵ
دەمێ لەنجەی قەدو، پەنجەی گوڵو مڵ
دەمێ پرشـــەی گەڵاوو، مرشەیی پڵ
دەمێ ورشـــەی هەناوو، دووکەڵی دڵ

لە کوردستانی شیریندا دیارە

چراخانەی شـــەوی بـەزمی گەلاوێژ
بووە سێرەی ئەسێرەی کوردی چا بێژ
بە سەردو گەرمی هەر مەحلێکە ڕاوێژ
دەوارڕێـژو، هـــەواچێـژو، تـــەمانێژ

لە کوردستانی شیریندا دیارە

چریـسکەی کۆو تەرازووو حەوتەوانە
تریسکەی موشتەریو زوهرەو کەوانە
لە چەخـمەی بەرخو شێرو گوڵ ڕەوانە
ئەوانەی بـۆ گەلاوێژن شـــــەوانە

لە کوردستانی شیریندا دیارە

لە ســــــیوەیلا نەما تاوی کلکدار
چزووی دووبشکە ڕشتی گومگومەی ژار
دەوولکو ماســـــییو، قــڕژاڵو گابــار
بە پێوە یا بـەڕێوە، مەســـتو بیـمار

لە کوردستانی شیریندا دیارە

تکاتان لێ ئەکەم شـێرانی شـەرزە
لە سەردا وەرنەخوارێ، چەشـنی تەرزە
ژیانی نیشـــتمان، ئەر پەستو بەرزە
ئەوەی ساغو شەپرزەن، لەم دوو وەرزە
لە کوردستانی شیریندا دیارە
هەڵاڵەو ســتكو ڕەیحانە ســـەپانە
دەمی شـــێرو پڵینگو لـووتەوانە
چەقیلەو مۆردو مێلاقو نیســـانە
لە چاوو ڕووی بەهەشتی مەن نیشانە
لە کوردستانی شیریندا دیارە
دلۆپـــەی چاوی (ڕاجی)، لالەزارە
لە ڕەنگاوڕەنگی سارا، غەم گوسارە
گوڵەو هەروا لەسەر قەلغەت سوارە
هەمــوو هــەر کیمییایی کردگارە
لە کوردستانی شیریندا دیارە.

(٥)

ئەم هەموو خوێنـاوییە، خاکەی لە کوردســـتانمە
ئەم هەموو بـــاخو زەویو هێلانـــەیـــی باوانمە
ئەم هەموو ڕووبــارە ســـوێرانە، کوڵـی گریانمە
ئەم هەموو ئاڵو گەشو، سوورە گوڵەی مێرگانمە
خوێنـــی باوکو مامو ئامۆزاو بـراو یارانمە
بـــێ کەســـوکارو هەتیـــوو، دەردەدارو ڕەنجەڕۆم
- تا- گرانی کردووم، ســـــەرباری زامو سێبەڕۆم
بۆ دەوا، ژەهرم ئەدەن تورکو عەجەم، ئینگلیسو ڕۆم
کاکی خۆم کەی چا دەبم؟ مەنناعەیەك نەمدی لە خۆم
هەر دڵم مابوو، تەقی کردو چەشی کرمانمە

پێبزانـــە گیانـی شـیرینم، لــەکوێ هاتوویەدەر؟
بێجــگە لــەم خاکـەی کـە تێیدا بوویە تۆزو دەربەدەر
بۆچ بە مەردی، باوكو دایکی خۆت نەناسی، قوڕبەسەر؟
مەمکـی دایكو تەربییەی بـاوکت بەکارت بێ، مەگەر
باوکە ئاوارەی وڵاتو، دایکە سـەرگەردانمە

تێکەڵی هەر هۆز ئەبی، بوویە هەوێن، کردت بە زێڕ
ئەیـمژن بێگانــە خوێنت، تۆش ئەبی چرچو چەوێڕ
مێشـــكو مۆخت دەرئەهێنن، ئەی نەزانی گێژو هێڕ
جــا وەکو بوخچەی ژنانیش، ئەتــخەنە هـەرزاڵو تێڕ
حاڵی تـــۆ هەر من ئەزانم، بۆیە قوڕپێوانمە

ئیـشو زانیـنو هومێـدی کـوردە ڕۆیـی، وەك پلار
کەوتە دەسـتی نـابەکاران، ئەیوەشـێنن بێ ژمار
هەرچی لاقو دەستی کوردە، ئەیشکێنن وەك شـکار
داخەکەم، بێگانە بوونە ڕۆســتەمو ئەســفەندیار
تەفروتوون بۆ تورکو ڕۆمو عارەبو کوێستانمە

ئەی گەلی هاوخوێنی شیرین، وەی گوڵی خۆش بۆنو ڕەنگ
گــەر منــاڵێکت ببینـم، ئەیـمژم وەك نوقــڵو بـەنگ
پیـــرەمێردێکت ببینـم، ئەیـخەمە شــــان وەك تفەنگ
زوڵفــی خاتوونـــان ببینـم، بـۆ کەمەندمە ڕۆژی جەنگ
تۆزی پێڵاوت، وەکو نازت لەســـر چاوانمە

کۆمـەڵێکم پێکەوە نووساوە، دڵ شـــەیدایەتی
هەرچی قازانجی وڵاتــی کوردە، ئەو پەیدایەتی
هێندە گەورێکی نەفامیش، زەرتكو سەودایەتی
وا لــە تیمارخانەکانی لــەندەنو بەغدایەتی
بەس لە مەیدانی هونەردا، هەوهەوی مەردانمە

سووره سێوی ڕوومەتت، بۆچ زەرده ڕۆڵەی شیرینم؟
هەر منم، بێگانه نیم، دۆستم، مەزانه دوژمنم
هەر لەبەر دووری دوو چاوی تۆیه بۆرو چڵکنم
ئێسته پێت شابوومەوه، خۆشه ژیانو مردنم
تۆم له دەم دوژمن دەرێنا، شاییو سەیرانمه
پایەداری کەی خودا، هەرچی له کورده پێشەوا
ناوی تۆم لێ بەستو ڕووی خۆم کرده عاسمانو حەوا
خاکی خوێناویم بکاته گوڵشەنو ئاوو هەوا
تاکو (پشکۆ) قەت بەکەس نەکوژێتەوه، بەختی ڕەوا
بەشکو گەرمی کاتەوه، هەرچی دڵی کوردانمه!!.

(٦)

بووکی چەمەن سەوزه بوو، سوور بۆتەوه
تك تکەیی شەونمی ڕشتۆتەوه
مێزەرو دەسماڵی کە کردۆتەوه
چاوی قەلانیش خەوی بردۆتەوه
دڵ بە گەشی باوەشی کردۆتەوه
بەزمی گوڵو بادەوو دوو چاوی یار
وا ئەگەڕێ ناو گەڕەکی نەوبەهار
پڕ له حەزو زەمزەمەیی چەنگو تار
کاری له نەورۆزێ نەکا چاوەزار
هەرچی کە سووك هاتو گران چۆتەوه
قوڵفی کەمەر، تا نەترازێ لەبەر
دوگمەیی مەم، تا نەمژێ مێشکی سەر
ماچی دەمان، سەرنەکرێن سەربەسەر
دڵ چ نییازێکی نییه بێته دەر

بەحری کوڵی، چونکە نەنیشتۆتەوە
کاتێ لە پەردەی گوڵی سووری خزا
جەرگی بە تەندووری خەسووی داچزا
بووکی بە فرمێسکی بەڵاڵووکی زا
کۆرپەیی خوێنی کە مژاوو دزا
بابەکەشی خوێنی نەسەندۆتەوە
شیوەنە لەو ماڵە، هەتا دێتە چەنگ
بەرگ‌و گەنم، نەوت‌و خەریتەو تفەنگ
هۆزی شەپرزەی تەقەلا، دێ بە جەنگ
هیچ لە سەرکەوتنی ناکا درەنگ
کەس جڵەوی ئەسپی نەبەستۆتەوە
تێبگە حەزکردنی جاحێڵ‌و کچ
چۆن ئەگەنە یەکترو، کۆڵان‌و ڕچ؟
خۆشە دەمێ ماچی خەت‌و خاڵ‌و لچ
سەختە دەمێ، گرژییو تۆران‌و خچ
دەست بە کەلەپچەو بە سەری کۆتەوە
تێئەپەڕن لەشکری خەم، جوون بە جوون
تا بکەوێ هێزی هونەر، سەرنگوون
ئێستە کە هەڵسێتەوە لێوی بە خوون
دوژمنی ناسیوە لە ڕێی چەندو چوون
دەستی نەنێ، شەرتە بە (پشکۆ)تەوە.

(٧)

لەگەڵ هۆزا مەبن خوودارو دووڕوو
بکێشن بۆ هەموو ئیشێ تەرازوو
بڕێژن ئاوی چاوو ڕەونەقی ڕوو
بنێژن گوڵشەنی هۆش‌و دەمودوو

هەڵستە ئەی گەلی کوردی خەواڵوو
لە ڕۆژی ژین، هەموو گەر بێنە کوشتن
بە مەردی، نەك، حەیا قەترێکە ڕشتن
زمانو دڵ بکەن خاوێن، بە شووشتن
گران بکڕن یەکییو، پیسی فرۆشتن
ڕەوانی قووت بدەن قازانجو پاروو
سەری بەرزو، دڵی خاوێن سوپەر بێ
ڕەوشتو بەرگی شادیتان لەبەر بێ
دوو چاوی نیشتمان، ڕەوشەن نەزەر بێ
پڕی سەربەستییو جەژنو هونەر بێ
نەبینیٚ شێخو مێخو سیحرو جادوو
سولەیمان، گەر ئەڵێن کاری بەقاش بوو
خودا دابووی، هەموو ئیشی بەلاش بوو
بە عەقڵو هۆشو ئازاییو تەلاش بوو
لە چەوتیی دوورو، سەربەستی وەلاش بوو
جەماتی مەردییو عیلمی لەلا بوو
گزنگی ڕۆژی کۆمەڵ، کەوتە کێوان
مەترسن قەت لە شەیتانو لە دێوان
بنۆشن بادەیی خۆشی بە لێوان
بە کردەو مەشقو هەڵکێشانو پێوان
بە گیان پەروەردەکەن منداڵو زاروو
جەماوەرکەن، کە کارێکتان لە پێشە
بە تەدبیر بیخەنە کار، بیرو تێشە
ڕەگی ژین بێ میانە، هەر بە هێشە
سەروکاری هەموو شت، کێشە کێشە
شتی ڕەق ڕەق بنێنە بن پەراسوو

به زانین، سـەنعەتو فەن ئاوەدانە
کلیلی دەرگەیـی شـــادیو ژیانە
تەمـاشـــــای دڵبەرو باخـی گوڵانە
هەمـوو دەم، ڕۆژو مـانگت پاسـەوانە
وەرن (ڕاجی) بدەن باوەش، لە بانوو.

**

ج- پێنج خشتەکی

(١)

پێنج خشتەکی لەسەر غەزەلێکی ئەدەب

بــابێمەوە هاواری دڵو خاك پەرســـتان
میللەت بخوورن، هەروەکو شێران لە نەیستان
تا سەربکەوێ خاکی وەتەن، وەك گوهەرستان
ئیمشـــۆکە برازێتەوە ڕیزەی گوڵو بوســـتان
قەت هەڵنەوەرێ گوڵ لە تەمەن، جان لە تەنستان

❊❊

کۆمەڵ بکەنو، ڕێکیبخەن زینەتی مەوتەن
لاوانی عەشایر، کوڕە جاحێڵی تەهەمتەن
بگرن بە هەوەس، دەستی برایانە لە گەردەن
بادە بەسە بۆ بێنو، بدەن مەی، بە خەمی دەن
ئیمشـــۆکە شەبوستانمە، با بێتە گوڵستان

❊❊

ئێمــە بــە چ حاڵێکەوە مـردینو گرفتار؟!
خوێنی دڵو چاومان ئەڕژێ، تاڵە لـەبو زار
گەر بێتو لە مە هەڵبکەوێ گەورەوو سەردار
چەند خۆشـــە لە پڕدا، کە دڵارامی وەفادار
خۆی بێتە عیادەت لە نەخۆشانو لە خەستان

❊❊

پاشا بە عەدالەت بێ لەگەڵ میللەتو ڕەعیەی
پۆلو ســـەفی دوژمن، وەکو تۆمار بکا تەی
لێدا بە بەشارەت لە وەتەن، چەنگو دەفو نەی

خۆشـــتر نییە بۆوەی کە نیساری قەدەمی کەی
سەد جانی عەزیزت، نە بەدەستێ، بە دوو دەستان

❊❊

هەر کەس کەببینی لەچەمەن، یا سەری کێوان
بیـــکەی بـە برای خۆتو، نەبێ پەردەوو نێوان
هەرچی کـە بگەی پێیو تۆ بیکێشییە گریوان
جارێ شــــەکەری لێوی ئەوەند بمژی بە لێوان
شەهدی شـەکەرت بتکێ لەبن ناخونی دەستان

❊❊

بەزمێکی یەکیی بێنییە ڕوو، خۆت کەیە نەعلی
تەبعــی بگری، هەڵبکەنـی ڕیشـــەیی جەعلی
وەبــزانی لــە پەردەی وەتــەنا، وێنەیی بەعلی
جارێ ســـەری کوڵمەی بگەزی، گاهـ لەبی لەعلی
گەهـ بنکی دوو مەمکی بگری، گەهـ سەری پوستان

❊❊

شــیرینو تەڕو شۆخە وەتەن، دڵبەری میللەت
قازانـجی دڵو گیانـە، ژیانـی ســـەرو دەوڵەت
جارێ کە بکا مەیلی عەدو، خۆشە بە هیممەت
گاهـ زەحمەتی دەی، گاهێ نەدەی، گاهێ بە تەیبەت
ڕێــکی بگوشــی، عوزر پەزیرایە لـە مەســتان

❊❊

بووکــی وەتەنت، هــەر کە بە تۆ نازو ڕەهی دا
بۆ کردەوو بــۆ مەعریفەتت، گەنـجی شەهی دا
بەو مەعدەنو بەو سککە کە هاتو نیگەهی دا
ئەمجارە قەدی خۆت، لە قەدی سەروی سەهی دا
باڵێنــی وەکـو مار لـە نەخلی عەرەبوســتان

**

ئاخۆ بە دڵی شاد ئەبینم کە چرا دێ؟
بەزمی وەتەنو ڕێکییو عەدڵو سەرو پا دێ؟
(ڕاجی)، بە سوئالێكو جەوابێکی بەقا دێ
تاکەی (ئەدەب) ئەم عوشرەتە، هەر تاکو نیدا دێ
مردووت بمرێ هەستن، ئەوا مردوو هەڵستان.

**

بەندو بەیت

أ- ناونیشانی کوردان

(١)

هانـــام بـــە بـــەر تـــۆ یـــا غـــەففار
ســـولّتانی شـــاخو دەشـــتو شـــار
دامـــــەزرێنی لـــــەیلو نـــــەهار
ڕزقـــی دەدەی بـــە مـــوورو مـــار
هـــاوین، زســـتان، پـــایز، بـــەهار
چـــــەرخت گێـــــڕاوە پایـــــەدار
بـــەخێو دەکـــەی گـــەداو توجـــاڕ
بـــزر ناکـــەی یـــەك تـــۆزە کـــار
لـــە هـــەموو حاڵـــێ ئاگـــەدار.

(٢)

ئاگـــــاداری هـــــەموو حـــــاڵان
هـــی دەردەدارو چـــاو کـــاڵان
لـــەناو شـــاخان، لـــەناو مـــاڵان
ڕەحمـــێ دەکـــەی بـــە عـــەودالان
دایـــان پۆشـــن بـــە دەســـماڵان
چ هـــۆدەو نـــاز، چ بـــن دالان
بـــە ماچـــان بپرســـن حـــاڵان.

(٣)

بپرســـــن حـــــاڵی فـــــەقیران
دەریـــان بێـــنن لـــە زنجـــیران

بارانیـــان مەکـــەن بـــە تـــیران
هـــەروەك دیـــلان و نەچـــیران
لـــەلای خـــەزێم و لاگـــیران
بـــۆ منـــی هـــەژارو مـــاڵ وێـــران
جێگـــای ماچـــمکە، دەســـگیران
لـــەناو ڕەزان، لەســـەر بـــیران
هـــیچ مەترســـێ لـــەبی پـــیران.

(٤)

لـــەبی پـــیران، نـــەتبێ باکـــە
نازەنینـــەی ڕوومـــەت پاکـــە
هـــی چاومەســـتەی پـــڕ تریاکـــە
گـــەردن بللـــووری ئەفلاکـــە
بـــەو خودایـــەی تـــەنیاو تاکـــە
ڕۆحـــم دەڵێـــی لـــە ژێـــر خاکـــە
بـــەدەن دەڵـــێ: لـــێم حاشـــا کـــە
لـــە داخـــی تـــۆ، جـــەرگم چـــاکە.

(٥)

جـــەرگم ســـووتاوی کوڵمانـــە
لـــەبن ڕیـــزەی ئەگریجانـــە
شـــنگ و هـــەڵاڵ و ڕەیحانـــە
دەســـتە دەســـتەی کاکۆڵانـــە
گیابەنـــدو خـــاوی شـــاخانە
میـــسك و عەنبـــەر چـــەند هەرزانـــە

غالییـــــەی عـــــەتری شـــــارانە
نموونـــــەی زوڵفـــــی یارانـــــە
دەڵێـــــی ڕیـــــزەی بارێزانـــــە
لـــــە دەم شـــــەکراوی چـــــاوانە
داغـــی ســـەر جـــەرگی باغانـــە
بـــــڕوانن ئـــــاخر زەمانـــــە!!.

(٦)

ئـــــاخر زەمـــــانم لـــــە چـــــاوە
شـــــەرمو حـــــەیام هـــــەڵگیراوە
پیاڵـــــەی شـــــەرابی دانـــــاوە
نێـــــرگس لـــــە دەوری ڕســـــکاوە
مـــــەزەی خـــــاڵو خـــــەت کـــــشاوە
هێـــشتا دەســـتی لـــێ نـــەدراوە
جووتـــێ بـــادەی لـــێ نەخـــشاوە
ســـــاقی بـــــۆم بێنـــــە بـــــەم لاوە
ئەجـــــەل نێزیکـــــە، وەســـــتاوە
شـــــیری بـــــرۆی دەرکێـــــشاوە
جەوهـــــەردارە، تـــــازە ســـــاوە
تـــــیری برژانگـــــی دانـــــاوە
خێرابـــــە، کـــــارم تـــــەواوە.

(٧)

کـــــارم تـــــەواو لـــــە کـــــەوانی
دڵـــــی کردوومـــــە نیـــــشانی

لەبـــەر شـــوعلەی دوو کولّمـــانی
وەك مـــــانگ و ڕۆژی تابــــانی
بـــزرم ناکـــا لـــە چـــاوانی
بـــــە پڕشـــــنگ و بلّێـــــسانی
بـــــە مونجـــــان و درەوشـــــانی
بـــێ فـــەرقن شـــەوو بـــەیانی
بـــەخوا خۆشـــە ڕاموســـانی
ســـــبەینان و، ئێـــــوارانی
نیـــوە شـــەوو، نیوڕۆیـــانی
پـــاش عەســـران و، بـــەیانیانی
چێـــشتەنگاوو، مـــالّ نووســـتنانی
شـــەکرو شـــیرو خـــەمرەکانی
هـــەنگوینی بـــێ هاوقـــەرانی
بـــەرەو خـــوار بێـــی، بـــۆ لێـــوانی

(٨)

لێـــوی چـــی؟ ئـــاوی حـــەیاتن
زێـــڕی ســـووری بـــێ زەکـــاتن
یـــاقووت ڕێـــژن، بـــۆ وەلاّتـــن
شـــیفای ســـەد نـــوقلّ و نـــەباتن
چـــەند پاشـــای بـــەرزی بـــۆ هـــاتن
چـــی فـــەوتان و، چـــی هـــەلاّتن
هێنـــدێ بـــە هیـــوای خـــەلاّتن
وەکـــو مـــن بـــێ دەســـتەلاّتن

بــــەڵام بــــە ســــەبرو ســــوباتن
دایـــم لــــە ســــەوداو مــــەزاتن.

(٩)

ســــەوداو مــــەزاتی لێوانــــە
موشــــتەری ڕیــــزەی ددانــــە
دوڕڕو گەوهــــەر بــــە بارانــــە
مامڵــــەتگرم ماڵوێرانــــە
ســــەودای بــــە خــــوێنی چــــاوانە
هێــشتا دەڵــێ چــەند هەرزانــە.

(١٠)

هەرزانــــە کــــویی زەقــــەنێ
دارژاوە بــــە ســــەد فــــەنێ
قــەت دەرنایــە لــە مەفتــەنێ
لەســــەر قــــەڵاتی گــــەردەنێ
قوببــەی ســەد ڕەنگــی مەعــدەنێ
قوربــــانی بم، پێدەکــــەنێ
ڕۆحــی عالــەم هــەڵ دەقــەنێ
مووســا ڕۆیــی بــۆ مەســکەنێ
لــە شــێوەی غەبغــەبی تــەنێ
پــــێڵاوی پــــێ دادەکــــەنێ.

(١١)

نــەعلی چــی؟ ئێــرە تەووایــە
جێگــــای ناســــینی خودایــــە

گـــــەردەن، داری داگیرســــایە
شـــەویش، تاریـــكو ســـەرمایە
هــــەورو بـــاران، ڕەعـــدو بایـــە
دەستەچـــــیلێکی بــــۆ نایـــــە
ســـەر لـــێ شـــێوانی مووســـایە
بیــــزانن کـــاری مەولایـــــە
هــــاروونیش هاتـــــە هانایــــە
تەســـخیری فیرعـــــەونی شـــایە
بـــــە کەوکەبـــــەو تەماشـــایە
بـــا غـــەرقی کـــەن لـــەم داوایـــە
نـــۆرەی مـــوعجیزەی عیـــسایە.

(١٢)

مـــوعجیزەی عیـــسا لــــە ســـینە
ســـفرەی خـــودای بـــێ قەرینـــە
نـــاردی بـــۆ قـــەومی بـــێ دینـــە
ئیمـــــان بێـــــنن بـــــە یەقینـــــە.

(١٣)

ســـفرەی شـــیرین، ســـینگو مەمـــە
چـــــارەی هـــــەزار دەردو غەمـــــە
بللـــووری ســـافو بـــێ تەمـــە
بـــــە فنجـــانو، بـــــە زەمزەمـــــە
دەڵێـــــی دایـــــەرەی عالەمـــــە
خـــــڕو پـــــڕو شـــــەکرلەمە

ســـاڕێژی گـــشت دەردو غەمـــە
هەریـــەك خونـــچێکی بـــە دەمـــە
بەشـــی هـــەزار هـــەزار جەمـــە
ئیمـــان بێنـــە بـــە دڵو دەمـــە
نـــەوەك بتکاتـــە شەمـــشەمە
ئـــەی خۆشەویـــستەی هەمدەمـــە.

(١٤)

ئـــەی هەمدەمـــەی کـــارو بـــاران
ئاشـــقی بـــاڵای چـــاو بـــەخوماران
دڵ بەلـــــەرزەی گـــــوارەداران
لێقـــەوماوی گـــوێ بـــە گـــواران
بڕوانـــەی چۆچـــەی هـــاواران
لەســـەر لاجـــانگی نـــازداران
ســەر نــشێو دێــن، هــەروەك جــاران.

(١٥)

هـــەروەك جـــاران، نـــەرمو شـــلە
لـــە ڕێـــی کەزیـــەی، چـــاوم کولـــە
مـــاری ڕەشـــی شـــانو ملـــە
هانـــا دەبـــا، بـــە بولبولـــە
گـــەردن لغـــیش لەســـەر پڵـــە
دەلێـــــی مـــــاڕووتی بابلـــــە
هەڵاوەســـــــراوی کاکوڵـــــــە
کرمۆکـــەی دێنـــە بـــەر دڵـــە

ئـــــەمجا نـــــۆرەی قەنەفڵـــــە
جانتـــای عـــەبیاری لـــە ملـــە.

(١٦)

لـــە مـــل، جانتـــای عەبیارییـــە
مێخەکبەنـــــدی دڵدارییـــــە
پـــەروەردەی بێنـــــی بارییـــە
بـــــە زنجــــیرەی نازدارییـــــە
ســـەودای لادێیـــــیو شـــارییە
بـــــە پـــــیرۆزەو مروارییـــــە
هـــەوای لـــە ڕووی ســـەردارییە
لەســـــەر ســـینەی بەهارییـــە
ســـەد گـــوڵ خونـــچە بەزارییـــە
نێـــرگس بەشـــی غەمخوارییـــە
چـــاوی زەردبـــوو، یەکجارییـــە
ڕەنگـــــی ســـپی ســـەربارییە
قـــوڕ بەســـەر مـــن، ڕێـــم هارییـــە.

(١٧)

ڕێـــــم هارییـــــە، وانـــــەم دوورن
ســـوورو ســـپی، ڕەنـــگ بلـــوورن
ســـەوزو ئـــاڵو، زەردو ســـوورن
هـــەژانی بـــەنکو بـــەن مـــوورن
دوگمـــەو هەیاســـەی پـــڕ نـــوورن
کەمبـــەرەو لوولـــەی مەســـروورن

سـەرگەرمو مەسـتو مـەخموورن
لەشـکری بـێ باسـکو بـوورن
لێیـان دووره هەرچـی زوورن.

(١٨)

هەرچـی زووره، لێیـان نایـه
مێرگیـان بـه ئـاوو هەوایـه
هەریـەك لـه داوایـەك دایـه
بـێ نـەزیرم لـەم دونیایـه
ورشـه ورشـم لـه پەنایـه
چ لـەم لابـێ، چ لـەو لایـه
بەهەشـتم جێگـەو مەئوایـه.

(١٩)

جێگـەم لـه بـاغی بەهەشـته
قاشـی نـاوکی چـەنده خـشته
شووشـەی زگـی سـافو دەشـته
نەخـشاوی خـاڵ، حـەوتو هەشـته
تـورتو تـەڕو لـووسو گـشته
وا دەبـێ حـۆری سروشـته
پیرۆزیـان بێـت ئـەم فریـشته
بـەناو ئێکـه، هـەزار چـشته
یـەك تەختەیـه، خـشتو مـشته
هـەر کـاری وەسـتای بـێ پـشته.

(٢٠)

کـــاری وەســـتای بـــە حـــەواوە
هـــەر بـــە ئـــەمرێك دارِژاوە
قـــوببێکی وای لـــێ هەڵـــداوە
نـــاوی ســـەد گـــەنجی لێنـــاوە
ئـــەم ئینـــسانەی وا بـــەر چـــاوە
هـــەی کاکـــە لێـــرە ڕِســـکاوە.

(٢١)

هـــەی کاکـــە جێـــی جوســـتوجۆیە
لـــە دامێنـــی گـــەردن، گۆیـــە
مابـــەینی نـــاوك‌و ئەژنۆیـــە
تـــەوقێکی وام لـــە ئەســـتۆیە
لێـــرە ناکـــەم گفتوگۆیـــە
عـــەیبی ئێمـــەش هـــەر هـــی تۆیـــە
مـــەڵێن شـــایەرمان شـــەتحۆیە
ئەگـــەر بیڵـــێم باوکـــە ڕۆیـــە
جـــەرگم ســـووتاوە، بۆنـــسۆیە.

(٢٢)

جـــەرگم ســـووتا وەك قەقنەســـی
لـــەتاو ئەســـتوندەی ئەتڵەســـی
هـــەردەم دەدرەوشـــێ نەرگـــسی
قـــەت شـــین نابـــێ خـــارو خەســـی
دڵمـــی بـــەناز هەڵاوەســـی
بـــە قـــەددو ســـەروی نەورِەســـی

حەپـــسە تــا ئــاخر نەفەســی
چـــەندە ناخۆشـــە بێکەســی
خوایـــە هـــەر تـــۆم فریاڕەســی.

(٢٣)

فریاڕەســم هــەر تــۆی خــودا
پـــووزو بەلـــەك بـــە دەردەخـــا
مـــۆمی بلـــەوری هەڵـــدەکا
دونیایـــە پـــڕ ئـــاگر دەکـــا
ســـەد ئـــەولیا کـــافر دەکـــا
پاشـــاو گـــەدا، شـــێخو مـــەلا
دەبـــن بێهـــۆشو بـــێ ســـەدا
فکـــر ناکـــەن چ حەشـــتەبا
غـــەیری دوو قالـــب کارەبـــا
لـــە ئـــەژنۆی تـــاکو نـــووکی پـــا
لـــە چـــاوان دەکـــا مەرحـــەبا.

(٢٤)

مەرحـــەبای گـــەورەو منداڵـــە
هـــاڕەی پاوانـــەو خڕخاڵـــە
لـــە پێـــی کـــچی چـــواردە ساڵە
لـــە پـــاوو پـــووزی عەوداڵـــە
تێـــی هـــاڵاوە ماڵـــەو ماڵـــە
دەڵێـــی مـــاری بـــێ ئاواڵـــە
لـــە گـــەنجی زیـــوو ســـامالە.

(٢٥)

ســـــامالّو شـــــەوقی لەنجەیـــــە
ئـــەمجا نـــۆرەی ســــەر پەنجەیـــە
ئـــەویش لـــەدەم ئـــەو گەنجەیـــە
دەڵێـــی لـــە جێـــی پـــەنج فەرزەیـــە
ڕووی لـــە مەککـــەو مەدینەیـــە
هـــەر یـــەك فانۆســـی دیدەیـــە
خێـــری وانم، یـــەك بـــە دەیـــە
هـــەر ساتێ، ســـەد خێـــری هەیـــە.

(٢٦)

خێـــری پەنجـــەی کـــافوورینن
لـــە خـــوا نەناســـان پـــڕژێنن
هێنـــد ناســـكو نـــەرمو شـــیرینن
کـــاژی مەڕمـــەڕ، بلـــوورینن
بـــەتاوو بـــۆن، داری چـــینن
تـــەرزو تـــەڕو، هـــێنو میـــنن
وا ڕەنگـــاوڕەنگو نەخـــشینن
ژیـــانی ڕووی ســـەر زەمیـــنن
خـــۆ کـــوێر نـــەبوون، بـــۆ نـــاییبینن؟.

(٢٧)

بـــۆ نـــاییبنی پـــشتی قاچـــی؟
لەســـەر کـــوورەی غـــەمان لاچـــی

گــەر بیگەیــە، بیکــەی ماچــی
تێــــی نـــافکری، دای دەپاچـــی.

(٢٨)

دای دەپاچـــی هـــەروەك شــــەکر
وەك نەخۆشــێ، بــۆی بــێ بــەفر
یـــاخوا، یـــا حـــەزرەتی خـــدر
جــەرگم بــۆی بــوو پنــدر پنــدر
بــۆ شــەکرو بــەفری وا نـــادر.

(٢٩)

نـــادرن، ئــــەی بـــرای ڕێیــــە
ئــــەمجا، نــــۆرەی بــــەری پێیــــە
دەڵێـــــی ئاوێنــــــەی ئاوێیــــــە
کــەیفت، کاکــە، لەهــەر جێیــە
تەماشـــای کــەو، چـــاوت لێیــە.

(٣٠)

چـــاوت لێیـــە لـــە قومپـــانی
تــۆپی زێـــڕین، یـــاری گیـــانی
شــــەڕی ئینگلیـــزو ئــــەڵمانی
هەراکــــەی چـــینو ژاپـــانی
بـــە ئیتالیـــاو، ئـــەمریکانی
بـــە ڕووسو میـــسرو یۆنـــانی
لەســـەر وییـــە گـــەر دەیزانـــی

هـــەروەك بـــەیتی بەردەشـــانی
لـــە قـــەرانگوێو، قۆمـــەرغانی[1]
بـــە تاســـەو، لـــوولی زولّفـــانی
مـــەدحی دەكـــا، تـــا قومپـــانی.

(٣١)

مـــەدحیان كـــرد تـــا قووپانـــەوە
هـــەموو چـــوونو بڕانـــــەوە
شـــایەر بـــە چـــەند لێكدانـــەوە
یـــار لەبـــەر دەســـتیان مانـــەوە
منـــیش مانـــدووم حەســـانەوە
هێنـــدێكم نایـــــە بانـــــەوە
دەســـــتو دەمـــم كـــشانەوە
كـــە تـــێ فكـــریم بـــە گیانـــەوە
عـــەیبی نییـــە بادانـــــەوە.

(٣٢)

بادانـــــەوەم، بـــــۆ بـــــازووە
شـــەهێنی ســـەد تـــــەرازووە
خـــودا دروســـتی كـــردووە
لەســـەد مـــاددەی بـــژاردووە
بـــۆ دەســـتەملانی نـــاردووە
دوو چلـــــچرای هـــــەڵكردووە
لـــە بـــالآی یـــاری بەســـتووە.

١- دوو گوندن لە دۆڵی جافایەتی.

(٣٣)

بـــالاّو ئـــالاّ دەســـــتاو دەســـــتە
قـــۆڵو باســـك، دەســـتەو ڕەســـتە
کـــاژی زیـــوین، شـــیری خەســـتە
هەرکـــەس جێگـــای بـــەرزو پەســـتە
جـــەرگی ســـەقەت، ڕۆحـــی ســـستە
ســـەربەخۆ، شـــێتو سەرمەســـتە
ئینجـــا دڵبـــەر چ دەربەســـــتە؟.

(٣٤)

چ دەربەســـــتە یـــاری مــــەزن؟
لەبـــەر هـــاژەو هـــاڕەی بـــازن
پاشـــاو گـــەدا بـــۆی دەتـــەزن
لێـــــو سمــــێلاّن دەگــــەزن
بـــە مەقـــسەد ناگـــەن، دەبـــەزن.

(٣٥)

ناگـــەن بـــە پەنجـــەی گەوهـــەری
بـــە قـــەنتار بێـــنن مـــشتەری
بـــەردی بـــە قیمـــەت جەوهـــەری
قـــــەتارەی شـــــەمەندەفەری
لـــە دو ویـــش بـــاری حوشـــتری
نینـــــۆکی ناداتـــــە بـــــەری
ئـــەو نەونەمامــــەی دڵبـــەری
حەســـوودی پـــێ دەبـــەن پـــەری

لــه پێــوه تــا تــۆقی ســەری
ڕۆحــم بــه جــارێ هــەڵوەری
وەختــه لــه خــۆم بــبم بــەری
بــه بێکەســی‌و، بــه بــێ دەری
بـــه فـــەقیری‌و قەلەنـــدەری
هـــاتم کـــه ببمـــه هاوســـەری
مـــردم بـــه ســـەد کـــوێرەوەری.

(٣٦)

مـــردم لـــه داخـــی ڕوومـــەتی
گـــەڕام، ســـووڕام مەملەکـــەتی
بــه پــێ خواســی، بەســەر پــەتی
بـــه هـــەزار جـــۆره ئافـــەتی
هەرچـــی هـــەمبوو لـــه دەوڵـــەتی
دامنـــا لـــه بـــان خـــاڵ‌و خـــەتی
ڕووت‌و قـــووت بـــووم ئاقیبـــەتی
دەیبەمـــه قـــەبرم، عـــەزرەتی.

(٣٧)

عـــەزرەتم هـــەر ئـــاخ‌و داخـــه
چـــۆڵم کـــردن کـــاخ‌و لاخـــه
جـاڕێکم گـوت: جـێم بـۆ ڕاخـه
وتی: هـەی هـەی، چـەند گوستاخه.

(٣٨)

چـــەند گوســـتاخه وەك پەروانـــه
کـــاری پەروانـــه ســـووتانه

لـــــه ئەلـــــەتریکی کولّمانـــــه
بلّێــــــسەی نــــووری یەزدانـــــه
چـــــەرخی هـــــەزار شەبوســـــتانه.

(٣٩)

چـــــەرخی لەنجـــەی لــــە بالاّیـــه
زەردو ســــوور، ئـــــالّو والاّیـــــه
شـــەدەی بـــە نـــاز لەســـەر نایـــه
دلّـــی خـــەڵکی لـــێ پێـــچایه
هـــەر یـــەك ســـەد گرێـــی لێدایـــه
چـــــارۆکەی بەســــــەر کێـــــشایه
دەلّێـــــی گەنجـــــە داپۆشـــــرایه.

(٤٠)

دەلّێـــــی گــــەنجی بـــێ قیاســـه
شـــاهید، تـــوڕڕەی پـــێچو تاســـه
جێگـــەی هـــەراو بـــاسو خواســـه
ڕیـــشوەی بـــە ڕیـــز ئـــاسو لاســـه
هـــەر یـــەك مەســـتی تـــاسو کاســـه
بـــە گـــێلاسو، بـــە ڕێواســـــه
چـــۆن ناکەوێتـــــه وەسواســـــــه؟
ئـــــەوەی وەلیو خـــــودا ناســـــه.

(٤١)

ئـــــەوەی دەســـــولّحا بـــۆ خـــودا
لـــــە مزگـــــەوتو لـــــە خـــــەڵوەدا

کە دی دڵبەر لە جیلوەدا
بەجارێ وا هەڵخەڵەتا
گاور بوو، لە دین وەرگەڕا
شەیتان حەسوودی پێ دەبا.

(٤٢)

حەسوودی پاشاو خونکارن
بە ئاخو داخو هەژارن
شێخو دەروێش خزمەتکارن
پاکیان بە هێشو ئازارن
چاوەڕێی ئەمری دڵدارن
سەرمەستو شێتو بیمارن
لە گیانی خۆیان بێزارن.

(٤٣)

بێزارە هەرچی دیندارە
هەردەم لە هاتو هاوارە
بە هەزار دڵ بریندارە
ئەشقی دوو چاوی نازدارە
هەرچی پیرە، هەرزەکارە
گەر زارۆی پارو پێرارە
وەکو من زارو نەزارە.

(٤٤)

زارو نەزار وەکو منە
نقووم لە گۆمی بێ بنە

چـــونکو چـــاوی لـــە گەردنـــە
مـــــاڵۆیرانی بـــــەڵگ‌و بنــــە
پـــــشکنیم کـــــون‌و قوژبنـــــە
دیـــــتم هەرچـــــی کـــــچ‌و ژنـــــە
نەمـــدی وەکـــو ئـــەو گوڵبونـــە
ئـــــەتۆش بـــــڕۆ، بیپـــــشکنە.

(٤٥)

بـــی پـــشکنە هەرچـــی باشـــە
چـــی خـــاوەن ڕوتبـــەو مەعاشـــە
بـــە قەشـــەو، ڕایـــب‌و، شەمماشـــە
بـــە دۆمـــی وەســـتای کەلاشـــە
وەســـــتای بێـــــژینگ‌و تەلاشـــــە
هەرچـــی گـــردو، هەرچـــی شاشـــە
بـــــە بـــــاربێنن زێـــــڕو داشـــــە
چ ئاوریـــــشمەو، چ قوماشـــــە
هێـــشتا بـــەهای یـــار، بەلاشـــە.

(٤٦)

بـــــەهای قـــــەت نایەتـــــە ڕایـــــە
نـــــۆرەی ســـــەیران‌و ســـــەفایە
لـــــە شـــــارو دەشـــــت‌و ســـــەحرایە
بـــە کۆمـــەڵ دێـــن بـــۆ ســـەمایە
ناســـکە کیـــژن، ڕۆڵـــەی دایـــە
کارئاســـــکی ئایـــــەو مایـــــە

هـــــەمووی شـــــیرین‌و لەیلایـــــە
خـــــاتو زیـــــن‌و زولەیخایـــــە
خـــــەرامان چـــینی ئاوایـــــە
قەمـــــەرنازیش لـــــە خەتایـــــە
هەرچـــەند دەکـــەم قـــسەم نایـــە.

(٤٧)

قـــسەم نایـــە بـــە زۆرو کـــەم
هـــاتن کـــوڕی قامـــەت عەلـــەم
شـــێرانەو مەســـت‌و موحتـــەرەم
زەبـــر بـــە دەســت، ڕەنگـــین قەڵـــەم
چـــاپوك ســـوارن، خـــاوەن حەشـــەم
(گیـــو)و (فـــەرهاد)و (کاکەمـــەم)
(یوســـف)و (خورشـــیدی یەکـــەم)
دەست بەخەنجەر، سگریت[1] بە دەم
هەڵدەپـــەڕن شـــاه و خـــەدەم
نـــەماوە نـــاوی ڕۆســـتەم.

(٤٨)

ڕۆســـتەم و زاڵ، خـــاوو ســـستن
ئاغـــاو بەگلـــەر ڕادەوەســـتن
لـــە مەیـــدانا ســـەف دەبەســـتن
لەگـــەڵ دوژمنـــان سەربەســـتن

١- سگریت، ***Cigarette***: جگەرە.

گــرتن، خــستن، کوشــتن، بەســتن
گوللــــەو خەنجـــەر دەپەرســـتن
ڕۆڵـــەی شـــێر، ئـــازاوو مەســـتن
کـــوردن، ســـەرگەرمن، دروســـتن
گـــوردو مـــەردو، تونـــدو چوســـتن
دەرگـــەی وریـــایی نابەســـتن.

(٤٩)

نابەســـتن دەرگـــەی دیوانـــان
دێـــنو دەچـــن پاڵـــەوانان
دەچـــن بـــۆ نـــاوو ناوانـــان
تفـەنگ لـە دەسـتو لـە شـانان
حیلـــە حیلـــی بەســـتەزمانان
نرکـــە نرکـــی شـــاه و خانـــان
هـــەروەك گۆڵـــەی عاسمانـــان
ســـواری ئەســـپان، وەك یـــەکانان
سمـــان دەخـــشێنن لـــە بانـــان
قـــەڵتاغ دەوەســـتن بـــە ڕانـــان
گرشـــەو بلێـــسەی دەبانـــان
هـــەمووی لـــە ســـاحێبقڕانان.

(٥٠)

ســـاحێبقڕان، شەســـتو شەشـــن
بـــەناوبانگن، دڵ بـــێ غەشـــن
جگـــەردارن، ســـاحێب بەشـــن
ســـاحێب کـــەماڵن، سەرکەشـــن

تـــاعوونی قـــەومی ڕووڕەشـــن
کـــوردن، عەگیـدن، چـەند گەشـن
ڕاوی خۆیـــــان دادەبەشــــــن.

(٥١)

دادەبەشـــــن ڕاوی ئاســــــك
نـــەرمو لــــووسو پـــووسو ناســـك
هەڵـــــدەماڵن قـــۆڵو باســـــك
دایــــــدەهێنن ڕەگو لاســــــك.

(٥٢)

ڕەگو لاســـــك دادەهێـــــــنن
تـــازە نـــــەمامان دەچـــێنن
خـــوێنی دوژمـــــن دەڕژێـــــنن
مەحبووبـــەی خۆیـــان دەهێـــنن
ڕێکـــــوپێکی نافـــــــەوتێنن
بـــە نـــاوو ناوبـــانگ دەمێـــنن.

(٥٣)

دەمێـــــنن کـــــوردی ڕوحـــــانی
عەشـــــایەری، هـــــەم دیـــوانی
عێلـــــی جافـــــانو بابـــــانی
شـــێرو پڵێـــــنگن لاوانـــــــی
پاڵــــــــەوانن منــــــــدالانی
نـــــاژمێردرێن بـــــۆ چـــــازانی
خێڵـــــی کـــــوردو هـــــەورامانی
ئاغەســـــــووریو سمـــــــایلانی

میکایـــەڵیو جـــاف ســـوڵتانی
ئـــەهلی پـــژدەر، بـــە هـــۆزانی
عەباســـــییو، بابــــــەکرانی
مامــــەشو مــــەنگوڕ، نـــاوانی
ئـــاکۆ، خۆشـــناو، باڵـــەکانی
(پاشـــای کـــۆره) ، شـــای جیهـــانی
مـــیر مەحمـــەڵیو، مـــیر وســـوانی
هـــــۆزی بنزێـــــریو پیرانـــــی
مەرگـــەییو شـــاڵە بـــەگیانی
لەگـــــەڵ کــــۆییو ئاقــــارانی
بـــە غـــەفووریو حـــەویزیانی
هـــەمووی لـــە مـــەردی مەیـــدانی
مــــــەریوانیو موکریــــــانی
سوێـــسنیو هینـــدی ئێرانـــی
بانـــەو ســـەقزو سەردەشـــتانی
قەڵاســـــێوکەو، ســـــێکانیانی
بـــە مـــسکێنو شـــێخەکانی
شـــێخ بزێنـــی، لەگـــەڵ شـــوانی
لای کــــەرکوكو ســــلێمانی
باســـی نـــاکرێ بـــە زمـــانی
بـــۆڵیو بـــابۆڵیو خـــەیلانی
سورچـــیو هـــەریریو شـــێخانی
زازا، بەرانبـــــەر ســـــۆرانی
زراریو ئـــــاگریو بێجـــــانی

کــــــوڕە کـــــوڕەی دزەییــــــانی
وەك تایەفـــــەی کاکـــــەخانی
(ئەحمــەد پاشــا) ی ڕوتبــەو شــانی
برایماغـــــــــایی‌و قـــــــەپلانی
مامەســــێنی، لەگـــــەڵ ســـیانی
جگــــــە لـــــەوان، بریفکــــــانی
بــــــە بەرزنجـــــەو کەســــــنەزانی
ســـــاحێبی نـــــاوو نیـــــشانی
تـــــا دەگاتــــــە لای لاجـــــانی
حــــدوودی تــــورك‌و عوربــــانی
کـــــوردی زەنـــــدی ئـــــاوەدانی
جانفیـــــــداکانی کێـــــــوانی
بـــــە قەڵـــــەم نــــاکرێ بــــەیانی
هــــــەموان دەناســــی‌و دەزانــــی
قۆشــــەن قۆشــــەن، پــــیرو جــــوانی
دەچـــــن بـــــۆ ڕاوو ســــــەیرانی.

(٥٤)

ڕاوو ســــــــــــــەیران، زۆرو وازە
بــــەزم‌و خۆشــــی‌و ســــۆزو ســـازە
هەریـــــەك بـــــۆ ئێکـــــێ دڵخـــــوازە
بــــــڵاوەی شـــــــەهێن‌و بـــــــازە
لـــــە نــــــاو چـــــۆم‌و کــــەل‌و ڕازە
نـــووزەی تـــاژی‌و، دەنگــی نــازە

پێکـــــــۆڵی ئەســـــــپی لاوازە
حـــــودود کەوتۆتـــــە شـــــیرازە
زیلـــەی زوڕنـــاو نـــای‌و ســـازە
فیقـــــەی دوزەلـــــەو ئـــــاوازە
وا دەســـــووتێ بـــــەزمی تـــــازە
وەك بـــــەنزین‌و نـــــەوت‌و گـــــازە
هەرچـــــی دوورە لـــــەم دەروازە
بەشـــی هـــەر ســـیرو پیـــوازە
مانـــــدووی نـــــشێو هـــــەورازە
لێـــی بـــێ ســندان، پێـــی مـــەنازە.

(٥٥)

پێـــی مـــەنازە، ئـــەو بەدگۆیـــە
پیـــــشەی بوختـــــان‌و درۆیـــــە
ئـــەو بـــەدکاری مـــن‌و تۆیـــە
جـــەوتی بـــە ســـەر، وشـــکەڕۆیە
ڕووڕەش‌و دەســـــتە ئەژنۆیـــــە
چـــی پێنـــاکرێ خـــۆڵ بـــە دۆیـــە
لـــە ئیـــشی بـــێ جـــێ خەڕۆیـــە
هـــەر کـــەس لەگـــەڵ یـــاری خۆیـــە
خـــــەریکی مـــــەرج‌و گرۆیـــــە
لـــە مـــاچ‌و مـــووچ گفتوگۆیـــە
گەیـــــشتن‌و هاموشـــــۆیە
خودایـــە نەیخـــەی ئـــەم گۆیـــە.

(٥٦)

ئـەم چـەرخە هـەر لـە سـەما بـێ
چـرای پـیرو جـوانو شـا بـێ
یـاری شـیرین لـە پـەنا بـێ
دەمـت لـە نـاو دەمـی نابـێ
دەسـتت لـە مـەمکی گیرابـێ
دەرگـەی غـەمت پێـوە دابـێ
خوایـە بـۆ ئێمـەش وەهـا بـێ
یـارەب لـێم نـەگری عیتابـێ
بیگـرم، بیگوشـم، نییـەو نابـێ
لێـوی بمـژم، دەردم چـا بـێ
گـەزینی کوڵمـەی ڕەوا بـێ
یـاخوا گـەر شـەوێکم مابـێ
دڵبـەر بـە ئـاڵو والا بـێ
بـە غـەمزەو نـازو بـالا بـێ
بـە باوەشمـەوە دوورا بـێ
ئینـشائەڵڵا، دەبـێ وابـێ
خودایـە ماڵـت ئاوابـێ
بـا بەشـی حەمـدو سـەنا بـێ.

(٥٧)

حەمـدو سـەنا بـۆ یەزدانـە
لـە تـەرەف (عەبـدوڕڕەحمان)ە
نـاوی (ڕاجـی) لـە شـیعرانە
خزمـی جافـانو بابانـە

لـــــه شــــیرازەی کوردســــــتانه
ئــەم بەیتــەی دانــا بــه گیانــه
نـــاوو نیـــشانی کوردانـــــه
دیـــــاریی بـــــۆ براکانـــــه
لێـــی خۆشـــبن گـــەر نقوســـتانه
ڕەحمـــەت لــه بــاوکی هەموانــه.
١٩٣٩/٣/٨

❊❊

ب- وێنەیەکی مێژووی تەبیاتی نیشتمانی
کوردان بۆ تێکۆشین و ڕزگاری لە تەمبەڵی و نەزانی

(١)

هانـــام بـــە بـــەر شـــاهی کـــوردان
دامـــــەزرێنی عـــــەردو عاسمـــــان
خـــــودای ئەجنـــــدەو ئادەمیـــــان
هەناردوویـــــــە پێغەمەبـــــــەران
نیـــــشانمان دەن دیـــــن و ئیمـــــان
هـــــەم فێربـــــوونی گـــــەلێ ئیـــــشان
جـــویێ بوونـــەوەی عێـــل و ڕیـــشان
ســـــازندەیی کـــــارو پیـــــشان
هـــــەر خۆیـــــەتی خـــــاوەن نیـــــشان.

(٢)

ســـــاحێب نیـــــشان پەرســـــتینە
ئینجـــــا گـــــەورەی مورســـــەلینە
شەهەنـــــشای مەککـــــەو مەدینـــــە
بـــــڕۆ دەســـــتووری ببینـــــە
هـــــەر خۆیـــــەتی خـــــاوەن دینـــــە
بـــــە عـــــارەب خاســـــی مەبینـــــە
بـــــۆ هـــــەموان، وەك یـــــەك ئەمینـــــە.

(٣)

ئـــــەمینی کـــــوردو عوربانـــــە
ســـــەرداری شـــــاه و ســـــوڵتانە

جــێ نــازی جیــنن‌و ئینــسانه
خــودا فــەرمووی لــە قورئانــە
ئــەی کــوردە خاســی بزانــە
ئــەمری ئــەومان لەســەر شــانه.

(٤)

لەســەر شــانمان ئــەمری ئــەوە
چــیدی مەکــە چێــشتە خــەوە
ڕۆیــــشتووی، خێــــرا وەرەوە
لــــە خزمــــان مەچــــۆ دەرەوە
هێنــدێ لــە خــۆت بفکــرەوە
ملــت ئەســـتوورو قەڵــەوە
هــــۆش‌و بــیرت لا جەڵــەوە
بــــەرماڵی شــــانت بکــــەوە
دەفــەت بــە شــێخت بــدەوە
نــۆرەی جــووت‌و گــاو درەوە
بەخێوکـــــە مێگــــەل‌و ڕەوە
وا ڕۆژە، یــــا مانگــــە شــــەوە
چــاوت دەبینــێ خڕکــەوە.

(٥)

خڕکــەوە هەرچــی پێــت دەوێ
ئــیش‌و کــارت لێــرەو لــەوێ
شــانی بــەرزت قــەت نەنــەوێ
تــا میللــەتت ســەربکەوێ

جـــەرگو دڵو گیانـــت نـــەوێ
تێکۆشـــــە، دەردت بـــــسرەوێ.

(٦)

دەردت بـــە هـــێشو گرانـــە
خـــوێنی ئاڵـــت لـــە چـــاوانە
خاکـــت خـــاپوورو وێرانـــە
پـــووشو پـــەڵاشو پاوانـــە
بـــۆ غـــەیری تـــۆ، بـــێ ناوانـــە
ئینجـــا ســـەیریکەو بڕوانـــە
چـــەند مەعـــدەنت لـــە کێوانـــە
لـــە کەنـــدو چـــۆمو گردانـــە
هـــەم لـــە چـــۆڵو بیابانـــە
هـــەمووی شەوچـــراو دوڕدانـــە
مۆمنـــاییو خـــاکی ســـەرانە
بـــەردی خـــەڵوز چـــەندە جوانـــە
گڵـــی گـــۆزانو دیزانـــە
بیناســـە گڵـــە بەرانـــە
گڵـــی ســـپی دۆشـــاومانە
بـــۆ زێـــڕو زیـــو، هـــەمووی کانـــە.

(٧)

هـــەموو کـــانی دەســـتو لوێـــچە
هـــەموو دەوری خـــوارو خێـــچە

شـــاخو کێومـــان قـــسڵو گێـــچە
خێرابـــە، خـــۆی تێـــوە پێـــچە.

(٨)

خـۆت گـەش کـەوە، سـاڵت هاتـە
خاکـــت پـــڕی لـــە ماڵاتـــە
بـــزنو مـــەڕت بـــۆ خەڵاتـــە
گـــاوو گۆڵـــت لـــە مەزاتـــە.

(٩)

لـــە مەزاتـــە کـــەوڵی ڕێـــوی
گۆشـــت مـــامزو بزنـــە کێـــوی
شـــورو دەڵـــەك، هـــای لـــە نێـــوی
بـــۆ گـــەنجی وانـــە تـــۆ خێـــوی
پێویـــستە کـــە خـــۆت ببزێـــوی.

(١٠)

خـــۆت ببزێـــوە مامـــە بـــیرە
ماڵاتـــت مەکـــە لـــە بـــیرە
هـــەمووی مـــاڵی یـــو دەســـتگیرە
خـــاوەن خـــوریو ڕۆنو شـــیرە
بـــە شـــیرێژو بـــە پـــەنیرە
خواردەمـــەنی شـــاو گزیـــرە
هـــەموو گـــەنجی بـــێ نـــەزیرە.

(١١)

هـــەموو گـــەنجی بـــێ پایانـــە
جـــا نـــۆرەی پـــووش‌و پاوانـــە
چـەند قـشلاغ‌و، چـەند هەرزانـە
لـــە کێـــوان‌و لـــە دەشـــتانە
دەڵێـــی ڕیـــزەی ســـوارانە
پاڵەوانـــەو لـــە مەیدانـــە
شـــنەی باســـکی باڵۆرانـــە
گیـا گـوێزەرو پـووش کورتانـە
ســتک‌و کنگــر بــە بارانــە
شـــنگ‌و ڕەیحانـــە ســـەپانە
دۆری‌و کـــاردو لـــە ڕازانـــە
بـــن بـــەردەقی‌و مەلایانـــە
جـــا پیفـــۆکی ســـەلك پانـــە
ڕۆحـــی پاکـــت پـــێ بزانـــە
لـــە نـــازو نیعمـــەت میوانـــە.

(١٢)

میـــــوانی ســـــەربەرزو لاوە
گیـــاو گۆڵـــت وا نەخـــشاوە
بـــە ملیـــۆن نـــاوت لێنـــاوە
بـــە ملیـــاریش نەناســـراوە
خزمـــــەتکارەو ڕاوەســـــتاوە
چ هـی سـەحرا، چـی هـی کـاوە

چ هـــی سـیـبەر، چـــی هـــەتاوە
ســـــەوزو ســــوورت داپـــــناوە
وەك زولفـــی یـــاران تێـــراوە.

(١٣)

تێـــراوە، بـــۆی جوســـتوجۆ کـــە
گوێزبەلـــــــەوو ئاڵەکۆکـــــــە
گـــەنمو جۆیـــە، نیـــسكو نۆکـــە
زەویو زارت وەردو شــــۆ کــــە
گـــەنجی ژینـــت، لـــەوێ ڕۆکـــە
شـــۆخی لەسـەر خـەڵكو هـۆ کـە
گیـای بـۆن خۆشـت جـارێ بۆکـە
تـــــا نەبوویـــــە مارمیلۆکـــــە
ئەی کوردە، حەه، خۆت خەڕۆ کـە!!.

(١٤)

خـــۆت خەڕۆکـــە، جەزیرەیـــە
بــــە شــــەمپانیو بــــە بیرەیـــە
چـــەند دەرمانـــت کەتیرەیـــە
ئەســـپۆن پـــڕی لـــە لیرەیـــە
گلێخـــــە، مامـــــە پیرەیـــــە
ســـــڕێش دەڵێـــــی مدیرەیـــــە
مـــازووو بـــەڕوو، هـــەم شـــیرەیە
بـــە هـــەموو بـــەر لـــە زیرەیـــە.

(١٥)

لـــه زیـــڕەی جـــەوتو منداڵـــه
ئەگـــەر مانگـــەو، ئەگـــەر ســـاڵە
بـــۆ تـــۆی ڕاگرتـــووه ئـــەو ماڵـــه
لـــه خـــۆی پێـــچاوه دەسماڵـــه
دەڵێـــی کـــچی چـــوارده ســـاڵە
ناچـــێتەوه، هـــەر لـــه ماڵـــه
بـــڕۆ، بـــۆ خـــۆت بیگـــه پاڵـــه
مـــارەی بکـــەو، پێـــی داماڵـــه
کـــورده بەســـیه گاڵـــه گاڵـــه.

(١٦)

کـــورده جـــا مەیـــده تەڵاقـــه
لـــه دونیـــادا بووکـــت تاقـــه
گـــوارەی، گوڵـــووكو مێلاقـــه
مـــووی، وەنەوشـــەی باقـــه باقـــه
یـــان بـــاڕێزەی لـــه قـــەد تاقـــه
چـــاوی کـــانیم پـــڕ مەراقـــه
بۆچـــی ســـا نایکـــەی ئیلاقـــه؟
هـــەر وەك ڕێویـــت واقـــه واقـــه.

(١٧)

واقـــه واقـــت هـــەروەك ڕێـــوی
کـــەوڵت ئـــەوا کەوتـــه کێـــوی
جـــارێ بـــۆچ خـــۆت نـــابزێوی؟
گـــەر خـــۆت بناســـی، وەك دێـــوی

بــۆ دەرمــانو خــواردن، خێــوی
باغـــت ڕازا، بـــڕۆ نێـــوی.

(١٨)

بـــڕۆ نێـــوی قەڵەنـــدەرە
هــەمووی بــە دەســتو خەنجــەرە
لــە پــشتی بەســتووە کەمبــەرە
بــە ســێپەڕەو، بــە ســێوەڕە
دەڵێـــی عەســـکەری بەڕبـــەڕە
خــۆت، یــەك بەیــەك پێــدا وەرە
پێقجـــــەو، شینەشـــــاتەڕە
گـــشتی جـــوانو دڵبـــەرە
بــۆ مــەرگو ژیــن ســەمەندەرە
ڕەگو قـــەدو پـــەڵكو بـــەرە
بــە هـــەموو دەردان یـــاوەرە.

(١٩)

یـــاوەری پـــیرو ڕەزیلـــە
چ نێرگـــزەو، چ حاجیلـــە
درۆی نـــەبێو بـــە بـــێ حیلـــە
گـــشتی بـــۆ ژینـــت کلیلـــە
بـــۆ بـــاوكو ڕۆڵـــەت کەفیلـــە
کـــەنێرەو چارەچـــــەقیلە
ســـێ بـــسکۆڵەو گڕگازیلـــە
ئـــەو گیایـــەکانی خنجیلـــە
هــەموو لەبــەر دەســتت دیلــە.

(٢٠)

هـــەمووی دیلـــی بـــەر دەســـــتانە
هـــــەروەك گوڵـــــووکی نیـــــسانە
لـــــــە دامێنـــــــی بەهارانـــــــە
ڕازانـــــــەوەی کوردســـــــــتانە
خەنـــدەی گەرچـــی لـــە لێوانـــە
جـــەرگی ڕەشـــی کوردەکانـــە!!.

(٢١)

کـــوردی کـــەم ئیمـــانو دینـــە
شـــــینکت پـــڕی کاڵەشـــــینە
وەی چـــەند تـــەڕو کـــاڵو شـــینە!
مـــــۆردو چـــــەقالەت ببینـــــە
نەسناســـــە، هـــــەم یاســـــەمینە
کوولەکـــەت، (قـــەرع)و (یەقتینـــە)
بـــــۆ هـــــەموو دەردان پەرژینـــــە
دەڵێـــــی ســـــوورەتی یاســـــینە
ســـەرو و شـــەنگەبی هەژینـــە
ســـــپیدارت لەســـــەر زینـــــە
خـــــۆخو هـــــەڵووژە مژینـــــە
قەیـــــسیو تـــــریێ بگۆڕینـــــە
هـــــەنارو هـــــەنجیر چـــــنینە
ئـــەی کـــوردە چـــاوت هەڵێنـــە
ســـا باوەشـــی تـــێ وەرینـــە.

(٢٢)

بــاوەش بگــرە بــۆ ئــەو بووکــە
بــۆی زوڵفــی پــونگو خڕنووکــە
خـــاڵی گۆنـــەی بەڵاڵووکـــە
مــاڵو حاڵــت پــڕ لــە شــوو کــە
دارەبـــەن بۆچـــی مەهتووکـــە؟
لەگـــەڵ قـــەزوان هاتوچـــووکە
بنێـــشتت پـــڕی قوتووکـــە
دەوای زگو زارو پووکــــــــە
بـــەتامو بـــۆن، نـــەرمو ســـووکە
ئینجـــا ڕێـــواسو چـــەڵتووکە
کۆگـــــۆیی و کفرەبالووکـــــە
هـــەمووی لـــە تـــۆ دەکـــا تووکـــە.

(٢٣)

تـــووکی بەیبوونـــە فیزەیـــە
لەگـــەڵ نەشـــەی گەزیزەیـــە
دەڵێـــی کوڵمـــەی عەزیزەیـــە
لـــە بـــاوەش نـــازو تیزەیـــە
بـــۆ خزمـــەتت کەنیزەیـــە
تـــــڕدووکو زی، زریزەیـــــە
داری دەســــــتت نەقیزەیـــــە
کـــــەوەرو تەڕەتیزەیـــــە
مـــام جەژنۆکـــەت لـــە ڕیزەیـــە.

(٢٤)

لــــه ڕیـــــزەت، ســـــیرو پیـــــوازە
بــــه کـــەرتو گۆگـــــەم بنـــــازە
زەڵو زووڵو قەســــــــەڵ، ســـــــازە
بـــــۆ ئـــیشو کـــــارت شــــیرازە
پەڵپینــــــەی شـــــیوت بخـــــوازە
شیرخوشـــــــیلکت لـــــــه دەروازە
تیمــــــاری ســــــەد مارانگــــــازە
ســــــەڵمکەی بێنــــــه ئەنـــــدازە
چـــــەند پەپوولـــــەی پێـــــوە بـــــازە
بـــــۆ کاروبـــــاری تــــــۆ ســــــازە.

(٢٥)

بـــــۆت ســـــازە دارو دەوەنـــــــه
کەنـــــدو چـــۆم، شـــــاخو چـــەقەنه
هــــەمووی مـــەردی ســـەر کەلەنــــه
ڕاوەســــــــــتاوە، تەهەمتەنــــــــه
ئەتداتـــــه دەســـــت، هەرچـــی هەنــــه
ئەگــــــەر دەزوو، ئەگــــــەر بەنــــــه
چ پێویـــــستیت بـــــه لەندەنـــــه؟.

(٢٦)

چ پێویـــــستیت بـــــه جاپانـــــه
بـــــه ئیتالیـــــاو ئاڵەمانـــــه
گـــــەر ئـــــاقڵی، ســـــا بیزانـــــه
نـــــەخشو تـــــەونت لـــــه دەســـــتانه

لـــه عالـــەم خاکـــت میوانـــه
هـــەموو گـــەنجو دوڕو کانـــه
هـــەموو ژیـــانی ئینـــسانه
ئـــەتۆش ئـــەرکت لەســـەر شـــانه
بـــه کێـــشانەو، بـــه پێوانـــه
مەبـــه دەروێـــشو دێوانـــه
ڕێکیخـــەو، مـــەگره بەهانـــه.

(٢٧)

بەهانـــــەت بکـــــه بەتاڵـــــه
لـــه کاریکـــه، کفـــرو ژاڵـــه
هـــی خۆتـــه، مـــاڵی حەڵاڵـــه
شـــۆخو نـــەرمو شـــۆڕو کاڵـــه
گـــەزو، بـــیو، پـــەڵكو پاڵـــه
قامیـــشی خـــانوو، هەرزاڵـــه
هـــەمووت بـــۆ هـــاتوون حەواڵـــه
چـــیدی بـــه زاری مەناڵـــه.

(٢٨)

مەناڵـــه چـــیدی بـــه گریـــان
کـــارت پێکـــدێ هـــەر لـــه حـــەیوان
خـــاكو گیـــا، بێجگـــه لـــەوان
بڕوانـــه ســـۆزەیی باخـــان
لەگـــەڵ مـــەعادینی شـــاخان

تێکــــڕا، غەزنەیـــە کوردســـــتان
داخـــی جـــەرگم، نییـــە کـــەسمان.

(٢٩)

کــــەسمان نییـــە بێتـــە پێـــشە
دڵمـــــان پـــــڕی زام و هێــــشە
ئاقڵمــــان شــــێخ و دەروێـــــشە
پیاوەتیمـــــــان ژارو نێــــشە
ئیـــشمان کـــەچ و تێکەڵکێـــشە
نیخـــــە نــــیخ و کێشەکێــــشە
چـــیکە ئاخـــان هەڵمەکێـــشە
دیواخـــان پــــڕ لـــە لاکێـــشە
بـــەڵام هـــەمووی شـــەش و بێـــشە.

(٣٠)

شـــەش و بێـــشە کارمـــان تـــەواو
دەســـتە بەســـتە، پامـــان شـــکاو
باخـــچۆڵەمان ئـــاو لـــێ بـــڕاو
ڕەق و وشـــــکن، زەوی و بــــەراو
دەرەو مێرگـــــی تــــازە چـــناو
بـــە چەندیـــشی بـــەر لـــێ خـــوراو
بـــــە خـــــۆڕایی کەوتینــــە داو
بــــە بـــێ دانـــەی هەڵاوەســـاو
ســـێبەر پەیـــدا، دوور لـــە هـــەتاو
بـــەخوا ئێمـــەین، مـــردوو مـــراو
دەبـــا بمـــان پێـــچن لـــە جـــاو.

(٣١)

ئـــــيتر، جاويـــــشمان خەســـــارە
ئـــــيشو كارمـــــان نالـــــەبارە
لەبـــــەر دەســـمـــان دەنكـــە نـــارە
كێـــــــوو چـــــياو، زەویو زارە
بـــۆ ســـەنعەت كانگـــەی بـــەهارە
جێگـــــەی تیغـــــی جەوهـــــەردارە
تـــــۆپو تفـــــەنگی نـــــازدارە
چـــەند فابریقـــەی بـــێ ئـــەژمارە
بـــــارووت، بـــــە بـــــارو قیتـــــارە
شـــــۆرەو گـــــۆگرد، وەك باڵـــــدارە
لەبـــــەر دەســـــتت دارو بـــــارە
هێـــــشتا چـــــاوت لـــــەلای پـــــارە
چـــاوت كـــوێرە، پـــڕ لـــە خـــارە
جـــەرگت تـــەپی، پـــڕ لـــە ژارە
دڵـــت پـــڕ سفتوســـۆ، هـــارە
شـــێتو بێهـــۆش، ئـــەی هـــاوارە
ئـــەی هـــاوارە، ئـــەی هـــاوارە.

(٣٢)

هـــاواری دڵ، قـــەت ناســـرەوێ
خـــەوی مـــەرگمان نـــاڕەوێ
ناچـــینە ســـەر لـــە هـــیچ هـــەوێ
بـــەم حاڵـــەش، خۆشـــیمان دەوێ!

هیوامـــــان، ڕۆژێـــــك‌و شـــــەوێ
کـــە دوژمـــــن پــــەکی بکـــەوێ
تێتگـــــەیێنم، گــــەر دەتـــــەوێ
وەك جـــوو ئـــەڵێم: لێـــرەو لـــەوێ
زۆر چـــــاکم (فەلەســـــتین) دەوێ.

(٣٣)

زۆر چـــاکم، بـــێ حـــاڵ‌و حـــەواڵ
خــــــاکم پــــــڕە، زاڵــــــم‌و زەواڵ
کاریان بوو کـۆك، دەیکـەن بـە تـاڵ
بــــە هەڕەشــــەو بــــە گاڵــــەگاڵ
بێ جێن، فـەقیر، لـە دەشـت‌و مـاڵ
قـــژ زەرد، بـــاڵا بلـند، چـــاو کـــاڵ
دوو زولفـــی ڕەش وەکـــو زوخـــاڵ
دوو مــــەمکی وەك دوو پرتـــەقاڵ
دوو لێـــوی گـــوڵ، یـــاقووتی ئـــاڵ
دوو کـــوڵمی ســـافی بـــێ وەبـــاڵ
چـــەتری ســـەری وەکـــو مـــەتاڵ
هــــەڵی نــــەدا ڕۆســـــتەمی زاڵ
ئـــەبرۆی کـــەوان‌و، دەنکـــی خـــاڵ
ژیـــانی کردمـــە ژەهـــری تـــاڵ.

(٣٤)

ژەهـــری بـــرینم پـــڕ لـــە ســـۆ
هیـــچم نـــەدی خۆشـــی لـــە تـــۆ

هەرچـــەندی کـــردم هـــاتو چـــۆ
ڕاســـــتیم هــــەموو بوونـــــە درۆ
تـــۆش مایـــەوە بـــێ گفتوگـــۆ.

(٣٥)

بــــێ گفتوگـــــۆ، جــــەرگم ڕزی
شـــانی هـــــەموو هێـــزم خـــزی
دڵو هـــــــــەناوم داچـــــــزی
ســــــواری غـــــەمانم دابــــەزی
لـــە دڵ چـــەقی ســـەد دڕکـــەزی
دۆخینــــــی نیــــــشتمان بــــــەزی
دەســـتو دەمـــی خـــەڵکی گـــەزی
دەمــــاری کوردەکــــان تــــەزی!!.

(٣٦)

تـــەزی دەمـــاری کـــوردو مـــن
هــــۆشو دڵـــم نـــەما لـــەکن
دایکـــی وەتـــەن کـــە بـــوو بـــەژن
بـــە خـــەڵکی دا، چ ســـەر، چ بـــن
پێـــی بوونـــە ســـەرکردەو مـــەزن
کاروانـــــــــسەرایە، دابـــــــەزن
بخـــۆن، بنــــوون، مێـــرگو ڕەزن
کـــوردیش، بـــە تووشـــی قەڵبـــەزن!!.

(٣٧)

بـــە تووشـــی قەڵبـــەزن، لـــە کێـــو
هەڵـــدێن لـــە وێنـــەی جنـــدو دێـــو

ماڵو منالّ ناکەن بەخێو
ماندوو، لە هەورازو نشێو
هەر بە تەمان ببنە خدێو.

(٣٨)

ببنە خدێوی میسرو شام
گەندەڵیان کردن جووت نەمام
نەژمێردران بەستەو مەقام
نەپێوران باخچەو شەقام
هەر پێك ئەچن، ئاغەو غولام
تەمبەڵو پوشتو بێ نیزام
بێ ئیشوکارو عەقڵو فام!!.

(٤٠)

بێ عەقڵو فامو بەش خوراو
هەر یەك بە جۆرێ کەوتە داو
لە کیسی چوو سەیرانو ڕاو
زمان شڕی، حەیا ڕژاو
بە دەستو دەم، بە گوێو چاو
بەدکارییە پیشەی، تەواو
کوردی ئەسیری دڵشکاو
دوژمنی، خۆی ئاویتە ناو
ناترسێ قەت لە چاوو ڕاو.

(٤١)

لە چاووڕاوی لانەدا
خەیاڵی خاوی با نەدا

مێگــــەلی وەختـــــی ڕا نـــــەدا
دراوی خــــۆی، بـــە کـــا نـــەدا
توولـــەی بـــە جـــووت‌و گـــا نـــەدا
تــــۆش بــــسووڕێ، بــــەم بانـــــەدا
بــــەم چـــــۆڵ‌و مێرگەپانــــــەدا.

(٤٢)

لــــەم چــــۆڵە چــیکە ســــەر مەکـــە
خــــوێنی کــــوڕان هـــەدەر مەکـــە
گــــوێ لـــــە زەڕینــــی کــــەر مەکـــە
قــــازانج ئەکــــــەی، زەرەر مەکــــە
لــە هــۆز خــۆت بــێ خەبــەر مەکە
بووکـــــت لـــــە مـــــالآ دەر مەکـــــە
گورگــت بـــە مێگـــەل وەر مەکـــە
یـــــاری لەگـــەڵ خەنجـــەر مەکـــــە
(ڕاجـــی)، قـــسەی کـــە وەك ژەکـــە
بـــــیری منالـــــت، ژیروەکــــــــە.

(٤٣)

ژیروەکــــــە لاوی دڵ بـــــە جــــــۆش
چــیدی مەبــە، بــێ هــۆش‌و گــۆش
ئـــــەمن پەرۆشـــــی تۆمـــــە، تــــۆش
دوور لــــە تــــەبیب‌و، هــــەر نــــەخۆش
نەبوویــــــە یـــــارو بــــــادەنۆش!!.

❊❊

پەسن و پێداهەڵدان
پەسنی ڕۆبینتەنی جاف

تـا هەڵبکـەوێ سـەروەری وەك ئێـوە، لـە جافـا
نامێنـێ لـەناو کـورد، عەشـیرەت لـە خیلافـا
لاوێکـی هونەرمەنـد، وەتەنپـەروەرو مـەردی
کـێ بـێ کـە بـەرەو ڕووت بوەستێ لـە مەصـافا؟
نـاوت چـییە؟ ڕۆبـین تەنـە، پۆڵاییـە کـارت
لێکهـاتووە، خـۆش ئەسمـەر، موسـەمما لـە تـەنافا
شـایانی وەزیـری، بـەخوا، گەرچـی مـودیری
سـەربەرزی ئـەدەب، کـانی هونـەر، شـێری لـە قافـا
ئەی بەندی دڵی (حاجی ئـەمین)، جـافی تەهەمتـەن
نەمبیـستووە لـەم هـۆزە دوواکەوتـە لـە مافـا
وەرگێـڕی کـە تـۆ ڕووت لەکەسـان، نـەختێ بەکینـە
عَـنْ مَـضْجَعها مِنْـكَ، جنـوبٌ تَتَجـافی
بورهانـە هـەموو بـیرو، وشـەت حیکمـەتو شـانە
بوڕندەیـە شمـشێری وچـانت لـە غیلافـا
دائـیم کـە پـڕی نیعمەتـە دیوانـت، ئـەوا خـەڵك
يَـسْعَـوْنَ الی البـابِ ثِقـالاً وَخِفافـا
هەرچـی نەشـی ناسـیبی، کـە ئەتناسـێ لـەخۆوە
وا دیـاری لـەناو کۆمەڵـە، وەك ڕۆژی لـە تافـا
بـا عالـەمی بێگانـە بـزانن، کـە مـە جـافین
فِي المَجْـدِ، مَـعَ السُّؤدَدِ لَـنْ نَتَنـافی
جێی فەخرە هـەبن وێنییـەیی تـۆ زۆر لـە عەشـیرەت
أَلعِـزَّةُ بِالقُـدْرَةِ، حَتّـی تَتَکـافی

چونکە هونەرت، شۆرەتی خستۆتە سەمای کورد
بێگانە ئیتر هیچی نەماون لە گەزافا
من بەندەیی ئەم هۆزەوو خاکەم، کە هەتا هەم
هەر چەپڵە لە دەستانمە، هەر دەم لە هوتافا
ئەی کاکە، ژیانم کە لە ڕووی ئێوە تەواوە
کُلُّ مَرَض العَیْشِ یُعافی وَیُشافی
من گوڵ ئەپەرستم، کە لەباخی گەلی کوردان
کَآلبُلْبُلِ في الصُبْحِ أُغَنّیهِ عِزافا
کوردیو عەرەبی تێکەڵ ئەکەم، تا بە برایی
ئەم قافیە لێکخۆش بێ، لە هۆنینو لە بافا
زەردشتییە ئەم کێوو کەژەو، میوەوو مێوە
قَدْ وارَثَها الجافُ سِهاماً وَسِلافا
نەمزانی سوپاست بە چ کەم؟ کاکی جوانمێر
إذْ حَیَّرَني وَصْفُكَ، لَمَا أَتَدافا
ئەو کاتە لەڕێت، بێکەسو ئاوارە ئەوەستن
لا تَتْرُكُ أَلطافُكَ لِلخَیرِ مُضافا
ئەو شەخسە حەسوودی کە ئەبا پێت، ئەزانێ
قَدْ أَلبَسَهُ الجَهْلُ مِنَ الحُمْقِ إکافا
لەم عەشرەتەدا، کار هەموو ڕاستو تەرازوون
فَالْعَدْلُ یَدُ الحِكْمَةِ، وَالْحَقُّ یُوافی
(ڕاجی)، بەهەموو شێوە لە ڕووی هۆزی ئەپشکوێ
لا یَمْنَعُ عَنْ ضَوْعِهِ جَنْیاً وَقِطافا.

١٩٦٠/٤/٢٠

پەسنی سەید هادی ئەفەندی

بەنـەوعێ کەوتـەدەر عیرفـان، ترینگـەی تـەپڵی شـادی هـات
سەراسـەر پڕکـران دەوران، کـە نـاوی نـووری هـادی هـات
لـە زینـەت ئاسمـان پڕبـوو، وەکـو گـۆ شـەوقی دڵ خـڕ بـوو
بەمەیـدانی هونـەردا چـوو، گرێیـەك، سـەد گوشـادی هـات
بەبـەزمی نـەزمی تـەعمیرات، خـودا هێنایـە تـەحریرات
لـە کۆیـسنجاقەوە دێهـات، هـەموو جـەژنی مـورادی هـات
وەکـو ڕۆسـتەم، سـەید هـادی ئەفەنـدی ڕۆژی بونیـادی
بەتەکیـەو مەسـجیدو نـادی، بـەبازاڕی تـەمادی هـات
عەجەب حوکمێکی دامـەزران، بە کـەم وەختـێ وەکـو بـاران
لـەلایێ مەڕمـەڕو مـەرجان، لـەلایێ حـەرفی بـادی هـات
لـەلایێ گـێچو بـەردو دار، لـەلایێ هەندەسـەو کـردار
لـەلایێ مەسـجیدو بـازاڕ، لـەلایێ نەخـشی عـادی هـات
دەڵـێن مـەئمووری ئەوقافـە، درۆیـە، ئـەو قولـەی قافـە
نفـووزی ئـەمری پـڕ تافـە، بـەگوێرەی ئیعتیمـادی هـات
سـەمای گـوڵزاری پێـداکرد، سـتارەی نەحـسی ئـاواکرد
کەچـەند دووکـانی ئینـشاکرد، چ ئەسـکەندەر نـەژادی هـات
چ دووکان، قەیسەری قەیسەر، چ دووکان، مەڕمـەڕو گەوهـەر
لەزینـەت مونتـەزیم یەکـسەر، بـە بـەزمێکی ئیرادی هـات
ژیـانو نـازکیو ڕەوشـەن، دڵـی وەك جەننـەتو گوڵـشەن
کە (کۆیە) مەیسەرو مەیمەن، بەپێشکەوتەی بیلادی هـات
بە شوعلەی ڕاستیی سەرکەوت، لەئـەوجی غیرەتـا دەرکـەوت
لـەقاپیی ئـەو عـەدو وەرکـەوت، بـەئاهی نـامورادی هـات
حکومـەت مـاڵی ئاوابـێ، کـە زاتێکـی وەهـای لا بـێ

بـه تـەرفیعی موهـەییا بـێ، کـەوا هوشـیارو هـادی هـات
خـــودا تـــا ئـــاخیری کـــاری، بمێنـــێ کـــارو بـــازاڕی
که ئەم، سەربەرزه ئاساری، بـه چـاکیی شـکڵو مـادی هـات
هەمـوو (کۆیه)، سەفا پڕ بوو، که ئـەو شـێری شـکاری خـوو
بەهـەیوانی وەفـادا چـوو، بـه تـوڕڕەی ئیجتیهـادی هـات
لەسـەر حـوکمی ئـەزەل (ڕاجـی) کەکێـشای ڕەسمـی تـەئریخی
جریـوەی کەوکەبـەی دایـم لـەبورجی ئیـنفیرادی هـات[1].

پەسنی شامیل یەعقوبی- جێنشینی کۆیه

(١)

خـــودا چـــەرخی بـــەکاری کیمیـــا کـــرد
هـــەوێنی دادی، پـــڕ عـــەردو ســـەما کـــرد
درەوشـــی دا، قـــەزایی کـــۆیی ســـنجاق
کـــه ڕۆژی ڕوونـــی کـــوردی ئاشـــکرا کـــرد
بلێـــسەی عـــەدڵو ئەســـتێرەی ســـەعادەت
بـــه قائیمقـــامی ئێمـــەی ڕەهـــنوما کـــرد
نـــەوەی یەعقوبییانـــــه، کاکـــه شـــامیل
هـــەموو دەردێکـــی بـــێ دەرمـــان دەوا کـــرد
ئـــەهالیو شـــێخو ئاغـــاوو مـــەلاکان
هـــەموو پێویـــستی هـــەر کـــەس، پـــێ ڕەوا کـــرد
لەســـەر مقیاســـی ژیریـــی، بـــێ تـــەرازوو

١-ئەم نیوەدێڕە به پێی هەژمارکردنی پیتەکانی ئەبجەد دەکاتە ساڵی (١٣٥٤ کۆچی) بەرامبەر بە ساڵی (١٩٣٥ زاینی)، بەڵام دەبێ بەم شێوەیە هەژمار بکرێ: (جریوەی کوکبەی دایم، لە برجی انفرادی هات)، کە ڕێنووسی دیوانەکەیە.

بەرانبـــەر هـــاتو، مـــەخلووقی ڕەهـــا کـــرد
لـــەڕووی بەخـــشینو لوتـــفو ڕەحـــمو ئینـــصاف
قـــەزاییێکی تـــەڕو تـــازەی بینـــا کـــرد
بـــە عـــیلمو فـــەننو وریـــایی، لـــە پـــڕدا
بەعالـــەم کـــەهروبای بـــەهرەی وەفـــا کـــرد
لـــەڕێی تـــەحلیلو تـــەڕکیبی ئەساســـی
بـــە بـــەرزی نیـــشتمان، فـــەرزی ئـــەدا کـــرد
کـــە هاتـــە ســـەر ژمـــارەو جـــەبرو نیـــسبەت
شـــکاوو ســـاغو نـــاوەنجی جیـــا کـــرد
کـــە هاتـــە ســـەر مەســـاحەی میللـــەتی خـــۆی
هـــەموو شـــەکلێکی پـــەرداخو بـــەجا کـــرد
کـــە خـــاوەن خۆیـــەتی بـــۆ نـــەزمو تـــەرتیب
دڵـــی کـــوردی پـــڕی حەمـــدو ســـەنا کـــرد
بـــووە بـــاوکی بەشـــەر، وەك دەوری ئـــادەم
بـــەڵێ وەك نووحـــە، کەشـــتی بـــۆ چـــیا کـــرد
حەقیقـــەت، فەیلەســـوفێکە لـــە کـــوردان
کـــە دەســـتووری ســـولەیمانی پـــەیا کـــرد
کـــە ئـــەو گەنجـــەی بـــە ئـــەم چـــەرخە نیـــشان دا
خـــودا ڕەحمـــی بەقـــەومی بـــێ نـــەوا کـــرد
بەچـــی کـــەم وەســـفی ئـــەو عـــالی جەنابـــە
کـــە (شـــامیل بـــێگ)ە نـــاوی، ئینتیهـــا کـــرد
وەرە (ڕاجـــی)، بپـــاڕێوە لـــە یـــەزدان
کـــە ئێمـــەی وا برایانـــە تـــەبا کـــرد.

١٩٤٣

(٢)

بـــه نـــووری هێـــز ڕوونـــاکن، زەمـــینو ئاسمـــانی کـــورد
بـــه ئـــاتۆمی عەمـــەل پـــاکن، دڵو کەللـــەو گیـــانی کـــورد
بـــه بڕیـــاری جیهـــانگیری، هـــەموو یـــەك بـــیرە وەســـتاوە
نیـــشانەشکێنی ئاواتـــــە، ســـــەروکاری زمـــــانی کـــــورد
کــه تــەئریخیش نــەکا ســاغی، بڵــێ ڕەحمــەت لــه ڕابــردوو
که ئێستا ئەو بەهەشتەی خوا ئەفەرموێ، نیشتمانی کورد
مـــشوورگێڕی ئەگـــەر زۆریـــشە، کـــورتی پێـــت بڵـــێم کێیـــە
ڕەئیـــسی شـــاری کەرکوکـــە، شـــەهی ڕوتبـــەو نیـــشانی کـــورد
نەسەب (یەعقوبی)یە، ناوی بە (شامیل بەگ) ئەناسن گشت
کوڕی بەگ (صـافی عەبـدوڵڵا)، نـەجاحی ئیمتیحـانی کورد
له ژیندا کۆنو بێ تـام بـوو بـوو قـەومی ئێمـە، سـەر لـەنوێ
دلێرێکـــی وەهـــا بـــەرزی بـــە دەســـتووردا ژیـــانی کـــورد
ئـــەبینن هـــەورو بـــارانو، بلاچـــەو مـــانگو ڕۆژو چـــەرخ
لـــەڕووی قازانجـــەوەن گـــشتی، بەگـــشتی پاســـەوانی کـــورد
گوڵی بـەختی وەری بـوو، چرچو سـیس بووبـوون گیـاو داری
گـوڵی پـشکووتەوە دیـسان، گـەشو تـەڕ، بـاغو بـانی کـورد
چـریکەی بولبـولو قـومریو، زریکـەی بـازو نـازی گـەل
ئەسـیریان دایـه بـەر مـەودای شـەپۆلی کەشـکەلانی کـورد
ترینگـەی تـەپڵی جەژنـە، پـڕ بـە دونیـا، ئەمـسەرو ئەوسـەر
ژیـــاوە، نـــامرێ، سەربەســـت بـــۆوە خانـــەدانی کـــورد
بـــەزانینو بـــه وریـــایی، بـــه بەخـــشینو بـــه ئـــابووری
لەچـــاخی ئـــەم حەکیمـــە، ســـەربەخۆیە کامـــەرانی کـــورد
شەهەنـــشاهێکە بـــۆ ژیـــنو ڕەوشـــتو پاســـی سەربەســـتی
نمـــوونێکی ئـــیرادەی خوایـــە، ئـــەم نوتـــقو بـــەیانی کـــورد

سوپاسی ئەو سوپاسالارە، (ڕاجی) قەت تەواو ناکا
ئیتر هەر جەژنی پیرۆز بێ، هەموو هۆزی جوانی کورد.

(٣)

قائیممەقامی کۆیە، گەنجێکی شەهسوارە
ساحێبقڕانی دەوران، مەردێکی پایەدارە
(یەعقوبی)یە نەژادی، کە (شامیل بێگ)ە ناوی
سەرداری عێلو هۆزی کوردی وەتەن بەهارە
ژیانە خاکی پڕ کرد، حەسانەوە عەشیرەت
کۆمەڵ هەموو لەبارە، دوژمن هەموو هەژارە
وا کارەبای عەدالەت هەڵبوو لە موڵکو میللەت
گورگەو شوانی بەرخە، گوڵەو ئەنیسی خارە
وا کیمیایی لوتفی، ڕووی نیشتمانی پۆشی
دڵێکو سەت هەزارە، گوڵێکو سەت هوزارە
ڕوویی مەقامی بەرزی، ڕووناکە وەك ڕوخی خۆر
ئەحکامی بێ گریو گۆڵ، میزانی زوڵفی یارە
بە تەرزی ڕێکوپێکی، ئەم شۆخە چونکە هەستا
هەموو بەهەشتە هەرچی لادێوو دەشتو شارە
ئەستێرەکەی درەوشا، بەتاجی سەعدی زێڕین
منداڵو پیرو بورنا، هەموو قەدی چنارە
(ڕاجی) بەخۆتو کۆمەڵ، بخوازە سا دەوامی
ئەوی سوپاسی ناکا، زانراوە نابەکارە.

(٤)

ئـەو سـەروەرە سەرپشکە، لـە کۆمـەڵ کـە عەواڵـە
(یەعقوبی)یـە، (شـامیل بـەگ)ە، شـاهێ بـە کەماڵـە
دەسـتووری بـە سەربەسـتییو بەخـشینە بەعالـەم
زانـاوو خیرەدمەنـدە، خـودا شـاهیدی حاڵـە
تێکۆشـەری بـەرزی وەتـەنو، پەروەرشـی کـورد
زنجیرەیـی کـرداری، هـەموو نـەقشو جەماڵـە
دیـوانی پـڕە، شـاه و گـەدا دێنـە سوپاسـی
لـەم دەورە نـەزانیش، هـەموو زانـستی لەپاڵـە
لَمّـا اِختـرِعَ الوَحـدَةَ و الاُلفَـةَ فی القَـوم
قَـدْ اِمْتَلَـأت عرصَـةُ دُنیـا بِعَدالَـة
واللە، لَقَـد ضـاءَ بِمَجْـدٍ و سَـعادَة
لَمّـا عَـزَلَ الخـائِنَ، والـصِدقَ أمالَـه
(ڕاجـی)! نەتـەوێ باسـی سوپاسـی کـە بنووسـی
قوربـانی بکـە هەرچـی گیـانو سـەرو ماڵـە.

(٥)

بنـازم، کاکـە(شـامیل بـەگ)، پڵێنگـی کـوردی دەورانـی
کـوڕی (بـەگ عەبـدوڵا صـافی)ی، بڵێـسەی نـوری یـەزدانی
ئـەتۆی وا (جێنـشین) لـەم کۆیـەدا، کۆبۆتـەوە میللـەت
بـە ڕوتبـەو شـانی ئەسـکەندەر، لەسـەر تـەختی سـولەیمانی
وەکـو زۆرێـك لـە دڵـسۆزان، هومێـدو بـەختی ئـەم هـۆزەی
لـە عـیلمو فەیلەسـووفیتا، ئەرسـتۆ یانـە لوقمـانی؟

بــه بەخــشین (حاتــەمی تــائی)، بــە داد (نۆشــیرەوان) ی تــۆ
بەلاغەت (ئیمروئولقەیس)ی[1]، فەساحەت پێشی (سـەحبان)ی[2]
بەچـی وەسـفت بکـەم، یـاڕەب، حەسـوودت غـەرقی ئافـەت بـن
لەهـــەر شـــێوەو ڕەوشـــتێکا، گرانیـــت کـــردە هـــەرزانی
بڵـــێ (ڕاجـــی) هـــەتا مـــاوی، خـــودا بیکاتـــە بـــەرخوردار
لەســـایەی پێبگـــەن گـــەنجی وڵاتو مـــەردی کـــوردانی.

پەسنی مەلا عەبدوڵڵا - کاتبی دادگای کۆیە

مایـەیی ژینـی مـنو، بـەرزی وەتـەن، شـابازی کـورد
نووسـەری دادو عەدالـەت، میهتـەرو هـەمڕازی کـورد
خۆشەویـستی گیـانو دڵ، ئـاواتی گـەل، نرخـی عەمـەل
ژیـرو زانـا، پـیری بـیرو، زاخـی هـۆشو نـازی کـورد
تـاجی سـەر، بـازی هونـەر، سـۆزی جگـەر، بـاغی بەبـەر
شـێری ژیـن، شـیری مـژین، شـاهێزی تـین، شـیرازی کورد
تـا فەلـەك دەرخـا، وەکـو کاکـە عەبـدوڵڵایی مـن
نایەتـە بـاسو قیاسـی عـامو خاصـی ڕازی کـورد
تـا سـولەیمانی، بکـا شـاهی سـلێمان ئـاوەدان
نایـەنێ وا شـارەزای بـازاڕی هیممـەتخوازی کـورد
دڵ کـە بـیری ئـەو ئـەکا، خـوێن هەڵئەڕێـژێو دێتـە چـاو
هێند گـەشو ڕووخۆشـە یـاری یارمـەتیو دەمـسازی کورد

---

١ -یەکێك بووە لە شاعیرە عەرەبە ناودارەکانی سەردەمی جاهیلی.

٢- سەحبان: ناوی (ابن زفرین أیاس وائلی)یە، وتاربێژێکی بەناوبانگی عەرەب بووە، لە ساڵی (٥٤ کۆچی - ٦٧٤ زاینی) کۆچی دوایی کردووە. (مەعاویە) پێی گوتووە: تۆ بەهێزترینو بەتواناترین وتاربێژی عەرەبی.

لێوی خۆش گوفتاری هەروەك دەستەچیلەی كێوی توور
كارەباو دەرمانی زامو، حەنجەرەی ئاوازی كورد
بۆ ژیانی گەل، چ تێكۆشەر، نەهەنگو، پاڵەوان
ڕاوەبەختی نیشتمانو، ڕابەری ئیعجازی كورد
گیانی شیرینی گەلو (ڕاجی)، كە هەر تۆی گیانەكەم
چاوەڕێم گەش بێتەوە پێت، ڕوومەتی لاوازی كورد.

سوپاسو بەخێرهێنانی
حاكم عەلائەددین - دادوەری دادگای كۆیە

(١)

كە ڕۆژنامەی لەمێژ و، چەرخی دەووار
نیشانی دا نیشانەی نیشتمان كار
لە نیسانا، نیسانەی سەوزو سوور كرد
كە باراندی لەدەریا، دوڕڕی شەهوار
پڕۆتۆن، لیكترۆن، نووسانو گیرسان
پسا زنجیری بەدكاران، بەیەكجار
(عەلائەددین)ە كاكم، حاكمی (كۆ)
گەیشتۆتە هەموو مەیدانو هاوار
لە دەریای كۆششا، گەوهەردەرێنە
بەقازانجی وەتەن، بۆتە كەسوكار
سەری بەرزو، دڵی پڕ بیرو، ڕوو خۆش
بەخوو شیرینو، خاوەن تەرزو گوفتار
(سلێمانی)ی نیشانداوم، سلێمان
مولازم ئەووەلی لەشكر، بەملیار

لــــه بــــەگزادانی كــــوردە، كاكــــە (حامیــــد)
ئــــەوە، جێگــــەی ســــوپاس‌و كەشــــفی ئەســــڕار
مــــودیری (تەقتــــەق)ی مــــە، كاكــــە (ڕەمــــزی)
لــــه بــــەگزادانی جافــــە، مــــەردی ســــالار
ئەناســــێ ڕێــــزی یــــاری‌و، هــــۆزی سەربەســــت
ئەترســــێنێ ســــوپای هــــۆزێكی لاســــار
سوپاســــی (قــــادر ئەفەنــــدی)، نووســــەری چــــاك
دەكــــەم هــــەردەم، بــــەبێ پایــــان‌و میقــــدار
لــــه ئیجرائــــاتی حــــەق، بــــێ چــــەندو چــــوونە
گــــوڵی گەردنكەشــــی نیــــسان‌و ئــــادار
بەمامۆســــتا (حەمــــەد)، زانــــین درەوشــــا
ئەرســــتۆی دا بــــە ئەســــتۆ، مــــەردی جێــــدار
لــــه چــــەرخی فەلــــسەفەیدا، قوتــــب‌و میحــــوەر
لــــه عــــەردی هەندەســــە، ئــــەو بۆتــــە پــــەڕگار
براكــــەم، (كاكــــە قــــادر)، ویــــش موعــــەللیم
گــــوڵی ســــەر تــــەپڵی ســــەرمە، مــــەردی هوشــــیار
قــــەدیمین پێكــــەوە، هــــەر بــــۆم بمێنــــێ
وەكــــو ئەســــتێرە بدرەوشــــێ لــــه ئاقــــار
بــــرای عــــارەب زمــــانم، كــــاك (نــــەجیب)ە
نفوســــی خــــستە بــــەر مقیاســــی ئــــەژمار
قۆمیــــسەر ناحییــــە، (صــــدیق ئەفەنــــدی)
لــــەبیرم چــــوو، كــــە بینووســــم هــــەوەڵ جــــار
ئــــەویش ڕۆحێكــــی كــــوردە، بــــێ فــــڕوفێڵ
لــــه تــــەحقیقاتی كۆشــــەر، هــــەروەكو مــــار

بــرای خـۆم، دڵبــەری خـۆم، (کاکــە ڕەش) بــێ
پەســـــەندو، حــــوڕڕو، گــــەنجێکی خەبـــەردار
ئــیتر (کــاك مــستەفا)، وەسـفی بەچــی کــەم؟
لــە یاریــدا، ســەدای هــەی هــەی، دەلــۆ ســوار
لـــە ئەســـلاکی، (ســـەعید ئاغـــا) ئەناســـم
هـــــەوای وەرگرتنـــــی ئـــــەخباری ئـــــەقتار
بــــەخێرێن، تابیعـــــەو گـــشتی لیـــوا، حـــەق
بــە خزمــەتکاری دەوڵــەت، یــەعنی جانــدار
ئــیتر (کوێخــا حوســێن)ە، مــیری (گــەرمۆك)
کـــە زۆرم خۆشـــدەوێ، مــــاقووڵو موختـــار
لــە(کــارێز) دادەنیــشێ، کــاك (موحەممــەد)
ئەساســـەن کۆییـــە، ئـــەو مـــەردی ســـەرکار
لەســـەر چـــاوو دڵو گیـــانم، بکـــەن شـــەوق
بــە چــەنگو نــەی، کەمانــچەو، بەربــەتو تــار
لـــــەدیوانی (عـــــەزیز ئاغـــــای غـــــەفوری)
مەلــــەك دێنــــە ســــەماوو بــــەزمی دیــــدار
لـــــەپێکی بــــادەدا، دڵبـــــەر ئەکێـــــشێ
عکوســی ڕاســتو چــەپ، وەك زوڵفــی عــەییار
بـــەخێرێن، هـــەر لەســـەر گیـــانم، بـــەخێرێن
گـــەلی ئـــەربابی مـــەعناو، قـــەومی بێـــدار
بەچـــــاوی ئێـــــوە، کـــــوردم ســـــەربڵندە
بـــەناوی ئێـــوەوە، مـــن بوومـــە بەشـــدار
لـــەوەی خۆشـــی زیـــاتر، بـــۆچ بگونجـــێ؟
دڵـــە ســـافو، جگـــەر نـــەیماوە ئـــازار

چ کۆمـــەڵ، کۆمـــەڵی بـــەزمو زەمـــاوەن
چ کۆمـــەڵ، کۆمـــەڵی زانـــستو ئیقـــرار
ببـــوورن، گـــەر نقوســـتانە لـــەڕووتان
کـــە(ڕاجـــی) ، ناکەوێتـــە کێـــشی ئەســـڕار.
١٩٤٥

(٢)

نامەیەك بۆ حاکم عەلائەددین

بـــرای بـــەڕێزم کـــاك عەلائـــەددین
سوپاســـت ئەکـــەم لەمـــەرگو لـــەژین
بەنامـــەکانت، کـــە گـــەش بوومـــەوە
نـــامن لەســـەر چـــاو، هـــەزار ئافـــەرین
ئـــەو کاتـــە وابـــوو، بـــەرەنگاری کـــات
لـــەتۆ تەئەســـسوف، لـــەمن ئـــاه و شـــین
کـــاتێکی تـــر دێـــت، خـــودا حـــەز بکـــات
کـــە دوو دەســـتی یـــەك، گـــەلێ ڕاگووشـــین
بـــە ئـــاواتو هـــات، بـــە جـــەرگی بەســـۆز
بەگرژینـــــــەوەی ولاتـــــــی ئـــــــەمین
نـــەوەك خوێنـــدەوار بـــرای یـــەکترن
خوێنـــدارن هـــەتا لـــەڕووی خوێنمـــژین
ئـــەو کاتـــە ڕۆیـــیم، پێویـــستم ســـەفەر
ئـــەتۆ ببـــوورە، لـــە کـــورتیو لـــە قـــین
لـــە بـــیرم ناچـــێ، لێـــرە، لـــە کۆیـــە
کـــە ڕامـــانبوارد، بەچـــەند زەوقو بـــین

خـــصوص، کــه هـــاتم بـــۆ مـــاڵی ئێـــوه
ئەســـــتێرەم هـــەڵات، لەخۆشـــی یـــەقین
دنیـــا هـــەر وایـــە، دڵان لێـــك ئـــەکا
دەبـــا ئـــاخ بخـــۆین، بەدیـــدەی نـــومین
عالـــەم هـــەزار دڵ، ئێمـــەش تێکـــەڵاو
بەوێنـــەی خـــەیاڵ، گوڵـــستان چـــنین
فەرمووتـــە ســـاڵێك بـــەبێ گلـــەیی
ســـەد ســـاڵی تـــر بـــێ، بـــرام، خۆشـــترین
ئێـــسته تـــالع ڕەش، کـــه دوور کەوتنـــەوه
هیوامـــە پێبگـــەم، بـــەباڵی فـــەرزین
لـــەنێزیكو دوور، بـــێ بەینـــە بـــۆ دڵ
گیـــانی وریـــای ســـەماوو زەمـــین
بـــە بـــیری ئێـــوه، دەکـــەم هـــەموو دەم
چـــاوی دڵ ڕوونـــاك، تـــامی دەم شـــیرین
گەرچـــی تـــۆش وەکـــو منـــی برینـــدار
خوایـــە چارەســـاز، بەهـــەر پێکگـــەیین
کـــاکی خـــۆم، مـــرۆڤ بـــە ســـەبرو ســـوبات
بـــە داخـــواز ئـــەگا، بـــەبێ نـــەنگو کـــین
نەکـــەی خـــەم بخۆیـــت، لـــەنازی گـــەنجیت
بـــە خـــۆراکی ڕۆح، باغـــت کـــە پـــەرژین
بزانـــــــــە ڕۆژت، هەڵاتـــــــــە ڕۆژه
شـــەوت بـــە پڕشـــنگ، بەتافـــە پـــەروین
دەســـتی پـــیرۆزی باوکـــت مـــاچ ئەکـــەم
ســـەلام لـــە (دڵـــشاد)، بـــرای بـــە تـــەمکین

دلاوەر، کۆسـرەت، چـاویان مـاچ ئەکـەم
سـەلام لـە خوشـکان، بـە حورمـەت بـژین
والیـدەی عـەزیز، بـەخێر بێتـەوە
لـە پایتـەختی بـیر، بـە سـەد هێـزو تـین
نادیـدە، عـەرزی سوپاسـم بـەرە
بـۆ کاکـە حـاکم (محەممەدئـەمین)
ئـەویش کەسـێکە، وەکـو سـولەیمان
خاوەنـدی چـاکەو، نقـێمو نگـین
چ خۆشـە بـرام، لـە ڕۆژانـی شـاد
بـە پـرسو وەرام، کـە دابنیـشین
ئەمـە کـزەی دڵ، ئـەوەش نیـشتمان
لـە بـەینی سـۆزو، گەشـەو، پێکـەنین
بـە ئـاوازی خـۆش، بـە نۆتـەی هـەوەس
هـەوا بکەینـە کـوورەی ئـاگرین
لـەڕێی تەماشـاو، موتـاڵای ڕووان
هەسـتینە هەسـتی لەچـاوان دزیـن
هەریـەك بـە ڕەنـگو، هـەر یـەك بـە دەنگـێ
هـەر یـەك بـە بۆنـێ، تێکـڕا بپـشکووین
کـە یـەك دیـار نـەبوو، ببینـە خـەمبار
بـۆ نـووری کولـمـەی، بـە زاریو گـرین
زەوقـی جـەماتو، یـارانو، یـاری
بڵـێ گیانـە، لـەناو مێـشکی ژیـن
ئـەتۆ زۆر باشـی بـرام لـە شـارا
ئـەمن لـەلادێ، پەراسـووم ڕزیـن

وا مـــــردووم، وەهــــا، نابووژێمــــەوە
بەســـەد ئــــارەق‌و، بـــە ئەســـكەنجەبين
بێــــدادە دەردم، قـــــەرارم نــــەما
لــە لێفـەو دۆشـەك، لـەهيچ سـەر سـەرين
لـــە دەردی دووری، هـــاواری كـــێ كـــەم
كــە فريــام كــەوێ، لــە گرمــەی تــەپين
بمبەخــــشە زاری شــــكاتم نييـــــە
قەڵـــەم تـــەوژمی نـــەما لـــە نووســـين
خـــۆی پـــيرە (ژيكـــۆ)، خـــەياڵی تـــازە
وەكـــو لەشـــەودا، جـــەماتی پـــەروين.

(٣)

ڕۆژی جەژنـــە، وەختـــی ڕوونـــاكی دڵـــی كوردانمـــە
دەسگووشـــين‌و ســـەربڵندی، ئێـــستە وا ميوانمـــە
كۆمـــەڵێكی نيـــشتمانی بـــۆ ژيـــانم دابـــەزين
يـــەك بەيـــەك تـــاجی ســـەرو، پڕشـــنگی دوو چـــاوانمە
حـــاكمی كۆيـــسنجەقە، كاكـــە (عەلائـــەددين)ی كـــورد
مـــەردی سەربەســـتی ڕەوشـــت‌و، ديـــاريی يەزدانمـــە
پايـــەيی بـــەرزی، دەكـــا دەرمـــانی دەردو ئـــارەزوو
غايـــەيی تـــەرزی ئـــەوە، ڕوتبـــەو نيـــشانەی شـــانمە
يـەك، مـولازم بـوو لەكۆيـە، ئێـستە تـەموين ئـەمر ئـەكا
كاكـە (مـەحمود بـێگ) ی سـەروەر، ڕەهبـەری هۆزانمـە
بـۆ هـەموو كـاری وەتـەن، ئـەو بۆتـە شـايانی سـوپاس
بـــۆ هـــەموو بـــيرێ لـــەجێی بـــاپيرەوو باوانمـــە

نووسەری بەردەستی حاکم، کـاکی خـۆم (عەبدولـصەمەد)
جێــی هومێـــدو ســەنگەری ئـەم کـوردی ســەرگەردانمە
ئـەو جـەوانی تێگەیـشتوو، کاکـە(ئەسـوەد)، نـەوتوجارِ
ئـــارەزووی ســـەربەرزییو، نەقدینـــەیی خێرانمـــە
وا لـــە دیـــوانی (عـــەزیز ئاغـــای غـــەفوری زادە)دا
ڕۆژو مـــانگو موشـــتەریو زوهـــرە، لەســـەر عەردانمـــە
گـــوڵ دەمـــینو، دڵ گەشـــین، ڕۆژی ژیانـــە وەك بـــەهار
بـــا لەســـەر ڕەگ شـــین ببـــێ، ئـەم هـــۆزە گـــەر پاوانمـــە
مـــن لـــە ڕێـــی ئـەو ســەروەرانەم، ســەر چییە، قوربانییـــە!
(ڕاجیـــا)، چـــونکە نیـــازی گـــشتییان هەڵـــسانمە.

(٤)

إِنَّ بَـــــيتي لعَتيـــــق، وأعـــــيشُ في مَجـــــالِ
ونَــسيمُ الــدَهرِ أعيــا النــاسَ في تَــشريحِ حــالي
طالَمـــا أزهَقَـــني الأَيـــام في زَخـــفِ اللّيـــالي
لَيـــتَني أعـــرِفُ نَفـــسي، ويَمـــيني وَشِـــمالي
لَـــمْ يُجـــاذبْ مغنَطيـــسي، عِنْـــدَ سَـــلبٍ و ثُبـــوتٍ
وأَرى الأَحـــلام تَعـــدو الحَـــقّ في سَـــهر الخَيـــالِ
عِنـــدَما جـــاذَفَني الحـــبّ، وإخـــوان المَعـــالي
قَـــدْ تَرَكـــتُ العَـــينَ تجلـــو بِالـــدُموعِ والوِصـــالِ
يـــا دُمـــوع الحُـــبِّ، هَـــل تَجـــرينَ صِـــدْقاً بالأمـــالي؟
أَمْ بِنـــار القَلـــبِ تَغلـــينَ دراكـــاً لِلمَـــوالي
يـــا عـــلاء الـــدَين، يـــا شَـــمسُ الـــضُّحى، غَـــوثُ الفُـــؤادِ
إِنَّـــكَ المُخْـــتَصّ عِنـــدي، بِـــسَجايا وَ خِـــصالِ

یـــا أَبـــا المَجْـــد غَیاثـــاً، أَنـــا في أَنحَـــس حـــالٍ
لَـــو بَقَیـــتُ فیـــهِ هَـــلاّ تقـــدرُ حَمـــل الوَبـــالِ؟
تـــۆ، کـــه خـــاوەن بـــیرو زانینـــی هـــەموو کـــارو وەرامـــی
ناتـــەوێ پـــیر بم بەگـــەنجی، یـــا بگـــەم هێـــشتا بـــە کـــاڵی
تاجی سەرمی، چونکە تۆ هـەر بـۆم بـژی، گـەنجی ژیـانی
چـــەندە تـــاری کێووکـــەژ بم، دێمـــەوە، دەبمـــەوە مـــاڵی
سەردەمێك بوو، بێ خەبـەر مـابووم لـە گێـژاوی غـەمانا
ئێـستە خۆشـیم هـاتو شـەرتە، دانەنیـشم بـە بـەتاڵی
دەســـتگیری دیـــتنو دونیـــام ئێـــوەنو، نـــووری تـــەواون
زەنگوڵـــەی دڵمـــە، لـــە دووریتانـــە ئـــەڕوا ناڵـــەناڵی
إِنَّ (راجـــــي) بِهَـــــواکُم ذابَ یَـــــسْعی لإِنْجِمـــــاد
فَعَلَـــیکُم عِـــزّ جُهْـــد، في قرانـــي وَارتِحـــالي.

پەسنی حوسێن بەگ

کێیـــــە؟ هونـــــەری بـــــۆ گەنجینـــــە کلیلـــــە
شـــۆخێکە، ســـەعادەت لەســـەری ڕۆژی جەلیلـــە
قـائیم لـە مـەقامی مەلەکاندایـە (حوسـێن بـێگ)
باوکیـشی، هـەموو کـاری جەمالـە کـە (جـەمیل)ە
وەك ڕۆژە بـــە زەڕڕاتـــی حـــەقایق، لـــە ســـەمادا
بـۆ بـەخشو عـەتا، بـەحری سپیو، چـاوەیی نیلـە
ڕووحێکە لەناو جیسمی وەتـەن، مـەردی بـەناوبانگ
یـاری هـەموو سـەربەرزە، هـەموو دوژمنـی دیلـە
فکـرش بـدل خلـق، چـو جـان در تـن پاکـان
معـــزول شـــده از همـــه اوصـــاف رذیلـــه

قـــد أحْكَـــمَ مـــا يَختَـــرِعُ اليَـــوم وَأمـــس
مَـــنْ راجَعَـــهُ يَفْـــرَحُ مِـــنْ غَـــيرِ وَســـيلَة
ايـن گـنج همـايون، بهمـين حكـم در ايـن كـوى
وَاللهِ قَـــد إخـــتَصَّ بِمَجْـــدٍ وَفَـــضيلَة
در دائـــرەو چـــرخ بـــود همجـــو ســـكندر
لا يَغْـــربُ عَـــنْ عِلمِـــهِ أفـــرادُ قَبيلَـــة
لـەم گەردوشـە پـڕ شۆڕشـە، (ڕاجـی) نییـەتی بـاك
ئـەو حـەزرەتی سـەرداره، كـە بـۆ كـاری كەفیلـە.

پەسنی ئەحمەد دڵزار

چـاوەی هونـەرو، نوكتـەیی سـیمینبەره دڵـزار
هیـوای وەتـەن‌و جـەرگی دڵ‌و، دڵ بـەره دڵـزار
ئـاواتی گـەلی بـەهرەوەری كـوردە، بـە یـەزدان
كـوورەی هـەموو زنجیرەیـی بـێ جەوسـەره، دڵـزار
گەنجێكـە، لـە دیـوانی ئەدەبـدا هەڵیـداوە
تیمـاری دڵ‌و سـپڵ‌و هـەناوو سـەره، دڵـزار
ئەسـتێرەیی ئـاواتی درەوشـا لەسـەمای كـورد
هـەر وەك منـی ماتـەمزەدە تێكۆشـەره دڵـزار
ئـەو تـازە نـەمامی وەتەنـەم، بـۆ بـەری خۆشـی
وا پێگـەییوە، كـانی گـوڵ‌و زێـوەره دڵـزار
بـیری لـەدڵ‌و گـوێی ئودەبـا، گـەر بـچەقێنێ
هێنـد تیـژە ئـەڵێی نـووكی ڕم‌و نەشـتەره، دڵـزار
دەسـتووری ژیـانی گەلەكـەی دائـەڕژێنێ
بەشـكو نەتـەوەی ئـازەرو ئەسـكەندەره، دڵـزار

چیمه لـه شکـسپیرو، لـه ڕۆسـتۆنو، لـه گۆتـه
گەنجینـــەیی کوردانـــه، کـــه دەرهێنـــەره دڵـــزار
(ڕاجـی)! تـۆ بڵـێ نـووری دوو چـاوو دڵو جانـه
هـاوخوێنی مـنو کـورده، ئـەدەب پـەروەره دڵـزار.

پەسنی ڕاجی لەلایەن ئەحمەد دڵزارەوە

ئیمڕۆکـه لـەناو ئـەهلی ئـەدەب سـەروەره، ڕاجـی
خـاوەن خـەدەمو تـەختو سـوپاو ئەفـسەره، ڕاجـی
بەبرێکـــه، هۆژەبرێکـــه، لەمەیـــدانی ئەدەبـــدا
مانەنـدی نییـه لـەم وەتـەنو لـەم دەره، ڕاجـی
بـۆ زینـەتی ئەنـدامی بـوتی شـیعری گـەلی کـورد
ئوسـتادی هـەموو خـشڵو چـەكو زێـوەره، ڕاجـی
ئـەو، گـەورەترین گەوهـەری سەرئەفـسەری شـیعره
مەشـهووره لـەناو گـشت شـوعەرا، ئەشـعەره ڕاجـی
تیـشکی هونـەری شـیعری ئەوەنـد ڕۆشـنه، چەشـنی
پرشـــنگی گەلاوێـــژو مـــەه و ئەختـــەره، ڕاجـــی
گـــەنجێکی ئەوەنـــد بـــەهرەوەرو واهییـــه، حـــەتتا
هـــاوبیری شکـــسپیرو عـــەلی حەیـــدەره، ڕاجـــی
بـــۆ ئێکییـــو دەرخـــستنی ئـــەم کۆمەڵـــه کـــورده
غـــەمخۆرو مـــشوورگێڕو عەجـــەب ڕەهبـــەره، ڕاجـــی
بـــەم ئـــاگری پـــڕ میحنەتـــه ســـووتاوه، بەیـــەزدان
کـــوردێکی جگەرســـۆزو وەتـــەن پـــەروەره، ڕاجـــی
(دڵـزار)! وەره تـۆ بێـژه، بـچرپێنه بـەگوێی گـشت
پێغەمبـــەری زومـــرەی ئودەبـــاو هۆنـــەره، ڕاجـــی.

پەسنی گیوی موکریانی[١]

(١)

ڕووناکـــی چـاوم، هەتـاوی مـاڵم
کاکە (گیو) گیان، نرخو فەساڵم
لەســـایەی تۆوە، هەوێنـــە کانم
دەوڵەتــم تەواو، نەورۆزە ساڵم
چەرخم لەگەڕدا، ســــەمابازە قەد
لە عەردی ڕەنگین، نەمان لاتو بەد
پایانـــی نادا، خۆشـــی ڕەسمو حەد
خەرمانی خێران، لە کشتوکاڵم
ئەگەر کزیشــم، کەســێ نایەوم
لەباوەشـــی غەم، ئێستە ناخەوم
شەرتە بۆ وەتەن، هەرگیز نەسرەوم
بفرۆشـــم لەڕێی، ماڵو منـاڵم
چیـمە لــە ئاتۆم، لــە هایـدرۆژین
لــە گازی خنکێن، لەگەڵ ئۆکسـجین
کە کارسازی هەق، سازاندی بۆم ژین
نارێــکە دوژمن، ڕێکە هەواڵم
نۆرەی بەهارە، بە زەوقو شادی
مێرگو هەوارە، سـەرو ئازادی
تازە خەلســـــتام لە نامرادی
(ژیکۆ) گوێ بگرە لە گاڵەگاڵم.

١- ناوی تەواوی مامۆستا گیوی موکریانی نووسـەرو زمـانزانو ڕۆژنامـەنووس (عەبـدوڕڕەحمان سـەید لەتیف شێخ ئیسماعیل خەزایی)یە، لە ساڵی (١٩٠٣) لە شاری مەهاباد لە دایـك بـووەو لـە (١٩٧٧/٧/٢٤) لە موسڵ کۆچی دوایی کردووەو لە هەولێر لە گۆڕستانی (ئیمام محەمەد) نێژراوە.

(٢)

دانیـــشتووی هـــەولێرە، زمانپـــەروەری کـــوردان
ناسراوە لـەناو کـوردو عـەرەب، (گیـوی موکریـان)
چـەند ژیـرو، هونەرمەنـدو، گیـان سـووکە لـە ڕوودا
چـەند بـەرزو، ئـەدەب پـەروەرو، خـاوەن دڵو گونجـان
تێکەڵ بەهـەموو مـەردومو، دووریـش لـە سیاسـەت
هانـــایی هـــەژارانو، پەرســـتێنەری یـــەزدان
چەند خۆشە لە تەبیاتی هەموو کەس، وەکـو خـۆراك
چەند توندە لەسەر جەستەیی دوژمـن، وەکـو سـندان
پـۆل پـۆل ئـەوا دێـنو دەچـن نووسـەرو زانـا
تـا ببنـە قوتـابی هـەڕەتو فەلـسەفە لێـدان
نەمـدیوە، براکـەم وەکـو ئـەو میهتـەرە یەکـدڵ
زۆر دوورە لـە حزبـانو، نێزیکیـشە لـە خزمـان
هـەر ڕەهبـەری دڵپـاکییو، هـەر هەمـسەری زانـست
ئـەو ماوەتـەوە ئێـستە، کـە وەسـتاوە لـە مەیـدان
پـیرۆزە لـە ئـەو، تـازە کـە چـاپێکی کڕیـوە
ڕۆژنامـەیی سـەر تـەختو، سـەراپەردەیی دیـوان
بێجگـە لـەوە چـەند سـاڵە لـە فەرهـەنگێ خەریکـە
ڕێکـدانی وەهـا نـەبووە، لـە نێـوانو لـە دیـوان
(پـشکۆ)! وەرە تـۆ پێکەنـە، وەك خونـچە بپـشکوو
دڵ گەیوە بـە ئامـانجو، سـەریش گـەیوە بـە کێـوان.

(٣)

نامەیەك بۆ گیوی موكریانی

براکــــەی خۆشەویـــــستم، (گیــــو)ی کــــوردی
دەزانم بــــۆ وەتـــــەن ئـــــازاوو مـــــەردی
کــــە ئــــاوی تێگــــەڕا، ئــــەم گیانــــە وشــکە
بــــەدەن خـــــواردی، بــــە ســـافی‌و بــــە دوردی
لــــــە دیـــــوانی وەفــــــادا، یادگـــــاری
لــــە مەیـــدانی هونـــەردا، گــــردو گــــوردی
لــــە تــــۆ زیـــاتر، ســــەرو مــــالّم نــــەماوە
کــــە داخــــی هــــۆزە هەرچــــی هــــەمبوو بـــردی
دلّــــم پــــڕ ئــــاخ‌و هێــــشی کــــوردو کالّــــە
کــــە نــــاڕێکی بــــوو، هەرچــــی هـــاتو کـــردی
شـــــەوی لێکجوایــــــەزی کەوتۆتـــــــە چـــــاوان
هــــــەموو نووســـــین درشـــــتن، تــــا بـــــەوردی
ئـــــەوی بــــڕوا بەســــــەر بــــــەحری مــــــرازم
ئەگــــەر گیانیــــشمە ســــا ئەیکــــەم بــــە پـــردی
دلّــــم خنکــــا، لــــە ڕێگــــەی خــــاك‌و خـــۆلّی
جگـــــەر ســـــــووتا، لــــەتاوی دارو بـــــەردی
شـــەوو ڕۆژ، دێتــــە گـــوێم لــــەم خــــاك‌و گەنجــــە
ســـــەدای هـــــاوارو، بــــانگی ئــــاهی ســــەردی
لـــە ڕێـــی مەقـــسەد، هـــەتا کولّمــــەی ببیـــنم
لــــە چــــاوانمی ئەکێـــــشم تـــــۆزو گــــەردی
لـــە خــــاکی ئێمــــە، دوژمـــــن چــــەتری هەلّــــدا
چ ئاسمانێکــــــــە وا هــــــــەورازە نـــــــەردی؟

وەتەن! چبکەم لە تۆفانی بەڵادا؟
کە ئەشکی چاوی من بوو، گەردی شردی
براکەم، چاوەکەم، ڕۆحی ژیانم
مەفەرموو، (ڕاجیا) لەم حاڵە مردی.

وەڵامێك بۆ مەلا ئەحمەد[1]

عەلەیکەسسەلام، شاگردی شیرین
خوا بەرزت بکا لە زانین و دین
تەفسیری خەونی شیعرو مەسنەویت
جوان تێبکۆشە، بۆ هۆزو زەویت
پەلە پەل مەکەو، کورتی مەهێنە
دوایی بیرکەوە، هیچ دامەمێنە
هەووەڵ عەروزت، شایانی تەقدیر
شاگردی باش بەو، دوور بە لە تەزویر
تەرازووی شیعران، زۆر تەریقەیە
دەرسی هەرە زل، هەر سەلیقەیە
لە هەموو عیلمێك، تا زۆر بزانی
لە جەولانگاهی شیعرا جوانی

١- بە (مەلا ئەحمەدی سیوەیلی) ناسراوە، لە ڕۆژی (١٩٥١/٩/١٠) بەمەبەستی خوێندنی مەلایەتی سەردانی شاری کۆیەی کردووە، لە ساڵی (١٩٥٢) ماوەیەك لەلای (ڕاجی) لەگەڵ چەند فەقێیەکی دیکەدا دەرسی خوێندووە. لەڕۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی (٢٠٠٤/٧/١١) لەمیانی سەردانێکیدا بۆ شاری ڕانیە بە خزمەتی گەیشتم‌و گەلێك زانیاری بەسوودم سەبارەت بە (ڕاجی) لێوەرگرت. مامۆستا گێڕایەوەو وتی: (شەوێك لە خەونمدا مامۆستایەك دەرسی عیلمی عەرووزی پێ گوتم، منیش نامەیەکم بە شیعر بۆ مامۆستا ڕاجی نارد، ئەویش بە شیعر وەڵامی دامەوە). شیاوی گوتنە تاکو ئامادەکردنی ئەم دیوانە کە ئەمڕۆ ڕێکەوتی (٢٠٠٩/١٢/١٩) یە، مامۆستا مەلا ئەحمەدی سیوەیلی لە ژیاندا ماوەو لە شاری سلێمانی دادەنیشێ. - ئیسماعیل ڕاجی.

ئەگەرچـــی شـــیعر بەوێنـــەی بووکـــە
بـــەڵام نـــەك هـــەموو بووكێـــك ڕوح ســـووکە
تـــامو بـــۆن خـــۆش بـــێو، ژیـــرو ڕازاوە
مەترســـــە، بیخـــــە دیـــــوانی شـــــاوە
ئەحمـەد! هۆنـەر بـە، نـەك شـاكی لـە چـەرخ
لەگێـچەڵ دەرچـۆ، بـە عـەقڵو بـە كـەرخ
ســـەلامی بـــەرزم بـــۆ مـــەلا (حەمیـــد)
مامۆســـتای بـــەڕێز، تـــالعی ســـەعید
كـــاك (عەبدولفـــەتاح)، ســـەلامی لێكـــە
لەخانـــەی ســـۆزا، پێكـــی بـــۆ تێكـــە
ئـــەزانم جێتـــان (كەڵكەسماقـــە[1])
مانگتـــان لەبـــەینی بـــەدرو میحاقـــە
هیـــوام لـــە گـــەنجان، تێگەیـــشتنە
ئینجـــا مـــــشوورو پێگەیـــشتنە
تـــامی لـــە دونیـــا نـــەكردووە، (ژیكـــۆ)
هـــەر بـــۆ حـــەقایق، ئـــەكا جوســـتوجۆ.

پەسنی گوندی عەودالان

هێـــزی قـــودرەت بـــوو هەڵێـــدا خێـــوەتی شـــین، ئاسمـــان
دەســـتی حـــوكمو حیكمـــەتی خـستە نیزامـــی ئینسو جـان
پـــەردە پـــەردە، بـــورجو قادرمـــەی كـــەواكیب هـــۆنرا
كـــوورە كـــوورە، عـــەردو ئـــاوو بـــاوو ئـــاگر داخـــران

٢- گوندێكە لە قەزای دوكانو مەڵبەندی بزووتنەوەی هەقە بووە.

چـەرخی عونـسورخانەیی دونیـا، کـە هاتـە جۆشـی کـار
هـەر شـتەی ڕیزێکـی گـرتو، ڕۆژو شـەو تـەرتیب دران
ئـادەمی هێنایـەدەر، کردییـە خەلیفـەی جێنـشین
بـۆ کەمەربەسـتی ئیتاعـەی، گیانلەبـەر مـەجبور کـران
تـا لـە منـداڵانی ئەو، بـەدخوو پـەیابوون جـوون بـە جـوون
هاتـەدی قـانوونی وەحییـو، پـەیڕەوی پێغەمبـەران
دۆزەخو جەننـەت، ئـیتر، دوو مـەوقیفی ئینـسانییەت
جەننـەتی فیردەوسـی خـستە بـاغو ڕاغـی (عەبـدەڵان)
لەمـسەری دونیایـەدا، تـا ئەوسـەری چـیبکا، وەفـات؟
ئـەو مـرازی ڕۆحـی پـاکی مورشـیدانەو سـاڵحان
دەسـتی ناسـازی بەسـەردا هـیچ نەکێـشراوە، ئەبـەد
نـەخشو تـەونی عیففـەتو، حیکمەتـسەرایی لامـەکان
بـۆ نەخۆشـی دڵ دەواوو، بـۆ نیزامـی عەقڵـە جـۆش
نیـشتمانی بـیروڕا، دیـوانی هـەر ڕەمـزو بـەیان
پێـی گەیانـدن چـەندە پـیرو پێـشەواوو دەسـتگیر
تێـی گەیانـدن فەیلەسـوفو شـاعیرو شـانامەخوان
پـێم وتـی: ئـەو جەننەتـە لاهووتییـە، کـاخی جهـود
کـافریش گـەر بێتـە وێ، ناچـێتەدەر بـێ ئیمتیحـان
(شێخ عیصامەددین) لەنەسلی (شێخ ئیسماعیل)، هەڵات
ڕۆژی ئـەووەڵ نەوبـەهارو، قیبلـەگاهی جیـسمو جـان
نـاکرێ باسـی کـوڕانی، کاکـە (فـەتتاحو، کـەریم)
کاکـە (عەبـدولقادر)یـشە، دوورە زەننـی موفـسیدان
گـشتیان خـاوەن کـەرەم، سـەببارو، دڵ نـەرمو عـەفیف
گـشتیان خـاوەن علـومو فـەنو هـەر نرخـی گـران

وان سەعادەتمەندی دونیاو دینو عەقڵو، بەختو تەخت
یەك ڕەئیسی دینو، یەك دنیاوو، یەك مابەینی وان
هەر کەسێ بۆ خۆی بچێ بچنێ گوڵی باغی مەرام
با بچێ، بۆ خۆی بیناکا، کۆشكو قەسرو ئاشیان
حەوزو جۆگەی، کەوسەرو هەنگوینو شیرو ئاوی ساف
جگ بەوی خەونێکی نابینی ئیتر ڕۆحی ڕەوان
بۆچی شێت نابن، ئەوانەی دەرکراو لەو جێگەبن؟
بۆچی نەمرن بێ ئەجەل دوژمن بەگیان سەختیو دڕان
بۆ حەقائیق سەرفرازو، بۆ مەسائیب دڵنەواز
یەکدگیرو، یەك سوباتو، یەك مشوورو یەك نیشان
این همه مزرعه خواهد بجولانگاه عشق
دختر از حق شناسیدن به زندەو مردەگان
از صبا رفتو رسیدی بلبلان کفتُ شنید
در حیا چشم گلان چون غنچەزاری بوستان
بر هوای هر چه شد امد بدین عشرت سرا
از هوا سودا سرو، دل مستو گوش از امتنان
لَنْ تَری في رَسمِها رَمزاً مُشیناً، فاستَمِع
شاکراً یَزهو بِها الکَونُ الزَمان والمَکان
إنَّ ما في صنعتي لیس لها شبهُ وجود
إنَّ ما في عِبرَتي لَیسَ بها شَيءٌ یُبان
تابەکەی (ژیکۆ)، وەکو چاوەش ئەڵێی باریکەبەند
ناگەیە وەسفی تەواوی موشکیلەی جوغرافیان.

١٩٥٤

شیوەن بۆ کۆچی دوایی
مامۆستا مەلا تەیب ئەحمەد بەهائەدین

چ شـــۆرێکە ئیلاهـــی؟ ڕۆژی واوەیـــلاوو گریانـــە
بەشـــەر پـــڕ شۆڕشـــە، عالـــەم، خـــەریکی ئەشـــکبارانە
بـــە بـــەردو دارەوە، ئـــەم خاکـــە وا هەڵـــچوو لـــەکوڵ، هـــاوار
ســـەدای ئەملاکـــە، ڕۆڕۆی جیننـــە، قوڕپێـــوانی ئینـــسانە
لـــە جەننـــەت هـــەڵکراوە چلـــچرای ئـــەرواحی مامۆســـتا
لـــە ئێمـــە شـــیوەنە، شـــایی‌و نیـــازی حـــوورو غیلمانـــە
ئیمـــامی تـــەیبی ئەحمـــەد بەهائـــەددین، حەقیقـــەت نـــۆش
بەڕەحمـــەت فرســـەتی دەســـگیرە، گەرچـــی لێمـــە پەنهانـــە
کـــوژاوە شـــوعلەیی ئـــەهلی مونـــا، لـــەم دەیـــری سەوداســـەر
ســـەری شـــاهان، لەبـــەر پـــێ، بـــەردەبازی جیـــسمی بـــێ جانـــە
لەعالەم چوو، ئەساسی عیلم‌و شـەرع‌و فـەننی ڕەنگـاوڕەنگ
مـەگەر ئێـستا لـە فیردەوسـا، خـەریکی دەرسـی قورئانـە
وەلی عـالیم، عـەلی عـارف، ئەنیـسی دەئبـی پێغەمبـەر
لـەبورجی مـەغفیرەت خورشـیدی تابـانی جیهـان بانـە
لەسـەر عالـەم، زیـارەت واجیبـە بـۆ تـاهیرەی توربـەت
کـە بـۆنی جەننەتولـەئوا، لـە ئـەترافی نومایانـە
هـەتا دونیایـەکی تـر بۆمـە دێنـێ، چەشـنی ئـەو زاتـە
بـە دائـیم خـۆی غـەریقی بـەحری قوڕپێـوان‌و ئەفغانـە
ئیمـامێکی وەهـا هـۆنراوی قـورب‌و سیلـسیلەی فـەتوا
کـە ڕۆیـی، بابگریـێ هەرچـی ئـەهلی عەهـدو پەیمانـە
ئەسـەف بـۆ مورشـیدی کامیـل، دریـغ بـۆ پیری ئیـدراکان
لەسـەر تەختـەی کـەراماتی، کـە ئێستەش بـادە نۆشـانە
بنـازم کەوکـەبی بـەختی، (موحەممـەد)، قـوڕڕەیی چـاوی
لەڕێگـەی ئـەو ئیمامـە، وا خـەریکی عـیلم‌و عیرفانـە

خودایـــە، ئـــەو چـــرایەی کـــز نەکـــەی تـــا ڕۆژی ئـــاخیر دێ
کە بۆ دینی موحەممەد، ڕەنگو ڕەونەق، شوعلە پەخشانە
بە لوتفی تۆ مونەووەر بێ، لە خوتتەی عومری بەرخوردار
کە باغی عومرو ئەخلاقی، سزای ئەڕواحی شاهانە
ئەگەر (ڕاجی) تەماشاکەن، دەزانن گەنجی تەئریخی
وەکو تووتی لە جەننەت، وا بەشی دوو لوتفی ڕەحمانە
ئیمامی مینبەرو، میحرابی وەرعو، جامیعی تەقوا
لەڕۆژی دوانزەمی جومعەی ڕەجەبدا، (بازی غوفرانە)[1].

سوپاسێکی سەروەری
بۆ کاکەزیادی حەمە ئاغای کۆیە

(١)

دونیا پڕی جوودو هونەری کاکەزیادە
عالەم هەموو سوێندی بەسەری کاکەزیادە
گەنجێکی وەتەنپەروەرو سوڵتانە لەکۆیە
گەنجینە، هەموو جیلوەگەری کاکەزیادە
بورهانی دڵی کوردییو عەقڵە، لە دەماغا
مەردیو ئەدەبیش بەهرەوەری کاکەزیادە
فەرشی بەری پێی عەردە بە مافوری گیاو گوڵ
شۆخێکە، سەما چەتری سەری کاکەزیادە
تیژاوی ژیانی گەلە، دەستووری هەموو هۆز
شیرین لەبی هیوا شەکەری کاکەزیادە

١- (بازی غوفرانە)، بە پێی هەژمارکردنی پیتەکانی ئەبجەد دەکاتە (ساڵی ١٣٥٦ کۆچی) بەرامبەر بە ساڵی (١٩٣٧ زاینی)، بەڵام دەبێ لەکاتی هەژمارکردندا بە (بازی غفرانە) بنووسرێ کە ڕێنووسی دیوانەکەیە. واتە (مامۆستا مەلا تەیب)، لە ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی (١٢/ ڕەجەب/ ١٣٥٦ ك) کۆچی دوایی کردووە.

کـــانی هونـــەرو دادو عەدالـــەت، لـــە جیهانـــا
دیـــــوانی پـــــڕو موعتەبـــــەری کاکـــــەزیادە
هەرچـی بەخەبـەر هـاتو، ئـەوەی مـاوە لـە خـەودا
چـــاوی بـــەخودا هـــەر لـــەدەری کاکـــەزیادە
چـیمە لـە سـتالینو، لـە مارشـاڵو، لـە چەرچـڵ؟
هیتلـــەر خـــەدەمو بادەگـــەری کاکـــەزیادە
شـــایانی سوپاســـی گـــەلی کوردانـــە، بەیـــەزدان
فیردەوســـی بـــەرین، ڕێ گـــوزەری کاکـــەزیادە
لـوتفی ئـەوە تـاجی سـەری ئـەم میللەتـە، (ڕاجـی)
وا لـــوتفی خـــوداش، تـــاجی ســـەری کاکـــەزیادە.

(٢)

لە درێژەی پەسنی کاکەزیاد دا

هەمـوو عـالەم لەڕووی بەختو مرادە
دڵی یاران بە دیدەی شـەوق، شـادە
هەمـوو بـازاڕی دوژمن، وا کەسـادە
زەمیـن ڕووناکییو، جەژنـی بیـلادە
کە ڕۆژ بازی سەری کاکەزیادە
شەهی ئیقلیمی کوردانە، بەیەزدان
کە هەر ئەو خاوەنی نانە، بەیەزدان
هەموو فەزڵی لەدیوانە، بەیەزدان
ئەلەکتریکی شەبوستانە بە یەزدان
کە زوهرە دڵبەری کاکەزیادە

(سولەیمان)ی عەلەمداری جیهانە
(فلاتوون)ی حەکیمو، دڵستانە
موحیتی عیلمو عیرفانی زەمانە
فەڕی جوودی، وەکو دەریایی پانە
سکەندەر نۆکەری کاکەزیادە

لە تەئریخێ، کە دونیا دانراوە
مەلەك، جندو پەری، ڕیزە کراوە
نەمامی نۆبەرەی ئادەم ڕوواوە
زەمان ڕۆڵەیکی وای نیشان نەداوە
بڵێم گەر هەمسەری کاکەزیادە

بنۆشن، ئەی گەلی کوردی قەڵەندەر
بە قەرڕابەو، بە بادەی کاسەیی سەر
بە ئاوازی بڵندی میرو نۆکەر
وەکو بولبول نەواکەن، پیرو نۆبەر
کە جەژنی کیشوەری کاکەزیادە

سنووری نیشتمانم، باغو ڕاغە
بلووری دۆستانم، سافو ساغە
دڵی دوژمن، لە سەد جێگاوە داغە
لە بن هاتن، چ قەومی قوڕمساغە
کە چەرخم، ڕەهبەری، کاکەزیادە

هەموو بەزمو نیازو کامە ئیمڕۆ
هەموو زەوقو کزەی پێنامە ئیمڕۆ
هیوای دوو لێوی ساقیو جامە ئیمڕۆ
سەروکاری گەلو ئەنجامە ئیمڕۆ
لەساحەو سێبەری کاکەزیادە.

لە پەسنی کۆیەو کاربەدەستان

خـــاکی وڵاتـــی (کۆیـــە)، بەرچـــاوەکەی بـــەهارە
هـــۆنراوی ئیـــشوکاری، لـــە چـــاومدا دیـــارە
هـۆزێکی وا بـە پێشـچوون، وەك پـیری بـیرو دڵخـوون
بـە تێکۆشـینو دەرچـوون، شـێرو پڵێـنگو مـارە
بـــۆ کیمییـــای ئیـــداریی، قائیممـــەقامی عادیـــل
(شـــامیل بـــەگ)ی جگـــەردار، شـــابازو شاســـوارە
بـــۆ ئیـــستیلای حقـــووقی، (عەلائـــەددین)ی حـــاکم
لـەم کۆمەڵـەی بـە ناوبـانگ، ئـەو کـانی ئیـشوکارە
بۆ ئیندیفاعی میللەت، ڕۆڵـەی (حیکمـەت ئەفەنـدی)
مـــدیری مـــەکسو گـــومرگ، ڕۆحـــی دڵو دەمـــارە
مـــــدیرەکانی زانـــــین، سەرچـــــاوەیی هومێـــــدن
لـــەم مـــەردە ســـەروەرانە، ئـــەم کـــوردە بـــەختیارە
ســاحێب نفووســی کۆیــە، (جــەمال ئاغــای حــەوێزی)
بـــۆ ئینتیزامـــی میللـــەت، پـــڕ کۆشـــشو لـــەبارە
زەخـــیرەداری خێـــزان، تـــەموینی نـــاوە ئیمـــڕۆ
فـــەقیرو دەوڵەمەنـــدان، هـــەموو دەکـــا ژمـــارە
شـــورتەی ئەگـــەر ئەناســـن، چ دائیرێکـــە، بیڵـــێم!
بـۆ نـەخشو تـەونی میللـەت، جانـداری جـان بێدارە
سەربەســـتی نیـــشتمانی، تەجنیـــدی ســـەر بڵنـــدە
وەك موغنەتیـــسی ڕۆژە، یـــان کـــەهرەبایی شـــارە
ئاغـــا لەگـــەڵ ئـــەهالی، بـــە لوتـــفو چـــاوەدێرن
بـــارانی فلـــسو دینـــار، لەبـــەر دەســـی توجـــارە

مقیاسی بەیعو بازار ڕاستو تەواوە، بکرن
پێویست، لەسەر دوکانی بەقاڵە یا عەتارە
ئەم ڕەبتو زەبتە وابێ، چیمە لە چەرخی دەوران؟
ئەم عەدلو دادە مابێ، بۆچیمە ئیستیمارە؟
سەری خۆشو دڵی خۆش، (ڕاجی) لە کۆیە ماوە
پێشکەش ئەکەم سوپاسم، تا ماوم لەم کەنارە.

شیوەن بۆ کۆچی دوایی
سەید ئەحمەدی خانەقای کەرکوک

لە ئیسلاما، ئەوی ئەمری خودا بوو
بە چاپی فەرزو سوننەت داڕژا بوو
ئەزەل، کارێکی هێنایە دروستیی
دروستی کردو، پڕ سوودو بەها بوو
هەیوولای کردە ڕاوێژی سەروکار
بە ملیۆن بەرگو ڕەنگی نەخشرا بوو
ئیرادێکە هەوێنی عیلمو قودرەت
کە ئینسان، چاکترینی ماسیوا بوو
ئیتر بۆیە موکەللەف بوو بە ئیمان
نەخۆشخانەی هەموو دەردو بەلا بوو
کە مامۆستایە، بۆ تەحلیلو تەرکیب
مەوالیدو عەناسیر، کیمیا بوو
لە ڕووی پێغەمبەرانو، فەیلەسوفان
ئەسەرخانەی ڕەووشتو بیرو ڕا بوو
زەمانەی هاموشۆ، مێژووی کە ئاژۆت
لە مابەینی بەشەر، نیسبەت پەیا بوو

لــە تــەك پێغەمبــەریو، نافــامی بــێ بــەر
دەمــێ ئاشــتی، دەمــێ شــۆڕو هــەرا بــوو
لـــە نەســـلی خاتـــەمو فـــەخری ڕیـــسالەت
حوســـێنی ســـەیید ئەحمـــەد خانـــەقا بـــوو
کـــە هەشـــتا ســـاڵە عـــومرێکی ئەنەخـــشان
خـــەریکی ڕاهـ و ڕەسمـــی مـــستەفا بـــوو
ئـــەدیبو، فەیلەســـوفو، عـــەدلو، عـــالیم
ســـەخیو، سەربەســـتی کـــۆڕو، موقتـــەدا بـــوو
زوبـــان چ بڵـــێ؟ لەناســـینی تـــەواوی
کـــە ئوعجووبـــەی تـــەواوی ئـــەولیا بـــوو
لــە عیلمــی نــەفسو، هێــزی موغنەتیــسیی
.... [1] بــــــــوو
لـــەکاتی گـــەنجییو پـــیری، بـــەرەو پـــێش
لـــەناو شـــاری دڵانـــدا، کـــەهرەبا بـــوو
هـــەتا ئـــاخر هـــەواری خزمـــەتو دیـــن
ئـــەوی کـــردی، بـــەبێ فـــێڵو ڕیـــا بـــوو
هـــەتاکو جـــەژنی قوربـــان، ڕۆژی دووشـــەم
ســـەرو مـــاڵو دڵو گیـــانی فیـــدا بـــوو
کـــە ئیحرامـــی شـــکاندو، ماڵـــەوای خواســـت
ئـــیتر مـــاڵی موســـڵمانان خـــەرا بـــوو
لــە دونیــادا، کــە تەدریــسی تــەواو کــرد
خـــەریکی جامیعـــەی دارولبـــەقا بـــوو

١- بەهۆی تەڕبوونی دیوانەکەوە ڕەش بۆتەوە، بۆمان نەخوێنرایەوە.

بــژین، کاکــه (حوســێن‌و کــاك موحەممــەد)
لــەناو ئــەو دائــیرەی کانگــەی وەفــا بــوو
ئــەوانیش هــەر یەکــەی، ئەلحەمــدولیللا
بەڕێگـــەی بـــاب‌و بـــاپیران ڕەزا بـــوو
لـــە ئـــەخلاق‌و، ڕەوشـــت‌و، تێگەیـــشتن
هـــەموو خـــەڵکی لـــەوانڕا شـــارەزا بــوو
هومێـــدن بــۆ گـــەلی کـــوردان‌و عـــارەب
لەگـــەڵیان بـــێ، ئـــەوی لـــوتفی خـــودا بــوو
بــەجێی هێــشتین، هــەمومان، بــاوکی مــەڕحووم
لـــە جەننـــەت جێنـــشین‌و، دڵنـــەوا بـــوو
لــەگوێی (ڕاجــی) زرینگــا ســاڵی کۆچــی
بەفــەڕ شــادی بەهەشــت‌و، ئــەولیا بــوو[1] .

شیوەن بۆ کۆچی دوایی
شێخ نورەددین حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە

لـــە دونیـــادا، ئـــەوی دەردو بـــەلا بـــوو
بەشـــی میراتگرانـــی ئـــەنبیا بـــوو
گرانبـــاری علـــوم‌و خولـــق‌و خـــوو بـــوون
قیاســی وان‌و خـــەڵکی، لێـــك جیـــا بـــوو
لـــە خانـــەی دواوە، ئەزیـــەت نـــادرێ قـــەت
ئەگـــەر لـــەم خانـــەدا، ئەزیـــەت درا بـــوو
کـــە پیـــاوێکی هونـــەروەر، کۆچـــی فـــەرموو
لــە جەننــەت ســەت چــرای بــۆ هــەڵکرا بــوو

٢- ئەم نیوەدێڕە، بەپێی هەژمارکردنی پیتەکانی ئەبجەد دەکاتە (١٣٧١ کۆچی) بەرامبەر بە ساڵی (١٩٥٢ زاینی)، بەڵام دەبێ لەکاتی هەژمارکردندا بەم شێوەیە بنووسرێ (بە فرِ شادی بهشت‌و اولیا بو)، کە ڕێنووسی دیوانەکەیە.

بــــه عیلمــــی ئـــەم جەلیزادانـــــە، دونیــــا
پـــــڕاو پـــــڕ موغنــــەتیس‌و کارەبـــا بـــوو
یەکایـــەك، نابیغـــەی عـــیلم‌و ئـــەدەب بـــوون
لـــــەوانڕا دڵ پـــــڕی زەوق‌و ســــەفا بـــوو
کــــە نــــوری دیــــن بــــوو، (نــــورەددین جــــەلیزاد)
ئـــەویش هـــەر یـــەك وەکیلـــی مـــستەفا بـــوو
ئـــــەویش، ئـــــەم خانەدانـــــەی وا بەجیهێــــشت
ڕەوان بـــــوو، مەعــــشەری بـــــاب‌و بـــــرا بـــوو
گەیـــــشتە دوا هـــــەواری خزمـــــەت‌و دیـــــن
بـــە ئیـــستیحقاقی خـــۆی، وەســـڵی خـــودا بـــوو
خـــــەریکی دەرســـــی دیـــــن‌و، زەوقـــــی ڕۆحـــــن
هـــــەموویان، نـــــازو نیعمـــــەتیان ڕەوا بـــــوو
هـــــەواری وانـــــە، قـــــەت هـــــاواری نابـــــێ
کــــە زاتێکــــی وەکــــو ســــەعدی تیـــا بـــوو
ئــــــەدیب‌و، عـــــالیم‌و، بـــــەرزو بـــــەناوبانگ
هـــــەوێنی بـــــیرو هـــــۆش‌و کیمیـــــا بـــــوو
خــــــودا ئــــــەو خانەدانــــــەی تێکنــــــەدا قــــــەت
لـــــە ناوچـــــاوانی وانـــــە، دڵ گوشـــــا بـــــوو
بمێنـــــێ‌و، پێبگـــــەیێنێ کاکـــــە (مەســـــعود)
ئـــــەوی پێویـــــستی عـــــیلم‌و ئیرتیقـــــا بـــــوو
کــــە جێگــــەی فــــەخری کــــوردو (کــــۆ)یــــە، ئیمــــڕۆ
هــــــەموو ڕوتبــــــەو نیــــــشانەی ئاشــــــکرا بــــــوو
چ گــــــەنجێکی خەزێنــــــەی بــــــیرو هۆشــــــە
گەشــــەی چــــاوی، هــــەموو تــــەگبیرو ڕا بــــوو
لــــە عیلمــــی دیــــن‌و، ئیــــستیحقاقی ئینــــسان
بــــەڵێ، خــــاوەن شــــەهادەو شــــارەزا بــــوو

لەجێگــــەی بـــاوكو مـــامی، وەك مـــساوی
لـــەڕووی جـــەبری خەســـارەی گـــەل تـــەبا بـــوو
كــــەلێنی تــــێ نـــــەبوو، ئەلحەمـــــدولیللا
كـــە شـــێخ قـــەومی بەجێهێـــشتو، ڕەزا بـــوو
بمێنـــێ كـــاك (عـــەلی)، گـــەنجی بەقیمـــەت
دووای شـــێخ، ئـــەو بناغـــەی داڕژا بـــوو
بڵـــێ (ڕاجـــی)، لـــە تـــەئریخی وەفـــاتی
بەدیـــداری بەهەشـــتیو، فـــەوزی شـــا بـــوو[1]
بـــە بیـــستو نـــۆی زی قەعـــدە، چـــوار شـــەب[2]
وە بیـــستی ئـــابی غـــەربی، ڕۆژ پیـــا بـــوو[3].

بۆ كۆچی دوایی (ئەحمەد) ناوێك

لەچـــاوەی كەوســـەرا شـــۆرا، لەســـەر دڵ هـــەر غوبـــارێ بـــوو
لەچـــۆڵی ماتـــەما دەرچـــوو، شـــكۆفەی خونـــچەزارێ بـــوو
هـــەتا تیغـــی هـــەوەس نەیدایـــە بـــەر مـــەودایی دڵـــداری
وەكـــو ســـۆفی بـــەدایم تانـــەجۆ بـــەد ئیـــشوكارێ بـــوو
كـــە كەوتـــە زەمزەمـــەی شـــادی لـــەڕێی دڵبـــەر پـــەناهی دا
بـــەدەم تـــاری تـــەرەب جـــامی ڕژاوی دەســـتی یـــارێ بـــوو
تكایـــە خـــاكی پـــێڵاوی شـــەهی ئیقلیمـــی جیـــسمو جـــان
لـــە زەڕڕاتـــی هـــەوادا، عاشـــقانە شەرمەســـارێ بـــوو

١- ئەم نیوە دێڕە بەپێی هەژماركردنی پیتەكانی ئەبجەد دەكاتە (١٣٧١)، بەڵام دەبێ لەكاتی هەژماركردنـدا بەم شێوەیە بنووسرێ: (بەدیداری بهشتیو، فوزی شا بو)، كە ڕێنووسی دیوانەكەیە.

٢- ئەم نیوەدێڕە بەپێی هەژماركردنی پیتەكانی ئەبجەد دەكاتە (١٩٥٢)، بەڵام دەبێ لەكاتی هەژماركردنـدا بەم شێوەیە بنووسرێ: (بە بیستو نۆی ذی قعدە چوار شب)، كە ڕێنووسی دیوانەكەیە.

٣- ئـەم نیـوەدێڕەش بـەپێی هـەژماركردنی پیتـەكانی ئەبجـەد دەكاتـە (١٩٥٢)، بـەڵام دەبـێ لـەكاتی هەژماركردندا بەم شێوەیە بنووسرێ: (وە بیستی آبی غربی، ڕۆژ پیا بو)، كە ڕێنووسی دیوانەكەیە.

لــەداوی کــاکوڵی گــوڵ، دەرکــەنارو، نــاوی ســەییادان
بەدیــدەی شــوکربینی کامــە دیــدە، خــووی شــکاریٚ بــوو؟
کە مەی نۆشی، لەجامی ئەشکەیی گوفتـاری (کـاك ئەحمـەد)
بــەبیٚ خــود، هاتــەگیران، گەرچــی نــاقۆڵا فــیراریٚ بــوو
لەمــەو بــەدواوە، خــامم کــرد بــە دورجو بــورجی گەنجینــەی
ئــەوی تــا ئێــستە هــەر ســاتیٚ دیــاری بــوو، دیــاریٚ بــوو
مــوزافی مــن نــەما، دڵ، بیبــە ســا چــی لێدەکــەی؟ بیکــە
ئــەلا (کــاك ئەحمــەد)ی گیانپــەروەرم، ئــەم بــارە تــاریٚ بــوو
قــەلا نــاڵێم دزیویــە، خــۆی چــووە دڵ جێگــە قــایم کــا
هــەتا ئێــستا، کــە بــیٚ بەختانــە هــەر ســاتیٚ لەشــاریٚ بــوو
لــە قەبریــشا، وەچــاکە لــەو دڵــە هــەر ڕەحــبو تووبــا کــەم
کــە مــەیخوارە لــە جــامی هــەق شوناســی، بــەختیاریٚ بــوو
لــە بــاغی گفتوگۆتــا، ســەر گــەڕا ئــەو مەرکــەزە، گــیرای
بــە ئــەم زوعفــە، لــەژێر ئــەو بــارەدا، چــۆن ئیــستیواریٚ بــوو!؟
خــودا ڕەحمــی لەگــەڵ کــرد، ئیمتیــسالی ئــەمری تــۆی دایــە
هــــەتا ئیمڕۆکــــە سەرگەشــــتەی بــــەلاریٚ یــــا دەلاریٚ بــــوو
نموونــەی هاتــە خزمــەت، تەجرەبــەی یــاری ئــەکرد، وەرنــە
ئەوی ناردوومە بۆ تۆ، گەرچی خۆش بـوو، ژەهـری مـاریٚ بـوو
هــەموو هــەنگی خــەیاڵم کــردە وەقفــی تــۆ، لەگــەڵ بــاوەڕ
کە ڕۆحیش هاتە خزمـەت موشـتەری خـۆی، بـۆ نیـساریٚ بـوو
گیــانی عــیلمو عیرفانــە بەکێــشان، ئەشــکەیی (ئەحمــەد)
بـە گوسـتاخی، لـەباخی لـوتفی ئـەو، (ڕاجـی) هـوزاریٚ بـوو.

پەسنی تاهیر ئەفەندی

هەرکەس، هونەرو فرسەتی ڕووی کۆمەڵی دیبێ
چاوی لە دوای لوتفو نەواکەی چەلەبی بێ
هەر کەس وەکو من، عاجزو تیمارە لە دەس غەم
چارەی نییە لەم وەڕتەیە، ئیللا بە لەبیبێ
حازر لەدەرو ژووری سەخاتن، بە عموومی
ئامادە بە خواهشتە، چ زانا، چ غەبی بێ
بۆ بەخشو عەتا، کۆمەڵە سا دوژمنو یارت
تێراوی ڕەوای بەختە، چ گەورە، چ صەبی بێ
وەك شاخی[1] سنەوبەر، هونەرت گردو بڵاوە
وەك بەحری دوڕو گەوهەرە ڕەشحەت ئەدەبی بێ
پڕ هێزە وەکو گەنمو، بەلاغت وەکو شەککەر
گەر فارسییو، کوردییو، تورکیو عەرەبی بێ
(ڕاجی) مەکە ئەندێشە، لەناو گەردوشی دەوران
نەمدیوە وەکو (تاهیر ئەفەندی)، چ نەجیبێ!!.

١- شاخ: لق.

نامەیەك بۆ (زێوەر) ی شاعیر
بەمەبەستی سەردان

گیـــــانی ژیـــــانی کـــــوردی قەڵەنـــــدەر
هیـــــوای وڵاتـــــی بـــــەرزو مونـــــەووەر
مـــــەردی بـــــە پێشـــــچوون، پـــــیری نیـــــشتمان
فەیلەســـــوفی کـــــورد ، حـــــەزرەتی (زێـــــوەر)
تکـــــای نـــــەژادی هـــــۆزی بـــــەئاوات
بـــــە بـــــەخت یـــــاری، وەکـــــو ســـــکەندەر
شەهەنـــــشای وتـــــار، ئـــــازۆتی وەتـــــەن
ئۆکـــــسجینی دڵ، ....(١)
بـــــۆ زیارەتتـــــان، خـــــۆی پێـــــشکەش ئـــــەکا
(ڕاجـــــی)، کـــــە ســـــاتێ ببـــــێ بـــــەهرەوەر.

١- لەبەر ڕەشبوونەوەی هەندێك وشەی ئەم لەتە دێڕە بەهۆی تەڕبوونی دیوانەکەوە، بۆمان نەخوێندرانەوە.

هۆنراوەی ئایینی

(١)

(ستایشی یەزدان)

ئـەی بـەناوی پـاکی تـۆم، بـۆ هـەر مـرازێ ئیبتیـدا
ئەی بـە حەمـدو شـوکری تـۆ، هـەر نیعمـەتێکم دڵ گوشا
ئاسمانــت کــردە قوببــەی عالــەمی جــوودو وجــوود
ئــاگرو ئــاوو هــەواو خاکــت نیــشاندا، ماســیوا
ساردو گـەرمو، تـرشو شـیرن، موجـەبو سـالیب هـەموو
ئیــشوکارت خــستە مــەودای مەقنــەتیسو کارەبــا
خـۆت کـە زانـا بـووی، ئیرادێکـی هـەوەڵ هێنایـە کـار
نیــسبەتو جــۆری وجــوودی گــشتی ئەشــیا، دارِژا
دینـەمۆی مانـا، بـە مێـشكو دڵ، لـە قـازانجو زەرەر
پــاتری گیــان پــڕ ئــەکا دونیــا لــە ئــاوازو ســەدا
تۆ هەبوویو کەس نەبوو، کردەت هەبوو، بنکـەت حودوس
حیکمـەتی عیللـەت بڵـێم چـی بـێ بەرانبـەر تـۆ، خـودا؟
هەر بە ئـەمری (کُـنْ فَکـان) بـۆ قاعیـدەی خـەڵقت نوانـد
چـەندو چـۆنی ئـەووەڵو ئـاخیر لـە عیلمـت ئاشـکرا
چونکە ئەتناسـن بـە حـەق تـۆی خـاوەنی کەشـفی وجـوود
قــەت تــەواو ناکــەن سوپاســت، ئــەنبیاوو ئــەولیا
گەرچـی (ڕاجـی)، لـەم هـەموو ئەسـراری تۆیـە نابەڵـەد
وا لــەقاپی ڕەحمــەتت، کەوتۆتــە حــاڵی حــەلوەلا.

١٩٥٠

(٢)

(مێژووی پێغەمبەرایەتی و کورد)

ڕۆڵـەیی ئـادەم، یەکـەم، بـۆ گـشتی میللـەت پێـشەوا
خاتــەمی پێغەمبــەری کردۆتــە ئەنگوســتی بــەقا
چــونکە ئـادەم هاتــە ژیــن، منداڵــەکانی پــێ بــەپێ
لێکجیـابوون، هـەر یەکـەی یـەك جـۆرە کـاری خستە ڕا
تـا لـەڕووی زانـستو فـەن، ئـایینو ڕێکـی چـوو لـەناو
هاتــە ڕوو پێغەمبــەرێكو، ڕێکــوپێکیی ڕێکخــرا
ویش کە ڕۆیی بۆ مـشوورگێڕانی بـەرگو عـەیشو نـۆش
هــەر کەســە دەســتی درێــژ کــرد، بـۆ سـەرو مـاڵی بـرا
چــی قەڵەنــدەر بــوو، لــەهێزی دەســتدرێژی دا هــەڵات
ویــش وەڵاتێکــی تــری کــرد ئــاوەدانو پــڕ بــەها
هــەر کەســێ دوور کەوتــەوە، کــارو زمــانی دابــڕی
(عَلَّــمَ الأَسمــاء) بــە مێــژووی ئـادەمی ڕاوێــژ ئــەدا
تا زەمـانی حـەزرەتی (نـوح)، ئیش لـە ڕێـزەی تێپـەڕی
هەرچـی ئیـشی خوێنمـژی بـوو، بلـقی تۆفـان قـووتی دا
نوح بەهۆی کەشتی، لە (جودی)ی ئێمە گرتی لەنگـەری
دابــەزی هــۆزی هونەرپــەروەر، لــە کوردســتان خــزا
پـێ بـەپێ زۆر بوونـەوە، دیـسان بـە خـاك وەربـوو، هـەرا
ڕاستو چەوتو، زۆرو کەم، دیـندارو بـێ دیـن تێـك قـژا
تـا (خلیـلُ الله)، لـە دەسـتی هـۆزی خۆخـۆری هـەڵات
گەییــە لای مەککـەو مەدینـە، مـاڵی کابـەی کـرد بینـا
کاکــە (ئیــسماعیل)ی گــەنجی کــردە قوربــانی، ئــیتر
یــەك بــەرانی دوگ زلی کــردە بــەلاگێڕی خــودا
گـەر بزانـی، کابـە بۆتـە حـەجی چـوارقوڕنەی جیهـان
ئـاوی زەمـزەم هـەڵقوڵا، بـۆ دڵبـەری مـەروەو سـەفا

گــەر ئەیانناســـن ئەمانـــەن بـــاوكو بـــاپیرانی كـــورد
هـــەر ئـــەوان زنجیرەیـــی پێغەمبـــەرانن، ئاشـــكرا
تـــا موحەممـــەد ، شـــاهی ئافـــاقی ســـەعادەت هاتـــە ڕوو
تـــەفرو تـــوونی خـــستە زوڵـــمو بوخـــلو جـــەهلو ئیعتیـــدا
ئایـــەتو ئـــایینی حـــەققی بـــۆ دەهێنـــا جوبرەئیـــل
بۆیـــە خزمـــی پیـــسی خـــۆی كوشـــتن، قومانـــدانی غـــەزا
بیستو سێ ساڵ كۆششی ئەو، بوو بـە سـەرمایەی ژیـان
وەحـــدەییێكی موشـــتەرەك، پـــیرۆزە، بـــێ فـــێڵو ڕیـــا
هـــەروەكو بـــارانی ڕەحمـــەت، بـــەڕڕو بـــەحری لێـــك وەشاند
تـــا لەســـایەی وی ژیـــان بـــۆنی بەهەشـــتی تـــێ گـــەڕا
كوردو عـارەب، توركو فورسو، هینـدو یۆنـانو فـەرەنگ
یـــەك وشـــەی كـــردن بەیـــەك، پێكـــچوو نـــەزانو شـــارەزا
چـــونكە قـــانوونێكی بـــەرزی بـــۆ بەشـــەر یەكـــسەر نوانـــد
كـــەس دەمـــی هەڵنایـــە بگـــرێ ڕەخنـــە تـــا ڕۆژی جـــەزا
ئـــەو زمانانـــەی كـــە ئـــادەم دایـــە دونیـــا بـــێ زیـــان
هەر كەســێ حــەزكا دروســتە، گــشتیان، خــۆی فێــر ئــەكا
چی ئەوێ فــەخری ڕیــسالەت؟ جــگ لــە خــاوێنو نــەجات
ئـــاوەدانی، یەكـــدڵی، ژینێكـــی بـــێ ڕەنـــجو بـــەڵا
ئەو بەهەشتەی خوا ئەفەرموێ، ئاخیرەت بـۆ پیـاوی بـاش
پیاوی باش بن، ئێـستە بـچنە ئـەو بەهەشـتەی دڵ گوشـا
گەرچـــی بـــیری كورتـــە (ژیكـــۆ)، خۆشەویـــستی كردگـــار
لێـــی ببـــورە ســـا لـــەقاپیت، كەوتـــە هـــاوارو تكـــا[1].

١٩٥٠

١- ئەم نیوەدێڕە بە پێی هەژماركردنی پیتەكانی ئەبجەد دەكاتە (١٩٥٠).

(٣)

(سەنای پێغەمبەر)

دوڕڕی هـەتیوی یەکییـەتی، هـەوا بـە دەشـتو شـار ئـەکا
لەسـەر سـەری گیـانو دڵ، قـەراری حـەق نیـسار ئـەکا
گوڵێـك لـە بـاغی ڕوومـەتی هـەموو بەهەشـتی پێوەیـە
چڵێك لـە مـوویی شـەوکەتی، لـە نیـشتمان شـکار ئـەکا
لـــەمێرخوزارو ئـــاگری خەلیلـــە دەستەچـــیلەکەی
وەڵاتـــی عـــارەبو عەجـــەم، پـــڕی لـــە نەوبـــەهار ئـــەکا
بڵـــێ: بناغـــەیی هـــەموو وجـــوودو ژینـــە تـــا ئەبـــەد
زەنـــگو زرینگـــی بەرزییـــە، لـــە عالـــەما دیـــار ئـــەکا
جیهـــان پـــەناهی ئـــادەمی، وەجـــاخی گوڵـــشەنی وەتـــەن
لـــە زەنـــگو ڕافـــی جوبرەئیـــل سەرخۆشـــی هۆشـــیار ئـــەکا
بـــە نـــوری پـــاکی کارەبـــا، گوڵـــۆپی خـــاڵی هیممـــەتی
لـــە شووشـــە داڕژاوی دڵ دەلیلـــی ئاشـــکار ئـــەکا
لـــە پـــشتی کـــوردەوە، کـــە بـــوو بـــە پـــشتیوانی عـــارەبی
ســـەما بـــە شـــێری مـــەغریبو، بـــە ئاســـکی تـــەتار ئـــەکا
بـــە بـــیری بـــەرزو غیرەتـــی، هونـــەر ئەخاتـــە جۆشـــەوە
لـــە کانگـــەکانی کـــاردا، (بـــەد و نـــەبڕ) بـــژار ئـــەکا
سیمورخی قـافی مەعریفـەت، کـە نیـشتە تـەختو تاجـەوە
ســـەماو زەمـــینو ماســـیوا، بـــە عیـــشق بـــەختیار ئـــەکا
حـدودو ڕەسمـی حیکمـەتی، کـە خـستە دەفتـەری وەڵام
خـەتمی دەفـاتیری سـەدو بیـستو چـوار هـەزار ئـەکا
سـبوتو سـەلبی عـەدلی ئـەو، بزانـە ڕیـزەگیرە چـۆن
کـە ڕوو ئەکاتـە چـاکەوە، پـاوانی ئیحتیکـار ئـەکا

لــه ڕۆژی نهگبــهتو غــهما، کیفــاحو عوشــرهته کــهوا
بـه وهحییـو دهسـتو مـوعجیزهی، وجـوود ئیفتیخـار ئـهکا
کــه دهســتی پــاکی عیزهتــی، بخاتــه کــاری بهخشـشا
بــارانو بــهحرو مــانگو ڕۆژ، ڕوو زهردو شــهرمهزار ئــهکا
کهســێ لــه ڕیــزی هاتــهدهر، چ کــهس بــه خــۆیی نــاگرێ
بــێ شــوێنهوارو دهربــهدهر، لــه ســاتێ ســهت هــهوار ئــهکا
خزمــی خــهراپی مهککــهیی، کــه چوونه بیری بــێ ســهمهر
بزانــه یــاری غــاری چــۆن لــه دهوروپــشتی غــار ئــهکا
فــاروقی حــهقو زهندهقــه، لهگــهڵ شــههیدی خانــهدان
(عــهلی) ئهکــهن بــه حهیــدهرو، هــهوا بــه زولفــهقفار ئــهکا
لهکارهســــاتی هیجرهتــــا، مهدینــــه ســــامی تــــێ ڕژا
بــه ئــهوسو خــهزرهجی لــه ڕێــی خــوداوه ئینتیــسار ئــهکا
وهغــایی خهنــدهقو ئوحــود، خــهتی حونــهینی پــێ ئهبهسـت
لــه ســاڵی ههشــتهما (صــهنهم) لــه کهعبــهدا فــیرار ئــهکا
سروشتی پاکی ئینــسو جــن، لــه بیستنی عــهجیبی حــهق
بــه نــوری بــاوهڕو هونــهر، سوپاســی کردگــار ئــهکا
پــهنای هــهژارو بێکهســان، کــه ڕشــتی هــهوری ڕهحمــهتی
خهراپــه مهســتو مــست ئــهکاوو چــاکه چــهنگوبار ئــهکا
لــهکاتی دادو ســهفوهتا، بــه ڕۆژو شــهو کــه جــارِ ئــهدا
هــهتا خــوڵامی ڕهش لهســهر منــارهدا کــهبار ئــهکا
شــهمایلێکی وا یهکــهم، لهعالــهمێکی نــوێوو کــۆن
گیــان ئهکاتــه بولبــولو، نــهوایی گوڵعــوزار ئــهکا
شــهوێکی مــاتو بــێ هــهرا، چــووه حــوزوری لامــهکان
وهڵامو شــهرتی پــێ درا، کــه عیــصمهت ئیختیــار ئــهکا

پەرۆشــی قــەومی خۆیــەتی، لــە تــەنگنایی مەحــشەرا
هــەتا بــە قەومــەکانی تــر، شــەفاعەتی قــەتار ئــەکا
بــــەخاس‌و عامــــەوە ســــەناخووانی دەرگــــەیی ئــــەون
کــێش‌و تــەرازووی جــودی ئــەو، نــەکو لــە ئینحیــسار ئــەکا
ڕەتــی بــەلاّوو شــەعوەزەو، ڕیــاوو زولــم‌و ســیحر ئــەکا
بــــە قــــول ئــــەعوزووان دەوای دلاّن‌و چــــاوەزار ئــــەکا
لــــە دائیــــرەی ئــــەدەب ئەگاتــــە ئاسمــــانی نۆیــــەمین
بــە جۆشــی عیــشقەوە ســەری لــە باوەشــی نیگــار ئــەکا
کــە تێکــەڵی ســەفایە ئــەو، چ بــاکی ئــەم فەنایەیــە؟
ئەچــێ لەپێــشەوە ســەرەی نفوســی خــۆی ژمــار ئــەکا
کە بانگ ئەکاتە ئوممەتی، تا فــەوج فــەوج‌و، تیپ بــە تیپ
لــە ڕێــی نــەجات‌و مــوژدەوە، ژیــانی پایــەدار ئــەکا
لە نــەعتی پــاکی موحتــەرەم، (ژیکــۆ) کــە ناگاتــە لیــام[١]
بــە نیــوە ئیلتیفــاتی ئــەو، لەمێــژە ئینتیــزار ئــەکا.
١٩٥١

(٤)

ســۆزی چــەمەنی ژیــن‌و، خــودا یــارە موحەممــەد[٢]
بۆنخــۆش‌و، گــەش‌و، ڕەونــەقی گــوڵزارە موحەممــەد
تــاجی ســەری حەقپــەروەرو مــەحبووبی ئیلاهــی
نــووری دڵــی سەرگەشــتەوو بیمــارە، موحەممــەد

١- ئەم نیوە دێڕە بە پێی هەژمارکردنی پیتەکانی ئەبجەد دەکاتە (١٩١٢) کە ساڵی لەدیکبوونی ڕاجی یە، بەڵام دەبێ لەکاتی هەژمارکردندا هەردوو وشەی (نەعت‌و موحتەرەم) بە ڕێنووسی عەرەبی بنووسرێن، بەم شێوەیە: (نعت، محترم)، کە ڕێنووسی دیوانەکەیە.

٢- لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (سەوزەی چەمەنی ژین‌و، خودا یارە موحەممەد).

بنـــچینەوو سەرچـــینەیی حـــوکمو ئـــەدەبو دیـــن
دوژمـــن بەســـەری شـــێتو کـــەرو هـــارە، موحەممـــەد
دوڕڕی ســـەدەفی بـــەحری مـــوحیتی ســـەمەدانی
قـــەترەی کـــەرەمو رەحمـــەتی جـــەببارە، موحەممـــەد
بـــۆ ژینـــەوەوو، مەحکەمـــەیی ڕۆژی قیامـــەت
پێنـــاوی هـــەموو هـــۆزو، تکاکـــارە موحەممـــەد
نـــەك بـــۆ عـــەرەبی مەککـــەوو ئـــەتراف‌و مەدینـــە
بـــۆ گـــشتی بەشـــەر، مەرهـــەمی ئـــازارە موحەممـــەد
بـــۆ یەکییـــەتی ئینـــسان‌و، ژیـــانێکی بەخۆشـــی
خـــۆی موددەعییـــەو، شـــاهیدی کـــردارە موحەممـــەد
ئـــەو، کۆمـــەڵی ئـــەحزاب‌و شـــەیاتینی شـــکاندن
بـــۆ لەشـــکری حـــەق، ســـەروەرو ســـالارە موحەممـــەد
بـــەو حیکمـــەتی قورئـــانییو، ئیلـــهامی خـــودایی
شـــاهێکی بلّنـــد حوججـــەت‌و گوفتـــارە موحەممـــەد
ئـــەو پێـــشڕەوە بـــۆ ئوممـــەت‌و، ســـەرجوونە لـــە عالـــەم
خـــاوەن کـــەرەم‌و هیممـــەت‌و ڕەفتـــارە موحەممـــەد
بـــەو زاتـــە ئـــەنازم، لـــەژیانی دوو جیهانـــا
دەرمـــانی غـــەم‌و دەردی دڵ‌و زارە، موحەممـــەد
(ڕاجـــی)، بەســـە ڕووزەردییـــو، سەرچـــەوتییو خولـــدان
تـــا ڕۆژی دوا، هـــەر بلّـــێ هـــاوارە، موحەممـــەد.

١٩٤٧

(٥)

پێنج خشتەکی لەسەر هەڵبەستێکی (دڵزار)[١]

ئەصڵی هونەرو، فەصڵی هەموو ڕازە موحەممەد
تیشـــکی سەحەری ڕۆژی پڕ ئاوازە موحەممەد
مێشکی صەدەفی کۆمـەڵی دەم سازە موحەممەد
شـــۆخێکە لەناو عالەمی مومتازە موحەممەد
خاوەندی هەزار ئایەتـی ئیعجازە موحەممەد

نوورێکە لەناو کیشـــوەری جانان، نییە حاجیز
گەنجێکە لـە بۆ نەوعی بەشـــەر جائیزو فائیز
شاهێکە لەسەر تەختی مەقاسـید نییە عاجیز
مـانەندی لە ناو کۆمـەڵـی خووبان نییە هەرگیز
ســەرچاوەیی حوسنو ئەدەبو نازە موحەممەد

گەر ژاڵەیی نیســـانە، وەگەر ئاگری ســـوورە
گەر عونسوری ئینسانە، وەگەر سوورەتی موورە
ســەربەرزە لە ڕووی، چونکە هەیولایی حزوورە
ڕەنگینە بە ڕوخســاری، ئەڵێی پڕتەوی نوورە
مەخموورە بە چاو شاهیدو شەهبازە موحەممەد

بۆ قەدری بەشەر، چاوی سـیای گرتووە بەژنی
ســەروی بە هەوا خستووە، بەرزی خووە بەژنی
سینەی قەفەســی عیلمو، نموونەی مووە بەژنی

١- ئەم پێنج خشتەکییە لە دیوانە دەستنووسەکەی (ڕاجی) دا نییە، لە دیوانی (دڵزار)ەوە وەرمانگرتووە. دیوانی دڵزار، ئامادەکردنی: دڵزار، پێداچوونەوەی: ئازاد دڵزار، چاپی دووەم، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر، ساڵی ٢٠٠٦، لا ١٨٩-١٩٠.

وەك شەتڵی سنەوبەر، بە هەوا هەڵچووە بەژنی
ڕێك كەوتووە ئەندامی بــە ئەندازە مـوحەممەد

بەم تەرزی لــەبو گەردەنی بــەرزو دڵی داهی
بەم پەرچەمی پڕ هالەوو، بەم ڕوومـەتــی مـاهی
بــەم ڕیزە گوهەر، ڕیزە ددانەو ســەری جاهی
بەم تیری مـوژەو، شیری برۆو، سونگی نیگاهی
خاوەندی ســوپاو لەشكرو سەربازە مـوحەممەد

كولمەو لەبەكەی، پرتــەوی دوو عـالەمە بە خوا
نــووری قیـدەمو، بــەهرەوەرو خاتەمە بە خوا
زنــجیـرەوو شــیرازەی بەنـی ئـادەمـە بە خوا
هەرچەندە بكەم وەسفی جەمـالی، كەمە بە خوا
گەنــجێكە لەناو ئادەمیــیا شــازە مـوحەممەد

جان خادیــمی دەرگانەیەتی، بـێ خورو بێ خەو
دڵ عـاشــقو پەروانەیەتــی، ڕۆژو ئەگەر شــەو
تۆش هەروەكــو (ڕاجـی) بە خوا مـەحوی لە پرتەو
(دڵزار) مـەبە غـافڵ لە جیهەت مـەدحو سەنای ئەو
بــۆ ڕاهی نەجات، مـەتڵەبو دڵـخوازە موحەممەد.

(٦)

تابنـــــده، وه‌کـــو ڕۆژی دره‌خـــشانه موحه‌مـــه‌د
تـــاجی هونـــه‌رو، ســـێبه‌ری ئینـــسانه موحه‌مـــه‌د
شـــه‌رحی دڵو، به‌نـــدی جگـــه‌رو، ڕه‌ونـــه‌قی جانـــه
ئـــه‌و مه‌رکـــه‌زی پـــه‌رگاری هـــه‌موو کانـــه، موحه‌مـــه‌د
ده‌ستووری گـه‌لی کۆن‌و نـویَ، نه‌سخی به‌سـه‌ر هـات
قـــانوونی حه‌کیمانـــه‌یی قورئانـــه، موحه‌مـــه‌د
هـــه‌ر پادشـــه‌هێ که‌وتـــه فـــه‌ناو، میللـــه‌تی قـــڕ بـــوو
ئـــه‌و میللـــه‌تی ســـه‌رکه‌وت‌و، لـــه دیوانـــه موحه‌مـــه‌د
گیـــانی منـــه، ســـه‌ربازی غوبـــاری بـــه‌ری پێتـــه
جـــه‌رگ‌و دڵـــی مـــن پێـــشکه‌ش‌و قوربانـــه، موحه‌مـــه‌د
ئـــاواتی هـــه‌موو هـــۆزی هـــه‌ژاره، لـــه جیهانـــا
چـــاوه‌ی کـــه‌ره‌م‌و بـــه‌رزیپو ئیحـــسانه موحه‌مـــه‌د
سه‌رچـاوه‌یی ژیـن (ئـامیرو نـاهی)، بـه دوو عالـه‌م
قیبلـــه‌ی به‌شـــه‌رو که‌عبـــه‌یی ده‌ورانـــه، موحه‌مـــه‌د
ئه‌و مـه‌زهـه‌ری ئیلهامـه، له‌گـه‌ڵ وه‌حیـی سـه‌ماوی[1]
بـــۆ عـــه‌دلی هـــه‌موو مه‌حکه‌مـــه میزانـــه موحه‌مـــه‌د
ســـه‌ر له‌وحـــه‌یی ئایـــاتی هونه‌رمه‌ندییـــه، هـــه‌ر خـــۆی
ئه‌نـــــدازه‌وو، شـــــیرازه‌وو، بورهانـــــه موحه‌مـــــه‌د
نوورێکـــه لـــه‌ناو بـــه‌رگی به‌شـــه‌ردا، کـــه‌دیاره
بـــه‌رگی به‌شـــه‌ره‌و ســـاتیری نوقـــسانه، موحه‌مـــه‌د
(ڕاجـی) به‌فیـدای خـاکی ده‌رت، له‌نگـه زمـانی
بیبه‌خـــشه لـــه‌ڕووی ئـــاگری دووخانـــه، موحه‌مـــه‌د[2].

١- له‌شوێنێکی دیکه‌دا ده‌ڵێ: (ئه‌و مه‌زهه‌ری بنیاده‌مه تێکڕا، به سه‌عاده‌ت).

٢- له‌شوێنێکی دیکه‌دا ده‌ڵێ: (ناگاته حه‌قی وه‌سفی تۆ له‌م خانه، موحه‌ممه‌د).

(٧)

(ئامۆژگاری)

گــــەر موســـڵمانی، مەدۆڕێنـــە دڵـــی تـــازەو لەمێـــژ
بگرە ڕێگەی شاهیدیو، حەجو، زەکـاتو، صـەومو نوێـژ
بێنـــە بڕوایـــی بەیـــەزدانو مەلـــەك، واتـــەی پـــەیام
نـــاردراوو، ڕۆژی هەســـتانو، بـــڕاوەی ڕاســـتو لێـــژ
گـەر خـەریکی چـاکە بـی، هـەر بـۆ خـودای کـە، بـێ ڕیـا
تـۆش نـەبینی، ئـەو ئـەتۆ ئەبیـەو ئـەبینێ، هـیچ مەوێـژ
هەرچـی لێـت پـەرژین کـراوە، خـۆت بپـارێزە لـە ئـەو
چـونکە گـشتی لێـك ئـەکا، بنیـادەم ئەیهاوێتـە گێـژ
دز مەبـە، تـالاَن مەکـە، بڕیـاری خـاوێن بگـرە دەس
بـۆچ دەخـۆی تـووك، بۆچـی نـاخۆی پـاکراوی بـێ قڕێـژ؟
تـۆش مەبـە مـامی تەژەنـدەر، هـەردوو قاچیـان بڕیـەوە
هەر بەقەد پێویستی خۆتکـە، (پـێ لەسـەر ڕایـەخ درێـژ)
ڕۆژی هەسـتان، کـێ ئـەزانێ، کـەی بـە گـۆڕێ وەرئـەبێ؟
پێت بڵێ (ڕاجی) نیشانەی؟ گچکە ئەبنـە گـەورە نێـژ !!.

١٩٤٧

(٨)

لـــەقاپیی غیرەتـــی تـــۆدا، ئەوەنـــدە مـــاتو دامـــاوم
بـەخوێنی جـەرگو دڵ، ئێـستا، حەسـوودی وا دەبـا چـاوم
دەلیلولحـــائرین تاکـــەی، شـــەفیعولموزنبین تاکـــەی؟
بنـــاڵم بـــەم هـــەموو دەردەو، بتـــۆرێ بـــەختی وەســـتاوم
کەسێکت خۆشـدەوێ مـەردی دوو خانـەی دیـنو دنیـا بـێ
لەخانـــەی ئـــاخیرم ناگـــەم، کـــە لێـــرەش هـــەڵکڕوزاوم

لەبــەر (مــن يتَّــق اللهَ)، گــەلێ ئیــشم فرێــداون
لەگــەڵ (یَجعَــل لَــهُ المَخْــرَج)، ئــیتر بۆچــی فرێــدراوم؟
لــەلای مــەولا، (مَفــاتیحُ الغیــوب)و غــەیری تێناگــا
لەئێــــستاوو دووایییــــدا، وەرە فریــــایی گــــەرداوم
کــە عیــسا مــوژدەیی: (یَــأتي مِــنْ بَعْــدي إسمُــهُ أَحْمَــد)
بــە قــەومی داوو مــن هــاتم، لەمەیــداناوو هەســتاوم
پەرستیم زاتــی هیممــەت بــەرزی تــۆ، بــێ وەی کــە بتبیــنم
لە بەحری عیشقی مەردیتا، نوقــوم، وەك بــەردی بــن ئــاوم
(أَلَــمْ نَــشْرَحْ لَــكَ صَــدْرَكْ، وَضَــعْنا عَنْــكَ أَوْزارَكْ)
(رَفَعْنــا ذِكْــرُكَ الأَعْلــی)، بــەناوت، چــەندە بــەدناوم
گــەلێ پــەرپووت‌و فــەرتووتم، خــەریکی ســووتی ناســووتم
نەگەیــە کــاخی لاهــووتم، لــە ئــەووەل خــەتوە جێمــاوم
دەمــێ قرچــەی هــەناوم دێ، لــە کــوورەی دەردو دڵــداری
دەمــێ لــەرزین لــە ئەنــدامم دەچــێ بۆیــە پەشــۆکاوم
(فَــسُبحانَ الــذي أَسْــری بِعَبْــدٍ مجمَعــاً أَقْــصی)
لــەئاگردانی ســینەمدا، وەکــو (پــشکۆ)، نــەجوولاوم.

(٩)

یــارەب! چ گــەداحاڵو، پەرێــشانی جــەفا خــۆم
یــارەب! چ گرفتــارو، کەمەربەســتی خــەتا خــۆم
نــەمبوو لــە حــەزەر وەســفی سەفا، خزمــەت‌و ئیحسان
مــەجبووری هــەواو بیدعــەت‌و، بێــرەنگ‌و بــەها خــۆم
ئــەو ڕۆژە، کــە مــن دێمــە نــەزەر بــاخی حیسابات
بــێ بــۆیی گــوڵو یاســەمەن‌و ســەروو ســەبا خــۆم

ئـــەو وەختــە لەســەر ڕێمــە، شــەرارەی دەمـــی زینـــدان
بـــێ ئـــاوی ســـەرئەفرازییو، ســـووتاوی جـــەزا خـــۆم
مـــن، لایـــەقی هـــەر تـــەرزە عـــەزابێکی گـــرانم
پــڕ فیــسق‌و ئەمــەل، بـێ عـەمـەل‌و زیکـری خـودا خـۆم
مـــەیلم نـــەبوو یـــەك لـــەحزە، لـــە دیـــوانی عیبـــادەت
سەرگەشـــتەیی بـــازاڕی فڕوفێڵـــی فـــەنا خـــۆم
فیکـــرم بـــە هـــەبا مەســـرەفی ئـــەتواری دەغـــەڵ کـــرد
پامـــاڵی بـــەلای شـــەش جیهـــەتی ڕۆژی لیقـــا خـــۆم
عـــومرم گـــوزەری، گـــشتی، لـــە ئـــەحواڵی تەرەبـــدا
ئـــەی بـــێ تـــەرەبی مەجلیـــسی دیـــوانی بـــەقا خـــۆم
نـــەفعی ئەبـــەدو، نیعمـــەتی عوزمـــا، چـــوو لـــە کیـــسەم
ئـــەی پـــڕ خەتـــەری چـــۆڵ‌و بیابـــانی هـــەبا خـــۆم
ببەخـــشە بـــە ڕووی (ئەحمـــەدو، یاســـین‌و، موحەممـــەد)
لـــەم ڕێگـــەیی تەقدیـــسە، عەجـــەب، بـــێ ســـەروپا خـــۆم!!
ببەخـــشە بـــە گـــوڵزاری خـــەلیل‌و، کـــەرەمی نـــووح
ئـــەی دڵ بـــەگڕو، غـــەرقی خـــەجالەتی ســـیا خـــۆم
ببەخـــشە بـــە مووســـاو، دەمـــی حـــەزرەتی عیـــسا
ئـــەی کوشـــتەیی ســـەد ســـاڵەیی بـێ دەســـت‌و عەســـا خـــۆم
ببەخـــشە بـــە خـــاکی ســـەمەری ئـــادەم وحـــەووا
ئـــەی ڕوو ڕەش‌و پـــەژموردەیی بـــێ ســـوودو حـــەیا خـــۆم
ببەخـــشە بـــە ئەســـحاب‌و، بـــە ئـــال‌و، عولـــەمایان
ئـــەی دەفتـــەری جـــەهالییو، دوشمـــن بـــە خـــەتا خـــۆم

یـــا ڕەببـــی! ئـــەتۆ غـــافیری عیـــسیانی لـــە (ڕاجـــی)
یـــاڕەببی! چ ڕوو بێنمـــە دەرگـــاهی ڕجـــا، خـــۆم؟!.

(١٠)

یـــا موحەممـــەد، عەنـــدەلیبی باغـــچەو گـــولزاری تـــۆم
عاشـــقی کەعبـــەو نـــەجاتی ڕێگـــەوو ئاســـاری تـــۆم
بێکەســـم، کـــردم دەخالـــەت، ڕەحمـــەتی تـــۆ بـــێ، خـــودا
دائیمـــا هـــەر چـــاوەنۆڕی شـــوعلەوو ئـــەنواری تـــۆم
حـــازری چـــەرخی شـــەهادەت بـــووم، لـــەدیوانی ئـــەزەل
بـــۆ ئەبـــەد، میزانـــی عەهـــدو نیـــسبەتو دیـــداری تـــۆم
دڵ بریـنـــدارم، بـــە ناڵـــەی گـــەرمو ئـــاهی ئـــاگریی
ئینتیـــزاری مەرهـــەمێکی لێـــوی گوڵـــشەنکاری تـــۆم
نـــیمو، هـــەم، گـــەر خـــاکی ئـــەرزی ئەسفەهانم، یـــا عێـــراق
هـــیچ نـــەبم، مـــەربووتی خـــاکی پـــایی جەننـــەتزاری تـــۆم
مەنبـــەعی فیکـــرو خـــەیاڵم، کـــرد لـــە مەســـتیدا خەســـار
تۆبـــە بـــێ ســـەدجار، کـــە ئەمـــشەو دەمـــزەدەو گوفتـــاری تـــۆم
یـــا حـــەبیبوڵڵا، نـــەجاتم، خاســـە کەوتـــە دەســـتی تـــۆ
کـــەممی بـــێ میقـــدارو، کـــەیفی بـــێ ڕوخو خونخـــواری تـــۆم[1]

١- ئەرستۆ لە کتێبی (گوتەکان - المقولات - کاتیگۆریاس)دا پێیوایە لە بیرسانانسی (علم المنطق)دا (١٠ دە) گوتە هەن، ئەوانیش بریتین لە:
١- گەوهەر- الجوهر. ٢- چەندێتی - الکم. ٣- چۆنێتی - الکیف. ٤- شوێن - المکان. ٥- کات - الزمان. ٦- خستنەسەر - الاضافة. ٧- ڕەوش -الوضع. ٨- ڕەوشی کاتیی - هەیەتی - المِلْك . ٩- کردار - الفعل. ١٠- گۆڕین، کارتێکردن - الانفعال.
(ڕاجی)یش لەم هۆنراوەیەدا ناوی هەر (١٠) گوتەکانی هێناوە، بەم شێوەیە:
١- کەممی بێ میقدار = چەندێتی. ٢- کەیفی بێ ڕوخ = چۆنێتی. ٣- خونخوار = ڕەوش. ٤- خەستە = ڕەوشی کاتیی. ٥- زەمان = کات. ٦- مەکان = شوێن. ٧- مونفەعیل بوو مولکی دڵ = گۆڕین، کارتێکردن =

مونفەعیل بوو موڵکی دڵ، بردەی زەمان، خەستەی مەکان
هەر مـوزافی جەوهەری پڕ حیکمەتی ئەسراری تۆم
دەم بە دەم، تەبشیری تۆ، دەرمانی دەردو غەم دەکا
جارە جارەش، دەردەداری دیهەشتو ئینزاری تۆم
ڕەندو، بێباکو، تەرەبناکو، سەفاکەش بووم، دەمێ
ئێستە شوکرانە لە نەزمی گەوهەری ئەشعاری تۆم
بێکەسێکم، چوومە قاپی ڕەحمەتت، ئەی خۆشەویست
هەروەکو (ڕاجی)، تەڵەبکاری مەیی میدراری تۆم.

(١١)

وەحدەتە شەرتی مەحەببەت، پەیڕەوی پێغەمبەران
ڕوو لەچاکە کردنە، خۆ تەرکی ڕاوێژی کەران
کێ منی هێنایە دی، هەر ئەوشە ئیشم پێ ئەکا
بۆچی سەربەستم لەکارا؟ چونکە سەرمەستم لە کان
ئەو کەسەی بیدا هیدایەت، شەرح ئەکا سینەی لە دین
ئەو کەسەی ڕێی لێ بگۆڕێ، ڕەق ئەکا دڵ، وەك گیان

٨- بردەی زەمان = کردار. ٩- حەبیبوڵڵا - تۆ - (پێغەمبەر - د.خ) = گەوهەر. ١٠- پڕ حیکمەت = خستنەسەر.

بەلای (ئەرستۆ)وە بێجگە لە گوتەی (گەوهەر) کە گوتەیەکە خۆبەخۆ هەیە، نۆ گوتەکانی دیکە گوتەی ڕووکەشو ڕواڵەتینو لە گەوهەردا هەڵگیراونو بوونەتە نیشانەکانی گەوهەرو بوونێکی سەربەخۆو خۆبەخۆیان نییە. شیاوی گوتنە کە (کانت ١٧٢٤ - ١٨٠٤) ڕەخنەی لە گوتەکانی ئەرستۆ گرتووەو پێیوایە کە ئەو گوتانە گوتەی ئەنتۆلۆژینو، لەجیاتی ئەو (١٠) گوتانەی ئەرستۆ (١٢) گوتەی ئیپستمۆلۆژی داناوە. (هیگڵ)یش وەکو یەك ڕەخنەی لە گوتەکانی کانتو ئەرستۆ گرتووەو زێتر لە (١٠٠) گوتەی هێناوەتەوە. هەروەها بیرساناسانی (پۆرت ڕۆیاڵ)و (جۆن ستێوارت مل) یش بەتوندی هێرشیان کردۆتەسەر گوتەکانی ئەرستۆو ڕەخنەیان لێگرتووە.

سەرچاوە: دەروویەك بۆ ناو بیرساناسی، وەرگێڕانو ئامادەکردنی بەکوردی: ئیسماعیل ڕاجی، دەستنووس.

کـێ هەیـە دادو شـەفاعەت کـا، هـەتا ئیزنـی نـەدا؟
کـێ ئەکاتـە شـاه و،کـێ شـاڕابەرو، کـێ پاسـەوان؟
کـێ ژیـانو ڕزقـی عالـەم بـەش ئـەکاو، بێبـەش ئـەکا؟
بۆچـی هێنـدێك شـادمانو، مـن نـەخۆشو دڵ بـەژان؟!
لێـی نـەگۆڕێتو، دەقـاودەق ئـیش بکـاو، عـاجز نـەبێ
لێـره ناگونجـێ، ئـیتر، وێنـەی کـلاشو ئاشـەوان
کێیە حەزکا خۆی ببێو، حەزکا لە بۆگـەن بـوونی مـەرگ؟
سـەیرە بـازاڕی خـوا، سەرسـامیی سـەوداگەران
فەلـسەفەی دیـنو ڕیسالەت، حیکمـەتن بـۆ مێـشكو دڵ
هـەر لـە دونیـا ئاشـکرایە، هـەردوو خـانووی ئـاوەدان
نافرۆشـێو نـاکڕێ، موحتـاجی پـارەو پـوول نییـە
ئەیـشکێنێو، ئەیوەشـێنێو، ئەیـژمێرێ ئـان بـە ئـان
چـاو بـدە (نَحْـنُ قَـسَّمْنا بَيْـنَهُم)، بـاش تـێ ئەگـەی
یـەك نـەبی، یـەك ترسنۆك، یـەك ڕۆستەمی مازەنـدەران
گـەر ئـەزەل پـیلان بگێـڕێ، مـن بـەکێ بـەربار ئـەبم؟
بـۆچ ئەمانـەتیان نەکێـشاون، زەمـینو ئاسمـان؟
مـارو مێروولـەش مەحەببـەت ئـەگرنو، یـەکتر ئـەخۆن
شێرو ڕێوی، بەورو کەروێشکیش، هـەموو قـودرەت سـەران
پیـسە سـەوداییکە مێـشکی ئێمـە ئەشـکێنێ وجـوود
پێکمـان دوژمـن ئـەکاتو، ناوبـژی نـادا وچـان
هـەر ئـەمن چـاکی ئەناسـم، دەوڵەمەنـدی بـێ شـەریك
کاکـە (ژیکـۆ)، ئـاخۆ ئینـسانێك ئەچـێتە لامـەکان؟!.

**

هەمەڕەنگ

أ- جووت سەروا

(١)

(نەورۆزی ساڵی ١٩٦٤ – دەنگی جوتیاران)

کــە نــەورۆزە ئیمــڕۆ لــە ســاڵی نــوێ
بەرامبـــەر وەڵاتـــت، دەشـــلکە گـــوێ
ببیـــسەو، بنووســـەو، بکۆشـــە بـــەهێز
لـــە هـــۆزت ببەســـتە مەبەســـتت بـــەڕێز
بـــە خاوەنکـــە گـــوڵزارو ئـــاوو زەویـــت
بڕازێنـــــەوە هـــــەر بڵنـــــدو نـــــەویت
ببـــە خـــزمو جـــیران، بکـــە پـــەیڕەوی
هـــەموو بـــیری بـــەرزو کەســـان کـــە کـــەوی
بکـــە خـــزمو هـــۆزت تـــۆ ئامۆژگـــار
بـــچێنە لـــە خاکـــت هـــەموو چەشـــنە دار
بکێڵـــە زەوی‌و زار، جۆمـــاڵ بکـــە جـــۆ
لـــە ســـامان‌و بەرهـــەم، پڕیکـــە مـــەکۆ
بـــەکاری گرینگـــت، بگێـــڕە مـــشوور
بـــە چـــنگی پڵینگـــت، بکێـــشە لـــە دوور
هـــەموو جـــۆرە پنجێـــك بـــچێنە لـــە بـــاخ
لـــە بـــێ میـــوەیی، قـــەت مـــەخۆ ئـــاخ‌و داخ
لـــە هـــۆزت بتەخـــشێنە، هـــەر هێـــزی خـــۆت
بـــە بۆشـــی مەهێڵـــە خـــەتێك وەردو شـــۆت
بـــە کۆمـــەڵ، وەڵامـــی بـــدە نیـــشتمان
مـــەپڕژێ لـــە ترســـی بـــەدو دوژمنـــان

بــەری ســالّی تــازەت کــە نــەورۆزە، هــات
نەلــەنگیّ لــە ژێــر بــار، شــانی خــەبات
لــە دوژمــن بــە تــەنگ بێنــە دنیــای پــان
دلّــی دەربکــەو، ئــیتر مەیــدە وچــان
ئــەزانن کــوڕی نــووحو زەردەشــتی تــۆ
وەجــاخی خــەلیلی، بــەبیّ گفتوگــۆ
کــە بــەدگۆی وەلاّتــت خزانــیّ لــە ڕۆخ
ئــەخوازن دەرێــنن دەمــارت لــە مــۆخ
ولاّتــت چــلۆن بــوو، بەدەســت تورکــەکان؟
خــەریك بــوون نــەهێلّن، چ ناوونیــشان
لەگــەلّ ئینتیــدابو، ســوپای ئینگلیــز
لــە دوو ڕووی وشــانی (فَکُــنْ، یــا پلیــز)
دوای وان، کــە شــاهیی قــەراری درا
ســلێمانی، بەیــداخی لــیّ هــەلّکرا
بــە چــەندێك دەسیــسەی بــەدانی لــەعین
شــکا مــافی کــوردی بــە زامو بــرین
لــە ڕێگــەی ئومــەم، کــورد بــە (فەیــسەلّ) درا
خیانــەت کەوتــە نــاو هــۆزو خــزمو بــرا
بــە(عەبــدولهیلاك)[1]و بــە (نــوری ســەعید)[2]
جەهەنــدەم تکــای کــرد بــە(هَــل مِــن مَزیــد)؟

١- عەبدولهیلاك: مەبەست لە (عەبدولئیلاه)ە کە (وصی) مەلیك فەیسەلّ بوو، چونکە ئەو کاتە مەلیك فەیسەلّ تەمەنی بچووك بوو.

٢-سەرۆك وەزیرانی عێراق بووەو، لەدوای دامەزراندنی حکومەتی عێراقەوە چەندین پۆستی جۆراوجۆری پێدراوە.

لــە پــاش وان شــۆڕش بــە چــواردەی تــەمووز
شـــــەریکایەتی بـــــوو بـــــەنانو خـــــەپووز
کــە لایــدا لــە ڕێ، (قاســم[1])ی شەڕپەرســت
بــە مــستێکی کــوردی، هــەمووی چــوو لــە مــست
لـــە ڕووی ســـاڵو نیوێـــك، چ ســـامانی خـــاك
کـــە بێگانـــە بـــردیو، تەقـــەو ســـووتو لاك
ئەســـــووتان چـــــیاو دەغـــــڵو دانو گیـــــا
ئەســـــووڕا شـــــەڕێکی بڵنـــــد، ســـــەر نیـــــا
لــە هــیچ هــاتو کاتــێ، ســوپا ســەرنەکەوت
هــەموو کــاری (قاســم)، بــە شــۆڕش بــوو چــەوت
نـــەدەی ەســـتی پیـــست لـــە ئـــاواتی کـــورد
ئـــەگینا خـــەیاڵت ئـــەکا خـــاشو ورد
ئەوەنــد جــاشو جۆشــکی لــە(عەفلــەق)[2] کــڕی
هـــەمووی لـــێ بـــووە بـــوغمو ئـــاخر شـــەڕی
کـــە کەرگـــەل بـــەرەڵلای خاکـــت کـــران
بـــە تـــۆپین خزانـــە مـــەزاتو مـــەیان
لـــە بەعـــسی جـــەڕابو، دەفـــەی عەفلـــەقی
لـــە دەریـــایی کـــوردی، دڕاوو تـــەقی
لەگـەڵ ئـەو هـەموو کۆمەکـەی شـەرقو غـەرب
نـە (قاسـم)، نـە بەعـسی، نەگەیـشتن بـە ئـەرب

٣- مەبەست لە (عەبدولکەریم قاسم)ە، ڕێبەری شۆڕشی ١٤ تەموزی ١٩٥٨ و یەکەم سەرۆك کۆماری عێراق، کە کۆتایی بە ڕژێمی پاشایەتی هێنا لە عێراقدا.

٤- مەبەست لە (میشیل عەفلەق)ە، یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی.

نەکـــەی دەس بخەیتـــە یەخـــەی کـــوردو کـــاڵ
بـــەلا هەڵمەڕێـــژە لـــە مـــاڵو منـــاڵ
بەخێوکـــە بـــە کـــوردی هـــەموو ئـــارەزووت
ژیـــان بەهرەوەرکـــە، لـــە نـــابووتو لـــە بـــووت
ئـــەوا دەرکـــەوت چـــەند نیـــشانەی بـــەهار
بریـــسکەی هـــەواو، تریـــسکەی هـــەوار
لـــەناو تـــافو بافـــا، گـــوڵو لالـــەزار
هـــــەمووی ڕێکخـــــراوە، چ لادێ چ شـــــار
ســەری مــافی کــوردی، بڵنــد بــوو لــە خــەو
لـــە مەیـــدانی هەقـــدا، بـــەرەڵلان جەڵـــەو
بـــدە تـــۆ بـــە هـــۆزت، تـــەوژمو تـــەکان
بـــسووڕێنە ســـەر خـــۆت، خـــولی ئاسمـــان
خـــەباتت بکـــا بـــا بـــرا پێـــك تـــەبا
کـــە هـــیچ شـــت بـــەراتت لـــە ڕێ لانـــەبا
بـــە شـــادی بکـــەن ســـەر، کـــوڕانو کەنیـــشك
نـــەبێ بـــاکی هێـــزت لـــە بـــارانو تیـــشك
ڕیـــازەت بکـــەن، پـــەل قـــەوی پاڵـــەوان
پزیـــشکە ڕیـــازەت، بـــە دەردی گـــران
بـــە مێـــژوو ئەناســـرێ ســـەرو کـــاری کـــورد
بـــە ڕاوێـــژی خـــاوێن، بـــە کـــرداری گـــورد
بـــەڵێ کـــوردە، هەنـــدامی چەســـپاوە ڕێـــك
کـــە بـــۆ پیـــاوی ئـــاقڵ تـــەواوە وشـــێك
بـــە دوو چـــاوی تیـــژو، ڕەشو کـــاڵو بـــز
لـــەناو چـــاوی خـــەڵکی، گـــران چەشـــنی مـــز

لــــە بەخـــــشینو بــــەرزی منـــــاڵیش تـــەواو
بــــە دەریـــــایی زانـــــین، هـــــەموو ئـــــاودراو
ســـــەراپایی کــــوردی ئەناســـــم بـــــە خـــەڵك
لــــە کوردانـــــە، عالـــــەم وەریگرتـــــووە کـــەڵك
بــدەن پـــاڵ بـــە یـــەك، ڕاپـــەڕن نـــەرمو ســـووك
بکـــەن کـــاری دوژمـــــن، لـــە هـــەرلا چـــرووك
بکۆشـــــن لــــە پارتییـــــەوە، تـــــا ببنـــــە گـــــەل
لــــە دەس دەرنەچـــــێ بـــــا ســـــامانو هــــــەل
ئەوانــــــەی خەڵـــــەت بــــوون، بیانگێڕنـــــەوە
ئەوانــــــــەی دیـــــــارن، مەیانـــــــشێرنەوە
ئەگـــەر جارســـیی کـــرد، یـــەکێ ســـەر چـــەوت
بـــسووتێنە جـــەرگی، بـــە تیـــژاوو نـــەوت
بــــە ڕاســــتی بنۆڕیــــە کــــارت لـــــە ڕێ
وەلامــــی خـــــەباتت، لــــە بــــیرت نەچـــێ
برازێنــــــــەوە دایکـــــــــی نیـــــــــشتمان
وەك بـــــووکی تـــــازە، لـــــەماوەی زەمــــان
ترازاوەکـــــــانی تەباکـــــــە بـــــــە یـــــــەك
بــــە زانـــین کــــە نــــەکرا، بـــە زۆری کوتـــەك
لــــە کیـــــژو کـــــوڕان، کامـــــەران بـــــێ وەلات
سیاســــەت بگـــــۆڕن، بــــەپێی دەســـــتەلات
بکـــــەن یـــــادی بـــــاپیرە (کـــــاوە)ی نـــــەمر
مەکـــەن ڕێوشـــوێنێك لــــە شــــۆڕش بـــــزر
هــــەموو ســــاڵی تــــازەت کــــە نــــەورۆزە دێــت
بــــە خۆشـــیو گەشـــی، جەژنــــە پــــیرۆزە لێــت

بە ئامادەیی، بەرزو ئازاد بە
ئیتر تا هەتا پڕ بەدڵ شاد بە
ببووره لە(ژیکۆ)، لە کورتیو هەڵە
کە نابێ لە دونیا، جوان بێ پەڵە!!.

(٢)

(دڵسۆزیو ئامۆژگاری بۆ نیشتمان)

هاو گەل، هاو وڵات، برایانی کورد
بە ڕێگای وەتەن، بڕۆن نەرمو ورد
چاوێك هەڵێنن، ببینن چرا
سەربەرز ئەسووتێ بەشەو ئاشکرا
گیاو سەوزەوات، ڕوو لە هەورازن
هەر لە ڕووی سروشت، ئەو هەوا خوازن
لە وێنەی خۆتان بکەن تەماشا
دانراوە سەر لە ژووری باڵا
خەڵکی لە بەرزی هەموو بەخێون
بۆچی هەر ئێوە سەرەو نشێون؟
نەمام سەرەو ژێر ئەگەر بنێژی
بە خوا قەت بەری نابێ بچێژی
تین دەن بە خۆتان، بجووڵێننەوە
لە دەستی دوژمن مەتووڵێننەوە
وەکو مێشەنگوین شارت بینا نێ
گەورەیی خەڵکی مەکرە بە نانێ
دوژمن لە جێگات شارە زەرگەتە
ژەهری چزووی ئەو، پڕی جەرگتە

ئـەی کـوردی غـەمبار، غـەمخوارت نییـە
یـــارو دیـــارو دیـــدارت چـــییە؟
بـــاغو ڕاغـــی تـــۆ، زەویو هێلانـــە
بـە تـاپۆی دوژمـــن، لـــە تـــۆن بێگانــە
دایکـــی ولاتـــت دوژمـــن هـــەڵیگرت
چـــاکی تێبگـــە قـــسەی کـــەمو کـــورت
گـــەورەی ئەجنـــەبی، زڕبـــابی ناپـــاك
چـۆن پـێ بگـەیێنێ، دایکبـــرای چـاك؟
حاشـــا وە کـــەللا، گـــەر نـــەفسو شـــەیتان
بـــۆ تـــۆ بێنـــە ســـەر ڕەوشـــتو گونجـــان
دەریـــــا هەڵـــــستا، بکەونـــــە پەلـــــە
لـــە وشـــکی هـــەوا، مەکەونـــە مەلـــە
بـــێ داكو بـــابو، هـــەموو هـــەتیون
دەروون تـــەپیوو، قامـــەت چـــەمیون
نـــەخۆشو ســـیلدار، بـــێ وەســـیل دارن
بۆیـــە دەربـــەدەر لادێـــوو شـــارن
ســـیلدار هەواڵـــەی هـــەوا چـــۆڵ ئـــەبێ
نەخۆشـــی ئێـــوە، بۆچـــی مـــۆڵ ئـــەبێ؟
بـــێ تـــەدبیرو ڕاو، شـــرینگەو تـــەبیب
لـەناو مـاڵی خـۆت، بـوویی گـۆڕ غـەریب
میکرۆبـــی ڕۆحـــت نایێنـــە کوشـــتن
مەگـــەر بـــە خـــۆراك، یـــاخۆ بـــە شوشـــتن
سـاغییش بـە بوونـە، گـەورەش بـوون منـاڵ
چێـشتتان گـەرمو سـارد، سـوێرو تیـژو تـاڵ

پێشچوون بێننە پێش، دەسکەن بە ئەعماڵ
(هِمَّــةُ الرجــالْ، تَقلَــعُ الجِبــالْ)
هەر کەس بە پێی خۆی، پیشەی جیا بێ
تا ڕەگی ئیشتان، ڕیشەی چیا بێ
هەموو مەیانێك، وتراوی ئەوێ
هەموو زەمانێك، پیاوی ئەوێ
لە بێ کرداری، تا بێ کڵاون
لە ڕۆژی گەرما، سەر هەڵکزاون
لە سەرمای شەویش، پەیدا عەلامەت
فرکەن چڵمو لیك، بگرن هەڵامەت
گوێتان بئاخنن، بۆ مێشکی بە ئاو
هەتا بەکاربێ پیوازی پیشاو
مەبیەن وتەی کەس کە نابەراوە
بچووکی خۆشتان بهێننە ڕاوە
ئەبینن باران، لە غێمو هەورە
زۆرە، بە تەن کەم، بە ئاقڵ گەورە
ڕووتو ڕەجاڵی خۆتان مەهێڵن
خزمەتکاری ڕووت، هەموو بە فێڵن
ئەی دەوڵەمەندان دەسکەن بە بەخشین
بەرگێك بپۆشن، ژیانی نەخشین
زوو بگرە مەیدان، پشت مەدە دوژمن
ماری ڕەش بە کلك ئەچێتە ناو کون
پشتێنی چوستی خێرا ببەستن
لە ڕووی کارزار، ئازا بوەستن

بــــۆ پــــشتیوانی یــــەکتر بــــن دلێــــر
مێــرد کــە زۆر بــوون، ئــەدڕن پێــستی شــێر
خاکتــان بــە مەعــدەن، بــە زێــڕو زەبــەر
بـــە تیـــژاوی هـــۆش، بـــبن بـــەهرەوەر
چــــەك‌و ئەســــلەحەی لــــێ دابڕێــــژن
نــــەمامی فیکــــری تێــــدا بنێــــژن
پــیرەژن، کەپــەك ئــەگرێ بــە هێڵــەك
ئــاردی ســاغ ئــەکا بــە نــان‌و نمــەك
خــۆ پیــاون ئێــوە، زوو بگــەن بــە کــام
کــاکڵ دەرێــنن لــە گــوێزو بــادام
یــەك بــا لەســەربێ، وەك ئــاش، یــەك لــە بــن
لــە بــەینی دوو بــەرد بهــاڕن دوژمــن
هێنــدێ بــۆ هێنــدێ، پــێ لــێ نەخــشێنن
گــورزی بــە حوججــەت قــەت ناوەشــێنن
زینهــار، گــەورەکان بەســییەتی نیفــاق
پــاڵ بــدەن بــە یــەك، بگــرن ئیتتیفــاق
تــەماعی شەخــسی بنــێن بــەلاوە
قــازانجی قــەومیی، نــوری دوو چــاوە
یــەك دەوڵەمەنــدو، یــەك ڕووت‌و بــێ حــیس
ڕیــشی تــەماعکار، بــە کینگــی مــوفلیس
خــودا بــە گــوێرەی کارتــان ئــەکا
کــە ڕێــك بــن، بــە بــەخت یارتــان ئــەکا
تــا خۆتــان لــە خــۆ تێــك نــەدەن، خــودا
لێتــان تێــك نــادا، کــوردی لێکجــودا

هێنـــدێ لــه عێــراق، هێنـــدێ لــه ئێــران
هێنـــدێ لـــه تــووران، بـــوون مـــاڵ وێـــران
بـــــوڕادەی ئـــــاڵتوون، نابێتـــــه لـــــیره
تـــا نەخرێتـــه جـــۆش، ئـــەی بابـــه پـــیره
بـــوڕادەی پـــۆڵاش، فـــووی لێکـــه ئـــەیبا
کـــه پـــاڵی پێکـــدا، تفـــەنگیش نایبـــا
بڕوانـــــه لیــــوەو خـــــاکی قەڵەنـــــدەر
کـــه کۆمـــەڵ کـــران، ئـــەبن بـــه ســـەنگەر
زانـــاو خوێنـــدەوار، حیکمـــەت شـــوناس بـــن
ســـەر بـــەرزی ژیـــان، ئـــەهلی قیـــاس بـــن
لـــه ڕووی سیاســـەت، پەروەردەکـــەن ژیـــن
بـــه عـــەدڵو ئینـــساف، لـــه ســـەر ڕووی زەمـــین
ڕۆژ هـــەر ڕۆژێکـــه، بـــه چـــوار فەسـڵی ســاڵ
سێـــسەدو شەســـت جـــێ، دێنێتـــه بـــن بـــاڵ
ڕۆژ خـــۆی ســـوڵتانو، فـــسووڵ وەزیـــرن
دوازده بورجـــــەکان هـــــەموو دەبـــــیرن
شـــەوو ڕۆژەکـــــان هــــەروەکو میللـــــەت
هێنـــدێ بـــه دەوڵـــەت، هێنـــدێ بـــه زیللـــەت
بـــــه بـــــوونی ســـــەنعەت ببووژێنـــــەوە
لـــــه دەرگـــــەی خـــــەڵکی مەنووزێنـــــەوە
وا جاڵجاڵۆکـــــه، جـــــاو ڕایـــــەڵ ئـــــەکا
حـــەزرەتی شـــێخیش حەمایـــەڵ ئـــەکا
کرمـــــی ئاوریـــــشمو، کرمـــــی قـــــەرەقاج
ئاوریـــشمو کـــەژ کـــەن، تـــۆش ببییـــه لاج لاج

جێـــی پێکەنینـــە، نـــەك جێـــی گریانـــە
بـــۆ هەرچـــی کـــوردە، نـــەك چـــی ئینـــسانە
ئـــەوەی شـــێخ گێـــڕای بـــەناو ســـەروەران
نـــە خـــوا فەرموویـــە، نـــە پێغەمبـــەران
(توبـــوا الی الله) لـــە لای شـــێخ نییـــە
ســـوودی تەریقـــەت، بـــزانم چـــییە؟
شـــەیتانی ئینـــسان بـــەنی ئادەمـــە
شـــەیتانی جنـــدان، بۆمـــە زۆر کەمـــە
هەڵمەخەڵـــەتێن بـــە مـــەکرو بـــە فـــێڵ
سەرچـــاوەی ڕوونتـــان، هـــەرگیز مەکـــەن لـــێڵ
وەرنـــە ئیـــشوکار، تێکۆشـــن بـــە دڵ
بنێـــژن ســـونبول، بـــچنن تـــازە گـــوڵ
گـــەر ناشـــتوانن ئیـــشی بـــە تەنقیـــد
ڕازیـــم لـــە ئێـــوە، حـــەتتا بـــە تەقلیـــد
پێویـــست ئـــەزانم لەســـەر بـــەهرەوەر
ئـــەمری بـــە چـــاکەو، نـــەهی لـــە مونکـــەر
گەرچـــی مـــەتا زۆر مـــاوە لـــە بـــازاڕ
مەبێـــژە (ڕاجـــی)، چـــیدیکە گوفتـــار
نـــەوەك پێـــت بڵـــێن، لـــە قـــاتو قـــڕی
مێـــشکی مـــەی بـردو، گـــەرووی خـــۆی دڕی!!.

١٩٣٧

(٣)

(باسی چۆنییەتی چەرخ و کردەوەی هۆز)

کاکـــە، بـــۆت بکـــەم باســـی زەمـــانم
گـــوێ ڕابگـــرە لـــێم، ئـــارامی گیـــانم
چـــمان بەســـەرهات، یـــارو یـــاوەران
گـــوڵو یاســـەمەن، هـــەموو هـــەڵوەران
دنیـــا بـــە پـــایز گـــەڕا سەرانـــسەر
تیـــا کـــە گـــوم بـــوون مـــەردی بـــە جەوهـــەر
ملیـــۆنو ملیـــار، بـــژمێرە لـــەك لـــەك
نییـــە نـــەرمو گـــەرم، مەگـــەر بەســـتەڵەك
دیـــن بـــۆ تررووســـکەو هـــۆنینی بەشـــەر
تاریـــك بـــوو، پـــساو، بڵاوبـــوون گەوهـــەر
کـــوا گەنجـــەکانی نیـــشتمان لـــە شـــان؟
کـــوا میرەکـــانی، هـــەموو پاڵـــەوان؟
کـــوا دەوڵەمەنـــدی خێـــوی فـــەقیران؟
کـــوا دەسمایـــەیی ڕەعیـــەو ئەســـیران؟
کـــوا ڕۆژی ڕوونـــاك، لـــە ڕووی بێبەشـــان؟
کـــوا تاریکـــە شـــەو، لەســـەر ڕووڕەشـــان؟
کـــوا قـــسەی شـــیرین، لـــەناو ئـــەدیبان؟
کـــوا نـــانو هـــەنگوین، بـــۆ دڵ غـــەریبان؟
کـــوا ســـۆزو ڕەحـــمو، بەخـــشینو کۆشـــین؟
کـــوا عـــەدلو ئینـــساف، بەکۆمـــەڵ نۆشـــین؟
میللـــەت هەراســـان، بـــێ نـــانو بـــێ ئـــاو
برســـیو تینووشـــن، هـــەموو چـــوونە داو

نـــەما مەرحـــەبا، لـــە ئێـــك تـــرازا
وەك خـــاڵو خـــوارزا، مـــامو بـــرازا
هـــەوڵی ژیـــانو، بـــیرو تەربییـــە
لـــە هـــۆزی ئـــەمڕۆت، ئـــیتر هـــەر نییـــە
خـــەڵکی بـــە قرچـــوو، بـــە قـــەرزو قۆڵـــە
دڵ لـــە ڕاســـتی دڵ، دەڵێـــی ســـەهۆڵە
بـــە بـــێ یارمـــەتیو، بـــەبێ کۆمـــەڵی
ســـووتای ئـــاگری، کـــوڵای مەنجـــەڵی
وەتـــەن، ئـــەتۆ بـــووی قـــازانجو مایـــەم
دووای داكو بـــاب، بـــوو بوویـــە دایـــەم
بـــەخێوت کـــردم بـــە دەســـتوبردی
تـــو خـــوا لەبـــەر خـــەڵك، تـــۆ بۆچـــی مـــردی؟
منـــاڵی ڕەنگـــین، هـــەمووت بـــە جێهێـــشت
لـــەزاری عالـــەم، جـــوان وەك بنێـــشت
تفـــوو، ســـەد تفـــوو، لـــە چـــەرخی ناپـــاك
بـــچووکی سەرخـــست، گـــەورەی خـــستە خـــاك
حـــیرسو تـــەماعو، گونـــاهی ڕێ دا
دونیـــا جەهەنـــدەم، بمـــرە لـــەوێ دا
ڕێگـــای تەقـــەلا، هـــەر کـــەس لـــە خۆیـــە
لـــە کـــردو کۆشـــی، بـــڕۆ بڕۆیـــە
خـــاوەن نەتـــەوەی ســـەنگینو ڕەنگـــین
هـــەموو گـــیرەوەی غـــەمو دڵتـــەنگین
خرۆشـــاوی جـــەم، شـــەپرزەی قـــڕی
منـــاڵی ڕەنگـــین، هـــەمووی زگ دڕی

دەوڵەمەنـــد کـــە دی، فـــەقیر نـــانی بـــوو
ســـواری ســـەری بـــوو، گرانجـــانی بـــوو
بـــە جـــۆرێکی وا دڵـــی ئەشـــڵەژێ
کـــە بـــۆی هەڵکـــەوێ، ئـــیتر ئـــەیکوژێ
ئەگـــــەر قـــــاڕوونو، ڕەیو، نـــــەمروودە
بـــە توورەکێـــك جـــۆ، ئـــەمجا حەســـوودە
هـــەلوع تێـــر نابـــێ، تـــەرەس برســـییە
بـــۆ دەوڵەمەنـــدان، نەفـــسی نەفـــسییە
ئەگـــەر توجـــاڕی خـــاوەن موغـــازەن
لـــە پـــووڵ پەرســـتی، هـــەزار ئیجـــازەن
قۆڵێـــشت ئـــەبڕێ، نانیـــشتە نـــادا
ئەگـــەر ماڵیـــشت گـــشتی پـــەنادا
ئـــەیوێ بـــە جـــاری بڕووتێیـــەوە
تـــاکو بـــە هـــاوار، زووتـــر بێیـــەوە
ئەگـــەر بازرگـــان، بزورگـــە کـــاری
بـــۆچ پـــاكو پیـــسی، ئەخاتـــە زاری؟
درۆو ســـوێندی زل، بـــە بـــێ ژمـــارە
لەســـەر فلوســـێك، ئـــەکا تـــەمارە
وەکـــو عـــەتاری دەمـــاغ پەشـــۆکاو
بـــە بـــۆی غالییـــەو، عـــەترو قـــاوەو چـــاو
بـــە فلـــسێ کـــڕیو، بـــە دینـــار نییـــە
مـــسقاڵی تۆوچـــا، بـــرا، چـــار چـــییە؟
بـــە ســـپیەو ســـندووق، حەشـــاری داوە
ئـــەڵێ لـــە (هینـــد)یـــش، بـــەخوا نـــەماوە

بـــــەقاڵ، پیـــــشەتە پەقلـــــە فرۆشـــــی
لەگـــەڵ ئەفەنـــدی، بـــۆچ مـــەی ئەنۆشـــی؟
ســـەلەمو ســـووتت، بـــۆچ وا لـــە بـــاوە؟
یـــان لـــە ڕێـــی تـــەماع، ئەســـتۆت شـــکاوە؟
تـــەرازووت بـــە فـــێڵ، ئیـــزرەم، ئەلیـــدرەم
خۆیـــشت، بەهۆقـــەت ئەچـــێتە نـــاو دەم
ئەمەنـــدە خـــوارو پـــیسو پەلیـــدن
وەکـــو جەهـــەننم، (هـــل مـــن مزیـــد)ن؟
عـــەللافی پـــڕ لاف، بـــۆ دانەوێڵـــەك
ئـــەکڕێ بـــە کـــۆڵو، ئەیـــدا بـــە هێڵـــەك؟
ســـەرڕای هـــەموو شـــت، وا تێئەکۆشـــێ
لـــەجیاتی گـــەنم، هـــەرزن ئەفرۆشـــێ
کاکـــە! بـــەرئاگر، یـــانی نانـــەوا
چـــاکی بناســـە، مـــەغزووبی خـــوا
مـــسقاڵێکە نـــان، هـــەمووش هـــەویرە
ئـــەڵێ ئیزرەمـــەو، مـــەیرە پـــەنیرە
حـــاجی! بـــە قوربـــان، ئـــەڵێی پەپوولـــەی
بۆچـــی لـــە دووی نـــان، حـــەریفی توولـــەی؟
بـــە ســـوێندو حیلـــە، خـــەڵکت بـــرینگ دا
مەگـــەر تـــسێکت نـــەهات بـــە کیـــنگ دا
مەلـــەك، بـــەم هـــەموو ســـافیو شـــەفافە
ئـــادەم بـــە زانـــین کـــردی خەلافـــە
نـــۆرەی مەلایـــە، کـــە خۆشـــم مـــەلام
وا ئـــــــەمبزێوێ، زگو ئینتـــــــەلام

نـــانم کـــه جۆیـــه، پێخۆرمـــه پیـــواز
بـــا هەڵبـــدێرم، لـــه ســـەد کـــاوو ڕاز
مـــەلا مـــەلا بـــێ، حیکمـــت شوناســـه
هــــەموو قـــسێکی پـــڕی قیاســـــه
بورهـــانی قـــەوی، مـــاددی‌و مەعنـــەوی
ســـاف‌و لەســـەرخۆ، تـــا بتکـــا نـــەوی
لەهـــەر هـــەواری، تـــۆ لێـــی بپرســـی
ئـــەبێ لـــه تیغـــی تیـــژی بترســـی
لـــه هـــەموو دەریـــا، مەلـــەی بزانـــێ
خولـــەی بەشـــانێ، خلـــەش بـــه بانـــێ
مـــەلای نـــەزانا، حـــەریفی شـــێخه
بـــۆ ڕێـــی گـــاوری، بـــی تێـــوه ڕێخـــه
بـــۆ لوقمـــه نانـــێ، دینـــی ئـــەدۆڕێ
ئـــەبێ قیامـــەت، وەك گـــا بقـــۆڕێ
لەبـــەر کەســـادی، خـــووی نەخوێندنـــه
ئـــەوجا تـــا مـــەرگی، درۆکردنـــه
کاکـــه! بەخێوکـــەن مـــەلا چـــاکەکان
تـــاکو نیـــشان دەن، ڕێبـــازی ژیـــان
دیـــن، بـــۆ ژیـــان‌و خۆشـــی‌و مـــوراده
ئەگـــەر خاکیـــشت، ڕووت‌و بـــێ زاده
مانـــای دینـــی تـــۆ، بـــراو بابییـــه
گـــەر ئـــەوامیرو، گـــەر نەواهییـــه
مەقـــصوودی خـــوا، لـــەدین بـــۆ بەشـــەر
بـــەڕێکی بـــژی‌و، ببـــی بـــەهرەوەر

هەرچـــی لـــە پیـــسی، کەڵلـــەی نەتاســـێ
کـــە خـــۆی بناســـێ، خـــوداش ئەناســـێ
لێـــت ئاشـــکرایە، وەکـــو ڕۆژو مـــەهـ
(مَـــنْ کـــانَ لِلّـــە، کـــانَ اللهُ لَـــهْ)
عیبـــادی خـــوا، ســـاحێب ئیمـــانن
موبـــەززیر هـــەموو بـــرای شـــەیتانن
دەرهـــەق یـــەك نـــەبن خـــاوێنو دڵپـــاك
نـــابینن بەچـــاو، ڕۆژێکـــی ڕوونـــاك
دوژمـــن زەفـــەرتان پـــێ ئـــەبا هـــەردەم
خۆتـــان ببیـــنن کـــوڕانی ئـــادەم
چـــی پێغەمبـــەران هێنایانـــە ڕوو
هـــەر ئـــەوە هـــەوێن، بـــۆ ڕەوشـــتو خـــوو
(ڕاجـــی) بەگـــشتتان ئـــەڵێ بـــرا بـــن
هـــەتا ڕۆژو شـــەو، موشـــکیل گوشـــا بـــن.

(٤)

(گەشتێك بە گوندەکانی دەشتی کۆیەدا)

بـــە باســـێکی خـــۆش، وا دێمـــە یـــاری
نیـــشانەوو نـــاو، هەدیـــەو دیـــاری
لـــە ڕۆژانـــی گـــەش، لـــە مـــانگی نیـــسان
کـــە هاتـــە گیرســـان مێلاقـــەو نیـــسان
حاجیلـــەو بـــەیبوون، هەڵاڵـــەو ســـونبول
هـــەمووی درەوشـــا، بـــە دەم خەنـــدەی گـــوڵ
بریقـــەو هـــەوا، دنیـــای کـــردە دەشـــت
وەرنـــە مێرخـــوزار، بـــەناوی بەهەشـــت

لـــه هـــەر جـــێ دەچـــی، لەگـــەڵ چـــاوی یـــار
(جنَّـــــــةٌ تجـــــری تحتهـــــــا الاَنهــــــار)
لەگــــەڵ کـــاك (عـــــەزیز[1]) ، وامـــــان دا قـــــەرار
بــــچینه (تەقتــــەق) ، لەبـــــەر ئـــیش‌و کـــــار
ناگــــــا ، ڕێکخـــــرا ئەساســــــەو ســـــوپا
چـــاپووك ســـــواران، بـــــە تــــەپڵ‌و ســــەدا
لـــــە دێــــی (خەرابـــــە) ، هــــــەتا شیوەســـــوور
بــــــە ســــــــەیران‌و ڕاو، لـــــەنیزیك، لـــــە دوور
بـــــە تاومــــــــان بـــــڕی هــــــەورازو نـــــشێو
کــــەس بـــاکی نـــەبوو، بــــە فیـــــل‌و بــــە دێــــو
شــەو چـــووینه (گـــەرمك) ، لای (کوێخـــا حوســـێن)
چـــەند خزمـــــەتی کـــرد، بــــە هێـــزو بــــە تـــێن
بــــــەڵام لــــــە گرمــــــەی هــــــەورو تریـــــسکه
عالـــــــــەم ئەســــــــوورا ، وەکــــــو بریــــــسکه
ســـــبەینێ بـــــەخێر، چـــــووینه (موخــــەڕڕەس)
بـــــارانی بــــــەتاو، کردینییــــــه ئـــــــەخرەس
ئێـــــواره چـــــووینه (باغـــــەجنێر) ، بـــــەناو
فاتیحامـــــــــان خوێنـــــــد بــــــۆ گــــــەنجێکی لاو
ســـــبەینێ بــــــەعام، هاتینـــــــه (تەقتـــــەق)
دەنگـــــی پێکـــــەنین، وەك حــــاجی لەقلـــــەق
مـــــولازم ئـــــەووەل کاکــــــه (حامیــــد بـــــەگ)
دەمـــــــاری دوژمــــــن دەردێنـــــــێ لـــــــه ڕەگ

١- مەبەست له (عەزیزی ساڵح ئاغای غەفوری) یه که گەورەو ئاغای گوندی (خەرابه)و چەند گوندێکی دیکەی دەشتی کۆیه بووە.

(محەممـــــەد ڕەمـــــزی)، مـــــدیری بـــــەناو
خزمـــــی خۆمانـــــە، بـــــەبێ چـــــاوو ڕاو
سـێ شـەوو سـێ ڕۆژ، بـەزمو بـادە بـوو
مـەجلیس گـولاو پـاش، سـاقی سـادە بـوو
بـــەزمی چاوەشـــان، ســـەدای چـــەغانە
هێنایـــە لـــەرزین، دڵـــی زەمانـــە
هـەر شـەو لـە ماڵێـك، بـە بـەزمو یـاری
دینـــارو درهـــەم، بـــەتاو ئـــەباری
بڕیـــار درا وان، بـــێن بـــۆ (خەرابـــە)
کۆمـــەڵ تێکنـــەدان، بـــێ پـــرسو جوابـــە
دەس وەبـــانی چـــەم، قـــەرارە یـــەك دەم
حـــاکمی کۆیـــەش بـــێ، دوور لـــە دەردو غـــەم
تـــاقم، وەریبـــوو بـــۆ (مـــەلا زیـــاد)
هـــەموو نقوســـتان، هـــەر مـــەلا، زیـــاد
خەبـــەرمان هـــەنارد بـــۆ (کوێخـــا حوســـێن)
مـــدیرو زابـــت، قۆمیـــسەر کـــە دێـــن
ســـەر لـــە ئێـــوارە، ســـووار بـــوون عەگیـــد
بـــۆ دێـــی (خەرابـــە)ی ئـــەمینو ڕەشـــید
تـــاقم بـــەجارێ کـــرا بـــە دوو شـــەق
یـــەکێك بـــۆ کۆیـــەو، یـــەکێ بـــۆ تەقتـــەق
کـــێ مـــابوو لـــەدێ؟ ســـوواری ســـەرکەش
هـــەر مـــنو ئاغـــا، لەگـــەڵ دوو چـــاوەش
ســـبەی ســـەر لـــە زوو، بـــێ شـــوێنو مـــەجال
کرایـــە ســـەرمان، ڕەسمـــی ئیـــستیقبال

تا ڕەخشم زین کرد، پۆشیم نەبەردی
پێم نایە ڕکێف، بە دەستوبردی
دەهۆڵو زوڕنا، کەڕی کرد فەلەك
لام وابوو هاتن بە سەیران، مەلەك
وەمزانی لەشکر، چوار دەوری گرتین
لە ناو نەوازیل، ڕەنگە بە قڕ چین
کە دیتم ئاغا لەگەڵ دوو چاوەش
وەستاون لە ڕێم، بەبێ درۆو غەش
فەرموو با بڕۆین، بە پیر کۆمەڵە
مەرکەز (گەرمك)ە، خۆ مەکەن هەڵە
ئاغا بۆ پێشواز، بە قەترەو بەغار
پاشواز ئەمن بووم، لە گەشتوگوزار
دوو چاوەش لە بەین، (عوسمانو کەریم)
دەهۆڵو زوڕنا، بوو بوونە نەدیم
دەکوتران لە ڕێ، وەکو ڕەعدی پڕ
ئێمە بە لاوك، ئەسپان مرەمڕ
ڕێبوار ئەیاندی کە ئێمە لە دوور
ئەیانوت چاوەش هاتن بە دەستوور
کە ئەیانزانی ئاغاو مەلان
خەجاڵەت ئەبوون، تێکڕا ئەشڵەژان
هەر لە (کانی ڕەش) تاچووینە (کارێز)
تووشی سەد کەس بووین، بەڕێزو بێ ڕێز
لە (کارێز)ەوە تاوەکو (گەرمگ)
هەر چوار سوواری چالاكو چاپك

لەوێ دابەزین بە شەوق‌و بە ژێر
هاتن زابت‌و مەئموورو مودیر
لەوێش نان خورا، نانی نیوەڕۆ
سوواربوون هەموو، لە ڕووی جستوجۆ
هەتا (کانی ڕەش)، هاتین بە سەیران
ئەسپی مامزگر، بە باڵی تەیران
فیقەی دووزەلەو، دەهۆڵ‌و سازی
مەلائیکەتی خستە ڕمبازی
بۆ ئیستیقبالی حاکمی دیوان
چووینە (قوڵقوڵە)، یەعنی بەر مەیدان
پێکدی شابوون‌و، تۆقەو دەس لە مل
چاوی ڕۆژانی پڕ دەکرد لە کل
ئەمجا گوشادیی، هەتا (خەرابە)
بێ قەیدو شەرت‌و، سوئاڵ‌و جوابە
هەموو دابەزین، هۆزی دلێران
لە نەشیمەنا، هاوتایی شێران
(ڕاجی) لە یەزدان ئەپاڕێتەوە
کە عەیبی کوردان بشارێتەوە.

(دەمەتەقەی نێوان فەقیرو دەوڵەمەند)
-لەسەر داخوازی کاکە زیادی حەمە ئاغاو، حاکم عەلائەدین ئەحمەد نووری نووسراوە-

بـــە نـــاوی خـــودای فـــەرمانڕەوا بـــێ
خێـــوی کائینـــات پـــشتو پـــەنا بـــێ
ســـوپاسو ســـەنای بـــێ عـــەددو پایـــان
تـــا ڕۆژی ئـــاخر، شـــایانی یـــەزدان
مەکینـــەی کـــاری هـــەموو خـــستە کـــار
نـــەوەك گیانـــدار، هـــەتا بـــەردو دار
بـــە پێـــی تـــوانین، هـــەمووی دابەشـــی
لـــە ڕوویـــی زانـــین، داییـــە سەرکەشـــی
دەســـتوورێکی ڕاســـت بـــۆ بەرانبـــەریی
گـــوڵو دڕكو داڵ، ئـــاقڵیو کـــەریی
زانـــاو نـــەزانا، تاریـــكو ڕوونـــاك
ئەســـتێرەو درەخـــت، عاســـمانو خـــاك
دەریـــاوو بـــەڕیا، وشـــکیو تـــەڕایی
ماســـیو سووســـەمار، کـــوێریو بینـــایی
زســـتانو هـــاوین، بـــەهارو پـــایز
هـــەورازو نـــشێو، دڵخـــۆشو عـــاجز
زوهـــرەو موشـــتەریو، مـــەریخو زوحـــەل
مـــانگو ڕۆژ، ئـــیتر، ژیـــانو ئەجـــەل
گـــەرماوو ئـــاگر، شـــەختەو بەســـتەڵەك
گولـــەی نابەڵـــەد، دوو چـــاوی بەڵـــەك

قــــرژاڵو ڕەقـــەی، لـــە ئـــاو قـــەرار دا
گڵخـــۆرەو وڵـــەی لـــە خـــاك دیـــار دا
پێـــروو و تـــەرازوو، بـــە حەوتەوانـــە
هـــەر حەوتـــە ئیـــشێك ئەكـــەن كێـــشانە
بـــۆت بكـــەم باســـێك، ئەگـــەر ئـــەبینی
لـــە بـــیرت نەچـــێ، هـــەتا لـــە ژینـــی
ڕۆژێ، فـــــەقیرێك وەكـــــو ســـــەمەندێ
وەســـتا لـــە قـــاپی خـــۆش دەوڵەمەنـــدێ.

فــەقیر: لێتـــان تێـــك نـــەدا، خـــودای بـــێ ئەنـــدێش
شـــتێكی ڕەوا بیـــــنن بـــــە دەروێـــــش
وەڵامیـــــان نـــــەدا، تـــــەقولبابی كـــــرد
یـــەكێ دەرپـــەڕی، تـــفو بـــابی كـــرد.

خوڵام: كـــابرا چـــیت دەوێ، دەرگـــا مەشـــكێنە.
فەقیر: هەرچـــی خـــودا دای، ئـــەوم بـــۆ بێنـــە.
خوڵام: خـــوڵام چـــۆوە ژوور، گـــەورەم، فـــەقیرە
عـــــەودالی نـــــانو، ژاژو پـــــەنیرە.
دەوڵەمەند: پـــاروو لـــە دەم دا، كـــاكی دەوڵەمـــەن
بـــڕۆ دەریكـــە، جـــادووی مـــەكرو فـــەن
بڵـــێ، خـــوا بـــدا، مەوەســـتە لێـــرە
لـــە مـــالی ئاغـــا، بخـــۆ كـــولێرە
خـــوڵام پێـــی دەگـــوت، چـــی ڕاســـپێرا
فـــەقیر دەڕۆیـــی خێـــرا، بـــە خێـــرا

مــــالّی یـــەکو دووی، هـــەموو پـــشکنی
برســــی مایــــەوە، بـــــەخۆیو ژنـــــی
غـــەریب، ڕووتو قـــووت، ئەنووزایـــــەوە
هــــــەتا بـــــــەیانی ئەکڕووزایــــــــەوە
ئـــەوڕۆش تـــا ئێـــوار، گـــەڕا لـــە مـــالاّن
گەڕیــــــدەی هــــــەموو دیـــــوانو دالاّن
هانــــــای بردەبـــــەر کۆنــــە فـــــەقیران
پێیـــــان ئەبەخـــــشی وەکــــو وەزیـــــران
تەســــــادوفی کـــــرد ، ڕۆژێ لــــــە ڕۆژان
کەوتــــــە دیــــــوانی پـــــۆلاّ کـــــرۆژان
ئـــەو دەوڵەمەنـــدەی خـــولاّم لەبـــەر دەســـت
وا دانیـــــشتووە، سەربەســـــتو سەرمەســـــت
ملیــــۆنو ملیــــار، پــــارە ئـــــەژمێرێ
قــــازانجی پێــــرار، بابــــێ بـــــەخێرێ
ژمارەنووســــــان، لەبـــــەر دەســـــتو پــــێ
وەکـــو کـــەوڵی مـــەڕ، لێـــی دابـــێ ئەسپێ
هــــــەموو لەخۆشــــــی زەردەی فلووســـــــن
نیـــسبەتو فـــائیز، بـــە جـــەبر ئەنووســـن
لاقو پەراســــوو، بـــــە قوتـــبو میحـــوەر
ســــەر بـــە دائـــیرەی عـــەردی مونـــەووەر
ســــاحەی بــــاغو ڕاغ، مەســــاحەی ئەکــــەن
ســـێوو چـــوار قوڕنـــەو، درێـــژو میعیـــەن
دەوڵەمەنــــد بـــــە فیـــز تەماشــــا ئــــەکا
لــــە قــــازانجی ســــالّ، هــــەر حاشــــا ئــــەکا

فـــەقیرە ڕووتـــە، خـــۆی پـــێ نیـــشان دا
غەرگـــەی فـــەقیریی دابـــوو بـــە شـــان دا.

فەقیر: لێتـــان تێـك نەچـــێ، ســـامانو ســـەروەت
بەشـــی فـــەقیران، دەسمایـــەی دەوڵـــەت.

دەوڵەمەند: بـــڕۆ خـــوا بـــدا، بـــابم هـــیچ نییـــە
ڕاوەســـتانی تـــۆ، لێـــرە بۆچـــییە؟
زلـەی مـل ئەسـتوور، بـۆ خـۆت عەمـەل کـە
مـــاڵو منـاڵـــت، دووری ئەجـــەل کـــە.

فەقیر: وتـــی مـــن زلم ، ملـــم ئەســـتوورە
بـــۆ نـــانێکی تـــۆ، جـــەرگم تـــەنوورە
بـــێ جـــێو بـــێ مـــەکان، زارو ئـــاوارەم
ئـــەوا ئـــەمبینی، هێنـــدە بـــێ چـــارەم
کـــاتی منـــاڵی، بـــە ڕێـــوو جـــێ بـــووم
خێوی موڵكو ماڵ، سوار ئەسپی شێ بـووم
چـــەند ئیحتیـــشامو، شـــەوکەتم هـــەبوو
لـــە تـــۆ زیـــاتر دەوڵـــەتم هـــەبوو
خـــاوەن ئەســـڵی پـــاك، نـــەژادی گـــەوران
منـــی فـــەقیر بـــووم، لـــە چـــەرخی دەوران
بـــە ڕاوو ســـەیران، شـــەوو ڕۆژی مـــن
بـــە بـــەزمو ئـــاواز، گـــەل ئـــامۆژی مـــن
بووبوومـــە قـــاڕوون، بـــەلافو گـــەزاف
حیرســم پـــەیا بـــوو، هـــەتا کێـــوی قـــاف
دیـــنم لـــە بیرچـــوو، ئەساســـی ژیـــان
فڕێمدایـــە ژێـــر ســـێبەری (بـــی)یـــان

فرێمـــدا ئـــەوەی فـــەرمووی لـــە قـــانوون
(حَتـــــی تُنفِقـــوا مِمّـــــا تُحِبّـــــون)
لـــــە ناكـــــاو، بـــــەلاّ بەســــەرما ڕژان
خـــوێنی دەمـــــارو جـــــەرگو دڵ، پـــــژان
بـــەختی بڵنـــدم، ســــەرەو نـــشێو بـــوو
بـــاری بـــچووكم، بـــە وێنـــەی كێـــو بـــوو
ئـــاوارەی كـــردم، خـــودا لـــە ســـارا
چـــاك بـــوو نـــەیكردم بـــە عـــەردی خـــارا
ئێـــستا، بـــە عیلمولیـــەقین ئەیناســـم
هـــەردەم لـــە حەمـــدو شـــوكرو سوپاســـم
عـــیلمو دیـــنم بـــێ، بێبـــاكم لـــە نـــان
هـــــەموو ڕۆژ ڕزقـــم ئـــــەدا بێگومـــــان
ئـــەتۆش پـــێم نـــەدەی، هاوقـــەرانی مـــن
لـــە مـــاڵی مـــەلا، ئـــەدەن نـــانی مـــن
دوعـــای زۆر باشـــم ئـــەمن بـــۆ كـــردی
(لێتـــان تێـــك نەچـــێ)، تێبگـــە بـــە وردی
هێنـــدەت خۆشـــییە، لێـــت وەرنەگـــەڕێ
ئـــەگینا نەگبـــەت، پێـــت هەڵدەگـــەڕێ.

دەوڵەمەند: دەوڵەمەنـــد هاتـــە وەلاّمـــی فـــەقیر
بـــۆ تـــۆ دەس نـــادا، پـــیرو دەســـتگیر
بـــڕۆ بـــە ڕێـــی خـــۆت، هیـــچت نادەمـــێ
حیكایـــەتی كـــۆن، گوێـــشت نادەمـــێ
بـــەری مـــاڵ ئـــەخوا، ئـــەوەی خەریكـــە
تەمبـــەڵی وەك تـــۆ، كەشـــكی فەریكـــە

کــێ تــۆ ئەناســێ لــەم دەورو پــشتە؟
بــە ئەســڵو فەســڵت، ســواڵت ڕەوشــتە
هەرچــی بێتــەلام، شــتێك بــستێنێ
هــەتا بــەیانی هیــچم نامێنــێ
منــیش وەکــو تــۆ ســەرگەردان ئــەبم
لــە دەرگــەی مــاڵان، گــران جــان ئــەبم.
فــەقیری هوشــیار، ئەیــدا جــەوابی
لــە ڕووی عــیلمو فــەن، حــازر خیتــابی.

فەقیر: دونیایــە دەریــای درێــژو پانــە
هــەزار دەوڵەمەنــد، ســەت پەرێــشانە
موحتــاجی بەشــدار، نیــسبەت چــل ئێکــە
دەییێــكو چــلییێك، بنــكو چــڵێکە
لات وا نــەبێ تــۆ، مــن بــەخێو ئەکــەی
موحافــەزەی خــۆت لــە دەس دێــو ئەکــەی
نــابینی، شــەوی تــاری بــێ ســامان
شــەش حــەوت ئەســتێرە ئەیکــەن چــراخان
گــەر فــەقیر نــەبن، نــانخۆری زاڵان
مــاڵو منالێــان ئەبــەن بــە تــاڵان
بــێ دەوڵەمەنــدیش، جگــە لــە ترســان
هــەر فــەقیر هــەبن، ئــەمرن لــە برســان
هــەردوو تایەفــەش، دەوڵــەت ناتــەواو
شــەوەو بۆتــە ڕۆژ، هــەواش بۆتــە ئــاو
هــەموو کائینــات، دوو دوو بەرانبــەر
عــیلمو نــەزانین، ڕووتو تەوانگــەر.

دەوڵەمەند: وەڵامــــی دایـــە، بــڕۆ هـــەش بەســـەر
بەگـــژما مەکـــە خـــوداو پێغەمبـــەر
دونیـــا، گـــەر کـــورتو درێـــژو پانـــە
(نـــان هـــەر ئـــەو نانـــە، ئـــەوڕۆ لـــە خوانـــە)
خـــەمی ســـبەینێ، گـــەر ئـــەمڕۆ نـــەخۆم
ئـــەبێ دێ بـــەدێ، کەســـاد بم، بـــڕۆم
دەبێـــکو چـــلیێک بگـــرن هـــەژاران
ڕۆژانـــەش بـــدەم بـــە خێـــو ژمـــاران
لیباســـــی مـــاڵو منـــاڵم بکـــــەم
تـــەعامو نـــەهام، بکـــڕم جـــەم بەجـــەم
دەری نایـــــەنێ ســـــاڵێ ســـــەروبەر
منـــیش وەکـــو تـــۆ ئـــەبم قەلەنـــدەر
دەوڵـــەت پـــارێزیم بـــە تـــۆ نـــاکرێ
ســـەرو مـــاڵی مـــن، بـــە تـــۆ نـــادرێ
ئـــاخو داخ لەبـــەر ڕووتو دەروێـــشان
بەقـــسەی پـــان پـــان، مەمکـــە پەرێـــشان
ئـــەم چـــیرۆکانە گـــەلێك کـــراون
هـــەموو بـــۆ لوقمێـــك خـــەپووزو، ئـــاون.

فەقیر: لوقمـــەی تـــۆ تـــەنیا چـــارەمان ناکـــا
ئـــەبێ کۆمـــەڵێك، دەردم دەوا کـــا
چـــیرۆکەکانم هـــەموو حیکمـــەتن
دەوڵـــەتپارێزیو ســـامو شـــەوکەتن
خـــوا عـــەقڵو عیلمـــی گـــەلێك داومـــێ
چ بـــاکم ماڵـــە، کـــە نەیـــداومێ

مـــالّی داییمـــی، عـــیلم‌و عیرفانـــه
هــەردەم لـــە پـــارەت، ئـــاخیر زەمانـــە
پـــارەت بـــدزرێ‌و، مێگـــەلت بخـــورێ
بـــە نانێـــك نابـــێ، بـــە فـــەقیر بـــدرێ
مـــەبنای ئینـــسانی موســـاعەدەیە
هـــەموو گوناهێـــك موباعەدەیـــە
تـــا دوو تایەفـــە نـــەفرەت لێـــك بکـــەن
ئـــەوان بناغـــەی بەشـــەر تێـــك ئـــەدەن
خۆشـــی‌و ناخۆشـــی، ڕووتـــی‌و دەوڵەمـــەن
(لِيَبلـــــوَكُم أيّكُـــــم أحـــــسَن)
مـــن‌و تـــۆ هـــەردوو تەجرەبـــەی خـــوداین
لەغـــەش دەرنەچـــین، هـــەردوو ڕووســـیاین.

دەوڵەمەند: خـــۆت لـــە مـــن بەســـتا، پـــەرپووتی ناکـــەس
کـــە مـــاڵم هـــەبوو، لـــوتفی خـــوام بـــەس
مەرتەبـــەم هـــەوراز، لەچـــاوی عالـــەم
وەکـــو تـــۆ چ کـــەس، نامبینـــێ بـــە کـــەم
دزی‌و جـــەردەیی، ناکـــەم بـــە پیـــشە
وەکـــو بـــێ ئیـــشان، بـــە جـــەرگی ڕیـــشە
پـــوول‌و پـــەنابات، لـــە باتمـــان‌و گـــەز
ســـەلەم‌و ڕیبـــا، ئـــەگرم بـــە قاقـــەز
کـــەتیرەو مـــازوو و خـــوری کـــە ئـــەکڕم
فلـــوس بـــە فلـــوس قـــازانج وەرئـــەگرم
بـــێ وازم لـــە خـــەڵك، خـــەریکی کـــارم
غـــەمخواری ئیمـــڕۆو ســـبەو ئێـــوارم

نانیـــشم ئـــەخورێ، ماڵیـــشم ئەچـــێ
بـــەڕەواج، عـــەرزو حاڵیـــشم ئەچـــێ.

فەقیر: شـەرتە مەرتەبـەت، بـەرزی، لای خـوا بـێ
نــەك لای عالــەمی کــەون‌و فــەنا بــێ
تەکــەببور مەکــە، هـــەروەکو منـــی
تـا خـۆت بەسـەرخەی، ئەوسـا لـە بنـی
ملکـەچ بـوو شـەیتان، جێـی ئاسمـان بـوو
نـابینی جـێگیر لـە بـن عـەردان بـوو
دزی‌و جـەردەی چـۆڵ، گـشت کـەس ئـەزانێ
تـۆ وای ئـەدزی، کـەس پـێ نـەزانێ
هۆقـەو تـەرازوو و گـەزت نقوسـتان
مـاڵی سـەت کـەس، ڕۆژ، ئەبـەی بـە تـاڵان
بـێ تـەوەکوولی، ئـەگینا سـبەی
نـازانی لەگـەڵ خـودا چـی دەکـەی
سـەرو چـاوی خـۆت، کـە خـاوێن نەشـۆی
بـە چـڵك‌و میکـرۆب، ئـیتر ڕەنجـەڕۆی.

دەوڵەمەند: گومـــان خـــەراپی، فـــەقیری ناچـــار
وەختـــە بێـــی بەگـــژ حەســارو دیـــوار
چـیت لـەمن دیـوە، پێـوان‌و کێـشان
مــــاڵی هــــەتیوو ڕووت‌و دەروێـــشان
پیـاوی یـەك دونیـا بوومـە نـەك هومـا
(بَـــلِ الرَجُـــلُ رَجُلاهُمـــا)
خـــزم‌و عـــەلائیق وەکـــو کرێکـــار
بـە پـای پیـل ئـەخۆن، دوو جـارو سـێ جار

هـــەر دەعـــوەتێکم بـــۆ شـــاو ئـــەمیران
بــە کــورتی بڵــێم، بــایی ســەت لــیران.

فەقیر: بــەم قــسانەی خــۆت، وا ئیلزامــت خــوارد
بـــە دەعـــوەت، قـــسەی زلـــت ڕابـــوارد
بـــەرتیلو ڕەشـــوەت ئـــەدەی بـــە مـــیران
تـــاکو تالآنکـــەی مـــاڵی ئەســـیران
نـــابینی فـــەرمووی خـــودای مـــنو تـــو
(کُلـــــوا واشْـــــرَبوا ولاتُـــــسْرِفوا)
داوای دوو دونیـــا ئەکـــەی ســـەروبەر
کـــێ ڕەهـــا ئەکـــەی لـــە دەســـتی هـــەژدەر؟

دەوڵەمەند: بـــە زمـــان لووســـی دەڵێـــی جاسوســـی
کتێبێـــک ئـــەبێ، ئەگـــەر بینووســـی
بـــۆچ بـــە وەرگـــرتن ئـــەخوێنی بـــەیات؟
نییـــەتی قەناعـــەت، حـــەدیسو ئایـــات؟
هـــەر کـــەس بـــە پێـــی خـــۆی ڕووتو برســییە
ئیمـــڕۆ زەمـــانی نەفـــسی نەفـــسییە
تـــازە تێپـــەڕی، بەشـــەر ڕێـــک کـــەوێ
کـــار ئاشـــکرایە وەك ڕۆژو شـــەوێ
کـــاکی خـــۆم، منـــیش ئـــەزانم ئینـــسان
دەربـــارەی ئـــەکا کـــەلامت بـــەیان
(إذا مَـــسَّهُ الـــشَرُّ جزوعـــاً)
(إذا مَـــسَّهُ الخَـــیرُ مَنوعـــاً)
بـــەڵێ، نەزاکـــەت هـــەردەم دروســـتە
ڕێـــی (وفَـــضَّلْنا بَعْـــضَهُم)، بەســـتە.

فەقیر: چـــونکە بـــێ شـــەریك، ئـــەزانم خـــودا
نامـــەوێ میللـــەت لێـــك ببـــێ جـــودا
بـــیری لـــێ بکـــەن خـــۆ مەکـــەن غەڵـــەت
لــــــە(جَعَلْنــــــاکُم أُمَّـــــــةً وَسَـــــــط)
لـــە ڕووی بێگانـــە هـــەتا دیـــار بـــن
بـــە نـــازو نیـــاز، بـــە کاروبـــار بـــن
کـــە ویـــستت بـــرات، وەك تـــۆ بـــێ نـــاوی
ئـــەمجا کەســـێکی ئیمـــان تـــەواوی
گـــەورە ئاقڵمەنـــد، دەوڵەمەنـــد ســـەخی
بـــە تایبـــەتی عێـــل، هـــەر ئـــەبێ بـــژی
گـــەورە بـــن نـــەفام، دەوڵەمەنـــد ڕەزیـــل
جێتـــان لـــە دونیـــا، جەحیمـــەو ســـیجیل.

دەوڵەمەند: داوای قەومییـــەت بـــە تـــۆ نـــاکرێ
ئـــەو دارەی چـــاندت، بـــەرێك نـــاگرێ
ســـواڵی نانـــە، یـــا ســـواڵی جیهـــان؟
عالـــەمت خـــستە بـــەر تیغـــی قـــسان
ئـــەم داوایـــەی تـــۆ، بـــۆ کەســـێك باشـــە
ســـندووق و جانتـــای پـــڕی مەعاشـــە
بـــە پاڕانـــەوە نـــان پەیـــدا ئەکـــەی
لـــە ڕووی فەنـــدو فـــێڵ، جنێـــو بـــۆ ئـــەدەی؟
ئەگـــەر لـــە مەعـــدەن، ئـــاڵتون پـــەیا بـــێ
ســـەت باقـــە دەرزی، گاســـنی تـــێ نابـــێ
دەوڵـــەت چـــاترە لـــە بـــێ دەوڵـــەتی
خـــودا قـــەومی جـــووی کـــردن پـــێ پـــەتی

چـــونکە پێیـــان وت خـــودا فـــەقیرە
ئێـــستاش قـــەومێکی غـــەزەب لـــێگیرە.

فەقیر: بـــە مـــاڵو منـــداڵ، بـــا کـــەس نـــەنازێ
هـــەر کـــەس بخـــوازێ لـــە خـــوا مـــرازێ
ئەگەرچـــی ســـەروەت ئەکـــەن ژمـــارە
(إنَّ الإنـــــسانَ لَفـــــي خَـــسارَة)
خێـــوی ســـەد (أَلمـــال و البَنـــونَ) بـــێ
(إلاّ الـــــذينَ آمَنـــــوا) نـــــەبێ
کاتـــێ کـــە بوویـــە ســـوڵتان ئـــەتابوك
ئینجـــا جوانـــە، (دَعْ مـــا یُریبُـــك)
جنێـــو فـــرۆش نـــیم، بـــە بـــێ فەنـــدو فـــێڵ
نـــانو نەســـیحەت، منـــی کـــردووە وێـــڵ
بۆیـــە قـــەومی جـــووی کـــردن ئـــاوارە
هـــەتا تێبگـــەن ســـبەو ئێـــوارە
چـــاکە بـــە کۆمـــەڵ بیناکـــەن وەتـــاغ
(مـــا عَلـــى الرَّســـول إلاّ ألـــبَلاغْ)
ڕوو وەرمـــەگێڕن لـــە نـــاوو لـــەدین
(إنَّ الـــشَیطانَ عَـــدوٌّ مُـــبین)
دڵ پەروەردەکـــەن، لـــە جیـــنسو عـــەدەد
کـــە ئـــەو پـــەرداخ بـــوو، پەرداخـــە جەســـەد.

دەوڵەمەند: لـــە ڕووی زەمانـــە زۆرن بەهانـــە
لێـــدە کەمانـــچەو عـــوودو چـــەغانە
هـــەتا لـــە دوومـــە، کـــەیفی پـــێ ئەکـــەم
لـــە دووشـــم نـــەهات، تفـــی لـــێ ئەکـــەم

ڕەمـــــەزان جــــەژنی ڕووت‌و قووتانـــــە
بـــۆ دەوڵەمەنـــدان جـــەژنی قوربانـــە
ئـــاخیر شـــەڕ نـــەبی، بـــۆچ وات بەســـەردێ؟
بـــاخی ئـــارەزووت، کـــەی بـــۆت بەبـــەر دێ؟
نەمـــــدی لــــە دۆزەخ کەســـــێ بێتـــــەوە
بـــۆ بەهەشتیـــشت ســـویم دەبێتـــەوە
هـــەر خـــواش دەزانـــێ چـــەرخی کائینـــات
بـــۆ کـــێ ئەســـووڕێ‌و، کـــێ ئـــەکا قـــەپات
هانـــێ بیـــست فلـــس نـــانی پـــێ بکـــڕە
گۆشـــەی ڕیـــسوایی خـــۆتی پـــێ بگـــرە.

فەقیر: بیـــست فلـــسەکەی تـــۆ بـــە ســـەد دینـــارە
قەناعـــەت ئەکـــەم هـــەتا ئێـــوارە
قـــسەی پێغەمبـــەر ئەکـــەم موســـتەمەع
(عَـــزَّ مَـــنْ قَنَّـــعْ، ذَلَّ مَـــنْ طَمَـــعْ)
بـــە بەخـــشین نـــەبێ ناگـــەن بـــە کـــانی
(إنَّ الإنـــسانَ عَبـــدُ الإحـــسانِ)
فـــەرموودەی ئیمـــام (عـــەلی)م لـــەبیرە
(أعـــطِ مَـــنْ شِـــئْتَ تَکُـــن أمـــیرە
وَسَـــلْ مَـــنْ شِـــئْتَ تَکُـــنْ أســـیرە
واسْـــتَغْنِ عَنـــهُ تَکُـــنْ نَظـــیرە)
لـــە خـــوا ئـــەخوازم بـــە فـــەقرو غینـــا
ڕێگـــەی هیدایـــەت پێمـــان نیـــشاندا
لـــە ڕێـــی مـــەولا بـــین خـــاوێن‌و وریـــا
خـــاوەن نـــەجات بـــین لـــە بـــەڕو دەریـــا

لەســـەر هــــەمووتان ســــوپاسو ســــەلام
دوعـــا بـــۆ مــــەرام، (وَالمـــسكُ خِتــــام)
(ڕاجـــی)، ئــــەخوازێ ئـــاواتی کــــوردان
لـــە یـــەزدانی پـــاك، لـــە شـــاهی مـــەردان
ئــــەویش دڵــــسۆزی خــــاکی کوردانــــە
هــــەژاری بـــێ مـــاڵ، پێـــچکەی پردانــــە.
کۆیە -١٩٤٤

**

ب- وتار

(١)

سوپاس‌و ستایش، شایانی کردەوەی ئەوە بۆ بەرزکردن‌و ڕێکخستنی بەشەر.

من کە هەتیوێکم لە هەتیوە پێگەیشتووەکانی کوردستانی شیرین، بە هیواییێکی زۆر بەرز لەگەڵ گەورەکانی هەتیوپەروەرو نیشتمانپەرستەکانی خۆشەویست دەڵێم:-

١/ هەمووتان لە مێژووی پێشوودا زانیوتانە کە لە دوای لێشاوو لێزماتە گەورەکەی نووح پێغەمبەردا ئاوەدانی لەخاکی پاك‌و شیرین‌و ڕەنگینی کوردستان دامەزراوە بە دەس کۆمەڵێکی دڵپاك‌و خاوێن‌و ڕاست، ئەوانەی یەزدان هەڵیبژاردن بۆ ژیان. واتا لە نەتەوەی ئەوانە، پێویستە هۆزی بەشەر بە تەرزێکی ڕێك بژیا. بەمیانەی وەستانەوەی کەشتیەکەیان لەم خاکەدا، بورهان دەکرێ کە زمانی کوردی زۆر پێشکەوتوو بووە، چونکە هۆزە بە پێشچوونەکە خاکە نازدارەکەی خۆی بەرنەداوە.

٢/ ئەو هۆزە بەهەموو جۆرێك تێکۆشەر بووە بۆ دامەزراندنی هەموو پێویستییەکی کۆمەڵ.

٣/ زۆر پیاوی بەرزو بالآمان دەرکەوتووە کە بەڕێکخستن‌و پەرداختەی وەتەن خەریك ماون بە دەستوورێکی ژیان.

٤/ هەتا زەمانی پێغەمبەر حکومەت‌و پیاوی گەورەیان هەر هەبووە کە کۆمەڵیان ژیاندووە.

لەگەڵ هەموو تاڵییەکدا ئەم منداڵە بچووکانەی نیشتمانی ئێمە هەتیو ماون، هەتیوی بەهەر جا، بەڵام دایکە خۆشەویستەکەی شیرین شیریشمان کەوتە باوەشی زڕ باوکێکی، بەڵکە زۆر زڕ باوکی ناپاك، کە بۆ کوشتنیان تێ ئەکۆشن داخەکەم.

ئینجا سەروەران، لەبەرتان دەپاڕێمەوە:-

١/ لەسەر تیرەی باوکەکانی پێشووتان بڕۆن.

٢/ بە تەواوی بزانن هەر ڕێکییەکی هەتانە، ئەگەر لەژێر دەستوورێکی کۆمەکییدا نەبێ سەرناکەون.

٣/ ڕێکی گەورە (حکومەت).. ڕێکی بچووك (عەشیرەت) پێویستە. کە وابێ ناشیا بەهیچ بابەتێك کە گەورە لە بچووکان نەبوورنو بەهێزی ژیریو هۆش پەروەردەیان نەکەن.

تکا لە گەوران دەکەم کە پێگەیشتوون، نەك لە بچووکان کە ناتێگەیشتوون، تکایان لێدەکەم بۆ پێگەیاندنیان زۆری دەوێ وە دەتوانن بیانکەنە هەموو جۆرە نیشانەو سەنگەرێك. وا دیارە ژیانی کۆمەڵی گەورە لەهی بچووکەوە پەیدا دەبێ (تا یەك نەبێ، دوو نابێ).

هیوامە لە پێش هەرشتێکدا (کۆیە) بژیا لەگەڵ وڵات، لەلایەکی دوایی کوردستانی شیرین لەژێر دەستوورێکی ڕەنگین.

ڕاجی
هەڵگری ئاواتی کوردستان

(٢)

وتەی نەورۆز (*)

سەروەران: ڕۆژتان باش، جەژنتان پیرۆز، ژیانتان خۆش.

لە ڕێی ڕەوشتو بناغە بەستنی ئادەمیزادەوەو دامەزرانی لەم دەسکەلایە خاکەدا، بەچەند وشەیەك گوێگرتنتان تکایە.

١/ تەبیاتو ئەقلّو مێژوو بڕیاریان داوە، کە ئادەمیزاد لە هەموو گیاندارێك تەواوتر دروست کراوە، هەوێنێکی یەکدگیریو کارەبایی کە لەودا هەیە لە شتی دیکەدا هێندە بەهێز نییە، جگە لەوە دەتوانێ هەر شتێکی کە لەم کانگە خاکییەدا دەربچێ بەهەموو ئەندازەیەك کەویو ژێر دەستی خۆی بکا چ مردە، چ زیندەو، لە دەوری هەرە پێشوودا ڕێگای فێربوونو تەقەلای هەر چەشنە کارێکی پێویستی بۆ کێشراوە. لەگەڵ ئەوەشدا پەروەردگاری گەورە پێ بەپێ، چەرخ بە چەرخ، پیاوی زاناو ژیرو خاوەن ڕەوشتی هەڵبژاردووە کە کۆمەڵی وەخت لە ژیانو خۆشیو پیرۆزگاری دوا نەکەون. ڕۆژ بە ڕۆژ زانینو وریایی لە جووڵە جووڵو بەرزی دابوو لە دوو لاوە: یەکەم/ زانست پەروەرەکان، دووەم/ کاربەدەستەکان. وە لە ڕۆژگاری بابە نووح (کوڕەزای ئادەم)، وەکو زانراوە یەکەمین هۆی لە ئاو ڕزگاربوون (کەشتی) دۆزرایەوە، نووح لەگەڵ چەند کەسێك کە ئازا لە ڕێگای ژیانپەروەریدا بوون، سواری کەشتی بوون. لەو لێزماتە زلەدا چەند شەوو ڕۆژێك لەسەر ئاو سووڕانەوە، تا خەڵکەکەی تری تیا بەقڕ چوون، کە ئاو نزم بۆوە بەرێکەوت کەشتی لە کێوە بچووکەکەی (جوودی)ی لە نیشتمانی کورداندا وەستایەوەو گیری خوارد، خاكو عەرد دەرکەوت، خەڵکەکە دابەزین ئاگریان کردەوەو گەرم بوونەوە، ئینجا پەلەیان کرد کە هێندێ کوختەو هێلانە بۆ دانیشتنیان دامەزرێنن، وردە وردە پەلاماری هەموو پێویستییەکی خۆیاندا، بەرە بەرە

* ئەم وتارە لە ئاهەنگی نەورۆزی ساڵی ١٩٤٧ لە کۆیە، خوێندراوەتەوە.

ئاو کەم بوو، دورگە دەرکەوت، نەتەوە زۆر بوو، خواروو ژوور خەڵك هەڵکشاو داکشا، وا ئەزانم وەختیش هەوەڵی بەهار بوو کە پێی دەڵێن نەورۆز.

٢/ کە سەرماو بایە بەهێزەکەی حەوت شەوو هەشت ڕۆژیی، هۆزو تیرەکەی حوکمدار (عاد)ی بە قڕدا، ڕەوشتو ژینپەروەران ڕزگار بوون، وەخت ڕێگای دان کە ئاگر بکەنەوەو خۆشیی لە ئەندامو ژینی خۆیان ببینن، بێگومان ئەمە چاخی نەورۆز بوو.

٣/ (سەردەشت) کە بەناوی(زەردەشت) ناسراوە پیاوێکی زۆر بەرزو بەجێ بوو، هەوەڵجار ڕێگیری لە ئاگرپەرستەکان نەدەکرد، هەتا لە ڕۆژی نەورۆزدا بەخۆشی دڵی وان ئاگرێکی زۆر گەورەی دەکردەوە، چونکە دەیزانی ئەم ئاگرە دوو قازانجی هەیە:

یەکەم/ ئەوەیە کە هۆزەکە بە هۆش بێتەوە کە زەردەشت ئامانجێکی تەنهایی خۆی نییە، بەشکو دەیەوێ هەموویان پێکەوە بژینو خووی ناشیرین لەو ناوەدا لەناو بچێ.

دووەم/ دەیەویست بەهۆی ئەو ئاگرەوە کە لەو ڕۆژەدا دەیکاتەوە، وێنەیەکی تەبیاتیی نیشان بدا تا بزانن نەورۆز ڕۆژێکە هەموو جۆرە گیاندارو گیاو گوڵو کانگەکانی خاکیشی تیا دەژێتەوە، بە میانەی گەرمیو تەڕی هەموو میزاجو تەبیاتی لێکوەشاوە یەکدگیر دەبنو ڕوو لە زیادی دەکەن.

ئینجا گەورەکان.. هاونیشتمانەکان.. هاوخوێنو گیانەکان:

لێتان ئاشکرایە کە نەورۆز شایانی جەژنە، شایانی کۆبوونەوەیە، شایانی پێکبەستنی هاوتەبیاتو هاوڕەگەزانە، شایانی ڕێکخستنی هەموو ئیشو کارێکە لە پێشا بۆ ئەم گەلە کوردە، ئینجا بۆ داکشاوو هەڵکشاوەکانی دورگە. بەڵام لەگەڵ ئەوە کە هەوێن، تواندنەوە، مەیاندن، ژیان، بەرزی، خزمایەتی، تێکەڵی، جوایەزی، قاڵبوونەوە، خڵتو خۆڵ نیشانی خۆمان دەدەین لەم بەهەشتو مێرخوزاری نەورۆزەدا، داخەکەم مەرگێکی گران بەچاوی خۆمان دەبینین. ئێوەو خواتان! لەو داخە زلتر هەیە؟ لە ڕۆژی ژیانەوەت نەفرەجای مەرگت ببینی؟!! ئامانجم ئەوە نییە کە ئێوە بە ڕووتو قووتی، برسیو تینوویی، بێ چەكو بێ هێز، نەخوێنی یەکتر بمژن، نە بەگژ خەڵکیشدا

بچن، چونکە (کەزۆر هات قەباڵە بەتاڵـە)، (کـە کەسـیش نـەبوو ڕەجـەب دەبێتـە سـەر پاڵە).

ئامـانجم ئەوەیـە کـە ئیمـڕۆ جـەژنی دڵـە، جـەژنی گوڵـە، جـەژنی تەبیاتـە، جـەژنی ئادەمیزادە، جەژنی گیاندارە، جەژنی گیاو گۆڵە، جەژنی خاكو کانگەیە. ئەم ڕۆژە بـوو تەبیاتی گیانداریی بابەئادەمی هێنایە دەرەوەو، بەشی زیندەوەر پەرەی سەند، گژوگیا لە ماتییەوە ڕووی لەبەرزی کرد، هەموو شتێکی تیا سەربەستو ئازاد بوو.

گەرمیو تەڕی، هەموو جۆرە کردەوەیەك دەخەنـە بـەرکار، پێکـەوە دەتـوانن دوژمـن بکەنە دۆست، دوور، نزیك بکەنەوە. ساردیو وشکی لە سەختی زیاتر نابەخشن.

ئـاگری نـەورۆز تـەنها دەسـتمایەیێکی دینـی نییـە، بـەڵکو دەزگایـەکی قەبـەی تێگەیاندنە بـۆ (تواندنـەوەو مەیانـدن - تحلیـل و ترکیـب) لـە هـەموو سەرچـاوەییێکی پێویـستدا. بـەڵام بەهـەزار ئـاخو داخو مـەخاوە، هـۆزە هەژارەکـەی کـورد بـەم هـەموو ڕێوشوێنو ئاگرەوە، لە ڕێ بەجێماو، لەماڵ دەرکراو، لەسەرما قەسراوە.

خەڵکی، بێ مامۆسـتا .. لـەخۆوە هەسـتا .. لـە ڕێ ڕانەوەسـتا.. لەماڵـەوە پـشتی بەسـتا.. لەبـەر ئـاگری گـەرموگوڕ وەسـتا.. بووژایـەوە دەس بـەکارەوە.. بەگـەنجی بـێ ژمارەوە .. لادێی کڕی بەشارەوە.. دەمی بە پرسییارەوە .. ڕۆیی بە ڕوویی یارەوە.. کەوتە کانگەی بەهارەوە.. غەرگەو تەزبیحو ساویلکەیی .. پیرێژنو نەزان هەڵخەڵەتاندن.. بستە لێدانو منـاڵ سووڕاندن .. بەقسەی پان پان خەڵك گریاندن .. ئەمانـە ڕیـشەی جـەرگی پساندن!!.

زەمانـم خـرتە، زمانـــم کورتە ژێـریش بم، گـوێم هـەر لـە پرتـە پرتـە
جەژنـە برا گیان، یاخـۆ گێـژەنـە بـڕە و مەنـداوە، یـا قـووڵ، تیژەنـە
مەلەش نازانـم، خنکانـم ڕێکە مـردن جارێکـە، یـار هـەر یارێکـە
گیانلەبەر هەموو بەکاردروستی بـچووکی خۆیـان هێنایـە مەسـتی
لە نەورۆزی گەش، ڕۆژو بەرخۆلە چـادریان هەڵـدا، لـە ڕوویـی هەسـتی
هەموو تێگەیین، مارو مێـروولە هـەر کـەس ڕیـسی خـۆی تـەنیوو ڕستی

هەر جۆرە گیا، ڕووی کردە بەرزی — بەڕەنگی گولاَن، مەندیلی بەستی
بەشی داروبار، بەجاحێڵو پیر — مێیەی بە بەرهات، نێر، گوارە گەستی
پڕۆتۆن لەگەڵ ئەلیکترۆنی — هەموو ئیشی خۆی گرتۆتە دەستی
هەوارگەی پیرۆز، بەخۆراکی شین — دایە سپی شیر، شیرینو خەستی
دوڕندە، هەموو مل پانو قەڵەو — هەرچی تێهەڵدا، لەناکاو خستی
لە ڕووبارەکان، سەرکەوتن ماسی — ژاری تێ باوە، بۆچ ڕادەوەستی؟
چەند قەلەندەرو هەژار بوو، خەڵك — تۆ بێ درێشەی، بمرە بە مستی
چەند ڕۆژی نەورۆز هاتو، بەسەردا — لەخەوی شیرین، نەمدی هەڵستی
کارو زانینت، ڕەوشتو ڕێکیت — هەمووت هەر دەمەو، قسەی بە قەستی
بە چاو لێکەریت، ڕازیم برا گیان — چونکە لەگەڵ دڵ، تۆ بەرهەڵستی
دەماخت وەکو بادامی پووچەڵ — خەڵك باخی تۆی پێوا بە بستی
(پشکۆ) کوژاوە لە کوورەی خەمان — فرۆشا، لەناو بازاڕی چوستی
باوەشێن کرا، بەدەستی کڕیارِ — شتی پێ جۆشاند، بە چڵو شەستی
تویکڵی فڕێدا، تا بوە خۆڵەمێش — واتە، ئەبینی مەیدانی سستی.

هەر بژی نیشتمان .. هەر بژی کۆیە.. هەر بژی قائیممەقام.. هەر بژی کۆمەڵی دانیشتوان.

ڕاجی میکایەڵی

کۆیە - نەورۆزیساڵی ١٩٤٧

فەرهەنگۆگ

(ئـ)

ئاباد: ئاوەدان، ئاوا.

ئابادی: ئاوایی.

ئاپۆرە: گەمارۆ، کۆمای خەڵك پێکەوە .

ئازموودە: ئەزموێنراو، تاقیکراوە.

ئازوردەم ئازاردەر - (قرمکار، تەماعکار).

ئاسار : شوێنەوار.

ئاسیاب: ئاسیاو ، ئاش.

ئاشقەڕاو: شەیدای ڕاو - ڕاوکار.

ئاشوب: ئاژاوە، گێچەڵ.

ئاشوفتە: پەرێشان، شێواو.

ئاغووش: باوەش.

ئافاق: کۆی (أفق): ئاسۆ.

ئافتاو: هەتاو.

ئافەت: بەڵا، لەناوبەر، پەتا.

ئاقیبەت دوایی، سەرەنجام.

ئالودە: هۆگر، متووگر.

ئالۆزەر: ئالۆزکێن، ئەوەی شت ئالۆز دەکا.

ئاماج: ئامانج، مەرام.

ئاهو: ئاسك.

ئاهووان: کۆی ئاهوو.

ئاوەگر: ئاومالکە.

ئاویتە: هاویشتە، (خۆم ئاویتە ماڵی).

ئایینە: ئاوێنە.

ئەتراف: دەوروبەر، ئەملاولای دەموچاو.

ئەچکا : ئەتکا.

ئەخبەس، أخبث: پیسترین.

ئەخرەس، أخرَس: لاڵ.

ئەدهەم: کۆتو زنجیر.

ئەرس، أرث: ئاشووبنانەوە، ئاژاوەنانەوە.

ئەژدەر: کوڵە مارێکی ئەفسانەییە.

ئەستووك: ئەستوورك، کولێرە.

ئەسپەر: بەروانکەیەکی وەك زرێ وایە لەکانزای تەنك دروست دەکرێ.

ئەسرین: فرمێسك.

ئەسکەنجە: گیرگە، گیرە.

ئەسەل، الأثل: جۆرە دارێکە، تەختەکەی زۆر ڕەق‌و پتەوەو تەشتی دارینی لێ دروست دەکرێ.

ئەسیر، أثیر: پایەبەرز، شکۆمەند.

ئەشکباش: سەرما.

ئەعجاف: لەڕو لاواز، برسی‌و بێ بڕست..

ئەغمام: غەم‌و پەژارە.

ئەفروز: ڕووناکی، ئاگر هەڵکردن، گڕگرتوو.

ئەلا: ئامرازی ورپاکردنەوە، واتە: بزانەو ئاگاداربە.

ئەلتاف، الطاف: کۆی (لطف) ، دڵنەرمی.

ئەلەستی: دەفرێکی بەنرخە وەکو کریستاڵ.

ئەلەم: ئازار.

ئەلویداع: ماڵئاوایی کردن، بەخوا سپاردن.

ئەلیدرەم : یەکەیەکی کێشان‌و سەنگ کردنە.

ئەمەش: ئێمە.

ئەندووە: ئاه و خەفەت.

ئەنگۆژە: بەری درەختێکە.

ئەنگەز: کەتیرە.

ئەنگوش: ئەنگوست، پەنجە.

ئەنگووت: پشکووت.

ئەنگیز: خۆشییەکی بەردەوام.

ئەنیس: هاودەم، هاوڕاز.

ئەوج: ئەوپەڕی بەرزی شتێك.

ئەیاغ: بەرماوە، بێ برەو.

ئوفق، أفق: ئاسۆ.

ئونباشی: سەرکار، سەرلق لەناو لەشکرو سوپادا.

ئونس، أنس: ڕابواردن، هاودەمی، هاودەنگی.

ئۆغەن: بەشی چوارەمی ماوەی چلەی زستان، ناوی سەرماو وەیشوومەی زستان.

ئیحتیراز: پارێزکردن، خۆ بەدوور گرتن لە شتێك.

ئیذتیاب، اذتیاب: توانەوە.

ئیزتیراب، إضطراب: تێکچوون.

ئیستینتاق، استنطاق: بە قسەهێنان.

ئیستیلا، إستلاء: دەست بەسەرداگرتن.

ئیغتیراق، اغتراق: خنکاندن.

ئیکسیر: گەوهەرێکە بۆ گۆڕینی کانزا، وەك (گۆڕینی مس بۆ زێڕ).

ئیلتیجا، إلتجاء: پەنابردن.

ئیلتیهاب، إلتهاب: داگیرسان، سووتانەوە.

ئیلتیفات: ئاوڕدانەوە. لە ئەدەبدا بریتیە لە گواستنەوەی شێوەی قسەکردن لەشێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی دیکە، وەك

لەم دێڕە شیعرەی (مەحوی)دا، کە شێوەی ئاخاوتنی
لە نادیارەوە گواستۆتەوە بۆ کەسی ئاخێوەری یەکەم:
(زوبانـــــی لالە، بۆحەیرانە، حالّی بۆ پەرێشانە
لەسۆسەن دەفکرم مەحوی، لەوەصفی نێرگسو سونبول).

ئیما: ئاماژەکردن لەڕێی سەر دانەواندنەوە.

ئیمتینان، إمتنان: سوپاسگوزاری.

ئینتیساخ، إنتساخ: ڕەشبوونەوە، لەناوچوون.

ئینتیباق، انطباق: ڕێکی.

ئیندراج، اندراج: تێهەڵکێش کردن، تێخستن.

ئینتیقام، انتقام: تۆڵەکردنەوە.

(ب)

بائیس: بێ جێگاو لانەواز، کلۆڵ.

ڕاغ: ڕاخ، گردو بەرزایی سەوز لەگیا، مێرگو چەمەن.

باد: با.

بادی سەبا: بای بەرەبەیان.

بادە: مەی.

بارەزی: باری دڕکە زی.

باف: گەڕانەوە.

باڵۆرە: گۆرانی هەڵدانی کوڕو کچ لە چیا، جۆرە دەنگێکە لەگەرووەوە دێتـە دەرێ، بەجوڵەی پەنجە دەنگەکە دەگەڕێتەوە.

باڵق: سەرەتای قۆناغی هەرزەکاری، ئاو تێگەڕیاو.

بالیف: سەرین ، سەنگیا.

باو: باوك.

ببووسم: ماچ بکەم.

بناگۆش: بنە گوێ.

بە برووت: بەهەڕمێن، بەنرخ.

بە کوللی: بەگشتی.

بتهێمە: بێمە.(بتهێمە باوەشت).

بەبێ جورم: بەبێ تاوان.

بەتابی من: بەتاوو تینی من.

بەت، بَط: مراوی.

بەخولاّ: بەخودا.

بەخولا: مەبەست لەخولانەوەیە، بەخولانەوە.

بە داکا: بەدایکەوە.

بەدر: مانگی چواردە.

برژۆڵ: برژانگ، مژۆڵ.

بڕ: بلاّو.

بەڕ: وشکانی، دەشت، بەژ، (لاکێش — تەختە بەڕە).

بەربەت: ئامێرێکی مۆزیکە وەکو (عود) وایە.

بەرپای: لەبەر ئەو ، ژێر پێی.

بەرگەشتە: گەڕانەوە.

بەرودۆش: دەست لەملکردنو بە سینگەوە نووسان.

بەچە: بەچکە.

بەچە تەرسا: بەچکە گاور.

بەستەك: بەستن ، جووڵە لێبڕ.

بەگەردش: بەگەڕخستن، بەدەوریا سووڕانەوە.

بەگردی: بەکۆمەڵ.

بەلاش : بەخۆڕایی.

بەلەك: پووزو بەلەك.

بەلاّلوك: میوەیەکی سووری ترشە، ئالوبالۆ.

بە مە: بە ئێمە.

بەنەفشە: وەنەوشە.

بەندەقە، بندقیة: تفەنگ.

بەنگ: بەنج.

بەهانە: بیانو، مەهانە.

بەهەبا: بەفیڕۆ.

بەی: بەهێ.

بەیتی عەتیق: ماڵی کۆن، وێرانە.

بەیدەق: سەربازی یاری شەترەنج (پیادە).

بەیداغ: ئالاّ ، پەرچەم.

بەیرەق: ئالاّ ، پەرچەم.

بورج: قوللە.

بورهانو قیاس: دوو زاراوەی زانستی لۆژیکن.

بوت: کیژی دڵبەرو شۆخو شەنگو شەپال.

بوودوجانەو جەلجەلووت: ناوی دوو جۆر نوشتەن.

بوڕادە: وردەی هەر کانزایەك.

بوم: کوندەپەپوو.

بۆشناخ: پۆشتە.

بیدعە: نەریتی نوێ باو، تازە داهێنراو.

بیمار: نەخۆش، زامدار.

بیماران: کۆی بیمار.

بێز: قێز ، لێب.

بێ پۆش: بێ سەرپۆش، دیارو نەشاردراوە.

بێ عەدەد: بێ ژمار.

بێ مەفەر: بێ دەرەتان.

بێن: بۆن، بۆ.

بێ نەزیر: بێ هاوتا.

(پ)

پاڵوز: بەشێکە لە شەش بەشەکەی زستان.

پەچە: ڕووبەند، ڕووپۆش.

پەڕاگەندە: دەربەدەر.

پەروەرش: پەروەردە.

پەڕسۆز: پەڕسووتێن، هەڵپڕووزێن.

پڕ شکاف: پەرش و بڵاو، داتەکاندن.

پردی هەڵزەلین: پردی جینفەت، پردی سیرات.

پەژموردە : ژاکاو.

پەشم: ئاوریشم.

پەشیزە: دراوێکی کۆنی بەنرخە، وەکو تاکەی زیوین بۆ سەر پۆشین بەکاردێت.

پنج: بنەگیا، ڕەگ و ڕیشە، بنکی بەستراو.

پەڵاس: پالاس، بەڕە، ڕایەخی جگ لەمافوور.

پەیت: توند.

پەیک: وەڵامبەر، نامەبەر، تەتەر.

پەیکان: نوکێکی تیژە دەخرێتە سەر ڕم و تیر.

پوستان: مەمک.

پۆڕ: پان و پۆڕ ، بەرین، ناوی جۆرێکە لە باڵندە.

پۆڕینە: وەك پۆڕ، خەت خەت و خاڵخاڵاوی.

پیسە: بیزە: جۆرە دراوێکە.

(ت)

تا تا: جیا جیا.

تاب: تاو، تاودان.

تات: تاشەبەردی گەورەی لاکێشەیی.

تار: تەرەبوو، دابڕاو، ئامێرێکی موزیکیە.

تار: ڕیشاڵ، ڕەگ.

تاری: تاریک.

تاری عەنکەبووت: تەونی جاڵجاڵۆکە.

تاف: هەڕەت.

تاق: تاك، تەنیا.

تاق: دەلاقەیەکی شێوە کەوانەیی لەناو دیوار.

تاڵووکە: پەلەپەل، بە پەلە.

تالیعی بەیزا: بەختی سپی، گزنگی هەتاو.

تانەجۆ: تانەگۆ، توانج گر، توانج بێژ.

ترنجۆك: جۆرە نەخشێکە لەسەر مافوور دەکرێ.

ترووس، تُرس، درع: قەڵغان، زرێ.

تەب: تا، لەش گەرمبوون بەهۆی نەخۆشیەوە.

تکا: ڕجا.

تکا: ڕژا.

تلیانە: سەبەتە، لە شووڵی داری بی دروست دەکرێ.

تەبەر: تەور، بیور.

تەبەه: ئاڵۆزکردن، نادیارکردن.

تەبیات: سروشت.

تەجەللا: درەوشانەوە، دەرکەوتن.

تەخمین: نرخاندن، خەملاندن، قەبلاندن، قرساندن.

تەرەب: ئاهەنگ و خۆشی.

تەرەبناك: دڵخۆش، خۆشگوزەران.

تەڕڕاڕ: گیرفانبڕ، دزو ڕێگر.

تەشریح: شیکردنەوە، توێکاری.

تەشقەڵە: شەڕفرۆشتن، گەڕپێکردن.

تەعنە: تانووت، تانەو توانج.

تەعەب: ماندوو بوون.

تەفائول: گەشبینی.

تەك بە تەك: بەتەنیشت یەکەوە.

تەکلیس: بوون بە قسڵ و گەچ، بەڵغ گرتن.

تەڵاش: پوازی دار.

تەلاش: هەوڵدان، تەقەلا.

تەنقید: ڕەخنە لێگرتن، شەن و کەو کردن.

تەم ئەنوار: خەرمانەی نور، تەمی ڕووناکی.

تەما: نیاز ، ئاوات.

تەمەننا: ئاواتخوازی.

تەمغە: مۆر.

تەن: گیان، جەستە، لەش.

تەنستان: ئاوەدانی مرۆڤ ، ژیانگەی ئادەمیزاد.

تەهەمتەن: ئازا، دلێر، نەترس، ناسناوی ڕۆستەم بووە.

تەهریس: وردکردن، هاڕین.

تووبا ، طوبی: خۆشی، کامەرانی، مژدە، ئامرازی خواستنی خۆشی و کامەرانی، ناوی دارێکە لە بەهەشتدا.

توە: تۆیە، (بۆ توە، یا دارو بەردو وەحشییە - ڕاجی)

توحفە: دەگمەن، دانسقە، شتی بە نرخ و جوان.

توڕباخ: خاك. (وشەیەکی تورکییە).

توڕڕە: بسك و کەزی، ناوچەوان، گەندەمووی ئەملاولای چاو.

توڕڕە: مۆری سوڵتانی کە ناوو ناسناوی پاشای لەسەرە.

توول، طول: درێژی.

توڵە: سەگی بچکۆلەی ڕاو.

تۆق: گیرە، تەوق.

تۆراخ: ماستی ئاو لێ گیراوی شویت تێ کراو.

تۆقە: تەوقە، دەست لەناو دەستنان.

تەیاترۆ: تەماشاخانەی سازندەو سەماکەران.

تیتاڵ: قسەی گاڵتە، ئاینو ئۆین کردن.

تیراز، طراز، جۆر، شێوە، تەرز.

تیشە: تەشوێ، تەشو، ئامێرێکی دارتاشییە.

تیك: درز، قڵیش، قەڵش.

تینەت: خاکستەر، قوڕی خیلقەت.

تێتوە: تیتك، پرچی درێژ.

تێشوو، تێشە: زاد، نانەبەرە، پێداویستیو خواردنی سەفەرو ڕێگەی دوور.

تیفل، طِفل: منداڵ.

تێك سرماو: تێك سمڕاو، چوارشانە، دامەزراو.

تێماو: گیرۆدە، کەسێك کە سەر لە شتێك دەرنەکا.

تێهو: زڕەکەو.

(ج)

جان: ڕوح، گیان، جوانو لەبەر دڵان.

جان: کۆی جن - جنۆکە.

جاویدان: نەمری.

جبوە، جبایە: باجو خەراج.

جەبر: هەڵبەستنەوەی ئێسکی شکاو.

جەبین: ناوچەوان، تەوێڵ.

جەڕاب: شتێکە وەکو کوندە وایە بۆ پەڕینەوە لە ئاو.

جەزب: حاڵ لێهاتنی هەوادارانی تەریقەت.

جەفا: دەردەسەری.

جەفاخوردە: جەفاکێش.

جەلە: ڕستەیەکی وەکو فیشەکدانە منداڵانی لادێ لە گیای گڕگاز (گڕگازیلە)دروستیان دەکرد.

جەڵد: داری حەد، لێدان بەدار، (زاراوەیەکی شەرعییە).

جەمات: کۆمەڵ.

جەماڵ: جوانی.

جەمەر: پشکۆ، پەنگر، پۆلو.

جەنان: تاریکی شەو، دڵ، کرۆك، نهێنی.

جەنە: غەزرین، مانگرتن.

جەیحون: ڕووبارێکە لە باشووری خۆرئاوای ئاسیا، لەچیاکانی پامیرەوە هەڵدەقووڵێو دەڕژێتە دەریاچەی ئاراڵ.

جدەو: جۆرە نەخۆشیەکە لە ئەنجامی زۆر ئیش پێکردن تووشی گوێدرێژ دەبێ.

جگ: جگە، بێجگە.

جند: جن، ئەجندە، جنۆکە.

جونبوش: بزووتنی زۆر.

جۆش: قوڵپی ئاوی گەرم.

جیاز: کەرەستەو شتومەکی بووکێنی.

جیلوە: دەرکەوتن، خۆنیشاندان، ڕازاندن، ناوی کتێبێکی ئاینی کوردانی ئێزدییە.

جین: جن، ئەجندە، جنۆکە.

جینان: کۆی جەننەت، بەهەشت.

(چ)

چاپك: چاپوك، چالاك.

چا نیە: چاك نییە، باش نییە، چا نیە.

چاوی تالیعبین: بەختناس، جادوگەر.

چەرەست: تۆوو ناوکەو برێشکەی تێکەڵ.

چەغە: چغە، وشەی دەرکردنی سەگ.

چەقەن: شوێنێك لە چیا، وشكو برینگو بێ ئاو.

چەلەبی: گەورە پیاوی دەوڵەمەند، بەگزادە (وشەیەکی تورکیە).

چەماو: چڤیایی، لارەوەبوو، چۆمی گچکە.

چەمبەر: کەمەر، کەمەربەند.

چەمەن: چیمەن، باخچە، هەرێز.

چەنگ: ئامێرێکی موزیکیە.

چەنگ: چنگ، پەنجە دەست.

چەوگان: گۆچان.

چراغ: چرا.

چوخس: بێ پارە.

چوغڵ: بەزۆری، زۆربە.

چیهرە: چارە.

(ح)

حەجیب: دەرگەوان، پەردەوان.

حەدەق: کۆی (الحَدَقة) : گلێنەی چاو.

حەزەر، حَضَر: نیشتەجێ بوون، شارنشینی.

حەزەق، حَذَق: زیرەکیو بیرتیژی.

حەزەن: دڵتەنگیو ناخۆشی.

حەسرەت: ئاه و ئەندووه.

حەشامات: کۆمەڵی خەڵك.

حەشەم: بەردەستو کەنیزەك.

حەضیض، حضیض: ئەوپەڕی نزمی.

حەز، حەظ: بەخت.

حەللاف: کەسێك کە سوێند زۆر دەخوا.

حەل: کردنەوە، چارەسەر.

حەمباز: بازدان.

حەنزەل، حنظل: گوژاڵکە تاڵ.

حەیا: ئابڕوو.

حوبارا: ناوی باڵندەیەکە.

حودی، حوذي: عەرەبانچی، ئەوەی گالیسکەی ئەسپان لێدەخوڕێ.

حور: حۆری، پەری، کیژەکانی بەهەشت.

حوسن: جوانی، شۆخو شەنگی.

حیرفە: پیشە.

(خ)

خار: دڕك.

خارا: بۆ کار ئامادەبوو، ڕاهاتوو لە کار.

خارا: دڕکاوی.

خاشاك: کاوکۆتەڵ، وردەی دار، پڕوپووش.

خاقان: ناسناوی پاشایان.

خاکسار: خاکەسار، بەلەنگاز، داماو، هەژار، بێچارە.

خَتە: وشەی دەرکردنی پشیلە.

خرچە: کاڵەك، گندۆرە.

خرچە خرچ: داکرۆژینو کرۆژتنی هەندێك خواردن.

خرسی: لاڵ، بێدەنگ، زمان بەستراو، سستو تەمەڵ.

خەتوە، خطوة: هەنگاو.

خەجەل: شەرم.

خەد، خَدّ: ڕوومەت.

خەدەنگ: تیری ڕاست.

خەرابات: وێرانە.

خەرام: ژنی باڵابەرزو باریکەلە، بە وەفا.

خەرامیدەن: لەخۆبایی.

خەرتەلە: گیایەکی لاسکداری بەهارانەیە، زۆر خواردنی دەبێتە مایەی گێژبوون.

خەرقە، خەرگە: باڵاپۆشی پیاوچاکان، جبە.

خەرگ: قوڕ، خاك.

خەرووس: کەڵەشێر.

خەریدمەند: کڕیار.

خەڕۆ: بێ کەڵك، دەستخەڕۆ: مایەپووچ، فریودراو.

خەڕەك: ئامێری لۆکە ڕێسیی.

خەستەك: ڕەنگی شینی تۆخ، کەوەی تاریك، خەست بۆوە.

خەسڵەت: خوو، ئاکار ، تایبەتمەندی.

خەشم: تووڕەیی.

خەلۆەت: تەنیانشینی.

خشتو: لەخشتەبردن، تەفرەدان.

خلود: نەمری، مانەوە.

خواب: خەو، خەوتن.

خواهش: خوایشت، خواست، ئارەزوو ، تکا.

خوڕگە: دەراوی تەنگی ئاو، کە ئاو تێیدا بەتیژی دەڕوا.

خوڕڕەم: دڵخۆش، دەم بە پێکەنین.

خورد: خواردن - (تەمبەڵی خوردو خەوە، هەرچی لە هۆزی وازە). - ڕاجی

خورسەند: قانیع، دڵخۆش.

خورشید: خۆر.

خومار: مەست، کەسێ کەدوای سەرخۆشی سەری دێشێ.

خوناو: خوناڤ ، ئاونگ، شەونم، پڕپشکە بارانی نەرم.

خونسا، خنثی: نێرەمووك.

خۆشبۆ: بۆنخۆش.

خوم، خم: خم، هەش، کوپە، بۆ ڕەنگکردن بەکاردێت.

خومخانە: شوێنی ڕەنگڕێژی.

خیرەد: ئەقڵ ، ژیری.

خیرەدمەند: ژیر، ئاقڵ ، بەغیرەت.

خیز: هەستان، هەستانەوە. (وشەیەکی فارسیە).

خیضاب: ئەو ڕەنگەی کە شتی پێ ڕەنگ دەکرێ. هەروەها بە واتای سوورکردنو لە خەنە گرتنیش دێ.

(د)

دالەنگی: دەشەلی، دەلەنگی، ناتەواوی.

دامرام: دامرکام، خەفەبووم.

دان: بەخشین، خەلە، دانەوێڵە، تۆم، ددان، بە واتایەکی دیکەش بەکار دێ.

دانش: زانست.

دایان: دایەن، ئەو ژنەی شیر دەداتە منداڵی خەڵك.

درەم: درهەم، جۆرە دراوێکە، پارەی پەنجا فلسی جاران.

دەبدەبە: زەماوەندی گەورە.

دەبدەبە: مەزناتیو شکۆمەندی.

دەبدەبە: میزڵدان، شیشڵدان، پڕپا.

دەجا: ژان ، ئێشو ئازار.

دەحەوکێتەوە: دەحاکێتەوە، دەیلێتەوە.

دەرات: دەرهات: (تا ڕەگو ڕیشەی بەلاوازی دەرات. - ڕاجی)

دەردمەند: دەردەدار، لەش بەبار.

دەرقولێو: هەڵقولاو، دەرپەڕیو.

دەڕ، دَرّ: شیر زۆریی.

دەستۆیەتی: لە ئەستۆیەتی.

دەستە شکاو: ماڵوێران، فریوخواردوو، کۆڵەوار.

دەستەک: داردەست.

دەشت: جۆرێکە لە مەقامە کوردییەکان.

دەشت: ناوچەیەکی تەختو بێ بەرزایی.

دەگرفێم: ڕادەچڵەکێم، وەکو ئاگر گرفەم دێ.

دەغەڵ: دەردەدار، گیای بێگانە لەناو دەغڵدا.

دەل: مەکرباز، بەگریشمە.

دەڵ: دێڵ ، سەگی مێ .

دڵ ئارا: دڵخۆش‌و دڵساز.

دەلال: سەوداگەر.

دەڵەک: گیانلەبەرێکە لە ڕێوی بچووکترەو کەوڵەکەی بەنرخە.

دڵدۆز: دڵشکێن، دڵ بریندارکەر.

دڵڕوبا: دڵبەرو خۆشەویستی بەتین.

دەلیل: ڕابەر، ڕێ پیشاندەر، بەڵگە.

دەنی تەبع: بەدخوو ، چرووک، چکووس.

دەهەن: دەم.

دەهشەت: سەرسوڕمان.

دەهلیز: کارێز، ڕاڕەوی تەسک‌و درێژو پڕ پێچ.

دەوس: پێ تێخستن، جێ پێ، شۆپ.

دەویت: بێ نامووس، قەحپەچی، کەسێ هاتوچۆی قەحپە دەکا.

دووپارە: دوو پارچە.

دوجا، دجی : تاریکی، تاریکایی.

دوڕ: گەوهەر ، مرواری.

دورج: سندوق ، (دورجی عەقیق).

دوود: دوو ، دووکەڵ.

دوعا : نزا ، پاڕانەوە.

دوند: لوتکە، ترۆپک.

دوندان: ددان.

دەیجوور: تاریکی شەو.

دییە: خوێنبایی، خوێن بژاردن.

(ڕ)

ڕا بوو: هەستا، ڕاپەڕی.

ڕا بێ: هەستێ، ڕاپەڕێ.

ڕابی: ناوی ژنانە.

راحة الحلقوم: ڕەحەتەلوقم، جۆرێکە لە شیرینی.

ڕافزی: تیرەیەکن لە تیرەکانی شیعە.

ڕاشین: ڕاشەن، تێشووی ڕێگا.

ڕام: خۆگونجاندن، ماڵی بوون.

ڕچ: ڕچە ڕێ ، تولەڕێ، باریکە ڕێ.

ڕچ: بەستەڵەک.

ڕچیو: تەزیو بەهۆی بەفرو سەرما.

ڕەبەن: زگورتی، تەنیا ، سەڵت.

ڕەبەنی دێر: ڕاهیبی کڵێسا.

ڕەتاو: دوورخراوە.

ڕەجاڵ: ڕووت‌و قووت، هەژار، نەدار.

ڕەحیق: شەرابی ساف‌و بێ غەلوغەش، شیلەی گوڵ.

ڕەخت: فیشەکدان.

ڕەخشان: درەخشان.

ڕەدیف: پاشکۆ، سواری پشت سوار.

ڕەشحەت: پژمە، ئاودانەوە، ئارەقەدەردان.

ڕەش کوێت: ناوی جۆرێکە لە ئەسپ.

ڕەعنا: گوڵێکی بۆنخۆشە، ناوی ژنانە.

ڕەغەن: کۆگا، موغازە.

ڕەغیف: کولێرە ، ئەستووک.

ڕەفرەف: دۆشەک، نوێن.

ڕەقیب: بەدکارو بەکرۆکی چاودێری سەر دڵداران.

ڕەقێتە: لەش ڕەقبوون بە هۆی سەرماوە.

ڕەم: ڕاکردن، هەڵاتن.

ڕەمەق: پێخۆر، بەرکوڵ، ژینی کولە مەرگی، گیانەڵا.

ڕەمیدە: ڕاکردە، ترساو.

ڕەمیم: ڕزیو.

ڕەنجوور: ڕەنجدیدە، ماندوو، مەلوول.

ڕەند: ئازا، دلێر، مێرخاس.

ڕەندی: قەلەندەری.

ڕەها: ئازاد، بەرەڵا.

ڕەهەندە: ڕەهندە، ماڵ بەکۆڵەوە، سەرگەردان.

ڕەوزە: گوڵزار، باخچە.

ڕەویزە: ڕواڵەت، ڕەنگ‌و ڕووی ڕووکەش.

ڕستۆن: ڕستن، (ڕستۆنکار- ڕستنکار).

ڕستەک: ڕست، پەتی باریکی هۆنراو، داو.

ڕموز: کۆی ڕەمز، هێما.

ڕموودە: خووپێوەگر، ئالوودە، هۆگر. متووپێوەگر.

ڕوبا: فریودەر، سەرنجڕاکێش.

ڕوباب: ئامێرێکی موزیکیە.

ڕوخ: ڕوو ، ڕوخسار.

ڕوخشندە: ورشەدار.

ڕووبەند: ڕووپۆش.

ڕۆخ: کەنار ، لێوار.

ڕۆزوو: ڕۆژوو.

ڕیا: ڕووبینی، دوڕوویی..

ڕیاباز: دوڕوو، ڕووبین.

ڕیازەت: وەرزش، زاراوەیەکی سۆفیانەیە بۆ بەهێزکردنی ڕۆحو لاوازکردنی نەفس.

ڕیبا: سو، قازانجو زیادەی پارە.

ڕێگوزەر: ڕێبوار، ڕێڤینگ.

ڕیوەڵە: لەڕو لاواز، زەردەڵەی لاواز.

(ز)

زائیبە: توێنەرەوە.

زار: دەم.

زارو نزا: دەمو دوعا.

زاری: گریان.

زاهید: خواپەرست، دنیانەویست.

زاهیر: ئاشکرا.

زبارە: هەرەوەز.

زەبەر: زێڕو زەبەر. (بێ زێڕو زەبەر چیمە لە بازاڕی گرانت؟!) - ڕاجی.

زەخم: زام ، برین.

زەخمەمەند: زامدار.

زەخمی سینان: زامو برینی تیر.

زەدە: لێدان، (خەم زەدە، عەشق زەدە).

زەڕەند: زێڕنگەر.

زەڕڕە: ئەتۆم، تۆسقاڵ، کەمووسکە.

زەڕڕات: گەردیلە.

زەری ئەحمەر: زێڕی سوور.

زڕەدار: داری بێ بەر.

زڕەڕاو: ڕاوی بێ بەرهەم، بێ نێچیر گرتن.

زەریە: زەریا، ئۆقیانووس.

زەعفەران: گیایەکی گوڵ زەردە لەجۆری گیا سەلکدارەکان، بۆ دەرمان بەکاردێ.

زەقەن: چەناگە، زەنەخ، چەنەگە.

زەلالەت، ضلالة: ڕێ لێ ونبوون، گومڕایی.

زەمزەمە: شاییو گۆڤەند.

زەنبور: زەردەواڵە.

زەنگ (زنج - قولەڕەش): مەبەست لە خاڵی سەر کوڵمەی یارە.

زەهری هەلا: جۆرە ژەهرێکە لە گژوگیا دروستدەکرێ.

زوننار: کەمەربەند (پشتێن) ێکە گاورو فەلە لە پشتی دەکەن.

زوزەنەب، ذوذنب: ئەستێرەی کلکدار.

زووینە: مێژینە، ڕابردوو، کۆنینە.

زۆرو زیب: زۆرو جوان.

زیا- ضیاء: ڕووناکی.

زیبا: جوان، شۆخ.

زیوەر: بازنو مەچەك بەندی ژنان.

زی: دەوەنێکی دڕکاوییە، بۆ پەرژینکردنی باخ بەکاردێ.

(ژ)

ژیل: بن ژیل، وردەی بنکەوتوو لە بێژینگ.

(س)

سائیرە: (مەسەلەی سائیرە)، هێشتا دەنگو باوی ماوە، بابەتی قسەوباسی ڕۆژانەی خەڵك، ڕۆژەڤ .

ساغەر: پیاڵەو پەرداخی مەی.

ساو: ساماڵ.

ساو: وشەیەکە بۆ تیژکردنی تیغو شتی بڕندە بەکاردێ.

سپات: ڕەنگی کاڵ.

سرۆتن: سرەوتن.

سەبا: بای فێنکی بەیانیان، ناوی جۆرێکە لە مەقام.

سەبەق: لەمەوپێش ، ڕابردە.

سەبیل: تووتنی پێدەکێشرێ.

سپێر: سەنگەر.

ستێزە، ستیزە: تووڕەیی، ناکۆکی.

سروشك: سریشك، فرمێسك.

سژ: سج ، زج ، زیندەوەرێکی ڕەنگ قاوەییە، خوێنی مەڕو مالات دەمژێ.

سەتوەت: هێرشکردن، داگیرکردنی شتومەکی خەڵك.

سەخاوەت: دڵ تێری، بەخشندەیی.

سەرو: داری سەرو، سەلو، سنەوبەر.

سەرمەدی: هەتاهەتایی، بێ کۆتایی، هەمیشەیی.

سەرنویشت: سەرگوزەشتەو بەسەرهات.

سستەك: لەشگران، تەمەڵ، خاووخلیچك.

سەفاکەش: شادی بین ، خۆشگوشاد.

سەفاڵ: سووکو چرووك، هیچ لە باردا نەبوو.

سەفەه: ڕابواردنو بەفیرۆدانی وەخت.

سەفوەت: ڕوون، هەڵبژاردەی پاكو چاك.

سەقەر: دۆزەخ ، دۆژ، دۆژەه.

سەقیم: لەڕو لاوازو بنێس، دەردەدار.

سەلب: زەوتکردن.

سەلسەبیل: سەرچاوەیەکە لە بەهەشت.

سەلەم: جۆرێکە لە قەرزو پارە وەرگرتن بەسەر بەروبوومی کشتوکاڵی، بەر لە پێگەیشتن‌و هەڵگرتنەوەی ئەو بەروبوومە.

سەم: ژەهر.

سەماحەت: بەخشندەیی، پایەبڵندی.

سەمەن: گوڵی یاسەمەن، زەردی کاڵ.

سەمەندۆك: پەتێکە سەگو تاژی پێ ڕست دەکرێ، سەرێکی دەکرێتە ملیان‌و سەرەکەی دیکەش دارێکی پێدەخرێ.

سەمەندەر: گیانلەبەرێکی وەشکاوەکییە، دەڵێن مادەیەك دەردەدات‌و ناهێڵێ بسووتێ، دژە سووتان.

سەنا: ثناء: ستایش، پێزانین.

سەندەل، صەندەل: جۆرە دارێکی بەنرخە.

سەنگەسار: بەردبارانکردن.

سەنەم: بت.

سەودازەدە: عاشق، ئەویندار.

سەیقەل: صەیقەل، لووسکراو، بریسکەدار.

سەییاد، صیاد: ڕاوچی.

سەییار: گەڕۆك.

سەییارەیی چاوت: چاوی سووڕۆکت.

سەڵمکە، سڵمکە، سملکە: ناوی گیایەکی بەهارییەو، بە شلی لەگەڵ ساوەر لێدەنرێ.

سوبات: خۆڕاگرتن.

سوپەر: قەڵغان ، مەتاڵ.

سوپەند، ئەسپەند: گیایەکی کێوییە، تۆوێکی ڕەشی وردی هەیەو دەیکەنە ناو ئاگرەوە بۆنێکی خۆشی هەیە.

سوخەن: قسەکردن، وتە.

سورەتاو: خۆرەتاو.

سورمە: کلی چاو ڕشتن.

سووزە: سووتان، جۆش، تاوساندن.

سووزەندە: سووتێنەر.

سووت: خۆڵی کاغەزی سووتاو، قوڵکەی داو تێدانانەوە.

سۆجەر: (**Soldier**)، سەرباز.

سۆراخ: هەواڵ پرسین.

سیاه : سیەه ، ڕەش.

سیپە: حەشارگەی ڕاوچی.

سیپەکوڕ: حەشارگەی مێران.

سیراج ، سراج: چرا.

سیکارد: چەقۆی مەیلەو گەورە.

سیمبەر: کچۆڵەی سپی پێست.

سیمین عوزار: کوڵمەی زیوین.

سینان، سِنان: نووکە ڕم، سەرە تیر، ماری ژەهردار.

سینەواز: سینگ فروان، سینگ کراوە.

(ش)

شاپو شەپ: شەقو زللە.

شاداب: شادومان، تێرئاو.

شردی: شوشتی، شۆردی.

شە: ئامێری شیکردنەوەی موو و خوری.

شەبانە: شەوانە.

شەبگێر: شەوگێڕ، شەوگەڕ، ئاشێك کە تەنها بە شەوان ئیش بکات.

شەبوستان: شەوگار.

شەتەك: توند گرێدراو.

شەداو: تۆڕی ڕاوکردنی ماسی لە تەنکایی.

شەرمەسار: شەرمەزار.

شەفاف: تەنك‌و ڕوون.

شەکوا، شەکوە: سکاڵا، گلەیی‌و نارەزایی.

شەکیب: بەئارام‌و خۆڕاگر، هێور.

شەمیم: بۆن‌و بەرامە.

شەه: پاشا.

شەهتە: پشووسوار.

شەهد: هەنگوین.

شەهیەر: شایەر.

شەهیق: هەناسە وەرگرتن.

شەودێز: جۆرێکە لە جۆرەکانی ئەسپ.

شکاف: ئاوریشمی کلافەکراو، درز، قلێش، تلێش.

شکەن: پێچ‌و لوول‌و چین چینیی زوڵف‌و قژ.

شلێوە: پێکەوە بارینی بەفرو باران.

شمشاد: درەختێکی ڕێك‌و بەرزو بێ گرێ یە.

شوعلە: شەوق‌و تیشك‌و ڕووناکی.

شیرازە: پەراوێز، ڕێکخستن.

شیفتە: شێواو.

شوور: ناوی جۆرێکە لە مەقامەکان.

شۆر: سۆزەی دەروون.

شۆرەت: ناوبانگ، ناسناو.

شیهابی من: بریسکەو پرشنگی ئاگرینی من.

(ص)

صەبی، صبي: منداڵ.

صەهبا، سەهبا، صهباء: مەی، شەراب.

(ع)

عابید: خواپەرست.

عاج: دارێکی بەنرخە.

عار: نەنگی، شەرمەزاری.

عاریز، عارض: ڕوومەت، کوڵم، لاجانگ.

عالەمسۆز: خەڵك سووتێن.

عەبەس: ڕەشبین، بێهوودە ، بەفیڕۆ.

عەتیب: گلەگۆ، گلەییکار.

عەدەم: نەبوون.

عەدو: دوژمن.

عەرز، عرض: پانی.

عەزا: پرسە.

عەزادار: پرسەبار.

عەسەس: پاسەوان.

عەقاقیر: دەرمانی لە گژوگیا دروستکراو.

عەقیق: مورووەیەکی سوورە.

عەکس: پێچەوانە، وێنە.

عەما: کوێر، نابینا.

عەمباز: حەمباز، بازدانی درێژ.

عەندەلیب: باڵندەیەکی بچووکی دەنگخۆشە، بولبول.

عەنقا: باڵندەیەکی ئەفسانەییە، ناوی هەیەو بوونی نییە.

عەن قەریب، عَن قَریب: بەم نزیکانە.

عەودەت: گەڕانەوە.

عەوق: پەنگخواردنەوە، پەنگانەوە.

عەییار: دەل، مەکرۆ، بەنازو گریشمە.

عوزار: کوڵمە ، گۆنا، ڕوومەت.

عوسرەت: ناخۆشی، تەنگانە.

عوقدە: گرێ.

عیدوان: دەستدرێژی.

عیسمەت: بێ گوناهی، دوورەپەرێزی لە گوناه.

عیوەج، عِوَج: خواری، نارێکی.

(غ)

غار: غاردان، ڕاکردن، ئەشکەوت.

غالییە: بۆنێکی خۆشە.

غروور: لەخۆبایی.

غەبغەب: بەرچەناگە.

غەربەنگ: گیایەکە، بەرەکەی وەك بەری خاشخاش وایە.

غەریب: ئاوارە لە وڵات.

غەریق: خنکاو ، نوقمبووی ژێر ئاو.

غەزرین: مانگرتنی ئاژەڵ، تووڕەبوون.

غەزەنفەر، غضنفر: شێر.

غەصصاب، غَصّاب: زەوتکەر.

غەمزە: تیلەچاو، چاوداگرتنی بەناز.

غەنناج: نازدار.

غوتتە، غُطّة: نقووم بوون، بە توندی گوشین.

غوربەت: وڵاتی غەریبیو ئاوارەیی.

غوصصە، غُصَّة: دڵتەنگی.

غیلمان: کۆی غولام، کوڕیژگە، خزمەتکارانی بەهەشت.

(ف)

فامیدە: فامکردە، تێگەیشتوو.

فال: نوقڵانەی خۆشی، ڕوونبینی.

فەتارەت: فەوتانو لەناوچوون، هێوریو بێ دەنگبوون.

فەج، فج: شیو، دۆڵ، چاڵ.

فەججی عەمیق: چاڵی قووڵ.

فەحەل، فحل: زڕو بێبەر، نێرەی هەموو گیاندارێك.

فەرتووت: ناکۆك بوون، بڵاوبوون، لێکدابڕان.

فەرخوندە: پیرۆز.

فەرژین: دڕاندن، پچڕ پچڕکردن.

فەرزین: دابەشکار.

فەریب: فریودان، خاپاندن.

فەساڵ: ڕەزا ، ڕوخسار.

فەسیح: زمان ڕەوان، زمان پاراو، ڕەوانبێژ.

فەنا: لەناوچوون.

فەنەر: چرا، لامپا.

فرزەند: منداڵ.

فسوون: ئەفسوون، سیحر.

فشان: فشانی: بڵاوە پێکردن، پرژاندن.

فوغان: ئاه و ناڵەو گریانی زۆر.

فیراق: جودایی.

فیدیە: ڕزگارانە، ئەوەی دەدرێ بۆ ڕزگاربوون لە شتێك.

فەڕ دەوس: پێ تێخستنی بە فەڕ.

فیردەوس: بەهەشت.

فیشاڵ: درۆو دەلەسە، خۆهەڵکێشان.

(ق)

قادرمە: پەیژە، قالدرمە، پێپلیکانە.

قارئ الکف: لەپخوێن، جادوگەر، دەستناس.

قامەت: بالآ.

قاوت: ئاردی گەنمی برژاو، ئاردو وردەی قەرەخەرمان.

قایەغ: هۆیەکی پەڕینەوەیە لە زێو دەریاچەکان.

قەبالە: تاپۆی موڵك.

قەبەس: بەشێك، نەختێك، دەستەچیلە، وەرگرتنی کەمێك ئاگر بۆ کردنەوەی ئاگرێکی دیکە.

قەبیح: ناشیرین، دزێو.

قەتارە: قەتارەی سوخمەو چەفتەی ژنان کە بەتاکەی زێڕو زیو دەڕازایەوە.

قەپێلك: قاوغ، توێکڵ.

قەدەح: خونچە، پشکۆژ.

قەدەح: کاسەی مەی پێخواردنەوە، پەیالە، پەرداخ.

قەدەر: چارەنووس. (ڕووداو).

قەزا: چارەنووس. (دانراوو دیاریکراوە).

قەزاز: فرۆشیاری قوماشی قەزو.

قەزو: قوماشێکی نەرمی وەك ئاوریشمە.

قەسریو: ڕەقبوونەوە لەسەرمان، ڕچیو.

قەشقیان: شووم، بەدبەختی.

قەقبالْ: قەقنەسبالْ، قەقنەس ئاسا، باڵەکەو.

قەلاش: دۆڕاو، مایەپووچ، هیچ پێنەماو.

قەلآن: پاشماوە، باقی. (وشەیەکی تورکی یە).

قەلان: کۆی قەل.

قەلآنگ: ئاسنو داری سەرخوار بۆ میوە لێکردنەوەو دەرهێنانی شتی لەچاڵ کەوتوو.

قەلەندەر: هەردەگەڕ، بێکەسو بێدەرەتان.

قەڵنە: تووتنی پێدەکێشرێ.

قەمتاڵ: ڕەگو بنی گەڵا ڕێواس.

قەهقەهە: قاقا، پێکەنینی بەرز.

قەوسو قوزەح: پەلکە زێرینە، کۆلکە زێڕینە.

قوببە: گومەز، گومەت، گومبەت.

قوتر: تیرە.

قورعە: تیروپشك، خۆوبەخت.

قولزوم: دەریا، دەریای سوور.

قولقولە: ناوی گوندێکە لە دەشتی کۆیە، ئاوێك لەهەموو لاوە هەڵقولێ.

(ك)

کاج: سنەوبەر.

کاخ: کۆشكو باڵەخانە.

کاس : وڕ.

کاسیدە: بێ بازاڕی، بازاڕی بێ فرۆش.

کام: ئارەزوو، ئاوات، چێژ.

کام: ئاکام ، ئەنجام .

کام: دەڤ ، زار .

کاو: سەختترین شوێنی شاخ.

کەبك: کەو، درکە بۆ ڕێ ڕۆیشتنی کەوانە.

کەپوو: لووت، دفن، کەپ، بێڤڵ.

کەرپووچ: خشتی سوورەوەکراو.

کەزی : هۆنی پرچ.

کەستەك: کەرسەك، کلۆ خاکی گەورە.

کەشاکەش: ململانێ، ناکۆکی، گوریس کێشکێ.

کەلەدار: داری داهێنراو بۆ دەوری بێژینگو سەرەند، کەللە.

کەڵەك: کۆمەبەرد، بەردی لەسەریەك هەڵچنراو، هۆیەکی پەڕینەوە لەئاو.

کەڵکیت: شانەیەکە، جوڵا بۆ سفت کردنو کوتانی تەونو چنین بەکاریدەهێنێ.

کەم: الکم: چەندێتی. زاراوەیەکی زانستی لۆژیکە.

کەنیشك: کچ.

کەو: سەرەند، سەرەد، لە بێژینگ گەورەترەو دانەوێڵەی پێ دادەبێژرێ.

کەیف: الکیف: چۆنێتی. زاراوەیەکی زانستی لۆژیکە.

کوچك: بەرد، سەنگ.

کونجڕ: زبریو گرژی.

کونجڕ: لاپەسیو.

کۆز: شوێنێکی تەیمانکراوە بۆ داکردنی بەرخو کار.

کۆس: بەخت.

کۆفیە: جۆرێك لە سەرپۆشی ژنانە، تاسکلاوی ژنان، کلاوزێڕ.

کۆم: کووڕ- (پشت کۆم). چەماوە.

کۆهـ: کێو ، چیا، شاخ.

کیر: گوناهی گەورە.

(گ)

گاپ، لافو گاپ: خۆبادانو خۆهەڵکێشان.

گازووك: شتێك كه گاز بگرێ

گاهێ: گەهێ، جارێ، كاتێ، دەمێ، هەندێ جار.

گنخن: لەڕو لاواز، بۆن گرتوو.

گەپ: گاڵتە، گەمە.

گەج: نەناسراو، بێگانە.

گەدا: هەژار، درەرۆزەكەر، سوڵكەر.

گەرداب: گەرداو، گێژاو.

گەردوش: گەردش، گەڕان‌و جووڵەو سووڕانەوە.

گەرن: گەردەن، گەردن.

گەزەن: ئێشوئازار، تیغی پینەدۆز.

گەزەند: زیان.

گەزەندە: گازگر، قەپگر.

گەزیزە: ناوی گوڵێكی بەهارییە.

گەنج: كۆگا، خەزنە.

گەنجوور: خاوەنی خەزنە، خەزنەدار.

گەندوم: گەنم.

گەوارا: چاوپۆشی، بەخشین لە گوناه.

گەوارە: گەواڵە، پەڵە هەور.

گرد: گر ، تەپە، تەپۆڵكە.

گرد: كۆبۆوە ، خڕبۆوە -(گردوكۆ) .

گرژینەوە: بزە كردن.

گروێ: گەڕ ، گول.

گریش: ناوی باڵندەیەكی برندەو درندە پیشەیە، كورت‌و باڵ درێژو،چڕنووك قولاپی‌و تیژە..

گلە: گلەیی.

گورسەن: برسی. (وشەیەكی فارسییە).

گورۆ: گرۆ، گرەو.

گوزیدە: هەڵبژاردە، پەسەندكراو.

گوژاڵك، حنظل: ڕووەكێكی خشۆكە، وەكو شەمامە وایەو تامی زۆر تاڵە.

گوستاخ: ئازا، نەترس.

گوش: گوێ، گوێچكە.

گوفتم: گوتم.

گوڵخەن: دۆزەخی گەرماو، كوورەی گەرماو.

گوڵسا: وەكو گوڵ، گوڵئاسا.

گوڵعوزار: شۆخ‌و شەنگ، ڕوخسارگوڵ.

گوڵۆوك: شكۆفە، گوڵی درەخت.

گومرا: ڕێ ونكردوو.

گوڵگەشت: سەیرانگا.

گوم گەشتە: بزربوو، ونبوو، گومبوو.

گوهەر : گەوهەر ، مرواری.

گۆ: خڕ ، تۆپ.

گۆیندە: گۆرانیبێژ، پەخشەر.

گێسوو: پرچ‌و ئەگریجە.

(ل)

لاپ: چەپۆك.

لاجلەو: ئەسپی مەشق پێنەكراو، سەركێش، تۆڕ.

لاغر: بێ توانا، زەردو لاواز.

لاكین، لكن: بەڵام.

لەب : لێو.

لەبالەب: تژ، پڕاوپڕ.

لەبیب: زمانزان، لەبلەبان.

لچ: لێوی پڕو ئەستوور.

لەچەك: لەچك، سەرپۆش.

لە چكا: لە چی بكات (خەرمەنی دەردو خەمی دڵبەری، (ڕاجی)، لە چكا؟!.

لەعل: مورووییەكی ئاڵی گرانبەهایە، دركەیە بۆ لێوی ئاڵ.

لەعلی تیردار: یاقووتی پڕشنگدار.

لەك: بریتیە لە (١٠٠٠٠٠) سەد هەزار.

لەكتریك: ئەلەكتریك.

لۆرە لەپ: داری خڕو لووس بۆ پێش‌و دواوەی مەشكە، كە داردۆژنگی تێدەخرێ.

لیام: گلەیی‌و گازندەو سەرزەنشتی كردن.

لیباس: پۆشاك، جلوبەرگ.

لیقا: دیدار.

لیوە: لم‌و لیتە.

لێژەن: لێزنە، دەستە. (لێژەن بە لێژەن بڕۆن). شوێن‌و ڕێگای لێژو سەر بە نشێو.

(م)

مائیل: لار، خوار، حەزلێكردوو، مەیل لێ بوو.

ماتەل: مُعَطَّل: پەكخراو، دواخستن.

ماك: بۆماوە،زگماك.

مالم: پیاوی ئایینی جولەكە.

مامڵەت: مامەڵە، سەودا.

مانەند: وەك ، بە وێنەی.

مەحمەل: كەژاوە.

مەئیوس: بێبەش، كڵۆڵ، هیوابڕاو لە شتێك.

مەتڵەب: داواكاری.

مەجریس: کۆڕو کۆمەڵی دیوەخان، مەجلیس.

مەجوس: ئاگرپەرست.

مەحەك: (سەنگی مەحەك)، بەردی زێڕ ئەزموێن.

مەحز: (محض) - تەنها.

مەخلوت، مخلوط: تێکەڵاو.

مەخمەر: دەفرێکی دارینی قووڵە بۆ مەی خواردنەوە.

مەخمەر: ناوی جۆرە قوماشێکی ژنانەیە.

مەخمەر: یانەی مەیخواردنەوە.

مەدەد: یارمەتی.

مەردوود: ڕەتکراوە.

مەردوم: گلێنەی چاو.

مەرغولە: زوڵفی لوول.

مەزاق: تام‌و چێژ.

مەغز: کاکڵە، (مێشك، مەژی).

مەستوور: داپۆشراو، نادیار.

مەسقەت، مَسقَط: شوێنی کەوتن، جێکەوت، کەوتنگە.

مەشبووك: بەتۆڕەوە بوو، گیراو بەهۆی تۆڕەوە.

مەشکووك: گومان لێکراو، دوو دڵ بوون لە شتێك.

مەقسەد: نیاز، مراز.

مەلاحەت: جوانی، خوێن شیرینی.

مەلامەت: لۆمەکاری.

مەلەك: فریشتە.

مەم گردو مودەووەر: مەمك خڕو قیت.

مەملوك: کراو بە هی خۆ، دەست بەسەرداگیراو.

مەن: کێشانەیەکە، من، مەندو گران.

مەنقەل: مەقەڵی، کوورەی ئاگر.

مەه: مانگ، هەیڤ.

مەهتووك: ئەتککراو، ڕیسواکراو.

مەهد: بێشکە، لانك، گەهوارە.

مەهوەش: سەرسوڕهێن، مایەی سەرسوڕمان.

مەیکەدە: مەیخانە.

مشتاخ: ئەو شوێنەی کە بۆ هەڵخستن‌و بڵاوکردنەوەی تری ئامادە دەکریّ.

مفت: بەلاش، خۆڕایی.

مواسات، مواساة: دڵنەوایی.

موافات، موافاة: پێشکەشکردن.

موبەززیر، مُبَذِّر: دەست بڵاو.

موتابیق، مطابق: ڕێك.

موتتەکا: سەرین، پاڵپشت، هەر شتێك پشتی پێوە بدریّ.

موترەف: بەتوانا، خۆشی بەخش، ئەو کەسەی ئەوەی بیەویّ دەیکاو ڕێگری ناکا.

موحەییا، مُحَیّا: ڕوخسار، ڕوو، سیما.

موختەل: ناتەواو، لاسەنگ.

موخنیق: خنکێنەر.

موخەتتەت: نەخشە کێشراو.

موخەڵڵەت: تێکەڵ کردن.

موژگان: برژانگ، بژۆڵ، موژە.

مورغ: مەل، باڵدار، پەلەوەر.

موزتەڕ، مُضْطَر: ناچار.

موسەففا: پاڵێوراو.

موسەڵڵەت، مُسلَط: زاڵ، دەسەڵاتدار.

موشتەری: کڕیار.

موشتەری: ناوی یەکێك لە هەسارە گەڕۆکەکان.

موشك: میشك، میسك، بۆنێکی خۆشە لەناوکی جۆرێك ئاسك دەردەهێنریّ.

موشکی خوتەن: میسکی تورکستانی چین.

موشکە فشان: موشك پژێن.

موشکین: ڕەش.

موفەڕڕەت، مُفَرَط: بەفیڕۆدەر، دەستبڵاو.

موقیم: نیشتەجیّ، نیشتەنی.

مونیر: ڕۆشن.

مول: شەرابی تریّ.

موهەییا: ئامادە.

مووکاری: موتابچی، کەسیّ کە خەشەو خەرارو شتەکانی دیکە لە موو دروست دەکات. تیژکردنی دەمی تیغ تا ئاستی مووکردن.

مۆنجە: گەڕانەوەی بە تەوژمی ئاوی ڕاوەستاو.

مۆمیا: تەحنیت، بەو لاشەیە دەگوتریّ کە دەرمان دەکریّ بۆ ئەوەی بۆن نەکاو نەڕزیّو بمێنێتەوە.

میجرەف: سەوڵ.

میجمەر، مجمَر: ئاگردان، کوانوو.

میحوەر: خولگە.

میحاق، المِحاق: لاوازبوون‌و نزیکبوونەوە لە مەرگ‌و ئاوابوون.

میدڕاڕ: تەڕ، لێشاو، باراناوی.

میعراج: عوروج: بەرزبوونەوە.

میعیار: پێوانە.

مینتەقە: منطقة: ناوچە، دەڤەر. منطقَـة الجوزاء : سیّ ئەستێرە پێکەوەکەی ئاسمان.

میندەف: ئەو دارەی هەلاج لۆكەی پێ پەڕە دەكا.

میهتەر: گەورە پیاو، سەرۆكی هۆز.

(ن)

نابەڵەد: نەشارەزا.

ناخام: نا خاو، گەییو.

ناخون: نینۆك.

نارەوەن: دارێكی جوانو سێبەردارو بێ بەرەو لكو پۆپی جوانی هەیە.

ناسوفتە: نەسواو، تیخی كولی لە هەسان نەدراو، نەسماو.

ناگوزوری: ناتەواوی، كەموكوڕی ژیان.

نافە: ناوك.

ناوان: نێوان، پەرژین، كۆی ناو.

نچەتا: لەش داهێزران بە - تا - یەكی سووك.

نسار: نسرم، شوێنێك تاو نەیگرێتەوە.

نم: نەم، خوناڤ .

نمو: گەشە.

نەحیف: لاواز، باریكەلە.

نەچناو: نەچنراو، ئاوەچۆڕنەكراو.

نەحس: شووم، بەدوێم.

نەدامەت: پەشیمانی.

نەدیم، نَدیم: برادەر، هاوڕێ.

نەزار: ڕەزیل، قرچۆك، درێژدادڕ.

نەزارە، نظارة: تەماشەوان.

نەس، نص: دەق.

نەستەڕەن: جۆرە گوڵەباخێكی چكۆلەیە، شیلانی پەروەردەكراو.

نەسەق: ڕێكوپێكی، دەستوور، شێواز، ڕەوەن.

نەشیب: سەرەوژێر ، نشێو.

نەعت: وەسپ، پەسن، باسی خوو و ئاكاری كەسێك.

نەعەس: خەواڵوویی، وەنەوز، خەوەكوتكێ.

نەفیر عام: چەك هەڵگرتنی زۆرینەی خەڵك بۆ شەڕ لەدژی دوژمن.

نەفیر: بانگ ڕاهێشتن.

نەقد: ڕەخنە، دراو.

نەقیب: ئەو سەرۆكەی كە ڕێكخراوە پیشەییەكان هەڵیدەبژێرن.

نەكەب: بەڵا، كارەسات، كۆست.

نەوازیل، نَوازِل: بەڵاو كارەساتی گەورە.

نەوخێز: نەوجوان، هەڕەتی جەوانی.

نەودەمیدە: تازە پشكوتوو.

نەوڕەس: تازەپێگەیشتوو، ناوی باڵندەیەكە.

نووسەك، نووسەكە، مووسەكە: گیایەكە بەرەكەی وەكو بەری گیای كونجرە (كونجركە) وایەو بە جلو بەرگو مەڕو ماڵاتەوە دەنووسێ.

نەیستان: قامیشەڵان.

نەیشەكەر: قامیشی شەكر.

نیشات، نشاط: چالاكی، چوستی، ڕۆح سووكی.

نێش: ژان، ئازار، چزوو.

نیصاب: نۆبەرە، دەستەبەربوونی ڕەوایی بۆ بڕیاردان، پشكو بەش.

نیهاد: بنچینە، نیاز.

نیهان: نهێنی، شاراوە.

(ه)

هاڕووتو ماڕووت: گوایە دوو فریشتە بوون خەڵكیان فێری سیحرو جادوو كردووەو، خوداش لە چاڵی (بابل) هەڵیواسیون. مامۆستا مەلا عەبدولسەلام حەیدەری لە بەرنامەیەكی تەلەفزیۆنیدا گوتوویەتی: لە زەمانی حەزرەتی ئیبراهیم دوو برابوون لە دەڤەری بێتواتە، هاڕووت چۆتە ناوچەی سۆرانو گوندی (هەڕووتە)ی ئاوەدان كردۆتەوە.

هاڵۆز: ئاڵۆز.

هەتك: ئەتك، ڕیسواكردن.

هەتیەتە: پارچە پۆڵایەكی كونكونە، زێڕنگەر تاڵە زێڕی پێدەگوشێو پێی ڕاستدەكاتەوە.

هەپ: هەپە، هەپك، سەرمژانەی هەوجاڕ.

هەدەر: بەفیڕۆدان.

هەژنۆ: هەشت نۆ (هەژنۆ ڕۆژ دەبێ هاتۆتەوە).

هەرەست: فرمێسك.

هەل دەست: دەرفەت بەدەست.

هەلوع، هَلُوعْ: برسی، چاوچنۆكو پارە پەرست.

هەڵزەپەتا بوو: ئاوسا بوو.

هەمتا: هاوتا، هاوسەر.

هەمڕەه: هاوڕێ.

هەمس: چرپە، چپە.

هەمشەری: هاوشاری.

هەوا: ئارەزوو، ئەڤین.

هەوا: با.

هەواخوان: گۆرانیبێژ.

هوما: باڵندەیەکی ئەفسانەییە.

هۆژە: مەشقکردن.

هەیجا: شەڕ، ورووژان، ڕق هەستان، تووڕە.

هەیهات: وشـــەیەکی عەرەبییـــە، بـــۆ دووریو نەهاتنـــەدی هیواو ئاوات بەکار دێ.

هیجران: لێـــك دابـــڕان، دوور کەوتنـــەوە لـــە ژن بـــەبێ تەڵاقدان..

هەیولا: مـــاكو بنیـــچەی ڕەگـــەزو مـــاددەی ســـەرەکی هەرشتێك.

(و)

واز: کراوە.

وازە: وازهێنـــاو.(تەمبـــەڵی خـــوردو خـــەوە، هەرچـــی لەهۆزی وازە. - ڕاجی)، خۆ تێ نەگەیاندن.

واژوو: ئاوەژوو، پێچەوانە.

واژوون: سەرەو بن.

وام: قەرز.

واله، (وَلهان): شێتو شەیدا، دێوانە.

ویساق، وثاق: پەت، هەرشتێك بۆ بەستن بەکاربێت.

وەتاخ: ژوور، هۆدە.

وەحشەت: دابڕانو دووركەوتنەوە لە خەڵك.

وەرتە، ورطة: گرفتاری، تووشبون.

وەز: وەزەی، فەریکە گوێز .

وەزەن: ئارەزووی پێوەدان.

وەزی : هەڵیکرد، هات. (نەسیمی نیوەشەو وەزی). -ڕاجی

وەزی: بەزی، دۆڕاو لە شەڕو ملەدا.

وەستەك: ڕێ نەبڕ، پشوو کورت. (مەبە بارگیر سوارو ئەسپی وەستەك) - ڕاجی.

وەسمە، وسمە: دەرمانێکـــە تێکـــەڵ بـــە خەنـــە دەکـــرێ بـــۆ قـــژ ڕەشکردنەوە.

وەغا، وَغى: جەنط.

وەڵاش: هاوڕێ ، هاوەڵ.

وەڵاشی: هاوڕێیەتی.

وەنەوز: خەوەکوتکێ.

ورتە: چپە، پسکە.

وڵە: ملە، جۆبڕکە.

ویداد: خۆشەویستی، حەزو ئارەزوو کردن.

ویسال: ژوان، بەیەك گەیشتن.

ویش: ئەویش.

ویقار: سەنگینی.

ویم: ئـــەوم. (خـــوویی ویـــم کەوتـــە ســـەرو، عیـــشق بـــە قووەت که دوا). - ڕاجی

(ی)

یەخسیر: ئێخسیر، دیل.

یەلهەث، يَلهَث: دەوەڕێ.

یەم، یم: دەریا.

پێڕستی دیوانی ڕاجی

ژمارە	نیوە دێڕی یەکەمی هەر پارچە شیعرێك بە گوێرەی پیتە سەروا	لاپەڕە

(ا)

(١)	خاكو هەوایەکەی وەتەن، هەروەکو سەر چوو بە هەبا	٢٧
(٢)	مەشقی چییە پەروانە، لەگەڵ شەوقی چرادا ؟	٢٧
(٣)	ساقی لەپەردە وەستا، دەستی بە بادە دادا	٢٨
(٤)	ئەوا بەحری پەرۆشی من، شەپۆلی دا بە دونیادا	٢٩
(٥)	بولبولی خەستە دڵم، هاتەوە دیسان بە سەدا	٣٠
(٦)	نیگاری گوڵعوزاری من، هەوا بە باڵو پەڕ ئەدا	٣١
(٧)	دەستی بە هەوەس ناوەتە ناو دەستی ئەگەردا	٣٢
(٨)	من چیمە لە خووی ئاسەفو ئەسکەندەرو دارا	٣٢
(٩)	ساقی وەرە بنوێنە لەسەر شەوقی خومارا	٣٣
(١٠)	عودو گوڵووكو شەنگەبی، ئاوی بە دەم هەواردا	٣٤
(١١)	گوڵ پێئەکەنن، لالە ئەپشکون، لە چەمەندا	٣٤
(١٢)	کورد گەر هەبن شاهن هەموو، بۆ عەقڵو نوتقو ئیهتیدا	٣٥
(١٣)	تا وا بگەڕێن دوژمنی برِوا، لە عێراقا	٣٦
(١٤)	کەسێك بۆ نیشتمان، دڵ موبتەلا کا	٣٧
(١٥)	بۆ پێگەیینی مردمو، چەندم بە تەماکا	٣٩
(١٦)	بۆ جیازی کوڵمە، ڕۆحو دڵ لە من داوا ئەکا	٣٩
(١٧)	کاکە! گەر بیزانی کوردستان لەسەر کێو باز ئەکا	٤٠
(١٨)	دڵبەرەی باڵا بڵندم، مەیلی دڵداران ئەکا	٤١
(١٩)	بولبولی تەبعم کە یادی باخو بوستانان ئەکا	٤٢
(٢٠)	ئاسمان پیرۆزە ڕەنگەو، مەیلی دیدەی تۆ ئەکا	٤٢
(٢١)	یاری عەزیزم، هەر قەدەر سستییو بێزاری ئەکا	٤٣
(٢٢)	ڕووی، بەهارێکە بەهەشتی ژین پڕی سینەی ئەکا	٤٤

(٢٣) ئەگەر زوڵفت نەکا جەزبم، هەواداریم لەگەڵ ناکا ٤٥

(٢٤) لەخۆشی چاوەکەت، دڵ کاری ناقۆڵا نەکا چبکا؟ ٤٥

(٢٥) دڵبەر بەجامی دیدە، ئەگەر بێ وەفا نەکا ٤٦

(٢٦) یاری عالەمسۆزی من، وا چاکە ماچی سەر نەکا ٤٧

(٢٧) چیکە کوێستانم لەبەر هەتاوا، سەر سپی نەکا ٤٨

(٢٨) وام لەسەر خاکی وەتەن هەرچی حەیاو شەرمە تکا! ٤٨

(٢٩) چاوی پڕ سورمەی بەخوێنی ئێمە هێشتا ڕەش ئەکا ٤٩

(٣٠) دڵ بە دەردو داخەوە، هاوار بێ ڕێوجێ ئەکا ٥٠

(٣١) چاوەکەت هەروەك غەزالەی دەشتە، وا لێم ڕەم دەکا ٥١

(٣٢) نازی ئێوارەی کە سەیری بەرزیو ئەستێرەکا ٥١

(٣٣) وەختە لە خەفەت بمرم، هەرچەندە کە ئەو سڵ کا ٥٢

(٣٤) بە تەمای سیمبەرێ مردمو، هێندەم هەڵەکا ٥٣

(٣٥) دڵ، کاتێ لەناو چیمەنی زوڵفانی ئەهالا ٥٣

(٣٦) سەحەر پەردەی لە ڕوو هەڵدایەوە، تا دیدە ڕەوشەن کا ٥٤

(٣٧) گوڵم ناپشکوێ، ئەم باخچەی دونیایە دڵ ون کا ٥٥

(٣٨) هەتا ماوە بەهاری نامرادی، مێرگوزار شین کا ٥٦

(٣٩) ڕەزی بێ خاوەنم نەڕشایەوە، تلماسکی پڕ خون کا ٥٧

(٤٠) نۆش بکە ڕاوی دڵو، پڕکە پییاڵەی تەقەلا ٥٨

(٤١) چاوی ئاهوویی خەتا، زوڵفی وەکو چەنبەری لا ٥٩

(٤٢) یار، ئێستا لەڕێ دیتمو خۆش تێمەوە ڕاما ٦٠

(٤٣) ساقی وەرە تۆ پڕکە پیاڵەی سەرو سیما ٦١

(٤٤) تورکو، عەرەبو، هیندو حەبەش، چوونە تەمەننا ٦٢

(٤٥) کێشاوییە هەڵماسی بژانگی بە دوو لادا ٦٢

(٤٦) غەمو خۆشی دەزانی چۆنە؟ هەر ئەم دێتو ئەو ئەڕوا ٦٣

(٤٧) خوویی ویم کەوتە سەرو، عیشق بە قووەت کە دوا ٦٣

(٤٨) لەبەر دووری، دڵم وەختێکە خوێناوی جگەر ئەخوا ٦٤
(٤٩) گوڵڕەنگی ڕوخت، ڕەنگی بەسەد زوهرەوو مەه دا ٦٤
(٥٠) کوردی دەستە شکاو گەیشتە مۆمیا ٦٥

(ب)

(١) موژەت دایم بە خوونی دڵ ئەدەی تاب ٦٧
(٢) دائیما شایانی عیشقە، زەمزەمەی چەنگ و ڕوباب ٦٧
(٣) ئەی سەنەمی ئازەری دڵ پڕ عیتاب ٦٨
(٤) شۆخەکەم ڕووی لە حیجابا بنوێنێ، چ عەجەب ٦٩
(٥) نووکی پێنووسم، ئەوا خستمییە ناو شاری ئەدەب ٦٩
(٦) یارەکەی بادەگەرم، دڵ دەڕفێنێ بە ئەدەب ٧٠
(٧) ئەم چاوە خومارەی، چ عەجەب دڵگرە یاڕەب!! ٧١
(٨) تێکەڵ بەخاکم ئەکەم، فرمێسکی هیوا تەڵەب ٧١
(٩) تازە بەهاری گوڵە، ئەی بوتی شیرین تەرەب ٧٢
(١٠) زامی سەختم کردمی ئاتاجی نازان و تەبیب ٧٣
(١١) ئەی عەزیزان، وەرنە سەیری سۆزی ئەشعاری غەریب ٧٤
(١٢) وەختە بمرم لە فیراقی لەبی گوڵناری حەبیب ٧٥

(پ)

(١) ئەز دەڵێم سێوو ترێ، نابێژمە تۆ ئەپڵ و گراپ........................ ٧٦
(٢) باڵق و فامیدە بووم، ناسیومە دەستی ڕاست و چەپ ٧٧

(ت)

(١) چاوی هەڵئەبڕێ بە دووسەد نازەوە دڵ کا خەڵات ٧٨
(٢) یار لە نەشئەی پەنجەرەی زوڵفی، کە کوڵمی دەرئەخات ٧٩
(٣) دیمەنی کێوانی کوردم کرد مەزات ٧٩
(٤) دنیا چلۆن نواندی شۆرو نەوازو ئاوات؟ ٨٠
(٥) ئیشارەی نازی چاوی، نەفی و ئیسپات ٨١

(٦) سەد ئەسەف گوڵشەکەرا، مەیل و موحابا بووە قات ٨٢

(٧) مژدە بێ ئەی دڵ، لە ئوفقا ڕوویی دڵئارا هەڵات ٨٣

(٨) ئەی دڵ، چ ئەبەستی تۆ تەعەللوق بە مەحاڵات ٨٣

(٩) دانیشتم و بورجی حەمەلم، قەوسی وەلاخست ٨٤

(١٠) دانیشتووی مەحزوون بووم، سوڵتانی خەیاڵت هات ٨٥

(١١) چەندە دانیشتم لە کونجی خانەقا، یارم نەهات ٨٥

(١٢) بێنی شاهی دڵبەرانی نازکی گوڵبۆ نەهات........................ ٨٦

(١٣) مەزاقم تاڵە بەم ژەهراوو خوێناوی خەمی عیشقت ٨٧

(١٤) گەڵایی پایزم دووربێ، لە یارو خزمەکان ئەی دۆست ٨٨

(١٥) وا دڵی من بەندە بەم غەمزەوو هیندوویی دۆست ٨٨

(١٦) گیانم بە فیدای چاوی ڕەش و تیرو کەوانت ٨٩

(١٧) مەخۆ ژەهری هەلاهیل میللەتی کوردی بە تەخمینت ٩٠

(١٨) هۆش و دڵ و ئاوات و ژیانم بووە نەگبەت ٩١

(١٩) ئەی شاهی منی خەستە لە دونیاوو قیامەت ٩٢

(٢٠) ڕازایەوە ئەو کوڵمەیی تابان و موخەتتەت ٩٣

(٢١) لەم باغی بناگوشە، منی دیوە گوارەت ٩٣

(٢٢) دڵ حازرە لەم دەرگەیە بیدەم بە بەشارەت........................٩٤

(٢٣) لەم لالەیی نوورینە دووسەد خانە بەدەرکەوت........................ ٩٥

(٢٤) دڵێکی گەر نەبێ پەروایی عوشرەت........................ ٩٥

(٢٥) بۆچی ناپرسی لەحاڵی عاشقی مسکینەکەت؟........................ ٩٦

(٢٦) زۆر زەحمەتە دەرچم لە خەمی فیکری بڵاوت........................ ٩٧

(٢٧) ئەی جیلوەدەری عالەمی ئەعلا، ڕوخی گوڵبووت........................ ٩٨

(٢٨) دڵبەری کوردم کە دی، خوێنم بزووت........................ ٩٩

(٢٩) بێ کەسم، هێندەم بەسەرهات هەیت و هووت........................ ٩٩

(٣٠) گوڵ و نێرگس، لە دڵ وا بوونە لالووت........................١٠٠

(٣١) هێنده خواردم غەمی ئەو شۆخە، لە ژێر دارو شریت ١٠١
(٣٢) لەب و کوڵمەت بەباریِ نازەوە، ئەم خاڵە هەڵئەگریِت ١٠٢

(ج)

(١) ئەی ڕوومەتی تۆ گوڵگون، وەی گەردەنی تۆ بیِ باج ١٠٤
(٢) گەشە ژینم بە ژیانت، پڕە کیسەم لە خەراج ١٠٥
(٣) گوڵشەنی پەرچەم، شوکر کردوویە پنج ١٠٥
(٤) قەدی سەروت، ئەوا گرتوویە نارنج ١٠٥
(٥) شەکەر خەندەت پڕی کردن گوهەر، گەنج ١٠٧
(٦) هەردوولا هەر خزمی خۆمن، مام ڕەجەب، یان خاڵ فەرەج ١٠٨
(٧) بردمی بای دامەنی باجی مەنیج ١٠٩

(چ)

(١) بۆ ژیانی من بەهەشتی پانە ماچ ١١٠
(٢) ئەی قەلەندەر بەسیەتی سا منجە منج و مرچە مرچ ١١١
(٣) بۆ عاشقی ڕیسوایی، دڵدادەیی ئەنوەر کچ ١١١

(خ)

(١) لە ئاگرینی تریِ، بۆم پڕکە پەرداخ ١١٣
(٢) گوڵشەنی ڕوویی ڕەوشەنت، عیزەتی کوردی بۆشناخ ١١٤
(٣) منم جانا غەریبی خانە، سەد ئاخ ١١٥

(د)

(١) سەبا گوڵزاری تۆی هێنایە بەر یاد ١١٦
(٢) نەرم و شل زنجیرە بوو، دەست پێکرا کاری ویداد ١١٦
(٣) بیِ سوودە لەگەڵ عیشقی بوتان، شۆڕشی بێداد ١١٧
(٤) بیِ وەفایی بەسە ئەی زوهرە، کە بیِ تامت کرد ١١٨
(٥) دڵ هاتەوە قاپیت، بە جەفا بیِ زەوەرت کرد ١١٩
(٦) لەسەر چاوت، هەموو کارو گەلم بوارد ١١٩

(٧) وا دڵم هەڵبوو، سوپەند ئاسا منی بێزار کرد........ ١٢٠
(٨) کوردی بێ غیرەت لە هیچی، بیری ئەوتانی نەکرد........ ١٢١
(٩) تاوی کوورەی سینەیی من، وا مەیاندی ئاهی سەرد........ ١٢٢
(١٠) لەشکری عیشقی لە مەیدانی جوانان‌دا نواند........ ١٢٣
(١١) لەسەر تۆ نامەوێ ئەرباب و فرزەند........ ١٢٦
(١٢) لەم لەعلی لەبەت کێیە، بە ماچێکەوە خورسەند؟........ ١٢٦
(١٣) وەختی کەشاکەش بۆ مەدەد، سەرکێشە خاڵت بێ عەدەد........ ١٢٧
(١٤) چاوەکەم، چاوەنوارم چ بە کوشتن، چ بە جوود........ ١٢٨
(١٥) میهری ڕوخسارت نیشانەی ڕەحمەتەو ئەییامی عید........ ١٢٨

(ذ)

(١) دەستەئەژنۆ، دڵ بە تابم یا مەلاز........ ١٣٠

(ر)

(١) تازە ڕۆژی عالەمە، سەرساڵە ئیمڕۆ نەوبەهار........ ١٣١
(٢) هەموو دوژمن، لە تۆ بوونە سەگی هار........ ١٣٣
(٣) دوور لە ڕەحمەت بێ کەسی هێنایە سەر بەش، ئینحیسار........ ١٣٦
(٤) چ سافە هەواو چ خۆشە بەهار........ ١٣٨
(٥) خونچە پشکووتن لە باخ و، شاهیدن موختاری شار........ ١٤٠
(٦) گوڵ تەنا! مەرگی منت خستەوە سەر بەرگی بەهار........ ١٤٣
(٧) ڕوویی بلوورینی تۆ، ڕێکە بە تابی عوزار........ ١٤٤
(٨) لە ئەگریجەت کە دەڕژێ موشکی تاتار........ ١٤٥
(٩) زەلیلە دڵ لەبەر هیجرانت، ئەی یار........ ١٤٥
(١٠) دلبر ماست هر گرف، بتلەرەدن سپرینگ دەر........ ١٤٦
(١١) توخوا وەرەماڵم، ئەی دڵبەری دین بەر........ ١٤٧
(١٢) ئیمڕۆ لەگەڵ شەوقی سەحەر، یار بۆ غەزا کە هاتە دەر........ ١٤٨
(١٣) گەر یار بێتە دۆشم، ناچێتە کێشی دەفتەر........ ١٤٩

(١٤) لە غەمی هیجری تۆ بۆ من، چ بەهەشت و چ سەقەر........................ ١٥٠
(١٥) دایم هەوایی عیشقت، بەسەر دڵ دەکا گوزەر.................................... ١٥٠
(١٦) چاو کاڵە، سیا خاڵە، سەفا پەروەرە، دڵبەر.. ١٥١
(١٧) ئەی تەنك ئەندام و سەنگین دڵ، جەبین بەدری مونیر............................ ١٥٢
(١٨) ئەم دوژمنە، لێم بۆتە بەڵای کەلبی نهانگیر..................................... ١٥٣
(١٩) بۆ مەجلیسی سەربەرزی، هەم تەرزی سکەندەر کوڕ.............................. ١٥٣

(ز)

(١) ئیمڕۆ لە ڕێگەت نەمام، ئەی بوتی گەردن فیراز.................................. ١٥٥
(٢) تا لەسەرمایەی ژیانی خەرجکەم تەون و تیراز...................................... ١٥٥
(٣) سەری شۆرا بەسەد ڕووبار، کاغەز.. ١٥٦
(٤) برا لێتان موبارەك بێ شەوو ڕۆژ.. ١٥٧
(٥) نیگارم خانمێکە، خاوەنی ڕێز... ١٥٨
(٦) یەك یەك، لە خەت و خاڵ و قەدو چاوی دڵئاوێز................................... ١٥٩

(ژ)

(١) ئەسپەکەی ڕەشکوێتە دڵبەر، خۆشڕەوو پڕ یاڵ و بژ................................ ١٦٠
(٢) لەم قاپییە تاکەی بە هەوا ببمە تەمانێژ ؟.. ١٦٠
(٣) چەندم بەسەرهات ئاوەکوڵ، چەندم بڕین هەورازو لێژ !.............................. ١٦١

(س)

(١) لە جەفاو ماتەمی دووری، بە خودا بوومە پەلاس.................................. ١٦٣
(٢) نیمە سەودایی قومارو، ئارەزوویی دەنگوباس.. ١٦٣
(٣) کەوتوومە تاوی عیشقەوە، زانراوە گەر نابم خەلاس................................ ١٦٤
(٤) کە ساوی دا، بڕۆی شمشێری ئەڵماس... ١٦٥
(٤) دەستی دوعا دەگرم دەمێ، گوێم پڕ لە گوفتارە مەبەس............................. ١٦٦
(٥) کە سووك سووك دێتە پێش، سەما دەکا نەفەس نەفەس.............................. ١٦٦

(٦) ئەی سەراپایی قەدت، وەك كەو كەنارە بۆ عەسەس........ ١٦٧

(٧) لەسەر موڵكی دڵا، سەیرو سەفا بەس........................ ١٦٨

(٨) ڕۆحم لە بەرابەر نەزەری سەفایی ڕەقس..................... ١٦٩

(٩) چاوم لە دەس و جودی توە لەم دەرە، یا غەوس............... ١٧٠

(٩) قەترەیی چاوو حەیا ڕۆیی تكاوە بە عەبەس.................... ١٧٠

(١٠) ئەی دڵ لە زەهادەت بەسە، تێكۆشە لە تەقدیس............. ١٧١

(ش)

(١) ئارەزووی ئازادییە، چاوم بەتاوی ئەشكباش.................. ١٧٣

(٢) عەجایب! غەمزەكەی چاوی، لە دڵ وەستاوە ئەمجارەش........ ١٧٥

(٣) ئەی زەمان، بۆچی منت كردۆتە قۆچی ماری ڕەش............. ١٧٥

(٤) لە دەری مەیكەدە دیتم، سەنەمی بادەفرۆش.................. ١٧٦

(٥) ئیتتیلاعیم زۆرە من، نوسخەی ویساڵت بێتە پێش.............. ١٧٨

(ظ)

(١) تا لە كوڵمەیدا تەماشاكەم بەدڵ ئەنواری حەز................ ١٧٩

(ع)

(١) دڵ لە بەندی جەژنە گێژەنبارە یاران، ئەلویداع............... ١٨٠

(٢) ئەیخەمە باوەشی تكا، دڵبەری ژین بە سەد سەعی............ ١٨٠

(غ)

(١) لەم قاپیەیی دڵبەرە ڕامخستووە یاتاغ......................١٨٢

(٢) پڕە دەریایی سروشكم، چ لە دامەن، چ قەراغ.................. ١٨٢

(٣) دڵ لەسایەی زوڵف و خاڵت، بۆتە خەزنەی دەردو داغ........ ١٨٣

(٤) تاكو دڵبەر تەفرەبازە، سوودی من نادا دەماغ.................. ١٨٥

(٥) خاڵی لێوت، خەبەری داوە بە موشك و گوڵەباغ.............. ١٨٥

(٦) دڵم دەرچوو بە دەم سۆراخی پڕ سەودایی گەردن لغ.......... ١٨٦

(ف)

(١) کاکۆڵی پەرێشانە، لەسەر عاریزو ئەتراف........................ ١٨٧

(٢) وا لەتاو شەنگۆڵەکانی نیوە نازو کەم خیلاف........................ ١٨٧

(٣) بە نازو لەنجە کوشتمی، وەکو دوو زوڵفی قەف بە قەف................. ١٨٨

(٤) بڵێ موتریب، بە سەد ئاوازی پڕ قەف........................ ١٨٩

(٥) وەکو گۆگردی کۆکردی، لە سۆزت هەڵدەبم کەف کەف................. ١٩٠

(٦) ڕەنجەڕۆی کردم جەفایی ڕۆژگارم، هەر تەرەف........................ ١٩١

(٧) سەرو قەدێکم هەیە، نازك و شۆخ و زەریف........................ ١٩١

(ق)

(١) ڕاستە! ڕازاوە برادەر، شارو بازاڕی نیفاق........................ ١٩٣

(٢) کە ڕازاوە بناگوشت، بە مێلاق........................١٩٣

(٣) ڕوویی نیگارە مەستەکەم، دەکا لە بەرگی گوڵ سەبەق................. ١٩٤

(٤) لە گەردن زەنگە، دوو سێ قەترە عارەق........................ ١٩٥

(٥) تاکو لە ڕووتم سەنەم، خۆشە عەزابی حەریق........................ ١٩٦

(٦) گوارەت کە لەسەر قامەت و ڕوو بوونە موتابیق........................ ١٩٦

(ك)

(١) حەبیبێکم هەیە، عەییارو بێباك........................ ١٩٨

(٢) حورمەتی هامتەرەبان، لازمە بگرێ ئەفلاك ١٩٨

(٣) دەست لە مل ئەی ڕەقیب، هەستە بچین بۆ دەرەك ١٩٩

(٤) مەبە بارگیرسوارو ئەسپی وەستەك ٢٠٠

(٥) دڵ لە ختکەی چوو لەتاوی گەردن و چاوی بەڵەك........................ ٢٠١

(٦) ئەو کاکوڵە، ئەو زوڵفە پەرێشانە موبارەك........................ ٢٠٥

(٧) شێری غەمی ڕووت، وا لە دڵی ختووە چڕنووك........................ ٢٠٦

(٨) نەغمەو تەرەب و تارە، ئەوا گەیوەتە تا تووك ٢٠٧

(٩) لە دونیا، هەر دڵی عیشقە سەمەندۆك........................ ٢٠٨

(١٠) دڵ‌و شەرم‌و حەیام، ئاویتە کەندێك ٢٠٨

(گ)

(١) نییە بێ ڕەحمی وەکو تۆ، نە لە موسلیم، نە فەڕەنگ ٢١٠

(ل)

(١) بەبێ هۆشی بەسەرچوو عومری شیرینم، دڵی پەل پەل.......... ٢١١
(٢) لە تەنگیی دڵی بیمارە، شێوانی کاری گەل................ ٢١١
(٣) ئەی بە ڕوومەت ماهی تابان، وەی بە باڵا موعتەدیل ٢١٢

(ڵ)

(١) نازك‌و شیرین‌و خاوەن نازو حاڵ........................ ٢١٤
(٢) دوو چاوم وا ئەگریەن ئاسمان حاڵ............................ ٢١٤
(٣) بە فیدای چاوی خومارت بم‌و، کاکۆڵ‌و جەماڵ ٢١٥
(٤) ڕێم نییە، ئاسوودە ساتێ دابنیشم بێ خەیاڵ ٢١٦
(٥) ئەگەر دەستم کەوێ یاران، نموونەی خاڵ‌و چاوی کاڵ................ ٢١٧
(٦) دڵ پڕ خەم‌و خوێناوە، جگەر لەتلەتە، ئەی گوڵ ٢١٧
(٧) وەك برایم، ئەو کەسەی نامە قەڵاندۆشان‌و کۆڵ ٢١٨

(م)

(١) ئەی سەبا! جارێ لە باسی ئەو گوڵەم بدوێ بە کام............... ٢٢٠
(٢) ڕوو نمایە، هەر تەرەف، وا شەمعی کافووری لە لام ٢٢١
(٣) خۆش لە سایەی زوڵفی دەرکەوتن غولام ٢٢١
(٤) لەم ڕێگەیی عوششاقیە، تێچووم‌و نەڕسکام ٢٢٢
(٥) کوردستان! تاکەی لە داخت، خەت خەت‌و پۆڕینە بم ٢٢٣
(٦) لە خوتتەی عیشقدا با دەربەدەر چم........................ ٢٢٥
(٧) لە جابوڵقای فەنادا، بێ کەس‌و ئاوارە تا مردم ٢٢٦
(٨) سویچێکی ئەلەتریکی ڕوحی، وا جەرگی گیرساندم ٢٢٦
(٩) جانا! وەرە لای من، دانیشە کەنارم ٢٢٧

(١٠)	جارێکی نەبوو، دڵبەرەکەم بێتە کەنارم	٢٢٨
(١١)	دەڵێن: مەحبووبە لێم تۆراوە، ئێستا بۆیە بێ سەبرم..................	٢٢٨
(١٢)	ئەی سەنەم! ئێستە لەبەر عیشقی تۆ، من دەربەدەرم..................	٢٢٩
(١٣)	تاقە سواری عیشقی دوو چاوم، لە ڕێ دانابەزم..................	٢٣٠
(١٤)	لە بازاڕی جواناندا قەلاشم	٢٣٠
(١٥)	لە عالەمدا، گرفتاری کەمەندی خانەدانێکم	٣٣٢
(١٦)	جانا! بە خودا من کە لە بۆت خون جگەرێکم	٢٣٢
(١٧)	بە نەورۆزی جیهان ئارا، سەری هێنایە سۆ، ساڵم	٢٣٣
(١٨)	لەبەر دەردو بەڵا، بەم شێوەیی پیریمە منداڵم	٢٣٥
(١٩)	تۆ (با)وو من خەزانم، یا مانگی من کەتانم؟	٢٣٦
(٢٠)	بەخشیومە بە چاوی بەڵەکت، جیسمو ژیانم	٢٣٧
(٢١)	لە چاوم فیتنە دەرناچێ، نەساغی دینو ئیمانم	٢٣٨
(٢٢)	زیندووکەوە ئەمجا، تو خودا عەقمی ڕەمیمم	٢٣٩
(٢٣)	ئەو شۆخە دەکا غارەتی ماڵو دڵو دینم	٢٤٠
(٢٤)	ماتەمێکی تازە بۆ مەیدانی ژین پەیدا ئەکەم	٢٤١
(٢٥)	تا بەکەی خۆم تووشی دەردو عیللەتو سەودا ئەکەم	٢٤٢
(٢٦)	لە کونجی میحنەتا مردم، ئەمەندەی کاری بێ جا کەم..................	٢٤٣
(٢٧)	دەستم لە هەموو جێگە بڕا، ڕوو لە نەشەی کەم..................	٢٤٤
(٢٨)	وچانداریو گەداییم بێ، ئیتر ڕووی خۆم لە شا ناکەم	٢٤٥
(٢٩)	تا قیامەت، مەیلی چاوی کاڵ ئەکەم	٢٤٦
(٣٠)	خودایە! من لە دەردی بێ دەماغی خۆمو گەل چبکەم؟	٢٤٦
(٣١)	لە دونیادا ئەگەر دورجی مەعیشەت، دەرجی عادەت کەم	٢٤٧
(٣٢)	خۆشە بنۆشین ئەی سەنەم! جێگە بە جێگە، دەم بەدەم..................	٢٤٨
(٣٣)	گەلێ سووڕام، ئەمێستە ئارەزووی سەیری جیهان ناکەم	٢٤٩
(٣٤)	دیدەکەم، یاریدەکەم، جەرگو هەناوم، گیانەکەم	٢٤٩

(٣٥) مردم لە غەما دڵ بدڕێو، هێندی پەڕۆ کەم........................ ٢٥١
(٣٦) ئەم کچی بادە، بە هیچ جۆرە تەڵاقی نادەم ٢٥٢
(٣٧) بە سۆزی دڵ، بە ناڵە، چەشنی کوکووم ٢٥٢
(٣٨) لەم وەحشەتە من تووشی چ شاخو چەقەنێ بووم ٢٥٣
(٣٩) هەرچەندە بە ئاهەکەی قەلەندەری هاتو چووم........................ ٢٥٤
(٤٠) لە سایەی خواوە، خوا نانی بڕیوم........................ ٢٥٥
(٤١) من ڕووتو ڕەجاڵی تۆم، لەم گوڵخەنەدا کەوتووم ٢٥٧
(٤٢) من لە یارو یاوەرانو نازکان بێگانە خۆم ٢٥٧
(٤٣) لەناو بەحری فیراقت، با نەخنکێم ٢٥٨
(٤٤) با لە خانەی عوشرەتا، کارێکی دەستووری بڵێم ٢٥٩

(ن)

(١) دڵم پشکۆ، دەروون تەندوورە قوربان ٢٦٠
(٢) تەرزێکی جگەر ڕەنگە، خوێنی دڵی بێ دەستان ٢٦٠
(٣) یاری گیانیم لێ ئەکەیتە دوژمنی دینم، زەمان ٢٦١
(٤) لە دەست چوو عەقڵو دینم، بە جیلوەی ڕوویی نازداران........................ ٢٦٢
(٥) ئەو کۆمەڵە کوردانە، دەڵێی شاهی زەمانن ٢٦٢
(٦) بەزمو هەوایی گوڵشەن، بۆ ئێمە بوو درەخشان ٢٦٣
(٧) ئەم خاکو هەواو ئاوە، کە بێ ناوە بە یەزدان ٢٦٤
(٨) وەختی نییە ئێستاکە بمێنی لە هەواران ٢٦٦
(٩) کە وەختێ ئاشکرا بوو سووچو تاوان........................ ٢٦٧
(١٠) جامو، دوو لەبو، چاوی سیا، هەر دەمە مەستن ٢٧١
(١١) لە چینو تاری گێسووتا، بریقەو جۆششی ڕووتن ٢٧٢
(١٢) وەتەنپەروەرانم، چ لادێ، چ شارن ٢٧٢
(١٣) یارەبی ڕەقیبان لە پەنایێ بە فەناچن ٢٧٤
(١٤) ئەمجۆرە دەسیسانە، لە دینارو فلووسن ٢٧٤

(١٥) لە کەناری سەروی دڵبەر، بە تەڵەب سکەندەرم من........................ ٢٧٥

(١٦) هەموو ڕۆژێ بە ملیۆن، دەست و دامێنی نەمانم من ٢٧٦

(١٧) یار هاتە سەر هەواڵەی، ئەم دڵەی خەرابی من........................ ٢٧٦

(١٨) کێ هەیە گەر بێتە هاواری دڵی پڕ دەردی من؟........................ ٢٧٧

(١٩) نایاتە سەر مەقامی دڵ، بە شووریيو جنوونی من........................ ٢٧٨

(٢٠) ئەم تاقمە خاڵانە، کەوا دڵ ئەڕفێنن ٢٧٨

(٢١) ئەسرین جە سەر چەم، وەکوڵ وەجۆشەن ٢٧٩

(٢٢) مەستی کردم بێ خەبەر ، ساقی لە جامی مەی دەهەن........................ ٢٨٠

(٢٣) ئاهووانی چاوی دڵداران، شکاری شێر ئەکەن ٢٨٠

(٢٤) نیگاران گەر بە من ڕۆژی هەزار جێگا نەکەن چبکەن؟........................ ٢٨١

(٢٥) بە چەرخی عیشوە، نازکان، زەمانە عەنبەرین ئەکەن........................ ٢٨٢

(٢٦) لەعل و گوهەرو لالە، بە خەندەی تۆ لە باون........................ ٢٨٢

(٢٧) خۆی لە من پەنهان دەکا، ئەو دڵبەرەی ڕەنگین جەبین ٢٨٣

(٢٨) ئەی سەمەن بۆ، غونچە دەم، قامەت سنەوبەر، زوڵف چین ٢٨٤

(٢٩) لە ناچاری لە چاوا ئاوە گردین........................ ٢٨٤

(٣٠) ئەم دڵبەرە، چەند دڵبەرە، چەند دینبەرە، شیرین........................ ٢٨٥

(٣١) خنجیلە ! وەرە پێکەوە با نەشئونما کەین ٢٨٦

(٣٢) ئەی پەرچەمت گرێ چین، وەستاوە چین لەسەر چین ٢٨٦

(ه)

(١) مزگەوتە تەویلەی کەرو گۆلك، چ خەرابە........................ ٢٨٨

(٢) ئەوەی من پێمدەوێ ساقی! پیاڵەی مەی نییە، کووبە........................ ٢٩٠

(٣) ئەی دڵ وەرە بەس بەندو گرفتاری یەخەی بە ٢٩١

(٤) ئەمساڵ بەناوی یاری، ساڵێکی توندو سەختە........................ ٢٩٢

(٥) ئەی وەتەن، داخی گرانم، ڕوتبەیی سەر شانتە........................ ٢٩٣

(٦) دڵ لەناو پەردەی خەیاڵاتا، خەریکی فرسەتە ٢٩٤

(٧) تا لەبەر یاری عەزیزم دڵ حەزینم، ڕەحمەتە ٢٩٥

(٨) خاڵت لە دڵی ئێمە، دەڵێی سەلکەبزووتە ٢٩٥

(٩) بەم دەردی دڵە، قامەتی داوم لە هەتیتە ٢٩٦

(١٠) جەژنی دڵە، جەژنی گوڵە، نەورۆزە، بەهارە ٢٩٧

(١١) ئەو لالە درەخشانە، ئەڵێی ڕۆژی بەهارە ٢٩٩

(١٢) ئەو خونچە دەمەی، مەم کەلەمەی، کوڵمە بەهارە ٣٠٠

(١٣) مەسئەلەی عیشقی حەبیبەم، گەر بە ملیۆن دەفتەرە ٣٠٠

(١٤) دیسان لەدووای قامەت و ڕەفتاری عەزیزە ٣٠١

(١٥) ئەچم میوانی دڵبەر بم، ئەڵێن سەردارو قۆناغە........................... . ٣٠٢

(١٦) لە کوردیدا هەموو گیانم، بەکوردی، خاسە خۆراکە ٣٠٣

(١٧) بەس دەربەدەری هۆزو، تەمی خەم بە سەرم کە ٣٠٤

(١٨) ئامە! بۆ جەرگت بڕیوم و هەڵگوشیوم، ئامەکە؟ ٣٠٥

(١٩) شاعیر کە ئەهۆنن پەند، هەر ئێکە مەبەستێکە ٣٠٦

(٢٠) ساقی! قەدەحت وەك دەمەکەت دڵکەش و تەنگە ٣٠٨

(٢١) ڕێگەیی عیشقم درێژ و، هەردوو قاچیشم شەلە ٣٠٨

(٢٢) هۆ(کا حەسەن) شەوقم بزووت، بە قاقەزی تۆ ئەم هەلە.................. ٣٠٩

(٢٣) دونیا بە هەموو شێوە، ئەگەر شیرن و تاڵە ٣١٠

(٢٤) بولبول لە شکۆفەی گوڵەکەت، جەژنی حەڵاڵە ٣١١

(٢٥) دڵ لە ڕێی ئەو شۆخەدا، وێنەی سەمەندو دوڵدوڵە ٣١٢

(٢٦) ئەو ماچی دەم و لێوە، کە شیرین و بەتامە ٣١٣

(٢٧) نیشانەی بێ نیازیم و، فوغانی ڕۆژی مردنمە ٣١٤

(٢٨) سەرنخوون کەوتووم و بەختی بەد لە ناوی چاومە ٣١٥

(٢٩) هەوری بەهارو گرمەگرم، لە ئاهی ناو هەناومە ٣١٦

(٣٠) وتم: پشتی وجوودم تێکشکاوە، ئێستە ڕۆڕۆمە ٣١٧

(٣١) بێ خونچە، نییە ڕاحەتی زاغ و زەغەنی مە ٣١٨

(٣٢) ئەو زوڵفە کوێیتانە دەکا شێ، بە دوو شانە ٣١٩

(٣٣) یاری پارم تووڕە بوو، ئیمڕۆکە میوانی منە ٣٢٠

(٣٤) ئاگر لەدڵی بێ زەوەرم، هەڵمەگرێنە ٣٢١

(٣٥) چەنگم چەنەگەی چەندە چنی، هەر نەچناوە ٣٢٢

(٣٦) بەناوی خوایە هانام، دونیای هەموو داناوە ٣٢٥

(٣٧) سەرم کەوتۆتە گێژاوی بەڵاوە ٣٣٠

(٣٨) ڕووت بە تەئسیری هەناسەی سەردی ئێمە، زەرد بووە ٣٣٣

(٣٩) ئاگری سووری جەزای ئۆباڵە، لێوی گرتووە ٣٣٣

(٤٠) چەمەن هەموو گەشانەوە، لە ڕەنگ و ڕووی بەهارەوە ٣٣٤

(٤١) سەیری لەبانی خونچە کەن، بە ڕوویی ئەشکبارەوە ٣٣٦

(٤٢) ئەی برا! بگری لە دامەن باغی کوردستانەوە ٣٣٧

(٤٣) زنجیرەی گەلی گەورەو سەروەران، کە ڕازایەوە ٣٣٨

(٤٤) لە گفتوگۆیی خۆشدڵیی، دەمی وەتەن گەشایەوە ٣٣٩

(٤٥) دائیرەی تەموینی کۆیە، هەر خەریکی دانییە ٣٤٠

(و)

(١) بڕوانە دەفەی سینەی، سینی و قەدەحی خەملاو........................ ٣٤٢

(٢) تا لە ســـەرما بێ، هەوایی ڕەشبەڵەك ٣٤٢

(٣) هێند لە عیشقی ئەو دلارامەم بەسەر هات بەندو باو ٣٤٥

(٤) سەربەسەر ئەمشەو دەناڵم، پایەماڵ و دڵشکاو ٣٤٦

(٥) دڵ وەك دومەڵان پڕ لە خەفەت، هەڵزەپەتا بوو ٣٤٧

(٦) وەختێ لە لەبی یارەوە، مەیلی شەکەرم بوو ٣٤٧

(٧) دڵ لەبەر چین و خەتی سەر کوڵمە، ئاگرخوارە بوو........................ ٣٤٨

(٨) دڵم سووتا بە جارێ، چلچرای سەر کوڵمەکەی هەڵبوو ٣٤٩

(٩) دڵ لە دونیادا بە دایم، بێ کەس و دێوانە بوو ٣٥٠

(١٠) دڵا! نایێتەوە یادت کە یارت میهرەبانی بوو؟ ٣٥٠

(١١) خوایه بۆمان بنێری، ئاوی له قوڕ نەنیشتوو ٣٥١
(١٢) عەزیزم، وەختی گوڵ هات و بەسەرچوو ٣٥٢
(١٣) ئەو دوژمنه سەگبابه، له یارا به نەزەر چوو ٣٥٣
(١٤) جێگیره له باوەش، خەفەتی دڵبەری جادوو ٣٥٣
(١٥) ئەی ئەسەف، بازاڕی من سەد ساڵه هەر نەیبوو برەو........................ ٣٥٤
(١٦) دڵم، بێ یارو بێ قەرداشه ئەمشەو ٣٥٥
(١٧) ئەنێرم بۆ نیسارت لەعل و یاقووت و گوهەر، هەر شەو ٣٥٦
(١٨) لەسەر گەنجی ژیانی من، دوو زوڵفت هەژدەره ئیمشەو ٣٥٦
(١٩) ڕۆحم له بەرابەر نیگەهت بادەمه ئیمشەو ٣٥٧
(٢٠) ڕەونەقی حوسنی تکاند، نەرگسی دڵداری ئەو ٣٥٨
(٢١) سەر له دو یاران ئەکێشم، بەم دڵ و جەرگی ڕزیو........................ ٣٥٨

(ۆ)

(١) ئەی خودا، بۆچی نەچوومه بنەبانی گوڵەبۆ؟........................ ٣٦٠
(٢) عەجەب هاتۆته بەرچاوم، شارەکەی کۆ ٣٦١
(٣) ئەی سەروی بڵند قەددو، لەتافەت لەبی دڵجۆ........................ ٣٦١
(٤) دەروون پڕ دەردو، ئاهم گەرمه ئیمڕۆ ٣٦٢
(٥) جارییه ئاوی چاوی من، دیجله به دیجله، جۆ به جۆ ٣٦٣
(٦) نەمدیوه له مێژووی مەجەس و ئاری یو هیندۆ........................ ٣٦٤

(ی)

(١) چەرخت له منی غەمزەده کردۆته نەهاتی........................٣٦٦
(٢) خوێن ڕژاوی دڵ له ڕێگەی نیشتمان، ڕۆڕۆیەتی........................ ٣٦٧
(٣) باسی کوڕو کچ باری، وەك دانەیی مرواری........................ ٣٦٨
(٤) وەتەن! بۆچی لەگەڵما، هێنده بێ ڕەحم و جەفاکاری؟........................ ٣٦٩
(٥) دینەمۆی دڵ کەوته کارو، جەرگه بۆته پاتری........................ ٣٦٩
(٦) جاحێڵییەکم لەم خەفەته، گەیوه به پیری........................ ٣٧٠

(٧) لەشکری وەهم و خەیاڵاتم، لەسەر دڵ دابەزی............ ٣٧١

(٨) کە هات لێشاوی مێشاوی سروشت و ئیشی ڕامالی............ ٣٧٢

(٩) منالی دڵمە گریاوە، لە ڕێی شارانە یارانی............ ٣٧٣

(١٠) بۆ کوشتنی کرمی دڵ، سەر دووکەڵی غەربەنگی............ ٣٧٣

(١١) دڵبەرە دەستی دایە دڵ، لەتلەتی کردو ئەنجنی............ ٣٧٤

(١٢) بەسییە دڵ و دین بردن، لەم تۆخە بە بێ دینی............ ٣٧٥

(١٣) یارت کە هەبێ، بارتە تا ڕۆژی دوایی............ ٣٧٦

(ێ)

(١) لە چینی پەرچەم زوڵفت، چ تەیرێکە نەگیرا بێ............ ٣٧٨

(٢) هەتا چەرخی ژیانە، کۆمەڵی کوردانە بەسرا بێ............ ٣٧٨

(٣) دڵم پشکووت و، ئیمشەو با ڕەوا بێ............ ٣٨٠

(٤) کێ هەیە گیان و دڵی، بەستەی کەمەندی ڕوو نەبێ؟............ ٣٨١

(٥) ڕەونەقی بەختم، لە چاوی نێرگسی شەهلا ئەچێ............ ٣٨٢

(٦) هەنارو سێوو گوڵ پێ ناگەیێنێ............ ٣٨٤

(٧) دێهات و شارو گەڕەکەکەت، با کەلاوە بێ............ ٣٨٥

چوارین

(١) چوارین............ ٣٨٦

چوارینی تەرجیع بەند

(١) تاک و تەنیا دێمە نالەو، باسی دڵدارو غولاما............ ٣٩١

(٢) ئەی بوتی شیرین کەلام............ ٣٩٢

(٣) چین چین لە چەمەن، وا لە ئەو ئالاوە خەت و خاڵ............ ٣٩٣

(٤) تەموین کە ڕزقی من دەدا............ ٣٩٥

(٥) دەمێکە بۆ کوردی هەژار............ ٤٠٠

(٦) جەژنی نەورۆزم، وا هات بە لاوە............ ٤٠١

(٧) دڵ، نرخی لەسەر خاڵی سیای دڵبەرە ئەمشەو............ ٤٠٢

(٨) ئاواتی مەرگم، شادیم، نەنۆشی ٤٠٤

چوارینی تاك ٤٠٥

أ- پێنجین

(١) ســـەیری فنجانی مەمو، بادەی دەمی زیبا ئەکەم ٤٠٦

ب- پێنجینی تەرجیع بەند

(١) ئەی خوا! لەم ماوە داماوم بە پاوە، یا نەجات ٤٠٨

(٢) کە مەیخانەی ویسالت هاتە ناو جۆش........................ ٤٠٩

(٣) چ خودایێکە دەکا چەرخە بە ڕووی کەون و زەمان؟........................ ٤١١

(٤) براکان، وەرنە سەیران وا بەهارە ٤١٢

(٥) ئەم هەموو خوێناوییە، خاکەی لە کوردستانمە ٤١٤

(٦) بووکی چەمەن سەوزە بوو، سوور بۆتەوە ٤١٦

(٧) لەگەڵ هۆزا مەبن خوودارو دوو ڕوو ٤١٧

ج- پێنج خشتەکی

(١) با بێمەوە هاواری دڵ و خاك پەرستان........................ ٤٢٠

بەندو بەیت

(أ) ناونیشانی کوردان........................ ٤٢٣

(ب) وێنەیەکی مێژووی تەبیاتی نیشتمانی کوردان بۆ تێکۆشین و.......... ٤٥٠

پەسن و پێداهەڵدان

(١) پەسنی ڕۆبینتەنی جاف........................ ٤٦٨

(٢) پەسنی سەید هادی ئەفەندی........................ ٤٧٠

(٣) پەسنی شامیل یەعقوبی (١) ٤٧١

(٤) پەسنی شامیل یەعقوبی (٢) ٤٧٣

(٥) پەسنی شامیل یەعقوبی (٣) ٤٧٤

(٦) پەسنی شامیل یەعقوبی (٤) ٤٧٥

(٧) دوا پەسنی شامیل یەعقوبی (٥) ٤٧٥
(٨) پەسنی مەلا عەبدوڵڵا - کاتبی دادگای کۆیە ٤٧٦
(٩) سوپاس و بەخێرهێنانی حاکم عەلائەددین (١)........................ ٤٧٧
(١٠) نامەیەك بۆ حاکم عەلائەددین (٢)........................ ٤٨٠
(١١) پەسنی حاکم عەلائەددین (٣) ٤٨٣
(١٢) پەسنی حاکم عەلائەددین (٤) ٤٨٤
(١٣) پەسنی حوسێن بەگ ٤٨٥
(١٤) پەسنی ئەحمەد دڵزار ٤٨٦
(١٥) پەسنی ڕاجی لەلایەن ئەحمەد دڵزارەوە........................ ٤٨٧
(١٦) پەسنی گیوی موکریانی (١) ٤٨٨
(١٧) پەسنی گیوی موکریانی (٢) ٤٨٩
(١٨) نامەیەك بۆ گیوی موکریانی (٣) ٤٩٠
(١٩) وەڵامێك بۆ مەلا ئەحمەد ٤٩١
(٢٠) پەسنی عەودالآن ٤٩٢
(٢١) شیوەن بۆ کۆچی دوایی مامۆستا (تەیب ئەحمەد بەهائەدین)........................ ٤٩٥
(٢٢) سوپاسێکی سەروەری بۆ (کاکە زیادی حەمە ئاغای کۆیە) (١)........................ ٤٩٦
(٢٣) لە درێژەی پەسنی کاکە زیاد دا (٢) ٤٩٧
(٢٤) لە پەسنی کۆیەو کاربەدەستان ٤٩٩
(٢٥) شیوەن بۆ کۆچی دوایی (سەید ئەحمەدی خانەقای کەرکوك)........................ ٥٠٠
(٢٦) شیوەن بۆ کۆچی دوایی (شێخ نورەدین حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە)........................ ٥٠٢
(٢٧) بۆ کۆچی دوایی (ئەحمەد) ناوێك ٥٠٤
(٢٨) پەسنی تاهیر ئەفەندی........................ ٥٠٦
(٢٩) بۆ (زێوەر) ی شاعیر بەمەبەستی سەردان........................ ٥٠٧

هۆنراوەی ئایینی

(١) ستایشی یەزدان ٥٠٨

(٢) مێژووی پێغەمبەرایەتی و کورد ٥٠٩
(٣) سەنای پێغەمبەر ٥١١
(٤) سۆزی چەمەنی ژین و، خودا یارە موحەممەد ٥١٣
(٥) ئەصڵی هونەرو، فەصڵی هەموو ڕازە موحەممەد.......... ٥١٥
(٦) تابندە، وەکو ڕۆژی درەخشانە موحەممەد ٥١٧
(٧) ئامۆژگاری ٥١٨
(٨) لە قاپیی غیرەتی تۆدا، ئەوەندە مات و داماوم ٥١٨
(٩) یاڕەب! چ گەداحاڵ و، پەرێشانی جەفا خۆم ٥١٩
(١٠) یا موحەممەدا! عەندەلیبی باغچەو گوڵزاری تۆم ٥٢١
(١١) وەحدەتە شەرتی مەحەببەت، پەیڕەوی پێغەمبەران ٥٢٢

هەمەڕەنگ

أ- جووت سەروا

(١) نەورۆزی ساڵی ساڵی ١٩٦٤ - دەنگی جوتیاران ٥٢٤
(٢) دڵسۆزی و ئامۆژگاری بۆ نیشتمان ٥٢٩
(٣) باسی چۆنییەتی چەرخ و کردەوەی هۆز ٥٣٥
(٤) گەشتێك بە گوندەکانی دەشتی کۆیەدا ٥٤٠
(٥) دەمەتەقەی نێوان فەقیرو دەوڵەمەند.......... ٥٤٥

ب- وتار

(١) وتار (١).......... ٥٥٩
(٢) وتار (٢) ، وتەی نەورۆز ٥٦١
فەرهەنگۆك.......... ٥٦٥
پێڕستی دیوانی ڕاجی ٥٧٩
سوپاس و پێزانین ٥٩٩

سوپاس و پێزانین:

بەناوی بنەماڵەی ڕاجییەوە، سوپاس‌و پێزانینی خۆمان دەردەبڕین بۆ ئەو بەڕێزانـەی کـە لـە ئامادەکردنی یەکەمجاری دیوانی ڕاجی دا بەشداربوون‌و ئەرکیان کێشاوە، یان بەهەر شێوەیەك بووبێ هاوکاریان کردووین‌و هەوڵیان داوە بۆ پاراستنی دەستنووسەکان‌و ناساندنی ڕاجی.

سڵاوو دەروودیش بۆ گیانی پاك‌و بەرزی ئەو بەڕێزانە دەنێرین کە لە ژیاندا نەماون‌و لەخەمی بڵاوکردنەوەی دیوانی ڕاجی دا خامەی بەبڕشتی خۆیان تاوداوە:-

- مامۆستا (مەسعود محەمەد) کە کاتی خۆی پێشەکی بۆ دیوانەکە نووسیوە.

- هونەرمەندی بلیمەت (بەدیع باباجان) کە کاتی خۆی وێنەی ڕاجـی بـۆ بـەرگی دیوانەکـە، کێشاوەو دواتر فەوتاوەو لە بەین چووە.

هەروەها سوپاس‌و پێزانینمان بۆ بەڕێزان:-

- مامۆسـتا (محەمـەدی مـەلا کـەریم) کـە دوای ئامـادەکردنی یەکـەم جاری دیوانەکـە بـە شیعرەکاندا چۆتەوەو لە ئامادەکردنی ئەمجارەشدا سوودێکی زۆرمان لە ڕێنمایی‌و سەرنجەکانی بەڕێزیان بینی‌و، ماوەی چەند ساڵێکیش دیوانە دەستنووسەکەی لە لای خۆی پاراستبوو.

- مامۆستا (عەبدولڕەزاق بیمار) کە لـە سـەرەتای حـەفتاکانی سـەدەی ڕابـردوودا، بابـەتی (گەڕانێك بە دیوانی شاعیری گەورەدا: ڕاجی) نووسیوەو بڵاوکردۆتەوە.

- مامۆستا (جەلال زەنگابادی) کـە لـە ڕۆژی (١٩٩١/٣/١١ - ڕاپـەڕینی شـاری هـەولێر) دیوانە ئامادەکراوەکەی ڕاجی بۆ چاپ، لەگەڵ چـەند دەستنووسـێکی دیکـەدا هـەڵگرتبۆوەو لای خۆی پاراستبوونی، دواییش بەخاوەنی کردبوونەوە.

- مامۆستا (عەبدوڵڵا دارتاش) کە لە ساڵانی هەشتادا لەگەڵ (کاوە ڕاجی) هەوڵی زۆری دا بۆ چاپکردنی دیوانەکە، بەڵام ڕاپەڕینی گەلی کوردستان بەسەردا هات‌و چاپ نەکرا